# شیکردنەوەی دیوانی

# سەیید کامیل ئیمامی

## (ئاوات)

ئەنوەر سولتانی

خاسە کەوێ لەو کەژە هەڵنیشتووە
خاڵی ڕەش و سووری بە جووت ڕشتووە
ڕاوچی هەموو لەو کەوە دەرکەوتووە
بۆچی دژە، جەردەیە، کێ کوشتووە

# شیکردنەوەی دیوانی
# سەیید کامیل ئیمامی
# (ئاوات)

**بەرگی یەکەم**

**ئەنوەر سوڵتانی**

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب: | شیکردنەوەی دیوانی سەیید کامیل ئیمامی (ئاوات) بەرگی یەکەم |
| شاعیر: | سەیید کامیل ئیمامی (ئاوات) |
| شیکردنەوەی: | ئەنوەر سوڵتانی |
| دیزاینی لاپەڕەکان: | مەسعوود ڕەواندوست |
| دیزاینی بەرگ: | چیمەن ئێلخانیزادە |
| چاپی یەکەم: | ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بۆکان، ٢٠١٦ |
| چاپی دووهەم: | بنکەی ڕۆشنگەری، ئاڵمانیا، ٢٠٢٢ |

بۆ یادی مامۆستای نەمر

حەسەنی قزڵجی(١٩٨٥-١٩١٤)

شیکردنەوەی

# دیوانی سەیید کامیل ئیمامی(ئاوات)

# پێرستی بەرگی یەکەم


**سەرەتا ........................................................ ١٣**

**شیعری سالآنی ١٣١٠ تا ١٣١٩ ........................................ ٥٧**

ڕۆژ و تەم........................................................ ٥٩

بەهار هاتەوە........................................................ ٦٣

بۆ خۆشەویستی خودا........................................................ ٦٧

ستایشی پێغەمبەر........................................................ ٧١

خۆش بڕوایی........................................................ ٧٦

جنێو شەکر........................................................ ٧٩

تیر وکەوان........................................................ ٨٢

تەختەی سەرئاو........................................................ ٨٥

ئاخری زەمانە........................................................ ٨٧

مەجنوون وەرە!........................................................ ٩٠

بۆ ئاگاداری........................................................ ٩٩

مەحشەر........................................................ ١٠١

پێ پەستم........................................................ ١٠٥

بەختی خەواڵوو........................................................ ١٠٨

دڵی مەفتوون........................................................ ١١٢

پاڕانەوە........................................................ ١٢٠

گوارە........................................................ ١٢٣

شین و پێکەنین........................................................ ١٢٧

پایز ........................................................................ ١٣١
ئەی خودا!.................................................................. ١٣٧
هەر درۆیە.................................................................. ١٣٩
زمانی دڵ.................................................................. ١٤٢
یا کەریم!.................................................................. ١٤٥
**شیعری ساڵانی ١٣٢٠ تا ١٣٢٩ ........................................ ١٤٩**
خەمێکی دی................................................................ ١٥١
چ بکەم؟.................................................................. ١٥٤
سروەی سەحەر.............................................................. ١٥٨
ئاڵ و واڵا.................................................................. ١٦٢
لەشکری ئەگریجە............................................................ ١٦٥
بەخشین.................................................................. ١٧٠
ئامۆژگاری.................................................................. ١٧٢
تەشریفی دێ یار............................................................ ١٧٥
باڵای مەوزوون.............................................................. ١٧٩
سۆزی دڵ.................................................................. ١٨٤
ئاڵا ........................................................................ ١٨٧
بەیداغ.................................................................... ١٩٢
ئاڵای پیرۆز................................................................ ١٩٦
هەڵاڵە و بەهار.............................................................. ٢٠٠
ڕاپەڕاندن لە خەوی خۆشی بەهاری.............................................. ٢٠٦
مەولوودی.................................................................. ٢١١
ساقی نەیە نابێ.............................................................. ٢١٦
دەخولێمەوە................................................................ ٢٢٠
هات بەهار.................................................................. ٢٢٥

ساتی وسەودا.......................................................... ٢٣٢
وەعز و تەڵقین.......................................................... ٢٣٤
خەوی من.......................................................... ٢٣٧
کەوی کوێلو.......................................................... ٢٣٩
**شیعری ساڵانی ١٣٣٠ تا ١٣٣٣ .......................................................... ٢٤٣**
سەمای سەر.......................................................... ٢٤٥
کەین و بەین.......................................................... ٢٤٧
تەلەسم.......................................................... ٢٥٠
بە ناوی تۆ.......................................................... ٢٥٣
قوربانی وەفاتم.......................................................... ٢٥٥
تەرازووی خێر و شەڕ.......................................................... ٢٥٨
بێ پەڕ وباڵ.......................................................... ٢٦١
من و شادی.......................................................... ٢٦٣
بەهاری تازە.......................................................... ٢٦٦
تۆبە بێ!.......................................................... ٢٧١
بولبولی ئاوارە.......................................................... ٢٧٣
نامەی بانگهێشتن.......................................................... ٢٧٨
شاری موحەببەت.......................................................... ٢٨١
وەکوو فەرهاد.......................................................... ٢٨٥
دافیعی ئەلەم.......................................................... ٢٨٨
زستانی شێخ چۆپان.......................................................... ٢٩٣
نێرگسی مەست.......................................................... ٢٩٩
برایەتی.......................................................... ٣٠٣
مەگرە بەهانە.......................................................... ٣٠٨
چرای خانەدان.......................................................... ٣١٤

با بسووتێم............................................................................................................................ ٣١٧

ئەی نەمامی تازە!......................................................................................................... ٣٢٢

**شیعری ساڵانی ١٣٣٤ تا ١٣٣٩ ................................................................................ ٣٢٥**

پاڕانەوە................................................................................................................. ٣٢٧

شاری مەستان............................................................................................................ ٣٣٠

سەروی نەوڕەس........................................................................................................ ٣٣٦

شایی و شین............................................................................................................. ٣٣٨

یارم تەشی دەڕێسێ..................................................................................................... ٣٤٠

قەزات لە من کەوێ!................................................................................................... ٣٤٥

نەسیمی نەوبەهار........................................................................................................ ٣٤٨

بەسەرت!................................................................................................................. ٣٥١

ئەمشەو.................................................................................................................. ٣٥٤

تاڵ و سوێری............................................................................................................ ٣٥٩

سەودا..................................................................................................................... ٣٦١

قەرزداری................................................................................................................ ٣٦٧

ڕۆژی زەفەر............................................................................................................. ٣٧٠

من کوتم.................................................................................................................. ٣٧٤

ئەمەژینە؟................................................................................................................ ٣٧٧

ئەسپی نەگبەت......................................................................................................... ٣٨١

بەرز ونەوی............................................................................................................. ٣٨٦

ڕێبەری گەورە.......................................................................................................... ٣٩٠

گوڵبەریشم چوو....................................................................................................... ٣٩٤

ئێشی حاجی بابە شێخ................................................................................................. ٣٩٧

ڕێبەری سیادەت........................................................................................................ ٤٠٠

غەزەلی ناقیس.......................................................................................................... ٤٠٥

خەزانی گوڵ.......................................................................... ٤٠٨
ڕۆیی.................................................................................. ٤١١
پەروین................................................................................ ٤١٥
شایی................................................................................. ٤١٩
بەفری خەم............................................................................ ٤٢٣
**شیعری ساڵانی ١٣٤٠ تا ١٣٤٢ ........................................................ ٤٢٧**
خەڵات................................................................................ ٤٢٩
پیری لە ناکاو......................................................................... ٤٣١
دێوی سپی............................................................................ ٤٣٥
کاسەی بەتاڵ........................................................................... ٤٣٨
پیرە غولام........................................................................... ٤٤١
دەردی دڵ............................................................................. ٤٤٦
لەو وەختەوە........................................................................... ٤٤٨
کاری وا ناکەی......................................................................... ٤٥٠
کام خەبات؟........................................................................... ٤٥٣
هەرچی هەم............................................................................ ٤٥٨
مەرگ................................................................................. ٤٦٠
دڵی ئاوارە............................................................................ ٤٦٣
بۆ هاوالّی ڕۆیشتوو.................................................................... ٤٦٧
یەکیەتی.............................................................................. ٤٧٠
ئەوپەڕی کوردایەتی..................................................................... ٤٧٤
بەرخی نێر............................................................................ ٤٧٨
سکاڵا................................................................................ ٤٨٢
تینووی شەواو.......................................................................... ٤٨٥
دوورکەوتنەوە .......................................................................... ٤٩٠

ڕۆژی هەل.......................................................................................... ٤٩٢

تەندووری سارد................................................................................... ٤٩٦

خاسەکەو........................................................................................... ٥٠٠

خوشك و براین.................................................................................... ٥٠٧

بەهاری ناخۆش.................................................................................... ٥١٠

بەهارستان.......................................................................................... ٥١٣

## سەرەتا

### کامیل شا،
### شاعیری عاشقی کوڕەشێخی وەرزێری خاوەن ملْکی مەلای دوازدە عیلمی تەنزنووسی شۆڕشگێڕی کوردپەروەر!

ئەو سیفەتانەی سەرەوە کەسایەتی هەمەلایەنەی ئەدەبی- سیاسی- ئایینی- کۆمەڵایەتی کەسێکی ئیمانداری موسوڵمانیان پێکهێناوە کە تا مۆخی ئێسقان کوردە، هەڵسووڕاوی کۆمەڵەی ژێکاف و ئەندامی فەخریی کومیتەی ناوەندیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و نایب سەدری کومیتەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری بۆکان بووە، بە شان وشکۆی 'ئاڵای پیرۆز' ی کۆماری کوردستانیدا هەڵگوتووە، لە زیندانی داگیرکەرانی خاکدا خەوتووە، جێگەی ڕێزی کۆمەڵانی خەڵکی شار و گوند بووە، دۆست و هاوڕێکانی سوێندیان بە سەری خواردووە، سەری چووبێت نوێژی نەچووە، لە خانەقای زەنبیل و مزگەوتی گوندەکەی خۆیدا عیبادەتی کردووە، بەڵام شیعری عاشقانەشی گوتووە، خاوەن ملْك و گوند و ڕەعیەت بووە بەڵام داوای مافی پاڵە و سەپانیشی کردووە، تەنز نووس و شیعر خۆش بووە، توخمی دراماییی لە شیعرەکانیدا بەهێزە و وێنەی سروشتی کوردستانی وەها وەستایانە بە ووشە کێشاوەتەوە کە لە نیگارکێشێکی سەرکەوتوو کەم ناهێنێت.

کوڕی حاجی سەید عەبدولکەریم، برای حاجی سەید محەمەدی نوورانی (شێخی زەنبیل) و برازای حاجی بابەشێخی سەیادەت، سەرەك وەزیرانی کابینەی پێشەوا قازی محەممەدە، خوێندەوار و مەلا و شاعیرە، بنەچەکی دەگەڕێتەوە سەر مەلا ئەبوبەکری

موسەننیفی چۆڕی، ماڵە باوانی لە ناوچەی هەورامانەوە پەڕیوەی گوندی تورجانی نێوان سەقز و بۆکان بوون.

'شا' عینوان و سیفەتێکە بۆعارفان. عیرفانی ئیسلامی بەدرێژایی مێژوو دژ بە دەسەڵاتداریەتی دونیایی وەستاوە و وەك دەزگا و دامەزراوێکی دژبەری حاکمان، خۆی لە ڕیزی خەڵکی چەوساوەدا بینیوەتەوە. ئەو سیفەتەش بۆ عارفان، چاو مۆڕ کردنەوەیە لە شاهان و حاکمان و دەسەڵاتدارانی زاڵم کە خۆیان بە شا و سایەی خودا و خاوەنی مڵك و میللەت دەزانن و واش نییە![1]

'سەید کامیل ئیمامی'، لە ناسنامەی فەرمیی ئێرانییەکەیدا 'ئیمام زەنبیلی'یە، ناسناوی شاعیرییەکەی 'ئاوات'ە، بەڵام لە هەندێك شیعردا خۆی بە 'کامیل' ناودەبات و لە دوو شیعری سەردەمی کۆماری کوردستاندا "زرنگ" ی کردۆتە ناسناوی شیعری- کە دەزانین ناوی نهێنی خۆی بووە لە کۆمەڵەی ژێکافدا. ناسناوی لە شیعرە فارسییەکانیدا دەبێتە 'ئیمامی'؛ لە یەکدوو شیعریشدا کە نایەوێت ناوی خۆی ئاشکرا بکات کەڵك لە ناسناوی گشتیی 'هۆنەر' و "شاعیر" وەردەگرێت، هەندێکجاریش دام دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئێران ناسناوە ڕاستەقینەکەی وەلادەنێن و هەر چەمکی گشتیی "شاعیر"، "هۆنەر" و "کامیل" دەکەنە جێگری.[2]

بە گوێرەی سەرەتای دیوانی شیعرەکانی، کە یەکیان لە سەردەمی ژیانی خۆیدا لە لایەن مامۆستا نەجمەدین ئەنیسی[3] و ئەویتر لە لایەن مامۆستا سەید جەعفەر ئیمام زەنبیلی- کوڕی شاعیرەوە ئامادە کراوە،[4] باپیرانی ئاوات خەڵکی گوندێکی ناوچەی

---

[1] ئەو خۆ کلاگرتن و دوورییەی عارفان لە دەسەڵات هەرگیز موتڵەق نەبووە و بە تایبەت لە ماوەی دوو سەد ساڵی ڕابردوودا عیرفان تێکەلاوییەکی زۆری لەگەڵ سیاسەت پەیدا کردووە و حاکمان و شاهان و هێزە ئوروپاییەکان لە ناوچە، کەڵکیان لە نفووزی مەشایەخ و خەلیفەکانیان وەرگرتووە بۆ ئەوەی پەیڕەوانیان و بە گشتی موریدان و کۆمەڵانی ئەو خەڵکەی وا باوەڕیان پێیان بووە بهێننە ڕیزی خۆیان، یان لای کەم بەرگر بن لە دژایەتی کردنیان لەگەڵ دەسەڵات.

[2] ناسناوی شاعیر لە هەردوو چاپی شیعری ناسراوی "شەو" ی ناو دیوانی شیعرەکانی ئاواتدا وەك 'کامیل' هاتووە، بەڵام کاتێ کە نەمر حەسەن زیرەك ی کردوویەتە گۆرانی، ناسناوەکە وەك "هۆنەر" گوتراوە. دوور نییە ئەو گۆڕانکارییە لە لایەن دام و دەزگای ڕادیۆی کوردی تارانەوە کرابێت کە چاوەدێریی توندوتیژی دەزگاحکوومییەکانی ئێرانی بەسەرەوە بوو.

[3] سەیید کامیلی ئیمامی زەنبیلی، "دیوانی ئاوات"، لەسەر نووسین و ئامادە کردنی سەیید نەجمەدینی ئەنیسی، ناشر: ئەنیسی، چپی تاران ١٣٦٥ [١٩٨٦ز].، ٢٣٩ لاپەڕە.

[4] سەید کامیلی ئیمام زەنبیلی (کامیل شا)، "شاری دڵ- دیوانی ئاوات"، ئامادەکار: سەید جەعفەر ئیمام زەنبیلی؛ پێداچوونەوەی ئەحمەد مەولانی و سەلاحەدین ئاشتی، بڵاوکەرەوە ئانا، تاران ١٣٩٢ [٢٠١٣ز]، ٤٦٣ لاپەڕە.

هەڵەبجە بوون بەڵام باپیرەی، لە گوندی تورجانی نێوان بۆکان و سەقز نیشتەجێ کراوە و وەك خەلیفەی شیخی سیراجەدین ئەرکی برەوپێدانی تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوچەکەدا گرتۆتە ئەستۆ و خانەقایەکیشی لە گوندی 'زەنبیل'ی نزیك تورجان کردۆتەوە.[٥]
درەنگتر، براگەورەی سەید کامیل- حاجی سەید محەممەد، جێگەی باوکیانی گرتۆتەوە و وەك شێخی تەریقەت خانەقای زەنبیلی ئاوەدان ڕاگرتووە. سەید کامیلیش لە سەر هەمان ڕێچکەی تەریقەت ڕۆیوە و یەك لە موریدانی خالیس و موخلیسی کاکی خۆی، واتە شێخی زەنبیل بووە.

## **پێگەی کۆمەڵایەتی شاعیر**

لە مەسەلەی پێگەی کۆمەڵایەتیی ئاواتدا دەست بەجێ شێخایەتی و خاوەن مڵکایەتی دێنە گۆڕێ. باسی کوڕەشێخ و براشێخ بوونی کامیل شا پێشتر کرا. سەبارەت بە خاوەن مڵك بوونیش پێویستە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە دەست نیشان بکرێن:
بە گوێرەی سەرەتای دیوانی "شاری دڵ" (بڕوانە پێشتر)، سەید عەبدولکەریمی باپیری ئاوات، مەلا و خەلیفەیەکی شێخانی نەقشی بووە کە هاتۆتە ناوچەی تورجان و لەوێ گیرساوەتەوە. خەلیفە، هیچ مڵك و ماڵێکی نەبووە بەڵام حەمەدەمین بەگ، خاوەن موڵکی ئەودەمی گوندی تورجان، 'مەزرای گوندی زەنبیل' ی باربوو کردووە؛ ئەویش سەید عەبدولحەکیمی کوڕە گەورەی خۆی لەسەر داناوە و خانەقایەکیشی تێدا بنیاتناوە. سەید عەبدولحەکیم باوکی سەید محەممەد (سەیدی زەنبیل) و سەید کامیلی شاعیرە. بەو پێیە، بنەماڵەی سەید کامیل هەر لە سەرەتاکانی ژیانی ئەوەوە خاوەن مڵکێکی بچووك بوون لە ئاوایی زەنبیل.

---

[٥] تا ساڵانی پێش شەڕی دووهەمی جیهانی، ڕکەبەریی نێوان دوو تەریقەتی قادری و نەقشی لە کوردستان هاوشێوەی ڕکەبەریی حزبە سیاسییەکانی ئێستا بووە و هەرکام ویستوویەتی خانەقای خۆی لە شار و گوندەکاندا بکاتەوە و خەڵکی ناوچە بکاتە مورید و سەرسپردەی خۆی. ئەو ئەرکە ناپیرۆزەی دابەشکردنی کۆمەڵگا و دووبەرەکی نانەوەی نێوان خەڵك، دواتر حزبی سیاسی گرتیە ئەستۆ!

درەنگتر و دوای مردنی باوکیان، سەید محەمەدی براگەورەی، کە دەبێ دەسەڵاتە دونیاییەکەی پەرەی سەندبێت، سێ دانگی گوندی 'گەردیگلان' لە هەمان ناوچە، وەك بەشەماڵ، دەداتە سەیدکامیل ئەویش دوای ماوەیەك ئەو گوندە لەگەڵ گوندی 'جەمیان' ئاڵ و گۆڕ دەکات، ئینجا گوندی 'کانی بەن' دەکڕێت و دوای ماوەیەك دەیفرۆشیت و گوندی 'شێخ چۆپان' دەکڕێت و ئەویش دەگۆڕێتەوە بە سێ دانگی گوندی 'قاقلاوا' و بەم شێوەیە، سەرەڕای سوودی کەم و زیانی زۆر لەو سات و سەودایە، تا کۆتایی ژیان، ملکی بچووکی 'قاقلاوا'ی بە دەستەوە دەمێنێت، بەڵام لەبەر کەم داهاتی و دڵئاوایی و میوانداریی زۆر، خۆیشی کاری کشتوکاڵی کردووە و زەحمەتی کێشاوە. بەم پێیە، لە هەڵسەنگاندنی پێگەی چینایەتیدا، دەبێ ئاوات بە وردە مالیك لە قەڵەم بدرێت، وردە مالیکێك کە نموونەی لە ناوچەکەدا زۆرە و هەندێ جار تەنانەت لە حاجییەکی دەوڵەمەندی ڕەعیەتی خۆیان هەژارتر و نەدارترن.

دەست نیشان کردنی ناوی ئەو ملکانە و پێکهێنانی نەخشەیەك بۆیان، پێویستن لەبەر ئەو ڕاستییەی کە نزیك بە سەدا ٩٠ی شیعرەکانی ئاوات لەو چەند ئاواییە گوتراون و ناویان لە کۆتایی شیعرەکانیدا هاتوون. لە باری جوغرافیاییەوە، گوندەکان هەموویان کەوتوونەتە ناوچەیەکی نێوان بۆکان و سەقز و سەردەشتەوە جا لە جەرگەی گەورکایەتیدا بێت یان لە نزیك ئەو ناوچەیە. نەخشەی خوارەوە شوێنایەتی سەرجەم ئەو گوندانە پیشاندەدات کە ئاوات لە ماوەی ژیانیدا لێیان ژیاوە و بەرەودوا هەندێکیشیانی خاوەنداری کردووە. سەرەتای سەرهەڵدانی بنەماڵەی شاعیر بەگشتی گوندی 'تورجان' و گوندی 'زەنبیل' (یا 'زەمبیل') خانەقا و ناوەندی شیخایەتی کردنی باوك و براکەی بووە. ئەو خۆی ماوەیەك لە زەنبیل و ماوەیەکی دیکە لەم گوندە بچووك و گەورانە ژیاوە: 'ئاشی چۆمی زەنبیل'، 'قاقلاوا'، 'جەمیان'، 'شێخ چۆپان'، کانی بەن' و 'گەردیگلان'. هەموو گوندەکان کەوتوونەتە سێ کوچکەی نێوان بۆکان و سەقز و سەردەشت، لە مەهاباد و بانەش دوور نین:




ئامادەکاری نەخشە، ڕێژدار عەتا موفتی

## ئایین

سەیدکامیل کەسایەتییەکی ئایینی و ئیمانداریکی بێ خەوشی ئیسلامی سوننەیە. ژیان، هەڵس وکەوتی ڕۆژانە، پەیوەندییەکان و لە ژوور هەموانەوە، شیعرەکانی ئەو ڕاستییە بە باشی دەردەخەن. بەشێکی کەم لە شیعرەکانی نەبێت، ئەوانیتر یا سەرجەم ئایینین یان بە شێوەیەك لە شێوەکان خوداپەرستی و ترس لە قیامەت و گۆڕەوشار و تۆڵەسەندنەوەی خودای جەبباری قەههار، هەستی گوناهکاری و هیوای شەفاعەتی دواڕۆژی مردن و پەنابردن بۆ خودا و قورئان و پێغەمبەری ئیسلامیان تێدا بەدی دەکرێت. بە حیسابی ئەوەی لە شیعرەکانیدا هیچ نەعت و پێداهەڵگوتنێکی خولەفا و ئیمامان نابینرێت و ئیسلام بۆ ئەو، لە خودا و قورئان و پێغەمبەردا خۆلاسە دەبێتەوە، واهەیە بکرێت ئیمامی بە موسوڵمانێکی سەلەفی بزانین بەڵام ئیسلامی ئەو هەرگیز لە ئیسلامی سیاسیی سەلەفییەکانی داعشی نزیکیش نەکەوتۆتەوە کە ئەبوبەکر بەغدادی و مەلا کرێکار و ... بانگەوازی بۆ دەدەن. ئەو زیاتر شوێنهەڵگری شێخانی بزاڤی نەقشی بوو کە سەرەتا بزووتنەوەیەکی موعاریز بەڵام دواتر بەشێوەیەك لە شێوەکان تێکەڵاوی سیاسەتی ڕۆژ بوو و لەگەڵ 'دەسەڵاتدارانی سەر حوکم'ی ناوچە و حاکمانی تاران و بەغدای سەردەمی ئینتیدابی بریتانیا و حاکمانی دوای ئەوانیش پێوەندی دۆستانەیان گرت.[٦] ئاوات بە دڵنیایی لەو جوغزە هاتۆتە دەرەوە و تا کۆتایی ژیان دژ بە حاکمان و دەسەڵاتداران و داگیرکەرانی خاکی کورد وەستاوە. ئەوە ئەو سنوورەیە کە ئاواتی لە شێخانی دەسەڵاتداری دونیایی جیاکردۆتەوە.

## عیرفان

بەشێکی دیکە لە شیعرەکانی ئاوات عیرفانی و سۆفیانەن و ئەوەش بۆ ئەندامێکی بنەماڵەی شێخانی زەنبیل، ئاسایی دەنوێنێت. سۆفیایەتی و باوەڕ بە تەریقەت، لە هەردوو

[٦] شێخی حیسامەددین و ئایەتوڵڵا مەردۆخی کوردستانی لە بڕگەی مەشرووتەخوازیی ئێراندا هاوکاریی سالارالدولەی برای محەمەد عەلیشای قاجاریان کرد و سوپای کوردیان نارده تاران بۆ ئەوەی بچنە شەڕی مەشرووتەخوازان. مێژووی مەردۆخ لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی سەردەمی ناسراو بە "استبداد صغیر"دا ئەو هەڵوێستە ڕوون دەکاتەوە. کتێبی 'کورد، تورك، عەرەب'ی ئێدمۆندزیش باس لە پەیوەندیی شێخ عەلائەددینی نەقشبەندی لەگەڵ ئینگلیزەکان دەکات (وەرگێڕاوی فارسی، لاپەڕە ١٧١).

شێوەی نەقشی و قادریدا، تا ئەم ساڵانەی دواییش ناسینەیەك بووە بۆ كۆمەڵگای خەڵك لە موكریان. ئاوەدان بوونی خانەقای نەهری لە شنۆ و مەهاباد، خانەقای بورهان لە نێوان مەهاباد و بۆكان، خانەقای زەنبیل لە نێوان بۆكان و سەقز و سەردەشت و خانەقای دۆزەرخدەرە لە دەرەوەی شاری سەقز و هاتوچۆی زۆری شێخان و مەنسووبانی خانەقای تەوێڵە بۆ ناوچەكە، پیشاندەری ئەو ڕاستییەن كە تا دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و سەرهەڵدانی حزبە سیاسییەكانیش، كەم و زۆر هەموو خەڵكی موكریان سەرسپردەی یەكێك لەو دوو ڕێبازەی نەقشی یان قادری بوون.[7] لە ناو ئەو خانەقایانەی وا لە سەرەوە ناوبردە كران، تەنیا خانەقای دۆزەخدەرە پەیڕەوی تەریقەتی قادری بوو و پاشماوەیان لایەنگر و برەوپێدەری ڕێبازی نەقشی بوون، كە لە دوو ناوەندی جیاواز و لەعەینی كاتدا یەكگرتووی بیارە و شەمزینان سەرچاوەیان دەگرت.
دەگوترێت كە خانەقای زەنبیل مەكۆی هەردوو ڕێبازەكە بووبێت و لەوێدا هەردوو دیاردە پێكەوە كۆ بووبێتنەوە. ئەگەر حاجی بابە شێخی سەیادەتی لێ دەرچێت، حاجی سەید محەمەدی زەنبیل و برای چكۆلەتری ئەو واتە سەید كامیل، دوو كەسایەتیی گرنگی ئەو خانەقایە بوون. بەڵام تەوازوع و خۆ بەكەمزانی هەرگیز ئیجازەی بە سەید كامیل نەدا پێگەی خۆی بە شێوەیەكی ڕاستەقینەیە دەربخات و هەمیشە لە سێبەری برا و تەنانەت حاجی بابەشێخی مامیدا مایەوە و ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستی بۆ هەردوو لایان هەبوو- ئەو ڕاستییە لە چەند پارچە شیعری ناو دیوانەكەیدا بە ڕوونی دەردەكەوێت.[8]

---

[7] وەك نموونەیەك، بنەماڵەی ئێمە لە بۆكان دەژیان. باوكم موریدی خانەقای زەنبیل بوو بەڵام دایكم و ماڵی خاڵوانم سەرجەم موریدی خانەقای قادری بوون لە دۆزەخدەرەی سەقز. من بە منداڵی لەگەڵ باوكمدا چوومەتە زەنبیل و لەگەڵ دایكم و ئەندامانی بنەماڵەی خاڵمدا هاتوچۆی خانەقای شیخ عەبدولقادری دۆزەخدەرەم كردووە. لە ساڵانی دوای ۱۳۳۲ دا وردە وردە ڕەنگی ئەو موریدایەتییە لە هەموو ناوچەكەدا كاڵ بووەوە و لەژێر كارتێكەریی سیاسەت و ڕووناكبیریی نەوەی نوێدا ئەو موریدایەتییە كەم و زۆر لە ناو بنەماڵەی ئێمەشدا وەك بەشێك لەخەڵكی دیكەی ناوچە، نەما.

[8] شیعری "كوێ چووە ئەمساڵ برا خەمخوارەكەم" و "هەر بە ناسۆرە هەمیشە برینی حاجی بابەشێخ" و ....زۆرێكی دیكە.

**سیاسەت، حزبایەتی**

ئاوات لە ناو شاعیرانی کورددا بە شاعیرێکی نیشتمانپەروەر ناسراوە و زۆرێك لە شیعرە سیاسییەکانی کەوتوونەتە سەر زاری خەڵك و بە سروود یان گۆرانی، گوتراونەتەوە.[٩] ژیانی ڕۆژانەی شاعیریش پەسندی ئەو بۆچوونەی خەڵك دەکەن:

لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)دا، نایبی سەرۆکی حزبی دیموکراتی کوردستان لە بۆکان بووە و بۆ هەڵکرانی ئاڵا لە سەر قەڵای بۆکان شیعری گوتووە. سەرۆکی لقی حزبی دیموکرات لە گوندی گەردیگلانی مڵکی خۆیشی بووە و لەوێ چۆتە پێشوازی ئاڵای کوردستان کە بە فەرمانی پێشەوا قازی محەممەد نێردرابووە گوندەکە، لە پەسنیدا شیعری خوێندۆتەوە و پاشان خۆی و خەڵکی گوندەکە لە سەر مەکۆی حزب هەڵیانکردووە و بای ئازادیی کورد لەبەرزان شەکاندوویەتەوە. دوای هەرەسی کۆمار دوو جار لە بۆکان و مەهاباد و ورمێ و تەورێز و قەزوێن کەوتۆتە زیندانی ڕژیمی پەهلەوییەوە. لە کۆنگرەی دووهەمی حزبی دیموکراتیشدا بە شێوەی غیابی بە ئەندامی فەخریی کومیتەی ناوەندی حزب هەڵبژێرراوە.

جگە لە خۆی، حاجی بابەشێخی مامی سەرەك وەزیرانی کابینەی پێشەوا قازی محەممەد بووە و سەید محەمەدی براگەورەشی بە کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر ناسراوە. هەروەها سەید تاهیری کوڕە گەورەی ئاوات یەك لە ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستان بووە کە بۆ پشتگیریی شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١) چۆتە باشووری کوردستان و لە کۆنگرەی دووهەمی حزبدا بەشداریی کردووە.

**شیعر**

ئەوە کورتەیەك بوو لە ژیانی ئاوات لە ڕێگەی ئەو دوو ژیننامەیەوە کە لە سەرەتای دیوانە چاپکراوەکانیدا هاتوون. دیارە بە هۆی سانسۆر و نەبوونی ئازادیی قەڵەم لە ئێرانی مەلاکاندا هەڵگرتنی ڕێچکەی هەڵسووڕانی سیاسیی ئاوات و دیاری کردنی سەرەتا و کۆتایی کارە سیاسییەکانی، تا ڕادەیەك ئەستەمە. ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە بۆ کەسێکی وەك من لە دوورە وڵاتی، بە دوو شێوە دەگونجێت:

---

٩ شیعری 'خاسەکەو' نموونەیەکی باشی مەسەلەکەیە.

یەکەم، پشت بەستن بەو دوو ژیننامەیە و زانیاریی ناو هەندێك سەرچاوەی دیکەی وەك "تاریخ مشاهیر کرد" ی نەمر بابا مردۆخی کوردستانی و ژمارەکانی گۆڤاری سروەی چاپی ورمێ؛
دووهەم، سەرنجدانە سەر ڕێکەوتی ساڵ و مانگی هۆنینەوەی شیعرەکانی شاعیر و بەرانبەردانانیان لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکانی ژینگەی ئاوات واتە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و تاڕادەیەکیش ئێران و عیراق بەگشتی. ئەوە واهەیە ئەمڕۆییترین و زانستییانەترین ڕێگای چوونە ناو دەروونی شاعیر بێت، بەڵام بە داخەوە کارەکە لە ڕێگەی دیوانە چاپکراوەکانەوە گونجاو نابێت لەبەر ئەوەی شیعرەکانیان لەسەر بنەمای ناوەرۆك (ئایینی، سیاسی و...) یان شێوازی شیعری (غەزەل، قەسیدە، چوارینە و...)دابەش کردووە و شیعری سەرەتا و کۆتایی ژیانی شاعیر تێکەڵاو یەکتر کراون.
بەو بۆنەیەوە، دوای ئەوەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەر هەفتەی بەشێك لە شیعرەکانم بە شیکردنەوە و پەراوێز نووسینەوە لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان بڵاو کردەوە، هەموویانم بە گوێرەی ڕێکەوتی ساڵ بەشوێن یەکدا هێنان بۆ ئەوەی بزانم و بزانرێت ڕەنگدانەوەی ڕووداوە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان لە شیعری ئاواتدا چۆن بووە و بۆ نموونە، پێش کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاویدا چ شێوە شیعرێکی گوتوون و لەژێر سێبەری ئالای شەکاوەی کۆماردا چ شێوەیەك و لە ساڵانی دوای هەرەسی کۆماردا چ شێوەیەك؟
لە ڕێگەی ئەو ڕیزبەندییەوە، خوێنەر دەتوانێ بزانێت ئاوات لە ساڵانی پێش کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ یان لە ماوەی ساڵانی دوای ئەودا چ هەڵوێستێکی گرتووە یان ڕووداوەکانی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ و ڕاپەڕینی بە فیڕۆچووی ساڵی ١٣٥٧ ی گەلانی ئێران و ...هتد چ ڕەنگدانەوەیەکیان لە شیعر و هەڵوێست گرتنی ئەودا بووە و ئاواتی بەرپرس و خەمخۆری گەلەکەی کەی توانیویەتی دەنگ هەڵبڕێت و چی و کێ و کەی دەنگیان کپ کردووە.

**هەندێک ژمارە و ئامار سەبارەت بە شیعرەکان**

شیعری ئاوات بەگشتی غەزەلن و تاك و تەرای شیعری ناو قاڵبەکانی دیکە، دۆخەکە ناگۆڕن و شاعیر وەك غەزەل- وێژێك دەمێنێتەوە.

لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا ڕێکەوتی ساڵ بۆ بەشێك لە شیعرەکان دەست نیشان کراوە، بەڵام نەك هەموویان. دیوانی چاپی جەعفەر لەو بوارەدا گەلێك باشتر دەنوێنێت لەبەر ئەوەی زوربەی شیعرەکان ڕێکەوتیان لەگەڵدایە. بەراوردکاریی نێوان دوو دیوانەکە خوێنەر دەگەیێنێتە سەر ئەو پرسیارەی کە ئەگەر ڕێکەوتەکان لە لایەن شاعیر خۆیەوە دەست نیشان کرابێتن دەبوایە شیعرەکانی ناو دیوانی چاپی ئەنیسیش کە لە سەردەمی ژیانی شاعیردا بڵاو کراوەتەوە، ئەو ڕێکەوتانەیان بە سەرەوە بوایە و چاپی جەعفەر، کە دوای مەرگی شاعیر بڵاوکراوەتەوە، بە سانایی دووپاتی بکردایەنەتەوە.

پرسیارەکەم بە ئیمەیلێك ئاراستەی کاك جەعفەری ئیمام زەنبیلی- کوڕی شاعیر و ئامادەکاری دیوانی "شاری دڵ" کرد و پرسیم ئایا دەتوانرێت بۆ چوارینەکانیش ڕێکەوت دەستنیشان بکرێت؟ ئەویش لە ڕووی لوتفەوە ڕۆژی ٢٠١٨/٥/٦ ئەم وەڵامەی بە ئیمەیل بۆ ناردم:

*"... ساڵ وتاریخی شیعرە کان هەموویان من داماون بەوپێیەی کە بۆ زوربەیان بیٚ شك بووم وخۆم هەم لە بابمم پرسیوە وهەم ئەوانەی بۆخۆم شاهیدیان بووم. بەڵام هێندێکیانم بە پرسیار لەو و لەم بردۆتەوە سەریەك. چوارینەکان لە بەر ئەوەی بە سەریەکەوە نەگوتراون، وەدەست هێنانی تاریخەکانیان زۆر حەستەمە؛ من پێم وایە هەر لێیان گەڕێی باشترە."*

من بە گوێرەی ناسیاوییەك کە لە کەسایەتی کاك جەعفەرم هەیە و نەبوونی هیچ بەڵگە و دەستاوێژێك بۆ بەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکانی، وامدانا کە ئەگەر هات و چەند ڕێکەوتیکیش بە هەڵە دانرابوو، دیسان دەتوانرێت باوەڕ بە پاشماوەیان بکرێت و بەوبۆنەیەوە بنەمای کارەکەم لەسەر وەرگرتنی بۆچوونەکانی ئەو دانا و ڕێکەوتە دەستنیشانکراوەکانیم لە ژێر شیعرەکانی ئەم دیوانەشدا دووپات کردەوە.

بە حیسابی ئەو ڕێکەوتانە، یەکەم شیعری ناو دیوانی چاپکراوی ئاوات کە تەئریخی بە سەرەوە بێت، لە ساڵی ١٣١٠ ی هەتاوی (١٩٣١ز) دا گوتراوە[10] و یەکەم شیعری سیاسیشی هی ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاوی (١٩٤٥ ز)یە.[11] واتە ئاوات لە ماوەی ١١ ساڵی نێوان ١٣١٠ و ١٣٢٠ دا کە لووتکەی دەسەڵاتداریەتی ڕەزاشای پەهلەوی بووە، هیچ شیعرێکی سیاسی نەگوتووە یان بۆ ئێمەی بەجێ نەهێشتووە. ئەوە تا ڕادەیەك لای

[10] شیعری "ڕۆژ و تەم" هی ساڵی ١٣١٠ هەتاوییە

[11] سێ شیعری ئاڵا، ئاڵای پیرۆز و بەیداغ هی ساڵی ١٣٢٤ ن.

کەسانی شارەزای ئەو ساڵە ڕەشانە ئاسایی دەنوێنێت لەبەر ئەوەی لە هەمان ئەو ساڵانەدا شاعیری میانەڕەوی ئێرانی 'ملك الشعرای بەهار' و شاعیری شیعری "مورغی سەحەر"یش کەوتە زیندانی ڕەزاشاوە، 'عیشقی هەمەدانی'ی بە ڕەچەڵەك کورد لە بەر دەرگای پەرلەمان تیرۆر کرا و 'فەڕۆخی یەزدی' لە زینداندا لێوی بە دەرزی و دەزوو دووروا! جا ئاشکرایە کوردێکی هەژاری وەك ئاوات لە کوردستان نەیدەتوانی دەنگی ناڕەزایی خۆی و گەلەکەی لەو دەزگا جەهەننەمییە ئازادی کوژەدا هەڵبڕێت؟

بەڵام جێگەی پرسیارە لە نێوان ساڵانی ١٣٢٠ تا ٢٤ دا، کە هێزی هاوپەیمانان هاتبووە ناو ئێرانەوە و مامۆستا هەژار گوتەنی، "ئەرتەشی شاهەنشاهی بە بڵاو بوونەوەی دوو پەڕ ئاگاهی لێك بڵاو ببووەوە" و حەمەڕازاشای کوڕی هێشتا پێچکەی تەختی دیکتاتۆریەتی توند نەکردبوو، بۆچی نیشانەیەك لە شیعری سیاسیی ئاوات نابینرێت و ئەگەر ئاوات شیعرێکی شاعیری کوردی فارسی وێژ، 'لاهووتی کرماشانی'شی وەرگێڕابێتە سەرکوردی، شیعری غەیرە سیاسی بووە؟[١٢] ئەوە لە باسی یەکەمین شیعری ئاواتدا.

دوایین شیعری ناسراوی ئاواتیش کە لەو دوو دیوانەدا هاتبێت، هی ساڵی ١٣٦٨ ی هەتاوی (١٩٨٩ز)[١٣] و دوایین شیعری سیاسیشی هی دوو ساڵێك پێش مەرگی، واتە ساڵی ١٣٦٦ ی هەتاوی (١٩٨٧ز)یە.[١٤]

لە ماوەی نێوان ئەو دوو جەمسەرەی ساڵی ١٣١٠ و ١٣٦٨ (١٩٣١ تا ١٩٨٩ز)دا، ساڵی ١٣٢٤(١٩٤٦ز)، ساڵی دامەزرانی کۆماری کوردستانە و ئاشکرایە دەبێ ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو ساڵە هاندەرێکی بەهێز بووبێتن بۆ هەستیارێکی وەك ئاوات کە بچێتە کۆڕی کار و خەباتی سیاسییەوە، وەك چووشە و سێ پارچە شیعری خۆی بە داوێنی ئاڵای نەتەوایەتیماندا هەڵاوەسیوە. هەر بەو خێراییەش کە لەو ساڵەدا هاتبووە گۆڕەپانی شیعری سیاسییەوە، ساڵێك دواتر کە کۆمار هەرەسی هێنا و سوپا و پۆلیس و ڕوکنی ٢ ی ئەرتەشی شا بە سەر گیان و ماڵی خەڵکدا زاڵ بوونەوە، ئەویش لە سێ ساڵی دوای هەرەسی کۆمار واتە ١٣٢٥ تا ٢٧ (١٩٤٧ تا ٤٩ز) دا، کوانووی بەگڕ وتینی شیعری سارد بووەوە و کەم تا زۆر، هیچ شیعرێکی سیاسی و تەنانەت غەیرە سیاسیشی

---

١٢ شیعری "وەکوو بیستم، خەمت خواردم، ئەمیش بۆ من خەمێکی تر".

١٣ شیعری "ئاواتی هونەر" هی ساڵی ١٣٦٨ ی هەتاوییە.

١٤ شیعری "ئەی غەریبی خۆشەویست" هی ساڵی ١٣٦٦ ە.

نەگوت، یان ئەگەر گوتیشی، لە ترسی داگیرکەری زۆردار تۆماری نەکرد و نەیگەیاندە دەست خوێنەری شیعرەکانی. دەشزانین کە لەو ماوەیەدا یان لە زینداندا مابووەوە یان وەك زۆر کوردی دیکە، گیرۆدەی بێنە وبەرەی دادگای نیزامی بوو.

بە شێوازێکی هاوچەشن، لەناو شیعری ساڵانی پێش کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩٥٣ز)دا، وچان و وەستانێکی شیعرە سیاسییەکانی بەرچاو دەکەوێت بەڵام لە ساڵی ١٣٣٢ دا کە لووتکەی ڕاسانی خەڵك بەرانبەر بە دەسەڵاتداریەتی شا و وڵاتانی ئیستیعماریی ڕۆژئاوایە، ئاوات دێتەوە گۆ و بۆ نموونە لە شیعرێکدا باس لە برایەتیی نێوان ڕۆڵەکانی گەل دەکات،[15] هەمیسانیش دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ و زاڵ بوونەوەی دەزگای داپڵۆسێنەری شاه و حکوومەت نیزامیی تەیمووری بەختیار بە سەر ئێراندا، بێدەنگ دەمێنێتەوە. کورتی بکەمەوە، شیعری ئاواتیش وەك ژیانی خۆی، بەستراوەی بارودۆخ و ڕووداوە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژانەی کوردستان و ئێران و تا ڕادەیەکیش باشووری کوردستان بووە و بە هەڵکشان و داکشانی گڕی خەباتی خەڵك، بەرزی و نزمیی بەخۆیەوە بینیوە.

کۆچی دوایی شاعیر بە گوێرەی سەرەتای دیوانی "شاری دڵ"، لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٨٩ز)دا بووە، دوایین شیعریشی لە هەمان ساڵدا گوتووە،[16] کەبۆ غەریبێکی خۆشەویستی دوور لە نیشتمان (مامۆستا مەلا شیخ عیزەدینی حوسەینی[17])، گوتراوە.

بە کورتی، سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات)، لە ماوەی ٨٦ ساڵەی ژیانی خۆیدا (١٢٨٢ تا ١٣٦٨ ی هەتاوی و ١٩٠٣ تا ١٩٨٩ ی زایینی)، سەرجەم ٥٩ ساڵ شیعری گوتوون. لەو ماوەیە و بەتایبەت لە ٤٢ ساڵی نێوان ١٣٢٤ و ١٣٦٦دا گەلێك شیعری سیاسی-کۆمەڵایەتیشی بۆ بەجێ هێشتووین.

ژمارەی ئەو بەرهەمە شیعرییانەی وا لە هەموو ئەو ساڵانە، چ لە دیوانی چاپی ئەنیسی و چ لە دیوانی چاپی جەعفەردا چاپ کراون، بە حیسابی ئەو شیعرانەشەوە کە لە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان و گۆڤاری هەڵاڵەی سەردەمی کۆماری ساڵی ١٩٤٦ ی

---

[15] "چەندە بەنرخ و چاکە براکەم، برایەتی"- شیعری برایەتی

[16] شیعری "ئاواتی هونەر"، پێشتر.

[17] سەبارەت بەو شیعرەش پرسیارم لە کاك جەعفەری کوڕی شاعیر کرد. ئەوە وەڵامەکەیەتی کە لە ئیمەیلی ڕۆژی ٢٠١٨/٥/١٦دا گەیشتۆتە دەستم: *"لاپەڕە ٢٤٩ی دیوان، "وەرەوە گیانە" بۆ نەمر مامۆستا شێخ عزەدین گوتراوە کە چووبوو بۆ گەرمێن و هەرگیز نەگەڕاوە."*

کوردستاندا بڵاو کراونەتەوە و بەڕواڵەت دەبێ سەرجەم شیعرەکانیشی بن، بە هەموو شێوەکانی شیعرەوە لە چوارینە و قەتعە و غەزەل تا قەسیدە و مەسنەوی و تەرکیب بەند و تەرجیع بەندەوە، بە دوو زمانی کوردی و فارسی، ٢٩٣ پارچەن. لەو ٢٩٣ پارچە شیعرە ٢٦٢ یان کوردی و ٣١یان فارسین (ئاشکرایە دەکرێ لەو حیساب کردنەی مندا ژمارەیەك و دوانیش ئەملا وئەولا هەبن).
دەست نیشان کردنی بابەت و ناوەرۆکی هەموو ئەو ٢٩٣ شیعرە کارێکی ئەستەمە ئەویش لەبەر ئەو هۆکارە ڕوونەی کە هەندێك لە شیعرەکان تێکەڵاوێکن لە بابەتی ئایینی و کۆمەڵایەتی یان غەرامی و سیاسی یان عیرفانی و ئایینی... بە شێوەیەك کە یەکلا کردنەوەیان بە ژمارە و ڕەقەم گونجاو نابێت، بەڵام من لە شرۆڤە کردنی هەرکامیاندا دەست نیشانی ئەو هاوبەشی و تێکەڵاوییەی بابەتم کردووە. ئەوەی لێرەدا بتوانم بەڕێوەیبەرم ئەوەیە شیعرەکان بە شێوەیەکی گشتی بە سەر هەندێك بابەتدا دابەش بکەم بۆئەوەی خوێنەر شارەزای بوارە جیاجیا فیکرییەکانی شاعیر ببێت:

- ئایینی
- سیاسی
- کۆمەڵایەتی
- عیرفانی
- غەرامی
- ڕوو لە دۆست و ناسیاو
- بۆ کەس وکاری خۆی، و
- تێکەڵاوێك لە دوو یان سێ بابەتی سەرەوە.

دیارە شیعرە بێ تەئریخەکانی ئاوات، کە ژمارەیان دەگاتە ١٩، هەروەها چوارینەکان (جگە لە یەکیان) کە ڕێکەوتی ساڵیان بۆ دیاری نەکراوە، کێشەکەیان قووڵتر کردۆتەوە و هەر ئەوەش بۆچوونەکانی من سەبارەت بە یەکەمین و دوامین شیعری شاعیر لاواز دەکات. بەڵام ڕێگەچارەیەکی دیکە بۆ ئەو کێشەیە نییە مەگەر کاك جەعفەر و بنەماڵەی بەڕێزی شاعیر، یان دۆست و هاودەمی ئەو ساڵانەی ئەو و شارەزا و شیعرناسان لە ناوخۆی وڵات بتوانن چارەنووسی ئەو شیعرە بێ ڕێکەوتانە دیاری بکەن.

**ساڵی گوترانی شیعرەکان:**

بە گوێرەی چاپی جەعفەر، کە بەشێکیان بە چاپی ئەنیسیش پشتڕاست کراوەتەوە، ٢١٢ پارچە شیعری کوردیی و ١٣ نامەی شیعریی ئاوات ساڵی گوترانیان ڕوونە. شاعیر لەکاتی گوتنی یەکەم شیعردا ٢٨ ساڵان بووە و دوایین شیعری لە تەمەنی ٨٦ ساڵی خۆیدا گوتووە، کە ساڵی کۆچی دواییشیەتی.

بەپێی هەژمار کردنی من، ژمارەی شیعرە کوردییەکان، بە حیسابی ساڵی گوترانیان بە شێوەی خوارەوەیە:

- ✓ ساڵانی ١٣١٠ تا ١٩، سەرجەم ٢٤ پارچە شیعر
- ✓ ساڵانی ١٣٢٠ تا ٢٩، ٢٣ پارچە
- ✓ ساڵانی ١٣٣٠ تا ٣٩، ٤٧ پارچە + ٤ نامە بۆ دۆستان
- ✓ ساڵانی ١٣٤٠ تا ٤٩، ٥٧ پارچە + ١ نامە بۆ دۆستێك
- ✓ ساڵانی ١٣٥٠ تا ٥٩، ٤٧ پارچە
- ✓ ساڵانی ١٣٦٠ تا ٦٦، ١٤ پارچە + ٨ نامە بۆ دۆستان
- ✓ بێ تەئریخ، ١٩ پارچە، هاوڕێ لەگەڵ ٣٥ چوارینە + ٧ نامەی شیعری بۆ دۆستانی خۆی

شیعرە فارسییەکانیشی، لە نێوان ساڵانی ١٣٣١ تا ١٣٦٣ دا، سەرجەم ٢٥ پارچە شیعر و ٤ چوارینە و ٢ نامەی شیعرین بە شێوەی خوارەوە:

- ✓ ١٣٣١ تا ٣٩، ٦ پارچە
- ✓ ١٣٤٠ تا ٤٩، ١٢ پارچە + ١ نامەی شیعری
- ✓ ١٣٥٠ تا ٥٥، ٣ پارچە + ١ چوارینە
- ✓ ١٣٦٢ و ٦٣ ١ پارچە + ١ نامەی شیعری
- ✓ بێ تەئریخ ٣ پارچە + ٣ چوارینە

لەو هەژمارکردنەدا دەردەکەوێت کە ساڵانی نێوان ١٣٣٠ تا ١٣٦٠ لە باری شیعرگوتنەوە ساڵانی پڕکاریی شاعیر بوون لەبەر ئەوەی زوربەی زۆری شیعرە کوردییەکانی لەو ماوەیەدا گوتراون.

باوەکوو کاری دیاریکردنی ساڵ، کارێکی فۆرمالیستی و بێ سوود دەنوێنێت، بەڵام لە ڕێگەی هەر ئەو ئامارانەوەیە دەتوانین بچینە ناو دنیای بیر و بۆچوون و هەڵوێست گرتن و ڕەوتی ژیانی شاعیر لە سەردەمی جیاجیای تەمەنیدا. بۆ نموونە، شیعری ساڵانی

پێش کۆدیتای ٢٨ ی گەلاویژی ١٣٣٢ گەلێك ئازاد و کراوەن و بە ئاشکرا ڕوانگەیەکی سیاسییان هەیە لە کاتێکدا شیعرەکانی دوای کۆدیتا، سیمبۆلیك و پڕ پێچ و پەنان، نموونەکەی شیعری ناسراوی 'خاسەکەو'ە، کە لە قالبی ئەو بالندە جوان و خۆشەویستەی خەلکدا، باس لە پێشمەرگەی خەباتکاری کورد دەکات.

ئەم ئاماژانەی خوارەوە بۆ کەسانێك کە بیانەوێت ئاوات لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە بناسن، دەتوانێ بەکەڵك بێت:

١. ئاوات تا مۆخی ئێسقان موسوڵمان و ئیمانداره و هیچ هێزێك و باوەڕێك و هێڵێکی فیکری ناتوانێ جێگە و پێگەی ئیسلامیەت و باوەڕ بە خودا و پێغەمبەر و قورئان لە مێشکیدا بگرێتەوە. بەشێکی بەرچاو لە شیعری ناو دیوانەکەشی ئایینی و نەعتی خودا و پێغەمبەری ئیسلامن:

*"ڕوو لەکوێ کەم یارەبی، چبکەم لە دەس عیسیانی زۆر؟*
*غەیری دەرگای تۆ نییە دەرکێ کە ڕەحمم پێ بکا"*
(شیعری "پاڕانەوە"، ساڵی ١٣٦٢)

ئاوات لە پێداهەڵگوتنی پێغەمبەری ئیسلامدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئیمانداریکی نەخوێندەوار نییە و هەمان ئەو شتانە سەبارەت بەو دووپات دەکاتەوە کە خەڵکی ئاسایی دەیڵێن: میعراج[١٨]، ئەسپی باڵدار، حەوت تەبەقەی ئاسمان، شق القمر و ....:

*"ڕێگەکەت دوور بوو، بەلام ساڵی بە ساتێکی بڕی*
*ئەو بوراقی کە بە باڵان دەفڕی، چوویە سەری...*
*شاسوارێکی وەهابووی، هەموو ئاسمانان چووی*
*هەر مەلایك بوو بە پێشواز لە سەران دادەوەری...*
*چوویە ئەو جێیە کە جبریلی ئەمین ماتڵ ما*
*جێی حوزوور بوو، لەوە بەولاوە نەمابوو گوزەری...*

18 ئەفسانەی میعراج و چوونی مرۆڤی سەرزەوی بۆ ئاسمان لە گەلێك ئایینی دیکەشدا هەیە و بووە و یەك لە کۆنترینیان میعراجی 'میترا'یە لە ئایینی 'میهر' یان 'میتراییی'دا. میترا بە عەرابەیەك کە دوو ئەسپی باڵدار ڕایاندەکێشا، بەرەو ئاسمان چووە و ئەوەش لە چەند وێنە و پەیکەری پەیوەندیدار بە ئایینەکەوە دەرکەوتووە. مێژووی میترائیزم دەگەڕێتەوە بۆ لای کەم ١٥٠٠ ساڵ پێش سەرهەڵدانی ئیسلام.

*مۆجیزەت زۆرە، لە ئەژمار بەدەرە بۆ 'کامیل'*
*هەر ئەوەند بەس کە دەڵێم خاوەنی شق القمری"*
(شیعری "بوراقی باڵدار"، ١٣٦٠)

*"ئەو زاتە، مانگی هەر بە ئیشارە*
*لە ئاسمانێ ڕا، کرد پارە پارە*
*دوو لەت جوێ بووەوە، هاتنە خوارەوە*
*چوونە باغەڵی ئەو سەردارەوە*
*هاتنەوە دەرێ لە هەردووقۆڵی*
*بە دەست وبرد و بە توند وتۆڵی*
*چوونە ئاسمان یەکیان گرتەوە*
*بوونەوە دیسان بە چاردە شەوە"*
(شیعری "مەولوودی"، ١٣٢٨)

خۆشەویستیی پێغەمبەری ئیسلام لای ئاوات بە ڕادەیەکە کە هەندێك لە شیعرەکانی لە پەسنی ئەودا، شان لە شانی شیعری عاشقانە دەدەن:

*"ئەی بەدەنت پاکە وەکوو ڕۆحی پاك*
*ڕۆحە سەراپا بەدەنت، ڕۆح فیداك"*
(شیعری "بۆ خۆشەویستی خوا"، ١٣١٢)

"... ئەی بە نووری جەمالی ڕووی زیبات
پڕ لە شەوق و زەوق لە سەر تا پات
یەك لە یەك ڕێك وپێکترە بەدەنت
یەك لە یەك بۆنی خۆشترە ئەعزات..."
(شیعری "ستایشی پێغەمبەر"، ١٣١٣)

سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە شاعیر لە ژیانی ڕۆژانە و هەڵس وکەوت لەگەڵ خەڵکدا، هێدی و هێمن و بێ وەی بووە و وەك سۆفییەکی بێ ئازاری دوور لە توندوتیژی نواندن ناسراوە، تەنانەت لە شیعرە سیاسییەکانیشیدا دیاردەی زەبروزەنگ کەمتر

دەبینرێت،[19] بەڵام لە شیعرە ئایینیەکانیدا زۆرجاران زێدەڕۆیی دەکات و خۆی بە "سەگی بێ پاس و وەڕ"ی پێغەمبەری ئیسلام ناودەبات. دیارە ئەوەی من پێی دەڵێم زێدەڕۆیی زۆر، واهەیە لە ڕوانگەی ئیماندارانەوە ئاسایی بنوێنێ- لەبیرمان نەچێت ئێمە لە جیهانێکی ڕێژەییدا دەژین و ئەو جیاوازیی بیروڕایە لە ناو کۆمەڵگا و کەسەکاندا گەلێك ئاساییە. ئەوە نموونەی چەند شیعری لەو چەشنەی ئاوات:

*"سەگێکی دەم ڕەشی بێ کەڵپە، پیر و کولکن و نووزن*
*دەسووڕێ خوێڕییە کۆڵان بە کۆڵان سەد کون و قوژبن*
*چڵێس و گورگەمێش و بێ وەڕ و بێ پاسی هەر وەك من*
*بە کاری چی دێ یاڕەب غەیری بەخشین و قەبووڵ کردن*
*بەغەیری پەت لە ئەستۆ خستن و بۆ دەرکی خۆ بردن؟"*
(پێنج خشتەکی "پاڕانەوە"، ١٣٦٥)

*"بێ پاس و وەڕ و خوێری، وەك سەگ لە قەسابخانە...*
*بێ زکر و بە بێ تاعەت، بێ فکر و خەیاڵم من"*
(شیعری "لێبووردن"، ١٣٦٠)

"من سەگێکم، سەگێکی دەرگاتم...
کەسەل و بێ وەڕ و لەپاس کەوتوو...
پیر و بێ کەڵپە مام و لێقەوماو..."
(شیعری "پاڕانەوە"، ١٣٥٢)

٢. ئاوات سۆفییەکی سافی و خاوەن ڕێبازە؛ موریدانی خانەقای زەنبیل سوێند بە سەری دەخۆن؛ ئاشکرایە دەبێ زۆر شیعری ناو دیوانەکەشی ناوەرۆکی عیرفانییان هەبێت:

*"هەستە بڕۆ بەر دەرکی خاسانی خودا، کامیل!*
*بمرە، کە لە پاش فەوتت هەر عیشقە دەدا پڕتەو"*
(شیعری "چش لەم و لەو"، ١٣٦٠)

---

[19] تەنیا لە دوو سێ شیعردایە کە لاوان و خوێنەرانی شیعرەکانی هان دەدات وەشوێن داگیرکەری خاکی کورد بکەون و تۆڵەی لێبکەنەوە: "ئێستە هەڵکەوتووە، دەرۆم بە پەلە، دەیکەمە گۆمی خوێن و دێمە مەڵە" (شیعری ڕۆژی هەستان، ١٣٥٢). و: "تا تۆڵە لە دوژمنو نەسێنم، جەرگ و دڵی پیسی دەرنەهێنم..." (شیعری گەسکە کۆڵە، ١٣٥٦)

*"من قەرارم وایە ئەوجار تەرکی خۆشی کەم بەدڵ*
*خواردنم نانێکی ڕەق بێ، بەرگ و پۆشاکم تەلیس"*
(شیعری "سکاڵا"، بێ تەئریخ)

٣. شیعری سیاسی- کۆمەڵایەتی دوای شیعری ئایینی و عیرفانی، ڕووپەڕێکی زۆری دیوانی شیعری ئاواتیان کردۆتە هی خۆیان. ئاوات کوردستانییەکی نیشتمانپەروەرە و ئەوەندەی خەمی کۆیلەتی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەست داگیرکەرانی ئێرانەوە دەخوات، بە هەمان ڕادەش لەبیری بەشەکانی دیکەی خاکە داگیرکراوەکەیدایە:

*"ژێرچەپۆکەی ئەم و ئەو هەر بەشی ئێمەی مەرد بوو*
*با لەمەولاوە بە ئازادی و سەربەستی بژین..."*

ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بووە و لەوێدا بە ناوی نهێنی "زرنگ"ەوە ناسراوە [٢٠]:

*"ئەی کاکی "زرنگ" شیعرت پاکی وەکوو قەند وایە*
*تفلی دڵی کوردستان بۆی هەر لە گورِوگاڵا"*
(شیعری "ئاڵا" بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە بۆکان، ١٣٢٤)
*"ئەی زرنگ تۆش ڕۆح و گیانی خۆت فیدای ئەو زاتە کە*
*تا بڵێن پێت ئافەرین ئەی ڕۆڵەیی مەشهووری کوردا!"*
(شیعری "بەیداغ"، لە پەسنی پێشەوا قازی محەممەددا، ١٣٢٤)

ئاواتیش وەك زۆر کەسی دیکە، دوای هەڵوەشانەوەی ژێکاف و سەرهەڵدانی حزبی دیموکراتی کوردستان بۆتە ئەندامی ئەو حزبە نوێیە. لە ماوەی تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان (١٣٢٤ تا ١٣٢٥)دا، نایب سەدری لقی حزب بووە لە شاری بۆکان و بەرپرسی لقی حزبەکە لە گوندی 'گەردیگلان'یش کە مڵکی خۆی بوو. هەروەها لە

[٢٠] وەك گوترا، ئاوات لە کۆمەڵەی ژێکافدا ناوی نهێنییەکەی "زرنگ" یان "زرینگ" بووە و لە دوو شیعری "ئاڵا" و "بەیداغ"یشدا کە ساڵی ١٣٢٤ گوتراون، هەر خۆی بە "زرنگ" ناوبردە کردووە. ئەو شیعرانە لەبەر دەستی کەسدا نەمابوون و دوای ئەوەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆمار سەرلە نوێ لە باشووری کوردستان چاپ کرانەوە، ئەم دوو شیعرە سەریان هەڵدایەوە و بەڕێز کاك جەعفەری کوڕی شاعیر لە کتێبی "شاری دڵ" دا چاپی کردنەوە.

ڕێ ورەسمی هەڵکردنی ئاڵای کۆمار لە بۆکاندا مامۆستا هەژار شیعرێکی ئەوی خوێندۆتەوە:

*"لە هەموو کوردی وڵات بێ پیرۆز*
*خاسە وانەی کە لەگەڵ مەن دڵسۆز..."*
(شیعری "ئاڵای پیرۆز"، ١٣٢٤)[21]

یەك شیعریشی لە گۆڤاری کوردستان و دوو شیعری لە ڕۆژنامەی کوردستان (هەردوکیان چاپی مەهاباد) دا بڵاو کراونەتەوە.

یەکەمیان بە ناوی 'زرنگ'ەوەیە:
*"دوێشەوێ دڵ ڕایپەڕاندم پێی گوتم هەستە، بەڵان*
*هەستی خۆت ڕابگرە، تێفکرە، کە دوژمن بەربەڵان"*
لە ژمارە ٤ ی گۆڤاری کوردستان، بانەمەڕی ١٣٢٥ دا بڵاو بۆتەوە.

دووهەمیان *"برای خۆشەویست سەید کامل لە تاریفی رئیس جمهور کوردستان دا هەڵیبەستوە"* و لە ژمارە ٨، ڕێبەندانی ١٣٢٤ی کوردستاندا چاپ بووە:

*"هاتە [دەر] ئەورۆ لە میحنەت میللەتی مەغدووری کورد*
*گەینە ئاوات و مەڕامی خۆ هەموو ڕەنجووری کورد..."*

سێهەمیان کە *"لە ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٩ لە کاتی هەڵکرانی ئاڵای مقدسی کوردستان لە گوندی گەردیگلان خوێنراوەتەوە"*، لە ژمارە ٥٥، جۆزەردانی ١٣٢٥ی ڕۆژنامەکەدا چاپ کراوە:

*"لەو پارچە سێ ڕەنگی وەك باڵی هومای ئاڵا*
*هەودایەکی لێ بۆوە، فەوری لە ملم ئاڵا..."*
(شیعری "ئاڵا"، ١٣٢٤)

[21] ئەو شیعرە، لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری هەلاڵەی چاپی بۆکان (ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی) دا بڵاوکراوەتەوە

دوای هەرەسی کۆماری کوردستانیش بۆ ماوەی دووساڵ کەوتۆتە زیندانی ڕژیمی ئێرانەوە لە چەند شاری ئێران لە کوردستان یان دەرەوەی ئەو، حەبس کراوە.
لە کۆنگرەی دووهەمی حزبی دیموکراتدا (١٩٦٤/١١/١٩)، کە بە بێ ئامادە بوونی ئەو بەڕێوەچوو، بە ئەندامی فەخریی کومیتەی ناوەندیی حزبەکە هەڵبژێرراوە.

٤. بەشێك لە شیعرەکانی ئاوات غەرامی، واتە عاشقانەن و لەو شێوە شیعرانەدا هەندێك جار گەلێك سەرکەوتووە:

*"عاشقی ڕووی دڵبەری بێگەردی وەك مینایە دڵ*
*دای لەدەس هەرچی کە بووی بەو سات و بەو سەودایە، دڵ"*
(شیعری "سات وسەودا"، ١٣٢٩)

*"دڵی من موبتەلای باڵابڵندی نەوجوانێکە*
*لە دەوری دێ و دەچێ دایم، عەجایب پاسەوانێکە!"*
(شیعری نان وخوان"، ١٣٥٩)

*"ئەگەرچی پیرم، ئەمما وەك مناڵان*
*دڵم دەشنێ لەبۆ سەرویکی نەوڕەس"*
(شیعری "سەروی نەوڕەس"، ١٣٣٤)

*"مەمکی خڕ کردووە یارم، دوو هەناری ساوان*
*بێ ئەوەی کەس دەسی لێدا، گەیون بێ تاوان[٢٢]"*
(شیعری "باسی سەر"، ١٣٥١)

٥. ئاوات کەسایەتیەکی ڕەفیق دۆست بووە و دۆستایەتی گەرم وگوڕی لەگەڵ هەندێك شاعیری کوردی ناوچەکە و خەڵکانی دیکەی شار و دێی موکریان دا، پێك هێناوە. بەشێك لە شیعرەکانی ڕوو لەو کەسانە گوتراون:

*"لە ئەحواڵی 'ئیمامی' گەردەپرسن چۆنە بێ ئێوە*
*سەری سوورماوە لەم کوێستانەدا بێ هەمدەم و نێوە*

---

[٢٢] تاوان کۆی تاوە بە واتای هەتاو

*ئەگەرچی گیاوگژی ئەم سەرزەمینە سەوز و تێراوە،*
*بەڵام بۆ من لە دووریی ئێوە وشك و پڕ چڵ وچێوە*
*فیداتان بم، وەن لوتفوو هەبێ، ڕۆژی هیلاکەتمە*
*نەیەن، بێ نێونیشانم، بێنە لام هەر 'کامیل'م نێوە!"*
(نامە بۆ مامۆستا 'حەقیقی'، ١٣٣٢)

٦. بەشێکی کەم لە شیعرەکانیشی تەرخانی بنەماڵەی خۆی کراون هەر لە مام و برا و برازاوە بگرە تا ئامۆزا و خەزوور؛ بەڵام بە ڕەسمی سەردەم هیچ ناوێك لە هاوسەر و کچ و و بە گشتی ئەندامانی مێیینەی بنەماڵەکە لە شیعرەکانیدا نییە.[٢٣]

*"هەر ڕۆژ هەڵات، دۆعا و تەمەننایە تا شەوێ*
*کاکە! قەزات لە خۆم و لە هەرچی هەمە کەوێ"*
(شیعری "دۆعای ڕۆژان"، ١٣٥٣ بۆ سەیدی زەنبیلی براگەورەی خۆی)
*"کوێ چووە ئەمساڵ برا خەم خوارەکەم؟*
*سەدهەزار خۆزگەم بە ساڵی پارەکەم!"*
(شیعری "ئازارەکەم"، ١٣٥٣ بۆ هەمان کەس )

*"چرای بۆ خانەدان وجێگەیی فەخر و موباهاتی*
*خودا حیفزت بکا، مامە! ئەمن بۆت قۆچی قوربانم"*
(شیعری "چرای خانەدان"، ١٣٣٣ بۆ حاجی بابەشێخی مامی خۆی)

*"ئیمامی ماڵی کاول بوو، نەما هێزی، شکا باڵی،*
*لەناو مامی وەکوو بابی لە ژینی خۆی هەراسانە"*
(شیعری خەزانی گوڵ، ١٣٣٨ بۆ هەمان کەس)

"جەرگ و دڵ بۆ تۆ بریندارە عومەرا!
هەر ببیسم عاجزی، دەکولێمەوە"
(شیعری "ئابووژێمەوە" ، ١٣٤٥ بۆ سەید عومەری برازای)

---

[٢٣] ئەو تەلیسمە لە باشووری کوردستان گەلێك زووتر لە ڕۆژهەڵات شکا و بۆ نموونە، حاجی قادری کۆیی، مەلای گەورە و موفتی پێنجوێنی سڵیان لەوە نەکردۆتەوە باس و ناوی کچانی خۆیان بهێننە ناو شیعر و قسە و وتاریانەوە.

*"وەك دەڵێن، ئازاد بووە، سەد شوکر، کاك سەید مستەفا بۆیە دنیا پڕ بووە ئەوڕۆ لە دڵخۆشی و سەفا"*

(شیعری "جەژنی ئێمە"، ١٣٦٤ بۆ ئازادبوونی سەید مستەفای سەیادەت ئامۆزای خۆی لە زیندانی کۆماری ئیسلامی)

٧. دوای هەموو ئەوانە، ئاوات لە هەندێك شیعریدا لەگەڵ خۆی دەدوێت و باسی خۆی و ژیانی بۆ خوێنەر دەکات. ژمارەی ئەو شیعرە "شەخسی" و "خوسووسی"یانە کەمە، بەڵام گەلێك لەدڵ نزیك و ڕاستگۆیانەن:

*"... ئێستە من تەنها لە گۆشێکی جیهاندا مامەوە*
*بێکەس و بێدەر، هەژار و گۆشەگیر و بەرپەڕی..."*
(شیعری "قەرزداری"، ١٣٣٥)
*"...'کامیل'ی بێچارەکەی بێ یارەکەی ئاوارەکەم*
*ئافەرین، تۆ چا دەکەی گرتووتە دونیا سەرسەری!"*
(شیعری "من کوتم"، ١٣٣٥)

٨. جیا لەو بابەتانە، ناوەرۆکی شیعرەکانی ئاوات داوێنی کێشاوەتە سەر هەندێك مەسەلەی کۆمەڵایەتی و سروشتی کە جیا لە لایەنی هونەریی شیعرەکان خۆی، دەکرێ کەڵکی مێژووییان لێ وەربگیرێت، بۆ نموونە لە ڕێگەی ئەوانەوە بزانرێت لە چ ساڵێکی تایبەتدا لافاو، زەلزەلە و سەرما و سۆڵی زۆر لە ناوچەی ژیانی شاعیر (بەگشتی موکریان)، ژیانی لە خەڵك تێکداوە، ڕێگاوبان بەستراوە و بێ تفاقی زیانی لە ژیانی ئاژەڵی ناوماڵ داوە. وەك نموونە، لێرەدا لیستەی ناوی ئەو شیعرانە دەهێنم کە بۆ بەهاری ناوچەکەی گوتوون، دەشزانین کە بەهار بۆ گوندنشینێکی وەرزێر خۆشترین وەرزی ساڵە:
بەهار، چ بەهارێکە!، کاتی بەهارە، بەهاری بێ گەشە، بەهاری سارد، بەهار هاتەوە، بەهاری تازە، زەماوەندی بەهار، بەهاری گوڵ، سروەبای بەهار، شنەی بەهار، بەهار هات، بەهاری ناخۆش، نەسیمی نەوبەهار، بەهارستان، شاباشی بەهار، کەی بەهار وایە؟ (١٧ پارچە)؛ بە هەمان شێوە بۆ پایز و زستانی ناوچەکەش...

٩. خاڵێکی سەرەکیی ناو زوربەی شیعرەکانی ئاوات گەڕانیەتی بەشوێن وونبوویەکی نادیاردا. نۆستالژییەکی قووڵ و خەمێکی بێ سنووری دووری لەو وونبووە مەتەڵۆکەی

ژیان و یەك لە خاڵە بەرچاوەکانی ناو بەرهەمەکانیەتی. چییەتی ئەو هەست و شعوورە کە سەرەتا و کۆتایی ژیانی بەیەکەوە بەستۆتەوە، ڕوون نییە و هاسانیش نادۆزرێتەوە. تەنانەت وێدەچێت خودی شاعیریش بە هەموو ماوەی تەمەنی، بەشوێنیداگەڕابێت و نەیدۆزیبێتەوە، ئەو گەڕان و پشکنینە نەك هەر لە شیعرەکانی بەڵکوو لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و چوونە ناو دەروونی خۆی و تەنانەت لە وێنە فۆتۆگرافییە مات و بێ حاڵەتەکانیشیدا دەردەکەوێت. ئەوە چ دوانەیەکە لێی وون بووە و لەکەیەوە لێی تەریك کەوتووە کە هەموو ماوەی تەمەنی بەس نەبووە بۆ دۆزینەوەی و یەکگرتنەوەیان؟ تەنانەت دوور نییە باوەڕە قورس و قایمەکەی بە خالقێکی نادیار ئاوێنەی ئەو هەست و هەوڵ و بۆچوون و گەڕانە بێت و ئەمی لەجیاتی ئەو، یان ئەوی لە شوێنی ئەم دانابێت. کێ دەتوانێ بزانێ؟ دەروونناس، کۆمەڵناس، شیعرناس؟ نازانم!

بە کورتی، دەکرێ سەید کامیل ئیمامی (ئاوات) بە بیرمەندێکی هەستیار، هونەرمەندێکی خاوەن ڕێباز، شاعیرێکی نیشتمانپەرست و موسوڵمانێکی سۆفی مەسلەك بناسین کە ژیان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی- ئابووری، لە قوژبنی گوندێکی ترینجاندبوو، کە شوێنی ئەو نەبوو، جا ئەگەر بە جەستە نەیدەتوانی لەو قەفەزە تەنگە بێتەدەرێ، هەوڵی دەدا سواری شاباڵی شیعرەکانی بێت و لە بۆکان و مەهاباد بچێتە ماڵی حەقیقی و هێمن و لە باشووری وڵات سەردانی سەنگەری پیرۆزی پێشمەرگەی نیشتمان و دۆست و برادەرانی خۆشەویستی خۆی بکات کە چەکی شەرەفیان هەڵگرتووە و بە خوێنی خۆیان داکۆکی لە خاکە پیرۆزەکەمان دەکەن. هەر ئەو ژیانە نابەدڵە، دڵ ناسکی کردبووەوە و لە ڕێگەی هەندێك لە شیعرەکانیەوە دەتوانین بە هاسانی هەست بە تەنیاییە لەبن نەهاتووە و ئەو خەمۆکییە هەمیشەییەی ژیانی بکەین.

"کامیل بە تەنێ مایەوە، ئەژنۆیەتی هاواڵ
بۆیە بە خەم و دەردەوە ئێستێ دەسەوئەژنۆم"[٢٤]
(شیعری "بۆ هاواڵی ڕۆیشتوو"، ١٣٤١)

---

[٢٤] لەو لایەنەوە، واهەیە بکرێت ژیانی ئاوات بە ژیانی مامۆستا هێمن بشوبهێنین کە بۆ ئەویش "شیلاناوێ" قەفەزێك بوو:
*"ڕەفیقان، چاکە ئێوە خەڵکی شارین، وەکوو من نین، بەشی زۆرتان ئیدارین بەڵام من خەڵکی لادێم، سەگ بەحاڵم، دژ و داماو، کەنەفت و دەس بەتاڵم"* (هێمن، شیعری "ڕاوەبەراز")

**شوێن هەڵگرتن لە شاعیرانی پێش خۆی**

بە بۆچوونی من، ئاوات زیاترین کاریگەریی هونەریی لە شاعیرانی فارسی وێژ وەرگرتووە و لەو بوارەدا، شاعیرانی کورد لە پلەیەکی دواتردا وەستاون. هۆکاری مەسەلەکە ئاشکرایە: لە ساڵانی ڕەشی حوکمی ڕەزاشادا کەڵ بە موویەك بەند بوو و سیاسەتی یەك وڵات، یەك نەتەوە، یەك زمان"ی ئەتاتورکی بە زۆری سەرنێزە لەسەر گەلانی کورد و ئازەربایجانی و بەلووچ و عەربی ئێرانیشدا بەڕێوەدەبرا، کتێبی کوردی لە جەوهەر قاچاختر بوو و شاعیرانی ئەو سەردەمە ئەستەم بیانتوانیایە بیانبینن و بیانخوێننەوە؛ ئەوەی کە لەبەردەستی شاعیرێکی کورد لە قوژبنێکی کوردستاندا هەبوو دیوانی شاعیرانی فارس یان فارسی وێژ و ئەو گۆڤارە ئەدەبییانە بوون کە بە فرسەخیش لە زمان و شیعر و ئەدەبی کوردی نزیك نەدەبوونەوە.

شێوازی شوێن هەڵگرتنەکەی ئاواتیش لەو شاعیرانە، بریتی بووە لە ئیستیقباڵی کێش و سەروا، قەرز وەرگرتنی وشە و ڕستە کە هەندێك جار تا ڕادەی تەزمین و تەلمیح و دووپات کردنەوەی میسراع یان فەردێکیان دەڕوات و دەگاتە قۆناغی وەرگێڕانی سەرجەم غەزەلی شاعیرێك (بیانی،-پەروین ئیعتیسامی، لاهووتی کرماشانی و...).

لە ناو شاعیرانی کلاسیکی ئێرانیدا، شاعیرانی وەك مەولەوی، سەعدی، نیزامی، حافزی شیرازی، فیردەوسی و تەنانەت شاعیرانی کەمتر ناسراوی وەك شاطر عباس صبوحی... کارتێکەرییان لەسەری بووە بەو شێوەیەی کە ئیستقباڵی کردوون یان بە تەلمیح و شێوازەکانی دیکەی ئەدەبی، ئەو کارتێکەرییەی لە شیعرەکانیدا پیشانداوە:

"بیا، بیا که با تو مرا ماجرائی هست
بگوی اگر گنهی رفت و گر خطائی هست"

(سەعدی شیرازی)

تو دانی باتو مرا عهد و ماجرائی هست
ز خاکپای تو بر خاطرم صفائی هست

(ئاوات، شیعری "شفا"، ١٣٥٢)

"مزرع سبز فلك دیدم و داس مه نو..."

(حافزی شیرازی)

مەزرەعەی خاڵیی خۆم دیوە من و داسی کول

(ئاوات، شیعری "چی بدرووم؟"، ١٣٥٣)

"روزها گر رفت، گو رو باك نیست،
تو بمان ای آنکه چون تو پاك نیست"

(مەولەوی ڕۆمی)

تو بمان ای چون تو کس غمخوار نیست
چون تو کس با مستمندان یار نیست
(ئاوات، شعر "هشیار نیست"، ١٣٤٥)

هەروەها:

*"بشنو از نی چون حکایت میکند*
*وز جدائیها شکایت میکندد..."*

(مەولەوی ڕۆمی)

ببیە لەو قامیشە چۆنت پێدەڵێ
پێت دەڵێ خێرا بە سۆزی من هەڵێ...
(ئاوات، شیعری "وەك مەسنەوی"، ١٣٤٥)

لە ناو شاعیرانی سەدەکانی دواتر بەتایبەت هاوچەرخانی خۆی لە سەدەی بیستەمدا، شیعری پەروین اعتصامی، لاهووتی کرماشانی و ... تەنانەت ئەو شاعیرانەی وا شیعریان بۆ گۆرانییە فارسییەکان هۆنیوەتەوە و لە فارسیدا بە "ترانە سرا" دەناسرێن وەك "رهی معیری"ش چوونەتە ناو جیهانی فیکری و شیعریی ئاواتەوە. بۆ نموونە، ئەو شیعرەی وا پەروین بۆ کێلی قەبرەکەی خۆی نووسیوە:

*"اینکه خاك سیهش بالین است*
*اختر چرخ ادب پروین است..."*

ئاوات ئاوا وەریگێڕاوەتە سەر کوردی:

*"ئەوی وا خاکی ڕەشی بۆتە سەرین..."*

دوو غەزەلی خوارەوەی ئەبولقاسم لاهووتی کرماشانیش:

"شنیدستم غمم را میخوری، اینهم غمی دیگر
دلت بر ماتمم میسوزد اینهم ماتمی دیگر..."

و:

"فقط سوز دلم را در جهان پروانە میداند
غمم را بلبلی کاوارە شد از لانە میداند..."

هەردوکیان بەم شێوەیە چوونەتە ناو شیعرەکانی ئاواتەوە:

وەکوو بیستم غەمت خواردووم، ئەویش بۆ من خەمێکی تر
دڵت بۆ ماتەمم سووتا، ئەویشم ماتەمێکی تر
و:
بە تەنیا گیانەکەم سۆزی دڵم پەروانە دەیزانێ
خەمی دڵ بولبولێکی بێ گوڵ و بێ لانە دەیزانێ...
یان دوو غەزەلی ڕەهی موعەییری:
"همچو نی مینالم از سودای دل
آتشی در سینه دارم جای دل"
و:
"سیاهکاری ما کم نشد ز موی سپید،
به ترك خواب نگفتیم و صبحدم خندید..."
لە شیعری ئاواتدا بەم شێوەیە ڕەنگیان داوەتەوە:
بەفری خەم دیسان لە سەر کوێستانی دڵ
کەوتووە، ڕووخاوە دەرك وبانی دڵ
و:
وەك قەڵەم دایمەن سیاکارم،
بۆیە بەو زوڵفی تۆوە دڵبەستم

لە ناو شاعیرانی کوردیشدا، پێش هەموو کەس نالی کاریگەریی لەسەر شیعری ئاوات بووە. ئەوە دوو نموونەی ئەو شوێن هەڵگرتنە، گەرچی نموونەی دیکەشی زۆرن:

"تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ
دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ..."
ئاوات:
هەر کاتی نەوەبەهارە کە دنیا دەکا نوێ
سارا دەپۆشێ بەرگی سەوز، گوڵ دەپشکوی
شەوبۆ و هەڵاڵە، نەرگس و نەسرین و نەستەڕەن[٢٥]
هەروەها ئەم قەسیدە ناسراوەی نالی:
"قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور،
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوورا..."

[٢٥] لە پەراوێزی چاپی جەعفەردا هاتووە: "لەسەر جێ و بانی مردنی گوتووە."

له شیعری ئاواتدا بۆته:
قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی سروەکەی سەحەر،
ئەی شارەزا و بەڵەد بە هەموو کێو و دەشت ودەرا!..."
(شیعری 'سرەوەی سەحەر")
ئەم شیعرەی ئەحمەد موختار بەگی جافیش:

لەخەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد، خەو زەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەتح و زەفەرتانە
له شیعری ئاواتدا ڕەنگدانەوەی بووە:
وەرن تۆخوا کە چاوم وا لە مەڵبەند و گوزەرتانە
وەرن ڕۆحم وەکوو پەروانە دایم دەوری سەرتانە
(شیعری 'ڕۆژی زەفەر'، ساڵی ١٣٤٥)

ئاوات هاوڕێ و کەم و زۆر هاوتەمەنی مامۆستا هەژار بوو. تەرکیب بەندێکی زۆر ڕازاوەی هەیە کە لە یەکەمین بەندیدا کارتێکەریی شیعری "هەڵۆ هەربەرزە"ی مامۆستا هەژار بە ڕوونی دیارە:

*"پایزە، دار و دەوەن ڕەنگ زەردە*
*با، تەزوو سەردە، بەتۆز و گەردە..."*
(هەژار)
پایزە، دار ودەوەن بێ ڕەنگن
قەل و مەل، بولبولەکان بێدەنگن...[٢٦]
(شیعری 'پاییز'ی ئاوات)

باوەکوو ئاوات شیعری نوێ واتە بێ کێش و سەروای نەگوتووە بەڵام هەندێك جار ڕەچاوی ڕێبازی شیعریی مامۆستا گۆرانی کردووە و لەو فۆڕمە شیعرییە یان لایکەم لەو قاڵبە عەروزییە نوێیەی ئەو نزیك بۆتەوە. بۆ نموونە:

---

[٢٦] دووریش نییە ئەو کارتێکەرییە لە ڕێگەی شیعری هەڵۆی نەمر 'سوارەی ئێلخانی زادە'وە بووبێت کە دۆستی بنەماڵەیی ئاوات بوو:
*"پایزە دار و دەوەن بێ بەرگە، دڵ پەشۆکاوی خەیاڵی مەرگە..."*

*...زەینم دا لە نێو باخ شۆخێ وا دەگەڕێ*
*دڵ کەوتە کوتە کوت، چاوم بۆی دەرپەڕێ*
*باخەوان لە حاند ڕۆژ چاوی قەت هەڵنایە*
*دەڵێ چۆن سەنجێك بدەم لەو باڵا یە*
*تنۆکێ ئارەقی لە سەر ئەو کوڵمانە*
*وەبزانم لەسەر گوڵ تنۆکی بارانە...*
(شیعری 'بەهار هات')

یان:
*کە برژۆڵم لەسەر چاوم شەتڵ بوو*
*بەدڵ زانیم لەژێر پێتا چقڵ[٢٧] بوو*
*سەر و چاوم بە جووت دانا لە پێناو*
*نەشت وێرا قەدەم دانێیە سەر چاو...*
(شیعری 'پێناو')

## کەڵک وەرگرتن لە پەند و مەتەڵی کۆنی کورد

*"سەیید و پیر و فەقیرم، وەرە لێم قەوماوە*
*بۆ منە ئەو مەسەلە "باوەڵێ باوێکی بە"*
(شیعری 'نامە بۆ نووری'، ١٣٦٣)

کەسێك کە بیەوێت بەشوێن سەرە هەودای ئەو باسەدا بگەڕێت و شوێنەواری پەیوەندی ئاوات بە فەرهەنگی کۆنی کوردەوە بگرێت، لە زوربەی شیعری دیکەی ئاواتیشدا ئەو نیشانانە دەدۆزێتەوە: وەك "زەدەی پەنجان و دەستی پەری"، "کەوڵ بەعەرزدادان'، "بای وادە"، "دەستی ماندوو و زگی برسی"، "بەفری سەران"، "شیرین تەشی دەڕێسی"، "خاسە کەو"، "گەسکە کۆڵە" و .....

---

[٢٧] لە دەقەکەدا وەك چەقڵ هاتووە.

## کاری من لەسەر دیوانی شیعرەکانی ئاوات

دەزانین دیوانی شیعرەکانی ئاوات دووجار و بە دوو شێوە چاپ کراوە.[28] کاری شیکردنەوە و لەسەر نووسینی شیعرەکانی ئاوات کە ئێستا بە دەستی منەوەیە، سێهەم هەوڵ دەبێت بۆ چاپی شیعرەکانی، بەڵام بە شەرح و واتاکردنەوەی یەك یەکیانەوە. کاری من بۆ ماوەیەك تەنیا لە سەر بنەمای دیوانی چاپی ئەنیسی بەڕێوەدەبرا، کە تاقە نوسخەی بەردەستم بوو. دیوانەکە، لە ڕێگەی شارەزایی مامۆستا ئەنیسی لە کاری ڕێکخستنی بابەتییانەی شیعرەکانەوە، دەیتوانی متمانەی خوێنەر و یەك لەوان من، وەدەست بهێنێت. دیوانەکە لە سەردەمی ژیانی شاعیردا چاپ کرابوو و ئاشکرایە دەبێ لەباری دەقی شیعرەکان، ناو و عینوانیان یا خود ڕێکەوتی ساڵ و مانگی هۆنرانەوەی شیعرەکانەوە کەم و زۆر مۆرکی ڕەزامەندیی ئەویشی بە سەرەوە بووبێت.

بەڵام دوای نزیکەی ساڵێك کار کردن لەسەر ئەو بنەمایە، نوسخەی چاپی ئاغا سەید جەعفەری کوڕی شاعیرم گەیشتە دەست و لەو قۆناغە بەدواوە، سەرچاوەی سەرەکی کارەکەم بوو بەو چاپە تازەیە کە هەندێك تایبەتمەندی باشتری هەبوو و دەکرا کەڵکی زیاتری لێ وەربگیرێت، بەڵام تا کۆتایی کاریش چاپی ئەنیسی وەك سەرچاوەی دووهەم هەر بە دەستمەوە مایەوە و شیعرەکانم فەرد بە فەرد لە ڕێگەی بەرانبەردانانی هەردوو چاپەکەوە ساغ کردنەوە.

## کێشەی "عینوان"ی شیعرەکان

بەشێکی بەرچاو لە شیعری ناو چاپی ئەنیسی، ناویان لەسەر دانەنراوە، لەکاتێکدا سەرجەم شیعرەکانی ناو چاپی جەعفەر خاوەنی ناو و عینوانن. بۆچی وەهایە؟ ئایا شاعیر دوای چاپی دیوان لە لایەن مامۆستا ئەنیسییەوە کەوتۆتە بیری ناودانان لەسەریان؟ یاخود کاك جەعفەر و هاوکارەکانی ئەو کارەیان بەڕێوە بردووە؟

لە حاڵەتی یەکەمدا، مافی خاوەنەکەیەتی بەرهەمەکانی خۆی- کە ڕۆڵەی ئەون، بە هەر ناوێك بانگ بکات. بەڵام ئەگەر ئەو کارە لە لایەن کەسانی دیکەوە کرابێت، کەسێکی وەك کاك جەعفەری کوڕی شاعیر، کە لە نزیکەوە ئاگاداری ڕۆحیات و

[28] یەکەم، *"دیوانی ئاوات- سەیید کامیلی ئیمامی زەنبیلی، لەسەر نووسین و ئامادە کردنی سەیید نەجمەدینی ئەنیسی"* دووهەم،*"شاری دڵ: دیوانی سەید کامیلی ئیمام زەنبیلی (ئاوات) (کامیل شا)، ئامادە کار: سەید جەعفەر ئیمام زەنبیلی، پێداچوونەوە: ئەحمەد مەولانی و سەلاحەددین ئاشتی."*

هەڵویستەکانی باوکی بووە و خۆیشی خاوەن زەوقی ئەدەبی و شیعرییە، واهەیە یەك لە باشترین کەسەکان بێت بۆ ناو لەسەر شیعرەکان دانان. بەڵام ئەودەم دەکرێ قسە لەسەر جوانی و ناشیرینی، چاکی و خراپی و پڕبەپێست بوون یان نەبوونیان بکرێت. بە تایبەت کە:
یەکەم، ناوی زوربەی هەرە زۆری شیعرەکانی چاپی جەعفەر هەمان ئەو ناوە نین وا لە چاپی ئەنیسیدا هەن.[29]
دووهەم، چەند شیعر لە چاپی جەعفەردا هەن کە پێکەوە هەڵگری یەك تاقەناون و ئەوەش دەبێتە هۆی سەرلێ شێواویی خوێنەر. بۆ نموونە، شیعری زستان.
وەك پێشتریش گوترا، ئەو پرسیارە بە ئیمەیلی کاك جەعفەر وەڵامدرایەوە. لە ئیمەیلەکەدا نووسرابوو هەموو ناوەکان کاك جەعفەر لە سەر شیعرەکانی داناون نەك خودی شاعیر.

**وەرگێڕانی شیعری شاعیران**

سەرنجێکی ساکاری شیعری ئاوات ڕادەی تێکەڵاویی ئەو لەگەڵ جیهانی شیعری کوردی و فارسی بە باشی دەردەخات. من شارەزاییەکم لە شیعری عەرەبی نییە و هەربۆیەش باسێکی لێوە ناکەم بەڵام ئاشکرایە دەبێ ئاوات وەك فەقێ و مەلا و کوڕەشێخ عەرەبییەکی باشی زانیبێت. ئەوەی کە ئەو شارەزاییە چ شوێنێکی لە سەر شیعرەکانی داناوە و کامیەك لە شیعرەکانی ئەو کارتێکەرییەیان تێدا بەدی دەکرێت، نازانم. تەنیا یەك شتم لا ڕوونە: ئاوات شاعیرێکی غەزەل وێژە و مرخی شاعیرییەکەی لە جیهانی شیعری فارسیدا پەروەردە کراوە. ئەگەر شوێنی زۆری شیعری عەرەبی لەسەر بوایە دەبوو شیعرێکی عەرەبی یان وەرگێڕاوی شیعرێکی ئەو زمانە لە دیوانەکەیدا بەدی بکرایەن یاخود چاوەڕوان بین دیواری شیعرەکانی لەجیاتی غەزەل بە قەسیدە هەڵچنرێت و لەو قاڵبە عەرووزییەدا نیشانەکانی تەئسیری زمانی عەرەب ببینین- دیاردەیەك کە نەك هەر نییە بەڵکوو پێچەوانەکەی گەلێك ئاشکرایە. غەزەل شێوازی

[29] لە ماوەی کارکردنم لەسەر دیوانەکان، هەرگیز نەمتوانی بۆ ناسینەوەی شیعرەکان و بەرانبەر یەك دانانیان، بە تەواوەتی کەڵك لە پێرستی دوو چاپەکە وەربگرم. بە تایبەت کە پێرستیی ئەنیسی لە سەر بنەمای عینوانی شیعرەکان دانراوە و نەدەکرا بزانی عینوانی تایبەت، لە چاپی جەعفەردا بۆتە چ عینوانێك؟ بۆ نموونە، شیعری "جنێو شەکر" ی چاپی جەعفەر، لە چاپی ئەنیسیدا "پەیوەند"ە و... هتد.

سەرەکی شیعری فارسی (وکوردی)یە لەحالێکدا زوربەی شاعیرانی عەرەب، هەر لە کۆنی پێش ئیسلامەوە تا سەردەمی ئێمە، قسەی دڵیان بە قەسیدە دەربڕیوە.[٣٠]
هەرچۆنێك بێت ئاوات چەند پارچە شیعری فارسی وەرگێراوەتە سەر کوردی کە پێشتر ئاماژەم پێکردن.

**تەقتیعی شیعرەکان**

یەك لە چاکییەکانی چاپی جەعفەر ئەوەیە کە تێیدا بەحری عەرووزیی هەموو شیعرەکان (جگە لە دانەو دوان)، دەست نیشان کراوە. ئەم کارە لە چاپی ئەنیسیدا بەڕێوە نەچووە و لە ئەنجامدا، لێرەش ئەو شیعرانەی وا تەنیا لە چاپی ئەنیسی وەرگیراون و چاپی جەعفەر نەیگرتوون، تەقتیع نەکرابوون تا ئەوەی کاك جەعفەر زەحمەتی کێشا و بە دوو ئیمەیلی ڕۆژی ٢٠١٨/٥/٦ بەحری زوربەیانی بۆ دەست نیشان کردم. گەرچی بەداخەوە ئێستاش هەن ئەو شیعرانەی وا تەقتیع نەکراون.
لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم دیوانی شیعرەکانی ئاوات گەلێك لایەنی تایبەخۆیان هەیە کە لەم سەرەتایەدا باسم لێ نەکردوون بەڵام لە شەرحی شیعرەکاندا بە گوێرەی پێویست دەست نیشانم کردوون. بۆ نموونە، ئەو تەنزە نەرم و نیان و شاراوەیەی لە هەندێك لە شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەون:

دەردی کوردم گرتووە، چبکەم ئەمن!
یان:
*یار دڵی بردبووم شەوێك بە دزی،*
*من بە ڕۆژێکی ڕوون دزیومەتەوە!*

یان حاڵەتی ڕۆحی خۆی، تەنیایی، کەوتنە بەر زوڵم و زۆری خەڵکانی دەوروبەر، بەرزیی هیممەت، میوانداری و قەرزداریی شاعیر و گەلێك خاڵی گرنگیتر، کە لە ژێر پەردەیەکی کەلامیی و شەرمی حوزووری شاعیردا شاردراونەتەوە و دەبێ دەربخرێن و شی بکرێنەوە. شیکردنەوەی ئەو لایەنانە و یەك لەوان، سووکە گۆڕانکارییەکی شێوە زمانی ناوچەی بۆکان و سەقز بۆ شێوەی زمانی ناوچەی مەهاباد کە لە دیوانی شاری

---

[٣٠] ئاشکرایە ئەو بۆچوونە ڕووی لە بەژنی سەرەکی شیعری عەرەب و ئێرانی و کوردییە دەنا عەرەبیش غەزەلی گوتووە و فارس و کوردیش قەسیدەیان هەیە.

دڵدا چەند جار ڕوویداوە و زۆر دیاردەی دیکە، دادەنێم بۆ ئەو شرۆڤەکارییانەی وا لە پەراوێزی یەکەیەکەی شیعرەکاندا دەیانخەمە بەرچاوی خوێنەر.

**بەرانبەردانانی دوو نوسخەی چاپکراوی دیوانی شاعیر**

سەبارەت بە جیاوازیی نێوان دوو چاپی ئەنیسی و جەعفەر دەبێ بڵێم هەرخاڵێکم بەرچاو کەوتبێت هەوڵمداوە لە بەشی ڕوونکردنەوەی تاکە تاکەی شیعرەکاندا دەست نیشانیان بکەم.

هۆکاری بەشێك لەو جیاوازییانە ڕوونە: چاپی ئەنیسی ٢٧ ساڵێك پێش چاپی جەعفەر بڵاوکراوەتەوە و ئەودەم هێشتا بەشێك لەو شیعرانە نەگوترابوون.

جگە لە مەسەلەی سەردەم، هۆکارێکی دیکە بۆ جیاوازیی نێوان نوسخەکان هەیە ئەویش گۆڕانکاری لە هەل ومەرجی سیاسی-کۆمەڵایەتی ئێران وکوردستانی نێوان ئەو ٢٧ ساڵەیە کە دەگونجێت دەرەتانی چاپی بە یەکیان دابێت و بەویدیکە نا. شەپکەی مەلاکانی ئێران و سەرجەم دام ودەزگای کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی چاپی ئەنیسیدا (١٣٤٥) بە تایبەت لە کوردستان گەلێك توندتر بوو و دیارە ئەو بەڵایە زیاتر ئاوقای یەخەی مامۆستا ئەنیسی بووەوە.

هەرچۆنێك بێت، هەردوو چاپەکە و سەرجەم چاپەمەنی کوردی لە ماوەی تەمەنی پڕ لە نەهامەتی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلی کورد، کۆسپ و کڵۆی زۆریان لە سەر ڕێگە بووە و خوێنەری کوردیش لە ماوەی هەموو سەدەی بیستەم و ئەم ساڵانەی سەدەی بیست ویەکەمدا شارەزایی باشی لەو بارودۆخە نالەبارە پەیدا کردووە و بۆ هەندێك کەمایەسی و ناتەواویی کارەکان، ڕاستەو ڕاست گەڕاوەتەوە سەر بنەما سیاسییەکان و لە هەموو هەڵسەنگاندن و بۆچوونێکدا، نەبوونی ئازادی و زاڵبوونی دۆخی ئەمنییەتی-ئیتیلاعاتیی بە سەر کوردستانی ژێر دەستی شا و مەلای وەك هۆکاری سەرەکیی ناتەواوییەکان لەبەر چاو وون نەکردووە. تەمەنی ئەو ڕژیمانە کورت بێت کە ئێمەیان بەو دەردە بردووە!

سەبارەت بەو شیعرانەی کە یەك لە چاپەکان بڵاوی کردۆتەوە و ئەویتر نەیکردووە، من لیستەیەکم ئامادە کردووە کە لێرەدا دەیخەمە بەرچاوی خوێنەر.

**یەکەم، چاپی ئەنیسی**

سەرجەم ٢٦ پارچە شیعری چاپی ئەنیسی لە چاپی جەعفەردا نەهاتوون. ئەوە لیستەی ئەو شیعرانەن کە چاپی ئەنیسی بۆی تۆمار کردووین بەڵام لە چاپی جەعفەردا نایانبینین. بە تێگەیشتنی من، ئامادەکارانی "شاری دڵ" دەبێ بەشێك لەو شیعرانەیان بە لاواز زانیبێت و هەر ئەوەش هۆکار بووبێت بۆ وەلاخستنیان، بەڵام هۆکارێك بۆ بەشەکانی دیکە ناتوانم بدۆزمەوە. سەد بریا لە سەرەتای چاپەکەدا ئاماژە بەو مەسەلەیە بکرایەت. ئەوە شیعرەکانن:

١. ڕێگای عیشق: بە ڕێگای عیشقدا ڕۆیم بە سەرسەنگی، خەیاڵاوی، لاپەڕە ١٧ی چاپی ئەنیسی
٢. کەوی کولێو: دووچاوی مەستتە کێشاویانە ناز، لاپەڕە ٢٨
٣. تەندووری سارد: دونیا کە هەموو هیچە،بۆچیتە، لەچی وێڵی؟ ٤٠
٤. لەو وەختەوە: لەو وەختەوە بردوویە دڵم چاوی عوقابی، ٦٤
٥. تەیری دڵ: تەیری دڵ بۆ پەڕ وپۆ، تەپکە شکاوێکی بەسە، ٧٣
٦. قەرزداری: سەیری ئەو عالەمە بێ عەقڵ و شعوور و ئەدەبە! ٧٥
٧. من کوتم: من کوتم دڵ زەدەی پەنجان نەبێ و دەستی پەری، ٩٤
٨. تەلەسم:قەدت وەك سەرو و ڕووت هەر وەك گوڵ و مووت، ٩٧
٩. کەین و بەین: هەچی بووم چوو لە سەر وی، ٩٨
١٠. خەزانی گوڵ: دەڵێن ڕۆیی لەنێومە، گیانە ئەو زیبی گوڵستانە، ١١١
١١. پایز: پایزە دار ودەوەن بێ ڕەنگن، ١٤٣
١٢. بای وادە (٢) هەڵنایە هەتاوی کاتی زستان، ١٦٢
١٣. سرەوبای بەهار: هات سروەبای بەهاری، ١٦٥
١٤. بەهار: لەم سەری ساڵە سڵاو بۆ کوێستان، ١٦٩
١٥. ئەوین و ئەجەل: ئەجەل تۆ کێت هێشت، کێت پاماڵ نەکرد؟، ١٧١
١٦. دڵی نەکوڵاو: زێدە لە شەوان، ئەمنشەو دڵ کەیلە، ١٨١
١٧. بەهار هات: بەهار هات، تواوە بەفری ناو شاخەکان، ١٨٥
١٨. هێلانەی ڕووخاو:هەڵترووشکابووم لە لووتکەی شاخێ، ١٨٦
١٩. مەرگ: هەلە، هەل مەرگی کوتوپڕ لە مرۆ، ١٩٢
٢٠. خۆش بڕوایی: یاڕەبی خێر بێ، قەلی قڕاندی، ١٩٩
٢١. پێناو: کە برژۆڵم لەسەر چاوم شەتڵ بوو، ٢٠٦

٢٢. بەینەت شکاندن: قیبلە کەج ناکەم، تاقی برۆتە، ٢٠٦
٢٣. چەکی من: چەکی من، گیانەکەم، تیغی خودایە، ٢٠٧
٢٤. چوارینە:گەر خاوەنی کۆشکی شا بووی و سەر بە فەلەك، ٢١٢
٢٥. چوارینە:سوورِا دژی تۆ ئەگەر فەلەك، گویٚ مەدەیە، ٢١٣
٢٦. چوارینە:لە باوەشم گرت ئەو کۆرپە جوانە، ٢١٧

**دووهەم، چاپی جەعفەر**

لە چاپی جەعفەردا سەرجەم ٣٠ پارچە شیعر بەرچاوی خوێنەر دەکەون، کە لە چاپی ئەنیسیدا دەرنەکەوتوون. ئەوەی خوارەوە لیستەی ئەو پارچە شیعرانەیە. وەك گوترا، بەشێك لەوانە دوای ساڵی بڵاوبوونەوەی چاپەکەی ئەنیسی گوتراون و بەشێکیشیان دەبێ هۆکاری سیاسی و مەسەلەی سانسۆر لێنەگەڕابێت چاپ بکرێن.

١. جەژنی ئێمە: وەك دەڵێن ئازاد بووە سەد شوکر کاك سەید مستەفا، لاپەڕە ٦٠
٢. ئاڵا: لەو پارچە سێ ڕەنگەی وەك باڵی هوما وایە، ٧٠
٣. بەیداغ: هاتەدەر ئەورۆ لە میحنەت میللەتی مەغدووری کورد، ٨٤
٤. ئاڵای پیرۆز: لەهەموو کوردی وڵات بێ پیرۆز، ٩٣
٥. وەکوو فەرهاد: بە وتاری وەکوو قەند تووتیی شەککەرشکەنم، ١٢٩
٦. تاڵ و سوێری: کوتم با ڕوو لە یار و ئاشنا کەم، ١٣٨
٧. غەریبی خۆشەویست: ئەی غەریبی خۆشەویست، ئەی دەربەدەر بۆ نیشتمان! ١٥٢
٨. دەردی کورد: دەردی کوردم گرتووە، چبکەم ئەمن؟ ١٥٤
٩. ئیمامیش دێتن: وەرە نێو باغ و نێو گوڵ و گوڵزار و چیمەن وا لەسەر ڕێتن، ١٥٥
١٠. یەکگرتن:ڕاپەڕین یەك دەکەوین، یەك بکەوین سەردەکەوین، ١٦٥
١١. تورجانی خرۆشاو: عالم و عامی لە تورجانێ وەکۆ بوون بێ درۆ، ١٦٨
١٢. کزەی بای شەماڵ: بەسرووەت پێدەڵێم چاوم، کزەی دێ بای شەماڵ ئەوشۆ، ١٧٣
١٣. نیشتمان: تەماشا نیشتمان ڕێك جێگە مۆڵە! ١٩٢
١٤. ڕۆژی هەل: سەد شوکور کوردە ئەورۆ ڕۆژی هەلە، ١٩٣
١٥. شووشەی دڵ: کە هێمن ڕۆیی شووشەی دڵ شکاوە، ٢٠٨
١٦. دۆزیومەتەوە: یار دڵی بردبووم شەوێك بەدزی! ٢١٦
١٧. ئاردی نێو درِوو: نیشتمانی خۆشەویست بۆ پارەپارە و لەت کرای؟ ٢٢٩
١٨. ئینقلابی ئێران: ئینقلابێ کە لە ئێران ڕوویدا ٢٣٨
١٩. وەرەوە گیانە:کێیە وەك تۆ لە مەبەست ڕامێنێ؟ ٢٤٩
٢٠. گوڵی هیوا: کێ دی وەها لەپڕ گوڵی هیوا بپشکوێ! ٢٥٢

٢١. ئاواتی هۆنەر: هەر کاتی نەوبەهارە کە دنیا دەکا نوێ، ٢٥٣
٢٢. بەهاری تازە: وا هات بەهاری تازە، شنەی بای شەماڵە دێ، ٢٦٥
٢٣. بەرخی نێر: نیشتمان قوربانی کانیاو و زنەی زەنوێرتم! ٢٧٣
٢٤. کام خەبات؟ لەگەڵ یاری خۆم بە جوانی دەدوێم، ٢٨٤
٢٥. نیشتمانی کورد: ئەو نیشتمانی بەرز و بەرێز و جوانی کورد، ٢٨٦
٢٦. ئەوپەڕی کوردایەتی: دەمێك بە باسی کورد نەکرێتەوە ٢٨٩
٢٧. خاسە کەو (٢):خاسە کەوێ لە بەندەنێ، ٣٠١
٢٨. خوشك و براین ئەی دوژمنی گەلی کورد! ٣٠٤
٢٩. ڕۆژی هەستان: ڕۆژی هەستان و ڕاپەڕینە، وەرن! ٣١٦
٣٠. قارەمانی نەبەزی کوردستان: قارەمانی نەبەزی کوردستان، ٣٤٠

**سێهەم، سەرچاوەکانی دیکە**

ئەو شیعرانەی وا لە شوێنێکی دیکەی جگە لەو دوو چاپە وەرمگرتوون:

١. شیعری "ڕاپەڕاندن لە خەو..." کە لە ژمارە ٤ ی
گۆڤاری کوردستان، بانەمەڕی ١٣٢٥ دا بڵاو بۆتەوە: دوێشەوێ دڵ ڕاپەڕاندم
پێی گوتم هەستە، بەڵان
هەستی خۆت ڕابگرە، تێفکرە، کە دوژمن بەربەڵان

٢. "هەڵاڵە و بەهار": مەحبووبی نەوبەهاری من ئەورۆ هەڵاڵەیە، گۆڤاری هەڵاڵە چاپی بۆکان، ساڵی ١٣٢٤. دیارە دوو پارچە شیعری دیکەی ئاواتیش لە هەمان گۆڤاری هەڵاڵەدا چاپکراون بەڵام لەبەر ئەوەی چاپی جەعفەر ئەوانیشی تۆمار کردووە، لێرەدا نایانهێنم.

**چوارەم شیعرە فارسییەکان**

ئەو کەمایەسییانەی وا لە سەرەوەتر ئاماژەیان پێکرا، تەنیا بۆ شیعرە کوردییەکانی ئاوات بوون. لە شیعرە فارسییەکانیشدا چوار پارچە هەن کە تەنیا لە چاپی جەعفەردا دەبینرێن:

- *میگریم و میخندم، چون شمع شبستانم*
- *سخت بیزارم زجانم، از فشار زندگی*
- *رفتی و پیش چشم من حاضر و ناز میکنی*

- *دیری است که از دوست پیامی نرسیده*

دوو پارچەش تەنیا لە چاپی ئەنیسیدا بڵاوکراونەتەوە:

- *رفتی و بردی جان و دلم را*
- *بی روی تو نیست عید جانم*

من لێرەدا سەرجەم ئەو ناتەواوییانەی هەردوو چاپەکەم بە شیکردنەوە و پەراوێز نووسینەوە خستۆتە بەردەستی خوێنەر، کە ژمارەیان بە سەریەکەوە دەکاتە ٥٦ پارچە شیعری کوردی و ٦ پارچەی فارسی هاوڕێ لەگەڵ هەموو چوارینەیەکی کوردی و فارسی و نامەیەکی شیعری بۆ شاعیرانی دیکە واتە بە زانینی خۆم هیچم جێ نەهێشتووە. دیارە ڕێزی زۆرم هەیە بۆ ئەو مامۆستایانەی کە دوو دیوانەکەیان چاپ کردووە و دەزانم بە بوونی ئەو چاپانەوەیە منیش توانیومە کارەکەی خۆم بەرێوەبەرم، بەلام ناتوانم خۆ لەوە ببوێرم کە شیعرێکی ئاوات لە سەرچاوەیەکدا هاتبێت و من لەبەر هەر هۆکارێك بڵاوی نەکەمەوە. لێرە لە ئورووپا نە هۆکاری سیاسی و ئاسایشی بۆ ئەو کارە هەیە و نە منیش ئەو مافە بە خۆم دەدەم لەسەر خواستی خۆم یەك یان چەند پارچە شیعر لە بەژنی سەرەکی دیوانی شاعیرێك کە بە داخەوە ئێستا لەناوماندا نەماوە، هەڵاوێرم.

## خشتەیەک بۆ بەرانبەردانانی چاپی ئەنیسی و جەعفەر. ئەو شیعرانەی لە یەکیاندا هاتوون و لەویتریاندا چاپ نەکراون

| بابەت | تەنیا لە چاپی ئەنیسیدا | تەنیا لە چاپی جەعفەردا | لە سەرچاوەی تر | سەرجەم جیاوازییەکان |
|---|---|---|---|---|
| شیعری کوردی | ٢٦ | ٣٠ | ١ | ٥٧ |
| چوارینەی کوردی | ٣ | --- | --- | ٣ |
| نامەی شیعری بۆ شاعیران (بە کوردی) | --- | ١٨ | --- | ١٨ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شیعری فارسی | ٢ | ٤ | --- | ٦ |
| چوارینەی فارسی | --- | --- | --- | --- |
| نامەی شیعری بۆ شاعیران (بە فارسی) | --- | ١ | --- | ١ |
| سەرجەم | ٣١ | ٥٣ | ١ | ٨٥ |

## پوختەی ژمارە و ئامار بۆ شیعری ئاوات

- سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات)، بە گوێرەی ژیننامەیەك کە کوڕی خۆی پێکی هێناوە و لە سەرەتای "شاری دڵ- دیوانی ئاوات"دا چاپ کراوە، لە ساڵی ١٢٨٢ی هەتاوی[٣١] لە گوندی 'زەنبیل' ی نێوان بۆکان و سەقز لەدایك بووە.
- بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، لە ڕۆژی ١٣٦٨/٦/٥ی هەتاویدا،[٣٢] لە ماڵی کوڕی خۆی لە شاری سەقز کۆچی دوایی کردووە.
- بەو پێیە، ئاوات ماوەی ٨٦ ساڵ لە ژیاندا بووە.
- سەرجەم شیعرەکانی ئاوات، بە غەزەل و مەسنەوی و قەسیدە و پێنج خشتەکی و تەرجیع بەند و تەرکیب بەند و قەتعە و چوارینەوە، کە لە نێوان ساڵانی ١٣١٠ و ١٣٦٨ دا، بە کوردی و فارسی گوتراون ٢٩٣ پارچەن.

- دیوانە چاپکراوەکان، هیچ شیعرێکی ئاواتیان لەم حەوت ساڵەی خوارەوەدا تۆمار نەکردووە:

١٣٦١و ١٣٦٧، ١٣٤٤، ١٣٣٦، ١٣٢٧، ١٣٢٦، ١٣١٢

واهەیە لەڕێگەی ژیننامەی شاعیر و ڕووداوە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ساڵانەوە، کە بەشێکیان لە هەڵسەنگاندنەکانی ناو دەقی ئەم کارەی منیشدا

[٣١] ساڵی ١٢٨٢ ی هەتاوی بەرانبەر بووە لەگەڵ ٩ مانگی ساڵی ١٩١٣ و ٣ مانگی ساڵی ١٩١٤ ی زایینی

[٣٢] ڕۆژی ١٣٦٨/٦/٥ ی هەتاوی بەرانبەر بووە لەگەڵ ١٩٨٧/٨/٢٧ ی زایینی.

ڕەنگیان داوەتەوە، دوور ونزیك هۆكاری بێدەنگ مانەوەی شاعیر لەو ٧ ساڵەدا بناسین:

دیارە بەشێك لە شیعرەكان ڕێكەوتی گوترانیان دیاری نەكراوە و هەربۆیەش دەگونجێ بەشێكیان لەو ٨ ساڵەدا گوترابێتن.

ئەگەری دیكەش دەكرێ ئەوە بێت كە شاعیر لەو ساڵانەدا شیعری گوتبێت بەڵام لە ماوەی چوونە زیندان و هەڵسووڕاویی سیاسیی خۆی و سەید تاهیری كوڕیدا شیعرەكان كەوتبێتنە دەست داگیركەری ئێرانی و لەناو چووبێتن، یان بە هۆی ترس لە زەبر وزەنگی ڕێژیمەوە، خۆی و كەس وكاری لەناویان بردبێتن. كەسانێك كە ئەو ساڵانەیان لەبیرە دەزانن حكوومەتی شا دوابەدوای هەرەسی كۆماری كوردستان (١٣٢٤) و ئیعدامی خەباتكاران لە ساڵانی ١٣٢٤ و ١٣٢٥دا، هەروەها دوای كۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ و دەوروبەری ڕاپەڕینی چەكدارانەی ساڵانی ١٣٤٧ و ٤٨ ی هەتاوی، چۆن هێرشیان دەهێنایە سەر ماڵی خەڵك و خەباتكارانیان دەگرت و ژاندرمە و ئەڕتەش و پۆلیس و ساواك ئەگەر پەڕە كاغەزێك یان شیعرێكی كوردییان لای كەسێك بدۆزیایەتەوە چ بەڵایەكیان بە سەر خۆی و بنەماڵەكەی دەهێنا.

- ئاوات سەرجەم ٣١ پارچە شیعری فارسی لێ بەجێ ماوە، كە بریتین لە ٢٥ غەزەل و ٤ چوارینە و ٢ نامەی شیعریی (بۆ حەقیقی و هێدی).
- ڕێكەوتی ساڵ و مانگی ٧ پارچە شیعری فارسیی ئاوات دیاری نەكراون.
- لە ناو ئەو شیعرە فارسییانەی وا ڕێكەوتی گوتنیان دیاری كرابێت، یەكەمینیان لە ساڵی ١٣٣١ و دوامینیان لە ساڵی ١٣٦٣ ی هەتاویدا گوتراون. واتە ئاوات بە شیعری كوردی دەستی پێكردووە و ٢١ ساڵ دوای یەكەمین شیعری كوردی، یەكەمین شیعری فارسیی خۆی گوتووە.
- ئەگەر ژمارەی ئەو ٢٩٣ پارچە شیعرانەی وا ئاوات لە هەموو تەمەنی خۆیدا گوتوونی، بەسەر ٥١ ساڵی شیعرگوتنیدا دابەش بكەین، دەردەكەوێت كە ساڵانە نزیكەی ٦ پارچە شیعری گوتوون و ئەوە بۆ هەموو ماوەی ٨٦ ساڵەی تەمەنی، دەكاتە ساڵانە كەمتر لە ٤ پارچە.

- کەوابوو، ئاوات شاعیری "زۆر بێ و بۆر بێ" نەبووە! و ئەگەر شیعری وای گوتبێت کە بەدڵی خۆی نەبووبێت، واهەیە وەك هەموو شاعیرێکی سەرکەوتوو، فەوتاندبێتی و نەیهێشبێت ئێمە چاومان پێی بکەوێت.

وەك گوترا، سەرجەم بابەتی ئەم کتێبە، سەرەتا لە شێوەی وتاری هەفتانەی سەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکاندا دەکەوتە بەرچاوی خوێنەران و هەرهەفتە، یەك لە شیعرەکان بە شەرح و ڕوونکردنەوەکانی منەوە بڵاو دەکرانەوە. ئەم کارە نزیکەی شەش ساڵی خایاند. لەو ماوە دوورودرێژەدا، واهەیە هەڵسەنگاندن و بۆچوونەکانی من تووشی گۆڕان هاتبێتن یا شێوازی بەڕێوەبردنی کارەکەم چاکتر یان خراپتر بووبێت. لەئەنجامدا، خوێنەری ئێستای کتێبەکە وا هەیە لە هەندێك شوێندا هەست بە دووپات بوونەوەی بابەت یان چەشنە جیاوازییەك لە بۆچوونەکاندا بکات کە ئاکامی ئەو مەودا زەمەنییەی نێوان سەرەتا و کۆتایی کارەکەیە، گەرچی لە دواقۆناخدا هەوڵی یەکخستن و ڕێك وپێك کردنی هەمووشیان دراوە.
کێشەیەکی دیکەی من دەستکەوتنی زانیاریی بووە سەبارەت بە ئاوات و شوێنی ژیانی و خەڵکانی دەوروبەری. ئاشکرایە بۆ کەسێك کە لە ناوخۆی وڵات بژی، گردوکۆی زانیاری لە خەڵك و دۆست و ناسیاو و خزم و کەس وکاری شاعیر گەلێك گونجاوتر و هاسانتر دەبێت، بەڵام بە داخەوە من ئەو دەرەتانەم نەبووە و ئەوی لێرەدا نووسیومە بەگشتی لە شیعرەکانی ئاواتم وەرگرتوون یان لەو دوو سەرەتایەی کە بۆ دیوانە چاپکراوەکانی نووسراوە و ئەوەش واهەیە هەندێك خوێنەر ڕازی نەکات. ڕۆچوون بە سایکۆلۆجی تاکەکەسی و بنەمای باوەڕ و هەڵوێستە ئایینی-کۆمەڵایەتییەکانی ئاواتدا دەیتوانی ڕوخسارێکی ڕوونتر لە ئاوات پیشانی خوێنەر بدات بەڵام ئەوەش خۆی تەنگژەیەکی تازەی دەخوڵقاند و ڕووبەڕووی باوەڕی باوی خەڵك و دیاردە ئایینییەکانی ئەوانی دەکردمەوە کە نە بە ئەرکی خۆمی دەزانم و نە لایکەم لە بارودۆخی ئێستای وڵات و زاڵیەتی ئیسلامی سیاسی بە سەر ناوچەکەدا گونجاوە. بەکورتی، ئەوەی ئێستا دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر، پیشاندەری کەم و کورتییەکی زۆرە کە بەشی زۆریان هی من و بەشێکیشیان هی بارودۆخەکەن. من ئاگاداری گرفتەکان هەم و بۆ هەموویان داوای لێبووردن لە خوێنەر دەکەم. هیچ دیاردەیەك ناتوانێ موتڵەق بێت و بۆ من کە بە دڵ وگیان ماوەیەکی چەندساڵەی تەمەنم سەرفی

کارەکە کردووە هەر ئەوەندە بەسە توانیبێتم هەنگاوێك لە ناسین و ناساندنی ئاوات و شیعرەکانی نزیك ببمەوە و هاوڕێ لەگەڵ زەحمەتی مامۆستایان ئەنیسی و جەعفەری ئیمامی و هاوکارەکانی، دەراوێکم لەژیان و جیهانی بیر و ئەندێشەی ئاواتی نەمر ڕوون کردبێتەوە.

خاڵێکیتر ئەوەیە بەهۆی جیاکردنەوەی شیعرەکان لە سەر بنەمای ساڵەوە، نەکراوە غەزەل و قەسیدە و تەرجیع بەند و ئەوانیتر بە شوێن یەکدا بهێنم یا خود بابەتی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێکەوە دابنێم کە دەشکرا وابێت بەڵام ئەودەم دەبوو بیرۆکەی ساڵ و ڕێکەوتەکان بنێمەلاوە و ئەوەم پێ باش نەبوو.

ئاماژە بە یەك خاڵی دیکەش بە پێویست دەزانم. من لە هەڵسەنگاندن و بەرانبەردانانی شیعرەکانی ئاواتدا هەستم بە نزیکایەتییەکی زۆری شیعری ئاوات لەگەل شیعری فارسیی شاعیرانی شێوازی عیراقی کردووە. لەم کارەدا دەستەقەسدێك لەکاردا نەبووە؛ نە ویستوومە لە بایەخی کاری شاعیر کەم بکەمەوە و نە هەرگیز ویستوومە سەرووەری و گەورەییەك بە شیعری فارسی ببەخشم. شارەزایانی مێژووی شیعر و شاعیرانی کورد ئاگاداری کارتێکەریی شیعری فارسی لە سەر شاعیرەکانی خۆمان هەن و کەسێکیش کە هەوڵی هەڵسەنگاندن و بنەمادۆزینەوەی شیعری شاعیرێکی خۆیی دەدات، کەسێکی درۆزن دەبێت ئەگەر ئەو پەیوەندی و کارتێکەرییانە ببینێت و ڕاینەگەیێنێت. ئەوەی لێرەدا گوتراون هەمووی پشت ئەستوور بە بەڵگەی ناو خودی شیعرەکانن کە لەلایەن مێژووی ئەدەبی ئەو دوو زمانەشەوە پشتڕاست دەکرێتەوە. با خوێنەر لە نیازی پاکی من دڕدۆنگ نەبێت و ڕاستەقینە وەك ئەوەی هەیە ببینێت.

**سپاسنامە**

لە کۆتاییدا سپاسی زۆری مامۆستا سەید جەعفەری ئیمام زەنبیلی کوڕی کامیل شا دەکەم بۆ بە دەنگەوە هاتن و یارمەتیدانم لە زۆر بواردا وەك ناردنی دەقی سەرجەم شیعرەکانی 'شاری دڵ'، کە بوو بەهۆی کارهاسانییەکی زۆر و لە ئەنجامدا مەجبوور نەبووم هەموو شیعرەکان جارێکیتر بنووسمەوە. هەروەها تەقتیع کردن و ناردنی بەشێك لەو شیعرانەی وا لە 'شاری دڵ'دا تەقتیع نەکرابوون یارمەتییەکی گەورە بوو بۆ من و بۆ خوێنەرانیش. بە هەمان شێوە سپاسی مامۆستا نەجمەدینی ئەنیسی دەکەم کە یەکەم

دیوانی شیعرەکانی ئاواتی بڵاو کردەوە و من بە یارمەتی ئەو چاپە توانیم دەست بە کارەکەی خۆم بکەم.
سپاسی زۆری کاك نادر فەتحی (شوانە) سەرنووسەری ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان و کاك برایمی فەڕشی دەکەم، کە ئەرکی ئامادەکاری و بڵاو کردنەوەی هەفتانەی شیعرەکان و پاشان سەرجەمی دیوانەکەیان لە سەر ئەو ماڵپەڕە بەنرخە گرتە ئەستۆ. کاك نادر لە ماوەی نزیك بە شەش ساڵدا ئەم بابەتە هەفتانەیەی ڕاستەوپێستە کرد و لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ماڵپەڕەکەی خۆیانی دانا. لەو ماوەیەدا واهەیە سەدان جار تەنانەت دوای بڵاوبوونەوەش هەڵە وپەڵەکانی بۆ ڕاست کردبێتمەوە، گۆڕانکاریی تێدا دابێت و بۆچوونی خوێنەرانی تێدا گرتبێتە بەرچاو. من هەرکات بیر لە ماندوویی نەناسی و دڵپاکی و خۆنەویستیی ئەو مرۆڤە هەڵکەوتووە دەکەمەوە گەشبینی دەرژێتە ناو بیر و بۆچوونمەوە و ژیانی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگای کورد تەژی لە ڕووناکی دەبینم. لە هەموو ماوەی ئەو ساڵانە و سەرەڕای سەدان گۆڕانکاریی ناو دەقەکان و زیاد وکەم کردنی دوای بڵاوبوونەوەیان، تاقە یەك جاریش ڕووگرژی و گلەیی و گازندەم لە ڕوخسار و کردەوەی ئەو گەورەپیاوەدا نەدیت. دەزانم لەگەڵ خەڵکی دیکەش وەها بووە و ئەو ڕۆحە گەورەیەی لە خۆشەویستیی نیشتمانەکەی و خواستی خزمەت کردن بە گەلەکەی سەرچاوەی گرتووە. نادر خزمەتکارێکی بێ دیعایە و بێدەنگی گەلەکەمانە و کورد تا کاتێ کەسانی وەك ئەوی هەبێت، ئاسۆی ڕوونە.
هەروەها سپاسی زۆری کاك جەلالی سەیادەت، ئامۆزازای شاعیر دەکەم بۆ ڕوونکردنەوەکانی سەبارەت بە بەشێك لە شیعرەکان و گەلێك یارمەتی دیکە. کاك جەلال نەك هەر خۆی بابەتەکانی بۆ ڕوون کردوومەتەوە، بەڵکوو چەند جاریش بوو بە ئاڵقەی پەیوەندیی من لەگەڵ کاك جەعفەری کوڕی شاعیر، هەروەها هەوڵی دا لێرە ولەوێش زانیاریم بۆ گردوکۆ بکات. لە پێناو هەموو ئەو یارمەتییانەدا سپاسی دەکەم.
سپاسی تایبەتم هەیە بۆ بەڕێز دوکتۆر کامران ئەمین ئاوە، کە ئەم کتێبەی وا ئێستا دەکەوێتە بەردەستی ئێوە بەرهەمی زەحمەتی زۆر و پێداچوونەوەی چەندجارەی ئەوە. من لە وەڵامی ئەو هەموو ئەرکەی بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبەکە گرتیە ئەستۆ جگە لە سپاس وپێزانییەکی پڕبەدڵ چی دەتوانم بکەم؟

به هەمان شێوە، سپاسی زۆری ڕێزدار چیمەن ئێلخانیزادە دەکەم بۆ کاری هەنەرمەندانەی لەسەر ڕووبەرگ و بەڕێز مەسعوود ڕەواندوست بۆ ڕێکخستن و دیزاینی کتێبەکە و کاک عەتا موفتی بۆ کێشانەوەی نەخشەی ناوچەی ژیانی شاعیر.
لە ماوەی چەندساڵ بڵاوکردنەوەی هەفتانەی شیعرەکاندا، لە پێناو ڕوونبوونەوەی گەلێك لایەنی تاریکی شیعرەکان و ڕووداوەکان، یارمەتیم لە زۆر کەس خواست کە واهەیە ناوی زۆریانم لەبیر نەمابێت. لێرەدا سپاسی هەموویان دەکەم. هەروەها سپاسی زۆری کاك کەریم ئێلخانی دەکەم کە نوسخەی کتێبی 'شاری دڵ'ی بۆناردم و مەودای کارەکەم بەو یارمەتییەی ئەو بەرفراوان بووەوە. دەستی ئەو بەڕێزانە و هەموو ئەو خەڵکە زۆرەی وا لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا ڕووی پرسیار و یارمەتیخوازیم تێکردوون، خۆش بێت و لەپێناو خزمەت بە فەرهەنگی گەلەکەماندا سەرکەوتوو بن.
لە کۆتاییدا، بێ ئەمەکی دەبێت ئەگەر سپاسی گەلی دەخوێنەران نەکەم- ئەو کەسانەی وا لەو ماوە دوور ودرێژەدا خۆیان بە خوێندنەوەی بابەتەکەوە خەریك کردووە و بە نووسین یان لە ڕێگەی تەلەفون و پەیامەوە، کەم و کورتییی کارەکانیان پێ ڕاگەیاندووم و لەپێش هەموویاندا بەڕێزان دوکتۆر عەزیز قادری و ڕەحیم بەهرامزادە؛ سپاسی زۆر بۆ هەمووان.

خوشك و برایانی بەڕێز،
باری کورد بە تایبەت لە بواری فەرهەنگیدا کەوتووە و سەرجەم کولتوورەکەمان لەلایەن چوار دوژمنی بێ بەینەتەوە لە مەترسیی توانەوەدایە؛ ئەگەر هەرکەس لە بە گوێرەی توانای خۆی دەستی هیممەت بۆ پاراستن و مانەوەی ئەو فەرهەنگە لەمێژینەیە درێژ نەکات، ئەستەمە بارمان بگاتە مەقسەد. بە ئاواتی دیتنی ڕۆژی ڕووناکتر لە ئێستا بۆ گەلەکەمان!

ئەنوەر سوڵتانی
لەندەن، ٢٠٢٢/١/٣

# شیعرەکانی ئاوات

# شیعری ساڵانی ١٣١٠ تا ١٣١٩

*پێرست: ڕۆژ و تەم، بەهار هاتەوە، بۆخۆشەویستی خودا، ستایشی پێغەمبەر، خۆش بڕوایی، پەیوەند، تیروکەوان. تەختەی سەرئاو، ئاخری زەمانە، مەجنوون وەرە!، پاشای بەهار، بۆ ئاگاداری، مەحشەر، پێ پەرستم، بەختی خەواڵوو، کاسەی بەتاڵ، دڵی مەفتوون، پاڕانەوە، گوارە، شین و پێکەنین، پایز، ئەی خودا، هەردرۆیە، زمانی دڵ، یاکەریم!*

## ڕۆژ و تەم

پەرچەم و زوڵفی[٣٣] لە سەر ڕوومەتی وەك ڕۆژ و تەمە
بە هەناسەم مژ و تەم زوو دەڕەوێ، عومری کەمە
ڕۆژی ڕووی دەردەکەوێ، بەرگی هەژاری ڕووتە
ئاهی من زوو دەبڕێ دەستی دریژی زەڵەمە
هەر وەکوو باخی بەهەشت وایە سەراپا بەدەنی
بەژنی بەرزی وەکوو تووبایە[٣٤] لە باخی ئیرەمە
بەشی من چۆن هەیە لەو سێبەر و بەرگ وبەری ئەو
وەکوو بیستوومە بەتەنیا بەشی خەڵکی حەرەمە[٣٥]
چاو لەمن دادەگرێ، وەختە ملم بشکێنم،
دێمەلای تووڕەیە لێم، لوا ئەوە لوتف و کەرەمە![٣٦]
لە منالیمەوە تا ئێستە جەفام کێشاوە
بۆیە سوڕ ماوە سەرم، کەللەمە وەك جامی جەمە
دڵی ئاوارەیی 'کامیل' بەکوڵە ڕۆژ وشەوێ
چاوەڕێی ماچی[٣٧] لەلێوانە، چ زۆرە، چ کەمە

ئاشی چۆمی زەنبیل، ١٣١٠ ی هەتاوی[٣٨]
(لاپەڕە ٢٨ ی چاپی ئەنیسی و ١٩٤ ی چاپی جەعفەر)

---

[٣٣]. زولفی، چاپی ئەنیسی
[٣٤]. توبایە، چاپی ئەنیسی
[٣٥]. حەڕەمە، چاپی ئەنیسی
[٣٦]. کەڕەمە، چاپی ئەنیسی
[٣٧]. ماچێ، چاپی ئەنیسی
[٣٨]. چاپی ئەنیسی شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکەی دەست نیشان نەکردووە.

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.

ناتەبایی، گەوهەری سەرەکیی ئەم شیعرە و زۆرێکی دیکە لە شیعرەکانی ئاواتە. وێدەچێت شاعیر لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا لە سەر دووڕییانی هەڵبژاردن و هەڵسەنگاندنی ڕێگادا بووبێت. ئەگەری دیکە ئەوەیە شاعیر فەلسەفەیەکی تایبەتی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی هەبووبێت و خۆی لە دۆگم و خۆپەرستی و ئیستیبدادی ڕەئی دوور ڕاگرتبێت. هەرچۆنێك بێت، هەست دەکرێت شاعیر لە زۆر ڕووداوی ژیانی ڕۆژانەیدا بە گومان و هەستەوە هەنگاوی هەڵێنابێتەوە یان ئەگەر لە هەندێك هەڵوێست گرتنی سیاسیدا قورس وقایمی و نەگۆڕیی و باوەڕ بەخۆیی نواندبێت، بەپێچەوانە، لە کاری هونەری و بیرکردنەوەی فەلسەفیدا "شەککاك" و نادڵنیا بووبێت و زانایانە خۆی لە جەزمییەتی گەنجانە دوور ڕاگرتبێت.

با سەیرێکی شیعرەکە بکەین و بەهەندێك شوێنیدا بچینەوە:

زولف و ڕوومەت، ڕۆژ وتەم، هەناسە و مژ، ئاهی مەزڵووم و دەستی درێژی زاڵمان، بێ بەشیی و بەختەوەریی، چاوداگرتن و تووڕەبوون، ڕۆژ وشەو، زۆر وکەم و.... ئەوانە کاتالۆگێکن لەو ناتەباییانەی وا زیهنی شاعیریان داگرتووە و لە مەودای کورتی حەوت فەردیی شیعرەکەدا چەندەها جار خۆیان دەرخستووە. ئێستا پرسیار ئەوەیە چ تۆفانێك لە مێشکی شاعیردایە و چ گژەبایەك هەڵی کردووە کە نیشانەی دەرەکییان درکاندنی ئەو چەمکە ناتەبا ودژ بەیەکانەن؟ بۆچی شاعیر لەعەینی دووان لە تەباییەکان (سەنعەتی مراعات النظیر)، گرنگایەتی تایبەت بە ناتەبایی (سەنعەتی تضاد) دەدات؟ لە خوێندنەوەیەکی ساکاری شیعرەکەدا، خوێنەر یەکڕیزی و یەکیەتییەك لە نێوان پەرچەم و زوڵف، مژ وتەم، یان سێبەر وبەرگ وبەردا نابینێت و دەست بەجێ هەست بە قورسایی باری زوڵف و ڕوومەت، ڕۆژ و تەم، ڕۆژ و بێبەرگی هەژاران، هەروەها ئاه و زاڵمان دەکات. لە ڕاستیدا ناتەبایی ڕۆحێکە بە تان وپۆی ژیانی شاعیردا گەڕاوە و لەم شێعرەشدا خۆی دەرخستووە؛ ئەو ڕۆحە نادیارە ئەگەر بە چاو نەبینرێت، دیسان بەهاسانی هەستی پێدەکرێت و خوێنەر بۆ ئەو هەست پێکردنە پێویست ناکات زۆر خۆی ماندوو بکات، ڕۆژ لەژێر هەوریشەوە هەر دەناسرێتەوە!

ئاوات لێرەدا ڕۆژی لەگەڵ تەم و مژ بەشەڕداوە! پەرچەم و زوڵف لە لایەك و ڕوومەت لە لایەکیتر سەفیان بەستووە و بەبەرچاوی شاعیرەوە و ڕەنگە هەر لەبەر چاوی ئەویش،

کەوتوونەتە شەڕی یەکتر. شوبهاندنەکان هەمان شوبهاندنی کۆنباون: یەکیان بە ڕۆژ و ئەوی دیکە بە تەم شوبهێنراوە، بەڵام کامیان ڕۆژە و کامیان تەم؟ ئاشکرایە بۆ ساغکردنەوەی واتا دەبێ "لف و نشر" ەکە بشێوێنین و یەکەمی ڕیزی یەکەمیان لەگەڵ دووهەمی ڕیزی دووهەمدا پێکەوە دابنێین و دووهەمی ڕیزی یەکەمیش لەگەڵ یەکەمی ڕیزی دووهەم. کەوابوو، پەرچەم و زوڵف تەمن، و ڕوومەت ڕۆژە. شاعیریش لەوەی وا ئەو تەمە بەری ڕۆژی گرتووە تووڕەیە بەڵام هیچی پێ ناکرێت جگەلەوەی هەناسەی حەسرەت هەڵکێشێت و هیوای ئەوە بخوازێت کە تەمەنی تەم کەم بێت و زوو بڕەوێت بۆئەوەی چاوی بە ڕوومەتی دڵدار بکەوێت!

من بۆچوونێکی تایبەت بەخۆم سەبارەت بە وشەی "ماچێ" لە فەردی کۆتایی شیعرەکەدا هەیە. بە گوێرەی چاپی ئەنیسی:

"چاوەڕێی ماچێ لە لێوانە چ زۆر و چ کەمە"

بە بۆچوونی من کێشەکە، کێشەی ژمارە و زۆری و کەمییە. ئەگەر وشەی "ماچێ" ڕاست بێت و شاعیر وای گوتبێت، ماچێ واتای یەك تاقە ماچی هەیە، ئیتر زۆر وکەمی لە درێژەی ڕستەکەدا واتای نامێنێت و لە خوێندنەوەیاندا هەست بە بۆشاییەکی واتایی دەکرێت. ئێستا ئەگەر لە جیاتی "ماچێ" بنووسین "ماچی" و ئاوای بخوێنینەوە:

*"چاوەڕێی ماچی لە لێوانە، چ زۆر و چ کەمە"*

ئیتر ناتەواوی نامێنێت و دەزانین شاعیر چاوەڕێی ماچی سەر لێوی یارەکەیەتی چ زۆر بێت و چ کەم، چ یەك ماچ بێت کە ئەو پێی قانیعە و چ زیاتر، کە دیارە باشترە! من ئەم دێڕانەم نووسیبوو و بڵاوم کردبووەوە کە چاوم بە دەقی چاپی جەعفەر کەوت و دیتم لەوێدا ناتەواوییەکە چارەسەر کراوە. بەڵام لە دەقی تۆمارکراوی دەنگی شاعیر و مامۆستا هەژاردا، خودی شاعیر وەك "ماچی" خوێندۆتەوە لە کاتێکدا مامۆستا هەژار کەڵکی لە شێوازی "ماچێ" وەرگرتووە.

بە هەمان شێوە، من لام وا نییە شاعیر وشەی "حەڕەمە" ی بە /ڕ/ ی گەورە نووسیبێت لەبەر ئەوەی پێشتر "باخی ئیرەمە" ی هێناوە کە پیتی /ر/ لەوێدا نەرم و نیان و سووکە و قورس نییە. هەمان بۆچوونم بۆ "زەڵەمە" و "کەڕەمە" هەیە کە هەست دەکەم ئەگەر بە "زەلەمە" و ""کەرەمە" بنووسرێن وبخوێنرێنەوە شیعرەکە وێچووتر و ناسکتر دەکەن لەوەی ئێستا. کێشەی وشەی "حەرەمە" لە چاپی جەعفەردا چارەسەر کراوە بەڵام چ لەوێ و چ لە تۆماری دەنگی شاعیر خۆی و مامۆستا هەژاردا وشەی "زەڵەمە" بە پیتی

/ڵ/ و "کەڕەمە" بە پیتی /ڕ/ دەبیسرێت و ئەوەش مەجبوورم دەکات لە بۆچوونی خۆم پاشگەز ببمەوە، کە دەشبمەوە. المعنی فی بطن الشاعر!
جگە لەو سەنعەتە ئەدەبییانەی وا لە سەرەوە باسیان کرا، شاعیر لە سەرجەمی شیعرەکەدا بە پیتی /ر/ مۆسیقایەکی خۆش بە گوێی بیسەری شیعرەکەدا دەدات، جا چ /ر/ ی سووك بێت و چ /ڕ/ی قەڵەو. بۆ نموونە لە میسراعی "ڕۆژی ڕووی دەردەکەوێ، بەرگی هەژاری ڕووتە، شەش جار لە هەردوو شێوازەکەی پیتی /ر/ کەڵك وەرگیراوە؛ واهەیە ئەو فۆڕمالیسمە تەواو بەهەڵکەوت و بە بێ ئاگاداریی شاعیر ڕێك نەکەوتبێت و ئاوات بە دەستەقەسد کردبێتی. میسراعەکانی دیکەش کەم و زۆر بە هەمان شێوە: "پەرچەم و زوڵفی لەسەر ڕوومەتی وەك ڕۆژ وتەمە"، و فەرد و میسراعەکانی دیکەش...
ئەوە لەو دەگمەن شیعرانەیە کە لە هەردوو چاپەکەدا یەك عینوانی هەیە و هۆکارەکەشی دەبێ ئەوە بێت کە شاعیر بە دەنگی خۆی عینوانی ڕۆژ و تەمی پێداوە.
وەك لە سەرەوەتر ئاماژەم پێکرد، ئەم پارچە شیعرە لە کۆڕێکدا بە دەنگی شاعیر خۆی و مامۆستا هەژار تۆمار کراوە. ئەوەی خوارەوە تۆماری ئەو دەنگانەیە کە بە سپاسەوە لە حیسابی کاك جەعفەر حوسەین پوور (هێدی) لە سەر ڕووپەڕی "ساوند کلاود" وەرمگرتووە:

https://soundcloud.com/hedi-jh-3/zyvu6qlmxf6e

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

# بەهار هاتەوە

بەهار هاتەوە، گوڵ دەبن پەیدا
چیمەن، سەوزایی، ئەو بڕوا پێیدا
تۆوی دڵەکەی خۆم هەڵگرت بۆ ئەو
لە مەڵبەندی وی چەندم لە ڕێدا
گوڵاڵە سوورە بێتە پێشوازی
با لێی بپرسێ مەیلی بە کێ دا[٣٩]
هەروەك دڵ دەچێ، سوور و خوێناوی
بۆ پێشواز باشە، بۆی بووە شەیدا

زەنبیل، ١٣١٢ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٠٤ ی چاپی ئەنیسی و ٦٣ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی ئەو قەتعە چوار فەردییە لە میسراعی یەکەمی مەتلەعەکەی وەرگیراوە و لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
شوێن و ساڵی گوترانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا گوندی زەنبیل و ساڵی ١٣١٢ ی هەتاوی ڕاگەیێنراوە کە دەکاتە ساڵی ١٩٢٣ و ٢٤ ی زایینی. بەم پێیە، ئەگەر یەکەمین شیعری بڵاوکراوە و ڕاگەیێنراوی ئاوات نەبێت، لای کەم یەك لە یەکەمینەکانی دەبێت.

---

[٣٩] . چاپی جەعفەر نیشانەیەکی پرسیاری لە کۆتایی ئەم فەردە داناوە. بەڵام من ئیحتیاتم کرد و دامنەنا لەبەر ئەوەی میسراعی دووهەمی وەك ڕستەیەك دەخوێنمەوە کە کردارەکەی 'وجه التزامی'یە واتە شاعیر دەڵێ با بچن لێی بپرسن ئایا مەیلی بەکێ دا. گەرچی زۆریش نەگونجاو نییە کەسێك بیکات بە ڕستەی پرسیاریی و بڵێ بچن لێی بپرسن "ئایا مەیلی بە کێ دا؟" ئیتر لەوێدا بەشی کۆتایی میسراعەکە دەبێتە پرسیاریی.

شیعرەکە کارتێکەریی بێسارانی و بە گشتی شاعیرانی هەورامیی لەسەرە، کە بنەچەکی شاعیریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچەیە:
"ها، بیەن پەیدا... نیشانەی وەهار، ها، بیەن پەیدا" (بێسارانی).
لە گۆرانییەکی نەمر حەسەن زیرەکیشدا، بە هەمان ناوی 'بەهارهاتەوە'، دەرکەوتووە. من دڵنیا نیم گەلۆ حەسەن زیرەك یان گۆرانی بێژێکی دیکەی کورد شیعرەکەی ئاواتیان کردۆتە گۆرانی یان شیعرەکە خۆی بنەمای فۆلکلۆریی هەبووە و ئاوات شیعرەکەی خۆی سەرەتا لەسەر مایەیەکی فۆلکلۆری دامەزراندوە ئینجا میسراع و فەردی دیکەی لێ زیاد کردووە؟[٤٠] زاڵ بوون بە سەر فۆلکلۆری نەتەوایەتیدا هونەرێکی مەزنە و گەلێك لە شاعیرانی دیکەی کوردیش بەگوێرەی توانا چوونەتە ئەو بوارەوە؛ بۆنموونە نەمران پیرەمێرد و نالی و هەژار. نەمر سەیفولقوزاتی قازیش یەك لە ڕچەشکێنەکان بوو بۆ نزیك کردنەوەی شیعری عەرووزی لە فەرهەنگی ئاپۆرەی خەڵك لە موکریان، بە تایبەت لە ژیانی گوندنشینی و لە شیعرەکانیدا کەڵکی بەرێ وجێی لە پەند و مەتەڵی کوردی وەرگرتووە. سەیف گەلێك بابەتی باوی ناو خەڵکی بە لێزانییەوە هێناوەتە ناو شیعری خۆیەوە؛[٤١] ئاواتیش وەك هەژار وهێمن و هێدی و حەقیقی و خاڵەمین و نووری،[٤٢] قوتابیی قوتابخانەی شێعریی سەیف بوو.
ئێستا با سەیرێکی شیعرەکە بکەین: قەتعەیەکی غەرامییە. 'ئەو' واتە دڵداری شاعیر کەسایەتی یەکەمی شیعرەکەیە و لە ڕاستیدا شیعرەکە سەبارەت بەوە و واهەیە هەر بۆ ئەویش گوترابێت. میسراعی یەکەم، دامەزراندنی سەرەتایە و وەك بەهارییەی قەسیدەویژانی کۆن، باسی هاتنەوەی بەهاری کردووە بەڵام تەنیا بە یەك میسراع؛ ئینجا دەست بەجێ چۆتە سۆراغی 'ئەو'.

---

[٤٠]. دیارە ئەودەم دەبوایە ئەو بەشە لە فۆلکلۆر وەرگیراوە بخرایەتە ناو دوو کەوانووکەوە، بەم شێوەیە:
"بەهار هاتەوە، گوڵ دەبن پەیدا"،
چیمەن، سەوزایی، ئەو بروا پێیدا
بەشوێنیدا، پرسیارێکی دیکەش سەری هەڵدەدا، ئەویش ئەوەیە ئایا جگە لە میسراعی یەکەم، تا کام شوێنی شیعرەکە فۆلکلۆرییە و کام بەشی هی ئاواتە؟
[٤١]. سەر چوونە تەختی، ڕۆیینی سەرداری پێدەوێ؛ کردمە سەر باسکان هەر ئاش بەتاڵمە؛ هەرکەس بەڕاست بێ ئاخر بەخێرە؛ لەباتی 'گاران ڕۆیی'، گابۆرە؛ شەماڵ و زریان دایم شەڕیانە؛ لاڵ بم نابینم خێڵ سەرەوخوارن؛ کەرەبۆزیشیان لەسەر وەستایە...
[42]. بە بۆچوونی من مامۆستا قانع و موفتی پێنجوێنیش قوتابی قوتابخانەی شیعریی سەیفن.

لە فەردی یەکەمدا چیمەن و سەوزایی هەندێك گێژوگومی بۆ خوێنەر دەخوڵقێنن لەبەر ئەوەی کرداری ئەو میسراعە زۆر ڕوون نییە کامەیە؛ بەڵام ئەگەر لێی ورد ببینەوە تێدەگەین کرداری ڕستەکە لە میسراعی پێشەوەتردایە. ئاوات دەڵێ گوڵ و چیمەن و سەوزایی هەمووی پەیدا بوونەوە، ئەوەش تەنیا بۆ ئەوەی کە 'ئەو' بەسەریاندا بڕوات.

تۆوی دڵەکەم لە فەردی دووهەمدا دەورێکی گرنگ دەبینێت لە پەیوەندیدانی فەردی یەکەم و فەردەکانی دواتردا. شاعیر واهەبوو بتوانێ بڵێت دڵم لە سەر ڕێی ئەو دادەنێم با بە سەریدا بڕوات بەڵام گوتوویەتی 'تۆوی دڵم دەچێنم' و بەم شێوەیە، توانیویە بەهار و گوڵ و چیمەن و سەوزایی و تۆوی دڵی شاعیر و گوڵاڵە سوورەی فەردی سێهەم هەمووی لەگەڵ یەکدا بهێنێت و لق وپۆپی شیعرەکەیان پێ بەیەکەوە ببەستێتەوە و بەم کارەی بەژنی شیعرەکە پتەوتر بکات، کارێك کە یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ ئەوەی بیری خۆی لە سەر یەك بابەت بوەستێنێت و پەرژ وبڵاوی نەکاتەوە.

فەردی دووهەم و سێهەم و چوارەم لە پەیوەندێکی قورسدان. گەرچی ئەو پەیوەندییە لە نێوان فەردی دووهەم و سێهەمدا زۆر ڕوون نییە، بەڵام لە ڕاستیدا بە بێ ئەو پەیوەندە، شیعرەکە لە لووتکەی خۆی دەکەوێتە خوارەوە و ئەو جوانی و ڕازاوەییەی نامێنێت. ئاوات دەڵێ من تۆوی دڵەکەم لە سەر ڕێی ئەودا چاند بۆ ئەوەی ببێتە شتێکی وەك گوڵاڵە سوورەی خوێناوی [و داغدار] و بچێتە پێشوازی ئەو و لێی بپرسێت بۆچی لەگەڵیدا بێ مەیلە و مەیلی بە کەسێکی دیکە داوە؟

دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە لە نێوان فەردی دووهەم و سێهەمدا، هەناوی شیعرەکەیە.

پرسیاری سەرەکی سەبارەت بە شیعرەکە دیارە ئەوە دەبێت کە 'ئەو' واتە کەسێك کە شیعرەکەی بۆ گوتراوە،کێیە؟ ئەو پرسیارە بە داخەوە بۆ هەمیشە بێ وەڵام دەمێنێتەوە لەبەر ئەوەی دڵداری شاعیر بە ئەگەری زۆر، مەجازییە و کیژۆڵەیەکی چاوگەشی خەیاڵی نەبێت، کەسی دیکە نییە! خۆ ئەگەریش بووبێت، دوای کۆچی دوایی شاعیر کێ دەبێ ئەوە بزانێت و چۆن؟

ڕەدیف و سەروای شیعرەکە هەندێك ناتەواویی تێدا دەبینرێت. لە کاتێکدا سەروای میسراعی یەکەمی فەردی یەکەم (مەتلەع) و میسراعی دووهەمی فەردی کۆتایی (مەقتەع) 'پەیدا' و 'شەیدا'ن، سەروای میسراعی دووهەمی فەردی مەقتەع بۆتە 'پێیدا' و هی دوو فەردی ناوەڕاستی غەزەلەکەش، 'ڕێدا' و 'لێدا' یە. ئەم سێ شێوەی هێنانی سەروایە ئەویش لە غەزەلێکی چوار فەردیدا بە پێوانەی شیعری کلاسیك بە ناتەواویی

دەژمێرڕێت بەڵام دیارە ئەو چەشنە گەز و ڕبە و پێوانەیەش، شتێکی گەلێك فۆڕمالیستییە دەنا لە شیعرەکەدا ڕێك خستنی فەردەکان هێند وەستایانە بەڕێوە چووە، کە خوێنەر لە خوێندنەوەیدا هەست بە هیچ ناتەواوییەك ناکات.

تۆو، شێوازی موکریانییە بۆ 'توو' واتە دەنکی سەوزە و گیا

مەڵبەند، شوێن و جێگا

وی، ئەو

بۆی بووە شەیدا، بە بۆچوونی من حەشوێکی شیعرییە، واتە عیبارەتێکی زیادییە و شاعیرتەنیا بۆ وەڵامدانەوەی سەروا و کێشی شیعرەکە لەوێی داناوە، دەنا لابردنی هیچ زیانێك بە بەژنی واتایی شیعرەکە ناگەیێنێت.

سەبارەت بە بەحری عەرووزی و تەقتیع کردنی ئەم شیعرە دەبێ بڵێم بۆچوونێك هەیە کە دەڵێ هەموو شیعرێکی بڕگەیی لە ئەنجامدا دەچێتە خانەی یەك لە بەحرەکانی عەرووزی عەرەبەوە؛ بۆچوونێکی پێچەوانەشی هەیە کە دەڵی هەموو بەحرێکی عەرووزی دەکرێ وەك بڕگەیی سەیر بکرێن و بڕگەکانی بژمێررێن.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە

متقارب مثمن اثلم (هجایی): فع لن فعولن فعولن // فع لن فعولن

## بۆ خۆشەویستی خودا

ئەی بەدەنت پاکە وەکوو ڕۆحی پاك![٤٣]
ڕۆحە سەراپا بەدەنت، 'ڕوح فیداك'![٤٤]
کێ بوو غەمی ئوممەتی خۆی خواردبوو؟
کۆشك و قەڵای کافری ڕووخاندبوو؟[٤٥]
کێ بوو قوڕەیشی و مەکەیی تێك‌شکاند؟
داوی لە ڕێگەی گەلی خۆی هەڵپساند؟
کێ بوو شەقی کرد بە ئیشارە قەمەر؟
سەجدەیی بۆ کرد بە دڵوداو شەجەر؟[٤٦]
کێ بوو لە پاش ڕێبەر و پێغەمبەران
هات و بووە ڕاهنومای ڕەهبەران؟
کێ بوو کە تەی کردبوو حەوت ئاسمان
تاکوو گەیشتە سەفی کەڕڕووبیان؟
پەیکی ئەمین بوو لەوێ گرتی مەقەر
عەرزی دەکرد: ڕێم نییە خەیرولبەشەر!
تێپەڕی لەو جێگە بە عەزمی حوزوور
گەییە حوزوور و بووە کەیف و سروور
جینن و بەشەر کەوتنە ڕەقس و سەما
یەك لە عەرز، هێندێ لە ئەوجی سەما

---

[٤٣] چاپی ئەنیسی: روحی پاك
[٤٤] چاپی ئەنیسی: ڕوحە و روح فیداك
[٤٥] چاپی ئەنیسی: خواردبو و روخاندبو
[٤٦] چاپی ئەنیسی: بەدڵ و ناو

تۆی بە خودا ئەحمەدی موختاری مە
بێ‌تۆ بە ئایەت فەشەلە کاری مە
ئەی بەدەنت پاکە وەکوو گیانی پاك!
ڕۆحە سەراپا بەدەنت، 'رووح فیداك'![47]

زەنبیل، ١٣١٢ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٥٩ و ١٦٠ی چاپی ئەنیسی و ٢٩٥ و ٢٩٦ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
هەردوو دیوانە چاپکراوەکە لە بەشی مەسنەویدا هێناویانە.
شیعرێکی ئایینییە لە پەسنی پێغەمبەری ئیسلامدا. هاوشێوەی ئەو شیعرە لە بەشەکانی دیکەشدا هەیە و باسیان لێوەدەکرێت. شاعیر لە شیعرەکەدا ئاماژە بە هەندێك ڕیوایەت و گێڕانەوە لەمەڕ ژیانی پێغەمبەر دەکات کە بۆ ئیمانداریکی ئاسایی موسوڵمان واهەیە جێگەی باوەڕ بێت بەڵام ڕەنگە خوێنەر چاوەڕوانی ئەوە نەکات کە کەسێکی خوێندەوار وەك ئاوات بیانخاتە ناو شیعرەکانیەوە. بۆ نموونە، سەجدەبردنی دار بۆ پێغەمبەر یان شق القمر کردن و سواری ئەسپی باڵدار بوون و لە چرکەیەکدا چوون بۆ حەوت تەبەقەی ئاسمان... بەڵام ئەوە باوەڕی ئایینییە و هەموو کەس مافی خۆیەتی وەری بگرێت یان بیداتە دواوە، ئاواتیش یەك لە هەموو ئەو کەسانەیە کە وەریگرتووە و لەشیعرەکەیدا هێناویەتی.
ڕۆح: لە بەرانبەر 'جسم'ی بوونەوەراندا دێت و ژیانی لەش بەوەوە بەستراوە. ئەسڵی وشەکە عەرەبییە و بە شێوەی 'روح' دەنووسرێت. لە باشووری کوردستان وەك 'ڕۆح' دەگوترێت و دەنووسرێت. لە لایەکی دیکەوە ڕۆح بەوە دەناسرێت کە زۆر لەتیف و ناسکە و شاعیر لێرەدا دەڵێ لەشی پێغەمبەر وەك ڕۆح پاکە و لەتیفە، لە کۆتاییشدا دەڵێ ئەی ڕۆح [ی من] بە فیدای تۆ بێت!
ئۆممەت: کۆمەڵی خەڵکانێك کە ئیمانداری یەك ئایینن، وەك ئۆممەتی ئیسلام. لە دەقی کۆنی عەرەبی و کوردی و ئێرانیدا واتای 'قەوم' و 'میللەت'یشی لێ وەرگیراوە.

---

[47] فەردی یەکەمی شیعرەکە لێرەدا دووپات کراوەتەوە تەنیا وشەی ڕوحی بۆتە گیانی. هەر بۆیەش وەك سەنعەتی "رد المطلع" دەبێ سەیر بکرێت بەڵام ناتەواو.

غەمی ئۆممەت خواردن: ئاماژەیە بەو نەقڵەی کە گوایە لە میعراج واتە کاتی چوونی پێغەمبەری ئیسلام بۆ بارەگای ئیلاهی، خودا ئەرکێکی زۆری نوێژ و ڕۆژووی خستۆتە سەر شانی ئۆممەتی ئیسلام و پێغەمبەر چەند جار لە قاتی خوارەوەی ئاسمانەوە گەڕاوەتەوە حزووری خودا و چەنەی لێداوە بۆ ئەوەی ژمارەی ڕەکاتەکانی نوێژ و ڕۆژانی ڕۆژوو کەم بکاتەوە تا ئەوەی گەیاندوویەتە ڕۆژی ١٧ ڕەکات نوێژ و ساڵی مانگێکیش ڕۆژوو.

کۆشك و قەڵای کافر: ئاماژەیە بە شەڕەکانی پێغەمبەری ئیسلام لەگەڵ جوولەکەی مەککە و ئیماندارانی ئایینەکانی دیکە و بوت پەرستان.

قورەیشی و مەککەیی: ئەوەش هەر ئاماژەیە بە شەڕی موسوڵمانانی سەدری ئیسلام لەگەڵ خەڵکانی مەککە و تایفەی قورەیش کە باوەڕیان بە ئیسلام نەبوو باوەکوو پێغەمبەر خۆی لە قورەشییەکان بوو.

شەق کردن: کردنی شتێك بە دوو کوتەوە. ئەو ئەفسانەیەش لە سەر زمانی خەڵکە کە پێغەمبەری ئیسلام بۆ سەلماندنی پێغەمبەرایەتییەکەی خۆی، ئاماژەیەکی بە کورەی مانگ کردووە و ئەویش لەت و پەت بووە و لەتەکانی کەوتوونەتە سەر زەوی؛ پاشان جبرەئیل هەڵیگرتوونەتەوە و پێکەوەی ناون و مانگی سەر لەنوێ دروست کردۆتەوە!

سەجدە کردنی دار بۆ پێغەمبەر: ئەوەش ئەفسانەیەکی دیکەی هەڵبەستراوە و لە جەدەلدا وەك موعجیزەیەك بۆ پێغەمبەر دێتە حیساب.

لەپاش ڕێبەر و پێغەمبەران: وەك بەشێك لە باوەڕی موسوڵمانان ئایینی ئیسلام دوایین ئایین و محەممەدیش خاتەمی پێغەمبەرانە، لە عەینی کاتدا سەروەر و گەورە و ڕێبەری هەموو پێغەمبەرانی پێش خۆشیەتی.

تەی کردنی حەوت ئاسمان: پێوانی حەوت قاتی ئاسمان. ئاماژەیە بەو ئەفسانەیەی کە گوایە پێغەمبەری ئیسلام لە ماوەی چەند چرکەدا بە سواری دوڵدوڵ (ئەسپی ئاسمانی) و بە ڕێنومایی جیبرەئیل، چۆتە ئاسمان و لە قاتی حەوتەم چاوی بە خودا کەوتووە. لە جوعرافیای کۆنی ئیسلامیدا زەوی و ئاسمان هەرکام حەوت قاتن.

کەڕرووبیان: وێدەچێت بنەمای وشەکە عیبری بێت. فریشتەی مقرب واتە ئەو فریشتانەی وا لە خودا نزیکن و بە گوێرەی ڕیوایەت، پێغەمبەری ئیسلام لە شەوی میعراجدا گەیشتە شوێنی ئەوانیش.

پەیکی ئەمین: فریشتە جبرەئیلە.

لەویٚ گرتی مەقەڕ: واتە تا ئەو شوێنە هات و نەیتوانی سەرەوەتر بچێت. ئاماژەیە بەو ڕیوایەتە کە جبرەئیل پێغەمبەری بە سواری دوڵدوڵ برد بۆ ئاسمان، ئینجا لە قاتی شەشەم بەجێما و گوتی من لەوە زیاتر ئیجازەم نییە بچمە سەرەوە و محەممەد خۆی بە تەنیا چووە قاتی حەوتەم و بەردەم خودا.

بووە کەیف و سروور: کەیف و سروورەکە هی فریشتە و جین و بەشەرە. فەردی دواتریش ئەوە دەردەخات.

ئەحمەدی موختار: پێغەمبەر ئیسلام

بیٚ تۆ بە ئایەت...: سوێندم بە ئایەت کە بیٚ تۆ کارمان فەشەلە.

فەشەل: ڕزگار نەبوو، سەرنەکەوتوو، هەڵوەشاوە و بەڕێوە نەبراو

ردالمطلع: فەردی مەتلەع واتە سەرەتای قەسیدە یان غەزەل لە مەقتەع واتە کۆتایی شیعرەکەدا دووپات بۆتەوە. وێدەچێت ئەو شێوازە زیاتر لەناو شاعیرانی عەرەبدا باو بووبێت و شاعیرانی کورد و ئێرانی زۆر بەلایدا نەچووبێتن بەڵام شێوازێکی پڕواتایە، بە تایبەت لە غەزەلدا کە واتای فەردەکان لەیەکتر جیاوازن، رد المطلع نیشانەیەکە بۆ یەکگرتوویی فەردەکان و درێژەی چەمکێك لە سەرەتا تا کۆتایی غەزەلەکەدا.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

سریع مسدس مطوی مکشوف: مفتعلن مفتعلن فاعلن

## ستایشی پێغەمبەر

ئەی خوداوەندی ئاسمان و زەمین!
سانعی ڕۆژ و شەو، مەهـ و پەروین!
ڕازقی مار و موور و چاك و خراپ!
خالیقی سونبول و گوڵ و نەسرین!
بە نەسیمی بەهاری، ملکی خۆت
کردووە سەوز و سوور و کەسك و شین
بۆ منیش ئەی خودای عەززەوەجەل!
ڕەحمەتێ، زۆر فەقیرم و مسکین
خۆ منیش عەبدی تۆ و لە موڵکی تۆم
موستەحەققم بە عەفوی تۆ، بە یەقین
هەرچی هەم ـ گەرچی زۆر خراپیشم ـ
ئەم وتە، خۆشەمە، دەڵێم ئامین
سەد هەزاران تەحییەت و سەلەوات
بۆ محەممەد، شەفیعی ڕۆژی نەجات
ئەی 'شفیع الامم' چ خۆشلەقەبی!
چ بەعەزم و ویقار و بائەدەبی![٤٨]
خاوەنی عیلم و حیلم و عەقڵ و کەماڵ
فەخری عورب و عەجەم، چ مونتەخەبی!
هەڵبژێراوی ڕاسپاردانی
خۆشەویست و لەپێشتران لە نەبی
تۆ لە نەسلی عەرەب زهوورت کرد

---

[٤٨] چاپی ئەنیسی: عوزم

ئاشکرا بوو فەزیلەتی عەرەبی
هەرکەسێکی کەوا سەناگۆتە
تەڕ و پاراوە تەبع و زار و لەبی
هاتیفێ بانگ دەکا: بنێرە بە دڵ
تۆ کە پیاوێکی چاك و دین‌تەڵەبی
سەد هەزاران تەحییەت و سەلەوات
بۆ محەممەد، شەفیعی ڕۆژی نەجات
ئەی بە نووری جەماڵی ڕووی زیبات!
پڕ لە شەوق و زەوق، لە سەر تا پات!
یەك لە یەك ڕێك‌وپێکترە بەدەنت
یەك لە یەك بۆنی خۆشترە ئەعزات
ئەی شەهی مولکی جوود و خوانی کەرەم!
"بەرمەکی" شەرمەسار لە بەزل و سەخات
خۆشەویستی خودای عەززەوەجەل
ڕێنما و دەست‌گیری ڕۆژی مەمات
ئەی شەفیعی هەموو سەغیر و کەبیر!
خاوەنی فەیز و ڕەحمەت و بەرەکات
قاسیدێ بانگ دەکا: بنێرە بە دڵ
بۆ یەکەسوارە جوانەکەی عەرەسات
سەد هەزاران تەحییەت و سەلەوات
بۆ محەممەد، شەفیعی ڕۆژی نەجات
ئەو شەوی حەو سەمات هەموو تەی کرد
مەرکەبی سوارەکانی دیت پەی کرد
چەرخی گەردوون هەزار گۆنە گەپی
بە سکەندەر، بە بەزمەکەی کەی کرد
چوویە جێیەك کە جوبرەئیلی ئەمین
کەوتە لەرزین، گەڕاوە، تۆبەی کرد
بۆ پەزیرایی، گوڵستانی ئیرەم

ئەمری بۆ هات و پاکی خونچەی کرد
پیرەداری هەزار ساڵە و کۆن
وەك نەمام تازە بوو، شکۆفەی کرد
دەنگی ئەحسەن سەمای هەموو کەڕ کرد
مەلەکێك ئەم قسەی هەبوو دەیکرد:
سەد هەزاران تەحییەت و سەلەوات
بۆ محەممەد، شەفیعی ڕۆژی نەجات

زەنبیل، ١٣١٣ی هەتاوی
(لاپەڕە١٣٢ تا ١٣٥ ی چاپی ئەنیسی و ٢٧٧ تا ٢٧٩ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
دەقەکان جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتر نییە.
تەرجیع بەندێکی چوار بەندییە، بەندی یەکەمی لە نەعتی خودادا گوتراوە و سێ بەندەکەی دیکەی هەڵدانی پێغەمبەری ئیسلامە و واهەیە بکرێت ناوی 'مناجات'یشی لێبنرێت.
شاعیرانی کلاسیکی کورد کەم و زۆر هەموویان لە شێوەی ئەم ستایشەی پێغەمبەریان هەیە و بەشێکیان بە تایبەت چۆن ئەویندارێك باسی گراوییەکەی دەکات، ئاوا بە بەژن و باڵای پێغەمبەری خۆیاندا هەڵگوتووە. ئاواتیش بە هەمان شێوە، لێرەدا هەندێك تەعبیری وەك "ڕووی زیبا، سەرتاپا شەوق و زەوق، بەدەنی ڕێك و پێك و ئەعزای بۆن خۆش"ی هێناوە کە بە عادەت ئەو سیفەتانە بە دڵدار و خۆشەویست و گراوی دەدرێن.
شیعرەکە، گەلێك وشە و تەعبیری فارسی و عەرەبی تێدایە. جگە لە وشە، هەندێك تەرکیبیش هەن کە عەینوبیللا فارسین. بۆ نموونە، دوو فەردی یەکەمی بە گۆڕانکارییەکی زۆر کەمەوە دەبنە فارسی و تەرکیبی وەك ئاسمان و زەمین، مەە و پەروین، و مارومووریش هەر فارسین کە هێنانی کوردییەکەیان جیاوازییەکی لە واتادا پێك نەدەهێنا، مەگەر کێشەی کێش یان سەروای بخوڵقێندایە: ئاسمان و زەوی، مانگ و پەروین، و مار و مێروو.
سانع: خوڵقێنەر

ڕازق: ڕۆزیدەر
بە نەسیمی بەهاری...: واتە ملْکی خۆت، کە سەر زەوی بێت، بە نەسیمی بەهاری ڕەنگاوڕەنگ کردووە.
ئەم وتە، خۆشەمە: من کۆما (ویرگول)ێك دوای 'ئەم وتە' دادەنێم بۆ ئەوەی بکرێت ئاوا بخوێنرێتەوە: ئەو وتەیە بۆتە بنێشتە خۆشکەی سەر زاری منی شاعیر. بەلاّم کام وتە؟ "سەدهەزاران تەحییەت و ....". لێرەدا وشەی 'ئامین' هەندێك جێگەی پرسیارە. ئەو وشەیە بە عادەت لە کۆتایی دۆعادا دێت و واتای "با وابێت" و "یاخوا وابێت" دەدات. ئاوات لە شیعرەکەدا 'ئامین'ی هێناوەتە سەرەتای دۆعاکە و پێش ئەوەی دۆعا بکات، ئامینی بۆ دەڵێت.
مەمات: ڕۆژی مردن، قیامەت
شفیع الامم: تکاکاری ئۆممەتان
عزم: ئیرادە و خواست. عظم: ئێسقان. ئەگەر وشە کوردییەکە لە عظم وەرگیرابێت، ئەودەم دەبێ وای واتا بکەینەوە کە 'تۆ کەسێکی ئێسقان قایم' و بە توانای. بەلاّم بە ئەگەری زۆر نیازی شاعیر هەر "عزم" بووە بە واتای ئیرادە.
حیلم: سەبر و تاقەت
مونتەخەب: هەڵبژێرراو
لەپێشتران: ئەو کەسەی وا لە پێغەمبەرانی دیکە لەپێشترە. لەجیاتی ئەوەی بلێت لە پێغەمبەرانی دیکە لەپێشتری، گوتوویەتی لە نەبی لەپێشترانی ئەوەش بەئامانجی پاراستنی کێش و سەروای شیعرەکە.
فەزیلەت: گەورەیی و لەپێشی لەباری ئەخلاقییەوە.
سەنا: هەڵدان و پێداهەڵگوتن. سەناگۆ: کەسێك کە بە کەس یان لایەنێکدا هەڵدەڵێت.
تەبع: مرخ
هاتیف: بانگدەر، پەیامهێنەر
دین تەڵەب: خوازیاری دین
جوود: دڵئاوایی، بەخشندەیی
خوان: سفرە
بەرمەکی: بنەماڵەی بەرمەکیان وەزیر و دەسەلاّتداری خەلیفەکانی عەبباسی بوون لە سەدەی هەشتەمی زایینیدا.

بەزل: بەخشندەیی
سەخا: بەخشندەیی
بەرەکات: کۆی بەرەکەت، دامەزرانی خێر لەلایەن خوداوە.
عەرەسات: سەحرای مەحشەر
حەو: حەوت
حەو سەمات هەموو تەی کرد: ئاماژەیە بەو قسەیەی وا دەگوترێت پێغەمبەری ئیسلام لە شەوی میعراجدا حەوت تەبەقەی ئاسمانی بەچرکەیەك بڕی و گەیشتە قاتی حەوتەم.
پەی کردن: لەکار خستن، لاق شکاندن
پەزیرایی: میوانداری، فارسییە.
گوڵستانی ئیرەم: باخی ئیرەم، یان باخی شەدداد، یان باخی عەدن، باغێکی ئەفسانەییە، کە لە قورئاندا وەك "ارم ذات المعاد" ئاماژەی پێکراوە. ئاوات لێرەدا وەك باغێکی ڕاستەقینە باسی دەکات و دەڵێ بەهۆی چوونی پێغەمبەری ئیسلامەوە بۆ میعراج، نەمامەکانی ئەو باغە باڵایان کرد و خۆنچەیان دەرهێنا.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
خفیف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن مفاعلن فعلن

# خۆش بڕوایی

یاڕەبی خێر بێ، قەلێ قڕاندی
وتەیەکی بوو، بە قڕە گەیاندی
نازانم چۆنە بەو بەیانییە
بەقڕەقڕ هاتووە، لە سەربانییە
زانیم گرنگە وشەی قشقەڕە
هەرچەند بێ خێر و پیس وبەدفەڕە
بەڵام داخەکەم، لێی حاڵی نەبووم
هەرچەند هەوڵیدا، بەوتەکەی نەچووم

سەیرێکی خۆشتر لەمن ڕوویداوە
دڵی ماڵ کاول سەری سووڕ ماوە
دڵی شێت وپێت، پەرێشان و کەیل[٤٩]
عاشق بە جوانی، لە بنەماڵەی لەیل
سارا و کێو وکەژ مەڵبەندی ئەون
وەحشی و دڕندە هاودەنگی ئەون
تازە لە قیسم چووە ئەو دڵە
ئەو دڵە وێرانە، ئەو دڵە بە کوڵە
دڵی وای ناوێ گیرۆدەی ئەوین
وەخت و بێ وەختان لەمن بگرێ قین
وەك مەجنوون گڕوو بگرێ بۆ لەیلا
کار وپیشەی بێ شین و واوەیلا

---

[٤٩] لە دەقەکەدا وەك پەریشان نووسراوە.

ئاوایی زەنبیل، ١٣١٣ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٩٩ و ٢٠٠ ی چاپی ئەنیسی؛ لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە)

---

لە شیعرە سەرەتاییەکانی ئاواتە و لە فەزای هەر ئەو شیعرانەدایە کە نموونەی لە دیوانی شاعیرانی کورددا زۆرن بۆ نموونە، "هێلانەی ڕووخاو" ی ئاوات و "دوو باز پێکەوە"ی مامۆستا هەژار و شیعری "قانع و کەرەکەی" لە دیوانی مامۆستا قانعدا.
لەو چەشنە شیعرانەدا شاعیر قسەی دڵی خۆی لە زمان باڵندە یان ئاژەڵێکەوە ڕادەگەیێنێت. بەڵام لێرەدا ئەو پەیامە هەندێك گێژ وگومیی تێدایە لەبەر ئەوەی شاعیر دەڵێ من لە قڕە و قسەی قەلەڕەشەکە تێنەگەیشتم! باشە ئەگەر شاعیر، کە بەرگۆی قسەی  قەلەکە بووە، لێی تێنەگەیشتبێت، ئەی خوێنەری بێ خەبەر چۆنی لێ تێبگات! خۆ ئەگەر خوێنەریش لێی تێنەگات، ئەی هۆکار بۆ هۆندنەوەی ئەم شیعر یان باشتر بڵێم ئەم نەزمە چییە؟
هەرچۆنێك بێت، پەیامی ناو شیعرەکە ناگاتە خوێنەر و ڕەنگە هەر بۆیەش بووبێت کە شاعیر لە فەردی پێنجەمەوە دەست دەکات بە گێڕانەوەی ڕووداوێکی تر، "سەیرێکی خۆشتر لەمن ڕوویداوە..."
ئەم ڕووداوەی دووەمەش گەلێك ساکارە: دڵی شاعیر عاشقی جوانێك بوو کە لە بنەماڵەی لەیلایە- دیارە لە جوانیدا؛ ئیتر ئەو دڵە چووە بۆ لای لەیل و لای خۆی نەماوە، هەر بۆیەشە کە شاعیر شین و واوەیلایەتی. هەر ئەوەندە و تەواو!
من دوو بەشی شیعرەکەم بە دەستەقەسد لێك جیا کردۆتەوە کە خوێنەر بە هاسانی هەست بە دوو ڕووداوی جیاجیای ناو شیعرەکە بکات. ئایا خوێنەر پەیوەندییەك لەنێوان ئەو دوو بەشەدا دەبینێت؟ ئایا عینوانی "خۆش بڕوایی" کە لە دیوانەکەدا بۆ شیعرەکە دانراوە هەردوو بەش دەگرێتەوە یان تەنیا بۆ بەشی عاشقێنییەکەیەتی؟
قڕاندن: دەنگی قەلە ڕەشەیە. بە کەسێکیش کە هەواڵی خراپی پێ بێت دەڵێن دەقڕێنێ. هۆکارەکەشی ئەو ئەفسانە بێ جێ و بێ بنەمایەیە کە ئەگەر قەل بێتە سەربان یان حەوش و دیواری ماڵێك و بقڕێنێت، سەرەتای گەیشتنی هەواڵێکی ناخۆشە و خاوەن ماڵ هەوڵ دەدات قەلە برسی و هەژارەکە لە سەر دیوار و بانی ماڵەکەی دەربکات!
بەد فەڕ: بەد قەدەم، شووم
بە وتەکەی نەچووم: بە قسەم نەکرد، لێی تێنەگەیشتم.
کاول: وێران

شێت وپێت: پێت وشەی موهمەلە، واتای هەمان شێت دەداتەوە.
کەیل: دڵتەنگ و بە خەم پەست
کەژ: کێو
بەکۆڵ: لەجۆش، گەرم داهاتوو
گیرۆدە: ئەسیر
گڕوو: بیانوو

# جنێو شەکر

ئەی زیبی گوڵستانم، تەشریفی قەدت[٥٠] دڵبەند
تەعریفی بەچیکەم من؟ سەروە و گوڵی لێ پەیوەند![٥١]
موددێکە گرفتاری ڕەفتاری[٥٢] بەد وچاکم
جارێ درۆ، جارێ ڕاست؛ عاشق بە چ بێ خورسەند؟
ئەو قامەتە ڕەعنایە بۆمن کە لەدەس نایە
جێگەی من ودڵ ناکا، سەدها دڵی لێ بوو بەند
خاکی بەری پێت، چاوم! سورمەی 'بەسەر'[٥٣] ی کوێرە
تیری موژەکەت فێرە کوێرکا 'بەسەرم' [٥٤] هەرچەند
فەرمایشی تۆ چابوو، شیرین و دڵارا[٥٥] بوو
بەولێوە جنێوشەکرە، بەو شێوە کەلامت قەند
بێچارە دڵی "کامیل" گیرۆدەیی خاڵت بوو
بۆ دانەفڕی زولفت کردی لە پڕا دەربەند؟

چۆمی زەنبیل، ١٣١٤ ی هەتاوی بەگوێرەی هەردوو دەقی چاپکراو
(لاپەڕە ٧٣ ی چاپی ئەنیسی و ٨٥ ی چاپی جەعفەر)

---

[٥٠] . چاپی ئەنیسی: تەشریف قەدەمت. من دەقی جەعفەر بە تەواوتر دەبینم لەبەر ئەوەی میسراعی دواتریش هەر لە باسی قەد وباڵادایە نەك قەدەم.

[٥١] . چاپی ئەنیسی: سەروە، گوڵی لێ پەیوەند.

[٥٢] . لە چاپی جەعفەردا کۆما (وێرگول) ێك کەوتۆتە دوای وشەی گرفتاری کە زیادی و ناپێویستە.

[٥٣] . لە دەقی چاپی مامۆستا ئەنیسیدا "بەسەڕ" هاتووە و واهەیە حونجە عەرەبییەکەشی هەر وابێت بەڵام وشەکە لە کوردی و فارسیدا بیچمی "بەسەر" ی پێدراوە و منیش بە "بەسەر"م دانا.

[٥٤] . بڕوانە پەراوێزی پێشتر.

[٥٥] . چاپی ئەنیسی: دڵ ئارا

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'جنێو شەکر' ە، کە لە دەقی شیعرەکە وەرگیراوە.
شوێن و ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە لە هەردوو دەقدا وەك یەکن. سەبارەت بە ڕێکەوتی ساڵی ١٣١٤ ی هەتاوی [١٩٢٥ ی زایینی] دەبێ بڵێم من پێش چاوپێکەوتنی دیوانی چاپی جەعفەر، بە دیوانی چاپی مامۆستا ئەنیسیدا چوومەوە بۆ ئەوەی بزانم یەکەم شیعرەکانی ئاوات هی چ ساڵێکن. بە داخەوە لەوێدا زوربەی شیعرەکان ساڵ و مانگیان بۆ دیاری نەکراوە بەڵام لە نێو ئەوانەدا کە دەست نیشانی ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە کرابێت، پارچە شیعری "بەهار هاتەوە (لاپەڕە ١٠٤) هی ساڵی ١٣١٢ [١٩٣٣] یە، پێنج خشتەکییەك (لاپەڕە ١٣٤) هی ساڵی ١٣١٣ [١٩٣٤] ە وپاشان دەگاتە ئەم شیعرە، کە لە ساڵی ١٣١٤ [١٩٣٥] دا گوتراوە. واتە ئەوانە کۆنترینی ئەو شیعرانەن وا لەوێدا ڕێکەوتیان بۆ ڕاگەیێنراوە. ئەوانیتر هی ساڵی ١٣١٥ بەرەوژوورن و زۆریشن. بە گوێرەی ئوتۆ بیۆگڕافیی کورتی سەرەتای دیوانەکە، مامۆستا سەید کامیل لە ١٢٩١ چۆتە بەر خوێندن و لە سەروحەدی ساڵی ١٣٠٠ (ساڵێك و دوان کەمتر)دا، لەگەڵ مامۆستا عەباس حەقیقی لە ئاوایی "باغچە"ی بۆکاندا فەقێ بوون و شیعریان هۆندۆتەوە (لاپەڕە چاردە). بەم پێیە، دەبێ لە ساڵی ١٣١٤ دا کە ئەو پارچە شێعرەی سەرەوەی هۆندۆتەوە، ٣٢ ساڵان بووبێت و ئەزموونی شیعریشی کەم نەبووبێت. دیارە ئێستا کارەکە هاسانتر بۆتەوە لەبەر ئەوەی چاپی جەعفەر ڕێکەوتی ساڵی هەموو شیعرەکانی دیاری کردووە.
سەبارەت بەشوێنی گوترانی شیعرەکەش ژیننامەی سەرەتای دیوانی چاپی ئەنیسی یارمەتییەکی باش دەدات: "لە ساڵی ١٣١٣ دا بابم وەفاتی کرد و دوای ساڵێك ماڵم چووە "ئاشی چۆمی زەنبیل"، ساڵێك لەوێ بووم و بە کشتوکاڵ ڕامدەبوارد..." کە وابوو، ئاوات لە ساڵی ١٣١٤ دا لە "ئاشی چۆمی زەنبیل" بووە و ئەو شیعرەشی لەوێ گوتووە. ئاشی چۆمی زەنبیل شێوە گوندێك بووە بە دوو سێ ماڵەوە و ئەوە یەکەم مڵك و نیشتەجێی ئاوات بووە. شوێنەکە لە گوندی زەنبیل زۆر نزیکە.
دیاردەی بەرچاوی شیعرەکە چەند تەرکیبی ڕازاوە و ~~بیکرن~~ نەسمڕاون:
"تەشریف قەدەمت دڵبەند"(یان "تەشریفی قەدت دڵبەند")، "سەروی گوڵی لێ پەیوەند"، "جنێو شەکر" و "شێوەی کەلام قەند".
"زیبی گوڵستان" تەرکیبێکی تازە نییە بەڵام جوانە. واتە دۆستەکەی شاعیرئەوندە جوانە تەنانەت باخ و گوڵستانیش دەڕازاێنێتەوە.

"تەشریف قەدەمت دڵبەند": دەبێ واتای ئەوە بداتەوە کە دڵم بەند بوو بە قەدەمی خاوەن شەرەفتەوە.
"سەروە، گوڵی لێ پەیوەند": واتە باڵای دۆست بەرزە وەك داری سەرو و دەم و چاوی گوڵێکە لەو دارە پەیوەند کراوە.
"ڕەفتاری بەد وچاك" هی دۆستی شاعیرن نەك هی خۆی. یار درۆ و ڕاستی پێ دەڵێت و هەر ئەوەش وای کردووە نەتوانێت لە بەڵێنەکەی دڵنیابێت، کەوابوو ناکرێ ڕەزامەند و خۆشحاڵ بێت.
"جێگەی من و دڵ من ناکا،...": لە کاتێکدا سەدان دڵ بە قامەتی یارەوە بەندن، یارە بێوەفاکەی شاعیر لە ماڵی دڵیدا جێگەی دڵی ئەو ناکاتەوە و لێناگەڕێت لەوێدا دابنیشێت و بەوەوە ببەسترێت.
"خاکی بەری پێت...": ئەی چاوەکەم، خاکی بەری پێت سورمەی چاوی کوێرە! ئەوەش لەکاتێکدایە کە تیری موژگانت چاوم کوێر دەکات. واتە تۆ هەم دەردی و هەم دەرمان. لەلایەکەوە بە برژۆڵەکانت چاوم کوێر دەکەی لەلایەکی دیکەشەوە خاکی بەری پێت سورمەیە بۆ ئەو چاوە کوێرە و چاکی دەکاتەوە.
"بەو لێوە...": جنێویش بەو لێوەوە شیرینانەوە، وەك شەکرە و بەو شێوە و شێوازەشەوە کە تۆ هەتە، کەلامت وەك قەندە.
"بۆ دانە فڕی؟ ...." واتە دڵی کامیلی بێچارە فریوی خاڵی ڕووتی خوارد و چوو بۆ دانە بەڵام لە پڕێکدا زولفت خستیە داو! لە دیوانەکەدا "بۆ دا نەفڕی" نووسراوە کە هەڵەی تایپە و دەبێ "دانە" بەسەریەکەوە بنووسرێت و بۆشایی نەکەوێتە نێوان پیتەکانیەوە: بۆ دانە فڕی....
شاعیر لەم شیعرەشدا وەك چەند شوێنی دیکەی دیوان، خۆی لە دڵی جیاواز دادەنێت : "جێگەی من و دڵ ناکا..." واتە بە تەعبیری شاعیرانی کۆن، بێدڵە و بێدڵیش ناو و لەقەبی بولبولانە.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن // مفعول مفاعیلن

## تیر وکەوان

ئەو نێرگسی پڕ فیتنە و شۆرە، چ بەقینە!
چەند مەست و چ خوممار و چ عەییار و بەتینە!
ئەبرۆی کە لە سەر چاویە، بڕوا بکە، چاوم![٥٦]
ئەو هەر لە کەوان کێشیی و ئەم هەر لە کەمینە
ئەی من بە فیدای خاوەنی ئەو تیر و کەوانە!
هەرچەند کە دڵم کاری هەموو زام و برینە
ئەی دڵ! مەبە دەربەندی غەمی ناوکی غەمزەی[٥٧]
سارێژە برین، مەوقیعی ئازادیی و ژینە
یانی کە لە ژێر سایەیی زولفی شەوەزەنگی
ڕۆژ دەردەکەوێ، کاری خودای گەورە ببینە!
لەم کەشمەکەشی تیر و کەوان، چاو و برۆیە
دیم ڕەحمەتی حەق نازڵە، زانیم بە قەرینە
"کامیل"، وەکوو تەیرێکی بەهار دێتەوە کوێستان،
هاتۆتەوە ئەم کێو و کەژ و مەزرەعە شینە

ئاشی زەنبیل، ١٣١٥ی هەتاوی
(لاپەڕە ٥٥ ی چاپی ئەنیسی و ٢٠٧ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'کەوان و کەمین'ە کە لە دوو وشەی فەردی دووهەم وەرگیراوە و گەلێك هەڵبژاردنێکی جوانە. بەڵام من هەوڵ دەدەم بۆ ئەوەی

---

٥٦ چاپی ئەنیسی: چاوی یە
٥٧ چاپی ئەنیسی: ناووکی

سەر لە خوێنەر نەشێوێنم، لە سەر پێودانی چاپی جەعفەر برۆم و هەربۆیەش عینوانەکەی ئەوم لێرە داناوە.
شیعرێکی غەرامییە، لە تەمەنی ٣٣ ساڵیی شاعیردا گوتراوە. وێدەچێت ساڵی ١٣١٥ (١٩٣٦) ساڵێکی پڕ لە هەڵسووڕان بووبێت بۆ ئاوات لە بەر ئەوەی لەو ساڵەدا شیعرێکی زۆر گوتراون و لە دیوانەکەیدا ڕەنگیان داوەتەوە.
نێرگس: لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا چاوی دڵدار بە گوڵە نێرگس شوبهێنراوە. ئاوات لە یەکەم فەرددا، لەباتی چاوی نێرگس، خودی نێرگسی بە ئیستیعارە هێناوە و حەوت سیفەتیشی داوەتە پاڵی. یەکیان خوممارە، کە لە دۆخی ئاساییدا دەبوایە خومار بێت بە واتای چاوی نیوە خەواڵووی یار، بەڵام پێداویستیی کێشی شیعرەکە وای کردووە پیتی میم بە شەددەوە دابنێت.
شۆر: شەڕ وشۆری و فیتنە ئەنگێزی لەو سیفەتانەیە وا لە شیعری کلاسیکماندا بە چاوی یار دراون.
چاوم!: ڕووی لە خوێنەری شیعرەکەیە.
کەوان کێشی و کەمین: فەردەکە ساکار و تێگەیشتنیشی هاسانە بەڵام کاتێ لێی ورد دەبیەوە واهەیە بپرسی کێ کەوان کێشی دەکات و کێ چۆتە کەمینەوە؟ کەوان کێشی بە واتای تیر هاویشتنە و ئەوەش کاری چاوە نەك برۆ، چونکوو چاوە تەماشا دەکات و تیری نیگا دەخات بۆ دڵی عاشق. کەوابوو، کەوان لە کەمیندایە و نێرگس تیر دەهاوێت؛ دیارە ئەنجامەکەشی دەبێتە ئەوەی چاوی نێرگس لە کەمین (بۆسە)ی ئەبرۆدایە و خەریکی شەڕە لەگەڵ عاشق.
کەوان و کەمین: جیناسێکی ناتەواویان لێ دروست کراوە.
ئەی من...: باوەکوو دڵم هەمووی بریندارێ ئەو تیر وکەوانەیە، بەڵام ئەی دیسانەکەش من بە فیدای تیر وکەوانەکە بم! من قسەیەکم هەیە لەسەر وشەی 'کاری'. ئەگەر بگوترایە دڵم هەموو زام و برینە، تێگەیشتنی هاسان بوو، بەڵام "دڵم کاری هەموو زام و برینە" یانی چی؟ خۆ کاری دڵم ئەوە نییە زام و برین دروست بکات! کەوابوو، ئەو 'کار' ە لەوێدا چ دەکات؟ واهەیە بڵێین کاری دڵم هەموو ئەوەیە بەو زام و برینانە ڕابگات و سارێژیان بکات، بەڵام ئەوە بە ڕوونی لە شیعرەکە دەر ناکەوێت. هەروەها ناتوانین بڵێین ئاماژەیە بە تەعبیری 'برینی کاریی' واتە برینی قووڵ و مەترسیدار لەبەر ئەوەی دەبێ ئەودەم بە شێوەیەکی دیکە بخوێنرێتەوە.

ئەی دڵ: لە شیعری زۆر شاعیری کورد (مەولەوی، وەفایی و...)دا هاتووە، شاعیرانی فارسیش، بە کۆن و نوێوە، زۆربەیان لە شیعری خۆیاندا هێناویانە (حافز، ئیبتیهاج و...). شاعیر بە عادەت گلەیی یان نەسیحەتی دڵی دەکات و دەڵێ ئەی دڵەکەی خۆم! مەگەر سەرەتا پێم نەگوتی وابوو و واچوو...؟ دڵ لە شیعری کۆنی ئێمەدا هەمیشە سەرەڕۆیە و بە قسەی عەقڵ ناکات. ئەو نەسیحەت و ڕێ پیشاندانەش کە دژبەری ئازادییە، بەشێکە لە کەلتووری کۆمەڵگای باوک سالاری کە تێیدا باوک (و بە گشتی نەسلی کۆن) ڕێباز بۆ منداڵ و نەسلی نوێ دیاری دەکات نەك خۆیان.
دەربەند بوون: دەربەست بوون، گوێ پێدان و خەم خواردن و بەتەنگەوەبوونی شتێك.
ناوك: فارسییە و لەو زمانەدا وەك ناوەك دەگوترێت کە 'مصغر' واتە بچووك کراوی وشەی 'ناو' بە واتای 'تیر'ە. ناوەك، دەبێتە تیری بچووك، تیرۆکە. ئەوە چاوە تیر دەهاوێت.
غەمزە: ئاماژە کردنە بە چاو. فارسییە.
سارێژ: چاك بوونەوەی برینە.
شەوە زەنگ: شەوی زۆر تاریك و ئەنگوستە چاو (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار).
ڕۆژ دەردەکەوێ: لە شیعری کۆندا زوڵف شەوە و ڕوومەتی دڵداریش ڕۆژە. بەگوێرەی شاعیر، لە تاریکی زوڵفی یاردا ڕۆژی ڕوو دەردەکەوێت و ئەوەش کاری خودای گەورەیە.
کەش مەکەش: تەرکیبێکی فارسییە: بگرە وبەردە.
ڕەحمەتی حەق: دەبێ دەرکەوتنی ڕووی یار بێت.
نازل بوون: هاتنە خوارەوە.
بە قەرینە: تێگەیشتنی ناڕاستەوخۆ و بەهۆی واسیتەوە.
تەیر: باڵندە. فەردێکی گەلێك ڕازاوەیە. چۆن تەیرێکی زۆر لە پایز و زستاندا بەرەو گەرمێن کۆچ دەکەن و پاشان لە بەهاردا دەگەڕێنەوە کوێستان، سەید کامیلیش دەڵێ **[لەم بەهارەدا]** منیش هاتوومەتەوە ئەو کێو و کەژ و مەزرا شینە.[58]
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

[58] 'بەهار'م بە هۆی شینی مەزراوە هێناوە، دەنا لە شیعرەکەدا نییە.

## تەختەی سەرئاو

سازام، بە خودا، چابوو لەگەڵ هەر خەم و دەردم
وێستام لە بەرابەر هەموو سەختیم، کە مەردم
دانیشتوو بە هەر دەشت و بیابان وەکوو تۆزم
جارێك کە لە دووی قافڵە هەستم، وەکوو گەردم
گا تۆزم و گا گەردم و گا دەردم و گا مەرد[٥٩]
بڕوانە لەگەڵ حادیسە مەردم، بە نەبەردم
بەسراوە هەموو شەشدەری دونیا لە منی زار
لەم تەختەیی سەر ئاوە نەما مۆرەیی نەردم
سەد چەل دڵی "کامیل" چەڵەمە و تەنگی وەبەر هات
بەو حاڵەوە هەر ماوە، تەماشا دڵی بەردم!
زەنبیل، ١٣١٥ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩١ ی دیوانی چاپی ئەنیسی و ١١٨ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا 'دڵی بەرد' کە ئەویش وەك ئەمیان لە ڤوکابیولەری ناو شیعرەکە وەرگیراوە. بە بۆچوونی من دڵی بەرد گەلێك زیاتر لەگەڵ ناوەرۆکی گشتیی شیعرەکەدا، کە وەستان و بەرانبەری کردنی سەخڵەتیی ژیان و کۆڵنەدانە، یەك دەگرێتەوە. تەختەی سەرئاو بێ هیواییەکی لێ دەبارێت کە لە شیعرەکەدا نییە و تەنانەت پێچەوانەکەی هەست پێدەکرێت. گەرچی دڵی بەرد واتایەکی نەرێنیشی هەیە و بۆ کەسانی دڵڕەق و بێ دەربەست دەگوترێت.
شوێن و ساڵی گوترانی شیعرەکە لە هەردوو دیواندا هەر یەکن.
لە یەکەم شیعرەکانی ئاواتە و لە تەمەنی **٣٣** ساڵیدا گوتوویەتی.

---

[٥٩] . چاپی ئەنیسی: گەه مەرد

بە بۆچوونی من یەك لە سەرکەوتووترین شیعرەکانی شاعیرە. پوخت، قورس و قایم، پڕ لە ئیستیعارە و شوبهاندنی جوان، کێشێکی سوار و ڕیتمیك، واتایەکی ئینسانی و، بە شێوەیەکیش بانگەواز بۆ خۆڕاگری و ئازایەتی و وەستان لە بەرانبەر سەختەتیی ژیاندا.
واهەیە کاتێ شاعیر دوو جار لە شیعرەکەدا خۆی بە 'مەرد' ناودەبات لە زیهنی هەندێك خوێنەری ئەمڕۆییدا واتای زاڵیەتی و گرنگایەتی پیاوی لێ وەربگیرێت، کە ڕاستیشە بەڵام 'مەردی' واتای ئازایەتیش دەبەخشێت و لەو واتایەدا بۆچوونی شاعیر زۆر جێگەی ڕەخنە لێگرتن نابێت.
بەرابەر: شێوە کوردییەکەی لە ئەدەبی ئەمڕۆدا 'بەرانبەر'ە و بەرابەر زیاتر فارسییە.
بەهەر دەشت و بیابان: شێوازێکی فارسییە بۆ 'لە هەموو دەشت و بیابانێکدا'
هەر: هەموو
گا دەردم و گا مەرد: جگە لە جیناسی ناقیس دروست کردن، پەیوەندێکی مەنتیقی لە نێوان دەرد و مەرد دا نییە. لە چاپی ئەنیسیدا لە جیاتی 'گا مەرد'، نووسراوە 'گەه مەرد' کە هەندێك فارسیترە. هەست دەکەم لە ئەسڵیشدا هەر وا بووبێت لەبەر ئەوەی ئاوات زۆری سڵ لە وشە و زاراوەی فارسی نەکردۆتەوە. هەرچۆنێك بێت، گا، یان گەه، هەردوك بە واتای جاروبارەن.
حادیسە: ڕووداو؛ دەبێ نیاز لە ڕووداوی ناخۆشی ژیان بێت.
بە نەبەرد: ئەهلی ململانی و شەڕ و بەگژداچوونەوە.
شەشدەر بەستران: زاراوەیەکی ناو یاریی تاوڵە (تەختە نەرد)ە، واتای بێ ماوە و دەرەتان مانەوە دەبەخشێت.
تەختەی سەرئاو: کینایەیە لە کەسێك کە دەرەتانی هەڵبژاردنی ڕێگا و ڕێبازی خۆی نەبێت و دیاردەیەك لە دەرەوەی ئەو، جڵەوی کاری ژیانی بۆ گرتبێت. شاعیر لە وشەی 'تەختە' ئیهامی دروست کردووە کە هەم ئاماژەی بە یاریی تەختەنەرد (تاوڵە) تێدایە و هەم بە تەختەی بەلەمە شکاوێك کە بە سەر ئاوەوە مابێت و نەزانێت شەپۆل بۆکوێی دەبات.
چەل: جار
بەو حاڵەوە هەر ماوە: سەرەڕای ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمەیەش کە تووشم هاتووە، دیسان دڵم هەر لێدەدات؛ سەیری ئەو دڵەم بکەن چ بەردە!
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

# ئاخری زەمانە

هەروا خودا خودامە کە ماوێك ببێ، دەمێ
لەو قەبرە پڕ لە ئێشەوە دەرکەم دەمێ خەمێ
ڕۆژم وەکوو شەوانە، بە تاریکی ڕادەبێ
شەو کوتر و کوێرم و نە چرایێك و نە شەمێ[٦٠]
ڕۆژم بە ئینتیزارەوە دەڕوا هەتا شەوێ
چ بکەم ئەمن؟ شەویش نە ڕەفیقێ، نە هاودەمێ
جەرگ و دڵم لەتە، لە هەناوم تکاوە خوێن
سووڕما سەرم، خودا، نە دەوایێ نە مەڵحەمێ[٦١]
سیرڕی دڵم لە بێکەسیا ڕەنگە دەرکەوێ
هەرچی دەکەم نییە، نە ئەنیسێ، نە مەحرەمێ
ڕۆژ و شەوم بە جارێ لەلا وەك جەهەننەمە
قابیز لەبەرچی نایەتە لام ڕۆحمی دەمێ؟
"کامیل"! خەریکی چی؟ مەگە نەتبیستووە دەڵێن:
بۆ ئاخری زەمانە شوکور ماویە دەمێ

ئاشی زەنبیل، ١٣١٥ی هەتاوی
(لاپەڕە ٦٠ ی چاپی ئەنیسی و ٢٤٢ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.

---

[٦٠] چاپی ئەنیسی: شەو کوتر وکوێرم، نەچرایێك نە وا شەمێ
[٦١] ئەم فەردە لە چاپی جەعفەردا نابینرێت، من لە چاپی ئەنیسیم وەرگرتووە و وێرگول (فاریزە)کانم بە مەبەستی هاسان کردنی خوێندنەوەی شیعرەکە لێ زیاد کردووە.

له شیعره سەرەتاییەکانی ئاواتە و شاعیر لە ساڵی گوترانی شیعرەکەدا **٣٣** ساڵان بووە. تەنیایی و ئینتیزار و بێ هاودەمی و بە گشتی، ڕەش بینی بە ژیان لەهەموو وشەیەکی شیعرەکە دەبارێت. ئەو ڕۆحە، کەم وزۆر هەمیشە لەگەڵ ئاواتدا بووە و تا کۆتایی ژیانی لەگەڵیدا ماوەتەوە. وەك ئەوەی هەموو کات و ساتێ چاوەڕوانی مردنی خۆی و کۆتایی دنیا بووبێت لە کاتێکدا تەمەنی ئەم دنیایە لای کەم ٤ و نیو ملیارد ساڵە و بەحیسابی زانستی، تا ئەودەمەی کە هەتاو تیشك بهاوێت و زەوی گەرم بکاتەوە، ژیان هەر دەمێنێت و ئەوە واتای چەند ملیارد ساڵی دیکە دەبەخشێت، ئیتر شاعیری ئێمە و باوەڕە ئایینییەکەی لەمەڕ قیامەت و کۆتایی جیهان و ژیان چی دەڵێن و چی دەخوازن، مەیلی خۆیانە.

خوداخوداکردن: شتێك بە ئاوات خواستن.

ماوێك: ماوەیەك. ماوێ، دەمێ

قەبری پڕ لە ئێش: لە ڕوانگەی شاعیرەوە، ژیانی خۆیەتی یان ژیان بەگشتییە.

دەمێ، خەمێ: جناسی ناتەواویان لێ پێکهێنراوە.

ڕادەبێ: تێپەڕ دەبێت

کوتر: چاوکز (کوێر بو کوتر) (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار).

هەناو: زگ، ئەوەی لە ناو زگدایە.

سەرسووڕمان: سەرسام گرتن و گێژبوون، لە شتێك بەباشی تێنەگەیشتن.

ئەنیس: هاودەم.

مەحرەم: ئەوە کەسەی وا دەتوانی سفرەی دڵتی لە لا بکەیتەووە.

قابیز: قابض الروح، بە حیسابی موسوڵمانان، عیزرائیلی مەلەکە، کە خودا ئەرکی گیان کێشانی مرۆڤ و گیاندارانی دیکەی پێ ئەسپاردووە.

دەمێ: بدەمێ، ڕۆحم بدەم بە قابیز.

مەگە: مەگەر، بۆچی مەگەر. دیارە شاعیر بە حیسابی کێشی شیعر پیتی کۆتایی وشەکەی پەڕاندووە، بەڵام لە گوتنی ئاسایی خەڵکیشدا هەندێك جار ئەم شێوازە لە وشەکە بەر گوێ دەکەوێت.

مەگە نەتبیستووە دەڵێن: لە ڕابردوودا هەر چەند ساڵ جارێك دەنگۆ بڵاو دەبووەوە کە کاتی دنیا ئاخر بوونە و نووسراوەیەکی بێ سەرە و بەرە دەست بەدەست دەگەڕا کە

فلاّنە ڕۆژ دنیا ئاخر دەبێت. ئەوە بڕوایەکی بێ بنەمای خورافییە کە لەسەر بنەمای فێرکردنە ئایینییەکان دانراوە، دیارە هیچ ئەساسێکی زانستیشی نییە.
بۆ ئاخری زەمانە: شاعیر خۆشحاڵە کە بیستوویەتی دەڵێن دەمێك زیاتر نەماوە دنیا کۆتایی پێ بێت.
دەمێ: ئیهامی تێدایە: شاعیر لەم شیعرەدا سێ جار بە واتای دەم و کات و یەکجار بە واتای پێدانی هێناوە.
دەمێ و هاودەمێ: جیناسی ناتەواویان پێ دروست کراوە.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
مضارع مثمن اخرب مكفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعيل فاعلن

## مەجنوون وەرە!

مەجنوون وەرە قوربانی سیفاتی حەسەنت بم![62]
حەیرانی سەفای نەجد و ولآتی یەمەنت بم!
کوژراوی بیابان‌گەڕیی و دەربەدریتم
شەیدایی هەموو چۆڵگە و دار و دەونت بم!
هەرجێگە گەیشتی، وەتەنت بوو لە زەعیفی
قوربانی هەموو گەرد و غوباری وەتەنت بم!
چاوت بووە ئاوپاشی چەمەنزار و گوڵستان
شەیدایی گوڵستان و بیساتی چەمەنت بم!
هەر کەس نییە وەك تۆ بە خەتاچوو لە مەحەببەت[63]
قوربانی سمی ئاهوویی سەحرای خوتەنت بم!
مردوویی قسەی خۆشم و لەهجەی نمەکینت
ئاوبردەیی نوتقی خۆشی شەککەرشکەنت بم!
بۆ هاودەمی تۆ قابیلە "کامیل" بە شەو و ڕۆژ
قوربانی ڕەش‌وڕووتی و زەعفی بەدەنت بم!

زەنبیل، ١٣١٥ی هەتاوی
(لاپەڕە ٦٤ ی چاپی ئەنیسی و ١٠٩ ی دیوانی چاپی جەعفەر)

---

عینوان لە هەردوو چاپەکەدا وەك یەکە و ساڵ و شوێنی گوترانی شیعرەکەش لە هەدوکیاندا هاوشێوەن.

---

[62] چاپی ئەنیسی: سفاتی
[63] چاپی ئەنیسی: هەر کەس نیە وەك تۆ، بە خەتا چو لە مەحەببەت

غەزەلەکە لە چاپی ئەنیسیدا حەوت فەردە لە کاتێکدا چاپی جەعفەر فەردی پێنجەمی لەخۆ نەگرتووە و شەش فەردی تۆمار کردووە. ئەوەش فەردەکەیە:

"...هەر کەس نییە وەك تۆ، بە خەتا چوو لە مەحەببەت

قوربانی سمی ئاهوویی سەحرای خوتەنت بم..."

لەبەر ئەو ڕاستییەی کە کاك جەعفەر و هاوکارەکانی هۆکاری ئەو هەڵاواردنەیان ڕانەگەیاندووە، من بە هەڵەی چاپ یان شتێکی ناگرنگی ئەوتۆی دادەنێم و هەربۆیەش لێرەدا خستۆتوومەتە ناو دەقی شیعرەکەوە. لە لایەکیترەوە واتای شیعرەکە هەندێك ئاڵۆزە و واهەیە دژ بە پاشماوەی فەردەکان بوەستێت کە دەکرێ ئەوەش هۆکارێك بێت بۆ قرتاندن و لەکۆڵ خۆ کردنەوەی.

لە یەکەمین شیعرەکانی ئاواتە و لە ساڵی گوترانیدا، کە ١٣١٥ (١٩٣٦ ی زایینی) بێت، شاعیر ٣٣ساڵان بووە.

شیعرێکی غەرامییە، تێیدا شاعیر خۆی بەرانبەر بە 'قەیسی عامیری' (مەجنوون)، قارەمانی ئەفسانەیی عارەبان کردووە کە بە تایبەت لە کوردستان و ئێراندا لە ڕێگەی مەنزوومەی لەیلی و مەجنوونی نیزامی گەنجەییەوە ناسراوە و لای کەم دوو یان سێ جار هاوشێوەی کارەکەی نیزامی لەزمانی کوردیشدا گوتراوە، کە یەکیان هی مەلا وەڵەدخانە.

شاعیر بە پێداهەڵگوتنی ناوی شوێن و حاڵەتەکانی مەجنوون، ناڕاستەوخۆ دەیەوێت بڵێ منیش کردەوەی مەجنوونیم پێ باشە و بۆ هاودەمیی ئەو باشم واتە بە کورتی، خۆیشم مەجنوونێکی ئەم سەردەمەم. ئەوە دەکرێت لەژێر تەئسیری لاویەتیدا گوترابێت (کە لەو تەمەنەدا هێشتا لێی دوور نەکوتبووەوە) یان هەر وەك زوربەی شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوینی دوای زاڵ بوونی بیری ئیسلامی، تەنیا بە خەیاڵات خۆی بە عاشق و مەجنوون زانیبێت![٦٤]

سیفاتی حەسەن: خوو و خدەی باش.

---

[٦٤] وەك چۆن زوربەی شاعیران باس لە شەراب و مەستی و چوون بۆ خەرابات دەکەن بێ ئەوەی تامی شەرابیان کردبێت یان جارێکیش چووبێتنە مەیخانە! دیارە هەندێك کەس بۆ ئەو چەمکانە واتای عیرفانی دەدۆزنەوە و شێر وڕێوییان بۆ دێننەوە کە شەراب مەجازییە و عیشق فلانە و خەرابات فیسارە و هەر هەموو ئەو چەمکانەش بە خودا و پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ئەوەوە دەبەستنەوە، واتە عیرفان.

نەجد و یەمەن و بیابان و چۆلگە: ئەو شوێنانەی عەرەبستان وا پەیوەندیان بە حیکایەتی لەیلا و مەجنوونەوە هەیە.
دار و دەوەن و چەمەنزار و گوڵستان و بیساتی چەمەن: واهەیە لەو بیابانەی وا مەجنوونی تێدا دەژیا هیچکام لەوانە هەر بوونیان نەبووبێت و تەنیا خەیاڵاتی شاعیر خوڵقاندبنی!
قسەی خۆش و لەهجەی نمەکین و نوتقی خۆش: سیفاتێکن شاعیر داونیەتە پاڵ مەجنوون. واهەیە هۆکارەکەی ئەو نەرم ونیانی و میهرەبانییە بێت کە بە گوێرەی چیرۆکەکە، لە مەجنووندا دەبینرا. نموونەیەکی ئەو کاتەیە وا لەیلی لەگەڵ تاقمی کچانی دەستەخوشکی دەچێتە سەیری سەحرا و لەوێ چاویان بە مەجنوون دەکەوێت کە بە تەنیا کاسەیەکەوە دانیشتووە، لەیلی گاڵتەی پێ دێت و کاسەکەی، واتە هەموو دارایی و مڵك و ماڵەکەی دەشکێنێ، مەجنوونی ئەویندار لەجیاتی تووڕە بوون و پێناخۆش بوون، شانازی بە کردەوەی لەیلاوە دەکات و دەڵێ دیارە لەیلا منی خۆش دەوێت دەنا چۆن زیادە لە هەموو ئەو خەڵکە، دەهات و کاسەی منی دەشکاند! ئەوە توانەوەی مرۆڤە لە ئەویندا.[٦٥]
یان ئەو دەمەی وا باوکی دەیباتە زیارەتی حەج بۆ ئەوەی لەخودا بپاڕێتەوە خەیاڵاتی لەیلا لە سەری دەربکات، مەجنوون بە پێچەوانە، ئاڵقەی دەرگای کەعبە بە دەستەوە دەگرێت و لەخودا دەپاڕێتەوە بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ ئەوینی لەیلا لەدڵیدا زیادە بکات! دەگوترێت ئەو بەشەی لەیلی و مەجنوونی نیزامی یەك لە شاکارەکانی شیعری ئەو بێت:[٦٦]
قسەیەکیشم هەیە لە سەر شێوازی نووسرانی هەندێك وشە لە هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەردا: وەك دەبینین، لە هەموو فەردەکاندا شاعیر خۆی بە کووژراو، شەیدا، حەیران، قوربان، مردوو و ئاوبردەی مەجنوون دادەنێت و بەم شێوەیە دەیەوێت بڵێت

---

[٦٥] اگر با دیگرانش بود میلی / چرا ظرف مرا بشکست لیلی؟
[٦٦] ... *میگفت گرفته حلقه در بر / کامروز منم چو حلقه بر در*
*در حلقه عشق جان فروشم / بی حلقه او مباد گوشم*
*گویند ز عشق کن جدائی / این نیست طریق آشنائی*
تا:
*گرچه ز شراب عشق مستم / عاشق تر از این کنم که هستم!...*

منیش وەك ئەوم. ئەو چەند سیفەتە هەندێك جار لە شیعرەکەدا بە شێوەی نائاسایی نووسراون و کراون بە چاوگە، بۆ نموونە، شەیدای چۆڵگە لە هەدوو چاپدا وەك شەیدایی چۆڵگە و مردووی قسەی خۆش وەك مردوویی قسەی خۆش نووسراوە.

ئەو شێوە نووسینە و دانانی /ی/یەکی ئیزافە لە کۆتاییان، لە هەندێك وشەدا جیاوازییەکی واتا دروست ناکات بەڵام لە هەندێکی دیکەدا دەیکات: ئاساییە بڵێین شەیدای گوڵستان یان مردووی قسەی خۆش؛ بەڵام شەیدایی و مردوویی لەباری ڕێزمانەوە دەبنە شتێکی دیکە و سیغەیەکی دیکە دروست دەکەن. ئێمە ئەگەر بنووسین شەیدای هەموو جۆگە و دار ودەوەنت بم، دیسانەکە خوێنەر بۆ پاراستنی کێشی شیعرەکە وەك شەیدایی دەخوێنێتەوە و ئێمە پێویست ناکات ئەو /ی/ یەی دووهەمی لێ زیاد بکەین. من لام وایە دەقی دەستنووسی شاعیر خۆیشی هەر وا بووە، لەبەر ئەوەی دوو چاپەکە هەندێك جار لەگەڵ یەکتردا جیاوازییان هەیە و ئەوەش دەتوانێت بە واتای ئەوە بدات کە بۆچوونی ئامادەکارانی دوو دیوانەکە تێکەڵ بە کاری شاعیر بوون. هەرچۆنێك بێت، ئەوە خاڵێکی گرنگ نییە و دەکرێت چاوی لێ بپۆشرێت.

هەرکەس نییە وەك تۆ بە خەتا چوو لە مەحەببەت: واتای ئەم میسراعە زۆر ڕوون نییە و وردبوونەوەی دەوێت. ئایا هەرکەس دروستە یان هەر کەس؟ ئەگەر بەسەریەکەوە بنووسرێن دەبێتە ئەوەی هەمووکەسێك وا نییە بەڵام ئەگەر بیانکەین بە دوو بەش و بڵێین هەر کەس نییە واتە بە شێوەی ڕەها یەك کەسی دیکەش پەیدا نابێت وابێ. ئەنیسی بە شێوەی 'هەر کەس' ی نووسیوە.

ئینجا، 'بەخەتا چوو لە مەحەببەت یانی چی؟ ئەگەر بڵێین کەس وەك تۆ لە مەحەببەتدا بە خەتا نەچووە، ئیتر دژ بە فەردەکانی دیکەی غەزەل وەستاوین و بە گشتی ئیدانەی عیشقی مەجنوونیمان کردووە لەکاتێکدا شاعیر بە درێژایی غەزەلەکە پەسنی ئەو مەجنوون بوون و ئەویندارییە دەدات و دەیەوێت خۆی وەك ئەو بێت. تۆ بڵێی کاك جەعفەر و هاوکارەکانیشی تەنیا لەبەر ئەم هۆکارە نەبووبێت کە فەردەکەیان چاپ نەکردووە؟

لەهجەی نمەکین: شیرین زمانی و قسە خۆشی.

نوتقی خۆشی: بۆ پاراستنی کێشی شیعرەکە باش وایە وشەی خۆش وەك 'خوەش'ی ناوچەی ئەردەڵان بخوێنرێتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نیم نووسینەکەشی بگۆڕرێت لەبەر ئەوەی شاعیر خۆی وای نووسیوە.

شەککەرشکەن: ئیستیلاحێکی فارسییە بە واتای کەسێکی شیرین زمان کە قسەکردنەکانی وەك شکاندنی کلۆقەند لەدەمدا چێژی شیرین بە بیسەر بەخشێت، نازانم کێ بووە بۆ یەکەمجار لە ئەدەبی فارسیدا کەڵکی لەو زاراوە وەرگرتووە بەڵام حافزی شیرازی (سەدەی هەشتەمی کۆچی) شانازی بەوەوە کردووە کە شیعرەکانی لە بەنگالەی هیندستان دەخوێننەوە و بە خوێندنەوەیان هەموو تووتییەکانی هیند واتە دووپات کەرەوەی شیعرەکان، شەکر دەشکێنن[٦٧]

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

[٦٧] *شکرشکن شوند همه طوطیان هند / زین قند پارسی کە بە بنگالە میرود*

# پاشای بەهار

ئەوا کاتی خەباتی بولبولانە
دەمی پشکووتنی خونچەی گوڵانە
نە تەنیا جۆگە وو جۆبارە زەنوێر[٦٨]
گوڵ و لالە لە ئاسۆگ و تەلانە
نە تەنیا هەر مرۆ بەشدارە ئەمڕۆ
دەرودەشت مەستی بۆنی سونبولانە
هەموو جێ خوار و ژووری زەرد و سوورە[٦٩]
کەسێ بێت و سەرنج دا عاقڵانە
دەزانێ بەخششی پاشای بەهارە
بەڵێ وایە عەتایی عادڵانە
هەچی زیڕووحە، شایی کەوتە نێو دڵ
زەمانی خۆشیی و چەپڵە و پلانە
لە سەر جۆگانە هەڵپەڕکێی کوڕوکاڵ
کە بەزمی بولبولانیش سەر چڵانە
هەموو دنیا سەراسەر وەك بەهەشتە
نەماوە ڕۆژی ماتەی ناو کولانە
کونەڕەش بۆ کەسێکە بێ گوڵ و دڵ
ئەوا کاتی گوڵان، جێژنی دڵانە
"ئیمامی" بانگ دەکا: ئەو جێژنە پیرۆز!

---

[٦٨] چاپی ئەنیسی: زەنویر. دەبێ هەڵەی چاپ بێت.
[٦٩] چاپی ئەنیسی: خوار وژوورە

## له کورد و کیژوکاڵی ژیکەڵانە

ئاشی چۆمی زەنبیل، ١٣١٥ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣٥ و ٣٦ ی چاپی ئەنیسی و ٢٠٢ و ٢٠٣ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "جێژنی دڵان"ە. هەردوو عینوان لە دەقی شیعرەکە وەرگیراون

لە شیعرە سەرەتاییەکانی ئاواتە، غەزەلێکی بن بزۆکەیە و لەباری ناوەرۆکەوە جیاوازە لە زوربەی شیعرەکانی دیکەی شاعیر. لێرەدا، نە باس لە مردنە و نە ترسی خودای تۆڵە ئەستێن و پردی سیڕات و ئاگری جەهەننەم! بەهارە و نوێ بوونەوەی سروشتە و دڵشادیی لاوان وشایی و هەڵپەڕکێیان لە گوندێکی کوردستان؛ هیچی تر!

نەتەنیا: نەك هەر...؛ تەعبیرێکی فارسییە و لەمێژە هاتۆتە زمانەکەمانەوە. لە هەردوو فەردی دووهەم و سێهەمی غەزەلەکەدا هاتووە و ئەو دووپات بوونەوەیەش زۆر جوان نانوێنێت.

زەنوێر: جێگەی بڵندی هەوا سازگار (هەنبانە بۆرینە)

ئاسۆگ: ئاسۆ، ئوفوق.

تەلان: بەندەن، بەرزایی کێو(هەنبانە بۆرینە)

گوڵ و لالە: وێدەچێت شاعیر چەمکی "گوڵ" ی تایبەت بە گولەباغ (ڕۆز) کردبێت. گوڵ و لالە لە ئاسۆگ و تەلانە دەبێ بە واتای ئەوە بێت کە لە سەر چیاکان و لە دوورەدەستی گوند، گوڵ شین بوون و بەدی دەکرێن.، یان سەرەتای بەهارە و دەرکەوتنی گوڵ بە شێوەیەکی سروشتی چاوەڕوان دەکرێت.

بەشدارە ئەمڕۆ: لەچیدا بەشدارە؟ شیعرەکە بە ڕاشکاوی نەیگوتووە، بەڵام هەست دەکرێت نیازی شاعیر بەشدار بوون لە ڕازاوەیی سروشت و بۆنی سونبولە.

هەمووجێ...: لە چاپی ئەنیسیدا 'هەمووجێ خوار وژووورە' هاتووە. وێناچێت جیاوازییەکی زۆری واتایی لە نێوان دوو دەقەکەدا هەبێت. دەبێ شاعیر ویستبێتی بڵێ خوار وژووری هەموو جێیەك بە ڕەنگی زەرد و سووەر[ی گوڵ] ڕازاوەتەوە. من دەقی جەعفەرم بە بێ گرێ وگۆڵتر زانی و ئەوم هەڵبژارد.

بەڵام ئایا بۆ دیتنی ئەو ڕازاوەییە پێویستە کەسێك سەرنجی عاقلانە بدات؟ ئەگەر ئەم فەردە بە فەردی دواترەوە گرێ نەدەین، تەعبیری 'عاقڵانە'ی ناو شیعرەکە مەنتیقی

نانوێنێت واته دەبێ هەست بکەین کە تەنیا بەهۆی سەروا دروست کردنەوە لەوێ قوت بۆتەوە. بەڵام با بڕوانینە فەردی دواتر:

دەزانێ...: تێدەگات. کێ تێدەگات؟ دیارە ئەو کەسەی وا عاقڵانە سەرنج دەدات (فەردی پێشتر).

بەخششی پاشای بەهار: ئاوات، بەگشتی هەموو دیاردەیەکی سروشتی و کۆمەڵایەتی بە خوداوە پەیوەند دەدات و ئەوەی لێرەدا جوانیی سروشتی بە بەخششی پاشای بەهار داناوە هەندێك لەو نۆرمە جیاوازە. لە ساڵی گوترانی ئەم غەزەلەدا، شاعیر **٣٣** ساڵان بووە و دیارە توانیویەتی واقیعی بڕوانێتە جیهان. باوەکوو سۆفیایەتی و باوەڕی ئایینی هەر بەسەر فیکریدا زاڵ بووە و هەموو دیاردەیەکی لە کاری خودادا خۆلاسە کردۆتەوە، کە دوورە لە عەینییەت و واقیعی دیاردەکان، ئەوەش بۆ نموونە لە پارچە شیعری 'مەحشەر' دا بە باشی دەردەکەوێت.

کاتێ دەبینین تەنیا ساڵێك دوای گوترانی ئەم شیعرە، شاعیر لە شیعری مەحشەردا دەگەڕێتەوە سەر حولـلەی مەرەسێ و گوناە و تۆبە و ئاگری دۆزەخ و داوای لێبووردن لە 'شفیع المذنبين'، هەندێك بۆمان سەمەرە دەنوێنێت، بەڵام ئەوە باوەڕە و هەیە و هیچی لەگەڵ ناکرێت.

زیڕووح: 'ذي الروح' ی عەرەبییە، گیاندار.

پلان: کۆی 'پل' ە، پل لێدان یان پلە لێدان، چەقەنە لێدانی کاتی گوێگرتن لە گۆرانی بن بزوێن و سەما و هەڵپەڕکێ.

هەڵپەڕکێ لەسەر جۆگەی ئاو: ئەگەر کوڕان لەسەر جۆگە ئاو گەڕی هەڵپەڕکێ ببەستن، کە دیارە بەستوویانە، هۆکارەکەی دەبێ یەك لەم دوانە بێت:

کچانیش دێنە سەر کانی و جۆگەئاو، ئەودەم دەستی کوڕان دەگرن و دەبێتە ڕەش بەڵەك کە دابێکی کوردانەیە؛

چوونە سەر ئاو و ڕووناکایی واهەیە پاشماوەی ڕەسمێکی دێرینی میترایی بێت کە دەبێ تا ئێستاش لە گوندەکانی ناوچە و لە ناو گەلەکەماندا مابێتەوە.[٧٠]

ماتە: ماتەگرتن، کز و مات لە شوێنێك دانیشتن.

---

[٧٠] بۆ زانیاری زیاتر لە سەرر پەیوەندی ئاو و ئایینی میترایی لە ناوچەی بۆکان، بڕوانە : ئەنوەر سوڵتانی، "بۆکان، شوێنەوارێکی میترایی و یادگارێکی ژن-خودای ئاناهیتا"، لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەلات- بۆکان (بەشی نووسەران).

کولانە: بەگشتی، شوێنی تەنگەبەری مریشك و کەڵەبابە لە ناوماڵدا، بەڵام لێرەدا ماڵی مرۆڤیشە. شاعیر، کە دەبێ لە درێژیی ماوەی زستان و لەناوماڵ دانیشتن جاڕز بوویێت، چوارچێوەی بەرتەنگی ژووری ناوماڵی بە کولانە شوبهاندووە.

کونەڕەش: زیندان. لێرەشدا هەمیسان شاعیر ناو ماڵی بە زیندان شوبهاندووە. دەبێ ئاوات زۆر هەڵوەدای سروشت و دەشت ودەر و دژی دانیشتن لە ناو ماڵ بوویێت.

ئەو جێژنە پیرۆز! وادیارە شیعرەکە بۆ نەورۆزی ساڵی ١٣١٥ ی هەتاوی (١٩٣٦ ی زایینی) گوترابێت. شاعیر دوای پەسنی بەهار، پیرۆزبایی نەورۆز لە گەلی کورد و لە کچانی ژیکەڵانە دەکات.

ئاشی زەنبیل: یان "ئاشی چۆمی زەنبیل" ئاواییەکی بچووك بوو بە ژمارەیەکی زۆر کەمی ماڵە ڕەعیەت و موریدەوە لە نزیك گوندی زەنبیل. ئەویش ملکی هەمان بنەماڵەی سەیدی زەنبیل بوو(نازانم ئێستا چۆنە). لە ژیننامەی سەرەتای کتێبی "شاری دڵ" دا، هاتووە: "سەید کامیل پاش وەفاتی باوکی، ساڵی ١٣١٣(١٩٣٤) دەچێتە ئاشی چۆمی زەنبیل و ساڵێك لەوێ نیشتەجێ دەبێ، پاشان بەشێوەیەکی ڕەسمی لەگەڵ کاکی، یانی سەیدی زەنبیل ماڵ جودا دەکاتەوە." (ل. ٤٠). لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەشدا هاتووە: "... سەید کامیلیش لە پەنا ماڵان چەند چاوەخانوویەکی پێکەوە ناوە و ماوەی ساڵێکی لێ ژیاوە". ئەو زانیارییانە لەگەڵ ساڵی گوترانی شیعرەکەدا کەم و زۆر یەك دەگرنەوە، بەو جیاوازییەوە کە دەبێ لەنێوان ١٣١٣ و ١٣١٥ دا، زیاتر لە ساڵێك، لەوێ ژیابێت.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

## بۆ ئاگاداری

له هەست و خوست و خورپە و خەیاڵات
له نووره و نووزەی حەیوان و ماڵات
له خشه ومشه و گرمه و ناڵەناڵ
له چوونی شەو و ڕۆژ و مانگ و ساڵ
له سەرما و گەرمای زستان و هاوین
له عاشق و مەعشووق، له تینی ئەوین
له تاڵی و سوێری ، له خراپ و چاك
ئازا و بێ غیرەت، له پاك و ناپاك
له زۆر و لەکەم، له خۆش و ناخۆش
له زانا و نەزان، بەهۆش و بیهۆش
له گوڵ و بولبول، باغ و گوڵزاران
له شنەی خۆشی کاتی بەهاران
تۆ ئاگاداری خوای تاق و تەنیا
خوای خاوەن کەرەم، بێ وێنە و هاوتا!

زەنبیل، ١٣١٦ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٠٣ و ٢٠٤ ی چاپی ئەنیسی و ٣٣٤ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە له هەردوو چاپدا وەك یەکە.
غەزەلێکە له پەسنی خودادا گوتراوە، شاعیر لەڕێگەی ڕیزکردنی هەندێك سوغرا و کوبڕاوە، بە خودا و زانیاری و تواناکانیدا هەڵدەڵێت. سەرەتا هەندێك دیاردەی هاوچەشن (مراعات النظیر) و دژ بەیەك (متضاد) لەگەڵ یەکتردا ڕیز دەکات بێ ئەوەی بە خوێنەر بڵێ ئەم کارە بۆچی دەکات واتە خوێنەر له چاوەڕوانیدا دەهێڵێتەوە بزانێ

کەی ئامانجی قسەکانی دەست نیشان دەکات ئینجا لە فەردی مەقتەعدایە کە دەڵێ خوای تاق و تەنیا تۆ لە هەموو ئەو شتانە ئاگاداری!
بەشێك لەو سیفەتانەی وا لە شیعرەکەدا هاتوون "ئیسمی دەنگ"ن. دەگوترێت لە زمانی ناکامڵ و پاشکەوتوودا ئیسمی دەنگ زیاترە لە زمانە پێشکەوتووەکان. ئیتر نازانم کوردی لەو ئیسمی دەنگانەی زۆرن یان کەم! نووڕە، نووزە، خشە، مشە، گرمە و ناڵەناڵ لەو چەشنە ناوانەن.
خوست: هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار ئاوای واتا بۆ لێداوەتەوە: "جووڵە، بزووتن (هەست و خوست)".
مشە: دەنگی هەناسە لە کەپۆدا (هەنبانە بۆرینە).
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
متقارب مثمن اثلم (هجایی): فع لن فعولن // فع لن فعولن

## مەحشەر

خاڵی نوستوو! هەستە، بەستە؛ ئێستە ڕۆژی مردنە!
کاتی لێك جیابوونەوەی چاکە و خراپە کردنە[٧١]
گوێت لە دەنگی نەفخی سوورە، لێدەدا، ئاگات دەکا
پێت دەڵێ حەشرە، لە ترسان شێری نەڕ هەروەك ژنە
چاوەڕێ بن، وا تەرازووی خێر و شەڕ هاتۆتە گۆڕ
سەگ بە حاڵی ئەو کەسەی خێری بە قەد خێری منە![٧٢]
باڵی ئاڵای کێیە ئەودەم سەدهەزار چاك و خراپ
دەچتە ژێر سایەی، لەوێدا چاوەڕێی لێبووردنە
ئەحمەدی موختارە، شیرین سوارە، ئەو سەردارەیە
ڕووی لە هەرکەس بوو، لەوێدا کاروباری ڕۆشنە
ئەی "شفیع‌المذنبین"! دەستی من و داوێنی تۆ
دێمە ژێر ئاڵات و ڕێم کە، گەرچی ئیحسانم ونە
وەك دەڵێن ئەمنیش لە نەسلی پاکی تۆم، ئەمما ئەمن
ڕووڕەش و خاوەن گوناهم، کارم ئارەق ڕشتنە
ئاگری دۆزەخ نەبێ، ناتوێتەوە ئەو مارزە
لێی گەڕێ بتوێتەوە، با ساف بێ هەروەك ئاینە

زەنبیل، ١٣١٦ی هەتاوی
(لاپەڕە ١١ و ١٢ ی چاپی ئەنیسی و ٢٠٤ ی چاپی جەعفەر)

---

[٧١] چاپی ئەنیسی: چیاکردنەوەی
[٧٢] چاپی ئەنیسی: بەقەت

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "ئارەق ڕشتن"ە، کە لە دێڕی حەوتەمی غەزەلەکە وەرگیراوە. مەحشەر و زیندووبوونەوە لە ڕوانگەی ئایینەوەش ناوەڕۆکی سەرجەمی شیعرەکەیە.

ئەم غەزەلە، تەنیا یەك ساڵ دوای غەزەلی پاشای بەهار گوتراوە، بەڵام لەباری ناوەڕۆکەوە وەك ئەوە دەچێت کە پەنجا ساڵ دواتر و لە سەردەمی پیری و پەککەوتوویی کەسێکی ئیمانداردا گوترابێت! ئەویان دونیایەکی پڕ لە شادی و خۆشی دەهێنایە بەردەم خوێنەر بەڵام ئەمیان نەفخی سوور و حەشر و گوناە و تۆبە و ئاگری دۆزەخ و پاڕانەوە بۆ لە گوناە خۆش بوون! ئەو جیاوازییانە ڕەنگە بکرێت بەم شێوەیە لێك بدرێتەوە کە ئاوات وەك مەلا و سەیدێکی شیخ زادە، کە خۆیشی هەر بە شێخ دەزانرا و دەستی ماچ دەکرا[٧٣]، لە هەرەتی لاویەتییەوە شێخ و مەلا و تۆبەکار بووە و بە چاویلکەی ئەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەشەوە ڕوانیویەتە جیهان. بەڵام لە عەینی کاتدا عاشقە سروشت و دەشت و دەریش بووە و لە پەسنی بەهار و باغ و گوڵ و ئاودا شیعری گوتوون، وەك چۆن لە بەرانبەر هەل ومەرجی سیاسیی کوردستان و ناوچەکەشدا بەرپرس بووە. بەکورتی، ئاوات ئەگەر سۆفیش بووبێت، سۆفییەکی ویشکی ناو قابغی بەرتەنگی خانەقا نەبووە کە بێ خەبەر لە جیهان بێت و تەنیا 'حووی ئەڵڵا' بزانێت و بەس!

خاڵی نوستوو: ڕووی شاعیر لە خۆیەتی. بەڵام سەیر نییە کەسێك لە تەمەنی ٣٤ ساڵیدا بەخۆی بڵێت ئیتر ژیان بەسە و کات و ڕۆژی مردنتە؟ بنەمای ئەو بۆچوونە دەبێ ئەو دیاردەیە بێت کە پێی دەگوترێ سۆفیایەتی و ئایین!

هەستە، بەستە و ئێستە: جیناسێکی ناتەویان لێ دروستکراوە و تێیاندا مۆسیقای داخڵێی پیتی /ت/ دەگاتە گوێ.

لێك جیاکردنەوە...: ئاماژەیە بە دوای مردن و ڕۆژی حەشر.

نەفخی سوور: شەیپووری فریشتە ئیسرافیل، کە بە گوێرەی ئیسلام، هەواڵی داهاتنی ڕۆژی قیامەت دەدات.

شێری نەڕ...: ئەوە ڕوانینێکی نابەجێیە بە ژێندردا. ئەمڕۆ ئەو چەشنە هەڵاواردن و جیاوازیدانانە ، کارێکی ناپەسندە و پێویستە هونەرمەند و دەست بە قەڵەمی کوردیش خۆی لێ بپارێزن. شاعیر ویستوویەتی بڵێ هەیبەت و ترسی ڕۆژی حەشر بە ڕادەیەك

---

[٧٣] ناسناوی 'کامیل شا' ی ئاواتیش هەر لەوەوە دێت.

زۆره که شێری نێریش لیی دەترسێت و کز دەبێت، بەڵام ئەوەی له قاڵبی بەراوردکاریی هێزی فیزیکیی شێر و ژندا دەربڕیوە، که سەد بریا وای نەکردایە.
تەرازووی خێر و شەڕیش هەر بەشێکه لەو ئەفسانانەی وا هەڵبەستراون و بەگوێرەی ئەوان، دەبێ له ڕۆژی قیامەتدا خودا به قەپانێکەوە له سەحرای شام دابنیشێت و یەکه یەکه کرداری ڕابردووی خەڵکەکه هەڵسەنگێنێت و بزانێ تای تەرازووی چاکه و خراپەی کێ قورسترە تا حەواڵەی بەهەشت یان جەهەننەمی بکات. ئەوانەی ئەو میتۆلۆژییانەیان خوڵقاندووە کۆپیی تەرازووی سەر دووکانی وردە فرۆش، یان قەپانی قەپاندارێکیان داوەته دەست خودا و ئەو شانۆیەیان پێك هێناوە، ئەوە هونەرێکی بەتەواوەتی سووررِیئالیستییه و شاعیری ئێمەش هەمووی به ڕاست وەرگرتووە.
گۆڕ: گۆڕایی، دەشتایی و زەوینی تەختی سەر بەرزایی چیا.
سەگ بەحاڵ بوون: ئاماژەیه بەو بەدبەختی و بێچارەییەی وا سەگ له کۆمەڵگای ئێمەدا هەیەتی که بریتی بێت له بێ بەشبوون له خێر و خۆشی و لێدران و دارکاری و دەرکران له ماڵ و به برسیەتی لەکۆڵانان خەوتن. ئێمه تەنانەت منداڵەکانیشمان فێر ناکەین لەگەڵ سەگ و پشیلەی هەژاردا به بەزەیی بن.
باڵی ئاڵا: ئاڵا، عەلەم، پەرچەم. ئاماژەیه بەو قسەیەی که له ڕۆژی حەشردا هەر پێغەمبەرێك ئاڵای خۆی به دەستەوە دەگرێت و شوێنهەڵگرەکانی دەچنه ژێر عەلەمی ئەو؛ جا پێغەمبەرەکه له لای خودا بۆیان دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی له گوناهیان خۆش بێت و نەیاننێرێته جەهەننەم. ئەو شانۆیەش کارێکی هونەرییه و زیهنێکی هونەرمەند توانیویەتی بیخوڵقێنێت دەنا کامه دەشته لەو دنیایەدا که ملیاردەها خەڵکی هەزاران و هەزاران ساڵی تێدا کۆببێتەوە و چۆن لەوێ ئاڵای خۆیان بناسنەوە و بچنه ژێری و چۆن ئەو هەموو خەڵکه یەکەیەکه هەڵسەنگێنرێن و لێك جیا بکرێنەوە؟ پاشانیش بچنه چ دەشتاییەك که بەهەشت بێت! ئەو حیکایەتانه تەنانەت لەگەڵ باوەڕ به خودایەکی زانا و شارەزای ئەسراڕی مەخلووقدا یەك ناگرێتەوە.
باڵ: لایەن
ئەحمەدی موختار: پێغەمبەری ئیسلامه. ئاماژەیه بەو ڕیوایەتەیه که ئەگەر پێغەمبەری ئیسلام ڕێگه به هەرکەسێك بدات بچێته ژێر عەلەمی، ئیتر ئەویش لای خودا شەفاعەتی بۆ دەکات و له ئاگری جەهەننەم ڕزگاریی دەبێت. کاروباری ڕۆشنه، واته ئەنجامی باشه و دەبرێته بەهەشت.

شفیع المذنبین: شەفاعەتخوازی تاوانباران، پێغەمبەری ئیسلام.
ئیحسانم ونە: چاکەم دیار نییە، واتە چاکەم نەکردووە و ئەوی کردوومە هەموو هەر خراپە بووە.
نەسلی پاکی تۆ: ئاماژەیە بەوەی ئاوات سەید بووە و دەگوترێ سەیدیش ئەولادی پێغەمبەری ئیسلامن، هەربۆیەش پێی گوتراوە 'سەید کامیلی ئیمامی'. بەڵام ئەوەی جێگەی بیر لێکردنەوەیە ئەو بەشەیە وا گوتوویەتی: "وەك دەڵێن..." ئەو وەك دەڵێنە یانی چی؟ ئاوات کە مرۆڤێکی خوێندەوار بووە، دەبێ زانیبێتی ئەولادی پێغەمبەر دەبێ لە ڕەگەزی سامی بن و کەسێکی وەك ئەو کە ئارییایی، یان لە ڕەگەزی قەومە کۆنەکانی ناوچە وەك گۆتی و لۆلۆبی و ماننایە، ناکرێ سەید و ئەولادی عەرەبێکیش بێت.
کارم ئارەق ڕشتنە: لە پەیوەندی وشە و عیبارەتی پێشتردایە کە دەڵێ من ڕووڕەش و خاوەن گوناهم، هەر بۆیەش خەجاڵەت دەکێشم. ئەو ئارەقە ئارەقی خەجاڵەتی و شەرمەزارییە.
مارِز: لاسار، کەلـلە ڕەق و گوێ نەبیست.
ناتوێتەوە ئەو مارِزە: کێیە ئەو مارِزە؟ من جگە لە خودی شاعیر هەست ناکەم ئاماژەی بە کەسێکی دیکە تێدا بێت. ئاوات لە سەرکۆنەکردنی خۆیدا سنوور ناناسێت و بە هەموو شێوەیەك خۆی بچووك دەکاتەوە و بە تاوانبار لە قەڵەم دەدات. لێرەدە دەڵێ کەسێکی وەك من، کە گوێ نەبیست و لاسارم، بە هیچ ئاگرێك ناتوێمەوە و قاڵ نابم واتە پاك نابمەوە بە ئاگری جەهەننەم نەبێت، کەوابوو ئەی شفیع المذنبین، تکایە لە شەفاعەت کردنم دەست هەڵبگرە، با بکەومە جەهەننەمەوە بەڵکوو لەوێدا بتوێمەوە و لە ڕێگەی ئەو توانەوەیەوە ئاوێنەی دڵم ساف و بێگەرد بێت.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# پێ پەستم

وەك قەڵەم دایمەن سیاکارم[٧٤]
بۆیە بەو زولفی تۆوە دڵ بەستم
گەرچی پیرم، بە عیشقی تۆ سەیرە
کەچی جوانە کەلام و هەڵبەستم
چاوەکەم! چاوی تۆ بە وشیاری
دەڕفێنێ دڵم، دەڵێ مەستم!
چوومە باغی گوڵان و لێی کەوتم
وەك جلە، بێ‌سەدا و پێ‌پەستم
بەڵکوو تۆ بێیتە باغ بە سەر مندا
ڕابری؛ بۆیە مات و بێ‌هەستم
بە ڕەقیبی سەگم بڵێ بەس بێ!
هێندە هات ئەو لە دووم، لە پێی خستم
دەچمە کێوان دەڵێم منم مەجنوون!
وێڵی مەعشووقەیێکی ژێردەستم
وەکوو چۆن "قەیس"ی کردە ماڵوێران
ئەمنی خست لە پێ کە هەڵنەستم
بمکوژێ و بمبڕێ بە خەنجەر و شیر
وەك "ئیمامی" لە پێشی ڕاوەستم

گەردیگلان، ١٣١٧ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٨ و ٤٩ ی دیوانی چاپی ئەنیسی و ١١٩ ی چاپی جەعفەر)

---

[٧٤]. چاپی ئەنیسی و جەعفەر: داییمەن

عینوانی شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا 'سیاکار'ە کە ئەویش وەك ئەمیان لە وشەگەلی ناو شیعرەکە وەرگیراوە. من 'سیاکار'ی چاپی ئەنیسیم پێ جوانە بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە لە فەردی یەکەمی شیعرەکە وەرگیراوە و ئەو فەردە لەوانیتر ڕازاوەتر و ناسکتر دەبینم. بەڵام زیاتر پێم باشە لەسەر پێ و شوێنی دیوانی جەعفەر بڕۆم و بە تایتڵی جیاجیا سەر لە خوێنەر نەشێوێنم.

شوێن و ساڵی گوترانی شیعرەکە لە هەردوو دیواندا هەر یەکن.

لە شیعرە سەرەتاییەکانی ئاواتە و لە تەمەنی ۳۵ ساڵیدا گوتوویەتی.

شیعرێکی ساکارە لە بەحرێکی ساکار و ڕەواندا گوتراوە، وشەی ساکاری تێدا بەکار هێنراوە و ئیستعارە و تەشبیهاتی کەم بەڵام جوانی هەیە بە شێوەیەك کە تا ڕادەیەك بە شیعرێکی 'سهل و ممتنع'ی دەزانم.

هەست دەکەم مەتلەع، واتە فەردی یەکەمی غەزەلەکە داکەوتبێت و فەوتابێت لەبەر ئەوەی بە عادەتی شیعری کلاسیك دەبوایە دوو میسراعی فەردی یەکەم سەروای هاوچەشنیان بێت کە لێرەدا ئەوە نابینرێت. 'سیاکارم' لەگەڵ 'هەستم' ناتوانن پێکەوە دابنرێن. مەسەلەکە چییە، نازانم.

وەك قەڵەم...: شوبهاندنێکی زۆر جوانە. بەعادەت، قەڵەم بە ڕەنگی ڕەش دەنووسن و ڕەشی بڵاو دەکەنەوە، هەر بۆیەش شاعیر بە سیاکاریان ناودەبات و دەڵێ من کە دایم دڵم بە زولفی یارەوە بەستووە و ئەویش ڕەشە، کەوابوو هەمیشە وەك قەڵەم، کارم سیاکارییە.

جوان: ئیهامی تێدایە. واتا نزیکەکەی نزیکی 'ڕازاوە'یە بەو مانایەی کە شیعرەکانم ڕازاوە و جوانن. بەڵام واتای دووری 'گەنج و لاو'ە کە دەتوانێ ئەوە بێت سەرەڕای پیری و بە ساڵاچوویی خۆم، بە هۆی عیشقی تۆوە، قسە و هەڵبەستم لاو و گەنجن. لەبیرمان نەچێت وشەی 'گەنج' لە واتای 'لاو'دا تورکییە و کوردی نییە.

عیشق: ئەوین. لە باشووری وڵات لە ژێر کارتێکەریی زمانی تورکیدا وشەکە شێوازی 'عەشق' ی بە خۆیەوە گرتووە.

چاوەکەم...: تەنزێکی نەرمی تێدایە. چاوت بە وشیاری دڵم دەدزێت بەڵام پاشان دەڵێ سەرخۆش بووم و نەمزانی!

لێی کەوتم: ڕاکشام

جلە: دەبێ ڕیشەی داری قەراغ ئاو بێت گەرچی لە هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژاردا واتای دیکەشی بۆ لێدراوەتەوە وەك گیایەكی سەرئاوی وەك قەوزە و تەنانەت جانەوری بچووكی ناو ئاو و هەشت پێ. هەركام لەوانە مەنزووری نەزەری شاعیر بوویێت دەبێ واتای بەرپێ کەوتوویی پێشێلکراوی و بێ هەست و خوستیشی تێدا بێت.

پێ پەست: پێخوستکراو. واتایەكی دیکەی وشەی پەست، نزم بوونە. پێ پەست دەبێ کەسێکی بێدەنگ و سەدا و گۆشەگیری لە کۆمەڵگادا زۆر بە هەند وەرنەگیراو بێت.

بەڵکوو تۆ...: ئەم فەردە لە پەیوەندی فەردی پێشتردایە و دەڵێ من بۆیە خۆم پێ پەست و پێخوست کردووە کە تۆ بێی و پێ لە سەر سەرم دابنێی.

ڕەقیبی سەگ: شاعیر لە ڕەقیبی عیشقی خۆی زۆر تووڕەیە و هەر بۆیەش سیفەتی سەگی پێدەدات کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا سووکایەتی تێدایە.

لەپێی خستم: ماندووی کردم، توانای ڕۆیشتنی بۆ نەهێشتم.

مەعشووقەیەكی ژێردەست: کێیە ئەو دڵدارەی شاعیر کە ژێردەستەیە؟ ئایا تاکێکە؟ خۆ بەگشتی هەموو کچ و ژنێکی کۆمەڵگای سوننەتی ئێمە ژێر دەستەن! چی دیکە دەتوانێ ببێت؟ بڵێی نیازی بە گشتی 'کچی کورد' وەك بەشێك لە کۆمەڵگای کوردی ژێردەستی بێگانە نەبێت؟

قەیس و مەجنوون: ئاماژەیان بۆ حیکایەتی لەیلا و مەجنوون تێدایە.

بمکوژێ و...: واتای هەردوو ڕستەی ناو فەردی کۆتایی، ڕوونە بەڵام لەباری ڕێزمانەوە دەبوایە کرداری داهاتووی 'ڕادەوەستم' بوایەت کە دیارە شاعیر بەهۆی کێشەی 'کێش'ەوە ئەوەی بۆ نەکراوە و بە 'ڕاوەستم' ی نووسیوە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

خفیف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن مفاعلن فعلن

## بەختی خەواڵوو

ئەو بەختی خەواڵووی من، تاکەی وەخەبەر نایە؟
من پیر و لەگوڕ کەوتوو، ئەو کۆرپە و ساوایە[٧٥]
ئەو قەت وەخەبەر نایە، من نایە بەلاما خەو
ئاگان لە من ئەوشۆکە، ئەستێرە و هاوسایە[٧٦]
من وا لە ووتان کەوتم، ئەو هەر لە گوڕوگاڵە[٧٧]
جارجار لە خەوا دەیکا بۆ خاتری، لایلایە
لایلایەیی ئەو کۆرپە، ناڵەی دڵمە بۆ وی
شێتە وەکوو مەجنوونە، بێجێگە و مەئوایە
لەیلایە مەرامی وی، نایبینێ هەتا ماوە[٧٨]
تا جانەوەران خۆش بن، هەر مەیلی بە سەحرایە
ئەم خانووە پڕ مەینەت، ئەم قۆنجرە ڕووخاوە
چوارچێوەیی ناقایم، نێوی چییە؟ دونیایە![٧٩]
ژێر ئەو کەسەیە دەستی هەڵگرتبێ لەم دونیا
کاسێکی بەتاڵە ئەو، هەمبانەیی پڕبایە
وەك هۆنەری زوو فەرمووی: سەرپاکی گڵاون ئەم[٨٠]
ئەولا بگرە "کامیل"، دەست هەڵگرە لەم لایە!

---

[٧٥] چاپی جەعفەر: لە گۆڕ کەوتوو. هەروەها، چاپی ئەنیسی و جەعفەر:کۆرپە وو
[٧٦] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: ئەستێرە وو هاوسایە
[٧٧] چاپی جەعفەر: وتان
[٧٨] چاپی جەعفەر: مەڕامی
[٧٩] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: ناقاییم
[٨٠] چاپی ئەنیسی: زو

گەردیگلان، ١٣١٧ی هەتاوی
(لاپەڕ ٣٩ و ٤٠ ی چاپی ئەنیسی و ٢٢٢ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکەی چاپی ئەنیسی "کاسەی بەتاڵ"ە و لە فەردی حەوتەمی غەزەلەکە وەرگیراوە.

تەعبیری "بەختی خەواڵوو" لە شیعری شاعیرانی دیکەشماندا هاتووە. بۆ نموونە، حاجی قادری کۆیی لە قەسیدە ناسراوەکەیدا دەڵێ:

*"گوتم بە بەختی خەواڵوو: بەسە ئەتۆ بی خودا*
*لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەو لا..."*

دیارە "ئەولا" بۆ حاجی قادر، کوردستان بووە لە بەرانبەر ئەستەموولدا. لە فەردی کۆتایی ئەم شیعرەشدا ئاوات هەمان تەعبیری 'ئەولا' دەهێنێت بەڵام نیازی لە دنیای ئاخیرەتە (ئەوەی وا ئایینەکان موژدەی بە خەڵك دەدەن).

یەك لە شیعرەکانی ئاواتە کە تێیدا هەمان ڕەش بینی نیسبەت بە دونیا و ژیانی ئەم دونیایە بە ئاشکرا دەبینرێت. شاعیر لە ساڵی گوترانی شیعرەکەدا تەنیا ٣٥ ساڵی تەمەن بووە بەڵام وەك پیرێکی لە جێگەدا کەوتوو، دونیای بە 'خانوویەکی پڕ مەینەت'، "قونجرێکی ڕووخاو"، کاسەی بەتاڵ" و هەمبانەی پڕ با" ناو بردووە و بانگەوازی ئەوە دەدات خەڵکیش دەستی لێ هەڵبگرن لەبەر ئەوەی 'سەرپاکی گلاوە' و لەجیاتییان، "ئەولا" واتە قیامەت بگرن. وەك دەبینین بیرۆکەی سۆفیایەتی بە سەر شیعرەکە و ڕێبازی فیکریی شاعیردا زاڵە. ئەو بۆچوونە، خەڵك لە کار و هەوڵ و خەبات و خۆشیی ژیان دوور ڕادەگرێت.

لە چەند شیعری دیکەشدا دەبینین کە ئاوات خۆی لە عەقڵ و دڵی خۆی جیا دەکاتەوە و لەبەرانبەریان ڕادەوەستێت و دەکەوێتە جوابە جەنگێ. لێرەشدا هەمان کێشە، ئەمجار لەگەڵ بەختی خەواڵوویدا هەیە.[81]

سەرجەمی ئەم غەزەلە ٨ فەردە. پێنج فەردی یەکەمی غەرامییە و شاعیر تێیدا باس لە ژیان و دڵدار و بەختی خۆی دەکات کە نووستووە و ناهێڵێت بگاتە ئاواتەکانی. بەڵام لە سێ فەردی دواییدا کوتوپڕ بابەت و ناوەرۆکی شیعرەکە دەگۆڕێت و ئەمجار دنیا دەبێتە شتێکی خراپ و پیس و گلاو، کە دەبێ لێی دوور بکەویەوە و خۆت بۆ ئەولا

---

81 مامۆستا هەژاریش شیعری "دەمەتەقەی عەقڵ و بەخت" ی هەیە کە لەوێشدا بەختی کورد "قەڕنەهایە خەوتووە". بڕوانە کۆمەڵە شیعری "ئاڵەکۆك".

ئامادە بکەیت کە ڕۆژی قیامەتی ئیماندارانە! ئەو گۆڕانکارییە بە بێ پەیوەندیکی ڕێکی مەنتیقی و بێ ڕاگەیاندن هاتۆتە ئاراوە و ئێمە ناتوانین بزانین بۆچی لەپڕ ئەویان دەبێ بە ئەم. ڕاست وەك ئەوەی دوو غەزەلی جیاواز لەیەکتر بن و مۆنتاژ کرابێتن! تۆبڵێی ئەو سێ فەردەی ساڵانێك دواتر لێ زیاد نەکردبێت؟

گوڕ: هێز و توانا. چاپی جەعفەر وەك 'گۆڕ' ی تۆمار کردووە. بەڵام من بەتەواوەتی لەگەڵ شێوازی چاپی ئەنیسیدام کە دەڵێ "لەگوڕ کەوتوو" و ئەو تەعبیرە لەگەڵ "پیر"دا دەهێنێت. پیر و لەگوڕ کەوتوو دووچەمکی تەواو یەکگرتوو و هاو واتان. باوەکوو لەبەرچاوی هەندێك کەس پیر لەگەڵ "لەگۆڕ کەوتوو"شدا دێتەوە، بەڵام شێوەی یەکەم پڕ بە پێستە و من ئەو هەڵدەبژێرم، مەگەر شاعیر خۆی وای نووسیبێت و بەوبارەیدا گۆڕیبێت، کە دیارە ئەودەم مافی خۆیەتی.

کۆرپە: منداڵی ساوا و سەرلانکان

ئەو قەت وە خەبەر نایە...: ئەو 'تضاد'ەی وا شاعیر لە نێوان دوو لایەنی چەمکی خەو دروستی کردووە، گەلێك جوانە: یەکەمیان ئەوەندە دەخەوێت کە وەخەبەرهاتنەوەی نییە و ئەویش بەختی شاعیرە؛ بەڵام دووهەمیان هەر خەوی بەچاودا نایەت، کە شاعیر خۆیەتی!

لەم فەردەدا ئاوات بە شێوەزاری ئاسایی خۆی، کە هی ناوچەی بۆکان و دەوروبەریەتی، قسە دەکات؛ بەڵام لە عەینی کاتدا "نایە بەلاما" دێنێت کە هی بەشی سەقزە و "ئەوشۆکە"ش کە هی ناوچەی مەهابادە و 'هاوسایە' کە نیوە فارسی و نیوە کوردییە!

من وا لە ووتان کەوتووم: من [لە بەر پیری؟] لە قسە کەوتووم، بەڵام ئەو تازە هەڕەتی منداڵییەتی!

ئەو کێیە؟ بەختی خەواڵووی شاعیرە یان دڵدارەکەی؟ گەرچی باوەڕ ناکەم شاعیر "دڵدار"ەکەی خۆی وا گورج و گومبەت و بێ ناساندن هێنابێتیە ناوشیعرەکەوە. بەڵام دیسانەکەش هەر زیاتر وێدەچێ دڵدار بێت نەك بەختی خەواڵوو.

جار جار لە خەوا دەیکا بۆ خاتری لایلایە: کێ لایلایە بۆ خاتری کێ دەکات؟ ئەوەی ڕوونە ئەوەیە بەخت کە هەمیشە خەوتووە، لە خەودا جار جار لایە لایە دەکات، بەڵام بۆ کێ؟ بۆ من کە ئاواتی شاعیرم؟ یان بۆ دڵدارەکەم؟ بۆ وەڵامی پرسیارەکە با پەلە نەکەین و بچینە سۆراغی دوو فەردی دواتر:

لایلایەیی ئەو کۆرپە...: کۆرپە، بەگوێرەی فەردی یەکەمی شیعرەکە، بریتییە لە بەختی خەواڵووی شاعیر و لایلایەکەش لە ڕاستیدا ناڵەی دڵی شاعیرە. بەڵام ئەو ناڵەیە بۆ کێیە؟ بۆ "وی"! ئەو 'وی'یە دەتوانێ کێ بێت جگە لە دڵداری شاعیر؟ کەوابوو، لایلایەی ناو فەردی پێشتریش بۆ دڵدارە و بەختی خەواڵووش جارجار لە خەودا لایلایە بۆ ئەو دەکات! هیوادارم ئەو شێر ورێوییەی هێنامەوە، مەسەلەکەی ڕوون کردبێتەوە!

شێتە وەکوو مەجنوونە...: کێ شێتە؟ دڵی شاعیر!

لەیلایە مەرامی وی...: "وی" واتە ئەو، لێرەدا دڵی شاعیرە و مەرامی ئەو دڵەش، لەیلایە چونکوو شاعیریش وەك مەجنوونە و شوێنی ژیانی نییە.

مەئوا: جێگە و شوێن. واهەیە شاعیر ویستبێتی ئاماژەیەك بە "جنت المأوی" ی ناو قورئان[82] بکات.

تا جانەوەران خۆش بن: تا جانەوەران بژین و ببن.

قونجڕ: هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار بە چنجڕوك، ڕووشان، قورنج و پەیکۆڵی گرتووە کە ئەوی ئاخیریان دڕکێکە. بەڵام لێرەدا ناتوانێ هیچکام لەوانە بێت. هەست دەکەم زیاتر 'ماڵێکی بچووك و بەرتەنگ' بێت بە تایبەت کە لەگەڵ وێرانیشدا هاتووە. هەنبانە بۆرینە لە پیتی کافدا کنجڕی بە پەڕۆ کۆن و بزگوڕ گرتووە، کە ئەمیان لە واتای قونجڕی ناو شیعرەکە نزیکترە. فەرهەنگی خاڵ قونجڕکەی گرتووە بە واتای پەیکۆڵ (گیایەکی بەهارییە دەنکێکی دڕکاوی دەردەکا).

ژیر: عاقڵ، تێگەیشتوو. شاعیر دەڵێ ئەو کەسە عاقڵە دەست لە دنیا هەڵبگرێت.

کاسێکی: کاسەیەکی، دەفرێکی.

وەك هۆنەری زوو فەرمووی...: کێیە شاعیری پێشوومان کە ئەو قسەیەی کردبێت؟ من نەمزانی کێیە. دیارە باسی ئەملا و ئەولا واتە ئەم دنیا و ئەو دنیا لە شیعری زۆر شاعیری کورددا هاتووە، دەبێ مەنزووری شاعیر کامیان بێت؟

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

[82] أما الذین آمنوا و عملوا الصالحات فلهم جنات المأوي نزلا بما کانوا یعملون (سجده، آیه ١٩)

# دڵی مەفتوون

دڵبەری من کە ئینقیلابی کرد،
کوا خەتای کردووە؟ سەوابی کرد!
کە نیقابی لە سەر جەبین لابرد،
لە دڵی عاشقان کەبابی کرد
کە بە عیشوە هەڵیبڕی چاوی
گۆشماڵێکی ئافتابی کرد
بۆیە قەت نەسرەوت بە ڕۆژ و شەو
لە هەموو کار و خورد و خوابی کرد[٨٣]
هەر لە مەشریق هەتاکوو ڕۆژئاوا
تووشی سەد مەخسەرە و عەزابی کرد[٨٤]
قاسیدێ هاتە لام و ئەم قەزیەی[٨٥]
پێبوو، چابوو بە دڵ خیتابی کرد!
هەر دڵێ موبتەلا و مەفتوونە[٨٦]
بە سەعادەت هەمیشە مەقرِوونە
ئەی جەماڵت کەماڵی کیشوەری عیشق!
قەد و باڵات بەڕاست، مەسدەری عیشق[٨٧]

---

[٨٣] چاپی چەعفەر: خور وخابی کرد
[٨٤] چاپی ئەنیسی: مەسخەرە
[٨٥] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: ئەم قەزییەی
[٨٦] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: موبتەلا وو مەفتوونە. ئەم شێوازە لە هەر شەش تەرجیعەکەدا ڕەچاو کراوە. بە بۆچوونی من خوێنەر بێ ئەوەی پێویستێك بە دوو پیتی واو هەبێت، لە خوێندنەوەدا وەك واوی درێژی دەخوێنێتەوە. من لەگەڵ نووسینی پیت و نیشانەی زیادیدا نیم.
[٨٧] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: بە ڕاستی

خەت‌وخاڵی جوان و بێ‌عەیبت[88]
لە سەر و ڕووتە، بۆتە زیوەری عیشق
ئەی لە بەحری سرشکی دیدەیی من!
یادی ڕووی جوانی تۆیە گەوهەری عیشق
بەحسی حوسن و جەماڵی تۆ، چاوم!
نووسراوە بە خوێن لە دەفتەری عیشق
یادی ڕووی تۆ دەکەم کەوا دەگریم
دەڕژێنم بە عەینی جەوهەری عیشق
دێتە لام دڵبەرێ بە تەننازی
ئەم قسەم پێ‌دەڵێ لە مەحزەری عیشق:
هەر دڵێ موبتەلا و مەفتوونە
بە سەعادەت هەمیشە مەقرِوونە
خوێندی تەیری دڵم تەرانەیی عیشق
زەمزەمەی دا بە داو و دانەیی عیشق
هەمهەمێکی غەریبی بەرپا کرد
لە دەروبان و کونجی لانەیی عیشق
بێ‌پەڕ و باڵ و لائوبالی ما
وەکوو من هاتە گوێسوانەیی عیشق
وەختەبوو بەروەبێ، دڵم گرتی
بردیەوە بۆ قومارخانەیی عیشق
سەد کەڕەت ماڵی تەیری دڵ ئاوا!
ئەوە مەحرەم بە ئاشیانەیی عیشق
بانگ دەکا زۆر بە سۆزی دڵ: هەرچەند[89]
بێ‌نەسیبم لە ئاستانەیی عیشق
هەر دڵێ موبتەلا و مەفتوونە
بە سەعادەت هەمیشە مەقرِوونە

---

[88] چاپی ئەنیسی: جووان

[89] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: دڵ هەرچەند

ئەی خەیاڵت هەمیشە مەحرەمی دڵ!
لێوی لەعلت نگین و خاتەمی دڵ!
زیکری نێوت ئەنیس و موونسی ڕۆح
یادی ڕووتە ڕەفیق و هەمدەمی دڵ
تاری زولفت ئەگەر بە دەس بێنم
مووبەموو بۆت بەیان دەکەم خەمی دڵ
تۆ دەزانی چلۆنە ئاوی حەیات؟
قەترەیێکی کەمە لە شەونەمی دڵ[٩٠]
دەردی عیشقی تۆ عەینی دەرمانە
زامی دووریتە ئەسڵی مەڵحەمی دڵ
دڵی من گەرچی موبتەلایە، بەڵام
ئەم قسە خۆشەیە موسەللەمی دڵ:
هەر دڵێ موبتەلا و مەفتوونە
بە سەعادەت هەمیشە مەقڕوونە
ئەشکەکەم سوحبەتی بە جەیحوون کرد
عیشقەکەم ڕەخنەیی لە گەردوون کرد
لەیلییەك لەم زەمانە پەیدا بوو
عالەمێکی بە غەمزە مەجنوون کرد
لەف و نەشرم هەموو موشەووەش بوو
عیشقی ئەو هات و تەبعی مەوزوون کرد
بە خەمی توڕڕەیی پەرێشانی
دڵی جەمعێکی شێت و مەفتوون کرد
عەقڕەبی ئەگریجەی لە بەر حوکمی
هەموو عوششاقی مات و مەحزوون کرد
هاتفێ ئەم قسەی لە دڵدا بوو

---

[٩٠] چاپی ئەنیسی: شەونمی دڵ. لەبەر ئەوەی ڕەدیفی ئەم بەشەی شیعرەکە. وشەی "دڵ" و سەرواکان بریتین لە مەحرەمی، خاتەمی، هەمدەمی، مەڵحەمی و موسەللەمی، دەبێ وشەی شەونمیش وەك شەونەمی فارسی حونجە بکرێت و بنووسرێت.

هات و فەرمووی و ئەمنی مەمنوون کرد:
هەر دڵێ موبتەلا و مەفتوونە
بە سەعادەت هەمیشە مەقڕوونە
لەو دەمەی ماچی لێوی پەیدا بوو
توتیی تەبعی دڵ شەکەرخا بوو
تۆ دەزانی "ئیمامی"! دڵبەری تۆ
وەك دەڵێن زۆر بە ئاڵووالا بوو[91]
خەیمە و بارەگای لە ملکی دڵ[92]
هەڵدەدا، بۆیە عەقڵی شەیدا بوو
بۆیە قەیسی فەقیر و ماڵکاول
دڵپەرێشان و ڕوو لە سەحرا بوو[93]
کە لە نێرگس دەپرسی، سەیری دەکرد
وەك وەنەوشە ملی شکا، چا بوو!
شەو لە کاتی بەیان، دەمی سەحەری
ئەم حەدیسە شەریفە ئینشا بوو:
هەر دڵێ موبتەلا و مەفتوونە
بە سەعادەت هەمیشە مەقڕوونە

گەردیگلان، ١٣١٧ی هەتاوی
(لاپەڕە١٣٥ تا ١٣٨ ی چاپی ئەنیسی و ٢٨٠ تا ٢٨٣ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی تەرجیع بەندەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە و لە تەمەنی ٣٥ ساڵیی شاعیردا گوتراوە.
تەرجیع بەند پێکهاتەی چەند غەزەل یان مەسنەوییە، بە کێش و سەروای هاوچەشن یان جیاوازەوە کە یەك فەرد لە کۆتایی هەموو فەردەکاندا دێت و ئەو فەردە نەگۆڕە، واتە

[91] چاپی جەعفەر نیشانەی پرسیاری لە کۆتایی فەردەکە داناوە. دیارە دەکرێت ڕستەکە بە هەردوو شێوەی پرسیاری یان ئیخباری بخوێنرێتەوە.
[92] چاپی جەعفەر: مولکی
[93] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: ڕووی لە سەحرا کرد

عەینوبیللا لە هەموویاندا وەك یەك دووپات دەبێتەوە. بەو فەردە دەگوترێت تەرجیع و سەروای لەگەڵ سەروای غەزەلەکاندا یەك نییە بەڵام لەگەڵیاندا هاوکێشە.
ناوەرۆکی شیعرەکە غەرامییە، بەڵام بە وردبوونەوەی زیاتر، ئەگەری ئەوە سەر هەڵدەدات کە لە نەعتی پێغەمبەری ئیسلامدا گوترابێت. ئەو شێوە پێداهەڵگوتنە بە پێغەمبەری ئیسلامدا نموونەی لە ئەدەبی کوردیدا گەلێك زۆرە. هۆکار بۆ ئەو بۆچوونە ئەوەیە کە تەرجیع واتە فەردی دووپات کراوەی کۆتایی هەموو بەشەکان "حدیث نبوی"یە و ئەوەش بە ڕاشکاوی لە دوایین دوو فەردی شیعرەکەدا گوتراوە:
"شەو لە کاتی بەیان، دەمی سەحەری
ئەم حەدیسە شەریفە ئینشا بوو:
*"هەردڵێ موبتەلا و مەفتوونە*
*بە سەعادەت هەمیشە مەقرووونە".*
بەداخەوە من عەرەبیی ئەو حەدیسە نازانم.
بە حیسابی 'حەدیسی شەریف'، "دڵبەری من" دەبێ پێغەمبەری ئیسلام و ئینقیلاب کردنەکەشی دەبێ داهێنانی ئایینی ئیسلام بێت.
شێواز و ناوەرۆکی شیعرەکە من دەخاتە بیری تەرجیع بەندی ناسراوی 'هاتف اصفهانی' شاعیر ئێرانیی سەدەی دوازدەی کۆچی کە بەڕواڵەت لیریك و لە ڕاستیدا ئایینی و پەسنی پێغەمبەر موسوڵمانانە، تەرجیعەکەشی ئەوەیە:
*'کە یکی هست و هیچ نیست جز او*
*وحده لااله الا هو'*
لێرەشدا کاتی خوێندنەوەی شیعرەکە، خوێنەر بە تەواوەتی خۆی لە بەرانبەر هەندێك چەمکی عاشقانەدا دەبینێت کە ئەستەمە بە ئایین یان پیاوێك و پێغەمبەرێکەوە پەیوەندی بدرێت. من باسەکە کراوە ڕادەگرم و خوێنەر دەتوانێت بۆ خۆی یەکلایی بکاتەوە و بزانێ ئایا وەك شیعری غەرامی وەریدەگرێت یان بە نەعتێکی سۆفییانەی پێغەمبەری ئیسلامی دەزانێت.
سەواب: 'صواب' ی عەرەبییە نەك 'ثواب'. ڕاست
کەباب کردن: برژاندنی گۆشت و دروست کردنی کەباب.
گۆشماڵ: فارسییە بە مەعنای گوێ بادان و سزادانی کەسێك: بریقەی چاوی لە تیشکی هەتاویش زیاتر بوو.
نەسرەوتن: هەدا نەدان، ڕانەوەستان

خورد و خواب: فارسییە، بەواتای خواردن و خەوتن
لە خورد و خواب کردن: بێ بەش کردن لە خواردن و خەوتن.
مەخسەرە: جێی گاڵتەی خەڵك، بە کوردیکراوی وشەی عەرەبی مەسخەرەیە و لە چاپی جەعفەردا وەك مەخسەرە هاتووە.
قاسیدێ هاتە لام: کێیە ئەو قاسیدە. بە ئەگەری زۆر کەسێکی وا بوونی نەبووە و هەر خەیاڵی شاعیرانەی ئاوات خوڵقاندوویەتی.
قەزییە: بابەت، مەوزووع، ڕووداو. من بۆ پاراستنی کێشی شیعرەکە، بە شێوەی "قەزیە"م نووسیوە.
موبتەلا: گیرۆدە، پێوەبوو
مەقرِوون: نزیك
کیشوەر: لە فارسیدا وڵاتێکی خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆیە بەڵام لەم دواییانەدا لە باشووری کوردستان واتای 'قاڕە'ی پێدراوە کە زۆر وێچوو نییە.
سرشك: فرمێسك
تەننازی: ناز و غەمزە کردن
مەحزەر: بەردەم
تەڕانە: گۆرانی، ئاواز. فارسییە
هەمهەم: هەمهەمەی فارسی بە واتای دەنگ و سەدایەکی تێکەڵاوی چەند کەس یان چەند شتە کە باش لێك جیا نەکرێنەوە.
لائوبالی: بە عەرەبی واتای 'ناترسم'ی هەیە و 'ڕستەی فعلیە'یە، بەڵام لەفارسیدا واتای کەسێکی بێ پەروا و گوێنەدەر دەدات، کە سیفەتێکی سەلبییە.
گوێسوانە: لێواری سەربانی تەختی سواغدراویماڵان.
وەختەبوو: لەوانە بوو، ئەگەری هەبوو.
بەروەبێ: بکەوێتە خوارەوە. نیاز لە تەیری دڵی شاعیرە
کەڕەت: جار
ئاستانە: دەرگانە
خاتەم: نقێمی سەر ئەنگوستیلەیە کە هەندێك جار شاهان و گەورەگەوران وەك مۆر و شەقڵی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرتووە.
ئەنیس: هاودەم و هاونشین، عەرەبییە

موسەلـلەم: شتێك کە جێگەی دڵنیایی بێت و گومانی لەسەر نەبێت.
جەیحوون: ڕووبارێك کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بەناو چوار وڵاتی ئەفغانستان و تاجیکستان و ئوزبەکستان و تورکمەنستاندا تێپەڕ دەبێت.
ڕەخنە: ئەوە ڕەخنەی فارسییە بە واتای نفووز کردن و خزانە ناو شتێکەوە. جیاوازە لە ڕەخنەی کوردی بە واتای نەقد کردن.
لەف و نەشر: لەف بە شەددی فاء بە واتای پێچانەوە و نەشر بە واتای بڵاو کردنەوەیە. سەنعەتێکی هونەری شیعری کلاسیکە و دوو جۆری هەن: موڕەتتەب و موشەووەش، کە لەم شیعرە فارسییەدا کارکردیان دیاری کراوە:

*لف و نشر مرتب آنرا دان   که دوو لفظ آورند و دو معنی*
*لفظ اول به معنی اول   لفظ دوم به معنی ثانی*
*لف و نشر مشوش آنرا دان که دولفظ آورند و دو معنی*
*لفظ دوم به معنی اول   لفظ اول به معنی ثانی*

دەگوترێت یەك لە باشترین لف و نشرەکانی ناو شیعری فارسی ئەو دوو فەردەی فیردەوسی بن کە تێیدا چوار ئامێری شەڕی لەگەڵ چوار ئەندامی لەشی دوژمن و چوار کرداری ناو مەیدانی شەڕ، پێکەوە هێناوە و لف ونشری مورەتتەبی پێ دروست کردوون:

"به روز نبرد آن یل ارجمند به شمشیر و خنجر، به گرز و کمند
برید و درید و شکست و ببست  یلان را سر و سینه و پا و دست!"

موشەووەش: تێکچوو، ناڕێك
تەبع: مرخ
تووڕەیی پەرێشانی: ڕوون نییە چین و بۆچی بەشوێن یەکتردا هاتوون. واهەیە ئەگەر واوێکی عەتفیان لە نێواندا بوایە، واتایەکی ڕوونتریان بدایەتەوە.
عەقڕەب: دووپشك؛ زوڵفی لوول و بادراوی یار لە ئەدەبی کلاسیکدا بەو دووپشکە شوبهێنراوە کە پێوە دەدات.
ئەگریجە: بەشێك لە زولفی یار کە بە لاجانگدا دێتە خوارێ و هەڵدەگەڕێتەوە سەرێ. تورکییە. ئەگری واتە خوار.
هاتف: پەیامهێنەر
پەیدا بوو: ماچی لێو پەیدا بوون زۆر تەعبیرێکی سەمەرەیە. ماچ چۆن پەیدا دەبێت؟ تۆ بڵێی وشەکان نەگۆڕابێتن؟

شەکەرخا: خائیدن یان خاییدن لە فارسیدا واتای کرۆشتن و جوونی شتێك بە ددان دەداتەوە. شەکەرخای فارسی بە کەسانێك دەگوترێت کە ڕاوێژی دەمیان خۆش بێت و قسەی شیرین و جوان بکەن. باڵندەی تووتیش کە قسەی شیرین دەکات بە شەکەرخا دەناسرێت:

*"جواب تلخ میزیبد لب لعل شکرخا را"* (حافزی شیرازی)

ئیمامی: نازناوێکی شیعریی ئاواتە و شوهرەتیشیەتی.

بە ئاڵ و واڵا: خاوەن ئاڵ و واڵایی؛ کەسێك کە بەرگی ئاڵ و واڵای لەبەردایە.

عەقڵی شەیدا بوو: عەقڵ شەیدای ئەو بوو.

قەیسی عامیری: ئەو کەسەیە کە بە مەجنوون  ناسراوە و ئەویندارى لەیلی بووە.

کاول: وێران

کە لە نێرگس...: فەردێکی جوانە. شاعیر دەڵێ کاتێ کە گوڵە نێرگس چاوی بڕیبووە ئەو [خۆشەویستەکەی شاعیر]، ملی لە حاستی ئەو، وەك گوڵە وەنەوشە خوار بووەوە و چاکتریش کە وای لێهات و ملی شکا! وەك ئەوەی شاعیر تەنانەت ئیرەیی بە گوڵیش بردبێت کە سەیری دڵدارەکەی بکات!

حەدیسی شەریف: قسەکانی پێغەمبەری ئیسلامن

بەحری عەرووزی شیعرەکە:

خفیف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن مفاعلن فعلن

## پاڕانەوە

یاخوا، خودایی عەززەوەجەل! بێیە سەر کەرەم[٩٤]
سەر لوتف و عەفوو و مەرحەمەت ئەی ساحێبی نیعەم!
ئەو عالەمە بە تۆوە دەنازن لە سەر زەوی
سەربەرز و سەرفیرازن و وا هەڵدەدەن عەلەم
دوورن لە ڕەحم و عەفووی تۆ وانەی کە سەرنەوین
شێواو و شێت و پەرت و پەرێشان و دڵبەغەم
هەردەم بە فکرێ ڕوو لە دەری ڕەحمەتی ئەتۆم
ڕەحمێ بە حاڵی ئەمنی فەقیر کە، نەماوە دەم
هەر چاوەڕێم هەموو دەم و ژەم لوقمەیەك بەرم
تێرم شوکور بە نیعمەتی تۆ، من لە کاتی ژەم
شەرتە کولێرەیێکی ئەتۆ گەورە بێ لە لام
هێندە کە ئەو نواڵە نەدەم من بە ملّکی جەم
"کامیل" ببەخشە تۆ بە کەرەم! چونکە هەر دەڵێ:
چاوم لە ڕەحم و مەرحەمەتی تۆیە، هەرچی هەم

گەردیگلان، ١٣١٨ی هەتاوی
(لاپەڕە ٥ ی چاپی ئەنیسی و ١١٨ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'چاکە و خراپەم' ە.
یەك لە شیعرە ئایینییەکانی ئاواتە و مامۆستا ئەنیسی کارێکی چاکی کردووە هاوڕێ لەگەڵ شیعری دیکەی هاوناوەرۆکدا هێناویەتی. ئەو دابەش کردنی مەوزووعییە کاری

---

[٩٤]. چاپی ئەنیسی: کەڕەم

خوێنەر هاسان دەکاتەوە و بۆ کەسێکیش بیەوێت بەراوردکاریی لەنێوان شیعرەکاندا بکات، هەر بەکەڵکە.
شیعرەکە لە ساڵی ١٣١٨ ی هەتاویدا گوتراوە و ئەودەم شاعیر ٣٦ ساڵان بووە.
ئەگەر شیعرەکە، لای شیعری 'ڕەش و سپی' و شیعری 'ڕووی ڕەش و ڕیشی سپی'ی ئاوات دابنرێت (کە لە ١٣٥٥ و ١٣٦٢ دا گوتراون)، دەزانرێت سەرەڕای جیاوازییەکی ٤٤ ساڵە لە نێوانیاندا ناوەرۆك هەر یەکە و هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە. واهەیە هۆکارێکی مەسەلەکە ئەوە بێت ئاوات ئیمانداریکی موسوڵمانی ڕاستەقینە بووە و وەك هەموو موسوڵمانێکی دیکە، بەدرێژایی تەمەن خۆی بە گوناهکار زانیوە و لەخودا پاڕاوەتەوە تاوانی ببەخشێت بەڵام دوای ٤٤ ساڵ و ڕەنگە ٤٤ هەزارساڵیش وەڵامێك بۆ ئەو تکاکارییە نەبیستراوە و نابیسترێت. مرۆڤ بۆ هەمیشە لە ژێر باری بەرپرسیایەتیدا دەمێنێت و دەناڵێنێت. ئەو گوناهە ئەنجامی بەرێوەنەبردنی ئەو بەرپرسیایەتییەیە، کە چەمکێکی فەلسەفەی کۆمەڵایەتییە و کاری ئەوتۆی بە سەر موسوڵمان بوون و نەبوونەوە نەداوە بەڵام ئیسلام چێشتەکەی هەندێك سوێرتر کردووە و ڕێگای هەڵاتن لەو داوە و هەست کردن بە بارسووکی و ئاسایشی بە تەواوەتی لە ئیمانداران داخستووە.
یاخوا، خودای عەززەوەجەل....: یاخوا ئامرازێکی زمانە بۆ دۆعاکردن، بەڵام لەبەر ئەوەی دۆعاکە لەلای خودی خودا کراوە، دووجار ناوی ئەو بە شوێن یەکدا هاتووە.
نیعەم: عەرەبییە، کۆی نیعمەتە.
سەرفیراز: شێوازی کوردی پێدانە بە 'سەرفەراز'ی فارسی بە واتای سەربڵێند.
وا هەڵدەدەن عەلەم: وا دەڵێن؛ دیعایەی ئەوە دەکەن.
وانە: ئەوانە
سەرنەوی: دژی سەربڵێندە. خەڵکانی سەرنەوی و گوناهکار لە عەفو و بەخشینی تۆ دوورن.
نەماوە دەم: کات نەماوە، وادەی مردنە.
دەم و ژەم: جیناسی ناتەواو.
ژەم: وادەی خواردنی ڕۆژانەیە وەك دەگوترێت 'سێ ژەمە'.
لوقمە: پاروو
نواڵە: نانی مفتێ (هەنبانە بۆرینە)؛ خواردنێکی کەم یان کەم بایەخ.

جەم: جەمشید، جمشید، شای زنجیرەی ئەفسانەیی پێشدادیان لە مێژووی ئەساتیریی ئێراندا. ملّکی جەم: هەموو خاکی ئێران و ئەنیران بووە.

هەرچی هەم: چاکم یان خراپ، هەرچییەك هەم، هەر چاوم لە مەرحەمەتی تۆیە. ئەو تەعبیرە لە شێعری پێشتری شاعیریشدا هاتووە: *"ڕێم لێ‌مەبەستە، تۆبی خودابیت، هەرچی هەم"* (بڕوانە شیعری 'ڕەش و سپی')

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

## گواره

چییە گوارە بە گوێ هەڵتاوەسیوە؟
سەرەوژێر و موعەلـڵەق، لەو نەدیوە
زەعیف و بێکەس و بێ یار وهاودەم
بەبێ دەنگ و سەدا هەروەك هەتیوە
بە گوێ گیراوە وا زەرد هەڵگەڕاوە؟
وەیا لەو دەرك وبانە گوێت بڕیوە؟
لە ترسی ماری زوڵفت هەڵدەلەرزێ
لەبۆیە زەرد و زار و ڕاچەنیوە
عەجایب گیری کرد لەو جێگە سەختە
بەجێماوە بە تەنیا لەو پەسیوە
بە گوێ هەڵتاوەسیوە، ئەو نەفامە
کەچی پێی وایە تۆ بۆ گوێت کڕیوە!

گەردیگلان، ١٣١٨ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢١٣ ی چاپی جەعفەر و ٧٧ ی چاپی ئەنیسی)

---

عینوان، هەروەها ڕێکەوت و شوێنی گوترانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەك دیاری کراون.
ئەوە لەو شیعرە جیاواز و تایبەتمەندانەیە کە لە دیوانی ئاوات دا کەمتر بەرچاو دەکەون. تەنزێکی نەرم و نیان ئاوێتەی ئەوین و خۆشەویستی بووە و ئەم پێکهاتە جوان و ڕەزا سووکەی لێ بەرهەم هاتووە.
وێدەچێت شیعرەکە لە ژێر کارتێکەریی شیعرێکی نالی دا گوترابێت لەبەر ئەوەی لە پەراوێزی چاپی جەعفەردا ئەم دێڕانە هاتوون:

"نالی دەڵێ:

*"سەراپا زەردیی گوارە ترس ولەرزە*

*دەڵێی عاسی بووە لەو جێگە بەرزە"*

ئەوەش بەشەکانی دیکەی ئەو شیعرەی نالی:

*سروشکم ئاب و دانەی نارە، کێ دێ*

*بە گەرمی داوەرێ بەم تەرزە، تەرزە!*

*ئەڵا ئەی ئاسکی ناسك، بەباسك*

*شکاندنت گەردنی سەد شێری شەرزە!*

*ئەڵا ئەی نازەنین ئاهوو،بە باهوو*

*دڵی سەییادی خۆت هێنایە لەرزە!*

*دەفەرموێ چاوەکەت زنجیر کە 'نالی'*

*کە موتڵەق چاك نییە ئینسانی هەرزە!"*

شیعرەکە، بە پێچەوانەی زوربەی زۆری شیعرەکانی ئاوات، ناوەرۆکی دڵساردکەرەوەی وەك گازندە لە پیری و نەخۆشی و مردنی نییە و بەلای سیاسەتیشدا نەچووە، واتە غەرامی و تەنز ئامێزێکی بێ خەوشە و بە هاسانی سەرنجی خوێنەری شیعرناس بەرەوخۆی ڕادەکێشێت.

شیعرەکە سەربهوردەی "گوارە"یەکە لە گوێی دڵداری شاعیردا و چییەتی و چۆنایەتی و حاڵ و ئەحواڵی گوارەکە و هۆکاری هەڵاوەسینی بە گوێی ناسك ئەندامی خۆشەویستی شاعیردا ڕوون دەکاتەوە. ئاوات لەو بابەتە ساکارە چیرۆکێکی خەیاڵیی تازە دەئافرێنێت کە لەوپەڕی سەرکەوتووییدایە و لای کەم بۆ ئەدەبی کوردی نوێ و نەسمڕاوە.

دڵداری شاعیر- خەیاڵی بێت یان واقیعی، گوارەیەکی زەردی بە گوێی خۆیدا هەڵاوەسیوە و زوڵفی خۆی وەك مار لە دەوری پێچاوە. گوارەکە زەرد و زەعیف و بێ یار وهاودەم، وەك هەتیوێك بێدەنگ و مات کەوتۆتەوە و بەردەوام لە ترسی ماری زوڵفی یار دەلەرزێت. گوارەکە، سەرەوژێر و موعەلـلەق لە شوێنێکی "نەدیو" و "سەخت" گیری کردووە و هەڵاوەسراوە، لە ڕاستیدا سزا دراوە و تەمێ کراوە، بەڵام لەبەر نەفامی و تێنەگەیشتوویی خۆی، پێی وایە دڵداری شاعیر بۆیەی کڕیوە بەگوێی خۆیدا هەڵیواسیێت!

شاعیر لەو چیرۆکە نوێ و نەبیسراوەدا کە بۆ گوارەیەکی ئاسایی گوێی ژن هەڵبەستراوە، دەڵێ ئەو بۆچوونەی گوارە و ئەو شانازی بەخۆکردنەی، هەڵەیە لەبەر

ئەوەی لە ڕاستیدا دڵداری شاعیر سزای داوە و بە گوێ هەڵیواسیوە بەڵام ئەو بە خۆی نازانێ! شاعیر ئیهام واتە سەنعەتێکی ئەدەبی لە دوو تەعبیری *"بە گوێدا هەڵاوەسین"* و *"بە گوێ هەڵاوەسین"* دروست دەکات کە بۆ خوێنەری وردبین لەوپەڕی جوانیدایە و هەر سەرجەمی ئەو داستانە دوور ودرێژە بۆ گوارەیەکی گوێی دڵدار ئەفراندنێکی هونەرمەندانەیە. ئێمەمانان بە هەزاران جار گوارەمان بە گوێی جوانترین ژنانەوە بینیوە بەڵام بە خەیاڵماندا نەهاتووە چیرۆك و ئەفسانە و سەربهوردەی وای بۆ بنووسین. ئەوەیە جیاوازیی نێوان هونەرمەندی ئافرێنەر و خەڵکی ئاسایی.

چیرۆکی شاعیر دوو ئەکتەری هەیە: دڵداری گوارە لەگوێ و گوارەکە خۆی! گوارە لای وایە کیژۆڵە جوانەکە ئەوی بۆیە کڕیوە بە گوێی خۆیدا هەڵاوەسێت و بەو پلە وپایەیە و بەرزبوونەوەیە دەنازێت بەڵام تێناگات و نازانێت کە دڵدارەکەی شاعیر سەرەوخوار هەڵیواسیوە و لە جێگەیەکی ئەستەمی نێو زوڵفدا قەتیسی هێشتۆتەوە، ئەوەش سزادان نەبێت هیچ نییە!

ئەو پێچەی وا شاعیر بە چیرۆکەکەی داوە و لە ساکاریی شیعرێکی پێداهەڵگوتنی ساکارەوە گەیاندوویەتە پلەی چیرۆکێکی تا ڕادەیەك سووررێئالیستی، بایەخ و پلەی شیعرەکەی بردۆتە سەرێ و کارێکی کردووە کە خوێنەر وەك شیعرێکی هەرە سەرکەوتووی ناو دیوانەکە لێی بڕوانێت.

کلیلی کردنەوەی پێچ و گرێی چیرۆکەکە واهەیە عیبارەتی "بەگوێ هەڵتاوەسیوە" بێت لە سەرەتای شیعرەکەدا. عیبارەتەکە دەکرێ بە دوو واتا وەربگیرێت و بخوێنرێتەوە؛ یەکەم بە واتای نزیك کە بریتی بێت لەوەی دڵداری شاعیر گوارەکەی بە گوێی خۆیدا هەڵواسیوە؛ دووهەمیش بە واتای دوور وەك ئەوەی دڵداری شاعیر گوارەکەی بە گوێ هەڵاوەسیوە کە ئاماژەیەکە بە سزادان و تەمێ کردنی منداڵان لە کۆمەڵگای کۆندا کە گوێی منداڵیان دەگرت و دەیانکێشا تا بە ڕادەیەك کە منداڵەکە پێی لە زەوی دەبڕا و بە دەستی کابرای سزادەرەوە هەڵدەواسرا!

شاعیر لە درێژەی شیعرەکەشدا لەسەر ئەو واتا دوورە دەڕوات و گوارەی سزادراوی هەڵاوەسراو، بە زەعیف و بێکەس و بێ یار و هاودەم و زەردهەڵگەڕاوێك دەناسێنێت کە لەترسی ماری زوڵف هەڵدەلەرزێت. فەردی کۆتایی شیعرەکە تەواوکەری ئەو خەیاڵە سووررێئالەیە کە دەڵێت گوارە لەبەر نەفامیی، بە هەل ومەرجی خۆی نازانێت و لای وایە دڵداری شاعیر ئەوی خۆش ویستووە کە بە گوێیدا هەڵیواسیوە، لەکاتێکدا وا

نییە و دڵداری شاعیر ویستوویەتی کەسێکی نەفام- کە ئەو بێت، بەگوێ هەڵواسێت! بەڵام تا کۆتایی شیعرەکەش ئەو پرسیارە بێ وەڵام دەهێڵێتەوە کە سزادانی گوارەی هەژار لەبەرچی و لەسەر چییە و ئەوە لووتکەی کارە هونەرییەکەیەتی کە خوێنەر لە بیرکردنەوەدا ڕادەگرێت و وەڵامی ئامادەی پرسیارەکەی ئاراستە ناکات.

نەدیو: شوێنی دوور لەچاو و نەبینراو.

گوێ بڕین: فێڵ لێکردن و کڵاو لەسەرنان.

لەبۆیە: بۆیە، لەبەر ئەوەیە.

پەسیو: پەنا و قوژبن.

شیعرەکە لە ساڵی ۱۳۱۸ دا گوتراوە. لەو ساڵەدا سەید کامیل **۳٦** ساڵان بووە و هێشتا گوڕی لاویەتی تێدا ماوە. شاعیر لە چوارساڵ پێشترەوە ماڵی چۆتە گوندی گەردیگلانی لای زەنبیل کە بەگوێرەی ژیننامەکەی لە کتێبی شاری دڵ دا، لەوێ تەریك کەوتۆتەوە و زۆرێك لە شیعرە تەڕ وتازەکانی لەو تەنیایی و خەڵوەتەدا گوتووە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

## شین و پێکەنین

ئەو عالەمە چی لێهات جاران کە ئەمن دەمدین؟
سەرگەرمی ئەوین جارێ دڵخۆش و دەمێ غەمگین
گا پێدەکەنین وەك گوڵ، جارێکی دەیانکرد شین
بۆ لەیلی و بۆ مەجنوون، بۆ خوسرەو و بۆ شیرین
هەروەك چووە پێش چاوان کاکەمەم و خاتووزین

هەرکەس بە خەیاڵی خۆی سەرگەرم بە کارێ بوو
گیرۆدەیی میهر و مەیل، ئاشوفتەیی یارێ بوو
عاشق بە سەری زولفی بێتاب و قەرارێ بوو
خاتر لە سەری ڕێگای ئاهوویی تەتارێ بوو
ئێستاش لە فیراقی وان، من ڕۆح و دڵم دەگرین

کوا بولبولی بێچارە تا بێتەوە گوڵزاری؟
گوڵ پێبکەنێ بۆ وی، ئەو ناڵە بکا و زاری
بولبول بە سەناگۆیی، گوڵ هەر بە جەفاکاری
بۆچی؟ ئەوە بوو مایەی شەیدایی و دڵداری
بۆیە لە گوڵ و گوڵزار باڵندە هەموو دەفڕین

ئەو عاشقی بێچارە وا بێپەڕ و بێباڵە
یاڕەببی! چلۆن بفڕێ؟ پێبەندی خەت و خاڵە
مەجنوونسفەتە و عاشق بەو لەیلی یە ڕەشتاڵە

یا بۆ شەکەری لێوی عەینەن وەکوو منداڵە
رۆژ و شەو و بێوەختان ئەو مارزە دەگرێ قین

دەرچوونی مەحاڵە دڵ، لەم گێژ و خول و چەرخە
چون کۆزی ئەوە هێشتا، ساوایە، وەکوو بەرخە
یارەب! بە کەرەم جارێ، لوتف و کەرەمت دەرخە
لەم سەخت و چڕی چەرخە، ئەم عالەمە زوو سەرخە
ئەی من بە فیدای خاکی بەردەرکی 'ئیمام'ی دین

گەردیگلان، ١٣١٨ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٢٤ و ١٢٥ ی چاپی ئەنیسی و ٢٦٧ و ٢٦٨ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو دیواندا وەك یەکە.
لە شیعرە سەرەتاییەکانی ئاواتە و ئەودەمەی وا تەمەنی شاعیر تەنیا **٣٦** ساڵ بووە، لەگەڵ ئەوەشدا پڕە لە نۆستالژی و بیری ڕابردووی شیرین. دوور نییە باوەڕێکی ئایینی، یان هەر حەسرەتی لەدەستچوونی لاویەتی پاڵنەری شاعیر بووبێتن لە سەرهەڵدانی ئەو بیرۆکەیەدا.
عالەم: گرۆی خەڵك. ئەو عالەمە چییان لێهات کە جاران دەمدیتن و وەك ئێستا نەبوون!
سەرگەرم: مەشغووڵ، خەریك. خەڵکەکە بە هۆی خەریك بوون بە ئەویندارییەوە، جارێك دڵخۆش بوون و جارێکیش خەمبار.
گا: هەندێکجار. گاه و گەهـ لە زمانی فارسیدا هەن.
بۆ لەیلی و...: لام وایە نیازی شاعیر ئەوە بێت کە لە سەردەمی لاویەتی ئەودا حیکایەتخوانان حیکایەتی لەیلی و مەجنوون و خوسرەو و شیرینیان بۆ خەڵك دەگێڕایەوە و ئەوان بە بیستنی بەسەرهات و ڕووداوەکان پێدەکەنین یان بۆ چارەنووسی قارەمانەکان دەگریان.
هەروەك چووە پێش چاوان: وەك حیکایەتی مەم و زینیش لەبەر چاوان لاچوو و نەما. چەشنە بەیانێکی نائاسایيە، بەڵام شاعیران، وەك نەریتێك، مۆڵەت پێدراون زمان بسووڕێنن و بایبدەن بە مەرجێك کارەکە پسپۆڕانە بکەن.
ئاشوفتە: پەرێشان، فارسییە

عاشق بە سەری زوڵفی...: ئەم تەعبیراتەی عاشق و 'سر زلف' و 'بیتاب' و 'بیقرار' لە زۆر شیعری کلاسیکی فارسی دا بینراون و هاتوونەتە ناو شیعری شاعیرانی کلاسیکی خۆیشمانەوە.
ئاهوی تەتار: تاتار [تەتاری کوردی]، قەومێکی تورك زبان و ناوچەیەك لە باکووریٚ ڕۆژهەڵاتی ئێران و خوار دەریاچەی بایکاڵ، کە شوێنی ژیانی قەومەکە بوو. لە ئەدەبی فارسیدا ئاسکی جوان پەیوەندی بەو شوێنەوە دراون. لە شیعری کوردی و فارسیدا یار و دڵداری شاعیران هەندێك جار بە ئاسکی تەتار شوبهێنراون.
وان و گوڵزاری و وی: بە واتای ئەوان و گوڵزار و ئەو، هەرسێکیان بە شێوەزاری ناوچەی مەهاباد گوتراون.
سەنا: هەڵدان، پێداهەڵگوتن
بۆیە...: ئەو فەردە بە دوو شێوە سەیردەکرێت:
یەکەم، باڵندەکان لەبەر خاتری دەنگی بولبول و بوونی گوڵ بەسەرباخچە و باخەوە دەفڕین و دەگەڕان.
دووهەم، ئەو فڕینە بە واتای هەڵاتن و زیز بوون و تۆران هاتووە.
بە باوەڕی من نیازی شاعیر ئەوی یەکەمیان بووە.
پیٚ بەند: ئەسیر، گیرۆدە
خەت و خاڵ: خەت گەندەمووی تازە دەرهاتووی سەر لێوی لاوانە. خاڵ ئەو پەڵە بچووکە ڕەشەیە وا لە سەر پێست سەر هەڵدەدات یان بە دەستەقەسد لە شوێنێکی لەش دەکوترێت. خەت و خاڵ بە سەریەکەوە نیشانەی جوانییە لای شاعیرانی کلاسیکی ئێرانی و کورد.
مەجنوون سفەت: کەسێك کە خوو و خدەی مەجنوون (قەیسی عامری)ی هەیە یانی خۆی بەختی دڵدارەکەی دەکات.
لەیلی ڕەشتاڵ: دەگوتریٚ لەیلی کچێکی ڕەشتاڵی باریکە بوویێت. دەڵێن خەلیفەی عەبباسی گوتی لەیلام بۆ بانگ بکەن بزانم دەبیٚ چەندە جوان بێت کە مەجنوون لە عەشقی ئەو ملی سەحرای گرتووە. ئەوە بەیانی شیعریی وتوویژی خەلیفە و لەیلییە:
*"گفت لیلی را خلیفە کاین توئی کز توشد مجنون پریشان و غوی؟*
*از دگر خوبان تو افزون نیستی گفت خامش، چون تو مجنون نیستی!"* (مەسنەوی، مەولانای ڕۆمی)

خەلیفە گوتی ئەوە تۆی وا مەجنوونت وا ئەسیر و گومڕا کردووە؟ خۆ تۆ لە دڵبەرانی دیکە زیاتر نیت! لەیلی گوتی بێدەنگ بە، لەبەر ئەوەی تۆ مەجنوون نیت!

وەکوو منداڵە: هۆگریەتی

مارِز: زاڵم، سەرسەخت (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)

کۆز: چەپەری جێگەی بەرخ و کاڕ، جێ لەوەڕ، زۆزان (هەنبانە بۆرینە)

چڕ: لێڕەواری پڕ دار ودرەخت؛ هەورازی ڕژد (هەنبانە بۆرینە)

ئیمامی دین: پێشەوای دین، پێغەمبەری ئیسلام. وشەی 'ئیمامی' ئیهامێکیشی تێدایە بۆ ناوی بنەماڵەیی شاعیر- کە 'ئیمامی' یان 'ئیمام زەنبیلی'یە، بەڵام لەو شێوە بەیان کردنەدا ناکرێت سەرجەم وشەی 'ئیمامی' بخەینە نێو دوو کەوانووکەوە بەڵکوو دەبێ بنووسین "ئیمام'ی دین. هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەر ئەو هەڵەیەی تێدا کراوە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

## پایز

ماوم عەجەب لە سونعی خوداوەندی ئینس و جان
قودرەتنوێنی بەرز و نەوی، عەرز و ئاسمان
جارێ زەمین دەکاتە سەما، مەوقیعی خەزان
بەرگی گوڵاڵەسوورە دەگاتە ستارەگان
گاهێ بە هەوری سوور و سپی و کەسك و ئاڵ و شین
ڕەنگین دەکا میسالی زەوی ڕوویی ئاسمان
هێندێ، کە شاعیران بە بەهارن عەلاقەمەند[96]
من عاشقی خەزانم و مەفتوونی تێخزان
ئەو بەرگی وا بە دارەوە هاتۆتە خوارەوە
تۆماری تێگەیشتنە بۆ پیاوعاقڵان[97]
نووسراوە هەروەها لە سەرەنجامی ژینتان
تا پیر نەبوون، بە دڵ بگرن قەدری خۆ، جەوان!
ئەو بەرگی دێتە خوارەوە خێرا بە با دەچێ
یانی هەدەر دەبێ هەموو عومرێ، وەکوو خەزان
دەنگی گەڵاڕژانە بە دەم بای خەزانەوە[98]
بەو ڕازە، باغەوانە کەوا بۆتە تەرجومان
حاڵی دەکا بەناڵە، کە وەختی نەماوە باغ
سەبرێکی پێی دەڵێ کە نەما قەدری باغەوان

---

[96] دیوانی چاپی ئەنیسی: هێندێ کە شاعیران بە بەهاران عەلاقەمەند
دیوانی چاپی جەعفەر: هێندێ کە شاعیرن، بە بەهارن عەلاقەمەند
[97] دیوانی چاپی ئەنیسی: پیاو و عاقڵان
[98] دیوانی چاپی ئەنیسی: گەڵاڕێژانە

هەرواش بە سەبرە، بولبولی بێدڵ دەکا خەبەر
خاکت بە سەر بێ! هەستە بڕۆ تێکدە ئاشیان
عەتری نەماوە سونبول و ڕەنگی نەما چەمەن
سەروی سەهی بە جارێ لە حەسرەت چەمەن، چەمان
سەرو و چناری باغە بە دەم بای بەیانەوە
یەکتر دەگرنە باوەش وەك یاری میهرەبان[٩٩]
دەستی خەزان درەختی ڕنی و ڕووتی کردەوە
وەك ڕووی نیگاری ئێمە سپی و سافە، بێگومان
دڵبەر کە دێتە باغ و چەمەن، گوڵ لە خۆشییا
بەو بەرگە سەوز و سوورەوە دەیکاتە دوڕفشان
گوڵ، مەوسمی خەزانێ، ئەگەر تێبگەی، دەڵێ:[١٠٠]
مەعلوومی خاس و عامە: لە پاش مەنفەعەت، زیان
"کامیل" دڵی چ خۆشە لە فەسڵی خەزانی گوڵ
چونکی گوڵیش وەکوو دڵە، بێبەرگ و بێنیشان

گەردیگلان، ١٣١٩ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٤٥ و ١٤٦ ی چاپی نەنیسی و ١٥٠ و ١٥١ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'خەزانی گوڵ' ە.
ئەگەر خەزان بە واتای پایز بگرین هەردوو عینوانەکە یەك واتایان دەبێت. بەڵام هەندێك جار لە شیعری کوردیدا خەزان واتایەکی جیاواز لە پایزی هەیە: *"ڕەنگ زەردیی خەزان خەتای پایزەن / ڕەنگ زەردییەکەی من، دووریی ئازیزەن"*[١٠١] لێرەدا خەزان کۆی گەڵایە نەك پایز. هەرچۆنێك بێت هەردوو عینوانەکە یەك بابەت دەگەیێنن ئەویش سەرمای پایز و گەڵاڕێزان و زەردبوونی چەمەن و دار و باغە. هەنبانە بۆرینەی مامۆستا

[٩٩] دیوانی چاپی جەعفەر: باوەشێ
[١٠٠] دیوانی چاپی جەعفەر: مووسمی خەزانی
[١٠١] فۆلکلۆر ( ئەگەر شیعری شاعیرێکی ناسراو بێت، من پێی نازانم).

هەژاریش بە "دەمی خەزەڵوەر و گەڵاڕێزان" ی واتا کردۆتەوە کە بە شێوەیەك، هەردوو چەمکەکە دەگرێتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی وشەی 'دەم'، کات و وەرزەکە دەگەیێنێت، ئێمە دەتوانین بە پایزی لێ تێبگەین و بڵێین لە ناوچەی ژیانی کرمانجیی ناوەڕاست (سۆرانی)دا، خەزان پایزە، بەڵام لە هەورامان گەڵایە.
بە بۆچوونی من هیچکام لەو دوو عینوانە پڕبەپێستی بابەتی شیعرەکە نین لەبەر ئەوەی باسی ڕەهای پایز و خەزانی گوڵ تەنیا لە سێ فەردی سەرەتادا کراوە و شاعیر لە فەردی چوارەمەوە چۆتەوە سەر بابەتی سەرەکی خۆی، کە خەزانی تەمەنی بێت. تەنانەت باغ و بولبول و سەرو و چناریش کە دوای فەردی حەوتەم دێنە ناو شیعرەکەوە، لە خزمەت هەرئەو ئامانجەی شاعیردان و لە کۆتاییدا، فەردی ١٦ مۆرکی هەمان بابەت لە هەموویان دەدات.
شیعرەکە، لە چاپی ئەنیسیدا چۆتە بەشی 'چامەکان'ەوە؛ دەشزانین ماوەیەکە 'چامە' کراوەتە جێگری کوردی بۆ چەمکی 'قصیدە'ی عەرەبی. قەسیدە شێوازێکی شیعر گوتنی تایبەت بە عەرەبانە و لە نێو کورد دا گرنگایەتی زۆری پێنەدراوە. بەڵام عەرەب کاتێ کە قەسیدە دەڵێن، ژمارەی فەردەکانیان لە ٤٠ و ٥٠ تێدەپەڕێ و دەگاتە ١٠٠ (هەندێك جار زیاتر لەو ژمارانەش بینراوە). ئەم پارچە شیعرە تەنیا ١٦ فەردە و زیاتر بۆ غەزەل دەبێت تا قەسیدە مەگەر لە سەر ئەو باوەڕە بین کە قەسیدە لە کوردیشدا هەیە بەڵام لە چاو عەرەب هەناسەی قەسیدەوێژانی ئێمە درێژ نییە و ئەوە کەم و زۆر لە زمانی فارسیشدا وەهایە باوەکوو ئەوان لە سەدەکانی پێنج و شەش و حەوتی کۆچیدا شاعیرانی وەك مەنووچیهری و خاقانییان بووە کە کەوتوونەتە شوێن ئەدەبی عەرەب و هەندێك جار قەسیدەی سەرکەوتوو و دوور ودرێژیان گوتووە.
لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی فەردەکان لە قەسیدەی عەرەبدا ئاسۆییە و ستوونی نییە، واتە فەردی قەسیدەکە لەگەڵ فەردی پێش یان دوای خۆی پەیوەندی واتایی نییە و خۆی سەربەخۆیە، بەڵام لێرەدا یەك بابەت خراوەتە بەرباس و بۆ نموونە فەردی دووهەم واهەیە بە بێ فەردی یەکەم واتای نەبێت، بە هەمان شێوە فەردی حەوتەم و هەشتەم و نۆهەم و دەهەم کە یەکیان تەواوکەری ئەوی پێش خۆیەتی. هەرچۆنێك بێت، من لام وا نییە ئەم پارچە شیعرەی ئاوات بتوانین بە قەسیدە پێناسە بکەین. ئەوە غەزەلە و واهەیە هۆکار بۆ بە قەسیدە ناسینی ئەوە بووبێت کە ژمارەی فەردەکانی لە ١٤ زیاترە، و ئەوەش هۆکارێکی بەهێز ناتوانێ ببێت. دووهەم هۆکار دوور نییە ئەوە

بێت کە لێرەشدا، بە شێوازی قەسیدەوێژانی کلاسیك، لە سەرەتا (مطلع)دا باسی وەرزی خەزان کراوە ئینجا شاعیر چۆتە سەر باسی سەرەکی، کە پیریی خۆی بێت.
لە شیعرە سەرەتاییەکانی ئاواتە.
سونع: دروست کراو، دەسکرد.
جاریَ زەمین دەکاتە سەما: زەمین بە ئاسمان کردن چییە؟ وا هەیە نیازی شاعیر ئەوە بووبێت کە سەما لەبەر چاوی ئاسایی ئێمە ساف و ڕووتەنە و پایزیش دار و باغ دەڕووتێنێتەوە. ئەگەرێکیش هەڵەی تایپە و دەکرێ بڵێین لە جیاتی 'دەکاتە'، 'دەگاتە' بووە، ئەودەم تێکەڵ بوونی ئەرز و سەماش بە کاتی غوڕڕەمی باران و هەور و هەورەتریشقەی زۆر دەگوترێ.

بەرگی گوڵاڵە سوورە دەگاتە ستارەگان: واهەیە نیازی شاعیر هێزی بای پایزە بێت کە گیاو گژ و گوڵ لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت و بەبایان دەکات. زێدەڕۆییەکیشی لەمەڕ هێزی با تێدایە کە پەڕی گوڵ ئەوەندە بەرز دەکاتەوە دەیگەیێنێتە ئەستێران.
ستارەگان: کۆی ئەستێرەیە لە فارسیدا. لە ڕێزمانی کۆنی فارسیدا دەگوترا، ئەوە پیتی/ە/ ی کۆتایی ستارەیە لە کۆکردندا بووە بە /گ/ و ئیتر نابێ /ە/یەکە خۆی بنووسرێت؛ بەڵام ئێستا ماوەی چەند ساڵێکە ئێرانییە نوێخوازەکان هەردوکیان پێکەوە دەنووسن.
گاهێ: فارسییە بە /ێ/ ی کوردییەوە. یەك گاە واتە یەك کاتی کورت، چرکەیەك.
هێندێ: بەو ئەندازەیەی، بەو ڕادەیەی.
هێندێ کە شاعیران بە بەهارن عەلاقەمەند: ڕاست بەو ڕادەیەی وا شاعیران لایەنگری بەهارن...
من دەقی چاپی ئەنیسیم پێ باشترە و نازانم لە چاپی جەعفەردا بۆچی بۆتە 'هێندێ کە شاعیرن' ، مەگەر شاعیر خۆی دواتر ئەو گۆڕانەی بە سەر هێنابێت. دیارە ئەویش بێ واتا نییە و نزیکە لە هەمان چەمك.
تێخزان: دەبێ واتای 'لەژێر لێفە کورسیی زستان خزان' بێت یان لە ناو جێگەونوێن خزان. شاعیر لە نێوان خزان و خەزان جیناسی پێك هێناوە و گوتوویەتی: با شاعیرانی دیکە بەهاریان پێ خۆش بێت، بەڵام من لەنێو جێگە خزانی وەرزی خەزانم پێخۆشترە!
مەفتوون: شەیدا، لایەنگری توند وتیژی شتێك یان کەسێك.
بەرگ: بە فارسی گەڵایە.

تۆمار: شاعیر هاتنەخوارەوەی یەك لەدوای یەكی گەڵای پایزی بە تۆماری دەرسی فەقێیان شوبهاندووە و ئەوە كارێكی جوانی هونەرییە.
پیاو و عاقڵان: لە ئەدەبی كلاسیكی هەموو گەلانی ناوچەی ئێمەدا، پیاو بوون گرنگتر بووە لە ژن بوون و دانانی كرداری كەسێك بە پیاوانە، واتای چاكی هەبووە، تەنانەت ئێستاش هەندێك كەس لە قسەكردندا ئەوە دەردەبڕن. لام وایە ئاواتیش وەك لە دەقی چاپی ئەنیسیدا دەبینرێت، بەو ڕبەیەی پێواوە و پیاو و عاقڵی پێكەوە هێناوە. لە چاپی جەعفەردا، بەگوێرەی تێگەیشتنی ئەمڕۆ هەوڵ دراوە ئەو بۆچوونەی بۆ پینە بكرێت، هەربۆیەش كردوویانە بە پیاوعاقڵان واتە پیاوانی عاقڵ بەڵام لەبەر مانەوەی وشەی پیاو لە شوێنی خۆی، گۆڕانێكی بنەڕەتی لە مەسەلەكە پێك نەهاتووە. نەمانی /واو/ێك بۆتە هۆی لەنگ بوونی شیعرەكە مەگەر خوێنەر لە خوێندنەوەیدا ئەلفی پیاو هەندێك درێژتر بكاتەوە.
ئەو بەرگی دێتە خوار: سێ فەردی دوای ئەم فەردە لە درێژەی بابەتێكدان كە سەرەتای لێرە دامەزراوە.
جەوان: فارسییە بۆ لاو
هەدەر بوون: بەفیڕۆچوون
تەرجومان: كەسێك یان شتێك كە قسەی دڵی خۆی یان كەسێكی دیكە دەرببڕێت. لێرەدا نابێ واتای وەرگێڕی ئاسایی لێ وەربگیرێت.
ڕاز: نهێنی. واتە بای خەزان قسە و پەیامێكی نهێنی پێیە، باغەوان شارەزای زمانی بایە و دەریدەخات.
حاڵی دەكا بە ناڵە: واتە با بە ناڵە و بە سەبرێك بە باغەوان دەڵێ قەدرت نەماوە.
سەبرێكی و بە سەبرە: بە دەنگێكی نزم.
بێدڵ: سیفەتێكە لە ئەدەبی كوردی و فارسیدا بە بولبول دەدرێت، واتە كەسێك كە دڵی خۆی دۆڕاندووە (داویەتی بە گوڵ).
سەروی سەهی: سەهی لە فارسیدا بە واتای ڕاست دێت. سەروی سەهی دارە سەروێكە باڵای بەرز بێت و خوار نەبووبێتەوە.
چەمان: لار بوونەوە واتە هەموو سەروێكی ڕاست باڵا، لە حەسرەت زەردهەڵگەڕانی چەمەن و باغ، باڵایان چەمییەوە.

چەمەن و چەمان جیناسی ناتەواویان پێ دروست کراوە و مۆسیقای ناوخۆیی دەنگی /چ/ و /م/ و /ن/ یان تێدا دەنگ دەداتەوە.[١٠٢]

بای بەیانیش دەبێ هەمان حیسابی چەمەن و چەمانیان بۆ بکرێت. مۆسیقای ناوخۆییان لە دەنگی /ب/ و /ی/ پێك هاتووە.

نیگاری ئێمە: نیگاری شاعیر خۆیەتی. دەبێ بەهۆی کێشی شیعرەکەوە 'ئێمە' ی نووسیبێت.

دورِفشان: بڵاوکەرەوەی مرواری. فارسییە.

مووسم/ مەوسم: سەردەم، کات.

کامیل دڵی چ خۆشە: لام وایە ئەوە بە تەوسەوە گوتراوە، واتە لە فەسڵی خەزانی گوڵدا من بە خۆڕایی دڵم خۆشە!

بێ بەرگ و بێ نیشان: گوڵ بێ بەرگە واتە گەڵای ڕژاوە و کەوتووە. بێ نیشان مانەوەی گوڵیش دوای ڕژانی گەڵاکانیەتی کە ئیتر کەس نایبینێت و سەیری ناکات. ئاوات دڵی خۆیشی بەو گوڵە بێ بەرگ و بێ نیشانە شوبهاندووە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

---

102 سرو چمان من چرا میل چمن نمی‌کند... غزلی شیرازی

## ئەی خودا!

دەمکوژی بەم دەردەوە یا چارەیی دەردم دەکەی؟
ئەی خودا! هەر هەڵوەدا و موحتاجی نامەردم دەکەی؟
هەروەکوو جاران لە سەر تەختی مرادم دادەنێی؟
یا نە، شووم وماڵخراپ وەك کوندی سەر بەردم دەکەی؟
دەمکەیە مەجنوونی عالەم، دڵ بە دەست دێنم؟ وە یا
عاشقی ڕوخساری لەیلا، وێڵی هەر هەردم دەکەی؟
من بە دڵگەرمی لەمەولا دەچمە نێو گوڵزاری عیشق
یا نە، مەحڕوومم لە گوڵشەن، مات و دڵسەردم دەکەی؟
ئەی خودا! جاران بە لوتفت هیچ خەم و دەردم نەبوو
ئێستە بێلوتفی، کە تووشی سەد خەم و دەردم دەکەی
زوو لە نێو خۆشبەختەکان تاقانە بووم و بێنیاز[١٠٣]
ئێستە لای پەژموردەکانی دڵبەخەم، فەردم دەکەی

گەردیگلان، ١٣١٩ی هەتاوی
(لاپەڕە ٧١ و ٧٢ ی چاپی ئەنیسی و ٢٥٩ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "دڵ بەخەم"ە.
وەك زۆرێکی دیکە لە شیعرەکانی ئاوات، پاڕانەوەیە لە دەرگانەی خودا، بەڵام لەچاو ئەوانیتر چەند تایبەتمەندییەکی هەیە:
یەکەم، هەنگاوێك لەو سۆفییە بێ دەست و پێ و تەسلیم بووەی جاران چۆتە پێشەوە و لێرەدا دەوێرێ پرسیار لە خودا بکات.

---

[١٠٣] چاپی ئەنیسی: بێ نییاز

دووهەم، باس لە ڕابردووی ژیانی خۆی دەکات و بە شێوەیەکی ئەرێنی هەڵیدەسەنگێنێت بۆ نموونە دەڵێ "جاران لەسەر تەختی مراد بووم و بە لوتفی تۆ هیچ خەم و دەردم نەبوو و لە نێو خۆشبەختەکاندا تاقانە و بێ نیاز بووم" و... ئەوەش دیاردەیەکی نوێیە لە شیعرەکانی ئاواتدا. پێشتر گلەیی کردنی لەخودا هەر ئەوە بوو کە لە ژیاندا خۆشی نەبینیوە و هەمیشە لە خەم و پەژارە دا ژیاوە.

سێهەم، دەڵێی شاعیر هیوایەکی هاتۆتەوە بەر، بۆ نموونە دەپرسێ ئایا *"من لەمەولا دەچمە نێو گوڵزاری عیشق؟"* هەر ئەو پرسیارە لە مەفهوومی پێچەوانەیدا دەبێتە ئەوەی خودایە ئەگەر تۆ لێمبگەڕێی و لێم تێك نەدەی، پێمخۆشە بچمە نێو گوڵزاری عیشقەوە.

هەڵوەدا: هەردەوێڵ، ئاوارە، شوێنکەوتووی شتێك

نامەرد: خەڵکانی خۆخۆشەویستی خراپەکاری دوور لە جوامێری و ئازایەتی و بەخشندەیی.

کوند: باڵندەیەکی جوانی لەچاو باڵندەکانیتر تێگەیشتووە بەڵام لەبەر هۆکارێکی نەناسراو لەناو کۆمەڵگاکانی ناوچەی ئێمەدا بە شووم و "بەدقەدەم" ناسراوە و گوایە لەسەر هەر بینایەیەك هەڵنیشێ، دەڕووخێت، هەربۆیەش لە مالان دەری دەکەن و کەلتوورە سەیر وسەمەرەکەی ئێمە تەنیا مۆڵەتی ئەوەی پێدەدات لەسەر تاشە بەرد هەڵنیشێت!

دڵ بەدەست دێنم...: وێدەچێت نیازی شاعیر ئەوە بێت ئایا وەك خەڵکی دیکە عاشق دەبم و ئەوینێکی ئاساییم دەبێت و دەگەمە دڵدارەکەم یان وەك مەجنوون تەنیا عاشقی لەیلا دەبم و بۆی دەبمە هەردەوێڵ؟

پەژموردە: لە فارسیدا سیس و ژاکاوە؛ لێرەدا خەڵکانی تەنیا و سەرنەکەوتوو واتا دەداتەوە.

فەرد کردن: تاك خستنەوە، تەنیا هێشتنەوە و دابڕاندن لە دەوروبەر.

سەرجەم ئەم شیعرە نەمر سمایل ئاغای چەوگالی، گۆرانیبێژی دەنگخۆشی کورد بە گۆرانی گوتوویەتی:

https://chrikaykurd.com/ms-music/%D8%AF%DB%95%D9%85%DA%A9%D9%88%DA%98%DB%8C-%D8%A8%DB%95%D9%85-%D8%AF%DB%95%D8%B1%D8%AF%DB%95%D9%88%DB%95-%DB%8C%D8%A7%D9%86-%DA%86%D8%A7%D8%B1%DB%95%DB%8C%DB%8C-%D8%AF%DB%95%D8%B1%D8%AF%D9%85-%D8%AF/

بەحری عەووزیی شیعرەکە، رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# هەر درۆیە

سەراپا هەرچی فەرمووت هەر درۆیە!
هەموو فەرمایشت بێ تار وپۆیە!
وەڕەز بووم من لە خولْفی وەعدەکانت
نەفەرمووی عاشقی من هەرزەگۆیە!
ئەتۆ فەرمووت شەوێ دێمە کەنارت
وەرە، ئەسپابی شادی گردوکۆیە
سەماوەر سینە، چا خوێنی جگەرمە
کەلامم نەقلْی نوقلْی لەعلی تۆیە
ئەگەر ئەمجارەکەش وادەت درۆ بێ
بەجارێکی "ئیمامی" ڕەنجەڕۆیە

گەردیگلان، ١٣١٩ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩٧ و ٩٨ ی چاپی ئەنیسی و ٢٢٤ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "درۆ'یە. هەردوو عینوان لەگەڵ ناوەرۆکی شیعرەکەدا یەك دەگرنەوە. غەزەلێکی خۆش و پڕ لە تەنز و تەوسە. خیتابی شاعیر بە یارەکەیەتی کە پێشتر دەبێ زۆری بەڵێن پێدابێت و نەیبردبێتە سەر!
پێشتریش گوتوومە، لە شیعری ئاواتدا نیشانەی تەنز زۆر بەدی دەکرێت بەڵام بەهۆی زاڵبوونی ئایین و سۆفیایەتی و تا ڕادەیەکیش سیاسەت بەسەر فەزای فیکریی شاعیردا تەنزەکە خزاوەتە پەنا و پەسیو و دیار نییە. شیعرەکە شۆکێك بە خوێنەر دەدات و بە بێ سەرەتا دامەزراندن، ڕاست دەچێتە سەر ئەسڵی مەتڵەب: سەراپا هەرچی فەرمووت هەر درۆیە!" لێرەدا خوێنەر واهەیە ئیستێك بگرێت و چاوەڕوان بێت بزانێ ئاوات لەچی تووڕەیە و شیعرێك کە سەرەتاکەی وا توند و تیژ بێت، کۆتاییەکەی دەگاتە

کویٚ لەبەر ئەوەی ئەو چەشنە هێرشکاری و توندو تیژییە لە کاراکتەر و کەسایەتیی ئاوات بەدوورن. بەڵام لەدرێژەیدا و دوای دوو فەرد هێرش کردن، ئیتر خاو دەبێتەوە و دەکەوێتە پاڕانەوە و لالانەوە و دەبێتەوە ئاواتەکەی وا دەیناسین: وەرە کەنارم، دەنا ڕەنجەڕۆ دەبم!

فەرمووت و فەرمایشت: هەردوکیان هەر 'قسە'ن بەڵام بە تەوسەوە گوتراون: قسە و بەڵێن و فەرمایشتەکانت هەموو بە درۆ دەرچوون!

تار وپۆ: لە کوردیدا 'تار و پوود'ی فارسی وەك 'تان وپۆ' دەگوترێت، بەڵام هەیشن کەسانێك کە وەك 'تار وپۆ'ی خونجە بکەن. تار وپود ی فارسی هەمان 'ڕایەڵ و پۆ' یان 'ڕاهێڵ و پۆی' کوردییە لە تەون کردندا. هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار 'پۆ' ی بە "تێوەدانی تەون و هەواڵی ڕایەڵ" واتا کردۆتەوە.

وەڕەز: جاڕز، بێزار

خولفی وەعدە: عەرەبییە. "خلف وعده" بەدقەولی و نەبردنەسەری بەڵێنە.

هەرزەگۆ: فارسییە. "هرزەگو" کەسێکی دەم هەراشە کە قسەی بیٚ بنەما و نامەعقوول دەکات.

کەنار: تەنیشت، لا، کن. لە فارسیدا هاتنە ناو باوەشی دڵدارە و زیاتر وەك "بوس و کنار" دێت کە واتای لە تەنیشتی یار دانیشتن و ماچ کردنی دەدات.

ئەسپابی شادی: ئەسباب کۆی 'سبب' ی عەرەبییە بە واتای هۆکار و وەسیلە. شاعیر هەندێك کوردانددوویەتی و لەجیاتی ئەسباب وەك ئەسپابی نووسیوە، کە هەمان شتە. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەو ئەسپابی شادییەی وا شاعیر باسی دەکات و دەڵیٚ ئامادەیە، چین؟ لە ئەدەبی کۆندا ئەو ئەسپابە بریتی بووە لە جامی شەڕاب و کەباب و مەزە و لە لای ڕووبارێك دانیشتن و دوور بوون لە چاوی ڕەقیب! جا بە کردەوەش ئەوانەیان بووبێت یان نا، هەر باسیان کردوون و ئەوەی وا بە ئاواتیان خواستووە وەك ڕاستەقینەی عەینی سەیریان کردوون. بەڵام ئەسپابی شادیی ئاوات لێرەدا ئەوانە نین. سەید و مەلای شێخزادەی وەك ئاوات لەکویٚ و جامی بادە لەکویٚ! بەڵکوو دووشتی دیکەن کە لە فەردی دواتردا هاتوون.

سەماوەر سینە...: سەماوەر وشەیەکی ڕووسییە و لەوێوە هاتۆتە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، درەنگتریش گەیشتۆتە باشوور. سەماوەر لە ڕاستیدا کترییەکە بۆ کوڵاندنی ئاو. شاعیر دەڵیٚ سینگی من ئەو سەماوەرەیە کە ئەگەر بێی بۆ لام، تێیدا چاییت بۆ

دەم دەکەم. چاییەکەش خوێناوی جگەرمە [لە دووریی تۆ]. لە تەنیشت سەماوەر و چاییەکەش کە دەبێ نوقڵ و قەند دابنرێت، من کەلامی خۆم واتە شیعری خۆم دادەنێم کە کاتێ باسی نوقڵی لێوی وەك لەعلی تۆم کرد، ئەویش شیرین دەبێت و دەکرێ چاییەکەی پێ بخۆیەوە! ئەوە وێنەسازییەکی شاعیرانەیە.

ئەوەی شاعیر کەلامی خۆی بە باسکردنی لێوی یار شیرین دەکات گەلێك جوانە، من پێشتر بیستوومە و دەبێ لە شیعری شاعیرانی دیکەی کورد یان فارسیشدا هاتبێت، بەڵام کەسی دیکە گوتبێتی یان نا، هەر جوانە.

شوبهاندنی سینگ بە سەماوەریش، جوانە بەڵام پێش ئەو گوتراوە. دیارە نابێ زۆر کۆن بێت لەبەر ئەوەی مێژووی سەماوەر لە ڕووسیا خۆی ناگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە سێسەد ساڵ ، هاتنیشی بۆ ئێران و کوردستان هەر دەبێ لە سەدەی نۆزدەهەمدا بووبێت کە بۆنموونە، شاعیری کورد مەلا نەسروڵڵای حەریق (١٨٥٦-١٩٠٩) هێناویەتە ناو شیعری خۆیەوە و گوتوویەتی:

*"نەفەس دەم، دیدە پڕئاو و سەماوەر سینە، جەرگ ئاتەش*

*کەلامم قەندە گەر ساقی لەگەڵ من ئارەزووی چا بێ!"*[١٠٤]

من بە ڕاشکاوی ناتوانم بڵێم ئاوات لەو فەردەی خۆیدا کارتێکەریی شیعرەکەی حەریقی لەسەر بووە یان نا، لەبەر ئەوەی "توارد"یش لە شیعر و ئەدەبدا هەیە کە دووکەس یەك چەمك دەڵێن بێ ئەوەی ئاگایان لەیەکتر بێت. بەڵام واهەیە ئەگەری زیاتر ئەوە بێت کە کارتێکەریی ئەوی لەسەربووە؛ هۆکاریشم بۆ ئەو قسەیە ئەوەیە کە تەنانەت لە میسراعی دووەمدا وەك حەریق قسە لە کەلامی نوقڵ دەکات کە وێچووی "کەلامی قەند"ەکەی حەریقە.

وادە: وەعدەی عەرەبییە، بەڵێن و زیاتریش بەڵێنی هاتن و چاوپێکەوتن لە لایەن یارەوە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە، هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

---

[١٠٤] شیعرێکی گەلێك پڕ سەنعەتە و شوبهاندن و ئیهام.یکی زۆری تێدایە. بۆ نموونە، بڕوانە ئیهامی ناو "ئارەزووی چابێ" کە واتای نزیکی 'ئارەزووی باش'ە، بەڵام واتایەکی دووریشی هەیە کە ئەویش "چا" یان "چایی"یە و لەگەڵ سەماوەر و کەلامی شیرینی شاعیر (لەجیاتی قەند)دا تەواو یەك دەگرنەوە.

# زمانی دڵ

موددێکە نووکی خامە لە وەسفی جەماڵی دڵ
دەدوێ، بەڵام زمانی لەتە بێ ویساڵی دڵ[١٠٥]
ئەو ڕۆیوە، کەچی منیش هەڵبەستی بۆ دەڵێم[١٠٦]
قاسید! هەڵێ هەتا دەگەیە دەرکی ماڵی دڵ[١٠٧]
نامێکی ڕێکی خامە بدە دەستی دڵ، بڵێ[١٠٨]
دەیگوت چلۆنە داخۆ برا ماڵوحاڵی دڵ؟!
عەرزت دەکا: زەمانە سیاکاری خۆش دەوێ
بۆیە لە مل منی بەگوناهە وەباڵی دڵ
ئەی ئافەرین قەڵەم! بە زمانی شڕ و لەتیش
تاریف دەکەی لە دڵ، بە زمانی زوڵاڵی دڵ

گەردیگلان، ١٣١٩ی هەتاوی
(لاپەڕە ٨٧ ی چاپی ئەنیسی و ١٠٧ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
غەزەلێکی غەرامییە و لە ساڵانی سەرەتای شاعیریی ئاواتدا گوتراوە.
لێرە و لە زۆر شوێنی دیکەدا، ئاوات لەگەڵ دڵی خۆی دەدوێت یان شەڕی لەگەڵدا دەکات، یان خۆی لێ جیا دەکاتەوە و حیکایەتی خۆی و ئەو، وەك سێهەم کەس، بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە. ئەو هەڵاتن و ڕۆیشتنەی دڵی شاعیر و بێ دڵ و بێ هەست پیشاندانی خۆی چەشنە هەڵوێست گرتنێکە کە ئەگەر وەك ئەویندارێك بڕوانینە

---

[١٠٥] چاپی ئەنیسی: وسالی
[١٠٦] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: ڕۆییوە
[١٠٧] چاپی ئەنیسی: دەگەییە
[١٠٨] چاپی ئەنیسی: ڕیکی

خاوەنەکەی، ئەوپەڕی توانەوە لە گراوی و دڵدار دا دەگەیێنێت و ئەگەریش وەك سۆفییەك سەیری بکەین، خەفەتێکە لەوەی دڵێك کە مەکۆی عیشقی ئەفرێنەرە نابێ لەو غایب بێت چونکو عارف بۆ چرکەیەکیش نابێ دڵی لە یادی خودا دوور بکەوێتەوە.
مەولەوی ڕۆمی دەڵێ:
*"گویند رفیقانم کز عشق نپرهیزی؟*
*از عشق بپرهیزم، پس با چه درآمیزم!"*
*هاوڕێیانم پێم دەڵێم لە ئەوین دوور کەوەوە، ئەی ئەگەر لە ئەوین دوورکەوتمەوە خۆم تێکەڵاوی چی بکەم؟*
ئەو عیشقە دەکرێ بە ئەوینی خوداییش واتا بکرێتەوە.
لەتە: ئاماژەیە بە لەت بوون و قەڵەشت تێکەوتنی قەڵەمی قامیش کە لە ڕابردوودا کەرەسەی نووسین بوو و قەڵەشتێك دەخرایە نووکیەوە.
نامێکی ڕێکی: نامەیەکی ڕێك و پێکی ئەم خامەیە واتە منی شاعیر...
عەرزت دەکا: شاعیر عەرزی دڵی دەکات.
سیاکار: گازندەیە لە دەست زەمانەی ژیانی شاعیر کە خەڵکانی خراپەکار تێیدا ڕێزی زیاتریان هەیە لە کەسێکی دەست ودڵ پاکی وەك ئەو. هەربۆیەش دەڵێ بەرپرسیایەتی ئەو هەڵاتن و ڕۆیشتنەی دڵ لە ئەستۆی منە. شاعیر لێرەدا خۆی بە سیاکار دادەنێ و دەڵێ دڵم لە دەست ئەو سیاکارییەم بوو هەڵات و لام نەما.
تاریف دەکەی لە: بە زمانی پاك و بێ خەوشی دڵ واتە ئەوەی وا بە ڕاستی لە دڵمدایە و درۆی تێدانییە، بە دڵمی دەڵێم و پێیدا هەڵدەڵێم، تۆی قەڵەمیش باوەکوو زمانت لەت کراوە، دیسانەکە دەتوانی ئەو عەرزی حاڵە بگەیێنیتە گوێی دڵ، کەوا بوو، ئافەرین بۆ تۆ ئەی قەڵەمی پەیامبەر!
ئەو ئاڵۆزییەی وا لە واتای خیتابی شاعیر و ناوهێنانی دڵدا هەیە سەرچاوەکەی هەر ئەو مەسەلەیەیە کە لە سەرەوە گوترا و دەبێ خوێنەر خۆی بتوانێ کڵافەکە بکاتەوە و بزانێ ئایا ئاوات وەك مرۆڤێکی ٣٧ ساڵان ئەوینی زەوینیی هەیە و وەك هەموو کەسێکی دیکە، عاشقی کیژۆڵەیەکی جوانکەڵە بووە یان سۆفیایەتی وای لێکردووە ئەم زەوینە پان و بەرینە بەجێ بهێڵێت و لە فەزای خاڵیی ئاسماناندا بگەڕێت و بیری وەك مانگی دەسکرد بنێرێتە حەوت قاتی ئاسمان بۆ لای باوەڕێکی ئایینی و خودایی.
شیعرەکە بە گوێرەی هەڵوێست گرتنی خوێنەر دەتوانێ بەرەو دوو ئاقاری تەواو جیاواز بڕوات، ئەوەش گەلێك ئاسایی دەنوێنێ لەبەر ئەوەی بۆ نموونە، شیعرەکانی 'ئەحمەدی

کۆر'یش له خوێندنەوەی ئاساییدا سەداسەد عاشقانەن بەڵام نیشانەی وایان پێوە دیارە کە ئەو دڵدارەی وا شاعیر بە زوڵف و ڕوویدا هەڵدەڵێت پێغەمبەری ئیسلام بێت. هەمان ئەو گومانە بۆ شیعری فارسیی حافزی شیرازی دەکرێت کە هەندێك کەس بە سۆفییانەی دادەنێن و وای لێکدەدەنەوە بەڵام زوربەی خەڵك حافز بە شاعیرێکی غەرامی ویژ دەناسن کە لاقی لە سەر زەوییە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

مضارع مثمن اخرب مكفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعيل فاعلن

## یا کەریم!

هەرچەند نەخۆشی عیشق و زەدەی پەنجەیی پەریم،
هەرچەندە بێمشوورم و هەرچەندە سەرسەریم
چونکە لە حاڵی خۆم وەڕەزم، مات و عاجزم
ماوم عەجەب لە ڕەحمی خودا، بۆچی من بەریم؟
یاڕەب بە خاتری دڵی خاسانی بێڕیات![109]
ڕەحمێ بە حاڵی زارم و وەزعی قەلەندەریم
چونکی بە غەیری تۆ نییە کەس بگرێ دەستی کەس[110]
دەستی شکاو لەگەڵ دڵەکەم بگرە، یاکەریم!
بمهێنە دەر لە گێژوخولی چەرخی چەپڕەوت
عاجز مەبە لە دڵپڕیی ئەمن و لە زۆروەڕیم [111]

گەردیگلان، ١٣١٩ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩٩ ی چاپی ئەنیسی و ١٤٧ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو دیواندا، وەك یەکن.
وەڕەزی و ماندوویی و دڵشکاوی و تەنیایی و دڵپڕی لە هەموو فەردێکی شیعرەکە دەبارێت.
ساڵی ١٣١٩ (١٩٤٠) بە ماوەیەکی کەم پێش دەسپێکی شەڕی دووهەمی جیهانییە و لە ئێراندا ڕەزاشای پەهلەوی لە لووتکەی دەسەڵات و دیکتاتۆریدایە. بەڵام دوای ماوەی

---

[109] . چاپی ئەنیسی: بێ رییات
[110] . چاپی ئەنیسی: نیە کەس
[111] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: دڵپڕی

ساڵێك، تەمی ئەو زۆرداری و ملهوڕییە دەڕەوێت و ڕەزاشا لە ئێران دەردەکرێت. دیارە لە ١٣١٩ دا هێشتا زووە و کەس لە ڕوانگەی دوور و نزیکی خۆیدا کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی بەرفراوانی ڕەزاشا نابینێت.

من لە خوێندنەوەی ئەم شیعرەی ئاواتدا، ئەو مۆتەکە سیاسی- کۆمەڵایەتییە دەبینم کە بە سەر شانی خەڵکی ئێران و بە تایبەت کوردستانیشەوەیە و شاعیرێکی هەستیار وەك ئاوات ئەگەر زیاد لەخەڵکی دیکە هەستی بە قورسایەتی ئەو بارە گرانە نەکردبێت، کەمتری نەکردووە. ئەوەی ئاواتی گەیاندۆتە ئەو پلەیە لە بێزاری و وەڕەزی، بارودۆخە سیاسییەکەیە نەك کێشەیەکی شەخسی و تاکەکەسی.

ئاوات کەسایەتیەکی تێکەڵاو بە سیاسەت و دژبەری ڕژیمی ئێران بوو و سیاسەت لە بنەماڵەکەشیاندا شتێکی نامۆ نەبوو. ئەو مورید و موخلیسی مامی (حاجی بابەشێخی سەیادەت) بوو، حاجی بابەشێخیش لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا سەرۆکی لقێکی ناوچەیی حزبی 'اتحاد اسلام' و لایەنگری عوسمانییەکان بوو؛ ماوەیەك پێشتریش دوو کەس لە گەورەپیاوانی ناوچەی موکریان داوایان لە شێخی حیسامەددین کردبوو لە حاجی بابەشێخی زاوای بخوازێت خۆی بکاتە کاندیدای یەکەم مەجلیسی شۆڕای ئێران دوای مەشروتییەتی ساڵی ١٩٠٦.

واتە ئاوات لە سیاسەتی ڕۆژ دوورکەوتە نەبوو و بەو پێیە، ڕەنجێکیش کە بردوویەتی و لە ئاوێنەی شیعرەکەدا بە ئێمەی نواندووە (بێ مشوور، سەرسەری، وەڕەز، مات، عاجز، زار، قەلەندەر، دەست شکاو، دڵشکاو، لە گێژو گومیدا ماوە و دڵپڕ...) کە هیچکام بۆنی خۆشی و ڕاحەتیی ژیانیان لێ نایەت، ئەگەر بخرێتە چوارچێوەی زەمەنییەوە، واهەیە سەرچاوەکەشیمان بۆ دەربکەوێت؛ ئەویش بە گومانی من هیچ نییە جگە لە دۆخی نالەباری سیاسی لە کوردستان و ئێران بەگشتی.

زەدە: لێدراو، دەست لێدراو.

زەدەی پەنجەی پەری: پەری مەوجوودێکی ئەفسانەیی و خەیاڵییە کە بە گوێرەی ڕیوایەتە ئیسلامییەکان جیاوازە لە مرۆڤ و جندۆکە و بوونێکی نەرم و نیانی هەیە، بەپێی خورافاتی ڕایج، ئەگەر پەری دەست لە کەسێك بوەشێنێت، ئەو کەسە شێت دەبێت.

بێ مشوور: بێ فیکر و بیرکردنەوە، ناعاقڵ.

سەرسەری: بێ دەربەست و گوێنەدەر.

بەری: بێ بەش و پەراوێزکراو.
خاسانی بێ ڕیا: کەسانێك کە لەگەڵ خەڵك و خودا بێ خەوش و ڕاستن و زاهیدی ڕیایی نین.
قەلەندەری: تەنیایی و بێ ماڵ و حاڵی. قەلەندەر کەسێکە دەربەستی ماڵ و مەقام نییە و بە هیچ کەس و شوێنێکەوە نەبەستراوە؛ ئازاد.
چەپ ڕەوت یان چەپڕەوت: ئەو سیفەتەیە کە خەڵکانی باش بە 'فەلەك'ی دەدەن و لایان وایە هەمیشە بەباری چەپدا دەگەڕێت واتە هیچ شتێکی لە شوێنی خۆیدا نییە و لە جیهاندا ئەوانەی وا زانا و تێگەیشتوون، دوورن لە شادی و بەختەوەریی و ڕێزیان لێ ناگیرێت، بەڵام خەڵکانی نەفام و نەزان لە خۆشی و شادیدا دەژین و دەسەڵاتییان بەدەستەوەیە.
دڵپڕ: کەسێکە کاسەی سەبری سەرڕێژ دەکات و هەربۆیەش وا هەیە بگری یان تووڕەیی بنوێنێت. شاعیر بۆ ئەو سکاڵایەی وا دەیکات لە خودا دەخوازێت لێی عاجز نەبێت.
زۆر وەڕی: شێوازێکی نەرێ یە بۆ زۆر قسە کردن، لە زۆربڵەییش توندو تیژ ترە و تەنیا کەسانی خۆ بەکەم زان و بە تەوازوع بە خۆیانی دەڵێن دەنا کاتێ بەخەڵکی دیکە بگوترێت، سووکایەتی و جنێوە. وەڕین سیفەتێکە لە حاڵەتی ئاساییدا بە سەگ دەدرێت. لە غەزەلێکی دیکەشیدا دیمان ئاوات خۆی بە سەگی دەرگانەی خودا داناوە.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە:
مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

# شیعری ساڵانی ۱۳۲۰ تا ۱۳۲۹

*پێرستی شیعرەکان: خەمێکی دی، چ بکەم؟، سروەی سەحەر، ئاڵ و واڵا، لەشکری ئەگریجە، بەخشین، ئامۆژگاری، تەشریفی دێ یار، باڵای مەوزوون، سۆزی دڵ، ئاڵا، بەیداغ، ئاڵای پیرۆز، هەڵاڵە و بەهار، مەولوودی، ساقی نەیە نابێ، دەخولێمەوە، هات بەهار، سات و سەودا، پارچە گۆشتی دڵ، وەعز و تەڵقین، خەوی من، کەوی کوڵیو.*

## خەمێکی دی

وەکو بیستم خەمت خواردم، ئەویش بۆ من خەمێکی دی
دڵت بۆ ماتەمم سووتا، ئەویشم ماتەمێکی دی
دەمێ نەمدی لە دونیا هاودەمێ غەیری خەم و دەردم
لە کوێ پەیدا بکەم یارەببی ئاخر هەمدەمێکی دی
بە داخ و دەردی تۆوە شەرتە ئەی باڵابەرز، بمرم!
دەبێ ئەو حەسرەتەی خۆم من بەرم بۆ عالەمێکی دی
بە زولفی خەم بەخەم دونیات وەك چێوی خمێ لێکرد
کەچی بۆ گەردنی ئەمنت درێغ فەرموو خەمێکی دی
"ئیمامی"ت کوشت بە تیری غەمزە، گەرچی چاوتە چارەی
تەماشای گەر بفەرمووی، نایەوێ قەت مەڵحەمێکی دی

گەردیگلان، ١٣٢٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٨٦ ی چاپی ئەنیسی و ٢٣٧ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە و ڕێکەوت و شوێنی گوترانی لە هەردوو دیواندا وەك یەك تۆمار کراون.
یەك لە شیعرە تەرجەمە کراوەکانی ئاواتە لە شیعرێکی فارسی ئەبولقاسم لاهووتی کرماشانی. ئەوەش دەقی شیعرەکەی لاهووتییە کە لە دیوانی لاهووتی چاپی ئەحمەد بەشیری (امیر کبیر، تهران صفحه ٦٤) وەرگیراوە:

*"شنیدستم غمم را میخوری، اینهم غم دیگر*
*دلت بر ماتمم میسوزد، اینهم ماتم دیگر*
*به دل هر راز گفتم، بر لب آوردش دم دیگر*
*چه سازم، تا بدست آرم جز این دل محرم دیگر*

*نکشتی آتش خشمش تمام و زود خشکیدی*
*کمی مانده است از او، ای دیده قربانت، نم دیگر*
*مرا گفتی دم آخر ببینی، دیر شد، بازآ!*
*که ترسم حسرت این دم برم بر عالم دیگر*
*ز بی رحمی، نماید تیغ خودرا هم دریغ از دل]*
*که داند زخم اورا نیست جز این مرهم دیگر*
*جهانی را پریشان کرد از آشفتن یك مو*
*معاذالله اگر بگشاید از گیسو، خم دیگر*
*به جان دوست، غیر از درد دوری از دیار خود*
*در این دنیا ندارد جان 'لاهوتی' غم دیگر"*

شیعری لاهووتی له ئەستەموڵ و له ساڵی ۱۹۲۰ ی زایینیدا گوتراوه که دەکاته ۲۱ ساڵ پێش شیعرەکەی ئاوات. هەردووکیان غەزەلن. ژمارەی فەردەکانی شیعری لاهووتی حەوت و هی ئاوات پێنجه. فەردی یەکەمی شیعری ئاوات، میسراعی دووهەم له فەردی دووهەم، میسراعی دووهەم له فەردی سێهەم و میسراعی یەکەم له فەردی چوارەم دەقاودەق وەك شیعری بنەما واته کارەکەی لاهووتین. له فەردەکانی دیکەدا واتاکان هەندێك گۆڕاون و مۆرکی ئاواتیان زیاتر به سەرەوەیه. نموونه، فەردی چوارەم و پێنجەمه که تێیاندا سەربەخۆییەکی واتایی زیاتر دەبینرێت. مەقتەعی شیعرەکه بەتایبەت فڕی بەسەر هاوشێوه فارسییەکەی خۆی واته فەردی پێنجەمیەوه نییه و له فەردی چوارەمیشدا "چێوی خم" بۆ شێواندن، تەعبیرێکی کوردییه که بۆ پیشاندانی شێواویی و پەریشانی زوڵفی یار هاتووه و له فارسییەکەدا نییه هیچ، تەنانەت چەمکێکی تەواو جیاوازیش دەبینرێت که پەنا بۆ خودا بردن بێت. من پێشتر له کتێبێکدا که سەبارەت به لاهووتیم نووسیوه باسی شوێن هەڵگرتنی هەندێك شاعیری کورد له لاهووتیم کردووه، که یەکیان ئاواته (لاهووتی کرماشانی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، بنکەی ژین، سلێمانی ۲۰۰٦، لاپەڕە ١٤٦).[112]

---

[112] لێرەدا دەبێ ئەوەی لێ زیاد بکەم که شیعری نەمر مستەفا شەوقی (قازی زادە)ش کارتێکەریی لاهووتی لەسەرە، بەڵام ئێرە جێگەی باسی ئەو نییه.

هەرچۆنێك بێت، ئەم شیعرە لە کارە سەرەتاییەکانی ئاواتە و لە ساڵی ١٣٢٠ دا گوتراوە. بە گوێرەی ئەو شیعرانەی ناو دیوانی ئاوات کە ڕێکەوتی هۆنرانەوەیان بۆ دیاری کراوە، یەکەم شیعر هی ساڵی ١٣١٤ واتە شەش ساڵ پێش ئەم تەرجەمەیەیە.

وشەی ئەستەم لە شیعرەکەدا نییە، "خەم" ی کۆتایی فەردی چوارەم، فارسییە و بەواتای پێچدراو و بادراو هاتووە. لە هەمان فەرد دا، "خەم بە خەم" یش هەر فارسییە و واتای چین بە چین و توێ بە توێی هەیە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن.

## چ بکەم؟

به یادی شەمعی ڕوخسارێکی، دڵ ئیحیا نەکەم، چ بکەم؟
به شەوقێکی وەها، چاری شەوی یەڵدا نەکەم، چ بکەم؟
وەکوو مەجنوونی ماڵ کاول دەر ودەشت بۆتە مەئوای من
له حەیفی عاقڵان، خۆم شێتی ڕووی لەیلا نەکەم، چ بکەم؟
له کۆڕی عیشقبازاندا نەماوه قەدری ڕۆح و سەر
وەکوو پەروانه بۆ ڕووی ئەو، بەڕۆح سەودا نەکەم، چ بکەم؟
دەڵێن یار خاکی بەرپێی سورمەیە، بۆ چاومی دێنم
به کوێرایی ڕەقیبی لامەزەب ئەی وا نەکەم، چ بکەم؟
به شەرتێ بێته لام، شەته سەرم دانێم له پێناوی
ئەگەر بۆ گاوگەردون[113] ڕۆح و سەر ژێرپا نەکەم، چ بکەم؟
له دووریی[114] وی گەدام و دێته لام، وەك شا دەبینم خۆم
له چوون و هاتنی، خۆم وەك گەدا، وەك شا نەکەم، چ بکەم؟[115]
ئەگەر با بۆنی تۆ بێنێ، ئیمامی وا دەڵێ گیانە:
که من ڕۆح و سەرم قوربانی ڕێگەی با نەکەم، چ بکەم؟

گەردیگلان، ١٣٢٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٤ ی چاپی ئەنیسی و ١٤٠ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە له هەردوو چاپدا وەك یەکن.

---

[113] . گەردوون، چاپی جەعفەر
[114] . دوری، چاپی ئەنیسی و دووری، چاپی جەعفەر
[115] . چون، ئەنیسی

به بۆچوونی من شیعرەکە تاقی کردنەوەی مرخی شاعیری و پیشاندانی وەستایی و لێزانیی شاعیرە لە بواری شیعر و ناسیاوبوونی لەگەڵ سەنعەتە عەرووزییەکان. هەروەها پێ نانە جێ پێی مەحوییە، کە دەڵێ:

*"بە نووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم، چبکەم؟*
*بە شەمعێکی وەها چاری شەوێکی وا نەکەم ، چبکەم؟"*

بەشێك لە شاعیرانی سەردەمی کۆماری کوردستان لە سەر هەمان سەروا و ڕەدیفی شیعرەکەی مەحوی و جاروبار بە هەمان کێش یان کێشێکی هەندێك جیاوازەوە ئیستیقباڵی شیعرەکەی مەحوییان کردووە. بۆ نموونە، هێمن دەڵێ:

*"دێت و ڕادەبرێ وەکوو سەروی ڕەوان، من چبکەم؟*
*کە بە قوربانی نەکەم ڕۆح و ڕەوان، من چبکەم؟"*[116]

هەژاریش لە شیعرێکی گاڵتەوگەپ کە لە سەرەتاکەیدا نووسیویەتی "دەمەلاسکەی مەحویم کردۆتەوە"، دەڵێ:

*"لە کەرکووکم بە ئاب،*[117] *ئارەق لەبەر گەرما نەکەم، چبکەم؟*
*کە بەرچایی بە ماستی شل، بە پیاڵێك چا نەکەم، چبکەم؟"*

یان "قانع" کە دەڵێ:

*"کە من بۆم دەس نەدا ڕەندی، دەسا تەقوا نەکەم چبکەم؟*
*ئەسیری زەڵفی تاتاتم، کە واوەیلا نەکەم چبکەم؟..."*

هەروەها حەقیقی پێنج خشتەکییەکی لە سەر هەمان شیعری مەحوی پێك هێناوە کە ئاوا دەست پێدەکات:

*"نیساری ڕێی کەسێ سەد گەوهەری یەکتا نەکەم، چبکەم؟*
*بە شەمسی، مانگی دڵ پڕ شوعلە و ئیحلا نەکەم، چبکەم؟"*

لەم ساڵانەی دواییشدا چەند شاعیری دیکەی کورد ڕەچاوی ئەو شیعرانەی مەحوی یان هێمنیان کردووە کە زیاتر لە فەیسبووکدا بڵاو بوونەتەوە. بۆ نموونە، نەمر سولەیمان چیرە (هێرش) شیعرێکی پێنج خشتەکی لە شیعرێکی مامۆستا هێمن و خۆی دروست کردووە کە ئاوا دەست پێدەکات:

---

[116]. من ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی ئەو شیعرەی مامۆستا هێمن نازانم هەربۆیەش ناتوانم بڕیار بدەم ئاوات چاوی لە شیعری ئەویش بووە یان نا. دیارە ئەگەر شیعری هێمن دوای ١٣٢٠ گوترابێت کە ڕێکەوتی هۆنینەوەی شیعرەکەی ئاواتە، ئیتر حیسابەکە بەرئاوەژوو دەبێت.

[117] . مانگی ئاب، مانگی هەشتەمی ساڵ، ئوگۆست.

*"دۆست و یاران کـــــه هەموو سەربەهەوان من چبکەم؟*
*نـــــــــه لەمان سیلە نیگایەك، نە لەوان، من چبکەم؟*

یان مەلا کەریمی سارده کوێستانی و ڕەشید زەرزا و..... کە هەموویان مرخی خۆیان لە سەر ئەم شیعرە بەتاقی کردۆتەوە.
شیعرەکەی ئاواتیش لە هەمان بوار و بابەتدایە و دەبێ ماوەیەك پێش ئەم یان دوای ئەیتریان گوترابێت. سەبارەت بەو زووو و درەنگەش دەبێ بلێم دیارە شیعری ئاوات دوای شیعری مەحوی گوتراوە، بەڵام دیاریکردنی ڕێکەوت بۆ ئەوانی دیکە تەنیا بە مەزندە دەکرێت، شیعری هەژار نەبێت کە هی ساڵی **١٩٥٣** یە واتە ١٤ ساڵ دوای شیعری ئاوات گوتراوە.
بەشێك لە وشە و زاراوە و تەعبیرەکانی ناو شیعری ئاوات لە فارسیشدا هەن و زۆر وشەی عەرەبیشی وەك کەرەسەی شیعرهۆنینەوەکەی خۆی لەکارکردووە. پێشتریش دیومانە و گوتوومە کە ئاوات پەروای نەبووە لە کەڵك وەرگرتن لە وشە و زاراوەی عەرەبی یان فارسی و هەر ئەوەش لە کارەکەیدا سەرکەوتووی کردووە. ئاوات لای کەم لەم هەڵبەستەدا بە شوێن دیداری دڵداری شیعرەوەیە و نە سیاسەت دەکات و نە لە نووسینی ئەو تەعبیراتە عەرەبی و فارسییەدا دەستی دەلەرزێت:
*"قافیە اندیشم و دلدار من*
*گویدم مندیش جز دیدار من!"* (مەولانای ڕۆمی)
وشە و تەعبیری فارسیی ناو ئەم شیعرە: ڕوخسار، یەڵدا، عیشق بازان، پەروانە، و ...
وشە و تەعبیری عەرەبی: ئیحیا، مەجنوون، لەیلا، مەئوا، سەودا، ڕەقیب، لامەز[ە]ەب، و...
وشە و تەعبیری تایبەت بە موکریان (مەهاباد): ڕوخسارێکی، لە حەیفی، وی.
لە حەیفی، لە داخی یەڵدا، شەوی کۆتایی پایز و سەرەتای زستان، کە درێژترین شەوی ساڵە. گەرچی شەوێکی مێژوویی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی برەوی ئایینی میترایی و پێش زەردەشتایەتی و بەو تەعبیرە دەتوانرێ بە کوردییش لە قەڵەم بدرێت.
کۆڕ، ئەنجومەن، کۆبوونەوە و دانیشتنی بەکۆمەڵ.

عیشق بازان، عاشقان، ئەوانەی وا کار وپیشەیان ئەویندارییە. تەعبیرێکی فارسییە؛ بۆ نموونە، نیزامی گەنجەوی لە وتوویژی خوسرە و فەرهاد (مەنزوومەی شیرین و فەرهاد)دا، دەڵێ:

*"بگفتا جان فروشی در ادب نیست*

*بگفت از عشقبازان این عجب نیست!"*

سەعدیش دوای نیزامی دەڵێ:

*"ای بر در سرایت غوغای عشقبازان*

*همچون بر آب شیرین آشوب کاروانی!"*

سورمە و چاو و کوێرایی، سەنعەتی مراعات النظیریان تێدا بەکار هاتووە و بەرپێ و چاویش سەنعەتی تضاد.

بە شەرتێ و شەرتە پێکەوە هێنان لە یەك میسراعدا، گەلێك کارێکی جوانە.

ژێر پا کردن، واتە بە پەلە ڕۆیشتن و گوێنەدانە هیچ. شاعیر دەڵێ: بۆ ئەوەی ببمە گاوگەردوونی یار و بمکەنە قوربانیی ئەو، هێندە بە پەلە دەڕۆم کە هەمووشتێك بەژێر پاوە دەکەم.

کۆکردنەوەی سەنعەتی تضاد لە نێوان گەدا و شا، هەروەها چوون و هاتن و دووری و دیتەلام لە لایەك و سەنعەتی 'لف ونشر' ی نێوان دووری و گەدا و هاتن و شا، ئەویش هەمووی لە یەك فەرددا، ئەوپەڕی مامۆستایی و لێزانیی ئاوات دەگەیێنێت. لەفف و نەشرەکە 'مورەتتەب' ە نەك 'موشەووەش' واتە یەکەم بۆ یەکەم و دووهەم بۆ دووهەم: دووری یار دەیکاتە گەدا و بە هاتنیشی دەبێت بە شا، تەواو!

شیعرەکە، لە دیوانی چاپی ئەنیسیشدا هەمان عینوانی "چ بکەم" ی هەیە بەڵام بە بێ نیشانەی پرسیار و وەك یەك وشە: چبکەم.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## سروەی سەحەر

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی سروەکەی سەحەر!
ئەی شارەزا و بەڵەد بە هەموو کێو و دەشت ودەر!
کاتی گزنگ، چیا بە نەسیمت مونەووەرە
ڕەنگین دەبێ لە تۆقی سەریڕا هەتا کەمەر
ئەم ڕەنگی زەرد و سوورە لە سەرڕا بە لوتفی خۆت
دێنی بە هەدیە بۆ دەر ودەشت کاتی گەشت وگەڕ
چەشنی کزەی شەماڵ بە، وەرە لام بەگەرم وگوڕ
وەك ئاهی من ببە کەسەکەم! هێندە سارد و سڕ[118]
باش بۆم بگێڕەوە چییە باس و خەبەر لەوێ
لێرە، بە مەرگی تۆ، خەمە باس و خەمە خەبەر
ئێمە هەموو پەرۆش و پەرێشان و هەڵوەدا
وەك تۆ هەناسە سارد و سەحەرخێز[119] و دەربەدەر
ئاهەنگ و کەیف و شایی و جێژن و سروورمان
ناڵین و ئاخ و حەسرەت وخوێن خواردنی جگەر
ڕۆژێکە[120] جێژنە، کاتی سروورە، کەچی لەپڕ
دەگرێ بە بێ موحاسەبە دەرگا بە ئێمە، شەڕ
پیاوی جحێڵ و پیرە لەپێش تیری دوژمنان
وێستاوە بێ پەنا وپەسیو، بێ زرێ و سوپەر
خێزان و ماڵی دوژمنی مە گوڵ دەکەن لەبەر

118. سەڕ (ئەنیسی)؛ هەروەها بە (ئەنیسی و جەعفەر)
119. خیز (ئەنیسی)
120. دووری نازانم لە ئەسڵدا "ڕۆژێکی" بووبێت.

خێزان و خاوی ئێمە کەچی گڵ دەکەن وەسەر
بەرموور و خشڵ و زێوەری ماڵی مە، مووروووە
یاقووت و لەعلە خشڵی ژنی وان و زێو و زەڕ
هەریەك بە ئێش و ئۆف و بەدەردێکەوە تلاین
هەریەك لەبەر خەمێکە کز و مات و لاڵ و کەڕ
چاوی تەڕی گەلە کە دەبارێنێ[121] خوێنی گەرم
فرمێسکی سووریانە لە جێگەی دوڕ و گوهەر
یاڕەببی! چاوەڕێی کزەبای ڕەحمەتین هەموو
ڕەحمێ بە ئاگر و کوڵی دڵ کە و بە چاوی تەڕ
بەڵکوو چرۆ وەدەرکەنەوە باغی لاوەکان
بێ سایەبان و بێ بەر و بێ بەرگ و بێ سەمەر
"کامیل"! خودات دەگەڵ بێ، بە ئاواتی[122] خۆت دەگەی
ئەمجار بە ڕەحم و لوتفی خودای خاوەنی هونەر

گەردیگلان، ١٣٢٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە و ١٥٠ و ١٥١ ی چاپی ئەنیسی و ٨٩ و ٩٠ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا "ئێمە وئەوان" ە.
ئەوە یەکەم پارچە شیعرە  کە دوای چاوپێکەوتنی دیوانی چاپی ئاغا سەید جەعفەری کوڕی شاعیر و هاوکارەکانی دەینووسمەوە. لە کارەکەمدا، دەقی جەعفەرم، کە تازەتر و کەم هەڵەترە، بە ئەسڵ وەرگرتووە و بەراوردم کردووە لەگەڵ دەقی ئەنیسی، جیاوازییەکانیشم لە پەراوێزدا هێناوە.
ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە ١٣٢٠ ی هەتاوییە کە دەکاتە ١٩٤١ ی زایینی. لە مانگی شەهریوەر (سێپتامبر) ی ئەو ساڵە واتە دەسپێکی شەڕی دووهەمی جیهانیدا هێزی هاوپەیمانان هاتنە ناو ئێرانەوە، ڕەزاشای پەهلەوییان لەسەر حوکم وەلانا و محەممەدڕەزاشای کوڕیان کردە جێگری. شیعرەکە وێدەچێت ڕاست لە سەردەمی ئەو ئاڵوگۆڕانە یا خود لە پێش ئەواندا گوترابێت لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە پیشاندەری بێ

---

[121] . دەبارێنی (ئەنیسی)
[122] . "ئاوات" ی (ئەنیسی)

هیوایی و خەم و پەرێشانی وهەڵوەدایی و هەناسە ساردی و ئاخ و حەسرەتی خەڵکە و لە لایەکی دیکەوە مۆرکی هیوای دوارۆژ واتە دوای دیکتاتۆریەتی ڕەشی ڕەزاشای بەسەرەوە دەبینرێت. من بە حیسابی ئەوەی ئەو هیوایە، هێزێکی ئەکتیڤ و چالاکی بەکردەوە نییە و زیاتر خۆی لە دۆعا و پاڕانەوەدا دەبینێتەوە لام وایە پێش ڕووخانی حوکمی دیکتاتۆر گوترابێت واتە کاتێك کە هێشتا خەڵك نەهاتوونەتە مەیدان و "باغی لاوەکان" هێشتا "چرۆی دەرنەکردۆتەوە"؛ لە دوایین فەرددا ئەو هەڵوێستە بە ڕاشکاوی دەردەکەوێت کاتێ کە دەڵێ "ئەگەر خودات لەگەڵ بێت بە ئاواتت دەگەی" — هەڵوێستێك کە هیچ نیشانی باوەڕ بەخۆیی و باوەڕ بە خەڵکی پێوە دیار نییە تەنانەت بە پێوانەی ئیمانی ئایینی شاعیریش لەو لایەنە تایبەتەوە کورتی دێنێت. باوەڕ بە هێزی خەڵك دەبێ لە مانگ و ساڵەکانی دواتردا سەری هەڵدابێت کە سوپای سووری یەکیەتی سۆڤیەتی "بە بڵاوکردنەوەی دووپەڕ ئاگاهی ئەرتەشی شاهەنشاهی بلاوە پێکرد" و کۆمەڵانی گەل هەلی هاتنە مەیدانیان بۆ ڕەخسا.

شیعرەکە لە ئیستیقباڵی قەسیدە ناسراوەکەی نالی و وەڵامەکەی سالمدا گوتراوە:

*"قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور*

*ئەی پەیکی ئاشنا بە هەموو شاری شارەزوور...."*

لە پەراوێزی دیوانی چاپی جەعفەریشدا دەست نیشانی ئەو ڕاستییە کراوە کاتێ کە نووسیویەتی:

*"سەید کامیل وێنەی لە نامەکەی نالی وەرگرتووە کە ناردوویەتی بۆ سالم ..."*

بەڵام ئەو وێنە وەرگرتنە گەلێك سەرکەوتووانە بەڕێوەبراوە و ئەو داخ و حەسرەتەی وا نالی لە دوورەوڵاتیدا دەریبڕیوە و تێکەڵ بە نۆستالژییەکی قووڵیش بووە، لێرەدا گەلێك هونەرمەندانە و سەربەخۆیانە دەربڕاوە.

لە سەرەتای شیعرەکەدا شاعیر ڕوو دەکاتە سروەی سەحەر و هەواڵی "ئەوێ" ی لێ دەپرسێ، بە بێ ئەوەی ڕایبگەیێنێت ئەوێ کوێیە و ئێرە کوێ. بەڵام بە حیسابی ساڵی گوترانی شیعرەکە دەتوانین بڵێین شاعیر چاوەڕێی هەواڵی گرنگ بووە کە لە پێتەختی ئێرانەوە بۆی بێت و هەر بۆیەش هەواڵ لە سروەی سەحەر دەپرسێت. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت و ئەوێ تاران یا شارە گەورەکانی ئێران بێت، ئێرەش دەبێتە کوردستان و گەردیگلانی شاعیر؛ هەر بەو حیسابەش، "ئەوان" دەبنە عەجەم واتە زۆرینەی دانیشتووانی ئێران و "ئێمەش" دەبینە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

جگە لە نالی (یان سالم)، کارتێکەریی سەیفولقوزاتی قازیش بە سەر شیعرەکەوە دیارە، ئەویش لەو بەراوردکارییەدا کە لە نێوان ئێمە وئەوانی کردووە و دەمانخاتە بیری شیعری ناسراوی سەیف کە دەڵێ:

*"بۆ وانە هەرچی جوانە لە جێ و دێ و لە ژن، لە ماڵ*

*هەر شاخ و داخە بۆ مە، کوڕی ڕەش، کچی دزێو..."*

وشە و تەعبیراتی ئەستەم لە شیعرەکەدا نییە، شێوەزاری بەکارهاتووی شاعیر موکریانییە و تێکەڵاوێکە لە بن لەهجەی مەهابادی و بۆکانی - سەقزی: سەری را، لەسەرڕا، مە، وان، و دەگەڵ هی یەکەم و ئێمە، جێژن و لەبەر هی دووهەمیانە. هەندێك وشەی فارسی وعەرەبیش لە شیعرەکەدا هەن وەك: مونەووەر، هەدیە، سەحەرخێز، سروور و موحاسەبە ...

وەك ئاهی من ببە... لە هەردوو چاپدا وەك "بە" هاتووە، من بە حیسابی کێشی شیعرەکە لاموایە دەبێ بۆشاییەکە بە وشەی "ببە" پڕ بکرێتەوە.

وشەی "سەڕ" لەجیاتی "سڕ" بە واتای تەزیو و بێ هەست لە دەقی ئەنیسیدا هەندێك نائاساییە و ئەگەر دەقی ئەسڵیش وەها بوبێت دەبێ بەهۆی ڕێکخستنی سەرواوە وای بەسەر هێنرابێت.

وشەی زێو بە واتای "نوقرە" لە باشووری کوردستان وەك زیو دەگوترێت و دەنووسرێت.

لە دیوانی چاپی جەعفەردا ئەم پارچە شیعرە بەشوێن شیعرێکدا هاتووە کە لە سەر هەمان کێشی ئەم شیعرەیە و لە ئیستیقباڵی هەر قەسیدە ناسراوەکەی نالیدا گوتراوە وعینوانی "بەهارستان"ی پێدراوە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

مضارع اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن.

# ئاڵ و واڵا

چ خۆشە بەژنی بەرز و قەدد و باڵای
جوانە ڕەوت و ڕۆیی و ئاڵ و واڵای[123]
حەقت بوو بەختی من، ئەی زولفی ڕەش‌مار!
کە سەرتاپێ لە بەژنی بەرزی هاڵای
ئەگەرچی هەر دەخوێنم دەرسی عیشقی
بەڵام هەروا گرانیشە موتاڵای
دڵم هەر کورکەکورکی بوو لە دووری[124]
بڵێی جارێك بگاتە گوێی، سکاڵای؟
سەراپا گەنجە لەنجەی، موشتەری خۆم!
بە کێی داوە "ئیمامی"، ئاخۆ کاڵای؟

گەردیگلان، ١٣٢٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩٤ ی چاپی ئەنیسی و ٢٣٠ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "سکاڵا"یە. هەردوو وشەکان لە دەقی شیعرەکە وەرگیراون. ئاڵ و والا جوانترە بەڵام ناوەرۆکی شیعرەکە زیاتر سکاڵاکردنە لەوەی دەست ناگاتە داوێنی دڵدار و بەو بۆنەیەوە، سکاڵا پڕبەپێست تر دەزانم.
غەزەلێکی غەرامییە لە تەمەنی ٣٨ ساڵانی شاعیردا گوتراوە. بە داخەوە مانگی گوترانی شیعرەکە نازانین لەبەر ئەوەی لە ناوەڕاستەکانی ئەو ساڵەدا واتە ٣ ی شەهریوەر هێزەکانی هاوپەیمانان هاتنە ناو ئێرانەوە و ئەڕتەشی ڕەزاشا بە قەولی مامۆستا هەژار "بە

---

[123] چاپی ئەنیسی: ڕەوت و ڕۆین و
[124] چاپی ئەنیسی: دوری

بڵاوبوونی دوو پەڕ ئاگاهی لەبەر یەك بڵاو بوو". باش دەبوو بزانرێت ئایا ئاوات ئەم شیعرە غەرامییەی دوای ئەو ڕووداوە گرنگە سیاسییە گوتووە یان پێش ئەو.
ڕەوت و ڕۆیی: هەمان واتای ڕەوت و ڕۆین دەداتەوە. واهەیە شاعیر لە ماوەی نێوان دوو چاپەکە، بە شیعرەکەدا چووبێتەوە و ئەو گۆڕانەی تێدا وەدی هێنابێت.
قەد: لە شیعرەکەدا دەبێ بە شەددی دالەوە بخوێنرێتەوە. هەربۆیەش هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەر بە دوو دالیان نووسیوە، منیش هەر وامکردووە.
حەقت بوو...: ئەگەر بە پەخشان بنووسرایتە، ناوەرۆکی میسراعەکە بەم شێوەیە دەبوو: "بەهۆی خۆشبەختیی منەوە، ئەی زولفی ڕەشمار، حەقت بوو؛ بەڵام بەیانی شیعری و مەسەلەی کێش، ڕستەکەی هەندێك سووڕاندووە و ئەو سووڕانە تەنانەت جوانتریشی کردووە.
سەرتاپێ لە بەژنی بەرزی بهاڵیی: "بەختی من" معترضەیەکە چۆتە ناو ڕستەکەوە و ڕازاوەتری کردووە دەنا بە بێ ئەویش هەر دەبوو.
ڕەشمار: مارێکی گەورەی بەهێزە، ڕەنگی ڕەشە[١٢٥]. زولفی ڕەشی یار لە شیعری زۆر شاعیری کورددا بە ڕەشەمار و سیەهمار شوبهێنراوە و شاعیران ئارەزوویان کردوە لە ملیان بئاڵێت. بەڵام لێرەدا ئەو ڕەشەمارە لە بەژنی یار ئاڵاوە. نەك شاعیری ئەویندار.
سەر تا پێ: ئاماژەیە بە درێژیی زولفەکە. ئاوات بە تەوسەوە دەڵێ: تۆی شاعیری هەژاری دوور لە یار، حەقی خۆت بوو ئەو زوەلفەی وا دەکرا لە ملی تۆ بئاڵێت، لە بەژنی خودی یار ئاڵا و تۆ بێ بەش مایەوە.
دەرسی عیشقی: دەرسی عیشقی ئەو. باوەکوو دوور نییە عیشق چەمکێکی گشتی بێت و شاعیر بڵێ من دەرسی عیشق دەخوێنم و ئەو /یاء/ەی کۆتایی، هەمان یائی ئیزافە بێت لە شێوەزاری ناوچەی مەهابادا، وەك 'ماڵی خودای' لە جیاتی 'ماڵی خودا'.

---

[١٢٥] گۆران لە گەشتی قەرەداغدا دەڵێ:
جۆگە وردەکان ئەکشێن سەرەوخوار/ ئەبریقێنەوە، وەك توولەی ڕەشمار

موتالا: 'مطالعه' ی عەرەبییە بە واتای خوێندنەوە و پێداچوونەوە. کوردێنراوە.
گران: ئەستەم، زەحمەت. شاعیر موتالا و گرانی پێکەوە هێناوە.
کورکە کورك: پرتەپرت (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار). بە هۆی
ناڕەزاییەکەوە بە ئەسپایی و لەبەرخۆوە قسە کردن.
سکالا: گازندە و شکایەت
لەنجە: ڕۆیشتنی بەناز (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)
سەراپا گەنجە لەنجەی...: بەناز ڕۆیشتنی یار سەرتاپا بەنرخ و قیمەتییە، من مشتەریم.
دەکرێ ئاواش بخوێنرێتەوە: ئەی بە مشتەری خۆم! کە ئارەزوو کردنە.
گەنجە لەنجەی: جیناسێکی ناتەواو لەو دوو وشەیە دروست کراوە.
مشتەری خۆم: ئەی من ببم بە مشتەری! واهەیە بکرێ بەم شێوەیەش بخوێنرێتەوە: "مشتەری، خۆم" واتە مشتەرییەکەشی خۆمم!
بەکێی...: شاعیر لە خۆی دەپرسێت و دەڵێ ئەرێ "ئیمامی" من کە مشتەریی کالای لەنجە ولاری یار بووم و بە نسیبم نەبوو، تۆ بڵێی یار ئەو کالا بەنرخەی بە کێ فرۆشتبێت؟
بەحری عەرووزیی شیعرەکە:
هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

## لەشکری ئەگریجە

دەستە دەستە بە سەفن[126] لەشکری ئەگریجە بەڕێز
عیشق و عەقڵم لەگەڵ ئەو دەستە دەکەن جەنگ و گوریز
قەدی ئالآیە کە هالآوەتە ڕوخسار و برۆ
شێر و خورشیدە عەلامەت، چ جوانە، چ بەڕێز
ئەفسەری لەشکری ئەگریجە دوو چاوی جەنگین
هەر دەوەنگێویَ[127] بە تیری موژە، هەردوو خوێنڕێژ
سەنگەری غەمزە دەبەستن لە کەمینگای چاوان
وەکوو ڕاوچین و دەبەن بۆ دڵی زارم پاریز
خوسرەوی سەڵتەنەتی موڵکی وجوودە عیشقی
عەقڵەکەم مەرکەبی خۆشرەویەتی، چەشنی شەودێز

گەردیگلان، ١٣٢٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩٨ و ٩٩ ی چاپی ئەنیسی و ٩٤ ی چاپی جەعفەر).

---

عینوانی دانراوی چاپی جەعفەر لە دەقی شیعرەکە وەرگیراوە. ئەو عینوانە لە چاپی ئەنیسیدا 'سەنگەری غەمزە'یە کە ئەویش لە فەردی چوارەمی شیعرەکەی وەرگرتووە؛ من لەشکری ئەگریجەم پێ باشترە لەبەر ئەو ڕاستییەی کە ناوەرۆکی هەر هەموو شیعرەکە سەبارەت بە ئەگریجەیە و ئەو تەعبیری 'لەشکری ئەگریجەیە' ش دوو جار لە شیعرەکەدا دووپات بۆتەوە.

---

[126] . ئەو وسەیە لە هەردوو دەقی ئەنیسی و جەعفەردا وەك 'بە سەفی' تۆمارکراوە. بڕوانە دەقی یادداشتەکان لە خوارەوەتر.
[127] . لام وا نییە ئەم وشەیە لەشوێنی خۆیدا بێت. بڕوانە دەقی یادداشتەکان لە خوارەوەتر.

ژانری شیعرەکە غەرامییەکی بێ خەوشە و لە تەمەنی ٣٤ ساڵیی شاعیردا گوتراوە. شاعیر لێرە بە زولف یان بەشێك لەزولفی یارەکەیدا هەڵدەڵێت کە بە زەبری شانە خوار بۆتەوە و سەر لاجانگی داگرتووە؛ شاعیر ئەو تاقمە قژەی کردۆتە لەشکرێك کە لەگەڵ ئەوین و عەقڵی شاعیردا کەوتۆتە شەڕ.

فەردی یەکەم:

لام وایە تەرکیبی 'بە سەفی' (دەقی ئەنیسی و جەعفەر) لە ڕستەکەدا واتای تەواو ناداتەوە و هەست دەکەم لە بنەڕەتدا 'بە سەفن' بوویێت واتە لەشکری ئەگریجە دەستەدەستە بە سەفن و لەگەڵ عەقڵ و عیشقم شەڕیانە، هەرواشم تۆمار کرد.

گەرچی واهەیە 'بەڕیز بوون' و بە سەف وەستان لە سەر زاری هەندێك خەڵك شێوازی 'بەڕێزبوون' یشی هەبێت، بەڵام بە گشتی، کاتێ قسە لە سەف و ڕیزی لەشکر دەکرێت، دەبێ وەك 'ڕیز' بگوترێت و بخوێنرێتەوە نەك 'ڕێز'. ئەو شێوە خوێندنەوەیە تەکلیفی 'جەنگ و گوریز'ی میسراعی دوای خۆیشی ڕوون دەکاتەوە کە هەندێك لەبەر خاتری ئەو و زیاتر بە هۆی سەروای فەردەکانی دوای خۆیەوە (خوێنڕێژ، پارێز و شەودێز)، بۆتە 'جەنگ و گورێز'. کەوابوو دەکرێت شیعرەکە لەبنەڕەتدا بەم شێوەیە بوویێت:

"دەستە دەستە بە سەفن لەشکری ئەگریجە بەڕیز/ عیشق و عەقڵم لەگەڵ ئەو دەستە دەکەن جەنگ و گوریز"

هۆکارێکی دیکەی بۆچوونەکەم ئەوەیە سیفەتی بەڕێز لە فەردی دووهەمیشدا وەك سەروا هاتووە و شاعیرانی کلاسیك وێڕ هەمیشە خۆیان لە دووپات کردنەوەی سەروا پاراستووە. 'جەنگ و گوریز' تەرکیبێکی ناو زمانی فارسییە کە بۆ ئەوەی ڕواڵەتێکی کوردی پێبدرێت بە یای معدولەیان نووسیوە: گورێز.

واهەیە بگوترێت بۆچی من ئەو تەرکیبە دەبەمەوە سەر بنەمای فارسی لە کاتێکدا 'گورێز'ی شێوە کوردییەکەش هەر گونجاوە. گەرچی من زیاتر لەگەڵ شێوە کوردییەکەیدام، بەڵام شاعیر خۆی سڵی لەوە نەکردۆتەوە وشە و تەعبیراتی فارسی بخاتە شیعرەکانیەوە و هەربۆیە دەکرێت لێرەشدا ویستبێتی کەڵك لە شێوازە فارسییەکەی وشە وەربگرێت. هەر لەم پارچە شیعرەدا گەلێك وشەی خوازراوەی فارسی و عەرەبی دەبینین، بۆ نموونە، میسراعی "خوسرەوی سەڵتەنەتی ملکی وجوودە عیشقی/ عەقڵەکەم مەرکەبی خۆش ڕۆیەتی چەشنی شەودێز" کە هیچکام لە وشەکانی

پێکهاتەی فەردەکە جگە لە وشەی 'چەشنی' کوردی نین! و تەنانەت لە جیاتی سیفەتی 'خوش ڕەو' ی بە کوردیکراویش 'خۆش ڕۆ' ی هێناوە کە لە 'خوشرو' ی فارسی نزیکە.

فەردی دووهەم:

قەدی یار لێرەدا بە ئاڵایەك شوبهێنراوە کە لە دەوری دەموچاو و برۆی هاڵاوە. دیارە دەبێ قەد وباڵای یار وەك داری ئاڵاکە بێت و ئەوەش وا لە ڕوخساری یار ئاڵاوە، کووتاڵەکەی بێت. شاعیر بە هێنانی ناوی 'ئاڵا' و کرداری 'هاڵا'، جیناسێکی ناتەواوی دروست کردووە. شێر وخورشید ئاماژەیە بە شێر و هەتاوی سەر ئاڵای ئێرانی پێش ساڵی ١٩٧٩، کە ئەوەندەی بزانم لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەویدا لە سەر ئاڵاکە دانرا بەڵام وایان دیعایە بۆ دەکرد کە نیشانەیەکی گەلێك کۆنی مێژووی وڵاتەکە بێت.[١٢٨]

ئەوەش وا ئاوات ئەو شێر و خورشیدەی پێ جوان و بەڕێز بوو‌بێت جێگەی لێکۆڵینەوەیە. شاعیر، دوو ساڵ دوای گوتنی ئەم شیعرە، بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف و پاشانیش بۆتە یەك لە بەرپرسانی حزبی دیموکراتی کوردستان و بەشوێنیدا گیراوە و کەوتۆتە زیندانی دەوڵەتی شاهەنشاهییەوە. کەوابوو بۆچی دەبێ ڕێزی لەو نیشانەیە گرتبێت؟ بە بۆچوونی من، وەڵامی پرسیارەکە دەبێ لە مانگی گوترانی شیعرەکەدا بدۆزرێتەوە.

دیارە شیعرەکە لە ساڵی ١٣٢٠ واتە ١٩٤١ دا گوتراوە کە ساڵی سەرهەڵدانی شەڕی دووهەمی جیهانی و گۆڕانکاریی گەورەی سیاسی لە ئێران بووە. بەڵام بە داخەوە ڕۆژ و مانگی گوترانی دیاری نەکراوە. من دڵنیام دەبێ شیعرەکە پێش مانگی شەهریوەر (سێپتامبر) گوترابێت، کە هێزی هاوپەیمانان هاتنە ناو ئێرانەوە و لەشکری شاهەنشاهییان بڵاوە پێکرد.[١٢٩] دوابەدوای ئەو هاتنەی هێزەکان و لەسەرکار لابردنی ڕەزاشای پەهلەوی، گۆڕانێکی زۆر بەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵك لە کوردستانیشدا هات و بیری کوردایەتی گەشەیەکی زۆری کرد.

بە بۆچوونی من شیعرەکە پێش نۆهەمی مانگی شەهریوەر (یەکەمی سێپتامبر) گوتراوە و هی مانگەکانی پێش ئەو و سەردەمی دیکتاتۆریەتی ڕەزاشایە، دەنا دوای لاچوونی

---

[١٢٨] مەلاکان دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٧٩ ی ئێران، شێرەپەڕۆیان نەهێشت و بەری هەتاویشیان گرت بۆ ئەوەی عەلامەتی سەر ئاڵای سیکەکانی هیندستان بکەن بە ئاڵڵای خۆیان!

[١٢٩] . لە شیعری مامۆستا هەژار وەرگیراوە.

سێبەری قورسی ڕەزاشا لە سەر خەڵك و ئەو نیمچە ئازادییەی وا دوای ئەو بۆ خەڵك دەستەبەر بوو و بەشوێنیدا کۆماری کوردستان دامەزرا، ئیمامی پەسنی شێر وخورشیدی سەر ئاڵای ئێرانی نەدەدا.

فەردی سێهەم:

شاعیر لە درێژەی باسی لەشکری ئەگریجە و قەد و ڕوخسار و برۆی دڵدارەکەیدا دەڵێ دوو چاویشی ئەفسەری لەشکری ئەگریجەکانن؛ تا ئێرە گرفتێك لە خوێندنەوە و تێگەیشتنی فەردەکەدا نییە بەڵام میسراعی دووهەممان وا سووك و سانا بۆ جێ بەجێ نابێت! تەعبیری 'هەردەوئەنگێوێ' لە شیعرەکەدا چییە و چ واتایەکی هەیە؟ ئەگەر وشەکە بە شێوەزاری مەهابادی بخوێنرێتەوە دەبێتە 'هەر دەتانئەنگێوێ' واتە بێت و نەبێت هەر دەتانپێکێت. باشە، با ئەوە بخەینە ناو وشەکانی دیکەی ئەو فەردەوە و بزانین چ واتایاك دەبەخشێت؟ بۆچی تیری موژە ئێمە دەپێکێت؟ خۆ ئەوە شاعیرە وا گیرۆدەی تیری موژەی یارەکەیەتی کەوابوو ئەو تیرە چیداوە بەسەر ئێمەی خوێنەری شیعرەکەوە!

بەکورتی، باوەکوو هەردوو دیوانەکە بە شێوەی 'هەردەوئەنگێوێ' یان تۆمار کردووە، من دڵنیام دەبێ هەڵە بێت و ئەوەی بۆچوونەکەم قایمتر دەکات وشەی 'دوو' ە، کە لە میسراعی یەکەم و دووهەمدا دووجار هاتووە و شاعیر دەڵێ دوو چاوی جەنگیی یارەکەم هەردوکیان خوێن ڕێژن، کەوابوو 'هەردەو' ی پێش تیری موژەش هەڵەیە و وەك ئەوانی دیکە دەبێ 'هەردوو' بێت!

ئێستا با بزانین ئەگەر بۆچوونەکەمان ڕاست بوو، دەبێ میسراعەکە چۆن بخوێنینەوە. من لام وایە شاعیر میسراعەکەی دەبێ بە یەکێك لەم دوو شێوەیە نووسیبێت:

*هەردوو، ئەنگێوی بە تیری موژە، هەردوو خوێن ڕێژ*

یا:

*هەردوو ئەنگێو بەتیری موژە، هەردوو خوێن ڕێژ*

(بە سووکە وچانێك دوای 'ئەنگێو' ەوە)

فەردی چوارەم:

ئەم فەردە درێژەی فەردی پێش خۆیەتی و لە باسی کارکردی چاوی دڵداری شاعیردایە کە دەڵێ دووچاوی جەنگیی دڵدارەکەم لە بۆسەدان و سەنگەری غەمزە دەبەستن - ڕاست وەك ڕاوچیش، پارێز دەبەنە سەر دڵی لاوازی من.

'سەنگەری غەمزە بەستن' تەرکیبێکی ڕازاوەیە.
کەمینگا واتە شوێنی کەمین و بۆسە نانەوە.
پاریز بردن، وەك کردار، هێرش بردنە بەڵام 'پاریز' وەك ناو، واتای بۆسەشی هەیە *(هەنبانە بۆرینە)*.
فەردی پێنجەم:
خوسرەو دوو واتای دوور و نزیکی هەیە. واتای گشتیی خوسرە، پادشایە و شاعیر دەڵێ عیشقی ئەو واتە دڵدارەکەم شای سەڵتەنەتی مڵکێکە کە وجوودی من بێت. بەڵام بەهۆی ئەوەی لە میسراعی دووهەمدا ناوی 'شەودێز' هاتووە کە ئەسپی خوسرەو پەروێز، شای ساسانییە،[130] واتای نزیکتری دەبێتە خوسرەوی پەروێز.
مەرکەب، وڵاخی سواری، ئەسپ و ماین[131]
خۆشرۆ، واهەیە 'خۆشڕەو'یش بێت. لە هەردوو شێوازدا بە واتای مەرکەبێکی توندڕەو و خۆش ئاژۆیە.
واتە عیشقی ئەو، شای مولکی وجوودی منە و وەك چۆن خوسرەوی پەروێز سواری ئەسپی شەودێز دەبوو، ئەویش سواری عەقڵی تیژڕەوی من بووە **[**و بەو مڵکەدا دەیگێڕێت**]**.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

[130] . لە ساڵانی نێوان ٥٩٠ تا ٦٢٨ ی زایینیدا حکوومەتی ئێرانی کردووە.
[131] . واهەیە گوێدرێژیش بێت، کە پێی دەگوترا مرکب الصلحا!

# بەخشین

هەی هاوار هاواڵ! بارم گرانە
پشتم جدەو بوو، ماڵم وێرانە[132]
هەرچەن کە لوتفی خودا یارم بێ
گوناهم وەك کێو زل بێ و بارم بێ،
ناترسم، گەرچی دەرد بێ‌دەرمانە
بەخشین، خودایە! هەر لە تۆ جوانە
لێبوردن، لوتف و مەرحەمەت، کەرەم[133]
بەخشین، چاوپۆشین، «یا مولی‌النعم»
خاوەن شەو و ڕۆژ، تاریکی و ڕوونی
ئاگادار، زانای ڕازی دەروونی
ڕۆژم هەروەك ڕووم ڕەش و تاریکە
ڕێگەی نەجاتم دوور و باریکە
ئەگەر تێی‌کەوتم، قەت نایەمە دەر
پردی سیڕاتە و ڕۆژەکەی مەحشەر
بۆخۆت فەرمووتە خاوەن شفاعەت[134]
ئەحمەدە، ئێمەش کرمان ئیتاعەت
هاتووین تا لە ژێر چەتری نەجاتی
ڕزگار بین هەموو، ڕۆژی نەهاتی
هەوراز و لێژە، ڕژد و هەڵدێرە

---

[132] چاپی ئەنیسی: جدە (دەبێ هەڵەی تایپ بێت).
[133] چاپی ئەنیسی: کەڕەم
[134] چاپی جەعفەر: شەفاعەت

## چاڵ و چۆڵ، ناڕێك، گۆل و ئەستێرە

گەردیگلان، ۱۳۲۱ی هەتاوی

(لاپەڕە ۲۰۱ ی چاپی ئەنیسی و ۳۳۱ و ۳۳۲ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.

شیعرێکی ئایینیە و پاڕانەوە و هیوادەربڕینە بۆ شەفاعەتی ڕۆژی حەشر، بە هەمان تەوازوع و خۆبەکەمزانییەوە کە لە ئاواتمان دیوە.

ئەو ڕۆحە بۆ ساڵی ۱۳۲۱ (۱۹٤۲ی زایینی) تا ڕادەیەك نامۆیە. لەو ساڵەدا تازە حکوومەتی ئیستیبدادیی ڕەزاشای پەهلەوی ڕووخابوو و چەشنە هەوایەکی ئازادی بە ناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەگەڕا. لە هەل ومەرجێکی وادا چاوەڕوانی ئاسایی لە شاعیری بەرپرسی و ەك ئاوات ئەوە دەبێت بتوانێ ئەو فەزا سیاسی-کۆمەڵایەتییە ڕابگوێزێت و هەواڵێ شادی و کەیف خۆشیی خەڵکمان بداتێ؛ بەڵام مرۆڤ و بیرکردنەوە و هەست و نەستی بەو گەز و ڕبە یەك لایەنییە ناپێورێت! ڕۆحی مرۆڤ لەوە ئاڵۆزترە بیخەینە چوارچێوەیەکی وا بەرتەنگەوە. وەك دەبینین، شیعرەکە بەلای ئەو شتانەدا ناڕوات و بە پێچەوانە باس باسی پردی سیڕات و ڕۆژی مەحشەر و ڕۆژی نەهاتیمان بۆ دەکات.

هەی، هاوار و هاواڵ، مۆسیقای دەروونیی دەنگی /ه/یان لێ دەبیسرێت.

هاواڵ: هاوڕێ، دۆست

جدەو: بریندار

هەرچەن: هەرچەندە

گوناهم وەك ...: گوناهم وەك کێوێك گەورە بێت و هەمووشی ببێتە باری سەرشانم

مولی النعم: خاوەن و سەروەری نیعمەتەکان

کرمان: کردمان

شفاعەت: داوای بەخشینی تاوان

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

# ئامۆژگاری

تۆ لەگەڵ هاواڵ بە مۆڵەت بە، هەتا بتکەن بە شا!
زەڕڕە پەروەر بە هەتا بتکەن بە ڕۆژی ڕووی سەما!
عەیبی خەڵکی قەت مەبینە، هەر سەرنج دە عەیبی خۆت
تاوەکوو عەیبت بپۆشن گیانە، غەیرە و ئاشنا
ئەرخەیان بە غەیبەتی تۆش هەردەکا لێرە ولەوێ
غەیبەتی هەرکەس لەلای تۆ، هەرکەسێ بێت و بکا
باسی ناموسی کەسێ ناکا بە مەعلوومی، ئەوەی
گەر بەناموس بێ، لەدونیادا مرۆیانە ژیا
هەرکەست دی کەوتووە، دەستی گرە هەستێتەوە
تاوەکوو پاشان ببێتە پشتیوانی وەك برا
هەرکەسێ لێت قەڵسە، چاوم! پێکەنە، ئابڕووی بەرە
تووڕەیی لەم عەسرەدا هەمبانەیێکە پڕ لەبا
وەك 'ئیمامی' بە، کە غەیر و ئاشنا لێی ڕازییە،
چونکە قەت نەیکرد بە عومری، سیڕڕی خەڵکی ئاشکرا

گەردیگلان، ١٣٢٢ ی هەتاوی

(لاپەڕە ٢١ ی چاپی ئەنیسی و ٦٨ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "لەخۆ ڕازی" یە. هیچکام لە عینوانەکان لە شیعرەکە خۆی وەرنەگیراون بەڵام هەردوکیان لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا یەك دەگرنەوە کە ئامۆژگاری کردنە بۆ پێکەوە ژیانی مرۆڤ و لێبووردوویی و چاوپۆشی کردن لە عەیبی خەڵك و لە خۆ ڕازی نەبوون.
بابەتی شیعرەکە ساکار و کۆن و کلاسیکە و زمانەکەشی لەگەڵ ئەو ناوەرۆکەدا دێتەوە. شیعرەکە زیاتر بۆ ئەوە دەبێت لە کتێبی دەرسی قوتابییاندا لە فێرگە بگوترێتەوە

و منداڵ فێری ئەخلاقییاتی باوی کۆمەڵگای نەریتی بکات. دیارە ئێستا منداڵی سەردەمی ئینترنێت و فەیسبووك ئەستەمە گوێ بدەنە ئەو نەسیحەت و نەسیحەتکارییانە، نازانم منداڵی ئەودەم چۆنیان تێڕوانیوە!

زەڕڕە پەروەریی، زاراوەیەکی فارسییە بە واتای ئاوڕدانەوە لە خەڵکانێك کە دەسەڵات و دەرەتانیان لە تۆ کەمترە.

ڕۆژی ڕووی سەما، هەتاوی سەر ڕووپەڕی ئاسمان.

عەیبی خەڵکی قەت مەبینە، بە پێوانەی کۆمەڵگای نەریتی، باش وایە عەیبی خەڵکی قەت نەبینی، بەڵام موتلەق کردنەوەی بابەتەکە واهەیە جێگەی پەسندی ئەمڕۆی ئێمە نەبێت. دەکرێ عەیبی خۆیشت ببینی و عەیبی خەڵکیش!

ئاشنا، ناسیاو. فارسییە

ئەرخەیان، وابزانم وشەیەکی تورکی بێت، واتای دڵنیای هەیە.

غەیبەت، قسەی پشتەسەر. شاعیر دەڵێ ئەگەر بێت و کەسێك غەیبەتی هەرکەس لای تۆ بکات، دڵنیابە لێرەو لەوێ غەیبەتی تۆش دەکات.

بە ناموس بێ، مرۆیانە ژیا: دوو کرداری ناو ئەو دوو ڕستەیە، یەکیان ئێستا و یەکیان ڕابردووە و هەربۆیەش زۆر لە گوێی بیسەر و خوێنەر خۆش نایەن. دیارە زەبری کێش و سەروا شاعیری مەجبوور کردووە دوو ڕستەکە بەو شێوەیە لێك ببەستێت.

نامووس، لە فەرهەنگی نەریتیدا ناوبانگی چاکە بۆ دایك و هاوسەر و خوشکی پیاوێك، بەتایبەت هاوسەرەکەی. بێ نامووسی، بێ ئەخلاقیی سێکسییە. لە کۆمەڵگای نەریتیدا ئەخلاق و نامووس و بایەخ و ئیعتیباری پیاو بە ژنەوە بەستراوە و ناتۆرەی خراپ لەسەر ژنێکی بنەماڵەکە، بە تایبەت هاوسەرەکەی دەبێتە هۆی سووکایەتی ئەو و کەس وکاری. شاعیر کە پەیڕەوی ئەو نەریتەیە، 'مرۆیانە ژیا'ش هەر لەو پەیوەندەدا دێنێتەوە و بەگوێرەی ئەو، ژیانی مرۆڤانە بەرانبەرە لەگەڵ بەنامووس بوون.

هەرکەست دی کەوتووە، پەسندی دەسگرۆیی کردنی ئەو خەڵکانەیە وا باریان کەوتووە.

پێکەنە ئابڕووی بەرە. واتە لە بەرانبەر قەڵس بوونی خەڵکدا تۆ پێبکەنە و بەو کارەت شەرمەزاری کەسەکە بکەوە.

وەك ئیمامی بە، بۆ کەسانێك کە ئاوات و کەسایەتیی نەرم و نیان و ناسکی ئەو ناناسن، ئەم فەردە هەندێك شایی بەخۆیی پێوەدیارە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو قسانە درۆ

نین و به تەواوەتی لەگەڵ کەسایەتی ویژەرەکەیدا یەك دەگرنەوە. ئەو دەیەوێت بڵێت من سیرڕی خەڵك نادرکێنم و هەر بۆیەش خەڵك لێم رازین، کەوابوو تۆش وەها بە و سیرڕ پارێز بە.

شیعرەکە هی ساڵی ١٣٢٢ (١٩٤٣ ز)یە و وەك یەکێ لە شیعرە سەرەتاییەکانی ئاوات سەیر دەکرێت. ئەو ساڵە، جەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانییە، دوو ساڵێکە ڕەزاشای پەهلەوی لە ئێران دەرکراوە و محەمەدڕەزای کوڕی هێشتا نەیتوانیوە ئەستوندەکی دەسەڵاتداریەتی خۆی لە ئێراندا قایم بکات. خەبات و کاری سیاسیی خەڵك لە کوردستان و هەموو ئێران بەڕێوەیە، بەڵام هێشتا نەتەقیوەتەوە و ساڵێکی دەوێت بۆ ئەوی کۆمەڵەی ژێکاف دابمەزرێت و دوو سێ ساڵێکیش بۆ ئەوەی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللی ئازەربایجان بێنە کایەوە.

هەندێك شیعری شاعیرانی وەك مامۆستا هەژار و عەلی بەگی حەیدەری کە ئەودەم و ماوەیەك دوای ئەو لە ڕۆژنامەی 'کوهستان' ی چاپی تاراندا بڵاو بوونەتەوە، کەم وزۆر هەر ئەو ناوەرۆکە ئەخلاقییەیان هەیە کە لەم شیعرەدا بەدی دەکرێت و دیارە ماوەیەکی دیکەی پێویستە تا شیعری سیاسی ببێتە باو. گەرچی نابێت لەبیرمان بچێت کە ئەو ساڵە و ساڵێکیش دواتر، هێشتا سەیفولقوزاتی قازی لە ژیاندا بوو. بەڵام نازانم ئایا بە نەبوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری پێش چاپەمەنییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف، شیعرەکانی سەیفی نەمر بە ڕێك وپێکی یان تاك و تەرا دەگەیشتنە دەست ئاوات؟ هەرچۆنێك بێت، ئەم شیعرە، پێش سەردەمی شیعرە سیاسییەکانی شاعیر گوتراوە و زیاتر کۆمەڵایەتی - ئەخلاقییە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# تەشریفی دێ یار

فەلەك! نالێم دەگەڵ من ڕاست بە، هەر کەچ ڕۆینە کارت[135]
بەڵام ئەوشۆ سەبرکە، پێم دەڵێن تەشریفی دێ یارت
ئەگەر مانگ! تۆش لەکەل سەر بێنیەدەر تا ڕۆژێ، یاڕەببی
بە ڕووزەردی هەڵێی، شۆقی نەمێنێ نووری ڕوخسارت!
نەسیمی شەو! ئەتۆش دەنگت نەبێ ئەوشۆکە تا ڕۆژێ
ئەجەل بگرێ هەناسەت هەر نەمێنێ شوێن و ئاسارت!
کەڵەشێر! تۆش مەخوێنە، بێ هەرا و بێ دەنگ بە ئەوشۆکە
سەروماڵ پێشکەشی باڵت دەکەم، ڕۆحم فیدای زارت!
چرا! تۆش هەڵنەبی، بشکێی و نەوتت لێ بڕێ یاخوا!
بەجارێ تێك بچی وا، گەر بە سەد وەستا نەکەن چارت!
خروس بێدەنگ، نەسیم بێ هەست، چرا کووژاوە، مانگ خۆی گرت،
کەچی تۆ ئەی فەلەك، سەبرت نەکرد، هەر بەد بوو ڕەفتارت!

گەردیگلان، ١٣٢٢ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٦ ی چاپی ئەنیسی  و ٧٨ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'فەلەکی بەد ڕەفتار'ە  و لە دێڕی کۆتایی شیعرەکە وەرگیراوە.
من لە پەراوێزی پارچە شیعرێکی دیکەی ئاواتیشدا ئاماژەم کردووە و لێرەدا بە ڕاشکاوی دەڵێم مامۆستا سەید کامیل توانایەکی بەرزی چیرۆك نووسین و پەروەردەکردنی توخمی دڕامایی لە شیعرەکانیدا هێندە بەرچاوە کە بە دڵنیایی ئەگەر

[135] چاپی جەعفەر: ڕۆیینە؛ چاپی ئەنیسی: ڕۆیینە ٠دەبێ هەڵەی تایپ بێت)

وەك مامۆستایان هەژار و هێمن بایبدایەتەوە سەر پەخشان نووسین و بەتایبەت چیرۆك نووسین، تا ڕادەیەکی گەلێك زۆر سەرکەوتوو دەبوو.
سەیرێکی ئەم شیعرە و ئەو فەزا شانۆییە بکەن کە خوڵقاندوویەتی؛ بزانن بیری تیژ و خەیاڵی بەهێز چەندە لە لووتکەدایە و چۆن لە ماوە و مەجالێکی کەمی تەنیا شەش فەرد شیعردا ئەو هەموو پاڵەوان و کەسایەتییەی چیرۆکێکی سەرکەوتووی پێکەوە کۆکردۆتەوە و وەك دەرهێنەرێکی شانۆ ئەرکی هەموویانی دیاری کردووە! مانگ، تۆ لە فلانە شوێن (کەل) چاوەڕوان بە، نەسیمی سەحەر، کەڵەشێر، چرا، ئێوەش ئاگادار بن دەورتان لە چیرۆکەکەی مندا ئەوەیە، نەکا ئەرکەکانتان لەبیر بچێت!
سەرکەوتوویی کارەکە تەنیا لە ڕیزکردنی پرسوناژەکان و دیاری کردنی دەوریاندا نییە بەڵکوو لەو زمانەدایە کە لەگەڵیان دەدوێت، زمانێکی تەنزئامێز و شیرین بە شێوەیەك کە تەنانەت تووك و نزا کردن و هەڕەشە وگوڕەشە لە کەسایەتییەکانی چیرۆکیش، خوێنەر دڵتەنگ ناکات و بزەی سەر لێوی ناسڕێتەوە: ئەی مانگ ئەگەر بە قسەم نەکەیت ئەوا بە ڕووزەردی هەڵبێیت! کەڵەشێر، سەروماڵ پێشکەشی باڵت دەکەم! چرا گڕسۆزەکە، تۆش وەها تێك بچی کە سەد وەستا نەتوانن چاکت بکەنەوە! تەنز لەوە نەرم ونیانتر و جوانتر ئەویش لە مەجالی بەربەستکراوی شیعردا؟
من بیر لەوە دەکەمەوە ئەگەر شاعیر لەجیاتی غەزەلێکی شەش فەردی چیرۆکێکی دوورودرێژی بەو نەفەسە و بەو بۆچوون و توانایەوە بنووسیایە، چ شاکارێکی دەختە مێژووی ئەدەبی کوردییەوە مخابن تاقە هونەری نووسراوی ئێمە شیعر بووە بەو هەموو بەندوبەستەوە و بەو دەرەتانە تەکنیکییە کەمەوە کە هەیەتی، هونەرمەندەکانیشمان مەجبوور بوون لەو چوارچێوە بەرتەنگەدا بنووسن و هەست دەربڕن مەودای بەرفراوانی چیرۆك و نۆوێلیان لە دەست چووە، جا باسی بەیت و باوی پێشترمان هەر مەکە! حەیف و سەد حەیف!
شاعیر لە شیعرەکەدا وەك زیندانییەك دەردەکەوێت کە ئەسیری کۆت و زنجیری زیندانەوانێکی دڵڕەقی بێ بەزەییە و لێی دەپاڕێتەوە بۆ جارێکیش بێت تەنیا یەك شەو ئازادیی بداتێ و لێبگەڕێت ئەو شەوە بە دڵی خۆی لەگەڵ دڵدارەکەیدا تێپەڕ بکات. زیندانەوان فەلەکی کەج ڕەفتارە کە هەزاران جار لە ئەدەبی کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکەدا بەو دەورەوە دەرکەوتووە و هەموان ناسیاویمان لەگەڵیدا هەیە. شاعیر وەك زیندانییەك کە داوای مەرەخەسیی و پشووی کاتی لە زیندانەوانەکەی دەکات، لە

فەلەك دەخوازێت ئەو تاقە شەوە ئازادی بهێڵێتەوە و لێبگەڕێت بەدڵی خۆی لەگەڵ گراوییەکەی ێێت کە هەواڵی بۆ ناردووە گوایە ئەو شەوە بەتەمایە تەشریف بهێنێت بۆ لای.

کۆتایی شیعرەکە واتە فەردی مەقتەع تەواو دڕاماتیکە. شاعیر توانیویەتی تەنانەت نەسیمی سەحەر بوەستێنێت، کەڵەشێر بێدەنگ بکات، چرا بکووژێنێتەوە و مانگ لە کەلدا قەتیس ڕبگرێت بەڵام نەیتوانیوە دوایین بەربەست کە سەرەکیترینیانە ببەزێنێت: فەلەك وەك هەمیشە، ڕەفتاری بەدی نواند و سەبری نەکرد واتە دەرفەتی پێ نەدا شەوێك بەدڵی خۆی ڕابوێرێت. بە بۆچوونی من، ئەو فەردە شیعرەکەی کردۆتە تراژێدییەکی تەکاندەر؛ هەموو هەوڵێك دراوە و هەموو تەگبیرێك کراوە بەڵام چارەنووس و تەقدیر بە سەر تەگبیردا زاڵ بوون و بڕستیان لە هونەرمەند بڕیوە، ئەویش بە ناچار تەسلیمی چارەنووسی ڕەش بووە و کۆڵی داوە. نازانم چ هونەرمەندێك دەتوانێت بە شەش فەردی کورت تراژێدییەکی وا قووڵ باشتر لە ئاوات بخوڵقێنێت؟[١٣٦]

خاڵێکی نادیار و ناڕوون لە شیعرەکەدا نییە دەست نیشانی بکەم؛ هەندێك تەعبیری جوان هەن وەك:

-بە ڕووزەردی هەڵاتنی مانگ و ئیهامی "هەڵاتن" کە دوو واتای دوور ونزیکی هەیە: سەردەرهێنان لە لایەك و دەرچوون و ڕاکردن لە لایەکی دیکە؛

-شوبهاندنی شنەی بای شەماڵ بە نەفەسی گیانلەبەران و نزا لێکردنی کە ئەجەل بێت و هەناسەی بگرێت؛

---

١٣٦ . من پێش بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە، ناردم بۆ برای بەڕێزم فەرشی کە شارەزا و پسپۆڕی شانۆیە و تکام لێکرد ڕای خۆی سەبارەت بەو بۆچوونەی سەرەوەی من دەرببرێت. لە وەڵامدا نووسیبووی:

"بۆ من شیعرەکە کۆی چەند تابلۆیە، کە دەکرا ببێتە فیلمێکی ئەنیمیشینی کورت یان فیلمێکی کارتوونی. ڕۆحی تابلۆکان و هەموو ئەو ئێلێمێنتانەی بەکاری هێناوە زۆرتر جیهانی منداڵ دەنوێنێ، بەڵام ئەوینی دیتنی یار کە ویستی شاعیرە، پیاوانەیە. واتە دوو جیهانی منداڵ و لاو یان پیاوی بە ئامانج نەگەیشتوو تێکەڵ بە یەك بوون. هەمووی لە سەر یەك لە جیهانی نوواندن نزیکمان دەکاتەوە، بەڵام لە بەر ئەوەی شیعرە و زۆریش کورتە، پرۆسەی دڕامای تێدا تەواو نەبووە، دەکرا ببێتە هەوێنی نووسینی شانۆ یان فیلم بەو تایبەتمەندییانەی کە لە سەرەوە باسم کرد. بەڵام ناکرێ باسی تراژێدی بکرێ، لە بەر ئەوەی ... ڕووداوێکی تراژیك بەرچاو ناکەوێ، گلەییەکانی پێشووتری شاعیر لە فەلەك پێشینەکەی دیار نییە، ئەوەش بگوترێ لە شیعرەکەدا ئێمە دیالۆگ نابینین و زۆرتر دەستوراتی سەحنە دەبینین کە لە شانۆی سەردەمی ئێستادا باو نییە و هی ئەو سەردەمەیە کە نووسەرەکان دەوری ڕژیسۆر (کارگەردان) یشیان دەبینی. دوا وتە: ئەو شیعرە پێوەندی یەکجار قووڵی شاعیر لە گەڵ سروشت دەنوێنێ، هەر بۆیە دەڵێم زۆرتر تابلۆیە، تابلۆ کە دەتوانێ وێنەی شانۆیی و سینەماییش بێ."

-ناوهێنانی کەڵەباب بە دوو شێوازی کەڵەشێر و خرووس و سەر وماڵ پێشکەش کردن بە باڵەکانی! و فیداکردنی ڕۆحی خۆی بە دەم و زاری کەڵەشێرەکە، تەنیا بۆ ئەوەی شەوی بۆ درێژ بکاتەوە و هەواڵی بەیانی ڕانەگەیێنێت واتە لە دڵدارەکەی جیای نەکاتەوە؛

-نزایەکی تازە و نەبیستراو لە چرا، کە ئەگەر لە شەوێکدا کە دڵدارەکەی تەشریف دێنێتە لای، هەڵبێت و ماڵی شاعیر ڕوون بکاتەوە، ئەوا نەوتی لێ ببڕێت و بشکێت بە شێوەیەك کە وەستای تەنەکەسازیش نەتوانێت تێکی بەستێتەوە و جۆشی بداتەوە! لەبەر ئەوەی لە شەوێکی وادا دەبێ "ماڵ بێ ئەغیار" بێت و نەیاری ڕەقیب بە هاتوچۆ و پەیوەندییەکە نەزانێت.

-دژە قارەمان و پرسوناژی نەرێ یی چیرۆکە شیعرەکە، فەلەك واتە گەردوون و ئاسمانە بە بێ ئەو کەسەی وا نیشتەجێیەتی واتە خودا! کە هەر لە کۆنەوە هەرچی خراپەکاریی و بێ بەختی و شکست و سەرنەکەوتنێکە دەدرێتە پاڵ ئەو! فەلەکە، کە دژبەری دڵدارانی دڵسووتاوی چاوەڕوانە و ئەویشە کە ئەرکی ئەزەلی و ئەبەدیی بریتییە لە کەج ڕەفتاری و بەرگری لە چاکە و تەبایی.

-زمانی بەکارهاتووی ناو شیعرەکە، تێکەڵاوێکە لە بن زاراوەی ناوچەی مەهاباد (دەگەڵ، ئەوشۆ، زار، ئەوشۆکە، ڕۆژێ و شۆق) و بۆکان (نەوت) و سەقز (کەڵەشێر) هەروەها هەندێك ئیستیلاحی فارسی و عەرەبی (کەج، ڕوخسار، ئاسار، نەسیم، ئەجەل، خروس و بەد)، ئەوە نیشانەی دەوڵەمەندیی زمانی نووسینی شاعیرە لە لایەك و لە لایەکی تریش بیرکردنەوەیەتی لە واتا و ناوەرۆك نەك قاڵب و فۆڕم.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

هزج مثمن سالم مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن.

## بالاّی مەوزوون

نە تەنیا بەندەیی بالاّیی مەوزوونت سنەوبەر بوو
عەلەم بوو، سەرو بوو، هەم نەیشەکەر بوو، نەخلی نەوبەر بوو
نە تەنیا گوڵ خەجاڵەت ما لە ڕووی وا جوانی تۆ، چاوم
کەتان بوو، پەڕنیان بوو، گیانەکەم دیبایی ئەخزەر بوو
نە تەنیا شۆر و غەوغا بوو کە دوێ تەشریفی تۆ ڕۆیی
بەلاّ بوو، فیتنە بوو، ئاشۆب بوو غەوغایی مەحشەر بوو
نە تەنیا یاسەمەن بوو مەسخەرەی سیمین بناگوێی[137] تۆ
سەمەن بوو، نەستەرەن بوو، لالە بوو، نەسرین و شەشپەڕ بوو
نە تەنیا هەر ڕەقیب بوو کامران لەو زولفە پڕچینەت
سەبا بوو، شانە بوو، مەششاتە بوو، عەنبەرچەیی زەڕ بوو
نە تەنیا هەر "ئیمامی" مات و مەبهووتی جەمالت بوو
فوغان بوو، ناڵە بوو، خوێنی جگەر بوو، دیدەیی تەڕ بوو
"گەردیگلان، ١٣٣٢ ی هەتاوی (ئەنیسی)" و "١٣٢٢ ی هەتاوی (جەعفەر)
(لاپەڕە ٢٦ ی چاپی ئەنیسی و ١٧٦ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'غەوغای مەحشەر'ە کە لە دەقی شیعرەکە وەرگیراوە. لە ڕاستیدا هەردوکیان لە شیعرەکە خۆیدا هاتوون.
کێشەیەکی گرنگ لە مەسەلەی ساڵی گوترانی شیعرەکەدا هەیە: جەعفەر بە ساڵی ١٣٢٢ [١٩٤٣ز] و ئەنیسی بە ١٠ ساڵ دواتر واتە ١٣٣٢ ی هەتاوی [١٩٥٣ ز] نووسیوە. ئەوە ئەگەر هەڵەی چاپ بێت، کە وێشدەچێت وا بێت شتێکە؛ دەنا کەم تەرخەمیی هەرکام لەو دوو کەسە بێت جێگەی گلەییە. ساڵی ١٣٣٢ ماوەیەکی کەمی

---

[137]. چاپی جەعفەر: بەنا گوێی تۆ. هەستم کرد بەناگوێ زیاتر لە تەرکیبێکی فارسی دەچێت و هەربۆیەش شێوازی ئەنیسیم هەڵبژارد.

دوای لەسەر کار لابرانی ڕەزا شا و پێش دامەزرانی کۆماری کوردستانە. ساڵی ۱۳۳۲ ساڵی حکوومەتی دوکتۆر موسەددیق و کۆدیتای ئەمپڕیالیستی ۲۸ ی گەلاوێژ، هەروەها ساڵی ڕاپەرینی خەڵکی بۆکان و گوندەکانی دەوروبەریەتی دژ بە ئاغاوات. ئەو شیعرە لە کامیەك لەو دوو سەردەمەدا گوتراوە؟ من بە حیسابی ناوەرۆك و ستایلی شیعرەکە، زیاتر بۆ ڕێکەوتە کۆنەکە واتە ۱۳۳۲ دەچم.
ناتەواوییەکی گرنگی هەردوو دیوانی چاپی مامۆستایان ئەنیسی و جەعفەر ئەوەیە کاری بەراوردکارییان لە سەر نەکراوە و بنەمای شیعرەکان و ئیستیقبال کردن و لاسایی کردنەوەی شاعیر و تەرجەمە لە زمانی فارسی یان عەرەبی ئاشکرا نەکراون.
ئاوات وەك فەقێ و مەلای حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان لە ژێر کارتێکەریی شیعر و ئەدەبی فارسی و عەرەبیدا بووە و بە تایبەت هەر لە سەرەتاوە بە شیعری فارسی و بۆ نموونە گوڵستان و بۆستانی سەعدی گۆش کراوە کە یەك لە دەرسە سەرەکییەکانی فەقێی کورد بوون. ئەوە لە لایەك و نەبوونی سەرچاوەی کوردی لە بەردەستی فەقێ و مەلای کورددا بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەکی دیکە، بەشێوەیەکی سروشتی وای کردووە کە هەندێك جار سنووری دوو زمانەکە تێك بچێت و شاعیر ئیجازە بە خۆی بدات هەموو ناوەرۆکی شیعری شاعیرێکی فارس دووپات بکاتەوە و تەنیا کرداری ڕستەکان بکاتە کوردی! لەو ڕێگەیەوە نەك هەر وشەیەکی زۆری فارسی خزاونەتە ناو زمانی کوردییەوە و وشە کوردییەکان فەرامۆش کراون بەڵکوو شێوەی بەیان و دەربڕینەکانیش بوونەتە فارسی. بۆ نموونە هەر لەم شیعرەدا شێوازی ڕاگەیاندنی *"نەتەنیا ئەوە بوو بەڵکوو ئەوەش بووە"* عەینوبیللا فارسییە؛ جا ئەگەر ئێمە لەجیاتی "تەنها" ی فارسی "تەنیا" مان دابنێت، یان کرداری "شد" ی فارسیمان کردبێتە "بوو" ی کوردی، شێوازە گشتییەکی دەربڕین هەر فارسی ماوەتەوە وئەگەر دواتر دوو شاعیری دیکە ڕەچاوی ئاوات بکەن تەرکیبە فارسییەکە بە تەواوەتی دەخزێتە ناو زمانی کوردییەوە و جێگریش دەبێت.
ئەو کارتێکەرییانە نەك هەر لە ناو ئەدیب و شاعیرانی کورد بەڵکوو لە ئەدەبی تورکی و ئازەربایجانیشدا دەبینرێن و تەنانەت لەواندا لە کوردییش بەرچاوترە،[138] بەڵام ئەوەی

[138] لەم دواییانەدا ناسیۆنالیستە ئازەربایجانییەکان هەوڵێکی زۆر دەدەن وشەی فارسی و عەرەبی لە زمانەکەیان دەربهاوێژن و بیبەنەوە سەر بنەما تورکییەکەی.

وا کاری شاعیری کوردی بۆ ئەو خواستنەوە و وەرگرتنە هاسان کردۆتەوە نزیکایەتی زمان و ڤوکابیولەرییە.[139]

ئەم شیعرەی ئاوات مۆرکی زۆری شیعری فارسی و زمانی فارسی بە سەرەوەیە و لە ڕاستیدا وەرگێڕاوێکی تەواو و کەماڵی شیعرێکی فارسییە. گەرچی بە ئەگەری زۆر شاعیرانی فارسی ویژی پێشووش دەبێ شیعرێکیان بە هەمان ئەو کێش و سەروا و ناوەرۆکە هەبێت بەڵام لای کەم ئەم شیعرەی "شاطر عباس صبوحی" شاعیری فارسی ویژی ئێرانی (١٣١٥ – ١٢٧٥ ی کۆچیی مانگی) پێش شیعری ئاوات گوتراوە و ناوی شیعرەکە و داڕشتن و ناوەرۆك و ئوسلووب و تەنانەت کێش و سەروا و ڤوکابیولەریی شیعرە کوردییەکە لەو وەرگیراوە و بە کورتی، فەرد بە فەرد تەرجەمە کراوە، هەردوو غەزەلەکەش ٦ فەردیان هەیە.

سەبارەت بە ناو یان عینوانی شیعرەکەش دەبێ بڵێم بە ئەگەری زۆر لە لایەن شاعیر خۆیەوە دانراوە لەبەر ئەوەی عینوانی شیعرەکەی شاطر عەبباسیش هەر ئەوەیە. بە بۆچوونی من و بەو ناسیاوییەی کە کەم و زۆر لە کەسایەتی شاعیرم هەیە، ئاوات ئەو شیعرەی خۆی وەك وەرگێڕاوێکی شیعری شاعیرە فارسییەکە لە قەڵەم داوە بەڵام لە دیوانە چاپییەکەدا ئەو مەسەلەیە ڕانەگەیێنراوە و بەگشتی لە سەرجەمی دیوانەکەدا شیعری تەرجەمە کراو لەوانی خۆی جیانەکراونەتەوە (کارێك کە بۆ نموونە لە کتێبی "بۆ کوردستان" ی مامۆستا هەژاردا بەڕێوە براوە) لە ئەنجامدا خوێنەری ئاسایی دەتوانێت تۆمەتی ئەوە بداتە پاڵ ئاوات کە شیعری خەڵکانی دیکەی تەرجەمە کردووە و بە ناوی خۆیەوە لە قەڵەمی داون. ئەوە بە بۆچوونی من لە کەسایەتی ئاوات بەدوورە و هەرگیز چاوبەستییەکی ئەوتۆی نەکردووە.

تەنانەت مامۆستا ئەنیسیش کە ئەو کارەی نەکردووە، بە دەستەقەسد نەبووە. وەك پێشتریش گوتوومە، دیوانی ئاوات لە سەردەمێکی ڕەشی مێژووی ئێراندا چاپ کراوە کە مەلاکانی ئێران تەنیا بە زمانی گولـلە لەگەڵ کورد دەدوان و لەو بارودۆخەدا چاپی

---

[139] . بە داخەوە ئەو نزیکایەتی زمانە بۆتە هۆکاری ئەوەی نەك هەر وشە بەڵکوو تەرکیباتی زمانی و تەنانەت شێوازی دەربڕین و ڕاگەیاندنەکانی شاعیرانی کوردیش شێواز و بیچمی فارسی وەربگرێت و لە سەربەخۆیی زمانی کوردی کەم بێتەوە، ئەو بابەتە کاری گەلێك زۆر و بەرفراوانی پێویستە و دەبێ نموونەی ئەو شوێن هەڵگرتن و شوێن کەوتنە ناپێویستانە لە شیعری زوربەی شاعیرانی کورد بە تایبەت کلاسیکەکانماندا هەڵبگیرێت و ڕابگەیێنرێت بۆ ئەوەی لە دواڕۆژیشدا درێژەیان نەبێت دەنا شتێك بە ناوی زمانی نەتەوەیی کوردی نامێنێت.

دیوانی شاعیرێکی کوردی نیشتمانپەروەری وەك ئاوات گەلێك ئەستەم بووە و لە ئەنجامدا دەتوانین بزانین بۆچی ئامادەکاریی تەواوی بۆ نەکراوە. لە چاپی داهاتووی دیوانەکەدا دەبێ بێگومان شیعرە تەرجەمە کراوەکان لە شیعرەکانی شاعیرخۆی جیا بکرێنەوە. منیش بە گوێرەی توانا هەوڵ دەدەم لای کەم بەشێك لەو ئەرکە بەرێوە بەرم گەرچی واهەیە نەتوانم بە تەواوەتی بیکەم. کارێك کە هەرەوەزیش نەبێت لای کەم یارمەتی شارەزایەکی ئەدەبی فارسی و عەرەبی دەوێت کە دەرفەتێکی لەمن زیاتری هەبێت و بتوانێت هەموو پارچە شیعرەکان یەك بەیەك ئەزموون بکات و تەرجەمە و غەیرە تەرجەمە کێك جیا بکاتەوە مەگەر بنەماڵەی بەرێزی شاعیر سەرچاوەی زیاتریان لەبەر دەستدا بێت و لە رێگەی ئەوانەوە بتوانن مەسەلەکە چارەسەر بکەن.
ئەوەی خوارەوە شیعرەکەی شاطر عباس صبوحییە کە ئاوات وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:

*"نه تنها بندەی بالای موزونت صنوبر شد*
*علم شد، سروبن شد، نیشکر شد، نخل نوبر شد*
*نه تنها گل ز نرمی شرمگین شد پیش اندامت*
*کتان شد، پرنیان شد، حله شد، دیبای اخضر شد*
*نه تنها شور بر پا شد که دوش از بزم ما رفتی*
*بلا شد، فتنه شد، آشوب شد، غوغای محشر شد*
*نه تنها یاسمن شد سخرەی سیمین بنا گوشت*
*سمن شد، نسترن شد، لاله شد، نسرین صد پر شد*
*نه تنها مدعی شد کامران از زلف پر چینت*
*صبا شد، شانه شد، مشاطه شد، عنبرچەی زر شد*
*نه تنها شد صبوحی از غم هجران تو محزون*
*فغان شد، ناله شد، خونین جگر شد، دیده تر شد"*
(ماڵپەڕی "گنجور"، بابەتی "صبوحی"، غەزەلی "غوغای محشر")

لە چەند سەرچاوەدا وشەیەکی ناو میسراعی دووهەمی فەردی یەکەم وەك "سردوبان" تۆمار کراوە، کە دیارە هەڵەیە و وشەی وا لە فارسیدا نییە. بێگومان دەبێ لەجیاتی سرد، وشەی "سرو" بەواتای هەمان داری "سەرو" بێت کە هاتۆتە ناو شیعرە کوردیەکەشەوە. بەڵام ئەگەر پیتی /دال/ قرت بکەین دیسان "سروبان" دمێنێتەوە کە ڕوون نییە چییە مەگەر ئەوەی بڵێین "سرو بن" (سەرو بون) بە واتای بنچك یان خەڵفی

داری سەرو بوو‌بێت و تووشی هەڵەی چاپ هاتبێت کە لەو حاڵەتەدا، شاعیر کچە دڵدارەکەی خۆی بە منداڵ و کەم تەمەن داناوە و سەرجەمی میسراعەکە بۆتە: *"علم شد، سروبن شد، نیشکر شد، نخل نوبر شد"*.

هەروەها لە شێعرە فارسییەکەدا، دووهەم میسراعی فەردی کۆتایی (مەقتەع)، بە شێوەیەك دارِژاوە کە دەبێ "خۆنین، جگر" و "دیدە، تر" شد- وەك مضاف و مضاف الیە بخوێنرێنەوە دەنا کێش تێك دەچێت. ئەوە شیعری شاطر عەبباسە و پەیوەندی بە ئاواتەوە نییە.

ئەوەی وا گوتم شیعرەکە وەرگێڕاوی شیعرێکی فارسییە، بێ نیازم دەکات لەوەی وشەکان واتا بکەمەوە لەبەر ئەوەی بەشێکی بەرچاوی وشەکانیشی هەر فارسین (نوبر، پرنیان، آشوب، سیمین، بناگوش، عنبرچە، دیدە تر، و...) یان عەرببیەکن کە فارسەکان خوازتوویاننەوە و کردوویاننەتە خۆماڵی بۆ زمانی خۆیان (محشر، موزون، علم، نخل، اخضر، بلا، فتنە، مەسخەرە، مشاطە، مبهوت، و....) خوێنەر ئەگەر بیەوێت دەتوانێ لە فەرهەنگی فارسی و عەربیدا شوێنی واتاکەیان هەڵبگرێت.

لە مەسەلەی سەروا و ڕەدیف دا دەبێ بڵێم شاعیر لە ڕەدیفی کۆتایی فەردەکاندا سێ جار کەڵکی لە پیتی /ر/ و سێ جاریش لە /ڕ/ ی قەڵەو وەرگرتووە واتە جیاوازییەکی لە نێوان ئەو دوانەدا دانەناوە؛ ئەوەش دەبێ هەر کارتێکەریی شیعری فارسی بێت لەسەری لەبەر ئەوەی لە زمانی ئەواندا تەنیا یەك پیتی /ر/ هەیە نەك دوان.

بەحری عەرووزی شیعرەکە:

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

# سۆزی دڵ

بەتەنیا گیانەکەم، سۆزی دڵم پەروانە دەیزانێ
خەمی دڵ بولبولێکی بێ گوڵ و بێ لانە دەیزانێ
وەها پابەندی بسکی شێتوپێتم، بێخەبەر ماوم
لە خۆم و حاڵوباڵم، حاڵی من دێوانە دەیزانێ[140]
لە ڕازی بسکی پڕ پێچوخەمی، عالەم سەراسیمەن
دەزانی ئەو تەلەسمە مووبەموو هەر شانە دەیزانێ؟
مەپرسن دۆستان! هەرگیز لە حاڵی دەستزەدەم، چونکە
لە خۆم من بێهەواڵم، حاڵی من جانانە دەیزانێ
ئیمامی ناوی گەورە و شاری وێرانە کە تێفکری
لە مەعنای شێعرەکانی هەر دڵی وێرانە دەیزانێ

گەردیگلان، ١٣٢٣ی هەتاوی
(لاپەڕە ٨٣ و ٨٤ ی چاپی ئەنیسی و ٢٤٥ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "پەروانە دەیزانێ"یە.
وەرگێڕاوی کوردیی شیعرێکی "ئەبولْقاسم لاهووتی کرماشانی" شاعیری کوردی فارسی ویژە (١٨٨٥ - ١٩٥٧). لە چاپی جەعفەردا ئاماژە بەو ڕاستییە کراوە و لە پەراوێزی لاپەڕە ٢٤٥ دا دەقی شیعرە فارسییەکەش هاتووە: "وەرگێڕدراوی شێعری ئەبولقاسمی لاهووتی".

---

[140] چاپی ئەنیسی: دیوانە

شیعری لاهووتی، به تایبەت لە ساڵانی پێش کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ شوێنی زۆری داناوەتە سەر شاعیرانی کوردی ئازادیخواز و تەنانەت شیعرە غەرامییەکانیشی ئیستیقباڵ کراون بۆ نموونە ئەم شیعرەی مامۆستا هێمن وەرگێڕاوی شیعرێکی لاهووتییە:

*"عەزیزم بۆچی تۆراوی لە خۆڕا؟*

*چ قەوماوە، دڵی تۆ بۆچی گۆڕا؟..."*

ئاوات لای کەم پارچە شیعرێکی دیکەی لاهووتیشی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی:

*"وەکوو بیستم خەمت خواردم، ئەویش بۆمن خەمێکی دی*

*دڵت بۆ ماتەمم سووتا، ئەویشم ماتەمێکی دی..."*

کە وەرگێڕاوی غەزەلێکی لاهووتییە بەم مەتلەعە:

*"شنیدستم غمم را میخوری، اینهم غمی دیگر*

*دلت بر ماتمم می سوزد، اینهم ماتمی دیگر..."*

وەك دەبینین، لەم پارچەیەی ئێستاماندا وەرگێڕاوەکەی ئاوات ئازادە و دەقاودەقی شیعرەکەی لاهووتی نییە، بەڵام چەمکی سەرەکی و تەنانەت زۆرجار واتای فەردەکانیش لەگەڵ فارسییەکەدا هاوبەش یان هاوشێوەن. گەرچی وەرگێڕ لە یەکدوو شوێندا کورتی دێنێت و ئەوەش خەتای ئەو نییە. تەرجەمەی شیعر بە شیعر بە تایبەت ئەگەر لە زمانێکەوە بێت کە یەك یاسای عەرووزیی بەسەر هەردوکیاندا زاڵ بێت و وەرگێڕ بیەوێت تایبەتمەندییە تەکنیکییەکانی دەق وەك کێش و سەرواش بپارێزێت، ئیتر مەیدانی مانۆڕ کردن گەلێك بەرتەنگ دەبێت. نموونەکەی مەقتەعی شیعرەکەیە:

*"به جان او که دردش را ز جان هم دوست تر دارم*

*ولی میسوزم از این غم که داند یا نمیداند!"*

ئەو پێچانەوە هونەرییەی چەمك، کە لە شیعری لاهووتیدا دەبینرێت، لە شیعری ئاواتدا ڕانەگوێزراوە و لەجیاتییان شاعیر بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشتووە کە تێیدا گەلێکیش سەرکەوتووە بە تایبەت کە "ترشیح" ێکی جوان لە نێوان پەندێکی دێرینی کوردی: "ئاوی گەورە و دێی وێران" و "دڵی وێران" دا کراوە.

سۆز: هەست و نەست و خەم و خەفەتی دڵ. هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار ئەم واتایانەی بۆ لێداوەتەوە: گفت و پەیمان، شادی و کەیف، گۆرانی خەمبار، سووتاو (کە بۆ دڵ دەگوترێ: دڵسۆز).

پابەند: گیرۆدە

بسك: مووی سەر لاجانگ، ئەگریجە (هەنبانە بۆرینە).
شێت و پێت: پێت موهمەلە بەڵام هەردوو بەسەریەکەوە واتای شێت و غەیرە عاقڵ دەدەن، سیفەتەکە لێرەدا بۆ زوڵف هاتووە و واتای 'ئاڵۆز؛ و 'پەرێشان' دەدات.
حاڵ وباڵ: باڵ لێرەدا موهمەلە و پێکەوە واتای بارودۆخ دەدەن.
سەراسیمە: داماو، سەرگەردان (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)
تەلەسم: جادوو
دەستزەدە: بە گوێرەی باوەڕی بەشێك لە کۆمەڵگا، ئەو کەسەیە وا پەری دەستی لێ وەشاندووە و لە ئەنجامدا شێت بووە؛ شێت.
ناوی گەورە و شاری وێران: هاوچەشنی 'ناوی گەورە و دێی وێران'ە کە پەندێکی کوردییە.
ئەوە دەقی فارسی شیعرەکەی لاهووتییە کە لە دیوانە چاپکراوەکانیدا هاتووە:

*"فقط سوز دلم را در جهان پروانه می‌داند*
*غمم را بلبلی کاواره شد از لانه می‌داند*
*به امیدی نشستم شکوه‌ی خود را به دل گفتم*
*همی خندد به من، این هم مرا دیوانه می‌داند*
*تو آگه نیستی کاندر سر زلفت چه خون‌ها شد*
*ولیکن مو به مو این داستان را شانه می‌داند*
*نصیحتگر، چه می‌پرسی علاج جان بیمارم؟*
*اصول این طبابت را فقط جانانه می‌داند*
*به جان او که دردش را ز جان هم دوستتر دارم*
*ولی می‌سوزم از این غم، که داند یا نمی‌داند؟"*

وەك دەبینین، ئاوات بە تایبەت بۆ سازدانی سەروا کەڵکی لە کەرەسەی شیعریی دەقە فارسییەکە وەرگرتووە و دیارە ئەوەش بەهۆی هاوبەشی و نزیکایەتی دوو زمانەکەوە گونجاو بووە: پەروانە، دێوانە، لانە، شانە و جانانە کە سەروای فەردەکانن؛ یان بسکی کوردی و زوڵفی فارسی.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

# ئالآ

ئەو پارچە، سێ ڕەنگی وەك باڵی هومای ئالآ[١٤١]
هەودایەکی لێ بۆوە، فەوری لە ملم ئالآ[١٤٢]
ئەو ڕشتەیە تا مەحشەر مەحکەم لە ملمدایە
کێشامیە ژێر سایەی، ئێستێکە بە بێ پەروا[١٤٣]
پەروام نییە تا مردن، لەو وەختەوە دیتوومە
گرتوومەتە ئامێزم، هەر زاڵەیەتی بەدخوا
ئەو دارە چ دارێکە؟ تیری جگەری دوژمن[١٤٤]
بڕوانە بە شاباڵی چەند زالە بەسەر زالآ!
ئەم[١٤٥] حاسڵە پێم وایە گەنمم یەك و سەد دەبڕێ[١٤٦]
بەو[١٤٧] دوو گوڵە گەنمانەی[١٤٨] وادیارە لە ڕووی ئالآ
نووکی قەڵەمی یەعنی بینووسە لەبۆ دوژمن
بەو ڕۆژی[١٤٩] لە ڕووی ئالآ، مەعلوومە کە لێت قەوما
تەعریفی نییە ئالآ و[١٥٠] ئالآیەکی ڕەنگینە
سوور وسپی و سەوزە، ڕۆح حازرە بۆ سەودا

---

١٤١. چاپی جەعفەر: سێ ڕەنگەی
١٤٢. چاپی ڕۆژنامەی کوردستان: هەودایەکی لێ بوو
١٤٣. چاپی ڕۆژنامەی کوردستان: ئێستە بە بێ پەروا
١٤٤. چاپی ڕۆژنامەی کوردستان: چە دارێکە (نیشانەی پرسیاریشی بۆ دانەنراوە).
١٤٥. چاپی جەعفەر: ئەو
١٤٦. چاپی ڕۆژنامەی کوردستان: ئەم حاسڵە پێم وایە یەك سەد دەبڕێ گەنمم
١٤٧. چاپی ڕۆژنامەی کوردستان: ئەو
١٤٨. چاپی جەعفەر: گەنمانە
١٤٩. چاپی جەعفەر: ڕۆژە
١٥٠. چاپی جەعفەر: ئالآ، ئالآیەکی

کالاَیەکی پڕقیمەت بۆ میللەتی کوردستان
نرخی بەدەر و زیادە ئەورۆ[151] لە سەر وماڵا
هەر جێگەیە[152] ڕووی تێ تێکا، دەیکاتە[153] گوڵ و گوڵشەن
دوژمن کە ئەوەی چاو کرد،[154] وەك جوو خمی لێ شێوا
ئیمرۆکە[155] لە گەردیگلان ڕۆژێکە کە کوردستان
نەیدیوە هەتا ئێستا حاسڵ لە سەری ساڵا
ئەی کاکی 'زرنگ'! شیعرت پاکی وەکوو قەند وایە
تیفلی[156] دڵی کوردستان بۆی هەر لە گڕوگاڵا
تۆ هاتی، بە سەر هاتم بۆ زیارەتی بالاَکەت
وا نووکی قەڵەم نووسی، تەعریفی[157] قەد وباڵا

گەردیگلان، ١٣٢٤ ی هەتاوی، سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٥، ١٣٢٤
(لاپەڕە ٧٠ و ٧١ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نییە)

---

شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا نییە و دیارە لە کاتی ئەو چاپەدا، بەدەستدا نەبووە. کاك جەعفەریش دەبێ دوای چاپکرانەوەی هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا[158] توانیبێتی ئەو شیعرەیان تێدا بدۆزێتەوە و لە دیوانەکەدا بیگونجێنێت. شیعرەکە لە پەیوەندی هەڵکرانی ئالاَی کۆماری کوردستان لە گوندی گەردیگلانی نێوان سەقز و بۆکان و سەردەشتدا گوتراوە. ئێمە بە حیسابی گێڕانەوەی خەڵك و سەرچاوە نوەوسراوەکان دەزانین دوای هەڵکرانی ئالاَ لە شاری مەهاباد، ئالاَیان بردە

---

[151]. چاپی جەعفەر: ئەمرۆ
[152]. چاپی جەعفەر: هەرجێگەیێ
[153]. چاپی جەعفەر: دەیکا بە
[154]. چاپی جەعفەر: کە ئەوی بینی
[155]. چاپی جەعفەر: ئەمرۆکە
[156] چاپی جەعفەر: طفلی دڵی کوردان بۆی هەروا لە گڕوگاڵا
[157]. چاپی جەعفەر: تاریفی
[158]. بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستان، مەهاباد، ١٣٢٤ – ١٣٢٥ ی هەتاوی (١٩٤٦)، ئامادە کردنی ڕەفیق ساڵح و خدیق ساڵح، پڕۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین (سلێمانی) و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس (هەولێر)، ساڵی ٢٠٠٧.

نەغدەە و بۆکان و لە بۆکانیشەوە برایە چەند گوندی وەك ئالْبلاغ و یەکشەوە و گەردیگلان لە دەوروبەری بۆکان.
ناردنی ئالاّ لە لایەن پێشەوا قازی محەممەدەوە بۆ گوندی گەردیگلان شانازییەکی گەورە بوو بۆ خەڵکی ناوچەکە و بۆ سەید کامیلیش کە پێشتر بە ناوی نهێنیی 'زرنگ' ەوە ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بوو و دوای دامەزرانی حزبی دیموکراتی کوردستان بوو بە نایب سەدر و پاشان، سەدری هەیئەت مودیرەی حزبی دیموکراتی کوردستان لکی گەردیگلان[159] لەو ڕێ وڕەسمەدا ئاوات وتارێکی داوە و پاشان شیعرەکەی سەرەوەی خوێندۆتەوە.
من سەیری ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەکەم کرد و لێرەدا دەقی وتارەکەی سەید کامیل دەهێنم بۆ ئەوەی هەڵوێستی سیاسیی شاعیر و چۆنیەتی ڕێ وڕەسمەکە بۆ خوێنەران ڕوون بێتەوە. هەروەها بەراوردی دەقی شیعرەکەم کرد لە چاپی جەعفەر و دەقی ڕۆژنامەی کوردستاندا و تێیدا زیاتر دەقی ڕۆژنامەکەم ڕەچاو کردووە کە ئۆریجیناڵیتی و ئەسڵییەتی زمانیی زیاتری تێدا بەرچاو دەکەوێت، زمانێك کە شێوازی موکریانیی مەهابادی لەگەڵ ناوچەی بۆکان و سەقز و گەورکایەتی تێکەڵاو کردووە.
ئەوە هەواڵی ڕۆژنامەی کوردستان (چاپی مەهاباد، ژمارە ٥٥، ساڵی یەکەم، شەممۆ ١٨ ی جۆزەردانی ١٣٢٥، ٨ ی ڕەجەبی ١٣٦٥ و ٩ ی ژوئەنی ١٩٤٦، لاپەڕە ٣ و ٤).
(تەنیا ڕێنووسەکەم کردۆتە ئەمڕۆیی):

*"هەڵکردنی ئالاّی موقەددەس لە کومیتەی مەحەللی گەردیگلان*

*ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٩ [=١٩٤٦/٥/٣٠ ز]، لە حوزووری ژمارەیەکی زۆر لە مالکین و زانایان و سادات و موحتەرەمین و جووتێر و زەحمەتکێشان، کە ژمارەیان بە ٦٠٠ کەس گەیشتبوو، لە ئالاّی موقەددەسی کوردستان کە لە لایەن حەزرەتی پێشەوارا بۆ کومیتەی ناوبراو بە خەڵات ناردرابوو، پێشوازێکی*

---

[159]. لە ژمارە ١٦ ی ڕۆژنامەکەشدا هەواڵێك سەبارەت بە "جێژنی سەربەخۆیی لە گەردیگلان" ڕاگەیەنراوە کە تێیدا سەیید عەبدولسەلام نەبەوی بە سەدری کومیتە و سەید کامیل بە نایبی سەدری کومیتەی حزب لە گەردیگلان ناسێنراوە. جەژنی یەکەم لە ڕۆژی ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ واتە ١٤ ڕۆژ دوای دووی ڕێبەندان و هەڵکرانی ئالاّ لە مەهاباد بەڕێوە چووە. بەڵام لە ڕێ وڕەسمێکی دیکەی هەمان گونددا، کە ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٩ واتە دوو مانگ و ٢٣ ڕۆژێك دوای جەژنی یەکەم و ئەمجار بۆ "هەڵکردنی ئالاّی موقەددەس لە کومیتەی مەحەللی گەردیگلان" بەڕێوە چووە، سەید کامیل بە ناوی "سەدری کومیتە" ناوبردە کراوە. دەبێ لەو ماوەیەدا گۆڕانکارییەك لە کاروباری سیاسیی ناوچەکەدا ڕوویدابێت. سەید کامیل و سەید محەممەدی نوورانی (براگەورەی) لەو کەسانە بوون کە بەشداری ڕێ وڕەسمی یەکەمیش بوون.

*پێجگار شایان کراوە و بە سروودی میللی خوێندنەوە و دەسرێژی تفەنگان و گاوگەردوون، ئاڵای موقەددەس وارید و لە سەربانی کومیتەی مەحەللی گەردیگلان چەقێندراوە.*
*لە کاتی ڕووبەڕووبوون بە ئاڵای موقەددەس، سەدری کومیتەی نێوبراو- ئاغای سەید کامیل لە ئەسپ دابەزی و بەم جووورە خیتاب [ی] بە ئاڵای موقەددەس کرد:*
*'بەخێر بێی ئەی سەمەرەی زەحمەتکێشەکانی ڕێگای ئازادی!*
*بەخێر بێی ئەی مایەی سەربەرزیی نەتەوەی کورد!*
*بەخێر بێی ئەی گوڵی باغی کوردستان و چقڵی چاوی دوژمنان!'*
*و لە لایەن ئاغای سەید عەبدولعەزیز سەیادەت، مەلا عەبدولمەجید- مودەڕڕیسی تورجان، مەلا سەید عەزیزی شیلاناوێ و خەلیفە مەلاعەلییەوە جەند ووتارێکی گەرم و گوڕ خوێندرایەوە و ئەم شیعرانەی ژێرەوەش لە لایەن ئاغای سەید کامیل- سەدری کومیتەی، ئیراد کرا:"*
شاعیر لە شیعرەکەدا، سەرەتا بە بەژن و باڵای ئاڵاکەدا هەڵدەڵێت و ڕێز لە پارچە و دارەکەی دەگرێت، ئینجا نیشانە و وێنەکانی سەر ئاڵاکە باس دەکات.
ئەو دارە چ دارێکە، هەندێك ئاماژەی بە کتێبی شانامەی فیردەوسی تێدایە. تیر و شاباڵ و زاڵ. زاڵ دوو واتای هەیە: یەکەم، سەرکەوتوو و بەسەر کەسێکدا زاڵبوو. دووهەم، 'زاڵ' یان زاڵی زەڕ کە باوکی ڕۆستەمی ئەفسانەییە. وشەی شاباڵ دەبێ بەو بۆنەیەوە هاتبێت کە بە گوێرەی شانامە، باڵندەی سیمورغ زاڵی گەورە کردبوو. تیریش دەبێ بەو بۆنەیەوە گوترا بێت کە سیمورغ ڕۆستەمی کوڕی زاڵی فێر کرد چۆن تیر لە چاوی ئیسفەندیار بدات. چاوی ئیسفەندیار تاقە شوێنێکی لەشی بوو کە تیر کاری لێدەکرد و دەکرا لەوێوە زەفەری پێ ببرێت.
ئاڵا (وەك ناو)، عەلەم، پەرچەم
ئاڵا (وەك کردار)، ڕابردوو لە چاوگەی ئاڵان و تێ ئاڵان، واتە تێی ئاڵا
هوما، چەشنێك خەرتەڵە لە ئوستووورە ئێرانییەکاندا بە باڵندەیەك دەزانرێت کە سێبەری باڵی بکەوێتە سەر هەرکەسێك، بەختەوەر دەبێت.[١٦٠] شوبهاندنی ئاڵای کوردستان بە باڵی هوما شوبهاندنێکی جوان و بە واتایە. وشەی ئاڵا لە فەردی یەکەمی شیعرەکەدا دوو جارهاتووە. دووهەمیان ڕوونە، کە دەڵێ هەودایەك لە ئاڵاکە جیا بووەوە و لە ملم ئاڵا. بەڵام ئاڵای یەکەم وا ڕوون نییە. من واتای ڕەنگاوڕەگ و ئاڵ و واڵای لێ وەردەگرم، لەبەر ئەوەی دەڵێ وەك باڵی هوما، ئاڵایە. گەرچی لە بۆچوونەکەم دڵنیاش نیم.
پارچە، کووتاڵ، قوماش

[١٦٠] . ویکی پێدیای فارسی، وشەی 'هما'

ڕشته، تاڵ
ئێستێکه به بێ پەروا: لام وایه دەبێ لەگەڵ فەردی دواتردا بخوێنرێتەوە:
پەروام نییە، ئێسته بێ پەروام و لەو وەختەوە دیتوومە هەتا کاتی مردن گرتوومەته ئامێزم.
پەروام نییە، واته گوێم لێ نییە، ترسم نییە.
هەر زالەیەتی بەدخوا، واته کەسی بەدخوا لەوەی وا من گرتوومەته ئامێزم (ئاڵاکه)، هاوار و گازندەیەتی.
شاباڵ، باڵی گەوره و پان
سێ ڕەنگ، ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان
سەر وماڵ، دارایی و سامان. شاعیر بۆ پاراستنی سەروا، 'سەروماڵ'ی کردۆته 'سەروماڵا'!
خم [یان 'خوم']، بەری گیایەکە 'نیل' ی پێدەڵێن، خام و بەنی پێ شین دەکەن. خم لێ شێوان، تووشی ئاژاوە و بشێوی هاتن*(هەنبانه بۆرینه)*.
جووی خم لێ شیواو مەتەڵە؛ بەڵام نەمزانی بنەماکەی چ ڕووداوێکی مێژوویی یان ئەفسانەییە. دەبێ لە ڕابردوودا جوولەکەی ناوچەکە خمگەرییان کردبێت و ئەوەش ڕووداوێك بێت کە تێیدا کەسەکە خمی لێ شێوا بێت(؟). حاسڵ لە سەری ساڵ، بەحیسابی ڕۆژژمێری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەتای ساڵ نەورۆزە و شیعرەکەش لە مانگی جۆزەرداندا گوتراوە کە هێشتا زوو بووە بۆ حاسڵ هەڵگرتن. خۆ ئەگەر ئاماژەی بە هەڵکرانی ئاڵا لە مەهاباد تێدا بێت (کە لە شوێنێکدا ئەو ئاماژەیە دەبینرێت: "لەو وەختەوە دیتوومە" دەبێ سەردەمێکی زووتر لەو ڕۆژەی گەردیگلان بێت)، ئەودەم دەبێ زووتریش بووبێت.
کاك جەعفەر دوای نازناوی 'زرنگ' و لە پەراوێزی لاپەڕەکەدا نووسیویەتی: *"زرنگ نازناوی هۆنەر بووە لەو سەردەمەدا."* دیارە 'ئەو سەردەمە'ش کە ئاماژەی پێدەکات، سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستانە.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە، هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن // مفعول مفاعیلن

## بەیداغ

هاتە دەر ئەورۆ لە میحنەت میللەتی مەغدووری کورد
گەینە ئاوات و مەرامی خۆ هەموو ڕەنجووری کورد
بێکەس و بێ دەر بوو[١٦١] ئەمما تۆ گەیشتی، بوویە کەس
هەر بژی بۆ لاگریی مە، ئەی ڕەئیس جمهووری کورد
زۆر لەمێژ بوو کورد دەڕۆیشتن، نەگەینە ئارەزوو
تۆ نزیکت کردەوە بۆ ئێمە ڕێگەی دووری کورد[١٦٢]
موڵکی کوردستان بە دەست بێگانە پاك وێرانە بوو
تۆ لە دەستت سەند و بوویە[١٦٣] ئامیری مەعمووری کورد
ئاوەدان و گوڵستان و بێ خەزانت کردەوە
بەو چلەی زستان و ڕێبەندانە خوار و ژووری کورد
هیممەتی تۆ بوو لە سەر هەر هەرد و بەرزاییی[١٦٤] وڵات
دەیشەکێنێ بای فەڕەح بەیداغی سەوز و سووری کورد
هێزی کوردستان دەلەرزێنێ هەموو شێری ژیان
عەرز ئەلەرزێ وا لە ژێر پێی ئەفسەر و مەئمووری کورد
ئەی "زرنگ"! تۆش ڕۆح و گیانی خۆت فیدای ئەو زاتە کە
تابڵێن پێت ئافەرین ئەی ڕۆڵەیی[١٦٥] مەشهووری کورد!

*شوێن: ؟ [دەبێ "گەردیگلان" بێت]، ڕێکەوت: [٨ی ڕێبەندانی] ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاوی، بۆ هەڵکردنی ئاڵا*

[١٦١] . بوون، ڕۆژنامەی کوردستان
[١٦٢] . تۆ نزیکت کردەوە وا لە ڕێگەی دووری کورد، ڕۆژنامەی کوردستان
[١٦٣] . تۆ لە دەستت سەندەوە و بووی، ڕۆژنامەی کوردستان
[١٦٤] . بەرزی، ڕۆژنامەی کوردستان
[١٦٥] . ڕۆضەی، ڕۆژنامەی کوردستان

(لاپەڕە ٨٤ ی چاپی جەعفەر (ئەویش لە ڕۆژنامەی کوردستان، چاپی مەهاباد، ژمارە ٨ ی وەرگرتووە)؛ لە چاپی ئەنیسیدا نییە.)

---

ئەم پارچە شیعرە تەنیا لە لاپەڕە ٩٤ ی چاپی جەعفەردا هەیە و لەوێدا گوتراوە لە ژمارە ٨ ی ڕۆژنامەی کوردستان ساڵی ١٣٢٤ [١٩٤٦] وەرگیراوە. من سەیری چاپی دووهەمی ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان" چاپی مەهابادم کرد و شیعرەکەم دۆزییەوە.

لە لاپەڕە ٧ ی ڕۆژنامەکەدا، شیعرەکەی سەیدکامیل بە دوای شیعرێکی مامۆستا خالید حیسامی (هێدی) دا هاتووە کە ئەودەم نازناوی شیعریی "شێواو" بووە. شیعری شێواو بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە بۆکان گوتراوە بەڵام شیعری سەید کامیل ڕێزدانانە بۆ پێشەوا قازی محەممەد.[١٦٦] ڕۆژنامەکە لە سەرەتا و کۆتایی شیعرەکەشدا ئەم دێڕانەی نووسیوە:

*"برای خۆشەویست سەید کامیل ئەم شیعرانەی لە تاریفی ڕەئیس جمهوری کوردستاندا هەڵبەستووە... و ٥٠٠ ڕیاڵیشی دەگەڵ شیعرەکان بە کۆمەکی کارگەرانی چاپخانە ناردووە. لە لایەن ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستانەوە سپاسی لێ دەکەن."*

بەم پێیە، شیعرەکە لە پەسنی پێشەوا قازی محەممەددا گوتراوە و باسێك لە هەڵکردنی ئاڵای تێدا نییە. بەڵام دەزانین لەو شوێنانەی وا ئاڵای کوردستانی لێ هەڵکرا، یەکیشیان گوندی "گەردیگلان" ی ملکی سەید کامیل بوو کە هەواڵەکەی لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٦، ٢٩ ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ لاپەڕە ٤ دا بڵاو بۆتەوە. کەوابوو دوور نییە ئاغا سەید کامیل هەمان ئەو شیعرەی وا بۆ پێشەوای گوتبوون، ١٣ ڕۆژ پێش ناردن بۆ ڕۆژنامەکە، لە ڕێ وەسمی هەڵکرانی ئاڵا لە گەردیگلاندا خوێندبێتەوە و هەر ئەوەش هۆکار بێت بۆ ئەوەی لە دیوانەکەدا پەیوەندیی بە هەڵکرانی ئاڵاوە درابێت. هەروەها ماوەیەك پێشتر لە هەمان گوند جەژنی سەربەخۆیی کوردستان گیراوە و

---

[١٦٦] . دوای ئەوەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهابادی ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٦) دا ڕاگەیێنرا لە زۆر شار و گوندی دەوروبەری مەهاباد و بۆکان و ئەوانی دیکە ئاڵا هەڵکرا و ڕێ و ڕەسمی پێشوازی لە ئاڵای کوردستان بە ڕێوە برا، وتار درا و شیعر خوێنرایەوە. لەو ساڵەدا پێگەی شیعر گەلێك بەرز ببووەوە و لە ڕێ و ڕەسمەکان و هەروەها لاپەڕەی چاپەمەنییە کوردییەکاندا شاعیران هیچ، تەنانەت ئەوانەش وا شاعیر نەبوون و بە شاعیری نەناسرابوون، شیعریان بۆ کۆمار و پێشەوا و ئاڵای کوردستان دەگوت. ڕۆژنامەی کوردستان نموونەی زۆری لە شیعری ئەو کەسانە تۆمار کردووە و ئێستا لە بەردەستماندایە.

سەید کامیل لەوێشدا شیعری خوێندۆتەوە و بە ئەگەری زیاتر دەبێ ئەوە هەمان ئەو شیعرە بێت (بڕوانە پەراوێزی شیعری ئاڵا لە چەند لاپەڕە پێش ئەم لاپەڕەیە).

بەیداغ: وشەیەکی تورکییە. لە فەردی شەشەمی شیعرەکەدا هاتووە و جەعفەر کردوویە بە عینوان بۆ شیعرەکەش؛ بەڵام چاپی ڕۆژنامەی کوردستان عینوانی نییە.

لە هەواڵی ڕۆژنامەکەدا هەروەها سەید کامیل بە "نایب سەدری حزب [ی دیموکڕاتی کوردستان] لە بۆکان" ناسێنراوە. واتە <u>سەید کامیلی ئیمامی جێگری قازی کاکە حەمەی قزڵجی سەدری لقی حزب لە بۆکان بووە.</u>

ناوەرۆکی شیعرەکە، سیاسی و نەتەوەییە. شاعیر کۆماری کوردستانی ساڵی ١٣٢٤ بە کۆتایی هاتنی میحنەتی گەلی کورد و دوایی هاتن بە وێرانیی کوردستان لەقەڵەم دەدات و پەسندی پێشەوا قازی محەممەد و "هێز"ی سوپایی کۆمار پێکەوە دەدات.

وشەی "زرینگ" لە فەردی مەقتەعی شیعرەکەدا ئاماژەیە بە ناسناوی شاعیر لە کۆمەڵەی ژێکافدا و ئەوە بەڵگەیەکیشە بۆ چەسپاندنی ئەو بۆچوونە کە حزبی دیموکڕاتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە ڕاستیدا درێژەی کۆمەڵەی ژێکاف بوون و ئەندامانی ژێکاف لە کاروبار و ڕێبەرایەتی کۆماردا دەوری سەرەکییان دەبینی. نەمر قازی کاکەحەمەی قزڵجی سەدری لقی حزبی دیموکراتی کوردستان لە بۆکان، هەروەها مامۆستایان حەسەن قزڵجی، حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی، حەقیقی، و حاجی سمایل ئاغای ئێلخانیزادە، هەروەها مامۆستایان هەژار و مامە قالەی دەبباغی کە ئەودەم لە بۆکان دەژیان، هەموویان ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بوون و دواتر بوون بە ئەندامی حزبی دیموکراتیش، تەنانەت حاجی ڕەحمان ئاغا و حاجی سمایل ئاغا لە کابینەی پێشەوادا پۆستی وەزارەتیان وەرگرت.

هەندێك جیاوازیی بچووك لە نێوان دەقی دیوانەکە و دەقی ڕۆژنامەی کوردستاندا بەرچاو دەکەون کە لە پەراوێزی شیعرەکەدا دەست نیشانم کردوون، بەشێك لە جیاوازییەکان واهەیە بە هۆی هاوچەشن نەبوونی ڕێنووسی ئەودەم و ئێستاوە خوڵقابێت.

وشەی ئەستەم لە شیعرەکەدا نابینرێت بەڵام وشەی عەرەبی زۆری تێدایە وەك مەغدوور و مەعموور و مەئموور و مەشهوور و .... کە بەشێکیان بە حیسابی ڕەدیف و سەروا چوونەتە ناو شیعرەکە.

ئامیر: آمر، فەرماندەر. 'ئامیری مەعموور' دەبێ بە واتای فەرماندەی ئاوەدانکردنەوە هاتبێت.

ژیان: ئازا، سیفەتە بۆ شێر

**مە: ئێمە**

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## ئاڵای پیرۆز

لە هەموو کوردی وڵات بێ پیرۆز!
خاسە بۆ وانە لەگەڵ مەن دڵسۆز
بۆ ئەوانەی کە بە پێشواز هاتن
فیرقەیی پیادە و چەند پیاوی قۆز
هەر بژین میللەتی کوردی بە ئەبەد
هەر بەشان هەڵگرن ئاڵای پیرۆز
دوژمنی کوردی هەڵات، بۆی دەرچوو
ڕێوییە و کلکی ئەوا گرتە گەڵۆز!
بەسە ژێردەستی و حیزی، تاکەی،
ئێمە نۆکەر بین ئەوان لێیدەن پۆز؟
نەتەویی خۆ لەهەموو جێ دەرکەن
تەقڵەکوت حەملەبەرن، بیکەنە تۆز
هەر بە شاباڵی هومای ئاڵای خۆ،
لەشکری دوژمنی خۆ کەن ئاڵۆز
تانگ و ماشێن و زرێی لێ بگرن
با لەکۆڵ بێتەوە سواری کەرەبۆز
وا "زرنگ" بانگو دەکا: ئاڵاتان
لە هەموو کوردی وڵات بێ پیرۆز!

گەردیگلان، ١٣٢٤ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩٣ ی چاپی جەعفەر؛ لە چاپی ئەنیسیدا نییە)

بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە چاپی ئەنیسی لە ساڵانێکی ڕەشتر لە ئێستای مێژووی ئێراندا بڵاو بۆتەوە (١٣٤٥)، نەکراوە ئەو شیعرانەی تێدا چاپ بکرێن کە بە ڕاشکاوی ئاماژە بە کۆماری کوردستان دەکەن، ئەوەش یەکیانە.
لە پەراوێزی چاپی جەعفەردا هاتووە:
"کاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شاری بۆکان، مام هەژار ئەم شیعرانەی "ئاوات" ی خوێندۆتەوە."
ئەو ڕوونکردنەوەیە، 'شأن نزول' ی شیعرەکە دەست نیشان دەکات. واتە ئاوات ئەو شیعرەی لە پێشوازیکردنی ئاڵای کوردستاندا گوتووە کاتێ لە مەهابادەوە هێنرایە بۆکان. ڕۆژنامەی کوردستان چاپی مەهاباد لە ژمارەی یەکەمی خۆیدا چۆنیەتی ئەو هاتنەی ئاڵا و هەڵکرانی لەسەر قەڵای بۆکانی تۆمار کردووە. "ئاڵای موقەددەسی کوردستان" لە ڕۆژی ١٣٢٤/١٠/٥ [١٩٤٥/١٢/٢٦] لە مەهابادەوە بەمیاندواو و تەغیاباد و قەرەموسالی و عەلیاباددا، گەیشتۆتە بۆکان و ڕۆژێك دواتر لە سەر سەکۆی قەڵای شار هەڵکراوە.
شیعرەکە غەزەلێکی نۆ فەردیی بەناوەرۆکە کە پێشتر تەنیا چوار فەردی بڵاو بۆتەوە و دەتوانێ هەڵەیەك بووبێتە هۆکاری هەڵاواردنی پێنج فەردەکەی دوایی، لە شیعرەکەدا، ئاوات بە بۆنەی هاتنی ئاڵاوە، پیرۆزبایی لەهەموو کوردی وڵات بەتایبەت دڵسۆزانی 'مە' واتە لایەنگرانی کۆماری کوردستان و ئەو سوارە و پیادانە دەکات کە چوونەتە پێشوازیی ئاڵا؛ ئینجا دروشمێك بەرزدەکاتەوە: بژی میللەتی کورد و هەتا کۆتایی دنیا ئاڵای کۆمار لەسەر شانیان بێت! لە درێژەشدا دەڵێ 'دوژمنی کوردی' هەڵات و بۆی دەرچوو، ئینجا دوژمن بە ڕێوییەك دەشوبهێنێت کە کلکی خۆی شۆڕ کردۆتەوە و بە هۆی سەرنەکەوتوویی و تێك شکانەوە خستوویەتە ناو گەڵۆزییەوە[١٦٧] و ڕۆیشتووە.
دواتر هاندانی خەڵکە بۆ ئەوەی لە ژێردەستەیی دوژمن بێنە دەرێ، هێرشی بکەنە سەر و تانگ و ماشێن و کەرەسەی شەڕی لێ زەوت بکەن و بە سواری کەرەبۆز بینێرنەوە وڵاتی خۆی. لە کۆتاییشدا جارێکی دیکە پیرۆزبایی ئاڵا لە هەموو کوردی وڵات دەکات و بەو شێوەیە لە باری سەناعاتی شیعرییەوە هونەرنماییەکی کەم وێنە دەکات ئەویش دروست کردنی "ردالمطلع"ە واتە هەمان ئەو میسراعەی یەکەمی شیعرەکە لە کۆتاییدا دووپات دەکاتەوە.

---

[١٦٧] . پەندێکی کۆنی کوردییە.

بەڵام با سەرەتا بزانین ئەو دوژمنەی وا شاعیر هێرشی دەکاتە سەر کێیە؟ دیارە دەبێ نەیار و ناحەزی دامەزرانی کۆمار و حکوومەتی کوردی بووبێتن کە بریتی بوون لە دەوڵەتی ئێران و مەئموورانی ڕەسمیی حکوومەت لە شارەکانی کوردستان هەروەها هەندێك ئاغا و سەرەك هۆز و بەشێك لە مەلایانی ناوچەکە. دیارە بە هەڵکرانی ئاڵای کوردستان نەیاران هەموویان نەڕۆیشتن و هەندێکیان مانەوە و ڕەنگیان گۆڕی واتە بە ڕواڵەت لەگەڵ کۆمار کەوتن و هەندێك پلە و پایە و مەنسەبیشیان وەرگرت، بەڵام لە ژێرەوە پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ئێرانییەکان پاراست و هەواڵبەری و جاسووسیشیان بۆ کردن، هەر ئەوەندەش کە هێزی سوپایی ئێران گەڕایەوە ناوچەکە، بوون بە کەواسووری بەر لەشکر، پێشمەرگە و فیدائیانی ئازەربایجانییان چەك کرد و خۆیان ئامادە کرد بچنە ناو مەهاباد و تاڵان و بڕۆی خەڵك و لایەنگرانی کۆمار بکەن، کە بە سیاسەتی وشیارانە و لەخۆبووردوویی پێشەوا چاوی ڕەشیان کاڵ بووەوە و نەیانتوانی پێش هاتنەوەی ئەرتەش خۆ بگەیێنە ناو مەهاباد- ئاشکرایە ئەوانەش تاقمێك لە سەرەك هۆز و فیئۆداڵانی ناوچەکە بوون.
شیعرەکە لە گوندی گەردیگلان گوتراوە و نیشان دەدات کە ئاوات لە ڕۆژی هاتنی ئاڵا بۆ بۆکان، لەوێ نەبووە و بە ئەگەری زۆر لە گەردیگلانی گوندەکەی خۆی مابووەوە بۆ ئەوەی چەند ڕۆژ دواتر پێشوازی لە هاتنی ئاڵای کورد بکات وا پێشەوا ئیجازەی دابوو دوای بۆکان و دوو گوندی دیکەی دەوروبەری، بچێتە ئەوێش. دەزانین ئاوات نایب سەرۆکی کومیتەی حزبی دیموکراتی کوردستان بووە لە بۆکان و لەو گوندەش. هەواڵی ڕۆژنامەی کوردستان لەمەڕ هاتن و هەڵکرانی ئاڵا لە بۆکان، ئاماژەیەکی بە ناوی ئاوات تێدا نییە بەڵام درەنگتر دوو پارچە شیعری ئەوی بڵاو کردۆتەوە کە تێیاندا پێشوازی و ڕێزی خۆی بەرانبەر بە ئاڵای کوردستان دەردەبڕێت.
بۆ وانە: بۆ ئەوانە، بۆ ئەو کەسانەی وا.....
پیاوی قۆز: ئەو لاوە گەنج و ڕێك و پێکانەی وا لە بۆکان چوونە پێشوازی ئاڵا. دیارە ئەو پێشوازییە شێوازێکی فەرمیی هەبووە و ئەوانەی وا لە ڕیزی پێشەوەی پێشوازیکاراندا بوون، جل و بەرگی ڕازاوە و جوانیان لەبەر کردووە.
پۆز: فیز و ئیفادە. پۆز لێدان ئیستیلاحێکی تازەیە و زۆریش لەسەر زمانی خەڵکە. پۆز لەفزێکی فەڕەنسییە لە ئینگلیزیشدا هەیە.

بیکەنە تۆز، دەکرێ بە دوو واتا وەربگیرێت: بە هێرش بردنی سواران بۆ سەر دوژمن، تەپ و تۆز بەرپا بکەن؛ یان دوژمنەکەتان بکەن بە تۆزی بانان.
نەتەوی: دوژمن، نەیار
هوما: باڵندەیەکی ئوستوورەییە دەگوترێت سێبەری بکەوێتە سەر هەر کەسێك بەختەوەر دەبێت.
زرێ: ڕووپۆشێکی لە کانزا دروستکراوە کە لە کاتی شەڕدا شمشێر نەتوانێ بیبڕێت.

سپاسی گەلێك زۆرم هەیە بۆ ئاغا سەید جەعفەری ئیمامی کوری مامۆستا ئاوات کە ئەو پێنج فەردە نەبینراو و نەبیستراوەی باربوو کردم و منیش لێرەدا پێشکەشی خوێنەرانی دەکەم.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مسدس محخبون: فعلاتن فعلاتن فعلن

# هەڵاڵە و بەهار

مەحبووبی نەوبەهاری من ئەوڕۆ 'هەڵاڵە'یە
عوقدەی دڵم بە پشکوتنی وی حەواڵەیە
یاڕەب! گرێی دڵم بکەوە، گوڵ بپشکوێ
لەم مانگی ناوەڕاستی بەهار، لەم مەحاڵەیە
ئەم سەرزەمینی کوردە، کە جێگەی ژیانمە،
جێی نەرگس و وەنەوشە و شەوبۆ و ژاڵەیە
بولبول بخوێنێ، جەرگی کەوی بەرگ و باری گوڵ[168]
شوێن شوێنی بەرگی سوێسن و هەڵاڵەی قەباڵەیە
هەر سەتری گەر وەدەرکەوێ، سەتحی ژیانییە
بۆ کوردەکانی ژێر و زرینگیش نواڵەیە
بولبول ڕەفیقی ساقییە لەم کاتی شادییە[169]
ئەو، مەستی بۆی هەڵاڵەیە، ئەم مەستی پیاڵەیە!
لەم کاتە خۆشە، موڕتەجیعان بۆچی ناکەون
لەو فیکری هیچ و پووچ و درێژ و بەتاڵەیە!
هات بانەمەڕ، بەخێرێ بە سەد ڕەنگی تازەوە
دێنە درێ سپی و ڕەش و سوور و ئاڵەیە
هەر فیتەفیتی شوانە لەسەر پەرچە بۆ مەڕی
هەر قیژەقیژی بێرییە کە شوان بۆ لە ماڵەیە[170]

---

[168] کرداری 'کەوێ' لە دەقەکەدا وەك 'کری' دەبینرێت. دڵنیا نیم دەبێ چی بێت. من بە گوێرەی کێشی شیعرەکە وەك 'کەوێ'م خوێندۆتەوە.

[169] لە دەقەکەدا وەك 'شادیە' هاتووە.

[170] لە دەقەکەدا وەك 'بو' نووسراوە.

کاکی قزڵجی، شیعری "زرنگ" ناقیسە، بەڵام[171]
تەکمیلی وان هەموو بە جەنابت حەواڵەیە!

ناوەڕاست مانگی بەهاری ساڵی ١٣٢٥ ی هەتاوی
(گۆڤاری هەڵاڵە، چاپی بۆکان، ژمارە ٢، خاکەلێوەی ١٣٢٥ ی هەتاوی؛ لە چاپی ئەنیسی و جەعفەردا نەهاتووە)

---

ئەم شیعرە، لە هیچکام لە دیوانە چاپکراوەکانی ئەنیسی و جەعفەردا نەهاتووە و من لە ژمارە ٢ ی گۆڤاری هەڵاڵە چاپی ساڵی ١٣٢٥ ی بۆکاندا چاوم پێی کەوت.
سەرنووسەری گۆڤاری هەڵاڵە مامۆستا حەسەنی قزڵجی بوو کە بە هاوکاریی مامۆستا هەژار دەریدەکرد. مامۆستا هەژار ئەودەم ماڵی لە گوندی شەرەفکەندەوە هێنابووە بۆکان و بۆ ماوەیەك لەوێ کار و کاسپی دەکرد، ماوەیەکیش لە ئیدارەی دوخانیاتی بۆکان دامەزرابوو، لە هەرەسی کۆماری کوردستاندا بۆکانی بەجێ هێشت و لە باشووری کوردستان گیرسایەوە.
چاپخانەی هەڵاڵە بە فەرمانی پێشەوا لە مەهابادەوە ڕاگوێزرایە بۆکان، کە شاری دووهەمی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بوو. سۆڤیەتەکان چاپخانەیەکی گەورەتریان لە مەهاباد دامەزراند.
گۆڤاری هەڵاڵە لە ماوەی ڕەشەمەی ١٣٢٤ و بانەمەڕی ١٣٢٥ ی هەتاویدا[172] سەرجەم ٣ ژمارەی لێ دەرچووە و ئەم شیعرە لە ژمارە ٢ دا بڵاوکراوەتەوە. ژمارە ٢ ی هەڵاڵە ڕێکەوتی خاکەلێوە [فەروەردین] ی ساڵی ١٣٢٥ ی بەسەرەوەیە. ئەو مانگە بەرانبەرە لەگەڵ مانگی مارچ و ئاپریلی ساڵی ١٩٤٧.
ناوەرۆکی شیعرەکە نەتەوایەتییە و پێداهەڵگوتنی گۆڤاری هەڵاڵە و پیرۆزبایی دەرچوونیەتی و تێکەڵاوێکە لە هەست و هەندێك بابەتی لیریك وەك ناوی گوڵ و بولبول و ساقی لە لایەك و بیری کوردایەتی و ئاڵای کوردستانیش لە لایەکی تر.
شیعرەکە ئاماژەی بە هەندێك مەسەلە تێدایە کە پێویست بە ڕوون کردنەوە دەکەن.
موڕتەجیعان: ئەو زارەاوەیە لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستاندا، بە هەندێك ئاغا و دەرەبەگ و سەرەك عەشیرەت و بەشێك لە مەلایان و بە گشتی هەموو ئەو کوردانە دەگوترا کە لە بەرانبەر کۆماردا وەستا بوون و هەندێك ئاشکرا و هەندێك

---

[171] لە دەقەکەدا وەك 'ناقسە' هاتووە.
[172] مانگی فیبریوێری و مارچ تا ئاپریل و مەی ١٩٤٧ ی زایینی.

نهێنی، پەیوەندییان لەگەڵ مەئموورانی خۆجێ یی حکوومەتی ناوەندییەوە بەستبوو، لەو پەیوەندییانەدا هەواڵی ڕووداوەکانی کۆماریان پێ ڕادەگەیاندن. ئەو تاقمە خەڵکانە لە لایەن شاعیران و نووسەرانی نیشتمانپەروەرەوە کەوتبوونە بەر هێرش و تانە و توانج و هەندێك جار تەنانەت جنێویش. لاپەڕەی چاپەمەنییەکانی ژێکاف وەك 'دیاری کۆمەڵەی ژ. ك بۆ لاوەکانی کورد' و گۆڤاری 'نیشتمان'، هەروەها گۆڤاری 'کوردستان' و ڕۆژنامەی 'کوردستان'ی حزبی دیموکراتی کوردستان ئەو مەسەلەیەمان بە باشی بۆ دەردەخەن. سەید کامیلیش یەك لەو شاعیرانە بووە کە لە شیعرەکانیدا بەرانبەر بەو کەسانە ڕەنگدانەوەی هەبووە و ئەوەش نموونەیەکیەتی.
فەردی مەقتەعی شیعرەکە ناوی 'کاکی قزڵجی' و 'زرنگ' ی تێدایە. قزڵجی هەمان مامۆستای نەمر حەسەنی قزڵجی سەرنووسەری گۆڤارەکەیە و 'زرنگ' 'یش ناسناوی خودی ئاوات بووە لە کۆمەڵەی ژێکافدا، کە زوربەی سەرچاوەکان وەك 'زرینگ'یان تۆمار کردووە.
مەسەلەی مانگی گوترانی شیعرەکە و چاپ کردن و بڵاوبوونەوەی: وەك گوترا، ژمارە ٢ ی هەڵاڵە ڕێکەوتی خاکەلێوەی ١٣٢٥ واتە یەکەم مانگی بەهاری ئەو ساڵەی بەسەرەوەیە. بەڵام فەردی دووهەمی شیعرەکە باس لە "مانگی ناوەڕاستی بەهار" دەکات. بە بۆچوونی من، سەرنووسەری گۆڤارەکە ویستوویەتی هەڵالە بکاتە گۆڤارێکی مانگانە و هەر بۆیەش هەر سێ ژمارەکەی ڕێکەوتی ڕێك و پێکی سێ مانگی ڕەشەمە، خاکە لێوە و بانەمەڕ [ئیسفەند، فەروەردین و ئوردیبیهێشت] یان بە سەرەوەیە. بەڵام ئەوە ناتوانێ بەو مانایە بێت کە حەتمەن ژمارەی ناسراو بەو مانگانە، لە ڕۆژی کۆتایی مانگەکەدا بڵاو بووبێتەوە و نەکەوتبێتە ڕۆژێك دواتر! نەك ئەودەم، بەگشتی ئێستاش واهەیە گۆڤاری مانگانەی ئەم مانگە لە مانگ یان مانگەکانی داهاتوودا بکەوێتە بەردەستی خوێنەر.
کەوابوو، دەکرێ ژمارەی مانگی یەکەمی بەهار لە مانگی دووهەمدا بڵاو بووبێتەوە و ژمارەی مانگی سێهەمیش لە مانگی چوارەمدا. ئەگەر ئەو بۆچوونە بسەلمێنین، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەش کە شیعری ئیمامی لە مانگی دووهەمی بەهاردا گوتراوە و هەر لەو مانگی دووهەمەش، لە ژمارە ٢ی گۆڤارەکەدا چاپ کراوە گەرچی گۆڤارەکە ڕێکەوتی مانگی یەکەمی بەهاری بەسەرەوە بووە.

ئەوەی وا بۆچوونەکەی من بەهێزتر دەکات، بوونی هەندێك هەڵە و پەڵەی 'کێش'ە بەسەر شیعرەکەوە کە وێدەچێت شاعیر بە پەلەپەل شیعرەکەی ئامادە کردبێت و پێش ئەوەی دەرفەتی پێداچوونە و ڕاستە وپێشتە کردنی هەموویانی بووبێت، ناردبێتی بۆچاپ ئینجا داوای لە سەرنووسەری گۆڤارەکە کردبێت هەڵەکانی بۆ بنەبڕ بکات:

*"تەکمیلی وان هەموو بە جەنابت حەواڵەیە"*

ئەوانە هەموو ئەگەرن و واهەیە ڕاستیش نەبن.

"تەکمیلی وان هەموو بە جەنابت حەواڵەیە"، دوایین میسراعی شیعرەکەیە. ئیمامی مرۆڤێکی خۆ بەکەم زان و بێ دەعیە و فیز بووە و لە سەرجەم دیوانەکەیدا دەیان جار تووشی ئەو دیاردەی خۆ بەکەم دانانە دەبین. لێرەشدا داوا لە قزڵجی دەکات ناتەواوییەکانی شیعرەکەی بۆ تەواو بکات لەبەر ئەوەی خۆی گوتەنی، 'ناقیس'ن. لەولاشەوە نیشانەی دۆستایەتی و نزیکایەتی ئەو دوو زاتە و دانپێدانانی ئاواتیشە بە فەزل و هونەری قزڵجیدا.

بەڵام ئەو بۆچوونە دەمانباتە سەر مەسەلەیەکی جیددی ئەویش ئەو ڕاستییەیە کە چەند شوێنی شیعرەکەدا لەنگیی و ناتەواویی تەکنیکی شیعرەکە بەرچاون و من نەمویست دەستیان تێبەرم.

دوایین خاڵێك کە بمەوێ دەست نیشانی بکەم ئەوەیە شیعرەکە بە هەندێك جیاوازیی سەرواوە، لە ئیستیقباڵی شیعرێکی ڕازاوەی نالیدا گوتراوە کە ئەوە مەتلەعەکەیەتی:

*"بنواڕە وشکە سۆفی و ڕەقسی بە هەلهەلە*
*دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە"*

تا ئەو شوێنەی کە دەڵێ:

*"شێخم، چ گەرمە حەڵقەیی زیکرت بە ڕەشبەڵەك!*
*حاڵی ئەمانە خۆ بە جەنابت موحەووەلە"*

عوقدە: گرێ. واتە گرێی دڵم بە پشکووتنی گوڵی هەڵاڵە دەکرێتەوە.

لەم مەحاڵەیە: مەحاڵ: ناوچە و شوێن، کە دەبێ نیازی لە بۆکان بێت. بەڵام لە موحاوەرە و قسەی سەر زاری خەڵکی ناوچەکەدا زەرفی زەمانیشە واتە بە واتای کات و دەمیش دێت.

پشکوتنی: من لە کاتی ڕوونووس کردنی شیعرەکەدا، بە دەستەقەسد بە یەك واوم نووسی بۆ ئەوەی کێشی شیعرەکە لە خوێندنەوەدا زۆر قورس نەبێت.

بولبول بخوێنێ: لەنگی لە هەردوو میسراعی فەردەکەدا بەرچاوە. تۆ بڵێی شیعرەکە خۆی ناتەواو هۆنرابێتەوە یان لە پیت چنینی چاپدا وای لێ بەسەر هاتبێت؟
هەر سەتری، گەر وەدەرکەوێ، سەتحی ژیانییە: هەر دێڕێکی گۆڤارەکە ئەگەر چاپ بکرێت، هاوسەتحی ژیانی شاعیر یان ژیان خەڵکەکەیە. ئەوە تێگەیشتنی منە لە میسراعەکە.
نواڵە: نان و ڕزق
لەم کاتە خۆشە: لەم کاتە خۆشەدا، یان لەم کاتی خۆشییەدا.
بۆچی ناکەون: ئەگەر میسراعی دواتری فەردەکەی بەشوێندا نەهاتبایە سووکایەتییەکی تێدا دەردەکەوت بۆ خەڵکانی مورتەجیع. کەوتن، پاڵکەوتن و خەوتن و بە عادەت بۆ ئاژەڵ دەگوەترێت. بەڵام کاتێ میسراعی دووهەمی فەردەکەی بەشوێندا دەخوێنریتەوە، بابەتەکە تەواو دەگۆڕێت و دەبێتە شتێکی تر: بۆچی مورتەجیحان لەو فیکرە هیچ و پووچە ناکەون و دەست هەڵناگرن؟
درێژ: سیفەتێکی دیکەیە بۆ فیکری مورتەجیعان کە لەگەڵ هیچ و پووچ و بەتاڵدا هاتووە و واهەیە بە واتای کۆن و لەمێژین هاتبێت و بیەوێت بڵێت بۆچی دەست لەو بیرە کۆن و قەدیمییە هەڵناگرن کە ئێستا ماوەی بەسەرچووە!
سپی: لام وایە دەبێ وەك سپیی و ڕەش و... بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی کێشی شیعرەکە بپارێزرێت.
پەرچ: مێشە. هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار وەك "مێشە و لێڕی چوغور"ی لێکداوەتەوە.
فیتەفیت: دەنگی فیتوو لێدانی شوان.
هەر قیژەقیژی بێرییە: کلیلی واتاکردنەوەی میسراعەکە و بەگشتی هەموو فەردەکە لە کرداری "بو"دایە و ئەوەی ئایا دەبێ وەك "بۆ" بخوێنرێتەوە یان وەك "بوو"، ئەگەر وا نەبێت میسراعەکە لێك نادرێتەوە. من خۆم وەك "بۆ"ی دەخوێنمەوە و ئەودەم ڕستەکە دەبێتە پرسیاریی: شوان بۆ لەماڵەوەیە؟ واتە بۆ هاتۆتەوە ناو دێ؟ ئەگەر وا بێت قیژەقیژی بێری دەبێ لەبەر ئەوە بێت کە درەنگە، با پەلە بکەم و بگەمە مەڕ دۆشینەکەم، ئەو شوانە نالەبارە بۆچی وا زوو مێگەلی هێنایەوە ناو دێ و لێنەگەڕا خۆم ئامادە بکەم! نەدەکرا درەنگتر بێتەوە؟ جا ئەو پەلە و هەلەیەی بێری لەبەر پێگەیشتن بە ئەرك و کار و زەحمەتی بەردەوامی ڕۆژانەی بووبێت یان بۆ خۆ ڕازاندنەوە و چوونە

بەرچاوی کوڕەلاوی ناو گوند، یان بۆ بەستنی گەڕی هەڵپەڕکێ کە هەندێك جار بێری لەگەڵ یەکتر دەیانبەست و واهەبوو شوانە و چەند لاوی دیکەی گوندیش بە شمشاڵ و گۆرانی و دەست گرتن، لەگەڵیان بکەون.
لەماڵەیە: لە ماڵەوەیە. ئەوەش یەك لە ناتەواوییەکانی شیعرەکەیە کە شاعیر بۆ پاراستنی سەروا و کێش تووشی هاتووە و ئاوای بەیان کردووە.
تەکمیلی وان: تەواو کردن و هەڵەبڕیی شیعرەکانی زرنگ دەدرێتە دەست جەنابت، کە کاکی قزڵجی بیت! ڕستەی 'بە جەنابت حەواڵەیە' واهەیە لە شیعری نالی وەرگیرابێت.

# ڕاپەڕاندن لە خەوی خۆشی بەهاری

دوێشەوێ دڵ ڕاپەڕاندم پێی گوتم هەستە، بەڵان
هەستی خۆت ڕابگرە، تێفکرە، کە دوژمن بەربەڵان
یەعنی زستانی غەمان بۆی دەرچوو، بەفریش چۆتەوە
دێتە گوێم دەنگی کەو و قومرییو باز و بولبولان
پێی گوتم گەر قارەمانی کوردی، ڕۆژی غیرەتە
بیکەوە، زوو کردنەوە پێویستە قەید و موشکیلان
بەستەخۆ و هەستە برۆ بۆ جەبهە، ڕۆژی دوژمنت
تارە وەك زولفی نیگار و تەنگە وەك غونچەی گوڵان
وا کوڕوکاڵ دەورەیان داون، گڕوگاڵێ دەکەن
هەر بە حاڵی وانە ئەوساڵ هێندە دەگری عاسمان
پێنج و دوو ڕۆژێکی ماوە زیندەگی فاشیستەکان
جێی ئەوان با دۆشەگی قوو بێت و جێی مەش بەردەڵان
حەملەیان گەر بۆبەرین، تۆزیان بە عاسمانا دەبەین
جێی مە دەچتە نێو گوڵان و جێی ئەوانیش ژێر گڵان
ئوی "زتنگ" هەر پێشەوامان بەرقەرار بێ دایما
لانەیی فاشیستەکان ڕووخاوە دەچنە ژێر گڵان

بانەمەڕی [١٣٢٥]، مانگی مەی ١٩٤٦
(لە گۆڤاری کوردستان ساڵی ١٩٤٦ وەرگیراوە)

---

ئەم پارچە شیعرە لە هیچکام لە دیوانە چاپکراوەکانی ئاواتدا نابینرێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە لە گۆڤاری کوردستانی ساڵی ١٩٤٦ ی مەهاباد دا چاپ کراوە و دیارە نوسخەی گۆڤارەکە بەدەست ئامادەکاری دیوانەکاندا نەبووە.

من چەندساڵێك پێشتر لە کتێبی "شیعر و بەرهەڵستی و ڕاچەنین لە کوردستانی ئێراندا" نووسراوی مامۆستا مەحموود زامدار چاوم پێی کەوتبوو و لە بەشێك لە وتارەکانی خۆم بە ناوی "بۆکان لە مێژوودا" دەست نیشانم کردبوو. لەم ماوەیەدا کە خەریکی ئامادەکردنی وتارەکان بووم بۆ چاپکردنیان لە شێوازی کتێبدا، چاوم بە یادداشتەکەی خۆم کەوتەوە و گەرامەوە سەر کتێبەکەی مامۆستا زامدار.
لەوێدا دۆزیمەوە ئینجا بەراوردم کرد لەگەڵ گۆڤاری کوردستان (چاپی ناو کتێبی "ڕۆژنامەوانیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتیئ کوردستان، ١٩٤٣ تا ١٩٤٧" نووسینی دوکتۆر هیمداد حوسێن) و پاشان ڕامگواستە ئێرە.
شێوە نووسینەکەی گۆڤاری کوردستان کە شوێنی ڕێنووسی فارسیی زۆر بەسەرەوەیە. مەحموود زامدار شێوەکەی گۆڕیوە و کردوویەتە ئەمڕۆیی و چەند وشەی ناڕوونیشی جگە لە یەکدوانێك، بە باشی ناسیوەتەوە. لێرەدا من لەسەر هەمان ئەو پێودانەی ئەو ڕۆیشتووم بەڵام هەردوو دەقەکەم وشە بە وشە بەرانبەر یەکتر داناوە.
ناوەرۆکی ئەم غەزەلە هەشت فەردییە، سیاسی و لە پەسنی سوپای کورد و کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەمەددایە. ڕێکەوتی چاپ بوونی ژمارە ٤ ی گۆڤارەکە کە ئەم شیعرەی تێدا چاپ کراوە، مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٢٥ و مایسی ١٩٤٦واتە پێنج مانگێك دوای٢ ی ڕێبەندان و دامەزرانی کۆماری کوردستانە، شیعرەکەش دەبێ لە ماوەی ئەو پێنج مانگەدا گوترابێت. فەزای سیاسیی کوردستان لەو قۆناغە و لەو مانگانە تا کۆتایی هاوینیش هەر ئەو ڕۆحیەتەی لە شاعیرانی لایەنگری کۆمار هەڵدەگرت. ئەودەم کورد بە حەماسەتێکی زۆر و بە پشتگەرمییەکی تەواوی سوپای سوور، دەیتوانی بە سەر دوژمنی داگیرکەری خاکەکەیدا بگورێنێت خوازیاری دەرکردنیان بێت. ناو هێنانی "فاشیستەکان"یش لێرەدا ئاماژەیە بە هەمان دوژمن واتە سوپای ئێرانی و خوێنەر نابێ ئەوانی لەگەڵ فاشیستەکانی ئاڵمانیا لێ تێك بچێت کە لەو ساڵانەدا زۆر ناویان لێدەبرا.
غەزەلەکە بە بابەتێکی خەیاڵی واتە خەو دەست پێدەکات و دوای لە خەوهەستان، دڵی شاعیر ئاوای پێدەڵێ: هەست ڕابگرە، و وشیاری دوژمن بە، زستانی غەمان تەواو بووە و ئەگەر تۆش قارەمانی کوردی، ئێستا ڕۆژی غیرەت نواندنە، لاوانی کورد دەورەی دوژمنیان داوە و دۆخێکی شڕی هەیە بە چەشنێك کە هەوری ئاسمانیش بۆی دەگری.

شاعیر پاشان هەندێك دروشمی سیاسی دەدات کە پێشتر و دوای ئەوەش لە شیعرەکانیدا نەبینراوە:
ژیانی فاشیستەکان حەوت ڕۆژێك زیاتری نەماوە و ئەگەر ئێمە هێرشیان بکەینە سەر، تۆزیان بە ئاسمانا دەبەین، جا ئەودەم خۆمان بەختەوەر دەبین و ئەوان لە گۆڕ دەنێین. لە کۆتاییشدا داوای بەرقەرار بوون بۆ پێشەوا قازی محەمەد دەکات و دەڵێ هێلانەی فاشیستەکان ڕووخاوە و ئیتر تەنیا دەتوانن لە سەر چڵەداران بنیشن!
دیالۆگی دوو لایەنەی شاعیر لەگەڵ دڵ و عەقڵی خۆی دەیان جار لە شیعرەکانی ئاواتدا بینراوە و نەك هەر ئەو، بەڵکوو شاعیرانی دیکەی ئەو سەردەمەش بۆ نموونە هەژار و قانع. ئاوات لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت پەیامی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێت بەلام لە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ و لە زمان دڵیەوە.
بەڵان: بەڵام. لە موکریان و ناوچەی گەورکان دەگوترێت.
هەست ڕاگرتن: ئیحتیات کردن و بە هەستیاری جووڵانەوە.
بەربەڵان: نەمزانی چییە. دەکرێ خاوەن دەردو بەڵا و بەڵاهێنەر بێت، بە ئەگەرێکی لاوازیش دەکرێ وەك 'بەربڵا' ن بخوێنرێتەوە و بە بەربڵاوی لێکبدرێتەوە.
زستانی غەمان: تەعبیرێکی جوانە.
قومری: باڵندەیەکە لێرەدا دەبێ پیتی /ی/ بە شەددەوە بخوێنرێتەوە دەنا کێشی شیعرەکە تێکدەچێت.
قەید و موشکیلان: مامۆستا مەحمود زامدار بە هەڵەی نووسیوەتەوە و کردوویەتە موقەیەد موشکیلان کە واتا و کێشەکە هەردوکیانی پێ تێکچووە. دروستەکەی دەبێ ئەوەبێت: "بیکەوە، زوو، کردنەوەی پێویستە قەید وموشکیلان" یاخود قەیدی موشکیلان (بەداخەوە چاپی گۆڤارەکە ئەو شوێنەی تەواو ڕوون نییە). بەڵام واتاکەی دەبێتە بانگەوازێك بۆ یەکیەتی ڕیزەکانی گەل و ئەوەی کە ئەگەر پێکەوەبین خێرایەك دەبێ گرێی گرفتەکانمان بکەینەوە.
بەستە خۆ: لە خۆتی ببەستە، دیارە دەبێ چەك و فیشەکدان بێت.
کوڕ وکاڵ: کاڵ لەفزی موهمەلە و هەمان واتای کوڕ دەبەخشێت، بە سەرجەم دەبێتە لاوان.
گڕوگاڵ کردن: هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار بە "گاڵ و بوغ" ی واتا کردۆتەوە و بۆ "گاڵ"یش گوتوویەتی "بە هەرا وهوریا ڕاونان". واتە دوژمن بە هەرا وهوریا کردن

ڕاوبنێن. مەحموود زامدار وەك "گڕوگاڵێ" ی نووسیوەتەوە گەرچی دوور نییە بتوانین لە شێوەی "گڕوگاڵی دەکەن"یشدا بیخوێنینەوە.
ئەو ساڵ هێندە دەگری ئاسمان: دەبێ ئەو ساڵە بارانێکی زۆرباریبێت و ئاماژەی شاعیریش بەو بارانە زۆرەیە.
پێنج ودوو ڕۆژ: حەوت ڕۆژ، ماوەیەکی کەم.
زیندەگی: لە دەقەکەدا وەك زیندیگی هاتووە.
دۆشەگی قوو: دۆشەگێك لە پەڕی قوو دوروا بێت. لە ئوروپا لای سەرەوەی پەڕی قوو و قاز دەکرێنە ناو لێفەوە. نەمزانیوە دۆشەگ لە پەری قوو دروست بکرێت باوەکوو نەگونجاویش نییە. بەڵام هەرچییەك بێت ئاماژەیە بە جێ نوێنی ئاسوودە و نەرم کە بۆ دەوڵەمەند و خاوەن دەسەڵاتانە.
بەردەڵان: پێچەوانەکەیەتی، شوێنی ڕەق و خەو ناخۆش.
عاسمان: کاك مەحموود ئەم وشەیەی لە فەردی پێنجەمدا وەك ئاسمان و لە فەردی حەوتەمدا وەك عاسمان نووسیوەتەوە. بەڵام لە دەقی گۆڤارەکەدا هەردوکیان وەك عاسمان نووسراون و دیارە خەڵکی ناوچەی ژیانی ئاواتیش هەر بە عاسمان ناوی دەبەن. ئاسمان شێوە فارسییەکەیەتی و لە ماوەی شەست حەفتاساڵی ڕابردوودا هاتۆتە موکریان.
تۆز بە عاسماندا بردن: دەرکردن، فەوتاندن و نەهێشتن.
دەبەین: ئێمە وەك گەلی کورد دەیبەین، تۆزی دوژمن بە عاسماندا دەبەین بەو مەرجەی هێرشیان بکەینەسەر. زامدار بە هەڵە، وەك 'دەبەن' تۆمای کردووە.
جێی مە: جێگەی ئێمە. ئەودەم کە هێرشمان کردنە سەر و تۆزیان بە باداچوو، ئێمە لەسەر پەڕەی گوڵ واتە لە ناز و نیعمەتدا دەژین و ئەوان لەگۆڕ دەنێین.
ئەی زرنگك!: زرنگ نازناوی کۆمەڵەی ژێکافی ئاواتە و لە هەندێك شوێندا وەك زرینگ نووسراوە. دیارە لە ناوچەی ژیانی شاعیردا هەر زرینگ دەگوترێت. مەگەر وای بۆ بچین کە دانانی نازناوی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف هاوکاریکردنی برادەرانی کوردی باشووری کوردستانیشی لەسەر بووبێت کە لەوێ بەو شێوەیە دەنووسرێت. ئەگەری دووهەمیش کە وێچووترە ئەوەیە شێوازی فارسیی وشەکەیان ڕەچاو کردبێت کە وەك 'زرنگ' دەنووسرێت و وەك 'زەرەنگ'یش دەخوێنرێتەوە.

پێشەوامان: بێگومان پێشەوا قازی محەمەدە. شاعیرانی دیکەی سەردەمیش لە پەسنی پێشەوادا شیعریان گوتووە.
لانەیی فاشیستەکان: هێلانەی فاشیستەکانی حکوومەتی ئێران لێرەدا کوردستان بووە کە لێیان تێکچووە و ئێستا دەبێ برۆن و هەرکام لێرەولەوێ شوێنێکی حاوانەوە بۆخۆیان بدۆزنەوە. وەك گوتم ئەم لەفزی فاشیستە لە هیچ شیعرێکی دیکەی ئاواتدا نەهاتووە. کاك مەحموود زامدار هەردوکجارەکە وشەی 'فاشیست'ی ناو گۆڤارەکەی وەك 'فاشست' نووسیوەتەوە.
سەرچڵان: سەر لقی داران.

سەرچاوەکانی شیعرەکە:
مەحمود زامدار، "شیعر و بەرهەڵستی و ڕاچەنین لە کوردستانی ئێراندا"، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٨٩[؟]، کوردی، ٢١٥ لاپەڕە (لاپەڕە ٧٥ی کتێبەکە).
د. هیمداد حوسێن، "ڕۆژنامەوانیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتیێ کوردستان، ١٩٤٣ تا ١٩٤٧"، چاپی یەکەم، دەزگای چاپەمەنی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨، لاپەڕە ٥٠٩، کوردی. (چاپکردنەوەی هەموو ژمارەکانی گۆڤاری کوردستانی چاپی مەهاباد، ژمارە ٤، ساڵی یەکەم، مانگی بانەمەڕ، مە ١٩٤٦، لاپەڕە ٣٥ ی گۆڤارەکە).

# مەولوودی

به دڵێکی خاوێن مەولوودی دەکەم
پڕ به دڵ شادی و خۆشنوودی دەکەم
ئەوشۆ دوازدەیە، شەوی وەلادەت
وەلادەتی ئەو خەتمی ڕەسالەت
ئەو زاتە مانگی هەر بە ئیشارە
لە ئاسمانیڕا کرد پارەپارە
دوو لەت جویێ بۆوە، هاتنە خوارەوە
چوونە باغەڵی ئەو سەردارەوە
هاتنەوە دەرێ لە هەر دوو قۆڵی
بە دەستوبرد و بە توندوتۆڵی
چوونەوە ئاسمان یەکیان گرتەوە
بوونەوە دیسان بە چاردە شەوە
نابێ مۆجزەی گەورەتر لەوە
یانی ڕووناکی و تاریکی بەوە
ئەو هاتە دونیا، تاریکی لاچوو
چرا هەڵکرا، زوڵمەت بۆی دەرچوو
مەلەك لە فەلەك هاتنە سەر زەمین
بۆ پەزیرایی موحەممەدئەمین
میوەی بەهەشتیان هێنا بە دیاری
بۆ شادییانەی مەحبووبی باری
هەیهەی لەو شەوە، ڕۆژی بە قوربان!
سەد مانگی تابان هەڵات لە خۆشیان

له حەوش و حەسار، له دەرك و له بان
چەپڵەڕێزان بوو، بوو به چراخان
یاخوا بەخێر بێی شای به تەدارەك!
قەدەمت بەخێرا! مەنزڵ موبارەك![173]
گیان با کێشکچی دەرکی حەوشت بێ
ڕوحیش به قوربان ژێری کەوشت بێ[174]
فەڕشی حاتەمی تایی هەڵگیرا
دەرگای سەخای وی به جارێ بەسرا
قەترێك له دەریای سەخای تۆ بەسه
بۆ هەر زیڕوحێ، بۆ هەرچی کەسه[175]
شادی و سروور و فەخر و موباهات
حەسەنات، خێرات، ئاوات وەدیهات[176]
وەك سەگان کەوتین لەبەر دەرگاکەت
چاوەڕێی لوقمەی خوانه یەغماکەت
"کامیل"! نۆرەته له دەرك وبانی
خۆت باش حازرکه بۆ پاسەوانی

گەردیگلان،١٣٢٨ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٦٠ و ١٦١ ی چاپی ئەنیسی و ٢٩٧ و ٢٩٨ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکه له هەردوو چاپدا وەك یەکه. له بەشی 'مەسنەوییەکان' ی هەردوو دیوانەکەدا هاتووە. شیعرێکی ئایینییه له پەسنی پێغەمبەری ئیسلامدا و له تەمەنی ٤٤ساڵیی شاعیردا به بۆنەی ڕۆژی له دایکبوونی ئەوەوە (جەژنی مەولوود) گوتراوە.

---

[173] چاپی جەعفەر: مەبارەك
[174] چاپی جەعفەر: ڕۆحیش
[175] چاپی جەعفەر: زیڕۆحێ
[176] چاپی ئەنیسی وشەی 'ئاوات'ی خستۆنه ناو دوو کەوانوکەوە وەك ئەوەی ناسناوی شاعیر بێت. من لام وا نییه وشەکه لێرەدا بەو واتایه هاتبێت هەربۆیەش شێوازی چاپی جەعفەرم ڕەچاو کرد و نەمخسته ناو کەوانووکەوە.

ویدەچێ شیعرەکە بۆ ئەوە گوترابێت کە لە شەوی جەژنی مەولوود دا بخوێنرێتەوە. ئەو کارە لەگەڵ بڕوای ئایینی ئاواتدا یەك دەگرێتەوە.

خاڵێکی دیکەش لەو پەیوەندییەدا هەیە دەبێ بگوترێت. بەعادەت شیعر و دۆعا و پاڕانەوە و پێداهەڵگوتن لەو ڕێ و ڕەسمەدا بە عەرەبییە، بۆ نموونە شیعری

"مولای سلم و دائما آبدا

علی حبیبی کخیرالخلق کلهم"

کە فەقێ و مەلای کورد لە سەر هەوای گۆرانی

"هاتەوە با بێتەوە یارم لە حەمامەوە

دەم بە قاقای پێکەنین، دەست بە سەتڵ و جامەوە"

دەیڵێن. جا گرنگیی کاری ئەو شیعرە کوردییەی ئاوات ئەوەیە فەزای زمانی عەرەبی ناو دانیشتنەکە دەگۆڕێت و دەیکاتە کوردی.

شیعرێکی ساکار و بێ گرێ وگۆڵە. ئاماژەی بە هەندێك 'موعجیزە'ی پێغەمبەر کردووە کە بۆ ئیماندارانی موسوڵمان واهەیە جێگەی پەسند بێت و بڕوای پێ بکەن بەڵام لەدەرەوەی ئەو باوەڕەدا گەلێك جێگەی گومانن: شەق بوونی مانگ و هاتنی دوو لەتەکەی بۆ ناو کراسی پێغەمبەر و پاشان لە قۆڵی ئەو هاتنە دەر و چوونەوە بۆ ئاسمان و بوونەوە بە مانگی شەوی چاردە، ئەمڕۆ هیچ عەقڵێك وەریناگرێت، بە جەزمییەتی ئایینی نەبێت.

مەولوودی: ڕێ و ڕەسمێکە لە مانگی 'ربیع الاول' ی هەموو ساڵێکدا هەندێك خەڵکی دەوڵەمەند و نیوەدەوڵەمەندی موسوڵمان بەڕێوەی دەبەن.خەڵك بانگ دەکەنە ماڵی خۆیان و لەسەر خوانیان دادەنێن، لەعەینی کاتدا هەندێك فەقی و مەلا بە دەنگی خۆش 'مەولوودنامە' دەخوێنن، کە شتێکە لە چەشنی ئەم شیعرە و لە پەسنی پێغەمبەری ئیسلامدایە.

بە دڵێکی خاوێن: ئاماژەیە بەو ڕاستییەی کە دەگوترێ کەسێك کە مەولوودی دەکات دەبێ بە ڕەزامەندی و لە سەر خواستی خۆی بیکات، نەك مەجبوور بە کارەکە بکرێت.

خۆشنوودی: شادی و ڕەزامەندی بۆ ئەنجام بوونی کارێك؛ فارسییە.

دوازدە: نیاز ڕۆژی ١٢ ی مانگی 'ربیع الاول'ە کە موسوڵمانانی سوننە بە ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری دەزانن، بەڵام موسوڵمانانی شیعە ڕۆژی ١٧ ی هەمان مانگ بە ڕۆژی مەولود دادەنێن.

له ئاسمانێرا: واته ئیشارەیەکی دەستی پێغەمبەر مانگی له ئاسمان لەتوکوت کرد و هنایه خوارەوە.
دەست وبرد: خێرا
توند وتۆڵی: چابوکی و ئازایی
مۆجزە: معجزەی عەرەبییە، کوردێنراوە.
ڕووناکی و تاریکی...: به گوێرەی ئەم فەردە، ڕووناکی و تاریکیی ڕۆژ و شەو به دەست پێغەمبەری ئیسلامە.
مەلەك: مەلائیکە، فریشتەی ئاسمان به گوێرەی باوەڕی ئیسلامی.
پەزیرایی: میوانداریەتی کردن. خواردن و خواردنەوە پێشکەش به میوانان کردن؛ فارسییە.
میوەی بەهەشت: وابزانم نیاز هەنار بێت(به عەرەبی، روممان).
باری: باریتەعالا، خودا
هەی هەی!...: لەفزی شادی و تەحسینیە. واته ئەو شەوە هێندە گرنگ و پیرۆزە که ڕۆژ دەبێ بکرێتە قوربانی ئەو.
تەدارەك: لام وایە به کوردیکراوی 'تدارك' ی عەرەبی بێت به واتای ئامادەیی دروست کردن بۆ ئەنجامی کارێك.
فەڕشی...: فەڕشی کەسێك هەڵگیران کینایەیە له پێچرانەوە و نەمانی ئەو شتە.
سەخا: بەخشندەیی
'هەڵگیرا' و 'بەسرا': وێناچێت سەروایەکی باش بن بۆ ئەم فەردە. ئەوە ناتەواوییەکی تەکنیکییە و شیعرەکە دەکاتە نەزم.
زیرِوح: خاوەن ڕۆح، زیندوو. من ڕوح و زیرِوحم پێ باشتر بوون که له دیوانی چاپی ئەنیسیدا بوون، تا ڕۆح و زیرِۆحی چاپی جەعفەر. له ڕاستیدا کەس له ناوچەی ژیانی ئاواتدا ئەو وشەیەی به شێوەی ڕۆح بەیان نەکردووە و تەنیا گوتوویانە روح/ ڕووح، بەڵام له باشووری کوردستان وەهایە.
موباهات: شانازی کردن، شانازی به شتێکەوە کردن.
حەسەنات: کۆی کاری خێر
ئاوات وەدیهات: به بۆچوونی من شاعیر دەیەوێت بڵێ ئاواتی موسوڵمانان ئەوە بوو پێغەمبەر لەدایك ببێت، کاتێك که لەدایك بوو، ئاواتیش وەدی هات. لێرەدا پەیوەندێك

لە نێوان ئەو وشەیە و ناسناوی شاعیر نابینم و لام وانییە پێویست بێت وشەکە بخرێتە ناو دوو کەوانووکەوە، وەك لە چاپی ئەنیسیدا خراوە.

وەك سەگان...: ئیمانداران‌ی موسوڵمان لە بەرانبەر پێغەمبەر و ئیمامەکاندا خۆیان زۆر بچووك دەکەنەوە و هەندێك جار دەبنە سەگی بەردەرگانەیان. فیلمێك لە سەر یوتیووب هەیە کە زیارەتکەرانی کەربەلا بە چوار دەست و پێ و لەکاتێکدا وەك سەگ دەوەڕن، دەچنە ناو ژووری مەزارگەی ئیمام حوسەین.

لوقمە: پاروو؛ کینایە لە هەموو چەشنە خواردەمەنییەکە.

خوانی یەغما: یەغما بریتییە لە شتی بە تاڵان دەست کەوتوو. 'خوان یغما' بریتییە لە سفرەیەکی خواردەمەنی کە بە بێ زەحمەت دەست کەوتبێت.

پاسەوانی: ئەم پاسەوانی کردنە لە درێژەی فەردی پێشتردایە کە دەیگوت "وەك سەگان کەوتین لەبەر دەرگاکەت".

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

متقارب مثمن اثلم «هجایی»: فعلن فعولن// فعلن فعولن

# ساقی نەیە نابێ

هەتا کەی عاشقی بێچارە چاوی هەر لە دەرگا بێ؟
بڵێ 'بەشکم وەدەر بێ ڕۆژی عاشق'، جا بڵێی وابێ؟[١٧٧]
بە سارد و گەرمی مەیلی یاری خۆم من ڕامبوارد عومرێ[١٧٨]
لە لای من بایی پوولێکە، چ سەرما بێ، چ گەرما بێ[١٧٩]
بەرامبەر شەمعی ڕووی دڵداری من، با پێت بڵێم چۆنە
کەسی عاشق دەبێ پیاوانە وەك پەروانە سووتابێ[١٨٠]
هەژار و دەربەدەر بۆ کۆیی دڵبەر سەر دەبا پێ بێ[١٨١]
بە سەر با بێمە دەرکوبانی وی، تا هێزی پێ مابێ
موهەییا نابێ بەزمی عارفان، پیری موغان فەرمووی
هەزار عاشق وەخڕبن، تاوەکوو ساقی نەیێ نابێ
بە نەزم و نەسری خۆم هەر ڕێزی لێ دەگرم هەتا دەمرم
لە پیری مەیکەدە، بەشکم بفەرمێ پیاڵەیێ با بێ[١٨٢]
"ئیمامی" ماڵخراپ، چاوی لە دەستی ساقییە، تاکوو[١٨٣]
بە خۆی و پیاڵەکەی بێتە پەنام و ماڵی ئاوا بێ

گەردیگلان، ١٣٢٨ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢١ و ٢٢ ی چاپی ئەنیسی و ٢٣١ ی چاپی جەعفەر)

---

١٧٧ چاپی ئەنیسی: بڵێی؛ چاپی جەعفەر: بەشکەم
١٧٨ چاپی ئەنیسی: ڕامپوارد. (دەبێ هەڵەی تایپ بێت).
١٧٩ چاپی ئەنیسی: پولێکە
١٨٠ چاپی ئەنیسی و جەعفەر: کەسێ؛ چاپی ئەنیسی: سوتا
١٨١ چاپی ئەنیسی: کویێ (دەبێ هەڵەی تایپ بێت)
١٨٢ چاپی ئەنیسی: پیاڵەیە با، بێ
١٨٣ چاپی ئەنیسی: ساقی یە

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'بەزمی عارفان'ە و هەردوکیان لە فەردی پێنجەمی غەزەلەکە (موهەییا نابێ...) وەرگیراون کە شابەیتی غەزەلەکەیە و لە هەموو فەردەکانیتر جوانترە، بە تایبەت ئەگەر بە شیعرێکی عیرفانی بزانین کە من وای دەبینم، و ئەوەش بزانین کە ساقی بۆ عارفان بریتییە لە "واسیتەی فەیزی خودایی"، ئەودەم واتایەکی بەرزتر لە میسراعی دووهەم وەردەگرین کە دەڵێ هەوڵ و خۆماندووکردن لە پێناو گەیشتن بە ئەسڵ و 'فنا فی الله' بوون کارێکی بێخود و بێ سوودە و بۆ ئەم گەیشتنە، پێویستە ساقی (کە پیری دەستگیرە) و هەر ئەویش واسیتەی هێنانی فەیزی ئیلاهییە، لەناو مەجلیسدا 'حوزوور'ی هەبێت. هەر بۆیەشە سالیکانی ڕێبازی تەریقەت دەبێ هەمیشە دەست بە داوێنی 'پیر' یان 'مورشید'ێك بن. کاتێ هەموو ئەوانە دەگرینە بەرچاو، ئەودەم گرنگایەتی ئەو فەردە تایبەتەمان بۆ دەردەکەوێت.

ئەم غەزەلەی ئاوات، غەزەلێکی نالیمان وەبیر دێنێتەوە:

*"لە وەصڵی تۆ زیاتر خەوفناکم، نەك لە هیجرانت*
*بە میثلی شەمع و پەروانە، بەڵێ عاشق دەبێ وابێ!"*

بڵێ: چاپی ئەنیسی بە شێوەی "بڵێی" نووسیوە، بەڵام من لام وایە هەڵەیە و لەگەڵ واتای فەردەکەدا نایەتەوە کە بە گوێرەی ئەو، شاعیر دەپرسێت عاشقی بێچارە دەبێ هەتاکەی چاوی لە دەرگا بێت بۆ ئەوەی یارەکەی بێتە ژوورەوە و هەمیشە ئەو پرسیارەشی لەبەردەم دانرابێت کە بڵێی ڕۆژی عاشق وەدەرکەوێت؟ بڵێی وابێ؟

بەشکم: بەشقم، بەڵکوو. لە چاپی جەعفەردا وەك بەشکەم نووسراوە کە هی زاراوەی مەهاباد و دەوروبەریەتی.

ڕامبوارد: ژیانم تێپەڕ کرد.

بایی پوولێکە: بێ نرخە، بایەخی نییە. لە باشووری کوردستان دەڵێن "بایی پوولێکە" (بە پیتی /ل/ نەك /ڵ/)

کەسی: لە هەردوو چاپدا وەك کەسێ نووسراوە بەڵام من وای نابینم و لام وایە دەبێ 'کەسی' بێت و بگوترێت: "کەسی عاشق دەبێ پیاوانە وەك پەروانە سووتابێ". دیارە جیاوازییەکان کەمن و بەهەردووباردا هەمان ئاکام وەردەگیرێت بەڵام ڕستەیەك کە ئەم میسراعەی پێ دروست کراوە لە حاڵەتی 'کەسێ'دا هەندێك دەشێوێت.

کۆی دڵبەر: گەڕەکی یار، ئەو شوێنەی وا دڵبەری شاعیری لێیە. ئەم تەعبیرە لە شیعری کلاسیکی فارسیدا سەدان جار بینراوە.

سەر دەبا پێ بێ: با سەر[ی من] بۆچوونە گەڕەکی ماڵی دڵبەرم ببێت بە پێ. سەر بە پێ بوون، واتە بە سەر ڕۆیشتن، واتە کارێك بە شەوق و زەوقەوە بۆی بچی و بیکەیت.

بەسەر بابێمە...: هەمان تەعبیر و هەمان شێوە بەیانە.

دەرك وبان: بەر دەرگا و دەوروبەری ماڵ. واهەیە پێکەوە هێنانی ئەو دوو چەمکە لە زمانی کوردیدا نیشانەی ئەوە بێت کە خانووبەرە و کۆڵانی سوننەتیی کورد سەربانی تەختی ماڵەکانی بەیەکەوە نووساون و بە بەرز ونزمییەکەوە گونجاوە لە سەر سەربانی ماڵێکەوە پەیوەندی بە پەنجەرەی ماڵێکی سەرەوەی خۆی بگیرێت یان لە ڕێگەی کلاوڕۆچنەی سەربانی مۆبەقەوە قسە لەگەڵ خەڵکی ماڵەکە بکرێت (نموونەکەی، 'هەلاوە مەلاوە'ی قەدیم بوو کە زوربەی کات لە ڕێگەی داهێشتنی گوریس یان پشتێن لەهەمان کلاوڕۆچنەوە بەڕێوەدەچوو، نەك لە دەرگای ماڵەکانەوە).

وی: ئەو

پێ بێ: جیناسێکی ناتەواویان پێ دروست کراوە. دواتریش 'پێ مابێ' هاتووە کە ئەویش هەر جیناسی ناتەواوە.

موهەییا: ئامادە

پیری موغان: ڕێبەری کامیلی ڕۆحانی؛ کەسێکی زانا و خاوەن ئەزموون و ڕێگا ناس و ڕێنوێنی ڕێگانەناسان. پیری موغان لە سۆفیایەتیدا مورشید و دەستگیرە. لە شیعری حافزی شیرازیدا "پیرمغان" و "پیردیر" زۆر هاتوووە.

ساقی: مەیگێڕ. لە سۆفیایەتیدا هەمان پیری دەستگیرە. واتە مورید (کە لێرەدا 'عاشق'ە)، بە بێ پیر و مورشید (کە لێرەدا 'ساقی'یە)، ناتوانێت لە خوا نزیك ببێتەوە. پیر دەبێ ڕێبازی ئەو نزیك بوونەوەیە وچۆنیەتی بڕینی ڕێگای پیشان بدات.

ڕێزی لێدەگرم: ئەم تەعبیرە لە فەردێکی مەحوییدا بەم شێوەیە هاتووە:

*"لەسەرخۆچوونە، شەیدابوونە، قوڕپێوانە، سووتانە*
*هەتا مردن، مەحەببەت ئێشی زۆرە، ڕێزی لێ دەگرم"*

پیری مەیکەدە: هەمان پیری موغانە کە لە سەرەوەتر ئاماژەی پێکرا.

پیالەی پیری مەیکەدە: ڕێنوێنییەکی پیری دەستگیر

بەشکم: بەڵکوو

ئیمامی ماڵ خراپ: ئیمامی سەرلێشێواوی ڕێگانەناس چاوەڕێی دەستی ساقی (پیری دەستگیر)ە بەڵکوو ڕێنومایی بکات و پێی بڵێت چی بکات. ئەگەر هات و کەرەمێکی وای لەگەڵ کرد، ئەوا ماڵی ئاوا بێت!

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

# دەخولێمەوە

هەروا بە داخی خونچەوە دەخولێمەوە لە باغ[١٨٤]
هەرواش، کەچی، بە داخەوە نەمدی لەوی سوراغ[١٨٥]
لالەم دەدی لە باغ وەکوو ساقی لە مەجلیسا
دێت و دەچێ بە باوە، بە دەستی هەبوو ئەیاغ
چاوی ڕوابوو نێرگسی بێچارە بۆ گوڵێ[١٨٦]
ئێشا دڵی کە خونچەگوڵی[١٨٧] جەرگی کردبوو داغ[١٨٨]
شەوبۆ و هەڵاڵە، لالە و نەسرین لە ڕۆژپەڕا[١٨٩]
جوان بوون لە گوڵشەنا، هەموو بووبوون بە شەوچراغ
تۆرا، لە باغ و گوڵشەن "ئیمامی" وەدەرکەوت
ڕووی کردە چۆڵ و بەندەن و سارا و شاخ و داغ

گەردیگلان، ١٣٢٨ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩٠ ی چاپی ئەنیسی و ٩٧ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لەچاپی ئەنیسیدا "تۆران"ە و لە فەردی یەکەمی شیعرەکە وەرگیراوە. من عینوانی چاپی ئەنیسیم پێ جوانترە کە لە فەردی پێنجەم وەرگیراوە.

---

184 زەمانی کردارەکانی ناو شیعرەکە هەمووی ڕابردوون. تۆ بڵێی شاعیر کرداری 'دەخولێمەوە'شی لە ڕابردوودا و وەك 'دەخولامەوە' نەنووسیبێت و نوسخەهەڵگرەکان لێیان نەکردبێتە 'دەخولێمەوە'؟
185 هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەر: سۆراغ
١٨٦. چاپی ئەنیسی و جەعفەر: گوڵی
١٨٧. چاپی ئەنیسی: خونچە گوڵێ
١٨٨. چاپی ئەنیسی: کربوو
١٨٩. چاپی جەعفەر: لالە وو نەسرین

با سەیرێکی فەردەکانی ئەم غەزەلە بکەین. شیعرەکە بە گوێرەی دابەش کردنی باو، غەزەلە و "قەتعە" نییە، غەزەل دەتوانێت پێنج فەردیش بێت:

فەردی یەکەم

لە فەردی مەتلەعدا شاعیر باسی خۆی و خولانەوەی بەردەوامی بە داخ و حەسرەتی خونچەوە دەکات و دەڵێ بە داخەوە سۆراغی ونبووەکەی خۆم بۆ هەڵناگیرێت واتە نایبینمەوە. شاعیر وشەی 'داخ' ی لە دوو واتای جیاوازدا هێناوە و بەم کارە، سەنعەتی ئیهامی لێ دروست کردوون. داخی یەکەم هەمان 'داغ' ە بە واتای چزان [190] و داخی دووهەم حەسرەتە. سەنعەتێکی دیکەی بەدیعی لەم فەردەدا مۆسیقای دەروونیی ناو پیتەکان هەیە کە لە سێ وشەدا بە پیتی /خ/ دروست کراوە: داخ، خونچە و دەخولێمەوە؛ هەروەها دوو وشەی 'باغ' و 'سوراغ' یش باوەکوو پیتی /خ/ یان تێدا نییە، بەڵام زرینگانەوەی دەنگی /غ/ یان لە گوێچکەی خوێنەردا، لە دەنگی 'خ/ دەچێت و دەتوانرێت وەك ئەو حیسابیان بۆ بکرێت.

ئەنیسی و جەعفەر وشەی 'سوراغ' ی فارسییان لە شێوە کوردییەکەیدا هێناوە و بە واوی مەعدوولە نووسیویانە کە بۆتە 'سۆراغ'. ئەم کارە لە باری واتاوە باشە، بەڵام شیعرەکە تووشی لەنگی دەکات و من خۆی لێ دەپارێزم. بە ئەگەری زۆر لام وایە شاعیر خۆی لە بیچمی 'سوراغ' ی فارسیدا هێناویەتی.

وی: ئەو

شاعیر بە داخ و حەسرەتەوە دەڵێ گەرچی بە باغدا گەڕاوم و خولاومەتەوە بەڵام نەمتوانیوە سۆراغی ئەو بکەم. ئەو، دڵدارەکەی شاعیرە و دەکرێ حەقیقی یان مەجازی بێت. لە ساڵی گوترانی شیعرەکەدا ئیمامی ٤٨ ساڵان بووە.

فەردی دووهەم

شوبهاندنی لالە بە جامی شەڕاب دیاردەیەکی تازە نییە و لە شیعری کوردی و فارسیدا زۆرجار بینراوە. بەڵام کردنی هەر ئەو جامە بە ساقی و بە تایبەت هاتن و چوونی بە دەم باوە، گەلێك تازەیە. لەو هات وچۆیەدا ساقی ئەیاغ دێنێ و دەیداتە دەست مەینۆشەکان. خواردنەوەی ئەیاغ یان 'دوڕد' کە خڵتەی شەڕابە، لە عیرفاندا بە واتای ئیخلاس و لەخۆبووردووییە؛ کەسی خۆ خۆشەویست کە هەموو شتێکی چاکی بۆ خۆی بوێت، 'دوڕدی کەش' واتە خڵتە خۆر نابێت و لێناگەڕێت هاوڕێکانی شەڕابی

[190] . داغ، چزانە بە ئاسنی سوورەوە بوو (هەنبانە بۆرینە).

ساف بخۆنەوە و خڵتەکەی بدرێت بەو! ئاوات باوەکوو شەڕابخۆر نەبوو، بەڵام لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا 'دوڕدی کەش' و لەخۆبووردوو بوو و خۆی وەپێش خەڵك نەدەدا. ئەیاغ لێرەدا پاشماوە و خڵتەیە، و دیارە دەبێ خڵتەی شەڕاب بێت لەبەر ئەوەی شاعیر پێشتر لە ساقی و لالە[ی وەك جام] دواوە و جامی دەستی ساقیش چ نییە جگە لە جامی مەی.

فەردی سێهەم

سیفەتی ڕوان و شین بوون بۆ چاو، کاتێك واتا پەیدا دەکات کە چاوی گوڵی نێرگس بێت. چاوی ڕوابوو واتە چاوەڕوان بوو.

فەردەکە لەبەر دوو هۆکار هەندێك نامۆ دەنوێنێت:

یەکەم، ئەوەی ئایا ڕووی قسەی شاعیر لەکێیە و بەرکاری ڕستەکە کێیە؟ چاوی نێرگس بۆ کێ ڕوابوو؟ بۆ گوڵێك؟ خۆ نێرگس خۆی گوڵە؛ گوڵ بۆچی چاوەڕوانی گوڵێکە؟ گوڵ عاشقی گوڵە؟ ئەوە لە نەریتی ئەدەبی کوردیدا هەندێك بێگانە دەنوێنێت. ئەوەی چاوەڕوانی گوڵ بێت، بەعادەت بولبولە نەك گوڵێکی دیکە! تۆ بڵێی لە ئەسڵدا لە جیاتی نێرگسی بێچارە، بولبولی بێچارە نەبووبێت؟ ئەگەر وابێت، ئەودەم چی لە چاوی یار بکەین کە بە گوێرەی نەریتی ئەدەبمان، بە نێرگس دەشوبهێنرێت؟ چارەسەری ئەو گرفتە هاسان نانوێنێت.

دووهەم هۆکار، سیغە ڕێزمانییەکەی 'گوڵی' و 'گوڵێ' یە، واتە ئەوەی وا لە عەرەبیدا پێیان دەگوترێ مەعریفە و نەکەرە و لە کوردیدا ناسراو و نەناسراویان پێدەڵێن. گوڵی (گوڵ + ی) بە واتای گوڵی ئەو، مەعریفەیە و گوڵێکی دیاری کراوە لەکاتێکدا گوڵێ (گوڵ + ێ) واتە گوڵێك، نەکەرەیە و دەتوانێ هەموو گوڵێك بێت. بە بۆچوونی من لە نووسینی ئەو دوو وشەیەدا ئەنیسی وجەعفەر هەڵەیان کردووە. شاعیر ویستوویەتی بڵێ نێرگسی بێچارە چاوەوانی گوڵێك بوو و کاتێ ئەو خونچە گوڵە تایبەتە نەکرایەوە، جەرگی داغ بوو. بەم پێیە، گوڵی یەکەم خونچە گوڵێکی تایبەتە کە بکەری ڕستەکە (نێرگس یان بولبول)، چاوەڕوانی کرانەوەیەتی و دەبێ وەك "گوڵێ" بنووسرێت. کاتێکیش کە خونچە گوڵەکە ناکرێتەوە، ئەویندار (نێرگس یان بولبول) دڵی دێشێت و جەرگی داغ دەبێت. بە کورتی، من پێموایە شیعرەکە بەم شێوەیە بنووسرێتەوە باشترە:

*چاوی ڕوابوو نێرگسی بێچارە بۆ گوڵێ*

*ئێشا دڵی کە خونچەگوڵی جەرگی کردبوو داغ*[191]
دوور نییە بیر لەوەش بکرێتەوە کە گوڵی یەکەم وەك 'گوڵێی' (بە دوو /واو/) بنووسرێت و بگوترێت نێرگسی بێچارە چاوەڕوانی بەگوڵ بوون واتە پشکووتن بوو بەڵام کاتێ کە خونچە نەکرایەوە و نەبوو بە گوڵ، ئیتر دڵی هاتە ئێش.
مەسەلەی دواتری ئەم فەردە، کرداری 'کردبوو' (ی چاپی جەعفەر)ە، کە لەگەڵ 'کربوو' (ی چاپی ئەنیسی) سووکە جیاوازییەکی هەیە. دەکرێ پێمان وابێت پیتی /د/ ی ڕستەکە لە چاپی ئەنیسیدا کەوتووە و بە هەڵەیەکی چاپی، نەنووسراوە. بەڵام دەشکرێ بڵێین ئەوە چەشنایەتییەکی دیکەی کردارەکەیە و واهەیە هەندێك خەڵکی ناوچە ئەو پیتی دالە قووت بدەن و نەیڵێن. لە لایەکی دیکەشەوە شاعیران بە گشتی وەك نووسەری ئاسایی نانووسن و دەتوانن وشە و ڕستە تێك بدەن و بیشێوێنن و بیگۆڕن. شیعر وەك قسەی ئاسایی نییە. شاعیرانی گەورەی هەموو زمانێك وشە و ڕستەیان وەك هەویر بە دەستەوە گرتووە و شێلاویانە و بە گوێرەی پێویست ئەملا وئەولایان پێکردووە، بەڵام کارەکەیان زانایانە و مامۆستایانە بەرێوە بردووە نەك بە سەرچڵی. ئەگەر ئاوات بە ئیرادە و خواستی خۆی ئەم کارەی کردبێت، باشترە دەست لە کاری وەرنەدەین و وەك خۆی بینووسینەوە.
ئەو کێشەیە بە هەرلایەکدا بخرێت، دیسان زەمانی کرداری 'ئێشا' لەگەڵ کردارەکەی دوای خۆی ('کردبوو' یان 'کربوو') یەك ناگرێتەوە و جوانتری دەنواند ئەگەر هەردوکیان لە زەمانی ئێستا یان هەردوکیان لە ڕابردوودا بنووسرایەن، بەڵام ئەوەش کاری خوێنەر نییە و دەبێ لێبگەڕێین و کارەکە بۆ شاعیر بەجێ بهێڵین.

---

[191] ئەگەر شیعرەکە بەم شێوەیەی چاپی ئەنیسی بنووسینەوە:
چاوی ڕوابوو نێرگسی بێچارە بۆ گوڵی
ئێشا دڵی کە خونچەگوڵێ جەرگی کردبوو داغ
ئەودەم نێرگسی بێچارە چاوەڕوانی گوڵەکەی خۆیەتی ئەی چۆن دەبێ گوڵێ، واتە گوڵێکی دیکە جەرگی داغ بکات؟ عاشق ئەگەر چاوی و بیری و هەستی لای کەسێکی دیکە، جگە لە گراوییەکەی بێت، عاشق نییە و ڕاست ناکات. ئەگەریش بە شێوەی چاپی جەعفەری بنووسینەوە:
چاوی ڕوابوو نێرگسی بێچارە بۆ گوڵی
ئێشا دڵی کە خونچەگوڵی جەرگی کردبوو داغ
ئەودەم کێشەکەی پێشوو چارەسەر دەبێت بەڵام هێشتا نازانرێت بۆچی خونچە گوڵەکەی جەرگی داغ کردووە.

فەردی چوارەم

لە فەردی یەکەمدا شاعیر دەڵێ بە ناو باغدا خولاومەتەوە. لێرەشدا دەڵێ گەڕان و خولانەوەکەم لە کاتی شەودا بوو و بە شوێنیدا ناوی ڕۆژپەڕیش دەبات واتە دەبێ هەر لە سەرەتای شەوەوە دەستی بەگەڕان کردبێت؛ ئینجا ناوی سێ گوڵ دەهێنێت و دەڵی لەبەر جوانی و ڕازاوەیی وەك شەوچرا دەچوون. شەوچرا، چرای کاتی شەوە و شاعیر لەبەر مەسەلەی سەروا شێوازە فارسییەکەی (شەوچراغ) ی نووسیوە.

گوڵشەن: گوڵستان و باغ.

فەردی پێنجەم

شاعیر لەپڕ، هەواڵێکی سەیرمان دەداتی بێ ئەوەی هۆکارەکەیمان بۆ ڕوون بکاتەوە: 'ئیمامی' تۆرا! بێگومان دەبێ ئەو تۆرانە لەپەیوەندی فەردی یەکەمدا ڕوویدابێت. لەوێدا شاعیر بە باغدا دەخولێتەوە بەڵام ناتوانێت سۆراغێك لە 'وی' بەچاو بکات؛ ئەگەر وابێت، ئیتر تۆرانەکە زۆریش سەمەرە و چاوەڕوان نەکراو نابێ، کاتێ دڵدار لە ماڵ نەبێت، ماڵ چۆڵە و کەلەوایەك زیاتر نییە؛ خۆ ئەگەر یار لە باغیش نەبێت، هەموو گوڵەکان بۆ عاشقی هەژار دەبنە دڕك و ناتوانێت چێژ لە جوانیان وەربگرێت، ئیتر بە جێی دەهێڵێت و وەك ئیمامی ڕوو لە چۆڵ و بەندەنان دەکات.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

مضارع مثمن اخرب مكفوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

## هات بەهار

هات بەهار، هێنای بە بار تۆوی گوڵ و موشکی خەتا
سەوز و سوور بوو خوار و ژووری چیمەن و دەشت و چیا[١٩٢]
دوورزەنی هەوری بەهار  و ڕنوە بەفری بەندەنێ
لێك بەرانبەر بوون وەکوو لەشکر، لە عەرزی تا سەما
دای بە سەر بەفرا شەبەیخوون، بوو بە ئاردی نێو دڕوو
داینەواند پشتی کلیلە، ڕایڕفاند مەئمووری با[١٩٣]
هەر هەرەس بوو، لەشکری زستان لە ترسان هەڵوەری
دیارە قەڵغانی سەهۆڵ بوو، دوێ ئەویش پشتی شکا
تاوڵی سەوزی لەجێی بەفری سپی هەڵدا بەهار[١٩٤]
چوونە پێشوازی گرووهی سوێسنە و هەڵز و کەما[١٩٥]
چەهچەهەی بولبول وەکوو موزیکە بۆ سانی گوڵان[١٩٦]
فیتەفیتی شوانە سووتی ئەفسەری تیپ و سوپا[١٩٧]
لەم سوپا و تیپ و قشوونەی شای بەهار هێناویە،[١٩٨]
شۆقی ڕۆژ نوورئەفکەنە جارجار لە ناو هەور و هەڵا

---

[١٩٢] . هەردوو چاپەکە وەك: "خوار وژوور وِ چیمەن و دەشت و چیا" هێناویانە بەڵام من وا هەست دەکەم لە ئەسڵدا بە شێوەی سەرەوە بوویێت واتە یائی ئیزافە بوویێت نەك واوی عەتف، لەبەر ئەوەی خوار وژوور لەگەڵ چیمەن و دەشت و چیادا هاوجنس و هاو ناوەرۆك نین و جیناس یان مراعات النظیریان پێ دروست نابێت، گەرچی ناتوانم زۆر لە بۆچوونەکەی خۆیشم دڵنیا بم.

[١٩٣] . چاپی ئەنیسی: ڕای ڕفاند

[١٩٤] . چاپی ئەنیسی: تاووڵی

[١٩٥] . چاپی ئەنیسی: گرۆهی

[١٩٦] . چاپی ئەنیسی: موزیکە

[١٩٧] . چاپی جەعفەر: شوانە، سووتی

[١٩٨] . چاپی ئەنیسی:  هێناوییە

سوێسن و شەوبۆ و نێرگس، شەشپەڕ و گوڵ ئاتەشی
پاکی پشکووتن، بووە دونیا بە یەك حەشر وحەلا
بولبولە زاوا و گوڵ وەك بووك و دڵ هەر وەك دەلاڵ
دێ و دەچێ بۆیان بە خۆڕایی، بە بێ ماف و بەها
کورکە کورکی تەیرە دێ شەو، یا نە سۆزی سینەمە؟[199]
ئەم هەرا و بەزمە، بەهارە یا نە پەردەی سینەما؟[200]
وا ڕەقیبیش دەرپەڕی، جووتەی لە با دا، تابڵێن
ئەی لەبەر ئەم خۆشییە، حەتتا کەریش ترسی نەما!
حەقیەتی ئەو گوێدرێژە هەڵپەڕێت و دەرپەڕێ
هەر لە ئینسان تا جەنابی کەر، یەکێ برسیی نەما[201]
هەرکەسێ خاوەن دڵ و گوڵ بوو، ئەوا چوو بۆ گەڕان
کەس نەما پیر و جەوان، چاك و خراپ، شێخ و مەلا
ئەی سەبا! خۆتۆ، دەڵێن، پەیکێکی توند و خۆشڕەوی
هەستە پیاوانە بڕۆ لای یاری بێ میهر و وەفا[202]
پێی بڵێ هەستێ لەخەو، خونچە هەموو پشکووتووە[203]
بێتە دەر تا سەر لەبەر خۆی نێ وەکوو چاوی حەیا
بولبول و دڵ بۆ گوڵان، ئەو هەڵفڕی، ئەم دەرپەڕی
هەڵفڕینە، دەرپەڕینە، پێکەنینە، 'کامیلا'!

گەردیگلان، ١٣٢٩ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٤٧ و ١٤٨ی چاپی ئەنیسی و٦١ و ٦٢ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "بەهاری گوڵ"ە و لە بەشی چامەکان (قەسیدەکان) دا هاتووە.

---

[199]. چاپی ئەنیسی بە بێ نیشانەی پرسیار تۆماری کردووە.
[200]. چاپی ئەنیسی بە بێ نیشانەی پرسیار تۆماری کردووە.
[201]. هەردوو چاپەکە وەك 'برسی نەما' یان تۆمار کردووە کە دیارە هەڵە نییە. من دڵنیا نیم ئایا 'یەکێ' یە یان 'یەکی'؟ چاپەکان 'یەکێ' یان نووسیوە
[202]. چاپی ئەنیسی: مێهر
[203]. چاپی ئەنیسی: هەمو

بەهارییەیەکی ڕازاوە و جوان و پڕ لە صناعاتی شیعرییە.
ساڵی گوترانی شیعرەکە لە دوو لایەنەوە جێگەی سەرنجە:
یەکەم، لەباری سروشتەوە. ئەو شیعرە لە ١٣٢٩ (١٩٥٠ ی زایینی) واتە ساڵێك دوای سەرماو سۆڵ و بەستەڵەکی ساڵی ١٣٢٨ ی ناوچەکە گوتراوە و وێدەچێت خەڵك و سروشت ئەو ساڵە بەهارێکی خۆشیان بوویێت.[٢٠٤]
دووهەم، ساڵانی نێوان ١٣٢٧ تا ١٣٣٢ ساڵانێکی نیمچە ئازادیی سیاسی بوو لە ئێران، کە بە کۆدیتای ئەمپڕیالیستیی ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ کۆتایی پێهات. شاعیر وەك کەسایەتییەکی سیاسی دەبێ لەو ساڵانەدا گەلێك خۆشحاڵ بوویێت و ئەو شادی و بزەی سەرلێوەی شاعیر لە شیعرەکەدا هەست پێدەکرێت باوەکوو ڕاستەوخۆ ئاماژەیەکی بۆ ئەو بارودۆخە تێدا نەبێت.
هەندێك سەرنج و شیکردنەوەی شیعرەکە:
فەردی یەکەم: 'بەهار' و 'بەبار' جیناسی ناقیسن. سەوز و سوور لەگەڵ خوار وژوور هەروەها لەگەڵ چیمەن و دەشت و چیادا لف ونشر دروست دەکەن (بە مەرجێك دەشت و چیا بە یەك دیاردە چاو لێبکرێن). بە هەمان شێوە، فەردەکانی دیکەش هونەری بەدیعیی جوانیان تێدا دەبینرێت کە واهەیە پێویست نەکات یەکە یەکە هەموویان دەست نیشان بکەم بەڵام با ئاماژەیەکم بە فەردی سێزدەهەم کردبێت کە سەنعەتە شیعرییەکە واهەیە واتایەکی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕییشی لەخۆیدا شاردبێتەوە:
بە گوێرەی فەردەکە، هەموان چوون بۆ سەیران و گەڕان لە دەشت و چیا و هەر لە پیر و جەوانەوە تا چاك و خراپ و و شێخ و مەلا، کەس لەماڵدا نەماوە. ئێستا ئەگەر پیر و جەوان، وەك دوو دیاردەی جیاواز و دوو جەمسەری ژیانی مرۆڤ، سەنعەتی تضاد یان مطابقەیان تێدا بگیرێتە بەرچاو، چاك و خراپیش بە هەمان شێوە دوو

[٢٠٤] . شازدە ساڵ پێشتر، سەرما وسۆڵی ساڵی ١٣١٢ی هەتاوییش لە هەمان جوغرافیای موکریاندا، بووە هەوێنی شیعرێکی بەرزی نەمر سەیولقوزاتی قازی، کە لە بیچمی نامەیەکی شیعری بۆ عەزیزئاغای عەباسی هۆندوویەتەوە:
*"عەزیزا! ئارەزووت زۆری بۆ هێنام...*
*زستانی ئەوساڵ دیارە پێنج مانگە*
*مەڕ و کا و گیا و جۆ، بڕا لە دانگە...."*
سەیف لە درێژەدا بابەتەکە لە سەرما وسۆڵی زستانەوە دەباتە سەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی:
*"حەیفە میللەتێ شەش هەزار ساڵ بێ*
*نۆکەری ماڵان، ڕووت و ڕەجاڵ بێ!..."*

دیاردەی دژ بە یەك بن، کە هەن. دەمێنێتەوە شێخ و مەلا: ئایا ئاوات ویستوویەتی لەو دوو کەسە یان ئەو دوو چەمکە کۆمەڵایەتییە دوو ناتەبا دروست بکات و شێخ بەرانبەر بە مەلا دابنێت؟ ئەگەر وابێت، دەبێ شاعیر کێشەی کۆنی شەریعەت و تەریقەتی زیندوو کردبێتەوە و شێخ و مەلای وەك نوێنەری ئەو دوو چەمکە فەلسەفی- کەلامییە لە بەرانبەر یەکدا دانابێت. سەمەرە ئەوەیە کامیل شا خۆی، هەم مەلا و هەم لە بنەماڵەی شێخان بوو و گەرچی ناوی شێخی بە سەرەوە نەبوو بەڵام سیفەتی 'شا' بە شوێن ناوەکەیەوە - کە گەلێك موریدی خانەقای زەنبیل و خەڵکانی دیکەش بەو ناوە بانگیان دەکرد، نیشانەیەکە بۆ پەیوەندیی ئەو لەگەڵ شێخایەتی و تەریقەت، ئەوە پاڕادۆکسێکی بە ڕواڵەت سەیرە بەڵام بۆ کەسێکی خاوەن بیری سیاسی وەك ئاوات، دەکرێ لادان و پشت کردنە ئەو دۆگمانە کارێکی نەگونجاو نەبووبێت.

مانای وشەکان:[٢٠٥]

دوور- زەن، واتە تفەنگی دوورزەن. شوبهاندنی هەوری بەهار و گرمەی هەورە بە تەقەی تفەنگ.

ڕنوو، کەویە بەفر، کلیلە[٢٠٦]، بە فارسی 'بەهمەن'.

بەندەن، چیا، کێو، کەژ

شەبەیخوون، هێرشی شەوانەی سوپایەك بۆ سەر سوپای بەرانبەری؛ وشەیەکی فارسییە.

ئاردی نێو دڕوو، شتێکی بڵاوەبووی لە گردوکۆ نەهاتوو.

کلیلە، ڕنوو

ڕاڕفاندن، هەڵگرتن و لەگەڵ خۆ بردن. نیاز تواندنەوە و نەهێشتنی ڕنووە بە هێزی با.

هەرەس، لێرەدا واتای ڕنوو دەدات. شاعیر بە بۆچوونی من دەیەوێ بڵێت کە هەر ئەوەندەی ڕنوو هەرەسی هێنا و کەوت، لەشکری زستانیش لە ترسان هەڵوەری و بڵاوەی کرد؛ قەڵخان واتە کەرەسەی خۆپاراستنی ئەو لەشکری زستانەش چی بوو؟ شاعیر دەڵێ دیارە سەهۆڵ بوو، کە ئەویش دوێنێکە [بەهۆی هەوای خۆشەوە] پشتی شکا و کەوت.

---

٢٠٥. لە هەرکوێ پێویست بووبێت کەڵکم لە هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار و فرهنگ فارسی- کردی دانشگاە کردستان بە سرپرستی کاك ماجد مردوخ روحانی وەرگرتووە.

٢٠٦. لە هەنبانە بۆرینەدا وەك 'کلێڵە' تۆمار کراوە. کلێڵە واتای ڕەق بوونی دەمیشی هەیە.

قەڵخان. قەڵغان، مەتاڵ، سپەر.
تاوڵ، ڕەشماڵ
سوێسنە، سۆسن، گوڵێکی بۆن خۆشە
هەڵز، گیایەکی تیرەی کەمایە بۆ دەرمان دەشێ و بۆ چێشت خۆشە، یۆنجە.
کەما، گیایەکی بەرزی گەڵادەرزییە. *کارگی کەما لە هەموو کارگێ باشترە.*
چەهچەهە، وشەیەکی فارسییە، بە واتای دەنگی خۆشی باڵندە
سان، ڕانانی لەشکر
سان دیتنی گوڵان، شاعیر لێرەدا ڕیزی گوڵانی چیای لەبیچمی ڕیزی سوپادا بینیوە کە ئامادەیە بۆ ئەوەی سانی لێ ببینرێت واتە هەموویان ڕێك وپێك و جوان وەستاون و بولبول موزیکی مارشیان بۆ دەژەنێت. شوانی بەر مەڕ و گاڕانیش کە چۆتە ناو ئەو جوانی و ڕازاوەییەی گوڵ و بولبولانەوە، وەك ئەفسەرێکی ئەو سوپایەیە، کە 'سان' لە گوڵان دەبینێت و [بە شمشاڵەکەی خۆی] سووتیان بۆ لێدەدات.
سوپا و تیپ و قشوون، سێ وشەی هاوواتان (مراعات النظیر). شاعیر دەنگی هەور و چەهچەهەی بولبول و ڕیزی گوڵانی پێکەوە لە بیچمی سوپایەکدا بینیوە کە بەهار هێناویەتە سەر ئەو دەشت و چیایە و هەورەتریشقەی بە 'نورافکن' (منوەر)داناوە کە جاروبارە لە ناو ئەو هەور وهەڵایەی بەهاردا لێدەدات و گۆڕەپانی شەڕەکە ڕۆشن دەکات. 'سوپا هێنانە سەر'، کارەساتێکە بە درێژایی مێژوو گەلێك جار بەسەر کورد هاتووە، جا لە لایەن سوپای ڕۆمی و تورکەوە بووبێت یان ئێرانی یان عەرەب! دەبێ شاعیر هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر موکریانی دوای هەرەسی کۆماری کوردستانی بە چاو دیتبێت کە بەو شێوە وەستایانەیە سوپای بەهاریان پێ دەشوبهێنێت.
گوڵ ئاتەشی، گوڵەباغی ڕەنگ سووری تۆخ و تاریك.
حەشر و حەلا، بە حیسابی قامووس، هەرا وزەنا و چەقە وگوڕەیە؛ بەڵام لێرەدا نابێ واتای دەنگ و سەدا لە فەردەکە وەربگیرێت بەڵکوو نیازی شاعیر زۆری و ئاڵۆزی و تێکەڵ پێکەڵیی ڕەنگ ڕواڵەت و بۆنە.
بولبولە زاوا و...، شوبهاندنێکی جوانە و من لە شوێنی دیکە نەمدیتووە بڵێن دڵی شاعیر دەلالی بێ ماف و بەهای پێکهێنانی زاوا و بووکێك بێت کە لێرەدا بولبول و گوڵن.
کورکەکورك، وردە دەنگ، لێرەدا جریوەی باڵندەیە.

سینەمە و سینەما. شاعیر بەم دوو وشەیە جیناسی ناقیسی دروست کردووە کە گەلێك جوانە.
وا ڕەقیبیش دەرپەڕی...، شاعیر دەڵی هەموو عالەم ڕژاونەتە دەرێ، تەنانەت ڕەقیبی عیشقی ئەویش، کە بە کەری دەشوبهێنێ! [لەو هەڵاهەڵایەی بەهار]نەترساوە و هاتۆتە دەرێ و لەوێ جووتە لە با دەدات! 'جووتە لە بادان' بریتییە لە کاری دوور لەعەقڵ و بێهوودە کردن، کە لێرەدا ڕەقیبی شاعیر دەیکات. ترسیش سیفەتێکە بۆ گوێدرێژ کە بە هەموو شوێنێکدا ناڕوات و خاوەنەکەی بە زەبری نەقیزە بەو شوێنانەیدا دەبات کە ئەو بە جێگەی مەترسیی دەزانێت و نایەوێ بیانچێتێ.[٢٠٧]
هەڵپەڕێت و دەرپەڕێ، 'هەڵپەڕ داپەڕ' لە قسەکردنی ئاسایی هەمووماندا هەیە، بەڵام هەڵپەڕین و دەرپەڕین تازەیە و شاعیر بۆ کاری کەرانەی گوێدرێژ دروستی کردووە، گەلێکیش پڕواتا و لە شوێنی خۆیدایە.
جەنابی کەر، تەوسە و مەلۆتکەیەکە شاعیر بە ڕەقیبی خۆیدا دەدات.
خاوەن دڵ و گوڵ، تەعبیری 'خاوەن دڵ' شتێکی ئاساییە. بەڵام خاوەن گوڵ چییە؟ بە بۆچوونی من  ئاماژەیەکە بە عاشق و ئەو کەسەی وا دڵداری هەیە.
کەس نەما...، بڕوانە سەرەوەتر.
سەبا، بای سەبا لە شیعری کوردی و فارسیدا بایەکی خۆشڕەوە، کە وەك پۆستەی ئەمڕۆ، پەیامی ئەویندار بۆ گراوییەکەی دەبات.
پیاوانە بڕۆ، توند و خێرا و ئازایانە بڕۆ. لە سەردەمی ئێمەدا چیتر کەڵك لە سیفەتێك وەرناگیرێت کە یەك ژێندەر بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ بکات، یان گرنگی زیاتر لەوی دیکەی پێبدات. لەجیاتی پیاوانە دەکرا بگوترێ ئازایانە بڕۆ.
هەستێ لەخەو خونچە هەموو پشکووتووە، شوبهاندنێکی گەلێك جوانە. بە یاری بێ میهر و وەفا بڵێ ئێستا کە هەموو خونچەیەك پشکووتوون، ئەی بۆچی [خونچەی] چاوی ئەو هێشتا هەر لە خەودایە و هەڵناستێ؟[٢٠٨]

---

[٢٠٧] . گەرچی هەستی ئەو بۆ ناسینی مەترسیی سەر ڕێگا، هەندێك جار لە هی خاوەنەکەی ڕاست و دروستترە! با لێرەدا ئەوەش بڵێم نەقیزە لێدانی گوێدرێژ یا هەر بوونەوەرێکی دیکە چەندە دڵڕەقانە و دوور لە ئینساف و مرۆڤایەتییە؛ سەدبریا ئەو ڕەسمە گڵاوە لە ناو کورددا نەمایەت.

[٢٠٨] . دیارە ئەوە هەستێکی شاعیرانەیە دەنا ژنی هەژاری کورد بە کچ و ژنەوە بەیانی زووتر لە پیاوانیش لەخەو هەڵدەستن و دەچنە بەر ئەرك و کاری ڕۆژانە! دڵداری شاعیریش هەر یەك لەوان بووە.

بێتەدەر با....، بۆ تێگەیشتن لە واتای ئەم فەردە، دەبێ بزانرێت 'سەر لەبەر خۆی نێ' واتای چییە؟ من لام وایە بریتی بێت لە سەرداخستن و بەرز نەکردنەوەی سەر وەك کچێکی بە شەرم و حەیای کۆمەڵگای نەریتی، کە لە دەرەوەی ماڵ سەر دادەخات و لەبەر حەیا بەخۆیی سەری بەرز ناکاتەوە.

چاوی حەیا، چاوی شەرمێونی و حەیا بەخۆیی

بولبول و گوڵ بۆ دڵان، شاعیر لە نێوان بولبول و هەڵفڕین لە لایەك و دڵ و دەرپەڕین لە لایەکیتردا لەف و نەشرێکی موەڕەتتەبی دروست کردووە. دەرپەڕین ئیهامێکی تێدایە واتە دوو ئیماژی دوور و نزیکی هەیە. واتای نزیکی ئەوەیە دڵی لە ماڵ دەردەپەڕێت و دەچێتە سەیرانی دەشت ودەر؛ بەڵام واتا دوورەکەی ئەوەیە لەبەر خۆشیی، دڵی لە شوێنی خۆیدا نامێنێت و لەبەر یەك دەچێت و نامێنێت. بێدڵ بوون، عاشق بوونە.

هەڵفڕینە، دەرپەڕینە، پێکەنینە: دیارە هەڵفڕین بۆ بولبولە، دەرپەڕین بۆ دڵە و ئەوی دەمێنێتەوە پێکەنینە کە ئەویش بۆ گوڵە، پێکەنینی گوڵ بە واتای کرانەوەی خونچە دێت.

کامیلا! ئەی کامیل! ئەی شاعیری شیعرەکە!

بەحری عەرووزیی شیعرەکە، رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## سات وسەودا

عاشقی ڕووی دڵبەری بێگەردی وەك مینایە دڵ
دای لەدەس هەرچی کە بووی بەو سات و بەم سەودایە دڵ
عەقڵ و فکر و بیروڕای تێکڕا لەقیس چوو ئەوکەڕەت
ماوە ئەو بێچارە، ئەو دێوانە، بێسەرمایە دڵ
وا مەزانە پارچەگۆشتێکی ڕەشی بێکارەیە
زۆر بەشان و شەوکەت و جوان و سەروسیمایە دڵ

دێی جەمیان، ١٣٢٩ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٠٥ لە هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەردا)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'پارچە گۆشتی دڵ'ە. قەتعەیەکی سێ فەردیی ئاواتە لە هەمان باسی پەیوەندی خۆی و دڵیدا، کە لە چەندەها شیعری دیکەشدا ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە دەبینرێت. ئاوات لە هەموو ئەو شیعرانەدا دڵی خۆی وەك مەلێکی بازرەبوو دەناسێنێت کە لەمێژە بەجێی هێشتووە و ئاوڕی لێ ناداتەوە. لە هەموو ئەو شیعرانەدا دڵی شاعیر سێهەم کەسێکی جیا لەخۆیەتی کە زۆرجاران بەرگۆی قسەکانیەتی و هەندێك جاریش لەگەڵیدا دەکەوێتە گوفت وگۆوە.
لێرەدا دڵی شاعیر لەدەست چووە هیچ، بەڵکوو عەقڵ و فیکر و بیر و ڕایشی بۆ نەماوە و دڵ (واتە خودی شاعیر) بۆتە بوونەوەرێکی دێوانە و بێچارە و بێ سەرمایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێز لە خواستی دڵی خۆی دەگرێت و بە خوێنەر دەڵێت دڵم پارچە گۆشتێکی ڕەشی بێکارە نییە بەڵکوو زۆریش بە شان و شەوکەتە.
باوەکوو دڵ، بەگوێرەی نەریتی ئەدەبی، داڵدەی عیشق و شوێنی پەیوەندیگرتنی ڕاستەوخۆی سۆفییان لەگەڵ خودایە و دەکرێ ئاوات لە هەمان واتادا بینیبێتی، بەڵام لێرەدا من وەك هێلانەی ئەوینێکی زەوینیشی دەبینم و باوەکوو شاعیر لەساڵی

هۆندنەوەی شیعرەکەدا ٤٧ ساڵان بووە بەڵام دوور نییە لە ئەوینێکی بێ گرێ وگۆڵی بە قەولی سۆفییان، مەجازی دوابێت نەك ئەو ئەوینەی وا ئەوان بە حەقیقی دادەنێن و تایبەتە بە عیشقی خودا.

بابەت، واتە ناوەرۆکی شیعرەکە هەندێك ناتەواو دێتە پێش چاو و هەست دەکرێت شاعیر قسەی زیاتری پێ بووە بیکات بەڵام نەیکردووە و هەر ئەوەش گومانی ناتەواو بوونی شیعرەکە لای خوێنەر دروست دەکات. بەڵام هەردوو چاپی دیوانەکە هەر ئەو سێ فەردەیان تۆمار کردووە و من بە ناچاری دەبێ وەك 'قەتعە' سەیری بکەم نەك غەزەل.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## وەعز و تەڵقین

من و دڵ عاشقی هەر زەرق و بەرقین
بە پیریش گوێم نەدایە وەعز و تەڵقین
مەکە تۆ باسی تۆبە، واعیزی پیر!
من و دڵ خۆ لە ترسی تۆ دەتۆقین!
من و یار هێن بە سەرگەرمی ژیاوین[٢٠٩]
لە خۆشی یەکتری پڕ شەوق و زەوقین
شوکور زستانی ئەمساڵ وەك بەهار بوو[٢١٠]
هەموو کانیاوەکانی کێوی تۆقین
بە کوێری دوژمنم، ڕێوبان کراوە
هەموو جێژوانەکان هەر مان و باقین
کە ڕق ئەستوورە، مارزباب، ڕەقیبم
بڵا هەڵماسێ وەك ماسی لە بەر قین
"ئیمامی"! ئەوکەڕەت ئەو دەستە شێعرەت،
لە سەر وەزن و لە سەر شێوەی 'عێراقی'ن

گەردیگلان، ١٣٢٩ی هەتاوی
(لاپەڕە ٦٥ و ٦٦ ی چاپی ئەنیسی و ١٦٤ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'من و دڵ'ە کە وەك ئەوی چاپی جەعفەر لە فەردی یەکەمی شیعرەکە وەرگیراوە. وێدەچێت عینوانی 'من ودڵ' گەلێك زیاتر

---

[٢٠٩] چاپی ئەنیسی: ژیاویین
[٢١٠] چاپی ئەنیسی: شکور

لەگەڵ سەرجەم ناوەرۆکی شیعر و پەیامی شاعیردا یەك بگریتەوە تا وەعز و تەڵقین کە شاعیر دەڵێ بەپیریش گوێم لێ ئاخنیوە و داومەتە دواوە!
ساڵی ١٣٢٩ لە ئێران باوەکوو تەنیا چوار پێنج ساڵ بەسەر هەرەسی کۆماری کوردستاندا تێپەڕ دەبوو، بەڵام بەهۆی قەیرانی سیاسییەوە، ئازادییەکی ڕێژەیی باڵی بە سەر وڵاتەکەدا کێشابوو کە، زۆر و کەم تا کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ درێژەی کێشا. لێرەدا ئەو فەزا ئاواڵە و ئازادە هەستی پێدەکرێت. شاعیر دڵخۆش و شاد دەنوێنێت و چاوبزی دوژمن و ڕەقیب دەکات هیچ، جنێوێکی جەرگبڕیشی دەگەیێنێتێ: 'مارزباب'! من بە خوێندنەوەی شیعرەرکە ئەو نەشە و شنە و شادییەی شاعیر هەست پێدەکەم و تەنانەت بریقەی چاوی لە دوورەوە دەبینم. ئاوات لێرەشدا وەك زۆر شوێنی دیکە، بۆ نموونە شیعری "ئاخ و سکاڵا"، خۆی لەگەڵ کەس یان شتیتر دەخات و لە ڕاستیدا خۆی لە ژێر سێبەری ئەواندا دەشارێتەوە. وەك لەوێدا گوتوومە، ئەوە نیشانەیەکی خۆ بەکەم زانین و خۆ قوت نەکردنەوەی شاعیرە کە کەسایەتییەکی ناسك و بێ فیز و بە تەوازوعی هەبوو: من و دڵ و من و یار(٣ جار).
هەر زەرق وبەرقین: زەرق و بەرق بریقە و ڕازاوەیی بەرچاوە و لە فارسیدا زۆر دەگوترێت. وشەی 'هەر' لام وایە تەنیا بۆ ڕێك خستنی کێشی شێعرەکە خزابێتە ئەو شوێنە.
وەعز: نەسیحەتی ئەخلاقی، ئیمانی و کۆمەڵایەتییە. 'واعظ' لە هەردوو ئەدەبی کوردی و فارسیدا کەسێکی نەویستراو و ناخۆشەویستە، نەخواستە ئەگەر پیریش بێ! ئەودەم شاعیر و دڵی حەقیانە لێی بتۆقێن!
من ویار هێن ...: دیارە ئەو 'هێن'ە کورتکراوەی 'هێند' و 'هێندە'یە کە قەیدی ڕادە و ئەندازەن. کورتکرانەوەکەی دەبێ لەبەر خاتری 'ئەفاعیل'ە عەرووزییەکە بوویێت.
سەرگەرمی: دڵخۆشی. جیاوازە لە 'سەرگەرم' بوونی فارسی کە سەرقاڵ بوونە.
تۆقینی کانیاو: لەپڕ سەرهەڵدانی ئاوی کانی و زنەیە لە زەوی.
ڕەقیب و دوژمن: شاعیر لە فەردی چوارەم و پێنجەم، تا ڕادەیەکیش شەشەمی شیعرەکەدا خۆی بە 'ڕەقیب'ەوە ماندوو دەکات و لە فەردی پێنجەم دا بە دوژمنی ناودەبات. کێیە ئەو ڕەقیب یان دوژمنە؟ ئەگەر جێ ژوان بە شوێنی ئاسایی پێك گەیشتنی دوو دڵدار بزانین، دەبێ ڕەقیب کوڕەلاوێك بێت کە لە شاعیر بۆتە درووی مەم و زین و ناهێڵێت بەیەکتر بگەن. ئەودەم کرانەوەی ڕێگاوبانیش دەبێ بریتی بێت

لە چوونەوەی بەفری زستان لە کۆڵانان، کە دەبووە هۆی ئەوەی شوێنی پێی شاعیر لە چوونەژواندا هەڵبگیرێت و پێی بزانرێت. بەڵام ئەگەرێکی دیکەش دەتوانێت ئەوە بێت کە مەسەلەکە لەپەیوەندی کار و خەباتی سیاسیدا ببینرێت، ئەودەم دوژمن واتایەکی شاراوەی دەبێت کە بریتییە لە ڕژیمی داگیرکەری کوردستان، کرانەوەی ڕێگاوبانیش دەرەتانێکە بۆ پێشمەرگەی کورد کە بتوانێت هاتوچۆ بکات و دوژمن نەتوانێ شوێنی هەڵبگرێت. ئاوات لە شیعری 'خاسەکەوی ١ و ٢ شدا هەر ئەو کارەی کردووە و کەو و کێو و کانی و ئاو و باڵ و پەڕ و دەندووکی کەوەکەی وەك سوپای پێشمەرگە و کەرەسەی شەڕ بۆ بەربەرەکانی کردنی داگیرکەرانی خاکی کورد بینیوە.

ڕق ئەستوور: سیفەتێکی خراپە شاعیر بە دوژمنی خۆی (یان دوژمنی گەل)ی دەدات. کەسێکە کە بیری ئاشتبوونەوە و ماف پێدان لە کەلـلەیدا نییە و بەردەوامە لە دوژمنایەتی کردن.

مارڕز: زاڵم، لاسار، سەرسەخت (هەنبانە بۆرینە). دیارە مارڕزباب جنێوێکە، بە کەسەکە دراوە و گوتراوە باوکت وەهایە. ڕق ئەستوور و مارڕزباب کە پێکەوە هاتوون، هاوواتاشن.

هەڵماسیٚ و ماسی: جیناسیان لیٚ دروست کراوە.

عیراقی: لە پێنج قۆناغی شیعری فارسیدا (خۆراسانی، عیراقی، هیندی، گەڕانەوە، و نویٚ)[٢١١] عیراقی واهەیە گرنگترینیان بێت لەبەر ئەوەی ڕەونەقی شیعری فارسی لەو سەردەمەدا، بەهۆی کەڵە شاعیرانی وەك نیزامی و سەعدی و حافز و جامییەوە، گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆی. لەم شێوازە شیعرییەدا غەزەل گرنگایەتی زۆر پەیدا دەکات و بەسەر قەسیدەی شێوازی خۆراسانیدا زاڵ دەبێت.

ئەگەرێك ئەوەیە ئاوات ویستبێتی بڵێت من ئەوم غەزەلەم لە سەر شێوازی عیراقی گوتووە بەڵام ئەگەری دیکە دەتوانیٚ ئەوە بێت کە گوتبێتی من ئەم شیعرەم لەسەر شێوەی شیعرەکانی 'فخرالدین عیراقی' گوتووە کە شاعیرێکی ناوداری سەدەی حەوتەمی ئێرانە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە، هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

---

[٢١١] باشتر وایە سەردەمی گەڕانەوەی لیٚ قرت بکرێت کە کەسایەتییەکی سەربەخۆی نییە و تەنیا گەڕانەوەیە بۆ دوانەکەی پێشوو. ئەودەم قۆناغەکان دەبنە چوار نەك پێنج.

## خەوی من

کەسێ بێتە دەرك وبانت، تۆ بزانە بێ ئەمانە
دەری چۆن دەکەی فەقیرە؟ کە ئەسیری دەرك و بانە
بە خەیاڵی بەژن و باڵات بە شەو و بە ڕۆژ دەناڵم
خەوی من خەیاڵی تۆیە، دزە، دێتە لام شەوانە
تۆ کە خۆت لە ترسی خەڵکی لە منی فەقیر تەوەللای
لە نەیاری سەگ مەترسە، وەرە لام بە مەحرەمانە[212]
خۆ لە ماڵی دڵ بە تەنیا، هەر ئەتۆ و خەیاڵی تۆیە
کەسی دی نییە لەبەر تۆ، لەوێ قاتی ئینس و جانە
بە دەمی بە پێکەنین و بە دوو چاوی پڕ لە غەمزە
ئەمنم کە موبتەلای تۆم، بە سەرت قەسەم، بزانە[213]
سەری من لە ڕێی سەری تۆ کە نەچێ بەکاری چی‌دێ
بە بڕین چێ چاکە "کامیل"! کە لە سەر لەشت گرانە

گەردیگلان، ۱۳۲۹ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٧٤ و ٧٥ ی چاپی ئەنیسی و ١٩٩ ی چاپی جەعفەر)

---

[212] چاپی ئەنیسی: بە نەیاری

[213] چاپی ئەنیسی: "منت کردە موبتەلای خۆت، بە سەرت قەسەم بزانە". وابزانم ئەو گۆڕانکارییە لەلایەن کاك جەعفەر و هاوکارەکانیەوە بۆیە کرابێت کە شێوازی میسراعەکە لە چاپی ئەنیسیدا هەندێك قورسە و لە خوێندنەوەدا دەبێ پیتی /ت/ ی ووشەی 'منت' هەندێکسووك بکرێت واتە تا ڕادەیەك بکرێت بەژێر لچەوە بۆ ئەوەی کێش تێك نەچێت. دیارە ئەگەریش دەبێ ئەوە بێت کە شاعیر دوای چاپی یەکەمی دیوانەکەی، خۆی ئەم میسراعەی گۆڕیبێت.

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا، "دڵ و خەیاڵ"ە. ئەگەر عینوانەکە شاعیر خۆی داینەنابێت و من بتوانم بۆچوونم لەسەری هەبێت، تێکەڵاوێك لە هەردوکیان دروست دەکەم و دەنووسم: "خەو و خەیاڵ" یان "خەوی من خەیاڵی تۆیە" کە لە فەردی دووهەم وەریدەگرم. شیعرێکی غەرامییە، باوەکوو ئەگەری ئەوەی تێدا دەبینرێت کە شاعیر، وەك سۆفییەك، ڕوو لە خودا یان پێغەمبەری ئیسلامی گوتبێت: بڕوانە، ئەم تەعبیراتە لە فەردی مەتلەع و مەقتەعدا: فەقیر بوون و چوونە بەردەرك؛ ئەسیربوون لە دەرك و بان و سەر لە ڕێی 'تۆ' دا چوون، کە هەمووی دووپاڵوون و بۆنی هەردوولایان لێ دێت. بەڵام دوا بڕیاری من بەهۆی سەرجەم بەیان و دەربڕینەکانی شاعیرەوە ئەوەیە بە غەزەلێکی لیریکی دەناسم کە شاعیر لە ٤٧ ساڵیدا گوتوویەتی.

بێ ئەمان: بێ پەنا و بێچارە.

بە خەیاڵی بەژن و باڵات...خەوی من خەیاڵی تۆیە، دزە، دێتە لام شەوانە: وێدەچێت جوانترین فەردی غەزەلەکە بێت لەبەر ئەوەی خەیاڵاوی و هونەریترە، باوەکوو فەردەکانی دیکەش زۆر شیعرن. دز بوونی خەیاڵی یار و بەدزییەوە هاتنی بۆلای شاعیر تەعبیرێکی جوانە.

تەوەللا: دوور کەوتوو، بازرە.

خۆ لە ماڵی دڵ...: هەر تۆ و خەیاڵی تۆ لە هەموو ماڵی دڵمدایە دەنا چۆڵ وهۆڵە.

ئینس: ئینسان، مرۆڤ.

جان: جندۆکە. کۆی 'جان' لە عەرەبیدا دەبێتە 'جن' (بە شەددی سەر نوونەوە). گەرچی لەم سەردەمەدا گەلێك نامۆ و دوور لە باوەڕ دەنوێنێت، بەڵام ئیماندارانی موسوڵمان لایان وایە بوونەوەرێکی "غیرمحسوس" ە و دەڵێن خودا قورئانی بۆ ئینس و جین ناردووە. لە قورئانیشدا ئەوە گوتراوە.

شاعیر دەڵێ لە دڵمدا خەیاڵی ئینس وجان هیچکامیان نییە، جگە لە تۆ.

بە دەمی...: من گیرۆدەی ئەو دەمە بە پێکەنینە و ئەو دووچاوە پڕ لەنازەت بووم.

غەمزە: ناز، چاوداگرتنی بە ناز (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)

موبتیەلا: گیرۆدە. عەرەبییە

سەری من لەڕێی سەری تۆ: شاعیر هەندێك سەنعەتی بەدیعی وەك جیناسی ناتەواوی لەم فەردەدا بە کار هێناوە: سەر من و سەری تۆ، نەچێ و چی؛ هەروەها مۆسیقای پیتی /چ/ لە فەردەکەدا بەرگوێ دەکەوێت.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە، رمل مثمن مشکول: فعلات فاعلاتن فعلات فاعلاتن

# کەوی کوڵێو

دووچاوی مەستتە کێشاویانە ناز لە یەك[214]
عەجەب نیانە دوو بەدمەست ئیحتیراز لەیەك!
کە خەوتی، تێك ئەڕژێ لەشکری موژەت تێکڕا،
هەڵێنە چاو و جیاکە سپاهی ناز لەیەك[215]
لە بەینی ئەبرۆ و چاوت بە موو دەکەن فەرقێ
بەڵا و فیتنە نیانەچ ئیمتیاز لە یەك![216]
کەسێ حیکایەتی زارت لەکن کەسێ ناڵێ
چ ڕەمز و نیکتەیە پۆشیویە ئەهلی ڕاز لەیەك؟
دڵم کەوێکی کوڵێوە بە دەس دوو زوڵفی تۆ
پەرۆش و عاجز و قەڵسن دوو شاهباز لە یەك
ئەتۆ کە ماچی دوو لێوت دەوێ، "ئیمامی"ش ڕۆح،
عەجایبە کە نەبووین ئێستە بێ نیاز لەیەك!

دێی جەمیان، ١٣٢٩ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٧ ی چاپی ئەنیسی. لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە)

---

شیعرەکە لە دیوانی چاپی جەعفەردا نابینرێت.
غەزەلێکی تەنز ئامێزە.
عینوانی شیعرەکە لە فەردی پێنجەم وەرگیراوە.

---

[214] لە دەقەکەدا هاتووە: ناز لەلەیەك کە دیارە هەڵەی تایپە.
[215] لە دەقەکەدا وەك ڤیا نووسراوە
[216] لە دەقەکەدا هاتووە: بەڵاوو فیتنە نییانە...

وەرگێڕاوی غەزەلێکی شاعیری ئێرانی "شاطر عباس صبوحی" (١٢٧٥ تا ١٣١٥ ی کۆچی)یە و بەو نیشانەیەی کە لە چەند پارچە شیعری دیکەی ئاواتیشدا تەرجەمە یان کارتێکەریی شیعری ئەو شاعیرە ئێرانییە دەبینین، دەبێ ئاوات دیوانی شاعیرەکەی لەبەردەستدا بوویێت. شاطر عەباس لە ناو شاعیرانی کلاسیکی ئێرانیدا ناوێکی مەزن وەك سەعدی و حافز و نیزامی و جامی نییە. لە خوارەوەتردا سەرجەم شیعرە فارسییەکە دەهێنمەوە کە لە ماڵپەڕی "گنجور"م وەرگرتووە. لەوێ، عینوانی شیعرەکە "پردەهای راز" ڕاگەیێنراوە کە لە فەردی چوارەمی غەزەلە فارسییەکە وەرگیراوە.
وەك دەبینین، ئاوات تەرجەمەیەکی دێڕ بەدێڕ و واتا بە واتا و وەستایانەی ٦ لە ١٠ فەردی غەزەلەکەی خستۆتە بەر دەستی خوێنەری کورد بەڵام چواریانی تەرجەمە نەکردووە.
میسراعی دووهەمی هەموو فەردەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەر میسراعی یەکەمیان.
لە یەك: لەیەکتر. ڕەدیفی شیعرەکەیە. ڕەدیفی شیعرە فارسییەکەش "..از از هم"ە. هەردوکیان یەك واتایان هەیە.
ئیحتیراز: دووری؛ عەرەبییە.
سپاە: لەشکر
موژە: برژۆڵ
بە موو دەکەن فەرقێ: جیاوازییان کەمە.
ئەبرۆ و چاو لە لایەك و بەڵا و فیتنە لەلایەکیتر لەف و نەشریان پێ دروست کراوە، کە زیاتر ویدەچێ لەف و نەشری مورەتتەب بێت.
ئیمتیاز: سەر بوون، جیاواز بوون
ئەهلی ڕاز: ئەوانەی وا ڕاز و نهێنی دەپارێزن و نایدرکێنن. لەکن: لەلای
نیکتە: نوکتە، قسەی نەستەق
کەوی کوڵیو: کەو بە زیندوویی بێ ئازار و فەقیرە، جا ئەگەر بکوڵێت چ دەسەڵاتێکی هەیە!
پەرۆش بوون: بە تەنگی شتێکەوە بوون
قەڵس: ناڕازی، تووڕە

شاهباز: فارسییه و کوردییەکەی شابازە کە هەنبانە بۆرینە بە "بازی سپی" واتا کردۆتەوە. فەرهەنگی فارسیی موعینیش هەر شاهباز بە ڕەنگ لە بازەکانی تر جیادەکاتەوە بەڵام لەگەڵ سپی، ڕەنگی دیکەشی بۆ دێنێتەوە.
ئەوەش دەقی شیعرە فارسییەکەی شاتر عەبباس سەبووحی:

*"دو چشم مست تو خوش می‌کشند ناز از هم*
*نمی‌کنند دو بد مست، احتراز از هم*
*شدی به خواب و به هم ریخت خیل مژگانت*
*گشای چشم و جدا کن سپاه ناز ازهم*
*میان ابرو و چشم تو فرق نتوان داد*
*بلا و فتنه ندارند امتیاز از هم*
*کس از زبان تو با ما سخن نمی‌گوید*
*چه نکته‌ایست که پوشند اهل راز از هم*
*شب فراق تو بگسیخت در کف مطرب*
*ز سوز سینه‌ی‌من، پرده های ساز از هم*
*به باغ سرو صنوبر چو قامتت دیدند*
*خجل شدند ز پستی، دو سر فراز از هم*
*پری رخان چو گرفتار و درهمم خواهند*
*گره زنند به زلف و کنند باز از هم*
*تو در نماز جماعت مرو که می‌ترسم*
*کشی امام و بپاشی صف نماز از هم*
*دلم به زلف تو، مانند صعوه می‌ماند*
*که اش به خشم بگیرند دو شاهباز از هم*
*تو بوسه از دو لبت دادی و صبوحی جان*
*به هیچ وجه، نگشتیم بی‌نیاز از هم"*

# شیعری ساڵانی ١٣٣٠ تا ١٣٣٣

*پێرست: سەمای سەر، کەین و بەین، تەلەسم، بە ناوی تۆ، قوربانی وەفاتم، تەرازووی خێر وشەڕ، بێ پەر وباڵ، من و شادی، بەهاری تازە، تۆبە بێ، بولبولی ئاوارە، نامەی بانگهێشتن، شاری موحەببەت، وەکوو فەرهاد، دافیعی ئەلەم، زستانی شێخ چۆپان، نێرگسی مەست، برایەتی، مەگرە بەهانە، چرای خانەدان، بسووتێم، نەمامی تازە.*

## سەمای سەر

شیواو و پەرێشانم وەك زولفی پەرێشانت
خەم بوو بە خەمت هەر وەك ئەگریجەیی گۆچانت
بیخە ملم و بیبە ئەم کەلـلە بە شەق، وەك گۆ
با بێتە سەما بۆ تۆ، هەڵسووڕێ لە مەیدانت
بۆچیمە سەری بێ لەش، بۆچیمە لەشی بێ سەر؟
هەردوك بە فیدای تۆ بن، هەردووکی بە قوربانت!

زەنبیل ١٣٣٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٠٥ ی چاپی ئەنیسی و ٨٠ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسی دا 'بە قوربانت' ە. ئەنیسی ڕاستەوخۆ لە دوا وشەی دوایین فەردی وەرگرتووە بەڵام جەعفەر لە دوو وشەی جیاوازی فەردی دووهەم پێکهاتەیەکی تازەی دروست کردووە و وەك عینوان بۆی داناوە.
بە ڕواڵەت قەتعەیەکی غەرامییە و دەبێ بۆ گراوییەك گوترابێت. بە تایبەت کاتێ کە باسی زولف و ئەگریجەی کەسەکە دەکات ئەو ڕوالەتە دەبێت بە واقیع و بە تەواوەتی دەسەلمێت. بەڵام بە حیسابی ئەوەی ئاوات شیعرەکەی لە ٤٨ ساڵیدا گوتووە و دەبێ لەو تەمەنەدا کەف و کوڵی ئەویندارییی سەردەمی لاویەتی نیشتبێتەوە، کاتێ لە دوو فەردی دواتردا هەندێك زێدەڕۆیی دەکات و سەری خۆی وەك گۆی ناو مەیدان دەخاتە بەر شەقی کەسەکە، هەستی ئەوەش لە خوێنەردا دروست دەبێت کە واهەیە ڕووی لە دۆستێك یان گەورەیەکی ناو بنەماڵەی خۆی بووبێت.
دیارە من ئەو قسانە بە پێوانەیەکی میکانیکی دەکەم، دەنا مرۆڤ، بە تایبەت مرۆڤێکی هەستیار و شاعیر مەسلەك، دەتوانێ لە تەمەنی زیاد لەو ٤٨ ساڵەشدا عاشق بێت و خۆی بکاتە قوربانیی گراوییەکەی. ئەودەم دەبێ 'گۆچانت' یش وەك 'گۆچان' واتا بکەینەوە کە لە ژێر گوشاری سەروادا جێناوی /ت/ ی لێ زیاد کراوە. خۆ ئەگەر وابێت،

شیعرەکە عاشقانە وغەرامییەکە ئاو ناپاڵێوێت! شیعرەکە، بە حیسابی ژمارەی کەمی فەردەکانی واهەیە وەك 'قەتعە' بێتە حیساب نەك غەزەل.
خەم بوو بە خەمت: 'خەم'ی یەکەم فارسییە و بە واتای نووشتایەوە هاتووە. 'خەم' ی دووهەم پەژارە و خەفەتە. ئێستا پرسیار ئەوەیە شاعیر کاتێ دەڵێ 'خەم بوو' نیازی لە چییە و دەیەوێت بڵێت چ شتێك نووشتاوەتەوە؟ دیارە بە حیسابی "شێواو و پەرێشانم" دەبێ نیازی لە خۆی بێت، بەڵام بۆچی ڕوونی نەکردۆتەوە و نەیگوتووە باڵام خەم بۆتەوە یان پشتم یان چی؟ بۆچی مەسەلەکەی لە پڕوپێستدا هێشتۆتەوە؟ ئایا بەهۆی گوشاری کێشی شیعرەکەوە بووە کە نەیتوانیوە وشەیەکی دیکە لە میسراعی دووهەم زیاد بکات و نیازی دڵی خۆیمان بە ڕوونی پێ بڵێت؟ یاخود بە دەستەقەسد ئەو پرسیارەی لەبەردەم خوێنەر قوت کردۆتەوە؟
من ئەگەرێکی سێهەمیش لەپاڵ ئەو دوانەی سەرەوە دادەنێم: تۆبڵێی لە بنەڕەتدا میسراعی دووهەم بە شێوەی خوارەوە نەبووبێت: "خەم بووم بە خەمت..."؟ ئینجا دواتر ئەنیسی و جەعفەر، یان تەنانەت خودی شاعیر، ئەو گۆڕانکارییەیان تێدا نەکردبێت؟ ئەم شێوازە نوێیەی ڕستەکە، کێشە و ناتەواوییەکە چارەسەر دەکات بەڵام ئەوە دەست تێوەردانێکی ناپسپۆڕانە و ناشاعیرانە دەبێت لە شیعری شاعیرێکی هەستیار و من خۆم پەسندی ناکەم، باسکردنیشی بۆیەیە کە لە کاتی وردبوونەوە و واتاکردنەوەی وشەکاندا بتەوێت و نەتەوێت ڕووبەڕووی ئەو گرفتە ڕێزمانییە دەبییەوە و ناتوانی چاوی لێ بپۆشی، وەك منیش نەمپۆشی و گوتم!
ئەگریجە: وشەیەکی تورکی یان مغوولییە و لە موکریان گەلێك باوە. هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار بە "بسك و مووی بە سەر لاجانگدا هاتوو"ی واتا کردۆتەوە و واتای فارسی 'زولف' یشی لێ وەرگرتووە. دیارە ئەوە ڕاستە بەڵام تەواو نییە. ئەگریجە، بریتییە لە بسك یان موویەك کە بە سەر لاجانگدا دێتە خوارێ بەڵام بە هۆی شانە کردنەوە هەندێکیش سووڕی پێدەدرێت و بەرەو ڕوومەت خوار دەکرێتەوە. هەر ئەو سووڕ پێدان و ئەو خوار بوونەوەیەشە، کە واتا بە ناوەکەی دەدات و شاعیریش بەهۆی شوبهاندنی بە گۆچانەوە، ئەو خاڵەی بە باشی پێکاوە. ئەگری یان ئەیری، چ تورکی بێت و چ مغوولی، بەواتای خوار و ناڕاستە بەڵام هەنبانە بۆرینە ئاماژەی بەو پێچ و خولەی زولف نەکردووە. واتای 'جە' ی تەنیام نەزانی چییە.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە، هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن // مفعول مفاعیلن

## کەین و بەین

هەچی بووم چوو لە سەر وی، ماڵ و میکنەت
کەچی خۆشیم نەدی لەو، غەیری میحنەت
کە گەندومگوونە ڕوخساری حەبیبم[217]
دەترسم زوو دەرمکەن زۆر بە میحنەت
خەتا ئەووەڵ لە ئادەم بوو، لە حەووا
بە بۆنەی گەنمەوە دەرچوون لە جەننەت
لەسەر ئەو دەرکرام، چ بکەم خودایا،
لەگەڵ یاری ئەوەند بێ شەرت و بەینەت
دڵی نایە بەمن بێژێ بڵێ تۆ
وەکوو شەیتان دەچی بەو کەین و بەینەت!

جەمیان، ١٣٣٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩٨ ی چاپی ئەنیسی، لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە)

---

غەزەلێکی غەرامییە و وەك زۆر شیعری دیکەی ئاوات تەنزێکی نەرم و نیان لە هەندێك فەردیدا هەست پێدەکرێت. دێڕی کۆتاییش کێشەی تێدایە. بەرگۆی قسە لە میسراعی یەکەمدا سێهەم کەسە: دڵێ نایە، بێژێ. بەڵام لە میسراعی دووهەم دا دەبێتە دووهەم کەس، ڕووی قسەی ڕاست لە دڵدارەکەی دەکات و بە گلەییەوە دەڵێ تۆ بەو کەین و بەینەوە لە شەیتان دەچی!
هەچی: هەرچی

---

[217] لە دەقەکەدا وەك حەبیبە هاتووە.

میکنەت: دارایی و ماڵ
میحنەت: مەینەتی
گەندومگوون: ڕەشتاڵە؛ فارسییە. واتە ڕەنگی ڕوخساری یارم ڕەنگێکی گەنمییە و تەواو سپی نییە. جا لەبەر ئەوەی ڕەنگی لە گەنم دەچێت و ئادەم و حەوواش بە گوێرەی موسوڵمانان، لەسەر خواردنی گەنم لە بەهەشت دەرکران، دەترسم منیش زوو بە دەرد و میحنەتەوە لە بەهەشت (کە دەکرێ ویسالی یار بێت) دەربکرێم.
زوو دەرمکەن: باوەکوو بە بێ ڕوونکردنەوە گوتراوە بەڵام لە دوو سێ دێڕی دواتردا کاتێ شاعیر دەچێتە سەر باسی ئادەم و حەوا و جەننەت، ئیتر دەردەکەوێت کە ئەو 'دەرمکەنە'ش دەگەڕێتەوە بۆ بەهەشتی وەعدەپێدراوی ئیمانداران.
دەرمکەن زۆر بە میحنەت: تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیام هەڵەیەکی تێدایە. میحنەت لە فەردی پێشتریشدا هاتووە و شاعیرێکی وەك ئاوات هەڵەی ئەو دووپات کردنەوەی سەروایەی بە قەڵەمدا نایەت ئەویش لە غەزەلێکی پێنج فەردیدا! تۆ بڵێی "دەرمکەن زوو بە زیللەت نەبێت؟ ئەگەر ئەوەش نا، هەر دەبێ شتێکی هاوشێوە بووبێت و بەهەڵە ئەو میحنەتەی لە جێ دانیشتبێت.
گەنم و ئادەم و حەوا: ئینجیل و سەرچاوە مەسیحییەکان لەجیاتی گەنم باس لە سێو دەکەن کە بووە هۆکاری دەرکرانی ئادەم و حەووا لە بەهەشت و نێررانە سەر زەوییان. دیارە هەردوك ئەوانە لە ئەفسانە بەدەر نین و هی سەدە و ساڵانی پێش زانستی پەرەسەندی 'داروینی' ن. مرۆڤ و شامپانزە ٩٨٪ ی جین (ژێن)ەکانیان وەك یەکە، گەنمی چی و سێوی چی!
لە ئادەم بوو، لە حەوا: واتە خەتا سەرەتا لە ئادەم و حەواوە بوو. بەڵام بۆ پاراستنی کێش، بەم شێوەیە ڕایگەیاندووە: لە ئادەم بوو، لە حەووا. دیارە ئەگەری ئەوەش هەیە هەڵەیەك لە ڕاگواستنی شیعرەکەدا ڕوویدابێت.
لەسەر ئەو: ئەمجار شاعیر باس لە خۆی دەکات و دەڵێ لەسەر یارەکەم دەرکرام. ئەوەش ڕوونە. بەڵام ئەوەی ڕوون نییە ئەوەیە لە کوێ دەرکرای؟ لە ماڵ؟ لە دێ؟ ڕاستە بە گوێرەی ئەفسانەکە، ئادەم لە سەر خودی حەوا لە بەهەشت دەرنەکراوە بەڵام بە قسەی ئەوی کردووە و گەنمی خواردووە! لەو فەرهەنگە کۆنە نائینسانییەدا کە بنەمای لە ئاییندایە، پیاو نابێ بە قسەی ژن بکات و ئەگەر کردی، ئەوەی بە سەر دێت کە بەسەر ئادەم هات!

بەینەت: بەڵێن، وەفا

کەین و بەین: کەین بریتییە لە نێوان و بەین (کەین و بەینمان خۆشە) *(هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)*

## تەلەسم

قەدت وەك سەرو و ڕووت هەروەك گوڵ و مووت،
لەپێترا گرتی، سەرتاپا، هەتا ڕووت
هەزاران دڵ سەرەوژێر بەندی زولفت
دەلەرزێن هەروەکوو هاڕووت و ماڕووت
ئەرێ ئەی گوڵ! لەباخی کێ ڕواوی؟
سەراپای قامەتت هەر گوڵ بوو، پشکووت!
برۆ و موژگانی تۆ تیر و کەوانن
بەرەوڕووی دڵ، کە هەر لێتدا و نەبزووت!
"ئیمامی" ماوە حەیران لەو تەلەسمە،
بەبێزارێوە ئەمرت دا و فەرمووت

زەنبیل، ١٣٣٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩٧ ی چاپی ئەنیسی، لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە)

---

غەزەلێکی ڕێك و پێکی غەرامییە. زۆرکەس زاراوە ئەویندارییەکانی ناو شیعری هەندێك شاعیر بە ئاماژەیەکی عیرفانی دادەنێن و لە ئەنجامدا خەڵکانی جیاجیا بە گوێرەی هەڵوێست، بە دوو واتای جیاوازی عاشقانە یان سۆفییانەیان وەردەگرن.
سێ لە سەرجەم پێنج فەردی شیعرەکە پەیوەندیان بە عینوانی شیعرەکەوە هەیە: تەلەسم، هاڕووت و ماڕووت و سەرەوژێر، کە هەموو ئاماژەن بە ئەفسانەی هاڕووت و ماڕووت لە ئەدەبیاتی ئایینی یەهوود و ئیسلامدا.
بە گوێرەی ئەفسانە عیبرییەکان ئەو ڕووداوە لە سەردەمی دوای سولەیمانی نەبیدا ڕوویداوە و ئایەتێکی سووڕەی بەقەڕەی قورئانیش ئاماژە بە هەمان ڕیوایەت دەکات.

به گوێرەی ئەفسانەکە، هاڕووت و ماڕووت دوو فریشتە بوون کە خودا ناردنیە سەر زەوی بۆ ئەوەی خەڵك فێری جادوو بکەن بەو ئامانجەی کە خەڵکەکە جادوو بناوسن و فریوی جادووگەران نەخۆن؛ بەڵام ژنێك بە ناوی زوهرە فریوی دان و ئیتر خودا وەك سزادان، هەتا ڕۆژی قیامەت، سەرەوژێر لە چاڵێکدا لە نێوان عەرز و عاسمان هەڵیواسیون! کامە چاڵ؟ کام ئاسمان؟ وەرە بیاندۆزەوە! 'سەرەندیب'یش کە گوایە دەبێ چاڵەکە لەوێ هەڵکەوتبێت، ئێستا سریلانکای پێدەگوترێت و نە چاڵی لێیە و نە هیچ!

هەندێك یاری کردن بە وشە و دروست کردنی سەنعەتی شیعریی لە غەزەلەکەدا دەبینرێت، وەك هێنانی ڕووت لەگەڵ هاڕووت وماڕووت، یان لە پێتڕا و سەرتاپا بە یەکەوە.

شاعیرانی دیکەی کوردیش بۆ نموونە، نالی و کوردی لە سەر ئەو کێش و سەروایە شیعریان گوتووە و دوور نییە کارتێکەرییان لەسەر ئاوات بووبێت:

*"مەکە ئیخلافی ئەو وەعدەی کە فەرمووت،*

*دەخیلت بم! کە خانەی سەبرە کەم سووت"* (نالی)

یان:

*"بە داوی زووڵف و دانەی خاڵی سەر ڕووت*

*گرفتارە دڵی سەد عاشقی ڕووت...*

لە چاهی ژێری لێوت وا ئەسیرن

هەزارانی وەکوو هاڕووت و ماڕووت" (کوردی)

لە پێتڕا: لە لاقتەوە

سەرەوژێر بەندی زولفت: واتە بە زولفت سەرەوژێر هەڵاوەسراون وەك هاڕووت و ماڕووت.

تەلەسم: تەلیسم، جادوو. بریتین لەو شتانەی کە زوربەی خەڵکی سەردەمی پێش ئێمە باوەڕیان پێیان هەبووە و هەمیشە لێیان ترساون. لە سەردەمی پێش سەرکەوتنی زانست و زاڵبوونیدا بە سەر ئەفسانە ئایینییەکان، کە بە سەدەکانی ناوەڕاست دەناسرێت، هەر لەم ئوروپای ناوەندی شارسانیەتەی ئێستاشدا، نەك هەر پشیلەی ڕەشیان گرتووە و بە ناوی جادووگەییەوە سووتاندوویانە، بەڵکوو مرۆڤی موو نارنجی و سپی پێست (زاڵ)یان بە جادووگەر زانیوە و کەس وەخۆی نەگرتوون و هەندێك جار سووتاندووشیانن؛ بۆ هەموو ئەو وەحشیگەرییانەش پاساوی ئایینیان هێناوەتەوە و

ڕیوایەتی فلانە قیددیس و قەشەی بیلمەزیان کردۆتە بەڵگە. زانست و فەلسەفەی عەقڵیی سەدەکانی دوای شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا، عەقڵ و هەڵسەنگاندنی زانستیی کردە جێگری ئەو باوەڕە پڕوپووچانە و بەختەوەرانە شەوقێکی ئەو ڕووناکییەش گەیشتە ناوچەی ژیانی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین.

بە بێزاریوە: بە ناقایلی و بێزارییەوە. دەبێ نیازی شاعیر تیری ئەوینێکی یەك لایەنە بێت کە دڵداری ناڕازی لە دڵی عاشقی داوە و لەوێدا ماوەتەوە گەرچی بە هۆی هەمان ئەو یەك لایەنە بوونی ئەوینەوە، تیرەکە بە بێزارییەوە هاوێژراوە.

# به ناوی تۆ

به یادی تۆیه دەچنم خونچه وگوڵ
به تیری تۆیه کون بوو دڵ، دەدا چڵ
به بۆی شەوبۆی گوڵی کوڵمت دەسوورێم
دەڕۆم ئەم دار و ئەو دار، ئەم چڵ، ئەو چڵ
له نێو زولفی ڕەشتدا هەر دەخوێنێ
شەوێ تا ڕۆژ دڵم وەك پیرەبولبول
له زولف و خەتت و خاڵی تۆ دروست بوون
وەنەوشه و سوورەگوڵ، شەبۆ و سونبول
بەخێریی نێرگسی شەهلا، له باخان!
چراخانه له خۆشیی تۆ له نێو گوڵ
ئەوا بۆنی گوڵی تۆی کرد "ئیمامی"
به بێهۆشی له خۆشیان هەر دەدا خول

کانیبەن، ١٣٣٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٧٧ و ٧٨ ی چاپی ئەنیسی و ١٠٣ ی دیوانی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکه له چاپی ئەنیسیدا 'بەیادی تۆ'یه. لەبەر ئەو ڕاستییەی له شیعرەکەدا عیبارەتی 'به ناوی تۆ' نابینرێت، من عینوانی ئەنیسیم پێ وێچووترە.
هەر دوو چاپەکه ساڵی ١٣٣٠ ی هەتاوی (١٩٥١ ی زایینی) یان وەك ساڵی گوترانی شیعرەکه و گوندی 'کانی بەن'یان وەك شوێنەکەی تۆمار کردووە. کانی بەن کەوتۆته باشووری زەنبیل و گەردیگلان و قاقلاوا. ساڵی ١٣٣٠ له ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، وەك پاشماوەی ئێران، نیمچه ئازادی و دڵخۆشییەك هەبوو و بۆ ئەوە دەبوو شیعری عاشقانەی تێدا بگوترێت، که ئەوەتا ئاواتیش گوتوویەتی!

شیعرێکی ساکاری عاشقانەیە لە بەحرێکی ساکاری عەرووزیدا، گرێ وگۆڵی تێدا نییە. دەربڕینی ساکاری هەستی شاعیرە بەرانبەر بە دڵدارێك کە زۆر واهەیە مەجازی بێت.
لە پێکهێنانی سەروا بۆ شیعرەکەدا شاعیر دوو پیتی /ل/ و/ڵ/ ی وەك یەك بینیوە و لە شەش فەردی شیعرەکەدا سەروای سێیانی بە /ڵ/ و سێیەکەی تری بە /ل/ هەڵبەستووە.
چڵ: زۆر وەستایانە لە دوو فەردی یەکەم و دووهەمدا بە دوو واتای جیاواز هاتووە: لە یەکەمدا چڵدانە وەك لێدانی دەمار و لە دووهەمدا چڵ و لقی دارە. دڵ و چڵ جیناسێکی ناتەواویان پێ دروست کراوە.
دەسوورڕێم: لە نووسینی پەخشاندا دەبوایە 'دەسووڕڕێمەوە' بوایەت: بە بۆی شەوبۆی گوڵی کوڵمی تۆوە دەسووڕڕێمەوە و ئەم دار و ئەو دار دەکەم... بەڵام ئەوە شیعرە و سەروگوێلاك شکاندنی وشە و ڕستە لە شیعری هیچ میللەتێکدا تاوان نییە، بە مەرجێك وەستایانە و پسپۆڕانە بکرێت نەك ڕەمەکی!
زوڵف و خەت و خاڵی تۆ بە حیسابی پێشینیان 'لەفف' ن، بەڵام 'نشر'ەکەیان لەجیاتی سێ دانە، بۆتە چوار (وەنەوشە، سوورەگوڵ، شەوبۆ و سونبول)، هەر بۆیەش لف و نشرێکی پڕبەپێستی لێ دەرنەهاتووە. هەربۆیەش تاقە ڕێگە ئەوەیە دوو گوڵی یەکەم واتە وەنەوشە و سوورەگوڵ بە زوڵفەوە پەیوەند بدەین و دوو گوڵی دواتر واتە شەوبۆ و سونبول بە خەتی یارەوە.
چراخانە لە خۆشیی تۆ لە نێو گوڵ: لام وایە ئەگەر حەرفی ئیزافەی 'لە' دووپات نەکرابایەتەوە و شێوازێکی دیکە بە دەربڕینی هەستەکە بدرایە، شیعرەکە جوانتر دەبوو.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

## قوربانی وەفاتم

غەرقم لە غەمی هیجری تۆ، بۆیە کز وماتم
زولفی وەکوو زنجیرتە ئەسپابی نەجاتم
بیخە ملم و بمخە قەراغێ بە سەری خۆت!
ئەی سەروی بڵندقامەتی شیرین‌حەرەکاتم!
لەو ڕۆژەوە من کەوتمە نێو بەحری غەمی تۆ
ڕۆشن بووە لای ئەهلی وەفا عەهد و سوباتم
هەرچی لە دڵتدایە بەبێ ترس و خەم و بیم
بیکە لەگەڵم، گیانە، بە قوربانی وەفاتم
مەعلوومە کە تۆ خاوەنی جوانیی و جەماڵی
هەرچەندە نییە ماچێ لە لێوت بە زەکاتم
وەك لەعلی بەدەخشانتە گوڵ، خەندە سیفاتە[218]
بۆیە وەکوو بولبول بە هومێد و بە تەماتم
"کامیل" کە وەها غەرقە لە گێژاوی غەمی تۆ
تۆ خوا بگرە دەستی، عەزیزم، بە فیداتم!

گەردیگلان، ١٣٣٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٦٨ و ٦٩ ی چاپی ئەنیسی و ١١٣ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شێعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'گێژاوی خەم' ە. هەردوو سەرچاوە گوندی گەردیگلان و ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوییان بۆ شوێن و ساڵی گوترانی شیعرەکە دیاری کردووە کە دەکاتە ساڵی ١٩٥١ی زایینی.

---

[218] . دەقی چاپی ئەنیسی و جەعفەر: وەك لێوی بەدەخشانتە

شیعرێکی عاشقانەیە باسی زنجیری زولف و ماچی لێو و قامەتی بڵێندی یار دەکات و خوازیاری وەفاداری و زەکاتی ماچە لە لێوی وەك لەعلی بەدەخشانی ئەو.
لە ئەدەبی کوردی و فارسیدا ڕەنگی سووری لێوی یار بە لەعل شوبهێنراوە کە بەردێکی سووری قیمەتییە:
*"لێوی لەعلت جنێوی داوە بەمن*
*ڕقی بنیادەمە، منیش گەستم!"*
(مەلا عیسامەددین شەفیعی)
لەعلی بەدەخشانیش دەبێ لەعلێکی نایاب بووبێت. بەدەخشان ناوچەیەکە ئێستا لە نێوان ئەفغانستان و تاجیکستاندا دابەش کراوە و بە خاوەنایەتی لەعلی چاك ناسراوە؛ شارێکیش بەو ناوەوە هەیە. لێوی وەك لەعلی بەدەخشان لێوێکە شاعیرانی کورد و فارس پێیاندا هەڵگوتووە. نموونەی کوردی:
تاهیربەگی جاف:
*"لێوت کە وەکوو لەعلی بەدەخشانە بە ئاڵی..."*
ئەحمەد موختاربەگی جاف:
*"دەمت خونچە، قەدت سەروە، لەبت لەعلی بەدەخشانە"*
***نموونەی فارسی،***
خواجوی کرمانی:
*"با عقیق لب او لعل بدخشان کم گیر*
*با گل عارض او لاله نعمان کم گیر"*
لە هەردوو دەقی دیوانی چاپکراوی ئەنیسی و جەعفەردا ئێمە شاهیدی ئیستیعارەیەکین کە بریتییە لەوەی ئاوات لەجیاتی گوتنی 'گوڵ وەك لەعلی بەدەخشانتە'، گوتوویەتی 'گوڵ وەك لێوی بەدەخشانتە'. دەکرێ شاعیرێك کە دەیەوێت شتێك یان دیاردەیەك بە شتێکی دیکە بشوبهێنێت، ناوی دووهەم لەجیاتی یەکەم دابنێت کە پێی دەگوترێت ئیستیعارە؛ بۆ نموونە لەجیاتی چاوی وەك بادام، تەنیا بادام دابنێت یان لەجیاتی دەمی وەك خونچە، تەنیا خونچە بنووسێت. لێرەدا شاعیر کەڵکی لەو سەنعەتە شیعرییە وەرگرتووە و لەجیاتی لەعلی بەدەخشان گوتوویەتی لێوی بەدەخشان. بەڵام ئەگەرێك هەیە کە هەڵەیەك ڕوویدابێت و لەجیاتی 'لێوی بەدەخشان' نووسرابێت 'لەعلی بەدەخشان'. دیارە ئەودەمیش هەمان سەنعەتی ئیستیعارە لە شوێنی خۆیدایە بەڵام شوبهاندنێکی ئاسایی لێوی یار دەبێت بە لەعل و ناوی ناوچەی بەدەخشان کێشەیەکی لەسەر نابێت.

هەست دەکەم لێرەدا ئاوات کارتێکەریی شیعرێکی نالی لەسەر بێت کە دەڵێ:
"ئەی تازە جەوان! پیرم و ئوفتادە و کەوتووم
تا ماوە حەیاتم
دەستێ بدەرە دەستی شکستەم کە بەسەر چووم
قوربانی وەفاتم..."
فەردی یەکەم: واوی وشەی 'تۆ' دەبێ کورت بخوێنرێتەوە تا کێشی فەردەکە تێک نەچێت.
ئەسپاب: هەمان ئەسبابی عەرەبییە، چەشنێك کورداندنی وشەکەیە.
بە سەری خۆت: تۆ سەری خۆت! سوێنددانە.
سوبات: نەجووڵان؛ بێ هەرەکە مانەوە. سابیت قەدەمی
بیم: ترس (فارسییە).
خەندە سیفات: کەسێك یان شتێك کە سیفەتی پێکەنینی هەیە وەك خونچە کە دەکرێتەوە و ئەو کرانەوەیە دەیکاتە گوڵ.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

## تەرازووی خێر و شەڕ

حیسابی خۆم دەکرد ئەمڕۆ لەگەڵ ئیحسان و عیسیانم
کەچی ئەم گەییە ئاسمان، ئەو لە عەرزە، ماڵی وێرانم!
تەرازووی خێر و شەڕ ئێستا کەوایە، ئەی خودا ڕەحمێ!
لە عیسیانم کەسر کە، بیخە تای خێرات و ئیحسانم
بەبێ تاعات و خێر و زیکر و فیکر و چاکە، سەرشۆڕم
لە نێو عالەم چلۆن تا ئێستە ماوم، چۆن بوو؟ نازانم!
بەشەر میوانە یا ڕەب تۆی کە خاوەن سفرە و خوانی![٢١٩]
بەڕێز گیراوە میوان و لەسەر ئەو سفرە میوانم
ئەگەر فەرمووت برۆ لەم سەرزەمینە، دەچمە ژێر عەرزی
بەڵام لەو ژێرزەمینەش‌دا توفەیلی خوانی سوڵتانم
بە ڕەحم و لوتفی تۆوە گەر بڕۆم باکم نییە هەرگیز
ئەگەرچی جێم لە ژێر عەرزە، لە سەر تەختی سولەیمانم
سەراپا نوورم و ڕووناک، ئەگەر لوتفت لەگەڵ من بێ
بە شەوق و زەوقەوە دەمرم، شەمی شامی غەریبانم
ئەگەر لوتفت نەبێ، دوور بێ، لە تاریکیی و تەنیایی[٢٢٠]
قڕم دێت و دەڵێم: کوا یارەکانی جاری‌جارانم؟
لە ژێر باری گرانی مەعسیەت لەو گۆڕەدا "کامیل"
دەڵێ: ئەی خاك بەسەر خۆم! کوا ئەمن ئەو کۆڵە دەتوانم؟

زەنبیل، ١٣٣٠ ٥ هەتاوی

---

[٢١٩] . هەردوو چاپی ئەرنیسی و جەعفەر: خاوەن سفرە وو خوانی
[٢٢٠] . چاپی ئەنیئسی: تاریکی یو تەنیایی

(لاپەڕە ٤ ی چاپی ئەنیسی و ١٢٦ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا، "چاکە و خراپەم"ە.

پاڕانەوەیەکی ئاسایی ئیمانداریکی موسوڵمانە لە خودا بۆ لێبووردن لە گوناهەکانی و بەزەیی پێداهاتنی دوای مردن. خودا لێرەدا ئەگەر مرۆڤی مردوو بە گوناهبار بناسێت، هەر لە کاتی چوونە ناو گۆڕەوە ئازاری دەدات تا دەگاتە ڕۆژی قیامەت و پردی سیڕات و دۆزەخێکی ئەبەدی. شاعیر لە هەڵسەنگاندنی کار و کردەوەی چاك و خراپیدا هەست دەکات تای تەرازووی کردەوەی خراپی قورس ترە و خۆی بە سەرشۆڕی دەرگانەی خودا دەزانێت و داوای ڕەحم و لوتفی لێدەکات بۆئەوەی لە گوناهەکانی ببوورێت. ئەو ترسەی وا لە دڵی شاعیردایە، ترسی ئاسایی ئیمانداریکی موسوڵمانە کە هەموو ژیانی لە ترس و لەرزی مردن و گۆڕەوشار و جەهەننەمی خودایەکی تۆڵەئەستێندا دەباتە سەر.

ئیحسان و عیسیان: شاعیر دەڵێ ئیحسانم ئەوەندە کەم و عیسیانم بەڕادەیەك زۆرە، کە تای تەرازووی یەکەمیان لە ئاسمانە و دووهەمیان لە زەوی! هەر بەو حیسابەش، سەنعەتی لف و نشر ی موشەووەشی لە چوار ووشەی ئیحسان و عیسیان و زەوی و ئاسمان دروست کردووە. هەروەها بە ئیحسان و عیسیان هەم سەنعەتی 'تضاد" یا مطابقەی دروست کردووە و هەم چەشنە جیناسێکی ناتەواو. لە ئاسمان و عەرزیش سەنعەتی 'تضاد" دروست کراوە.

تاعات و خێر و زیکر و چاکە: هەرچواریان 'مترادف'ن و سەنعەتی 'مراعات النظیر'یان پێ دروست کراوە.

بەڕێز گیراوە میوان: واتە ڕێز لە میوان گرتن نەریتێکە خەڵك هەمیشە ڕەچاویان کردووە.

سەرزەمین و ژێر عەرزی: سەنعەتی 'تضاد"یان پێ دروست کراوە.

توفەیلی:کەسی سەرباری خەڵکی دیکە.

خوان: سفرەی نان خواردن

باك: ترس

ژێر عەرز و سەر تەخت: سەنعەتی 'تضاد"یان پێ دروست کراوە.

نوور و ڕووناك و شەم لەلایەك و شامی غەریبان لە لایەکی تر، سەنعەتی 'تضاد"یان پێ دروست کراوە. نوور و ڕووناکیش 'مراعات النظیر'ن. 'شەم' و 'شام'یش جیناسی ناتەواون.

ئەگەر لوتفت نەبێ دوور بی...: هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەر بە "دوور بی" تۆماریان کردووە، وئەگەر وابێت، نازانم واتای فەردەکە دەبێتە چی. بەڵام بە بۆچوونی من، "دوور بێ" یە نەك دوور بی. ئینجا، سەرجەم واتای فەردەکە دەبێتە ئەوەی کە دەڵێ: دوور بێت، ئەگەر تۆ لوتفت نەبێت لەگەڵم، لە تەنیایی و تاریکیدا قڕم دێت و ...

ئەو کۆڵە: کۆڵەباری مەعسیەت و گوناهە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## بێ پەڕ وباڵ

قەت بە غەمی کۆنەوە[221] وەرناکەوم
ڕۆژ و شەو و لەیل و نەهار ناسرەوم
غوسسە لەسەر غوسسە دەخۆم بێ وچان
گەرچی لەژێر باری گران نانەوم
ڕەحمی خودا زۆرە، بە ئوممێدی ئەو
ڕادەبوێرم بەڵێ ڕۆژ و شەوم
غەم وەکوو شاهین بەروڕووم[222] دێ بەقین
ئەمنی هەژاریش بەخودا وەك کەوم
بێ پەڕ وباڵ هاتمە بەر دەستی ئەو
تاکوو بە یەکجاری بەلاداکەوم!

جەمیان، ١٣٣٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩٣ ی چاپی ئەنیسی و ١٣٤ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'غەمی تازە' یە.
ڕۆحێکی شۆڕشگێرانە بە تان وپۆی شیعرەکەدا گەڕاوە، کە بە هاسانی هەستی پێدەکرێت. ئەوە لەگەڵ هەڵوێستی سیاسیی شاعیر و سەردەمی گوترانی شیعرەکەدا یەك دەگرێتەوە. ئێرانیساڵانی نێوان ١٣٢٧ و ١٣٣٢ ئاوسی شۆڕش و ڕاپەڕین بوو کە لە ئەنجامدا تەقییەوە و گەیشتە ئاکامی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن دوکتۆر محەممەدی موسەددیق و "جبهه ملی" و هەڵاتنی شا بۆ دەرەوەی وولات، بەڵام

---

[221] . ئەنیسی: غەمی تازەوە
[222] . جەعفەر: بەرەوڕووم دێ. ئەم شێوازە هەندێك کێشی شیعرەکە قورس دەکات.

ڕاپەڕینەکە دواتر هەرەسی هێنا و کۆدیتای ئەمپریالیستیی ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ و گەڕانەوەی شا و دامەزرانی دەسەڵاتی ڕەشی "حکوومەت نیزامی" ی تەیموور بەختیار و گیران و ئیعدامی ئازادیخوازانی بە شوێندا هات. بارودۆخی ئەو ساڵانە لە شیعری زۆر شاعیری کوردی ڕۆژهەڵاتدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە، شیعری "دەبڕۆ ئەی شاهی خائین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ!"ی مامۆستای نەمر هێمن ڕاست لەو سەردەمەدا گوتراوە کە محەممەدڕەزاشای پەهلەوی لە ژێر گوشاری ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا هەڵات، سەرەتا چوو بۆ بەغدا و لەوێوە گەیشتە ئیتالیا.

شاعیر لە ساڵی گوترانی شیعرەکەدا سێ ساڵێك بووە لە زیندانی شا هاتۆتە دەرێ، زیندانێك کە دوای هەرەسی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٥ [١٩٤٧] دەستی پێکردوە و دوو ساڵی خایاندوە (یڕوانە سەرەتای دیوانی ئاوات چاپی ئەنیسی، بەشی "ژیانی ئاوات بە قەڵەمی خۆی"، لاپەڕە یازدە).

باوەڕی ئایینی شاعیریش لە شێعرەکەدا بە باشی دەردەکەوێت. بنەماڵەی شاعیر شێخی تەریقەت و خاوەن تەکیە و خانەقا بوون و ئێستاش هەر هەن، ئاواتیش مەلای دوازدە عیلم و پێش نوێژی مزگەوتی گوندەکەی خۆی بووە.

هەندێك وشە و تەعبیری ڕەسەنی کوردی وەك وەرناکەوم، نانەوم، ڕادەبوێرم، بەروڕوو (شێوازێکی دیکەی 'بەرەوڕوو') و بەلاداکەوم، شیعرەکەیان ڕازاوەتر کردووە.

ئاوایی جەمیان، کە شیعرەکە لەوێ گوتراوە، کەوتۆتە نزیك تورجان و زەنبیل و قاقلاوا و لە شێخ چۆپان دوور نین، کە هەموویان سەر بە "کۆگوند" یان "دیهستان"ی تورجانن و کەوتوونەتە باشووری ڕۆژئاوای بۆکان و باکووری ڕۆژئاوای سەقز. هەندێك لەو گوندانە بە ملکی هی بنەماڵەی شاعیر واتە شێخانی زەنبیل و حاجی بابەشێخی سەیادەت بوون.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

سریع مسدس مطوی مکشوف: مفتعلن مفتعلن فاعلن

## من و شادی

فکر و حەواس و هۆش و عەقڵ، ڕێك بڕاوە لێم
ڕێگەی هومێد و سەبر و قەرار بەستراوە لێم
چت‌کرد خودا، لەگەڵ منی پیرەگەماڵی خۆت!
شووشەی دڵم بە تیشەیی ئاهم شکاوە لێم
وەی‌وەی چ ئاورێکە کە بەربۆتە جەرگ و دڵ
هەر خاتراتی تۆیە، دڵم وا شکاوە لێم[٢٢٣]
خۆشی مەگەر بە خەو بە دڵمدا بکا عبوور
ڕیشەی برایەتی من و شادی پساوە لێم
"کامیل"! مەکە ئەوەندە سکاڵا و دەردی دڵ
هەرگیز مەڵێ کە دەرکی خودا داخراوە لێم

زەنبیل، ١٣٣٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٨٩ ی چاپی ئەنیسی و ١٤٨ و ١٤٩ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا 'دەرکی خودا'یە. بە بۆچوونی من هیچکام لەو دوو عینوانەی ئەنیسی و جەعفەر دادی شیعرەکە نادەن باوەکوو بێ پەیوەندیش لەگەڵ ناوەرۆکەکەی نین. بابەتی سەرەکیی شیعرەکە ژیانی ناخۆش و بێ هیوایی و بێقەراری و چەشتنی ناخۆشییە و هەربۆیەش دەکرا عینوان لەو بابەتانە وەربگیرایەت بۆ نموونە بنووسرایە 'سکاڵا' یان 'ئاوری جەرگ و دڵ' یان 'دڵی شکاو' و .... هتد.

[٢٢٣] چاپی ئەنیسی: شکاوە، لێم

شیعرێکی ئاساییە لە ڕیزی شیعرەکانی دیکەی ئاوات بە ناوەرۆکی گلەیی لە بارودۆخی ژیانی شەخسیی خۆی، کە هیوای دواڕۆژی لێ بڕیوە؛ لە ئەنجامیشدا هانای بردۆتە بەر خودا.

فکر و حەواس و هۆش و عەقڵ: مراعات النظیر، چوار چەمکی تا ڕادەیەك هاو واتا و هاوبەش، کە بەشوێن یەکتردا هاتوون.

ڕێك: سەرپاك، هەموو، سەرجەم.

پیرە گەماڵ: ئاوات لە خودا و پێغەمبەری ئیسلامدا تواوەتەوە و وەك موسوڵمانێکی سوننەتی لە بەرانبەر ئەواندا خۆی لە کەمیش بە کەمتر دادەنێت وەك چۆن ناوی 'پیرە گەماڵ'ی خودای لەخۆی ناوە. ئەو تەعبیرانە لە شیعرەکانی دیکەی ئاواتیشدا کەم نین و بەگشتی، ئەو خۆ بچووك کردنەوانەی ئیمانداران لای خودا و گەورەپیاوانی ئایین، لە نێو موسوڵماناندا هەمەگیرن.[٢٢٤] ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر فەلسەفەی ژیان و تێگەیشتنی موسوڵمانان لە پەیوەندی نێوان خالق و مەخلووق- پەیوەندێك کە ڕیشەی لە ئایینی مووسادایە و لەو وەرگیراوە؛ دەنا پەیوەندی خەڵك لەگەڵ خودا بۆ نموونە، لە ئایینی مەسیحدا نەك هەر پەیوەندی عەبد و مەعبوود نییە بەڵکوو پەیوەندێکی نزیك و گەرمی نێوان کوڕ و باوك (اب و ابن)ە؛ ئیتر کە دەچیە سەر ئایینەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین (بۆ نموونە بوودیسم (بووزی)، گەرم وگوڕتر و ئینسانیتریش دەبێت.

شووشە و تیشە: سەنعەتی مطابقەیان پێ دروست کراوە. تیشە بە کوردی هەمان تەشوێ یە و لەگەڵ شووشەدا ناسازگار و دژبەرە. هەروەها جیناسێکی ناتەواون و لەبەر دووپات بوونەوە و دەنگدانەوەی پیتی /ش/ لە گوێچکەدا، دەکرێ بڵێین مۆسیقای داخڵیی پیتی /ش/ یان هەیە.

تیشەی ئاە: تەرکیبێکی جوانە. ئاە نەرم و نیانە بەڵام شاعیر کردوویە بە ئامێرێکی تیژی بەهێز، کە دەتوانێ شووشەی دڵی بشکێنێت.

وەی - وەی: ئای ئای!، ئۆف، نیشانەی بە داخەوە بوون (فرهنگ فارسی – کردی دانشگاه کردستان، بەرگی ٣)

هەر خاتراتی تۆیە: خاتراتی کێ؟ شاعیر بە هێنانەوە بیری کێ دڵی شکاوە؟ ئەو کەسە، گەلۆ دڵدارێکی سەردەمی لاوەتیی شاعیرە یان دۆستێکی خۆشەویستیەتی یان

---

[٢٢٤] من فیلمێکی خەبەریم لە تەلەفیزیۆندا بینی کە ئیماندارانی شیعە لەکاتی چوونە سەر قەبری ئیمام حوسەین، بە چوار دەست و پێ دەڕۆیشتن و لەعەینی کاتدا، دەوەڕین بۆ ئەوەی بڵێن ئێمە سەگی دەرگانەکەتین.

کێ؟ خاترات و دڵ شکان بۆ خودا و پێغەمبەر نابێت. مەگەر بڵێین ئەوە 'خاتر'ە نەرك خاترات و بۆ نموونە، فەردەکە لە بنەڕەتدا ئاوا بووە: "بۆ خاتری ئەتۆیە دڵم وا شکاوە لێم" کە ئەودەم میسراعەکە لەپەیوەندی بەشەکانی دیکەی شیعرەکەدا دەبێت و سەرجەم غەزەلەکە دەبێتە ئایینی. بەڵام کوا ئێمە مافی ئەوەمان هەیە دەستکارییەکی ئەوتۆی هەردوو دیوانەکە بکەین؟ دیارە بە بۆچوونێك لەمەڕ خەسلەتی تێکنیکیی غەزەلەوە، دوور نییە بتوانین بڵێین بەشەکان (واتە فەردەکان)ی غەزەل هەرکام دەتوانن سەربەخۆ و خاوەنی مانای جیاواز بن؛ لەو فەردەشدا شاعیر لە شیعرێکی ئایینییەوە بایداوەتەوە سەر بابەتێکی لیریك. من ئەو بۆچوونەشم زۆر بە دڵ نییە و زیاتر لەگەڵ ئەوەدام کە ئاوات نیازی لە خاترات، هەمان خاتر بووە.

بە دڵمدا بکا عبوور: شیعرەکەی نالیمان وەبیر دێنێتەوە کە لە قەسیدە ناسراوەکەیدا وا نۆستالژی  لێ دەبارێت، شاری سلێمانی وەبیر دێنێتەوە و بە بادی خۆش مروور دەڵێ:

"...هەتتا نەکەی بەخاکی سولەیمانییا عوبوور...".

دەرکی خودا داخراوە لێم: دەرکی خودا بریتییە لە دەرگانەی پەشیمانی و تۆبە و گەڕانەوەی ئیمانداران بۆ لای خودا. ئیماندار هەرگیز وەك ئەوینداری ناو ئەو شیعرە فۆلکلۆرییەی لێ بەسەر نایەت کە تێیدا دەگوترێت: "دەرك و دەروازە داخراوە لێم" واتە هەمیشە ڕێگای پەشیمان بوونەوەی بۆ ئاواڵەیە!

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

# بەهاری تازە

ئەوا چەمەن بە عیشقی گوڵ، دەری شەعەف دەکاتەوە
بە فەڕشی بەرگی نەستەرەن، بیساتی ڕادەخاتەوە
لە هەر چڵێك و هەر گوڵێ، نەوایی بولبولی حەزین
لە هەر کونێك و قوژبنێ، سەدایی دڵ دەداتەوە
چنار و سەرو و نارەوەن، بە دەم نەسیمی بەربەیان
وەلەرزە کەوتن و دەچن، بە پیر دەمی حەیاتەوە
دەمی نەسیمە وا کە دێ، نەسیمی موشكبۆی گوڵ؟[225]
وەیا شەمیمی دڵستان، بە موژدەیی نەجاتەوە؟
سریلە هاتوچۆیەتی، بە سرتە گفتوگۆیەتی
بە سروە پێم دەڵێ ئەوا بەهاری تازە هاتەوە
عەجەب بەهاری دڵگوشا، قەدەم بە خێر و جانفەزا
چ خۆشە بایە وادەکەی، کە دێتە نێو وڵاتەوە
ژیاوە دڵ بە سروەکەی، گوڵاتەشین گەشایەوە
هەرەس کشاوە سەر چیا، فەقیرە زۆر بە ماتەوە!
بڵێ قشوونی گوڵ بەدڵ وەدەرخە تاکوو فرسەتە
بە تەپڵ و تۆپەوە وەرە، بە لەشکر و سوپاتەوە
ئەمن لە تالیعی ڕەشم، جەماڵی ڕووتە ئارەزووم
خزابوە هەوری نەگبەتی، ئەویش ئەوا هەڵاتەوە[226]
لەبەر کزەی مرم سەبا، کە خونچە هاتە پێکەنین
خەمی هەزار ساڵە ئەو، لە بیر بەشەر دەباتەوە

---

[225] چاپی جەعفەر: موشك بۆیی
[226] چاپی جەعفەر: خزابووە

"ئیمامی" وەك سریلەكان لەگەڵ دڵی قسان دەكا
ئەویش بە سرتە پێم دەڵێ: بەهاری تازە هاتەوە

کانیبەن، ١٣٣٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢١٤ و ٢١٥ ی چاپی جەعفەر. لە چاپی ئەنیسیدا دەرنەكەوتووە)

---

یەك لە غەزەلە كۆنەكانی ئاواتە و ٣٥ ساڵ پێش چاپی دیوانی ئامادەكراوی ئەنیسی گوتراوە بەڵام لەوێدا نەهاتووە؛ هۆكارەكەی نازانم دەبێ چی بێت جگە لەوەی بڵێین لە كاتی چاپی كتێبەكەدا، لەبەردەست نەبووبێت.
غەزەلێكی سوار و بن بزۆكەیە. زۆر شاعیری كورد و فارس لەو بەحرەدا شیعریان گوتووە.
غەزەلێكی بەهارییەیە و شاعیر بە بەهاریدا هەڵگوتوە، زۆر واهەیە كاتی گوترانی شیعرەكەش هەر بەهاری ساڵی ١٣٣٠ [١٩٥١] بوویێت. بەڵام ئەگەرێكی دیكەش دەتوانێ هەبێت: ساڵی ١٣٣٠ تا ٣٢ لە فەزای سیاسیی ئێراندا چەشنە ئازادییەك هەبوو و ئەوەش زۆركەسی دڵخۆش كردبوو؛ دەكرێ پێمان وابێت ئاوات لەو فەزا خۆشەدا نەفەسی كێشاوە و شێعرەكەی مۆركی ئەو شادی و خۆشییەی بەسەرەوەیە. بەڵام ئەگەری پێشتر كە بەهاری سروشت بێت، بەهێزترە.
شیعرەكە گەلێك وشەی عەرەبی و فارسی تێدایە و وێدەچێت ئاوات سڵی لەوە نەكردبێتەوە كەڵك لە تەركیباتی زمانە بێگانەكان وەربگرێت. بۆ نموونە هەر لە فەردی یەكەمدا عیشق و شەعەف و بساط و فەرش عەرەبین و دەر و بەرگ و نەستەرەن فارسین، كە دیارە هەندێكیان خۆماڵی كراون و وەك دەر و فەرش و یەك دوانێكیان بێگانە دەنوێنن وەك شەعەف و بیسات.
شەعەف: شادی
بەرگ: لێرەدا پەڕەی گوڵی نەستەرەنە.
چڵ: لقی دار و گوڵ و گیا
حەزین: خەفەتبار
سەدایی دڵ دەداتەوە: چی سەدای دڵ دەداتەوە و كام دڵ؟ لام وایە نەوای بولبولە، كە لە هەموو كون و قوژبنێكەوە گوێت لێدەبێت و سەداكەش سەدای دڵی بولبولە.
سەدایی دڵ دەداتەوە: مۆسیقای داخلیی دەنگی / د/ ی تێدا بەرگوێ دەكەوێت.

دەمی حەیات: نەفەسی ژیان لە نەسیمی بەربەیانەوە دێت و دارەکان بە شنە و جووڵەی لق وپۆپ و گەڵاکانیان بەرەوپیری دەچن.
بەدەم. نەسیمەوە چوون: بەرەوپیری نەسیم چوون و پێشوازی لێکردنی.
نەسیم: شنەبای بەربەیان.
دەم: لە فەردێکدا دووجار هاتووە. دەمی یەکەم بەدەم شتێکەوە چوونە بە واتای وەڵامدانەوە و موافەقە کردن لەگەڵ ئەو شتە. دەمی دووهەم بە واتای نەفەس و هەناسەیە؛ لە فارسیدا دەگوترێ دم و بازدم و بە عەرەبی، شەهیق و زەفیر.
دەمی نەسیم: لە فەردی پێشتردا بەدەم نەسیمەوە چوون بوو و لێرەدا دەمی نەسیمە بە واتای هەناسەی نەسیم.
موشك بۆ: بۆنی مسك، خۆش عەتر و بۆن. موشكی فارسی هەمان مسكی كوردییە.
شەمیم: بۆنی خۆش
موژدەیی نەجات: نەجات لە چی؟ لام وایە دەبێ لە زستان بێت.
نەسیم و شەمیم: جیناسێکی ناتەواویان پێ دروست کراوە.
سریلە: ١. مەلێکی بچووکی جوانە دوو پەڕی وەك دوو شاخ لێ بەرز بۆتەوە. ٢. سیسرك (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار) لێرەدا بە واتای یەکەمە.
سرتە: قسە کردن بە ئەسپایی
سروە: بای بسکان، شنەبا، شنە، کزەبا (هەنبانە بۆرینە)
بای وادە: "بایەکە ١٨ ڕۆژی بمێنێت بۆ نەورۆز هەڵیدەکات و بەفر دەتوێنێتەوە" (فەرهەنگی زمانی یەکگرتووی کوردیی هاوچەرخ لە سەر ئینترنێت)؛ بای بەهار کە بەفر دەباتەوە. بای عەهد و پەیمان.
سریلە و سرتە و سروە: مۆسیقای دەنگی / س/ یان لێ دێتە گوێ.
بە سروە پێم دەڵێ: لە ڕێگای شنەباوە پێم ڕادەگەیێنێت.
دڵگوشا: ئاواڵەکەرەوەی دڵی بەخەفەت کەیل؛ سیفەتێك بۆ بەهار.
جانفەزا: شتێك کە گیان و ژیان و تەمەن زیاد دەکات. سیفەتێك کە لێرەدا بۆ بای وادە هاتووە. فارسییە
گوڵاتەشین: گوڵ+ئاتەش+ین واتە گوڵێك کە وەك ئاگر وایە. ئەم ناوە لە شیعری نالیشدا هاتووە:

*"گەرمی و تەڕی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە*
*پشکۆی گوڵاتەشین بە نەسیم بوو گەشایەوە..."*

گل آتشی= گل سرخ (فرهنگ معین).بەگوێرەی فەرهەنگی فارسیی موعین، گوڵاتەشین، گوڵەباخە.
هەرەس کشاوە سەر چیا، فەقیرە زۆر بە ماتەوە: واهەیە جوانترین میسراعی شیعرەکە بێت. نازانم ئەو تەعبیرە لە شیعری شاعیرانی دیکەی پێش ئاواتدا هاتووە یان نا، بەڵام جوانە. هەرەس ڕنووە، بەفری سەرچیایە کە دەخزێتە خوارەوە. لە بەهاردا سەرەتا داوێنی چیا لە بەفر پاك دەبێتەوە ئینجا وردە وردە دەگاتە لووتکە. شاعیر هەرەسی وەك لەشکری شکاو یان کەسێکی شکست خواردوو بینیوە کە بە ماتی و سەربەژێری دەکشێتە دواوە و پاشەکشێ دەکات.
بڵێ...: بە هەرس بڵێ. دەگەڕێتەوە بۆ فەردی پێش خۆی. واتە بە هەرەس بڵێ تا دەرەتانی ماوە، هەرچی سوپا و لەشکری هەیە بە تەپڵ و تۆپەوە (دەنگی هەورەتریشقەی بەهار و چەخماخە لێدانی)، بیانهێنێت.
جەمالی ڕووت: ئەگەر جەمال بە ڕوخساری مرۆڤ بزانین، ئەودەم 'ڕووت' بە واتای ڕووت و بێ ڕووبەند و بێ بەرگ دەبێت؛ بەڵام ئەگەر جەمال بە واتای جوانی وەربگرین، ڕووت دەبێتە ڕوو+ت= ڕووی تۆ.
شاعیر بە هێنانی قشوون و تەپڵ و تۆپ و لەشکر و سوپا، مراعات النظیری دروست کردووە.
ئەمن لە تالیعی ڕەشم...: من ئارەزووم ئەوە بوو ئەو جەمال و ڕوخسارە ڕووت و بێ ڕووبەندەی تۆ ببینم، بەڵام ئەو لە هەور پێچرابوو و نەمدەدیت، ئێستا ئەویش هەڵاتەوە. چی هەڵاتەوە؟ هەور؟ ئەگەر وابێت دەبێ جەمالی یاریش لەگەڵ هەورەکە ڕۆیشتبێت و لەبەر چاو نەمابێت چونکوو ئەو بە 'هەوری نەگبەتی' ناوی لێ دەبات واتە هەورێك نییە یارمەتی ئارەزووی شاعیر بدات. هەرچۆنێك بێت، فەردێکی ڕازاوە و جوانە.
لەبەر شتێك مردن: واتە خۆ بەقوربانی ئەو شتە کردن. شاعیر خۆی دەکاتە قوربانی کزەی سەبا، کە بە هیممەتی ئەو خونچە پێکەنیوە و گوڵ کراوەتەوە. ئەوەش خەمی کۆن لەبیر مرۆڤ دەباتەوە.
ئیمامی وەك سریلەکان: شاعیر دەڵێ سریلە بۆ دڵی خۆیان قسە دەکەن، منیش هەروا. دڵیشم بە ئەسپایی پێم دەڵێ بەهاری تازە هاتۆتەوە!
بەهاری تازە: ئەوەندەی من بزانم ئێمە بەهارێکمان هەیە کە لە ڕۆژی نەورۆزەوە دەست پێدەکات و نەوبەهارێکیش کە نزیکەی مانگ و نیوێك دواتر دەگاتێ. ئەو

نەوبەهارە گەلێك جار لەگەڵ بەهاری ئەسڵیدا بە هەڵە وەردەگیرێت. ئەگەر ئەو نەوبەهارە لە ئارادا نەبێت، ئەودەم بەهاری چەمکی تازە واتایەکی نابێت؛ هەموو بەهارێك دوای زستان دێت و هاتن بەڵێ بەڵام تازە بوونی بەهار مەعنای نییە. شاعیریش لێرەدا وێدەچێت تووشی هەمان هەڵە هاتبێت.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن مقبوض: مفاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن

## تۆبە بێ!

من سەگێکی ڕووت وقووتی ڕانەکەی تۆم، تۆبە بێ!
پەت لە مل، ئامادەباشی شوانەکەی تۆم، تۆبە بێ!
تۆ تەبیبی حازیقی دەرد و بەڵای، من دەردەدار
دڵنەخۆش و چاوەڕێی دەرمانەکەی تۆم، تۆبە بێ!
برسیی و بێواز و بێهێزم، لە دەرکت کەوتووم[227]
چاوەڕێی لوقمێکی چەور و نانەکەی تۆم، تۆبە بێ!
گەر بڵێم لەو نەسلە پاکەم، خۆ درۆ ناکەم، بەڵام
ڕووی دەوێ لەو نەسلە بم، گاوانەکەی تۆم، تۆبە بێ!
نیسبەتی خاشاك لەگەڵ گوڵزاری باغی جەننەتت[228]
چۆن بکەم من؟ خاکی دەرکوبانەکەی تۆم، تۆبە بێ!
تۆ شەهەنشاهی جیهانیی و ئەمیری ئینس و جان[229]
من فەقیرم خۆ، گەدای دەربانەکەی تۆم، تۆبە بێ!
هەستە "کامیل" ڕوو دە دەرکی سەییدی سەروەر بکە!
هەر بڵێ قوربان! سەگی ئاسانەکەی تۆم، تۆبە بێ!

جەمیان، ١٣٣٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٠ و ١١ ی چاپی ئەنیسی و ٢٣٣ ی چاپی جەعفەر )

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە و ئەویش بەشێك لە ڕەدیفی "تۆم تۆبەبێ"ی شیعرەکەیە. غەزەلەکە 'مردف' ە.

---

[227] چاپی ئەنیسی: برسی یو
[228] چاپی ئەنیسی: جەننەتێ
[229] چاپی ئەنیسی: جیهانی یو

غەزەلێکی ئایینییە و لە ستایشی پێغەمبەری ئیسلامدا گوتراوە. ئەو شێوە پێداهەڵگوتنەی پێغەمبەر لە شیعری شاعیرانی دیکەی کورد وەك شێخ حەسەنی مەولاناوایی و ئەحمەدی کۆر و زۆر شاعیری دیکەشماندا بینراوە.
من سەگێکی...: ئەوەی مرۆڤ خۆی بە سەگی بەر دەرگای پێغەمبەر و ئیمام و شێخ و ... بزانێت، بۆ ئایینی ئیسلام سەمەرە نییە کە خەڵك هەموو عەبد واتە کۆیلەی خودان و ئەوەش گەلێك جیاوازە لە پێگەی مرۆڤ لە مەسیحییەت و بویسم دا، بەڵام زۆر نزیکە لە ئایینی مووسایی.
پەت لەمل: درێژەی بۆچوونی میسراعی پێشترە، کە لەوێدا گوتی: من سەگێکی...
ئامادەباش: تەعبیرێکی فارسییە بە واتای حازر بوون بۆ خزمەت و کار کردن.
تەبیبی حاذق: عەرەبییە، طبیب حاذق پزیشکی لێزان و لە دەردو ئازار تێگەیشتووە.
بێ واز: بەکوردیکراوی بێ وەزع وحاڵە بە واتای بێ تاقەت و ناساغ.
لەدەرکت کەوتووم: درێژەی هەمان بۆچوونی فەردی یەکەمە، کە شاعیر خۆی بە سەگی بەردەرگای شاعیر داناوە و دەڵێ وەك ئەو، منیش لەبەر دەرگات کەوتووم.
چاوەڕێی لوقمێکی چەور و نان: ئەوەش لە هەمان بابەتی فەردی یەکەمە. چاوەڕوانی پارووبەکی چەور و لەتە نانێکی تۆم، کە دیارە ئەویش بریتییە لە ئاوڕدانەوە و لێپرسین و بەخشین، یان تکای بەخشین بۆ کردن، لە لایەن پێغەمبەرەوە لە ڕۆژی قیامەت.
نەسلی پاك: نەوەی پاك، جیلی پاك، ئاماژەیە بەوەی شاعیری شیعرەکە سەیید بووە و سەیید بە "ئەولادی پێغەمبەر" دەزانرێت.
ڕووی دەوێ: یانی کەسێك قسەی وا بکات دەبێ ڕووهەڵماڵراو و بێ حەیا بێت؛ بەڵام من وا نیم، کەوابوو گاوانی تۆم!
خاشاك: تۆز وخۆڵ و بابردەڵە؛ شتی سوکی بێ قیمەت کە با بتوانێت بیبات، وەك پەڕی کا. فارسییە.
دەرك وبان: بەردەرگای ماڵ، شوێنی گشتی بۆهاتوچۆی خەڵك.
ئەمیری ئینس و جان: واتە سەروەر و ئاغای هەموو ئینسان و جندۆکان، کە لە باوەڕی بەشێك لە خەڵکدا، پێغەمبەری ئیسلامە.
سەییدی سەروەر: نیاز لەو سیفەتەش هەر پێغەمبەری ئیسلامە کە بە گوێرەی باوەڕی موسوڵمانان، گەورە و سەروەری هەموو مەخلووقاتی خودایە.
دە دەرکی: لە دەرکی. شێوەزاری ناوچەی مەهابادە.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە، رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## بولبولی ئاواره

ئەی تەیری دڵی وەحشی! تاکەنگێ پەرێشانی؟
تاکەی بە هەوەس دەفڕی، مەفتوونی گوڵستانی؟
هەرچەندە بەهارت دی، ئەمما چ بەهارێکە؟
بێزەمزەمەیە بەزمی، بێڕەونەقە بوستانی
گوڵ کاتی خەزانی هات، بولبول هەموو ئاوارەن
ئاوازی حەزینی نەی، گوێ بگرە لە ئینسانی
شەو بۆنی نییە شەوبۆ، بولبول بە تەمای چی بێ؟
هەڵنیشێ بە ئومێدی خونچێکی سبەینانی
گوڵ بۆتە دڕوو، قەولیش پاك بوونە درۆ ئەمساڵ
کوا یاری وەفادارم، دەست و دڵی جارانی؟
ڕەحمەت لە غەم و دەردم، بەو دووانە ئەمن ناسیم
پاکی کەس‌وکاری خۆم، یاری بە مەسەل گیانی
داخۆ لە چ لاییکە ئەو یاری کە ڕووخۆشە[230]
گوێچکەی فەلەکی کەڕ کرد، کوا کۆمەك و ئیحسانی؟
کوا نەعرەیی شێرانەی لەم کاتە کە داماوم؟
لەم بەحرە کە خنکاوم کوا هیممەتی جارانی؟
تۆخوا بڵێ بەو شەخسە، جاران کە دەهات دەیکوت:
من یاری وەفادارم، دەستی من و دامانی!
ئەمڕۆکە گلۆڵەی من کەوتۆتە سەرەولێژی
هیچ‌کەس نییە خاس بێژێ، تا خۆ کەمە قوربانی[231]

---

[230] چاپی ئەنیسی: لە ڕووخۆشە
[231] چاپی جەعفەر: خاس بێژی

خێرایەکی هەستێ بێ، پیاوانە، من و دڵ زوو
لەم گێژ و خولی چەرخە دەربێنێ بە ئاسانی
هیچ‌کەس نییە هاوارکا "کامیل" لە چ لایێکە؟
بۆ کوێ چووە بێ‌چارە؟ کوان هەمدەم و یارانی؟

جەمیان، ١٣٣٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٥٥ و ١٥٦ ی چاپی ئەنیسی و ٢٤٥ و ٢٤٦ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا، "گلۆڵەم کەوتە لێژی" یە. غەزەلێکی پڕ لە هەستی ئینسانییە لە لایەن کەسێکەوە کە بە تەنیا ماوەتەوە و بەجێ هێڵراوە؛ بەو تەعبیرە شیعرێکی پڕ لە نۆستالژییە. هەر بۆیەش عینوانی "بولبولی ئاوارە" لەگەڵیدا دێتەوە.
من هەندێك دڕدۆنگم و دڵنیا نیم ئایا گلەیی و بناشتی شاعیر شەخسییە یان گشتی و هەمەگیر بۆ گەلەکەی و وڵاتەکەی؟ لە دۆخێکی ئەوتۆدا دەبێ سەیری ژیننامەی شاعیر بکرێت. بەختەوەرانە ئێمە دوو ژیننامەی شاعیرمان لەبەر دەستدایە. یەکەمیان کە هەر خۆی نووسیویەتی و لە دیوانی چاپی مامۆستا ئەنیسیدا چاپ بووە، تەنیا ئاماژە بە ساڵ و شوێنی ژیانی خۆی لە دەوروبەری ساڵی ١٣٣٠ [١٩٥١ و ٥٢] دەکات، بەڵام سەرەتای چاپی ئاغا سەید جەعفەری کوڕی شاعیر ڕوونکردنەوەی زیاتری تێدایە کە یارمەتیدەرمانە. لەبیرمان نەچێت کە شیعرەکە بە شایەدیدانی هەردوو دیوان، لە ساڵی ١٣٣٠ ی هەتاوی [١٩٤٨] لە گوندی 'جەمیان'ی نزیك زەنبیل گوتراوە.
کاك جەعفەر سەبارەت بە ژیانی ئەو ساڵانەی شاعیر دەنووسێت:
*"...پاش دوو ساڵێکی زیندان، ساڵی ١٣٢٧ ی هەتاوی ئازاد دەکرێ، بەڵام کە دێتەوە، بە سەر خەزنەی بەتاڵ و هەواری خاڵیدا دەکەوێ وماڵێکی ڕەق و ڕووتی بۆ دەمێنێتەوە. بۆ ئەوەی دەستی بکرێتەوە، ئەو سێ دانگەی ملکی 'گەردیگلان' کە بوویەتی، دەیدا بە گوندی 'جەمیان' و لەگەڵ مامی دەیگۆڕێتەوە و لە باقیدا مێگەلە مەڕێکیش وەردەگرێت و ماڵی دەچێ بۆ وێ. بە کورتی و کوردی، پاش ئەوەی سەوداکەی سەردەگرێ و کاروباری تەواو دەبێ و دەکەوێتە پێ وشوێنی سەنەد [تاپۆ]ی جەمیان، بۆی جێ بەجێ نابێ و لەبەر ئابڕووی خۆی و بنەماڵەی، دەنگ ناکا و بە داری دەستی دەچێتەوە زەنبیل و لە ماڵی کاکی پەنا دەگرێ..."* (شاری دڵ، لاپەڕە ٤٥).

ڕوونکردنەوەیەك: بە گوێرەی ئەو زانیارییەی لێرەولەوێ وەرمگرتوون، ئاوات ئاڵوگۆڕی گوندی گەردیگلان و جەمیانی لەگەڵ یەك لە کوڕانی مامی خۆی کردووە و دوای تەواو بوونی سەودا و هەوڵدان بۆ تاپۆ کردنی، تێگەیشتووە کە جەمیان ملکی ئەوقافە و ناتوانێ ببێتە ملکی هیچ کەسێك و بەناوی کەسیشەوە تاپۆ ناکرێت! بەڵام حەیا بەخۆیی ئاوات و مەسەلەی خزمایەتی و ئیرادەتی زۆری بە حاجی بابەشێخ، وای لێدەکات دەنگی دەرنەیەت و ناڕەزایی دەرنەبڕێت.

کاتێ ئەو زانیارییانە دەخەمە پاڵ یەك و دەگەڕێمەوە سەر ئەم شیعرە، ئەودەم تێدەگەم کە لایەنی شەخسی لە ناوەرۆکی شیعرەکەدا گەلێك قورسترە لە لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی و لە ئەنجامدا، ئەو ئاماژە و ئیشاڕاتەی ناو شیعرەکە دەبەمەوە سەر ئەو ڕووداوە شەخسی و بنەماڵەییە.

شیعرەکە پەشیمانی لە هەوڵ و هەڵسووڕانێك دەردەخات کە هی ڕابردووە و شاعیر خۆی تێیدا بە بەرپرسیارێك دەزانێت کە بە شێوەی پێویست لێی ورد نەبۆتەوە و ئێستا دەستی بۆ بە ئەژنۆدا دەدات. ئەو هەوڵ و هەڵسووڕانە واهەیە بە ئیخلاس و نزیکایەتی خۆی بزانرێت سەبارەت بە ماڵی مام و ئامۆزاکانی. سەرتاپای ١٢ فەردی شێعرەکە بەو بیرۆکەیە ئاخنراوە.

مەفتوون: ئەویندار، بێدڵ

زەمزەمە: ئاوازی هێمن و لەسەرخۆ، دەنگی خۆش، جریوەی مەل.

ڕەونەق: ڕەواج، برەو

گوڵ کاتی خەزانی هات: ئێستا بەهارە بەڵام گوڵ [کە دڵی شاعیر بێت] هەست بەو بەهاربوونەی ناکات و ئێستا وەك کاتی پایزە بۆی.

خەزان: وەرزی پایز. جیاوازە لە گەڵاڕێزانی زاراوەی هەورامی.

حەزین: خەفەتبار

ئینسانی: ئینسان. شێوەی موکریانیی وشەکەیە.

شەو بۆنی نییە شەوبۆ: هەموو شتێك پێچەوانەیە!

سبەینانی: سبەینان. شێوەی موکریانیی وشەکەیە.

گوڵ بۆتە دڕوو: ئەوپەڕی بێ هیوایی شاعیر لێرە دەردەکەوێت کە دیاردەکان نەك هەر بە پێچەوانەی خواستی خۆی، بەڵکوو دژ بە یاسا پەسندکراوەکانی سروشت (و کۆمەڵگاش) دەبینێت.

یاری وەفادار: کێیە؟ من بە نەمر حاجی بابەشێخی دەزانم کە ئاوات پەنای بۆ دەبات و دەیەوێت لەسەری بکاتەوە و خۆی گوتەنی، 'بەخشندەیی جاران'ی هەبێت.

ڕەحمەت لە غەم و دەردم...: من کەس وکاری خۆم بە غەم و دەردەوە ناسی، واتە خزمەکانم جگە لە غەم و دەرد هیچیتریان بۆ من پێ نەبوو.

پاك: هەموو

یاری بە مەسەل گیانی: تەنز و تەوسی تێدایە. ئەو کەسەی کە دەبوایە یاری گیانی بێت، وا نییە و ئەویش کەس وکارەکەی خۆمە!

ئەو یاری کە ڕووخۆشە: لە چاپی ئەنیسیدا وەك "لەڕوو خۆشە" هاتووە. ئەگەر پرسەکە هەر لێرەدا بهێڵینەوە واهەیە گومان بکەین بڵێی کامیان ڕاست بن؟ بەڵام کاتێ میسراعی دوای خۆی دەبینین کەلە درێژەی ئەم میسراعەدایە، ئەودەم لە سەر ئەوە سوور دەبین کە عیبارەتی "کە ڕووخۆش" ڕاسترە.

گوێچکەی فەلەکی کەڕ کرد: واتە ئەو کەسە (یاری بە مەسەل گیانی) کە هەموان دەڵێن ڕووخۆشە و بانگەوازی ڕووخۆشییەکەی گوێی فەلەکی کەڕ کردووە، ئەی کوا ڕووخۆشی و کۆمەك و ئیحسان کردنەکەی؟ لام وایە ڕووی قسە لە حاجی بابە شێخ بێت.

نەعرەی شێرانە: لێرەدا دەنگ بەرزکردنەوە دژ بە بێعەداڵەتییەکە، کە دەرحەق بەو کراوە و پێیەوە داماوە.

تۆخوا...: تۆبی خودا بەو شەخسەی وا جاران دەهات و دەیگوت من یاری وەفاداری تۆم بڵێ دەست من و دامانی!

گڵۆڵە کەوتنە لێژی: کینایەیە لە نەهامەت و بێ بەختی و ڕاست نەبوونی دۆخی ژیان.

خاس بێژێ: چاکم بۆ بڵێت، لەسەرم بکاتەوە. زاراوەی بەشی ڕۆژهەڵاتی بۆکان و هەروەها هەموو ناوچەی سەقزە. دەبێ ئەوە بێت کە ئاوات چاوەڕوان بووە مامی لەسەر ئەو بکاتەوە و لە کێشەکەدا لایەنی بگرێت.

پیاوانە: ئازایانە. ئەم تەعبیرە ڕەنگی ژێندەری پێوەیە و ئێستا کەڵکی لێ وەرناگیرێت. دەکرێ بگوترێ ئازایانە یان شێرانە یان شتێکی دیکەی هاوچەشن. پیاوانە دەبێ لەگەڵ وشەکانی پێش خۆی بخوێنرێتەوە: خێرایەکی پیاوانە هەستێ و بێت.

من و دڵ: دەبێ لەگەڵ میسراعی دوای خۆیدا بخوێنرێتەوە

"کامیل" لەچ لایێکە؟: واهەیە ئاماژەبێت بە تەریك کەوتنەوەی شاعیر لە جەمیان و پاشان چوون بۆ ماڵی کاکی لە زەنبیل- وەك لە ژیننامەکەدا هاتووە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

# نامەی بانگهێشتن

قەدەم هەڵێنە خۆش کە خاتری تەنگ!
بەپێی خۆت بێنە شادی و کەیف و ئاهەنگ
خەریکی ڕشتنی ڕەنگی عەرووسین
بەبێ تۆ ڕیسی ئێمە ناگرێ ڕەنگ
ئەتۆ سەرقافڵەی ڕێگەی مرادی
منیش کوێستانە ڕێگەم، قافیەم تەنگ
ئەوا چاوم لە سەر ڕێتە بەبێ هەست
ئەوا ڕۆحم لە بەر پێتە، بەبێ دەنگ
دڵی بێچارە بۆ تۆ وەك کەبابە
نیە بێتۆ، شەڕابی ناب و گوڵڕەنگ
هەموو ئەسپابی شادی، گردوکۆیە
کەچی بێ تۆ تەرازووی عەیشە لاسەنگ
وەرە، تۆ سەیقەڵی بۆ قەلبی "کامیل"
بە لوتفت لابەرە گیانە لە دڵ ژەنگ

گوندی شێخچۆپان، ١٣٣١ی هەتاوی
(لاپەڕە ٦٧ ی چاپی ئەنیسی و ٩٨ ی چاپی جەعفەر).

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "کارتی دەعوەت"ە، کە هەمان واتای نامەی بانگ هێشتنی هەیە و لە فارسیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت باوەکوو نیوەی عەرەبی بێت و نیوەی دیکەی فەرەنسی! ناوەرۆکی شیعرەکە لەگەڵ ئەو دوو عینوانەدا ڕێك دیتەوە.
من لە سەر نوسخەکەی چاپی ئەنیسی ئەم یادداشتەم نووسیبوو: "بۆ کێ؟" پرسیارەکە دوای بڵاوبوونەوەی چاپی جەعفەریش وەڵامی وەرنەگرت. کاك جەعفەر لە پەراوێزی

شیعرەکەدا نووسیویەتی: "دەعوەت بۆ شایی کوڕی گەورەی، خوالێخۆشبوو سەید تاهیری ئیمامی". واتە کاك جەعفەرهۆکاری گوترانی شیعرەکەی ڕوون کردۆتەوە بەڵام بەرگۆی شیعرەکەی دەست نیشان نەکردووە و نەینووسیوە شاعیر شیعرەکەی ڕوو لە کێ نووسیوە و بۆ کێی ناردووە. ئەگەری زۆر بەهێز لای من ئەوەیە شیعرەکە وەك داوەتنامە بۆ زۆر کەس لە دۆست و برادەرانی شاعیر نێررابێت. ناوەرۆکی شیعرەکەش گشتییە و بۆ ئەوە دەبێت ڕووی لە خەڵکانی جیاواز بێت. کەوابوو، ئاوات لە لایەن خۆیەوە ئەو شیعرەی ناردووە بۆ ئەو دۆست و برادەرانەی وا دەبوایە بانگهێشتنیان بکات.
هەندێك سەنعەتی بەدیعی لە شیعرەکەدا هەن کە دەبێ کورتە ئاماژەیەکیان پێ بکرێت: شادی و کەیف و ئاهەنگ (بە واتای جەژن) مراعات النظیریان تێدا بەکار هاتووە و لەگەڵ خاتری تەنگدا 'متضاد'ن (مطابقە). ڕشتن و ڕەنگ و ڕیس لە یەك بابەتن و دەکرێ بە مراعات النظیر دابنرێن. قافڵە و قافیە جیناسی ناقیسن. ڕێگەی مراد و ڕێگەی کوێستان (بەواتای شوێنی ئەستەم و دەست پێ ڕانەگەیشتوو) متضادن. شەراب و کەباب و ناب مۆسیقای دەروونیی پیتی /ب/ یان لێ دەبیسترێت و شەڕاب و کەبابیش میسداقی مراعات النظیرن. سەیقەل و ژەنگیش ناتەبان و متضاد.
گەرچی شیعرەکە لە مەقوولەی ئیخوانیاتدایە و شەخسی و بنەماڵەییە، کە بۆ خزم و کەس و کار و دۆست و برادەری نزیك بە شاعیر نێرراوە. لە باری مێژووییەوە گرنگایەتی ئەوەیە لە ڕێگەی ئەوەوە دەزانرێت سەید تاهیری کوڕە گەورەی شاعیر کە ماوەیەك پێشمەرگەی حزبی دیموکرات و لە باشووری کوردستان دەژیا، لە کۆنگرەی دووهەمی حزبی دیموکراتیشدا (ساڵی ١٣٤٣) وەك ئەندامی 'کومیتەی چاوەدێریی بەرز' هەڵبژێررابوو، ماوەیەك دوای سەرهەڵدانی ناکۆکی و دووبەرەکیی نێوان دوو باڵی حزب گەڕایەوە ئێران و لێرەدا دەردەکەوێت کە لە ساڵی گوترانی شیعرەکەدا ئیتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و لە گوندی شێخ چۆپانی مڵکی باوکی لە نزیك گوندی زەنبیل، هاوسەرگیری کردووە.
شیعرەکە تەعبیری ئەستەمی تێدا نییە. لە فەردی دووهەمدا ڕشتن واتای ڕژاندنی هەیە و ڕژاندنی ڕەنگی شتێك واتە ئامادەکاری بۆ ئەو شتە و لێرەدا بۆ ڕێ و ڕەسمی 'عەرووسی' کوڕە گەورەی شاعیر، گەرچی چەشنە ئاماژەیەکی بۆ کرداری ڕستنیش تێدا بەدی دەکرێت و دەتوانرێت بە وشەی ڕیسی ناو میسراعی دووهەمەوە پەیوەندی

بدرێت. وشەی 'ڕەنگ' ئاڵقەی پەیوەندیدەری سەرەکییە لە نێوان میسراعی یەکەم و ڕیس و ڕەنگ گرتنی میسراعی دووهەم.
قافیە تەنگی، جیا لە واتای نزیکی کەم بوونی قافیە بۆ شاعیر لە شیعرەکەدا، ئیهامیشی تێدایە و واتا دوورەکەی بریتییە لە سەخڵەت بوونی ژیانی شاعیر (بە گشتی ئابووری، بەڵام دەکرێ سیاسی یان کۆمەڵایەتیش بێت).
مراد لە سەیقەل، پاك بوونەوە لە ژەنگ و بێ خەوش بوونی دڵی شاعیرە و شاعیر دەڵێ بە هاتنی تۆی میوان، دڵی ژەنگ لێدراوم سەیقەلی لێدەدرێت و پاك دەبێتەوە. دیارە 'صیقل' ی عەرەبی زاراوەیەکی عیرفانیشە و بەواتای لابردنی ڕەنگی 'تعلق' بە دنیایە لە سۆفیانی سافیدا کە من سەید کامیل بە نموونەیەکی ئەو سۆفییانە دەزانم.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل

## شاری موحەببەت

باش خەستە و بێچارە و ئاوارەیە بابت
چاك شێتی قەد و زولفییە، پەتیارەیە بابت
ترساوە لە ڕەشماری وەکوو زولفی درێژی
دایم[232] کە بە فکر و غەمی ئەو مارەیە بابت
نەردی دەگەڵی کرد، لە ئەو ماچ و لەمیش ڕۆح
دۆڕاندی، ئەوا ڕۆحی چوو، بێچارەیە بابت
دایناوە سەری، ڕۆیوە بۆ شاری موحەببەت [۲۳۳]
چونکە بەخودا شوهرەیی ئەو شارەیە بابت

کانی بەن، ۱۳۳۱ ی هەتاوی
(لاپەڕە ۱۰۳ ی چاپی ئەنیسی و ۷۷ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
وێدەچێت ئاوات ئەم شیعرەی ڕوو لە منداڵێکی خۆی گوتبێت لەبەر ئەوەی ڕەدیفی هەر چوار فەردەکە "...ەیەبابت"ە. بەڵام کام منداڵ، ڕوون نییە و سەد بریا ئەنیسی و بە تایبەت جەعفەر کە کوڕی شاعیرە، ئەوەی لە خوێنەر ڕوون بکردایەتەوە.
پرسیار: کاتێ شاعیر دەڵێ "چاك شێتی قەد و زوڵفییە، پەتیارەیە بابت" دیارە دەبێ شێتی قەد و زوڵفی کەسێك بێت و ئەو حاڵەتەی خۆی بۆ کەسێکی دیکە بگێڕێتەوە؛ واتە باسی ئەویندارییی خۆی دەکات لای کوڕ یان کچێکی خۆی. ئەم مەتەڵۆکەیە هەڵهێنانی ئەستەم نییە: ڕووی قسەی سەید کامیل لە یەك لە منداڵەکانی خۆیەتی و

---

[۲۳۲] . داییم، چاپی ئەنیسی
[۲۳۳] مەحەببەت، چاپی ئەنیسی

دەردی ئەوینی خۆی بۆ ئەو دەگێڕێتەوە. من وای بۆ دەچم کە بەرگۆی قسەکان یەك لە کوڕەکانی بێت نەك کچەکانی.
پرسیارێکی دیکە ئەوەیە شاعیر لای کوڕ یان کچەکەی خۆی باسی ئەوینی کێ دەکات؟ واتە شاعیر شێتی قەد وبالای کێیە و لە ڕەشماری زوڵفی کێ ترساوە، ماچی لە کێ خواستووە و ڕۆحی بە کێ دۆڕاندووە؟ ئەو کەسە بێگومان کچ یان ژنێکە بەڵام کێ؟ گراوییەك یان یەك لە کچەکانی خۆی یان تەنانەت هاوسەرێك لە هاوسەرانی خۆی؟ بابزانین لەو سیانە کامیان گونجاوترە:
ئەگەری سێهەم واتە ئەوەی لە شیعرەکەدا باسی هاوسەرێکی خۆی بکات لە ڕاستی گەلێك بەدوورە لەبەر ئەوەی شاعیرانی هاوتەمەن و هاوبیری ئاوات لە ناوچەکە (هەژار، هێمن، هێدی، خاڵەمین، حەقیقی، نووری و...) هیچکامیان کاری وایان نەکردووە و بە گوێرەی ئەخلاقیاتی نەریتیی عەشیرەتی، ئەوە کارێکی پەسند نەبووە ئەویش لە شێخ و شێخزادەیەکی وەك سەیدکامیل.
با لە ئەگەرەکانی دیکە بکۆڵینەوە:
شیعرەکە لە ساڵی ۱۳۳۱ ی هەتاویدا گوتراوە کە دەکاتە ساڵی ۱۹۵۲ و ۵۳ ی زایینی و بەگوێرەی ژیننامەی شاعیر لە هەردوو چاپی دیوانەکەدا، دەبێ سەید کامیل لەو ساڵەدا ٤۹ ساڵان بووبێت؛ کەوابوو ئەگەری یەکەم لەو تەمەنەدا لاوازە و دوور دەبینرێت کەوتبێتە داوی ئەوینی کچێکەوە.[٢٣٤] گەرچی لەڕێگەی ژیننامەی دیوانی چاپی جەعفەرەوە دەزانین سەید کامیل چوار جار هاوسەرگیریی کردووە بەڵام چوارەم کەسیان واتە 'خەجیجە خانم'ی لە ساڵی ۱۳۲۳ واتە ۸ ساڵێك پێش گوترانی ئەو شیعرە مارە کردووە.
بەم پێیە، ئەگەری ئەویندارییش زۆر لاوازە و تەنانەت ئەگەر شتێکی وا بشبوایەت واهەبوو بۆ منداڵەکانی خۆی نەگێڕێتەوە! کەوابوو، دەبێ بیر لە ئەگەری دووهەم بکرێتەوە و ئەوەی کە شیعرەکە هەر بۆ یەك لە منداڵەکانی خۆی گوترابێت. ئەم شێوازە پێداهەڵگوتنی قەد و زولفەش لە لایەن شاعیرێکەوە بۆ کچێکی خۆی نائاسایی نییە و شاعیریش وەك هەموو مرۆڤێکی دیکە دەتوانێ ڕەشماری زولفی کچی خۆی بە

[٢٣٤] . بەگشتی ئەوان عاشقی 'سێبەر' بوون و گراوییەکانیان مەجازی نەبێت هیچ نەبوون، یان ئەگەر بوون لە سەردەمی لاویەتی و تازە پێگەیشتوویيدا بوون و درەنگتر لای کەم لە "ملاء" و لە ناو دەفتەر و دیوانیاندا باسیان لێوە نەکردوون. شیعرێکی مامۆستا هەژار هەیە کە خۆی دەڵێ لە سەردەمی نەخۆشی و غەریبایەتی وڵاتی سۆڤیەتدا بۆ مەعسوومە خانمی هاوسەری گوتووە بەڵام بە 'نەسرین' ناوبردەی کردووە.

جوان ببینێت و بە تەمای ماچکردنیشی بێت. کەوابوو، بە حیسابی ئەم ڕیس وگوریسەی من، دەبێ شیعرەکە بۆ یەك لە کچانی شاعیر گوترابێت، بابزانین کامیان:
بە گوێرەی ژیننامەی سەیدکامیل کە لە دیوانی چاپی جەعفەردایە، سەیدکامیل چوار کچی بووە: یەکەمیان زبێدە خانم و چوارەمیان ئایشێ خانمە. کچی دووهەم و سێهەم دوانە بوون و هەر لە تەمەنی دوو سێ ساڵاندا مردوون ناویشیان لە ژیننامەکەدا نەهاتووە. لە ساڵی گوترانی شیعرەکەدا زبیدە خانم ٢٠ ساڵان بووە و ٥ ساڵ دوای شیعرەکە وەفاتی کردووە. ئایشێ خانم لەدایکبووی ساڵی ١٣١٥ یە و لە ١٣٣١ دا ١٦ ساڵان بووە. بەداخەوە بە بێ یارمەتی بنەماڵەی شاعیر نازانرێت ڕووی شیعرەکە لە زبێدەخانمی ئەودەم ٢٠ ساڵانە یان ئایشێ خانمی ١٦ ساڵان کە هەردوکیان لە ڕوانگەی منەوە گونجاون. بێ ئەوەی هۆکارێکم بۆی هەبێت هەست دەکەم واهەیە یەك لە کچەکانی شاعیر نەخۆش کەوتبێت و ئەویش بەو شیعرە لاواندبێتیەوە.
گەرچی بەرچاوم لەوبابەتەوە ڕوون نییە، بەڵام ئەگەر بۆچوونەکانم تا ئێستا ڕاست بن، لە "فەحوا"ی ئەو سێ چوار دێڕە وا هەست دەکەم کە کچی شاعیر نەخۆش کەوتبێت و ئەویش بەو شیعرە لاواندبێتیەوە یان لەو سەردەمەدا مێردی کردبێت و ویستبێتی بە میوانی بێتەوە ماڵی باوان بەڵام سەید کامیل لەو ڕۆژەدا سەفەری شاری کردبێت و ئەم شیعرەی بۆ بەجێ هێشتبێت. دیارە هەموو ئەوانە حەدسیات و مەزندە نەبن هیچ نین لەبەر ئەوەی دەکرێت شاعیر وەك زۆر شاعیری دیکە عاشقی عیشقێکی مەجازی بێت و ئەو گراوییە تەنیا لە مێشکی ئەودا بێت و بوونی دەرەوەیی نەبێت!
ئێستا بزانین شاری موحەببەت کە شاعیری دەچێتێ کوێیە؟ بە گوێرەی جوغرافیای ناوچەکە، دەبێ شاری سەقز یان بۆکان بێت. کانی بەن گوندێکی سەقزە و بە ئەگەری زیاتر دەبێ شاری موحەببەتی شاعیریش هەر سەقز بێت بەڵام شوهرە بوون و ناو بەدەرەوەبوونی شاعیر زیاتر لە بۆکان بووە و بەم پێیە، دوور نییە شاری جێی ئاماژەی ئاوات بۆکانیش بێت.
شیعرەکە وشەیەکی نامۆی تێدا نییە.
پەتیارە: پەتەری، گەللایی (هەنبانە بۆرینە)؛ مخلوق اهریمنی، دیو، زشت (فرهنگ فارسی معین)؛ شاعیر ئەو سیفەتەی بە خۆی داوە و دەبێ واتای شێت و بێ سەروپێی لێ وەرگرتبێت.

"ديناوه سەری"، کە سەرەتای فەردی چوارەمە، دەبێ لە درێژەی فەردی سێهەمدا بخوێنرێتەوە.

بەحری عەرووزی شیعرەکە:
هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن.

## وەكوو فەرهاد

بە وتاری وەكوو قەند، تووتیی شەككەرشكەنم
بە چپەی خۆش و ورنگ، بولبولی باغ و چەمەنم
بێموحابانە و پەروا[235] دەگەڕێم و دەگریم
شەمی هەر كۆڕم و پەروانەیی هەر ئەنجومەنم
گەنجی تەبعم كە لە نێو كونجی دڵا دیوەتەوە
هەمە سەرمایە، شوكور خاوەنی بەیتولحەزەنم
لە ژیان گەر نییە بەند دەستی شكاوم، چاوم
چاوەڕێی خوێندنی یاسین و بڕینی كەفەنم
وەكوو فەرهادی بە با چوو هەموو ڕەنج و كارم
بێستوونی خەمی دڵ هەر بە موژان هەڵدەقەنم
سەری خۆی ناوە "ئیمامی" وەكوو مەجنوونی هەژار
هەر دەڵێ شێتم و ئاوبردەیی دار و دەوەنم

كانیبەن، ١٣٣١ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٧٥ ی چاپی ئەنیسی و ١١٣ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەكە لە چاپی ئەنیسیدا 'ئاوبردەی دەوەن' ە و هەردوو عینوان لە ناوەرۆكی غەزەلەكە وەرگیراون.
غەزەلێكی ڕازاوە و جوانە. ئاوات لە سێ فەردی یەكەمی شیعرەكە، وەك گەلێك شاعیری دیكەش كە ئەو كارەیان كردووە، بە خۆیدا هەڵدەڵێت. حافزی شیرازی لە شیعرێكدا دەڵێ: *"شكرشكن شوند همه طوطیان هند/ زین قند پارسی كه به بنگاله میرود"* ئەو

[235] چاپی ئەنیسی: بی موحابانەوە و پەروا (دەبێ هەلەی تایپ بێت).

قەندی پارسییە شیعرەکانی خۆیەتی کە گەیشتوونەتە ئەوپەڕی ئێران و لەوسەری هیندستان خوێندوویاننەوە. ئاواتیش لەو سێ فەردەدا خۆی بە خاوەنی وتاری وەکوو قەند، خۆش چپە و دەنگ، بولبولی باغ و چەمەن، شەمی هەموو کۆڕ و پەروانەی هەموو ئەنجومەنێك و خاوەن سەرمایەی مرخی شاعیری ناودەبات.

بەڵام لە سێ فەردی کۆتایی غەزەلەکەدا دەگەڕێتەوە سەر حولـلەی مەرەسێ و باسەکەی جاری جاران، واتە ئەوەی وا لە زوربەی شیعرەکانیدا دەیخوێنینەوە: بێ هیوایی و چاوەڕێ بوونی مردن و بابەتی لەو چەشنە. ئەوە ڕاگەیاندنەکانی خۆین: دەستم لە ژیان بەند نییە، چاوم چاوەڕێی خوێندنی یاسین و بڕینی کفنە، هەموو ڕەنجم بەبا چووە، کێوی بێستوونی دڵم بە برژۆڵی چاو هەڵدەکەنم، وەك مەجنوون سەری خۆم ناوەتەوە و دەڵێم شێتم و ئاوبردەی دارودەوەنانم!

شەککەرشکەن: زاراوەیەکی فارسییە. کەسێك کە لە قسەکردندا شەکر دەشکێنێت؛ کەسێکی قسە پاراو و زاراوە خۆش.

چپە: قسەکردن بە ئەسپایی.

ورنگ: گۆرانی گوتن بە ئەسپایی، کوردی ناوچەکە دەڵێن ورینگە ورینگ.

بێ موحابانە: بەبێ پەروایی، بوێرانە. لە باری ڕێزمانەوە، بێ موحابا سیفەتە و بێ موحابانە قەید.

بێ موحابانە و پەروا: بێ موحابانە و بێ پەروا.

دەگەڕێم و دەگریم: جیناسی ناتەواویان پێ دروست کراوە.

شەمی هەر کۆڕم: 'هەر' فارسییە و بە واتای 'هەموو'یە.هەموو کۆڕێك، هەموو ئەنجومەنێك.

کونج: گۆشە و کەنار، قوژبن. لە شیعرەکەدا ئاماژەیەکی بۆ کەلاوە و وێرانەش تێدایە.

گەنجی تەبعم...: شاعیر دڵی خۆی بە پەنا وپەسیو شوبهاندووە لەبەر ئەوەی لە ئەدەبی گەلانی ناوچەکەدا گەنج لە وێرانەدا دەدۆزرێتەوە.

هەمە سەرمایە: مەنزووری ئەبع و مرخی شاعیرییە کە هەیەتی.

خاوەنی بەیتولحەزەنم: بیت الحزان یان بیت الحزن ئاماژەیە بە ماڵێ یەعقووب پێغەمبەری بەنی ئیسرائیل کە بە گوێرەی ڕیوایەت، لە چاوەڕوانیی یۆسفی کوڕیدا کوێر بوو و ماڵی لێ بوو بە هێلانەی خەم و خەفەت. بە ماڵی عاشقانی چاوەڕوانیش دەگوترێت. شاعیر لێرەدا دڵی خۆی وەك ماڵی خەم دەناسێنێت.

له ژیان گەر نییە....: ئەگەر دەستی شکاوم لە ژیان بەند نییە، خۆ چاوم چاوەڕێی خوێندنی یاسین هەیە. واتە ژیانم گەر نەبێ، مردن بێ منەتە! سەبارەت بە وشەی "چاوم" ڕوونکردنەوەیەك پێویستە. لە چاپی جەعفەردا نیشانەیەکی سەرسووڕمانی بۆ دانراوە: چاوم! کە بە گوێرەی کاك جەعفەر، شاعیر لەو شوێنەدا ڕووی کردۆتە خوێنەر و وەك 'معترضە'یەك، گوتوویەتی چاوەکەم! ئەگەر دەستم لە ژیان کورتە، خۆ لای کەم  دەتوانم چاوەڕێی مردن و یاسین خوێندن بم. بەڵام من ئەوەم پێ لە شوێنی خۆیدا نییە و نازانم شەونم بەو تەمەنە کورتەی خۆیەوە کە چەند سەعاتێك زیاتر نییە، بۆچی خەمی تەمەنی ٧٠ و ٨٠ ساڵەی مرۆڤێك دەخوات!

بە بۆچوونی من، وەك لە چاپی ئەنیسیشدا هەر بەو شێوەیە هاتووە، پێویستێك بەو نیشانەی سەرسووڕمانە نییە و چاوم لە ڕاستیدا بەشێکە لە درێژەی قسەکانی شاعیر کە دەڵێ چاوم چاوەڕێی یاسین خوێندنە.

دیارە لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات کە ئەگەر وا بۆ مەسەلەکە بچین، ئەودەم "بڕینی کەفەنم" چۆن واتا دەکەینەوە. بە حیسابی چاپی جەعفەر، شاعیر دەڵێ چاوەڕوانی خوێندنی یاسین و بڕینی کەفەنم، کە ڕستەیەکی ئاسایی و بێ گرێ وگۆڵە. بەڵام لە بۆچوونەکەی مندا مەسەلە دەگۆڕێت. بە حیسابی من دەبێ شیعرەکە ئاوا بخوێنینەوە: چاوم چاوەڕێی خوێندنی یاسین و بڕینی کەفەنە بۆم. دیارە ئەو شێوازە خوێندنەوەیەی شیعرەکە دەتوانێ هەندێك کەس ڕازی نەکات. بەڵام من ئەوەیانم لەوی چاپی جەعفەر پێ باشترە باوەکوو بێ عەیبیش نەبێت!

فەرهادیـ، موژانـ، هەڵدەقەنم: ئەوانە بن لەهجەی مەهابادین. شاعیر هەندێك جار کەڵك لەو بن لەهجەیە وەردەگرێت- بەهەمان شێوە، لە بن لەهجەی سەقزیش.

سەری خۆی ناوە: واتە سەری خۆی ناوەتەوە. سەری داخستووە و دەڕوات و دەڵێ شێتم.

ئاوبردەیی دارودەوەنم: ئەو گیاوگژەم وا ئاو بردوومی و بە دارودەوەنی لێواری ڕووبارەکەوە گیرساومەتەوە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

# دافیعی ئەلەم

ئەتۆی حەکیمی هەموو دەرد و دافیعی ئەلەمی
ئەتۆی کە شافیعی خاوەن گوناهی زۆر وکەمی
ئەتۆی کە ڕەحمەتەکەی گرتی دار و بەردی وڵات[236]
وەخرڕەکەی بە سەخا و بەزل سفرەکەی حەتەمی
وجوودی تۆ بووە زیبی گوڵ و دڵی بولبول
بە بۆنی تۆوە گەیشت، بوو بە نۆکەر و خەدەمی
وەنەوشە گەردنی خۆی کرد بڵند لە ڕاست زوو
نەسیمی سوبح سەری کرد نەوی و دای قەسەمی
کە تا وجوودی هەیە سەرنخوون و ملکەچ بێ
سیاهـپەردە بێ دایم، هـەتاکوو دێ عەدەمی
کە سوێسنیش وەزمانهات بڵێ منیش جوانم
سەبا بە ئەمری جەنابت شەپێکی دا لە دەمی
تەماشە نێرگسی خۆشبەخت چۆنی تەرتیب دا[237]
لە لایێ حوققە و کاغەز، لە لایەکیش قەڵەمی[238]
لەبەر ئەوە کە بنووسێ لە مەدحی تۆ دەفتەر
ببێتە زیبی چەمەن، خۆش بێ هاتنی قەدەمی

گەردیگلان، ١٣٣١ هەتاوی
(لاپەڕە ٦ و ٧ ی چاپی ئەنیسی و ٢٤٣ ی چاپی جەعفەر)

---

[236] چاپی ئەنیسی: ڕەحمەتەکەت
[237] چاپی ئەنیسی: تەماشا
[238] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: حۆققە وو کاغەز

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "ستایشی پێغەمبەر"ە.
ناوەرۆکی غەزەلەکەش هەر پێداهەڵگوتنی پێغەمبەری ئیسلامە. زۆرێك لە موسوڵمانان و بە شێوەیەکی زێدەتر، ئەهلی تەریقەت، هەروەها شاعیران و نووسەرانی شوێن هەڵگری ئەوان، هەموو کائینات و بوونەوەران لە ئەزەلەوە تا ئەبەد وەك نیشانەیەك دەبینن و دەناسێنن کە خودا لە خۆشەویستی پێغەمبەری ئیسلام خولقاندوونی و ئەو بۆچوونەیان پشت ئەستووره بە حەدیسێکی قودسی کە لە زمان خوداوە دەڵێ: "لولاك لما خلقت الافلاك"، ئەگەر لەبەر خاتری تۆ نەبوایە ئەفلاکم نەدەخولقاند.
لە ماوەی چاردە سەدەی تەمەنی ئایینی ئیسلامدا هەزاران ڕیوایەتی هاوچەشن لە سەر بنەمای ئەو حەدیسە گوتراوە و نووسراوە و خوێنراوەتەوە و بە هەمان حیساب، واهەیە ملیۆن پارچە شیعر بە زمانە جیاجیاکانی ئۆمەتی ئیسلام هۆنراوەتەوە، کە ئەم شیعرەی ئاوات یەك لە نموونەکانیەتی.
بە گوێرەی شاعیر لەم شیعرەدا، پێغەمبەری ئیسلام 'حەکیمی هەموو دەرد' و 'دوورخەرەوەی خەم' و 'شفاعەتکاری گوناهکاران' و... هەموو ئەو سیفەتە چاکانەی دیکەیە کە لە شیعرەکەدا هاتوون.
پێشتریش گوتوومە، ئاوات وەك زۆرێك لەو شاعیرە کوردانەی وا شیعری بە کێش و سەروایان گوتووە (ئەگەر بتوانین پێیان بڵێین شاعیرانی کلاسیکی کوردی)، سڵی لەوە نەکردۆتەوە وشە و تەعبیری فارسی یان عەرەبی بهێنێتەر ناو شیعری خۆیەوە. ئەوەش تایبەتمەندییەکی شیعری ئاواتە و لە بەراوردکردن لەگەڵ شاعیرانی قوتابخانەی سەیف لە موکریاندا، هەندێك تایبەخۆی ئەوە. هەژار و هێمن و  هێدی و حەقیقی و خاڵەمین و نووری زیاتر لە ئاوات هۆگری زمانی ڕەسەنی کوردی بوون و کەمتر لەو، وشەی فارسی و عەرەبییان خستۆتە ناو شیعری خۆیانەوە.
هۆکارێکی ڕەوانی و بێ گرێ وگۆڵیی شیعری ئاواتیش دەبێ ئەوە بێت، کە بایەخی زیاتری بە بیر و بۆچوون داوە تا قاڵبی زمانی، و من لە خوێندنەوەی شیعرەکانیدا هیچ هەستێکم بەوە نەکردووە گوشاری خستبێتە سەر خۆی بۆ ئەوەی وشەی ڕەسەن و زاراوەی گوندنشینان یان وشە و تەعبیری زاراوەکانی دیکەی کوردی بهێنێتە ناو شیعرەکانیەوە. بە کورتی، ئاوات سیاسی بووە بەڵام بە شیعرەکانی سیاسەتی نەفرۆشتووە بە خوێنەر، بەڵکوو لەم بارەیەوە لەسەر نۆرم و ڕەوتی زمانی شیعر و ئەدەبی باوی ئەو سەردەمە ڕۆیشتووە کە سەیف و قانع و موفتی پێنجوینی و مەلامارفی کۆکەیی و فایق

بێکەس و میسباح چەند نموونە بوون و دەیان نموونەی دیکەشیان لە باشوور و باکووری کوردستان هەبووە.
ئەلەم: دەردەداری؛ عەرەبییە و کۆیەکەی دەبێتە ئالام.
ڕەحمەت: میهرەبانی کردن و لێبوردوویی؛ عەرەبییە. چاپی ئەنیسی بە شێوەی 'ڕەحمەتەکەت' تۆماری کردووە. لە کۆتاییدا هەردوو شێوە یەك واتایان هەیە یەکیان وەك دووهەم کەسی ڕێزمانی و ئەویتر وەك سێهەم کەس بەیانی کردووە. تۆ ئەو کەسەی کە ڕەحمەتی ئەو (واتە تۆ!) داروبەردی وڵاتی گرتۆتەوە.
سەخا: بەخشندەیی، دەهەندەیی؛ عەرەبییە.
بەزل: بەخشینەوە؛ عەرەبییە
حەتەم: بە کوردیکراوی ناوی حاتەمی تایی، کەسایەتی ئەفسانەیی/ مێژوویی عەرەبە کە بە دڵئاوایی ناوی دەرکردووە و زۆر جار لە شیعری ئاواتدا بە نموونە هێنراوەتەوە.
زیب: ڕازاوەیی و جوانی؛ فارسییە. بوونی تۆ بووە هۆی جوان بوونی گوڵ و گوڵیش بۆنی تۆی لێوە دەهات، لە ئەنجامدا بولبولیش هەر لەبەر ئەو جوانییە و ئەو بۆنە خۆشەی گوڵ، کە لە ڕاستیدا بۆنی تۆ بوو نەك هی گوڵەکە خۆی، بوو بە ئەویندار. واتە بولبول لە ئەسڵدا ئەوینداری تۆیە نەك گوڵەکە.
خەدەم: کۆی خادم، خزمەتکارە. بە گوێرەی دارڕژانی ڕستەی شیعرەکە، دەبوایە سیغەی فەردی وشە واتە ('خادم') لەو شوێنەدا بهاتبایە بەڵام شاعیر بە هۆی سەروا و کێشی شیعرەکەوە سیغەی کۆی لەجیاتییان هێناوە.
وەنەوشە: فەردی چوارەم و پێنجەمی غەزەلەکە لە پەیوەندی یەکتردان. وەنەوشە چەشنە گوڵێکە ڕەنگی بنەوشی هەیە بەڵام وەنەوشەی سپی یان سپی و بنەوش یان سێ ڕەنگیش هەیە (فرهنگ معین). گوڵی وەنەوشە ڕووی لە زەوییە و بەم بۆنەیەوە لە شیعری شاعیراندا مرۆڤی شەرمێون یان شەرمەزار بە وەنەوشە شوبهێنراوە. واتای سەرجەمی دوو فەردەکە ئەوەیە: وەنەوشە گەردنی خۆی ڕاست ڕاگرت بەڵام بای نەسیمی بەیانی سەری پێ شۆڕ کرد و سوێندی دا هەتا ئەودەمەی هەیە و ماوە سەرنخوون و ملکەچ بێت و تا دەمرێت لە پەردەیەکی ڕەش بئاڵێت. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی لە بەرانبەر پێغەمبەری ئیسلامدا نەڵێ جوانم!
سیاە پەردە: پەردەی ڕەش، تەرکیبێکی فارسییە. من وای بۆ دەچم نیاز لە سیاهپەردە بوون مانەوە لە ژێر پەردەیەکی ڕەشدا بێت و ئەوە بگەڕێتەوە سەر حاڵەتی پەردەپۆشی

که به داخەوە لە ئەدەبی کۆنی ناوچەکەدا سیفەتێك بووە بۆ ژنان. بۆ نموونە، بەژنان گوتراوە پەردەنشین. سیاە پەردەبێ بە واتای پەردەی ڕەشی بەسەرەوە بێت و لە خەجاڵەتییان خۆی بشارێتەوە.

سوێسن: یان سوێسنە، چەشنە گوڵێکە زۆر بۆنخۆش (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار). چەشنێك گلایۆلە، پێنج گوڵی هەیە کە یەك یەك دەکرێنەوە و بە هۆی ئەو دەم کردنەوە زۆرانەوە بە خاوەن زمان ناوی دەرکردووە.

شەپ لە دەم دان: دەم پێ بەستن، مۆڵەت نەدان بۆ قسە کردن و خۆ نواندن. تەعبیری هاوشێوە لە شیعری شاعیرانی دیکەشماندا هاتووە. نالی دەڵێ:

*"لافی دەمی تۆ غونچە لە دەمیا بوو، بە عەمدا*

*با خوستی بڕی، خستی، کە مستێکی لەدەم دا"*

نێرگس: چەشنە گوڵێکە. بە شێوەی نێرگز و نەرگزیش گوتراوە. "گوڵێکی سپی ناوزەردی زۆر بۆن خۆشە، بنکی هەیە و لە سەرەبەهاردا دەڕوێ" (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار). لە ئەدەبی کۆنی ناوچەکەدا نێرگز قەڵەم بەدەست و نووسەری ناو گوڵانە؛ چاوی خومار و نیوە خەوتووی دڵداریش بە گوڵی نێرگس شوبهێنراوە.

حۆققە: دەوات، جەوهەردان، زەرف.

تەرتیب دان: ڕێك خستن. بە بۆچوونی من ئاماژەیە بە بەرزیی باڵای گوڵی نێرگز و بیچمی گوڵەکە و پەڕەی گوڵەکانی. بەرزیی ئەو بەشەی نێرگز کە لە کۆتاییدا گوڵەکەی دەردەکەوێت، لێرەدا بە قەڵەم و شکڵ و شێوازی گوڵەکە و قووڵ بوونی وەك کاسەی بە دەوات و لاپەڕەکانی بە کاغەز شوبهێنراون. هەموو ئەو تەرتیباتە بۆ ئەوەی بە قەولی شاعیر، نەعت و ستایشی پێغەمبەری ئیسلام بنووسن.

حۆققە و کاغەز: لە هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەردا واوی عەتفی نێوان دوو وشەکە بە دوو واو نووسراوە. من ئەوەم پێ بە زیادی بوو لەبەر ئەوەی هەرکەس بیەوێت ئەو میسراعە لە سەر ئەو کێش و هەوایە بخوێنێتەوە واوەکە درێژ دەکاتەوە و ئیتر پێویستییەك بە نووسینی دوو واو و سەر لە خوێنەر شێواندن ناکات. لە نووسیندا دەبێ هەوڵ بدرێت تا ئەو شوێنەی گونجاوە، باری زیادی نەخرێتە سەر شانی وشە و ڕستە و ئەوەندەی بکرێت بە ساکاریی بنووسرێت.

لەبەر ئەوە...: ئەم فەردە درێژەی فەردی پێش خۆیەتی و ئاماژە بە نێرگز و قەڵەمەکەی دەکات. لێرەدا ئاوات دەڵێ نێرگس کە خۆشبەختە بەوەی بنووس هەڵبگرێت و

مەدحی تۆ لە دەفتەری پەڕەکانیدا بنووسێ ئەی پێغەمبەر و بەوەش ببێتە هۆی ڕازاوەیی چیمەن و باغ؛ جا منیش بەو بۆنەیەوە بەخێرهاتنی دەکەم.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

مجتث مثمن مخبوب محذوف: مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن

# زستانی شێخ چۆپان

زمهەریرێك بوو بە نێو زستان و هات و ڕابرا[٢٣٩]
عالەمێکی برد لەگەڵ خۆی تا چووە چاڵی فەنا
کردەوەی سەگ تێ ڕیاوی: بۆگەنی لاشەی ولاخ[٢٤٠]
شوێن و ئاساری گلاوی: هیچ لە ماڵێ دا نەما
خیگە هەڵچۆڕا لە چەوری، ئارد لە کەندوو بۆتە تۆز
ماست و دۆ، کەشك و پەنیر تۆزێ نەمابوو بۆ دەوا
قووتی دا زستان هەچی بوو قووتی حەیوان و بەشەر
کا لە کادێن بوو قوتار و گیا لە قۆریە و گیشەدا
جەرگ و دڵ ڕەش بوو لەتاو بێ سووختی و دار و ڕەژی
بوو سپی چاومان لە حەسرەت تام و بۆنی قەند وچا
خشخشەی گرت کەڵ لەسەرمان، مرد لە برسان بزن و کاڕ
لاڕەشە گەییە ولاغ و گوێڕەپەی گرت جوانەگا
کەر لەسەرمانا هەڵیکێشاوە گوێی و هاتە دەر
چوو دەگەڵ گوێ کورتی ئەحمەق کەوت و لێك بوونە برا

---

[٢٣٩] . زمهەریر بە واتای سەرمای سەختە بەڵام ئەفسانەیەکیشی لەسەر دروست کراوە کە دەگوترێت شوێنێك بێت وەك جەهەننەم بۆ گوناهکاران بەڵام سارد، نەك گەرم.

[٢٤٠] . چاپی جەعفەر: کردەوە و پاشماوەکەی ئەو....؛ چاپی ئەنیسی: کردەووەی سەگ تێڕییاوی، ....

لام وایە شیعرەکە لە بنەمادا هەر ئەوە بووبێت کە ئەنیسی تۆماری کردووە و منیش لێرەدا ڕەچاوی کاری ئەوم کرد. بە بۆچوونی من شاعیر خۆی دوای چاپ بوونی دیوانی چاپی ئەنیسی وشەی هەندێك 'قەبیح' ی "سەگ تێڕیاو" ی پێ باش نەبووە و کردوویەتیی بە 'پاشماوەکەی ئەو' یان خود کاك جەعفەر ئەو تەعبیرەی بۆ شیعری ئاوات پێ سووك بووە و ویستوویەتی بیگۆڕێت. من ئەو کارەم پێ باش نەبوو و لە سەر ڕێچکەی ئەنیسی ڕۆیشتم. هۆکارەکەشم ئەوەیە شاعیر لەو زستانە سەخت و سەخڵەتە کە ئەو هەموو بەڵایەی بەسەر خەڵك هێناوە گەلێك دڵگیر و ناڕەحەت بووە و ئەو ناڕەحەتییەی بەو قسە و جنێوە دەربڕیوە ئەوەش بۆ شاعیرێکی هەستیار ئاساییە و عەیب نییە.

هاته دەر لاشەی مەڕ ومالّ، بێ ژومار و بێ حیساب
سەگ لە خۆشی خۆشییا، ڕێك کەوتنە خۆشی و سەما
گۆشتیان نەخورا لەبەر لاوازی و ئەسپێ و گەنە
پێشتیان نەکرا بە وەسڵە، دەستی وێکەوت و دڕا
'لالە شوان' لالّ بوو لە کێو و 'کاکەریم' کوێر بوو لە مالّ
ئەو لە تەندوور بۆتە تاجۆ، ئەو لە کەژ هاوار ئەکا!
هات بەهار، ئەمما لە پشت بارانە بۆ چیمە کەپەنك؟
یا لەپاش مردن چ سوودێکی هەیە ئاوی بەقا!
هات بەهار، ئەمما بەهاری هێندە پڕ سەیر و سەفا،
نەبوە قەت، نەیدیوە کەس لەم دەورەدا، نەشبیسترا

شێخ چۆپان، ١٣٣٢ ی هەتاوی
(لاپەڕە١٥٤ و ١٥٥ی چاپی ئەنیسی و ٦٤ و ٦٥ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "زستان"ە و لە بەشی چامەکان (قەسیدەکان) دا هاتووە.
قەدیمییەکان گوتەنی،'شتائیە'یەکی بەهێز و ڕوونکەرەوەی سەختی و سەرماوسۆڵی زستانی ساڵی ١٣٣٢ ی هەتاوی (١٩٥٣ ی زایینی) یە. سەرچاوەکان کۆکن لەسەر سارد و سوڵیی ئەو زستانە لە ناوچەی موکریان. لە هاوینی هەمان ساڵدا خەڵکی شاری بۆکان و گوندەکانی لای ڕۆژهەڵات و باکووری شارەکە دژ بە ئاغاوەتی شار ودێ ڕاپەڕین کە دواتر بە هۆی کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژەوە ڕاپەڕینەکەیان هەرەسی هێنا. لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە ناو شاری بۆکان و گوندەکانی دەوروبەر، لەسەر ماڵ وحاڵیان دەرکران یان لە ترسی تۆڵەی ئاغاکان هەڵاتن و تەنیا هەندێك کەسی وەك نەمران خانمەخانمەی هاوسەری دوکتۆر ڕەحیمی سەیفی قازی و برایم خانی سەلاح داڵدەیان دان بچن لە مڵکی ئەواندا بحاوێنەوە و لەو زستانە ڕەش و بەدفەڕە گیان دەربەرن. لەو زستانەدا سەخڵەتیی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵك بە دەست ئاغاواتی ناوچەکە و ڕژیمی شاوە، لە سەرما وسۆڵی سروشت زیاتر بوو.

ساڵی گوترانی شیعرەکە، هەروەها ساڵێکی پڕ ڕووداوی سیاسی بووە لە ئێرانیش، کە بە کۆدیتای ۲۸ ی گەلاوێژی ۱۳۳۲ و گەڕانەوەی شای هەڵاتوو بۆ ئێران و هەرەسی حکوومەتی میللی دوکتۆر محەممەد موسەددیق لە ناوەڕاستی هاویندا دیاری دەکرێت. ڕاست بیست ساڵ پێش ئەو زستانەش واتە لە زستانی سەختی ساڵی ۱۳۱۲ ی هەتاوییدا، مۆتەکەی سەرما کەوەتە سەر ژیانی خەڵك و بێ بژیویی سەخڵەتی کردن و بووە هۆی گوترانی شیعرێکی بەرزی نەمر سەیفولقوزاتی قازی. فێرگەی شیعریی سەیف چەند قوتابیی گەورەی پەروەردە کرد کە یەکیان ئاوات بوو. دوور نییە شیعرەکەی سەیف هەوێنی گوترانی ئەم شیعرەش بووبێت باوەکوو کێش و سەروا و بەحری عەرووزییان وێچووی یەکتر نین، بەڵام فەزای شیعرەکە و شەرحی سەرما وسۆڵ و کارتێکەرییەکانی لە سەر خەڵك و ژیانی ئابوورییان زۆر هاوشێوەی یەکترە و لەوانە، باسی لەڕ ولاوازیی مەڕ و ماڵات و باڵندە و نەمانی پێخۆر لەماڵان و... شتی دیکەش. ئەوە سێ نموونەی ئەو وێچوویانە:

سەیف:

" زستانی ئەوساڵ دیارە پێنج مانگە
مەڕ و کا و گیا و جۆ، بڕا لە دانگە...
قیمەتی کایە وەك کارەبایە
بوو بە قووتی ڕۆح وێنجەی سەحرایە..."

ئاوات:

"قووتی دا زستان هەچی بوو، قووتی حەیوان و بەشەر
کا لە کادێن بوو قوتار و گیا لە قۆریە و گیشەدا"

سەیف:

"لۆك چەمبەرەی بوو، ماین مشمشە
گا گوێ ڕەپەی گرت، گامێش خشخشە"

ئاوات:

"خشخشەی گرت کەڵ لەسەرمان...
مرد لە برسان بزن و کاڕ
لاڕەشە گەییە ولاغ و گوێڕەپەی گرت جوانەگا"

سەیف:

"هێندە لاوازن مەڕ وماڵاتیان
قوربانی ناکرێ، نادرێ زەکاتیان"

ئاوات:

"گۆشتیان نەخورا لەبەر لاوازی و ئەسپێ و گەنە
پێستیان نەکرا بە وەسلە، دەستی وێکەوت و درا!"

شیکردنەوەی هەندێك وشە و تەعبیری ناو شیعرەکە:[٢٤١]

گوندی بچووکی شێخ چۆپان تا ڕادەیەك دوور بووە لە زەنبیل و و تورجان و گەردیگلان کە بە ملکی هی ئاوات و بنەماڵەکەی بوون و شاعیرەکەمان بۆ ماوەیەك لەوێ ژیاوە. ئەو دوورییە لە ئەندامانی بنەماڵە و دۆست و برادەرانی بۆتە هەوێنی چەند شیعری پڕ لە نۆستالژی و ناڕەزامەندیی لە بارودۆخ، ئەنجامەکەشی بووە هۆی ئەوەی گوندەکە بفرۆشێت و بگەڕێتەوە گەردیگلانەکەی جاران. بڕوانە ژیننامەی شاعیر لە دەسپێکی هەردوو دیوانی چاپکراودا.

بە نێو زستان، واتە ئەو هەل ومەرجە ئەستەمە هەر ناوی زستان بوو دەنا لە ڕاستیدا زمهەریرێکی ئەفسانەیی بوو. گوایە تەنیا یەك جار ناوی زمهەریر لە قورئاندا هاتووە ئەویش بە واتای سەرما، دروستکرانی ئەفسانەی جەهەننەمی سارد دەبێ کاری مەلا و تەفسیرنووسان بێت!

عالەمێکی برد لەگەڵ خۆی، واتە خەڵکێکی زۆر لەو سەرمایەدا مردن.

کردەوەی سەگ تێڕیاوی، کردەوەی چەپەڵی کوشتنی وڵاخ [و پاتاڵ] بوو لە برسان و لەبەر بێ تفاقی. شاعیر زستانی ساردی ئەو ساڵەی بە بکوژی مەڕ ومالات داناوە و کردەوە خراپەکەی هەمان ئەو کوشتنانەیە. شاعیر لە میسراعی دووهەمی هەمان فەرددا باس لە پاشماوە واتە شوێن و ئاساری زستان دەکات ئیتر دووپات کردنەوەی یەك کردەوە لە فەردێکی شیعردا جوان نییە و لە شاعیری چاك ناکاڵێتەوە. کەوابوو، من تەعبیری 'سەگ تێڕیاوی' بە ڕەسەن دەزانم و هەر بۆیەش دەقی ئەنیسیم هەڵبژاردووە. ئەو ڕاستییەشمان لەبیرنەچێت کە شاعیر لە کاتی چاپی دیوانەکەی چاپی ئەنیسی، لە ژیاندا بووە و توانیویەتی دواتر بە پێی خواستی خۆی، گۆڕان لە شیعرەکەدا پێك بهێنێت.

هیچ لە ماڵێدا نەما، واتە خواردەمەنی لە ماڵی کەسدا نەما.

خیگە، پێستەیەك کە ڕۆنی تێکرابێت.

کەندوو، دەفری گەورەی گڵینی دەخڵ و ئارد

دەوا، دەرمان

---

[٢٤١]. بە یارمەتی وەرگرتن لە فەرهەنگی خاڵ و هەنبانە بۆرینەی هەژار

تۆزێ نەمابوو بۆ دەوا، تەوسی تێدایە؛ مەتەڵێکی کوردییە واتە تۆزقاڵێکیشی نەمابوو کە تەنانەت بەشی ئەوە بکات وەك دەرمان بخورێت یان وەك هەتوان لەسەر زام دابنرێت!

قووتی یەکەم، کردارە و کوردییە بە واتای خواردن و قووتدان؛ قووتی دووهەم، ناوە و عەرەبییە و واتای بژیوی هەیە.

قۆریە، باقە گیای لەسەر یەك دانراو.

سووخت، سووتەمەنی

ڕەژی، زوخاڵ

تام وبۆنی قەند و چا، سەنعەتی لەففونەشری تێدا بەکار هێنراوە: تام بۆ قەند و بۆن بۆ چا.

خشخشە و لاڕەشە و گوێ ڕەپە، سێ نەخۆشیی ئاژەڵن.

جوانەگا، گای سێ بەهارە، بەرجووت.

گوێ کورتی ئەحمەق، نەمزانی چییە! کلیلی واتا کردنەوەی فەردەکەش هەر ئەو تەرکیبەیە. یەکگرتنی گوێدرێژ و گوێ کورت و سەنعەتی تضادی نێو ئەو دوانە، کاتێ دەزانرێت کە بزانین گوێ کورت چییە. من خۆم بیرم بۆ ئاژەڵێکی وەك مەڕ و بزن دەچوو، بەڵام بۆ دڵنیایی، لە ڕێگای برادەرێکی خۆشەویستەوە هەوڵمدا بۆچوونی کەسانی نزیك بە شاعیر بپرسم. کەسایەتییەکی بەڕێزی بنەماڵەی ئاغا سەید کامیل لە وەڵامی ئەو برادەرە خۆشەویستەدا نووسیبووی: "*[ئاوات] گوێ کورتی ئەحمەق هەر بە ئینسانی ناتێگە یشتوو و ناحاڵی دە ڵێ ومەبەستی دیکەی نەبووە، هیچ ئاژەڵێکیش بەونێوە، نییە.*" سپاسی زۆری هەردوو ئەو بەڕێزانە دەکەم و هیوادارم زەحمەتی ئەوان توانیبێتی گرێی ئەو دێڕە شیعرە بکاتەوە.

هاتەدەر...، واتە ئەوەندە مەڕ وماڵات مردن و لاشەیان لەماڵ هێنرایە دەر و فڕێدرا، کە سەگی لاشەخۆر لێی بوو بە خۆشی و هەڵپەڕکێ!

ئەسپێ و گەنە دوو حەشەرەن کە لە مرۆڤ و ئاژەڵ دەدەن و دەچنە ژێر پێستەوە.

وەسڵە، پینە

دەستی وێکەوت و دڕا، لەبەر لاوازیی ئاژەڵەکە، پێستیشی هێزی نەمابوو و بەرگەی ئەوەی نەدەگرت تەنانەت دەستی لێبدەی!

لاله شوان و کاکەریم، دەبێ دوو کەسی خەڵکی گوندەکە و دوور نییە شوانی مەڕومالاتیش بووبێتن. بریا کاك جەعفەر هەندێك ڕوونکردنەوەی سەبارەت بەو دوو کەسە لە پەراوێزی شیعرەکەدا بنووسیایە.

هات بەهار ئەمما لەپاش مردن...، شاعیر دیارە دەبێ شیعرەکەی لە کۆتایی ئەو زستانە ساردە و دوای هاتنی بەهاردا نووسیبێت. دەڵێ گەرچی بەهار هاتووە بەڵام فایدەی چییە دوای ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر خەڵکی هێنا! دوای باران کەپەنك، پەندی کۆنی کوردییە شاعیر کەڵکی لێ وەرگرتووە. ئاوی بەقا دوای مردنیش بە هەمان واتای بارانی دوای کەپەنکە. ئاوی بەقا یان ئاوی حەیات ئاوات و خەونی لە مێژینەی مرۆڤی سەردەمی کۆن بووە بۆ مانەوەی هەمیشەیی.

هات بەهار ئەمما بەهاری...، وەسفی خۆشی و جوانی بەهارێکە وا دوای ئەو زستانە ناخۆشە هاتووە. شاعیر دەڵێ بەهاری وا پڕ سەیر وسەفا، نە پێشتر بووە و نەبینراویشە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## نێرگسی مەست

نێرگسی مەستی ئەو کەوا سەیری گوڵ و چەمەن دەکا،
کایە بە سوێسن و گوڵ و شۆخی بە یاسەمەن دەکا
دڵ لە شکەنجی زولفی ئەو لانەیی کردووە قەدیم
مەنعی مەکە شەوانە گەر مەیلی وەلای وەتەن دەکا
چونکە شکاوە شووشەکەی، پاکی ڕژاوە ئابڕووی
بۆیە موشەووەشە و قسەی زولفی شکەن شکەن دەکا
قەددی بڵند و شووشی ئەو تەعنە لە سەروی باغ ئەدا
جیلوەیی پڕجەمالی ئەو ڕخنە[٢٤٢] لە ڕۆح و تەن دەکا
تەبعی مەلوولی 'کامیل'ت، کاکە! چلۆن دەگا بەتۆ؟
شەشدەری بەستراوە ئەو، ئارەزوویی کەفەن دەکا!

شێخ چۆپان، ١٣٣٢ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٨٤ و ٨٥ ی چاپی ئەنیسی و ٦٩ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەردا وەك یەكن.
دەبێ لە وەڵام یان ئیستیقباڵی شیعرێکی براگەورەی شاعیر واتە سەید محەممەدی نوورانیدا گوترابێت. من پێش ئەوەی چاوم بە دیوانی چاپی جەعفەر و ڕونکردنەوەکەی ئەو بکەوێت، لە سەر نوسخەی چاپی ئەنیسی نووسیبووم: *"بۆ کام شاعیر گوتراوە؟"* بەڵام کاتێ لە پەراوێزی شیعرەکەی چاپی جەعفەردا بینیم نووسرابوو:

---

242 چاپی ئەنیسی و جەعفەر: ڕەخنە. دڵنیا نیم شاعیر خۆیشی وای نووسیبێت. لە ناوچەی بۆکان بە شێوەی ڕخنەکردن دەگوترێت.

*"نامه بۆ خزمەت کاکی، ؛حاجی سەید موحەممەد نوورانی"*، مەسەلەکەم بۆ روون بووەوە.

دیارە ئەو ڕوونکردنەوەیە پرسیارێك دێنێتە گۆڕێ و ئەویش ئەوەیە ئاوات نامە شیعرەکەی خۆی دەبێ لە وەڵامی شیعرێکی کاکیدا گوتبێت، ئەو شیعرە کامەیە؟ لام وایە ئاغا سەید جەعفەر باش بوو و ئێستاش هەر باش وایە ئەو و کەسانی نزیك بە بنەماڵەی شاعیر هەوڵ بدەن لە چاپەکانی دواتری دیوانی شاری دڵ دا شیعری شاعیرانی تر کە پەیوەندیان بە شیعرەکانی ئەوەوە هەیە، بۆ نموونە لێرەدا شیعرەکەی حاجی سەید محەممەدی نوورانی، کە هاندەری ئاوات بووە بۆ نووسینی ئەم شێعرە، لە پەراوێزی لاپەڕەکاندا بهێننەوە بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت ئەوان چییان گوتووە و ئاوات چی وەڵام داونەتەوە. بۆ نموونە، من زۆرم پێخۆش دەبوو شیعرەکەی نوورانیم دیتبایە و بمزانیبایە بەڕاستی ئەوەندە بەرزە کە ئاوات دەڵی "تەبعی من ناگات بە تۆ"؟[٢٤٣]

حافزی شیرازی غەزەلێکی ڕازاوەی هەیە، کە کێشی لەگەڵ کێشی ئەم شیعرەدا یەك دەگرێتەوە و ناوەرۆکی چەند فەردێکیشی کەم و زۆر وێچووی شیعرەکەی ئاواتن یان باشتر بڵێم، شێعری ئاوات هاوشێوەی ئەوانە:

*"سرو چمان من چرا میل چمن نمی‌کند؟*
*همدم گل نمی‌شود یاد سمن نمی‌کند؟*
*دی گله‌ای ز طره‌اش کردم و از سر فسوس*
*گفت که این سیاه کج گوش به من نمی‌کند*
*تا دل هرزه گرد من رفت به چین زلف او*
*زان سفر دراز خود عزم وطن نمی‌کند..."*

لە بەراوردکاریدا دەبینین بۆ نموونە، حافز گوتوویەتی:
*تا دل هرزه گرد من رفت به چین زلف او*
*زان سفر دراز خود عزم وطن نمی‌کند*

---

[٢٤٣]. ئەوەندەی بیستبێتم مرخی شاعیریی نوورانی گەلێك بەرز بووە و بەگشتی ئەو بنەماڵەیە شاعیری زۆریان لێهەڵکەوتووە کە ئاوات و نوورانی دووکەس لەوانن.

ئاوات گوتوویەتی:

دڵ لە شکەنجی زولفی ئەو لانەیی کردووە قەدیم
مەنعی مەکە شەوانە گەر مەیلی وەلای وەتەن دەکا

شیعرەکەی حافز، زۆر سوار و بن بزۆکەیە و هەر لە فەردی یەکەمدا بە مۆسیقای پیتی /چ/ ی ناو سێ وشەی چمان و چمن و چرا، گوێی خوێنەر و بیسەر تامەزرۆی خوێندنەوە و بیستنی پاشماوەی شیعرەکە دەکات.

هەندێك وشە و تەعبیری ناو شیعرەکە:

نێرگسی مەستی ئەو: ئەو تەعبیرە لە شیعری فارسیدا گەلێ زۆر بینراوە، هەر لە سەعدییەوە تا حافز و فروغی بسطامی و شاعیرانی سەردەمی نوێتر. بۆ نمونە حافز دەڵێ: *"غلام نرگس مست تو تاجدارانند".*

لە کوردیشدا بە شێوەی نێرگس یان نێرگز یان نەرگس لە شیعری زۆرێك لە شاعیرەکانماندا هەیە. نالی دەڵێ:

*"فەرشی کەففی بەری پێتە نەرگس*
*سەری داخستووە وەك چاوی حەیا"*

کایە بە سوێسن و گوڵ و..: شاعیر بەهۆی گرفتی تەکنیکیی وەك گرفتی کێشەوە، سوێسن و گوڵی وەك دوو شتی جیاواز هێناوە کە دەزانین سوێسنیش چەشنە گوڵێکە. حافز لە شیعرەکەی سەرەوەدا گوڵی لەگەڵ سەمەن هێناوە؛ سەمەن گیایە و بە سەریەکەوە دەبێتە گوڵ و گیا. بەڵام سەمەن لە فارسیدا واتای گوڵی یاسەمەنیشی هەیە و لەو واتایەدا دۆخی حافز و ئاوات دەبێتە یەك.[٢٤٤]

شکەنج: پێچ، چینی زوڵف

وەلای وەتەن: دەکرێ بە دوو شێوە بخوێنرێتەوە: یەکەم، وەلای عەرەبی بە واتای خۆشەویستیی وەتەن و دووهەم، وەلای وەتەن واتە بەلای وەتەنەوە من دڵنیام دەبێ شاعیر ویستبێتی بڵێ مەیلی بە لای وەتەندا دەشکێتەوە. حافزیش هەر وای گوتووە.

چونکە شکاوە شووشەکەی: واتای شووشەشکان لەم فەردە دەرهێنان کاتێ گونجاو دەبێت کە پەیوەندی بدرێتەوە بەفەردی یەکەم و تەرکیبی نێرگسی مەست. شاعیر لەوێدا چاوی ئەو (واتە دڵدارە مەجازییەکەی خۆی) بە نێرگسێکی مەست دەشوبهێنێت و لێرەدا دەڵێ ئەو سەرخۆشە، شووشەی بادەی شکاوە و بە هۆی سەرخۆشییەوە وەها

---

٢٤٤ . دیارە سەمەن لە فارسیدا واتای گوڵی یاسەمەنیشی هەیە.

موشەووەشە و قسەی پەرێشان دەکات، کە ئابڕووی ڕژاوە؛ قسەکانیشی باسی چین؟ زولفی پڕ پێچ و شکەن شکەن.
جیلوە: دەرکەوتن
پڕ جەماڵ، پڕ لە جوانی
ڕخنە: نفووز، چوونە ژوورەوە
شەشدەر: ئاماژەیە بە دۆخێك لە یاریی تاوڵە (تەختە نەرد) دا، کە حەریف شەش ماڵی بەردەمی تۆی گرتبێت و نەتوانی هیچ بکەی. شەشدەر بەستران، بێ هیواییە و زۆر واهەیە دۆڕانی بەشوێندا بێت.
تەبعی مەلوول: ئاوات لێرەشدا دەچێتەوە ناو دۆخە ئاساییەکەی خۆی و باس لە مەلوولی و دڵ تەنگی و خۆ بە کەم زانی و تەنانەت مردن و کفن و دفن دەکات. ئەوانەش بۆ ئەوەی بە کاکی خۆی بڵێ من لە بەرانبەر مرخی شاعیریی تۆدا هیچ نیم. ئەوە بەشێکی گرنگ لە زات و گەوهەر و کەسایەتی ئاواتە و عەرەزێك نییە بتوانێ بیگۆڕێت، هەر بۆیەشە هەردەم لەشیعرەکانیدا سەرهەڵدەدات و خۆ دەنوێنێت.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رجز مثمن مطوی مخبون: مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلن

# برایەتی

چەندە بەنرخ و چاکە براکەم! برایەتی
چەند پیسە، چەند گلاوە، کەسی من! جیایەتی[٢٤٥]
بۆ کورد جیا لە یەکتر و تەشویش[٢٤٦] و گیرودار
یەکجار لە مێژە، دوور ودرێژە حیکایەتی[٢٤٧]
هەرچەند زەمانە جەوری لە سەرمانە، خول دەدا
با ئەم خولەش نەکەین لەوی، گیانە، شکایەتی
سوورڕێکی دیش بە سوودی مە دەخوا، سەبر گرە!
تا سەر نییە گەدایەتی و[٢٤٨] پادشایەتی
جا تۆ کە ڕوونە لێت گەڕ و چەرخ و خولی زەمان،
مەنوێنە بێ مرووەتی و بێ کیفایەتی!

شێخ چۆپان، ١٣٣٢ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٨٢ ی چاپی ئەنیسی و ٢٣٤ ی چاپی جەعفەر )

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەردا وەك یەکە.
پەیامی شیعرەکە ڕوونە: یەکیەتی و برایەتی چاکە و جیایەتی و دووبەرەکی خراپ! ئاوات ئەو پەیامەی کەی و بۆچی و بۆ کێ ناردووە؟ ساڵ، ساڵی **١٣٣٢ (١٩٥٣)**، ساڵی ڕابوون و ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانە لە سەردەمی حکوومەتی دوکتۆر موسەددیق دا، ساڵێك کە ڕۆحی کێشەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی بە تان وپۆی خەڵکی ئێراندا

---

٢٤٥. چاپی ئەنیسی: جییایەتی
٢٤٦. چاپی ئەنیسی: تەوبیخ و گیرودار
٢٤٧. چاپی ئەنیسی: خەتایەتی
٢٤٨. چاپی ئەنیسی: گەدایەتی یو

گەڕابوو و بە تایبەت لە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری گەیشتبووە لووتکەی خۆی، ڕەعیەتی هەندێك گوندی ڕۆژهەڵاتی بۆکان ئاغاواتیان لە گوندەکان دەرکردبوو و بە هۆی پشتگیریی سوپا و پۆلیس لە خاوەن زەوییەکانی بۆکانەوە، کێشەی ئاغا و ڕەعیەت لەویدا، ببووە کێشەی حکوومەت و ڕەعیەتیش.

لەو کەش وهەوایەدا ئاوات داوای برایەتی و یەکیەتی لە کێ دەکات؟ لە خەڵکی ئاسایی شار و گوند کە دژ بە ئاغاوات ڕاپەڕیبوون یان لە ئاغا و خاوەن زەوییەکان کە بەرەیەکیان دژ بە گوندنشینەکان پێکهێنابوو و دوای کۆدیتای ۲۸ ی گەلاوێژ سەر لەنوێ دەسەڵاتیان گرتەوەدەست و خەریکی تۆلە سەندنەوە و دەرکردن و لێدان و ئازاردانی ڕەعیەت لە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری بوون؟ وەڵامی ئەو پرسیارە کاتێ ڕوون دەبوەوە کە بمانزانیایە شیعرەکە لە چ مانگێکی ئەو ساڵەدا گوتراوە: پێش ۲۸ ی گەلاوێژ یان دوای ئەو؟ بە داخەوە ئێستا ئەو زانیارییەمان بە دەستەوە نییە و هەر بۆیەش دەبێ بە مەزندە و بە ئیحتیاتەوە بۆ بابەتەکە بچین. لە حاڵەتێکی وادا باشترە تەنیا پشت بە ناوەرۆکی شیعرەکە ببەستین و یارمەتی لەو وەربگرین:

ڕووی شاعیر بێگومان لە کوردە نەك میللەتانی دیکە، دەنا دەکرا بیرمان بۆ کێشەی نێوان جبهەی میللی موسەددیق، لایەنگرانی ئایەتوڵڵا کاشانی و لایەنگرانی حزبی توودەی ئێرانیش بچێت کە لە گەرمەی شەڕ و پدژایەتیکردنی یەکتردا بوون و ڕۆژی ۳۰ ی تیری ۱۳۳۲ واتە کەمتر لە مانگێك پێش کۆدیتا، دەیان کەسیان لە لایەن پۆلیس و سوپاوە کووژران و سەدانیان بریندار بوون، قوام السلطنە وازی لە سەرەك وەزیری هێنا و مصدق السلطنە بوو بە سەرەك وەزیری ئێران. ئەوانە تەنیا بەشێك لە ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو ساڵەن وا شیعرەکەی تێدا گوتراوە.

بەڵام وەك گوتم، ڕووی قسەی شاعیر لە کوردە و نەك خەڵکانی دیکە. ئەگەر ئەو 'ئەگەر' ەش ڕاست بێت، تاقە گومانێك کە بتوانرێ بکرێتم ئەوە دەبێت کە ڕووی قسەی ئاوات لە ڕووداوەکانی ئەو ساڵەی ناوچەی بۆکان بێت کە گرێ کوێرەی کێشەی چینایەتی و نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. من وای بۆ دەچم کە ئاوات لە سەر ڕێچکەی سیاسیی ئەودەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆیشتبێت کە لە کێشە و پێکدادانی نێوان ئاغا و ڕەعیەتی بۆکان و دەوروبەریدا، دەورێکی پاسیڤی گێڕا و بە گوێرەی هەندێك بیرەوەریی کەسایەتییە حزبییەکانی ئەودەم وەك نەمر مامە غەنی بلووریان *(ئاڵە کۆك، لاپەڕە ۱۱۹ تا ۱۲٤؛ هەروەها: سەدەی*

*کارەسات، لاپەڕە ۹۷ تا ۱۰٦*)، حزب لەگەڵ ئەو 'توند وتیژییانە'دا نەبوو کە لە لای بۆکان هاتبوونە ئاراوە و ئاغاوات لە گوندەکانیان دەکرابوون و ماڵی هەندێکیان زەوت و زەوییەکانیان بە سەر جووتبەندە و ڕەشاییدا دابەش کرابوو. ئەوان دەیانویست خەباتی خەڵکەکە بەرەو ئاقارێکی نەتەوایەتی بچێت و کۆمەڵانی خەڵك بە بێ مۆرکی چینایەتی شان بە شانی یەکتر داوای ئەو مافە بکەن؛ دیارە ئەو خەباتە خۆڕستەی خەڵکی بۆکان و ناوچەکە ناوەرۆکێکی تۆخی چینایەتی هەبوو و لە ئەنجامیدا خەڵك بە سەر چەوسێنەر و چەوساوەدا دابەش دەبوون، دژ بە یەکتر دەوەستان و ئەو ئامانجی یەکڕیزییەی 'هەموو کۆمەڵانی خەڵك' کە حزب خوازیاری بوو، وەدی نەدەهات. لە لایەکی دیکەشەوە سیاسەتی حزبی دیموکرات لەو بڕگە مێژووییەدا، کارتێکەریی حزبی توودەی ئێرانی لە سەر بوو، کە تووشی هەوراز و نشێوێکی زۆر ببوو و لەگەڵ موسەددیق و ئایەتوڵلا کاشانی یاریی کتك و مشکی دەکرد و تەنانەت تا مانگێك پێش کۆدیتا واتە بڕگەی ۳۰ ی تیری ۱۳۳۲، ددانی خێری بە موسەددیقدا نەدەنا. حزبی توودەی ئێرانیش ئەو هەنگاوانەی خەڵکی ناوچەی بۆکانی بە زێدەڕۆیی و تا ڕادەیەکیش بە ئاژاوەگێڕی لە قەڵەم دەدا و وەك ڕووداوەکانی ناوچەی بەختیاری لە باشووری ئێران، بە دەسکردی هێزە پاشکەوتووەکانی دەزانی کە نەدەبوایە پشتگیری بکرێت.

دیارە ئەوە تەنیا لایەنێکی ڕووداوەکانە و لە بیرەوەریی هەندێکی دیکە لە ئەندامان و بەرپرسانی حزبی دیموکرات وەك نەمر کەریمی حیسامی (*لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ۲۰٦ تا ۲۱۸*) دا، هەڵوێستی حزب لە بەرانبەر ئەو ڕووداوانە بە ئەرێ یی نرخێنراوە و بە گوێرەی ئەوان، حزب لایەنی ڕاپەڕیوانی گرتووە بەڵام توندوتیژییەکانی بە هەڵە زانیوە ولەگەڵیدا نەبووە. ڕاستەقینە ئەوە بوو حزب خۆی بە بەرپرسی کاروباری سیاسی ناوچەکە دەزانی و تا ڕادەیەکی زۆریش وابوو، هەربۆیەش لەگەڵ هەندێك لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکەی بۆکان و دەوروبەری وەك نەمر 'حاجی قاسمی کەریمی' و 'عەبدوڵلا ئێرانی' و 'عەلی میرەبەگ' و 'سەید کاکە' دا هاودەنگ و هاوهەنگاو نەبوو کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان بە جبهەی میللی دوکتۆر موسەددیق و کەریمی سەنجابی و دوکتۆر محەممەدی موکرییەوە هەبوو و ڕێبەرایەتی ڕاپەڕینی خەڵکی ناوشاری بۆکانیشیان دەکرد.

هەر ئەو ناتەبایی و دژبەرییە چینایەتییەشە کە لەم شیعرەدا ڕەنگی داوەتەوە و شاعیر وەك ئەندامێکی پلەبەرزی حزبی دیموکرات، بانگی کۆمەلانی خەلك دەکات بۆ تەبایی و یەکڕیزی و یەکدەنگی لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ ئاغاواتیش! ئەوە بمانەوێت یان نەمانەوێت، دەتوانێ واتای دژایەتی کردنی خەباتی چینایەتی وەرزێرانی ناوچەی بۆکان بداتەوە، دەنا لەو سەروبەندەدا کە ئاغا لە کونەمشکیشدا شوێنیان نەدەبووەوە و زەویەکانیان لێ دابەش کرابوو، 'برایەتی' چ واتایەکی دەبوو؟
دیارە ئەگەر شیعرەکە دوای کۆدیتای ۲۸ ی گەلاوێژ گوترابێت، شتەکە بەراوەژوو دەبێتەوە و دەتوانین بلێین داواکارییەکەی ئاوات ئاراستەی ئاغاکان کراوە کە ئەمجار ئەوان بە سەر بارودۆخەکەدا زالن و بە یارمەتی ئەفسەرانی سوپا وەك 'سەرهەنگ مظفر زنگنە'، گرتن و لێدان و دەرکردن و ئاگردانی مالی ڕاپەڕیوەکانیان دەست پێکردووە. من ئەو ئەگەرە تەواو بە دوور دەزانم و لە سەر ئەو باوەڕەم کە شیعرەکە لە ڕۆژانی ئالۆزی و بشێویی و خۆپیشاندانی ڕۆژانەی خەلکی ناوچەکە دژ بە ڕژیمی شا و قوام السلطنە واتە پێش کۆدیتای ۲۸ ی گەلاوێژدا گوتراوە و شاعیر داوا لە خەلکی ڕاپەڕیو (نەك ئاغاوات) دەکات هێور ببنەوە و ڕیزی خەباتی نەتەوایەتی بۆ شۆڕشی چینایەتی تێك نەدەن- هەمان ئەو سیاسەتەی وا حزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەی دەبرد و ئاواتیش ئەندامی خاوەن بەینەتی بوو. ڕاستەقینە چییە؟ نازانم.
بۆ کورد جیا لەیەکتر و.... واتە ئەو جیالەیەکتر بوون و بشێوی (یان 'تەوبیخ') ە، حیکایەتێکی کۆنە و لەمێژە لەگەڵ کورد دەژی و هەیە. دەقی دوو دیوانە چاپییەکە لێرەدا کەلك لە دوو وشەی جیاواز وەردەگرن: تەشویش و تەوبیخ. من دلنیا نیم کامەیان پڕ بەپێستی شوێنەکەن بەلام ئاساییە هەموو شاعیرێك دوای پێداچوونەوەی بەرهەمەکەی خۆی دەستێکی تێوەردەدات و هەندێك شوێنی دەگۆڕێت. دوور نییە لە دوو دەقی جیاوازی دەستخەتی شاعیردا ئەو دوو وشەیە جێگۆڕکێیان پێکرابێت. من تەشویش واتە بەربلاوی و یەکنەبوونم پێ باشترە لە تەوبیخ و سەرکۆنە کردن.
دەقی چاپی ئەنیسی هەروەها وشەی 'خەتایەتی' لە جیاتی 'حیکایەتی' داناوە و بەو شێوەیە واتای ڕستە و فەردەکە هەندێك گۆڕانی بەسەردا دێت: ئەو جیالەیەکتر بوون و بشێوی (یان 'تەوبیخ') ە، حیکایەتێکی کۆنە و لەمێژە لەگەڵ کورد دەژی و [سەرنەکەوتنمان] خەتا و تاوانی ئەوە.

هەرچەن زەمانە ..... واتە گەرچی جەوری زەمانە بە ژوور سەرمانەوە خول دەخوات، بەڵام گیانەکەم با سکاڵای ئەم خولەش لە زەمانە نەکەین لە کاتێکدا خۆمان خەتابارین و نامانەوێت یەك بگرین.
سوورێکی دیکەش ... واتە ئەگەر سەبرتان هەبێت، زەمانە لە دواڕۆژدا بە سوودی ئێمە سووڕ دەخوات.
جا تۆ، کە ڕوونە لێت ... واتە ئێوە کۆمەڵانی خەڵك کە ئاگاداری ئەوە هەن چەرخ و خولی زەمان تا سەر نییە و دەگۆڕێت، باش وایە بێ مرووەت و بێ کیفایەت نەبن و یەك بگرن.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
مضارع مثمن اخرب مكفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعيل فاعلن

## مەگرە بەهانە

قوربانی برۆتم کەسەکەم، چەشنی کەوانە
تیری موژەکەت بۆچی دڵی کردە نیشانە؟[٢٤٩]
لێتداوە لە دوو لاوە کە وا هێندە بەژانە
خوێنی بدە لەو دەست و سەر و پەنجە جوانە[٢٥٠]
بۆچیتە خەنە؟ تەڵخە. بەسە، مەگرە بەهانە!
سەیرێکە لە پەروانە کە ڕەفتاری دڵی دی[٢٥١]
ڕوانە کە پەروای نەبوو، ئەسراری دڵی دی
سووتاوە پەڕوباڵی کە ئەنواری دڵی دی
دێوانە و سەرسامە کە ئاساری دڵی دی[٢٥٢]
بەو حاڵەشەوە دڵ، کەچی، مەیلی بە گەڕانە
هەر دێت و دەچێ لێر و لەوێ، بێکەس و بێدەر
عاشق بە هەموو خونچەدەم و قەددی سنەوبەر
هەر قامەتی ڕەعنایە دەبینێ، وەکوو نۆکەر،[٢٥٣]
دووی کەوتووە، بێچارە وەکوو شێت و قەلەندەر
داناکەوێ بۆم هەرچی دەڵێم، دەردی گرانە
لەم کاتە کە باری لە سەما لوئلوئی لالا

٢٤٩ چاپی ئەنیسی: بۆ دڵمی
٢٥٠ چاپی ئەنیسی: جووانە
٢٥١ چاپی جەعفەر: سەیریکە
٢٥٢ چاپی ئەنیسی و جەءعفەر: دێوانە وو
٢٥٣ چاپی ئەنیسی: هەر قامەتە ڕاعنایە دەبینی

سەرپاکی چیا بۆتە گوڵ و نێرگسی شەهلا[254]
هەرکەس بە خەیاڵێك و بە فکرێکەوە هاڵا
دڵ هەر لە خەیاڵی سەر و زولف و قەد و باڵا
دێوانە ئەوە ئەو، دەگەڕێ خانە بە خانە
زستان کە زەیستان بوو، بەری خستووە ئەمڕۆ
هەر لاخڕ و شیوێکی تەماشا بکەن ئەنگۆ
نوتفێکی فڕێداوە فەقیرە، بە سەری تۆ
دێ دەنگ و هەرا و شیوەن و ناڵینی بە ڕۆڕۆ
بای وادە دەدا موژدە، ئەوا کاتی گوڵانە
تاکەی بە هومێدی مەدەدێکی ئەم و ئەو بین؟
دواکەوتوو لە هەر خێڵ و لە کوێستان و لە زەو بین
تاکەی کەسەل و تەمبەڵ و هێند کوشتەیی خەو بین؟
وەك شەمشەمەکوێرە، بە هەوا، عاشقی شەو بین
شەو ڕۆیی، بەسە؛ هەستە ئەوا کاتی بەیانە!
هەرکەس کە فکر کاتەوە لەم مەوقیعە خۆشە
خاوەن دڵ و گوڵ بێ، وەکوو بولبول، بەخرۆشە
هەر سۆفیی بێکارەیە وا ئێستە خەمۆشە
لێی لادە، کە لەم مەوقیعەدا وا بە پەرۆشە
حاڵی بە، مرۆیێکی چ بێکەڵك و نەزانە
بێچارە "ئیمامی" کە گرفتاری خەمت بوو،
شێواوی سەری زولفی ڕەشی زۆر و کەمت بوو،
قوربانی تەپوتۆزی شەقامی قەدەمت بوو،
پەروانەیی ڕوخساری وەکوو تازەشەمت بوو،
بۆیە وەکوو پەروانە بە پەروازە شەوانە!

شێخچۆپان، ١٣٣٢ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٢٧ و ١٢٨ی چاپی ئەنیسی و ٢٦٩ و ٢٧٠ ی چاپی جەعفەر)

---

[254] چاپی ئەرنیسی: چییا

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو دیوانی چاپکراودا وەك یەکە و لە بەشی پێنج خشتەکییەکاندا دانراوە واتە شێوازی پێنج خشتەکی (مخمس)ی هەیە.
بەڵام بە عادەت پێنج خشتەکی تەنیا سێ لەتە شیعری یەکەمی هی شاعیرەکە خۆیەتی و دوو لەتەکەی کۆتایی هی شاعیرێکی دیکەیە کە ئەم ئیقتیدای پێ کردووە. ئایا ئاوات لێرەدا پێنج خشتەکییەکەی خۆی لەسەر بنەمای غەزەلێکی شاعیرێکی دیکەی کورد داناوە یان هەر پێنج بەشەکانی هی خۆین، لێی دڵنیا نیم و لە دیوانە چاپییەکانیشدا ئاماژە بە دیاردەیەکی وا نەکراوە. ئەوانە هەموو لە لایەك، لە لایەکی ترەوە من شیعرەکە وەك مسمط دەبینم یان ئەوپەڕی، دەتوانێ شێوەیەك بێت لە تەرکیب بەند.
کارتێکەریی پێنج خشتەکییەکی فارسی 'شێخ بەهائی' بەسەر شیعرەکەی ئاواتەوە بەڕوونی دیارە و بۆ نموونە، تەعبیری 'خانە بەخانە'ی ئەوی عەینوبیللا هێناوەتە ناو شیعری خۆیەوە. بەڵام دەگوترێت کە شێخ بەهائیش لەو شیعرەیدا تەخمیسی غەزەلێکی 'خیالی' یان 'هیلالی جوغەتایی' کردبێت. شێخ بەهائی شاعیری سەدەی یازدەی کۆچیی ئێرانە و ئەوەش سەرەتای پێنج خشتەکییە ناسراوەکەیەتی کە لە نەعتی خودادایە و ناوەرۆکێکی 'وحدت وجودی' هەیە:

*"تاکی به تمنای وصال تو یگانه*
*اشکم شود از هر مژه چون سیل روانه؟*
*خواهد به سر آید، شب هجران تو یانه؟*
*ای تیر غمت را دل عشاق نشانه*
*جمعی به تو مشغول و تو غایب ز میانه!..."*

قسەیەکیش هەیە کە گوایە لە شیعری فارسیدا پێنج خشتەکی هەر بوونی نەبێت و شیعرەکەی شێخ بەهائیش 'مسمط' بێت. من ئاگاداری ئەو بەربەستە لە شیعری کوردیدا نیم و دەزانم پێنج خشتەکییەکی گەلێك زۆرمان هەیە بەڵام ئایا ئەوانیش دەکەونە خانەی موسەممەتەوە یان دەتوانین بڵێین پێنج خشتەکی یەك لە شێوازە باوەکانی شیعری کوردییە؟

هەرچۆنێك بێت، بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە شاعیری پێنج خشتەکی ویژ بەگشتی شوێنی شیعری شاعیرێکی دیکە هەڵدەگرێت و لە سەر ئەساسی غەزەلی ئەو شاعیرەی پێش خۆی، پێنج خشتەکی دەخوڵقوێنێت، ئەو بۆچوونەش هەیە کە پێنج خشتەکی شێوازێکی دواکەوتووانەیە و سەربەخۆیی شاعیری تێدا نییە لەبەر ئەوەی دەبێ بیر و زیهن و تەنانەت فۆرم و قاڵبی شیعری کەسێکی دیکە ڕەچاو بکات. لەگەڵ ئەوەشدا دەزانین هەندێك جار کەڵە شاعیرانی کورد و ئێرانیش نموونەی ئەو چەشنە شیعرەیان لە دیواندا هەیە.

ناوەرۆکی شیعرەکە هەندێك تێکەڵاوە. سەرەتای شیعرەکە لە وەسفی سروشتدایە، بەڵام دوای پێنج بەند، شاعیر بادەداتە سەر لایەنێکی کۆمەڵایەتی کە بە ئاشکرا سیاسیشە، ئینجا سەر لەنوێ لە بەندی حەوتەمەوە دەچێتەوە سۆراغی سروشت و لە بەندی کۆتاییدا سەری ئەوین و خۆشەویستی دەدات.

شیعرەکە لە ساڵێکی پڕ لە ڕووداوی سیاسیی ئێراندا گوتراوە، (١٣٣٢ ی هەتاوی و ١٩٥٣ ی زایینی) هەر لە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان و سەقز و میاندواو دژ بە ئاغاوات و خاوەن ملکەکانەوە، تا هاتنە سەر حوکمی دوکتۆر موسەددیق و یاسای ئیسلاحاتی زەوی وزاری پەرلەمانی ئێران و هەڵاتنی شا لە تاران و گەڕانەوەی بۆ سەر تەخت و تاج بە هۆی کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ئەو ساڵەو بگیر و ببەند و ئیعدامی خەباتکاران و شۆڕشگێران. شوێنی هیچکام لەو ڕووداوانە بە شیعرەکەوە دیار نییە.

کەوانی برۆ، تیری موژە و بەکارهێنانی خوێنی عاشق لەجیاتی خەنە لەلایەن دڵدارەکەیەوە هەمووی ناسیاوی گوێی خوێنەرن و لە شیعری شاعیرانێکی زۆردا بینراون، بەڵام شاعیر بە زیادکردنی عیبارەتی 'مەگرە بەهانە'، سوورێکی تا ڕادەیەك تەنز ئامێز بە شیعرەکە دەدات.

سەیرێکە: شتێکی سەیرە

پەروا: ترس و ئیحتیات. پەروا نەبوون واتە نەترس و ئازا بوون. شاعیر بە هێنانی پەروا و پەروانە، جیناسێکی ناتەواوی دروست کردووە.

ئەنواری دڵ: شەوقی ئاگری دڵ پەڕوباڵی پەروانەی سووتاند.

ئاسار: شوێنەوار. ئاساری دڵ چییە ؟ شاعیر ڕوونی ناکاتەوە بەڵام لە ڕێگەی دوو وشەی دێوانە و سەرسامەوە دەزانین دۆخی دڵی شاعیر ئەوەندە خراپ بووە کە پەروانەی سەرسام کردووە.
بەو حاڵەشەوە: واتە بەو ئاگرەی ناو دڵەوە.
بەڵام مەیلی بە گەڕانە: چ گەڕانێك؟ دەبێ نیازی شاعیر ئەوە بێت کە دڵم ئۆقرە و ئارامی نییە و ڕاناوەستێت.
لێر ولەوێ: سەنعەتی مطابقە (تضاد)یان تێدا بەکار هێنراوە.
بێکەس و بێ دەر: سەنعەتی مراعات النظیر
دووی کەوتووە: زەمانی کردارەکە ڕابردووە و لەگەڵ زەمانی کردارەکانی پێش خۆی (دێت و دەچێ، عاشق[ە] و دەبینێ) دا، یەك ناگرێتەوە بەڵام بۆی هەیە شاعیر ویستبێتی بڵێت دڵم ئەوەندە ئامادەی کەوتنە دووی قامەتی ڕەعنایە کە هەر ئەوەندەی چاوی پێی کەوت، لەمێژە دوای کەوتووە! و ئەوەش دیارە دەبێ واتای "دوای دەکەوێت" بداتەوە.
قەلەندەر: فەقیر، عەوداڵ
داناکەوێ...: هەرچی نەسیحەتی دەکەم، دڵم هەر داناکەوێ.
لوئلوئی لالا: مرواری بریقەدار؛ لێرەدا بارانە.
شەهلا: عەرەبییە، بە چاوێکی ڕەش دەگوترێت کە مەیلە و سوور بێت و هەستی خەڵك بەرەوخۆی ڕابکێشێت (برهان قاطع)
هالاّ: تێهالاّ، تێکەڵاو بوو، پێیەوە خەریك بوو.
خانە بەخانە: ماڵ بەماڵ. لە شێعرە فارسییەکەی شێخ بەهائیشدا هاتووە: *"یعنی کە تورا می طلبم خانە بە خانە"*.
زستان و زەیستان: جیناسێکی ناتەواوی گەلێك جوانن. من ئەو تەرکیبەم پێشتر لە شیعری هیچ شاعیرێکی دیکەدا نەبینیوە. زەیستان: ئاوس، دووگیان.
بەرخستن: لەپەیوەندی زەیستان بووندایە و بە واتای لەبارچوونی منداڵە. واتە بە هاتنی بەهار، زستان چیتر ناتوانێت زاووزێ بکات و کۆتایی پێ هاتووە.
خڕ: ئاودڕ و جێ لافاو و شیوەڵە (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار).
شیو: دۆڵ
ئەنگۆ: ئێوە
نوتف: نطفە،عەرەبییە

دەنگ و هەرا و شیوەن و ناڵینی ئاوی کوێستانان دوای توانەوەی بەفر: بە هاواری ژنی زەیستان لەکاتی فڕێدانی منداڵ شوبهێنراوە.
بای وادە: بای وعدە، بایەکە هەژدەڕۆژ پێش نەورۆز هەڵدەکات و بەفر دەباتەوە (فەرهەنگی ئینترنێتی ئەناهیتا)
موژدە: مزگانی
مەدەد: یارمەتی، یاریدە
بەحری عەرووزیی شیعرەکە:
هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف: مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن

## چرای خانەدان

ئەوەند سەرگەرمی دەرد و میحنەت و ئەندووە و حیرمانم
نەپەرژام هەر لە لات بم، هەر فیداکەم ڕۆحم و گیانم
بە قوربانت بم و ڕۆحم فیدات بێ، گیانی شیرینم!
لە دەوریشت گەڕێم، بۆ دەردی من تۆی مامە! دەرمانم
چرای بۆ خانەدان و جێگەیی فەخر و موباهاتی
خودا حیفزت بکا، مامە![255] ئەمن بۆت قۆچی قوربانم
وەرە سەرچاوەکەی چاوم، وەکوو جەیحوونی ماڵکاول
لە سەد جێ ناخودا خنکا بە گێژی وەختی گریانم
"ئیمامی" هەر وەکوو دێوانە ڕێگەی چۆڵوهۆڵی گرت
لە تاو تۆ، ئەی بە قوربانت دەبم! من خانەوێرانم

شێخچۆپان، بەهاری ١٣٣٣ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٨٨ ی چاپی ئەنیسی و ١٢٧ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "نامەیەك" ە.
شیعرەکە بۆ مامی شاعیر گوتراوە، کە نەمر حاجی بابە شێخی سەیادەت بێت. ئەو ڕاستییە، جگە لەوەی شاعیر یەکدوو جار ڕاستەوخۆ لە شیعرەکەدا ڕایگەیاندووە، لە پەراوێزی شیعرەکە لە دیوانی چاپی جەعفەریشدا پشتڕاست کراوەتەوە: "بۆ خوالێخۆشبوو حاجی بابەشێخی مامی". ئێمە لە دیوانی ئاواتدا لای کەم سێ و چوار شیعری دیکەی ئاوات دەبینین کە سەبارەت بە مامی یان مەرگی مامی گوتراون. وێدەچێت شاعیر ئیرادەتێکی خالیسانەی بە مامی بووبێت و لە پەیوەندێکی نزیکدا

---

[255] . چاپی ئەنیسی: باقڵ

بوویێت لەگەڵی، لەبەر ئەوەی ڕۆح و گیانی خۆی فیدا دەکات، بەقوربانی دەبێت، لە دەوری دەگەڕێت و بە مایەی فەخر و موباهاتی بنەماڵەکەیانی دەزانێت. بەحیسابی ناوەرۆکی شیعرەکە، ئەگەری بەهێز ئەوەیە حاجی بابەشێخ لەو کاتەدا نەخۆش کەوتبێت و ئاوات چووبێتە سەردانی، ئینجا لە گەڕانەوەدا ئەو شیعرەی گوتبێت و بۆی ناردبێت کە تێیدا داوای لێبووردنی لێ دەکات بۆئەوەی بەهۆی "سەرگەرمی و دەرد و میحنەت و حیرمان"ەوە نەیتوانیوە 'هەر لەلای بێت' و 'هەر ڕۆح و گیانی خۆی فیدای بکات'. تەئکید لە سەر 'هەر' (بەواتای حاڵەتێکی بەردەوام) و دووپات کردنەوەی لە یەك میسراعی فەردێکدا نیشانەی هەمان ئەو ئیخلاسەیە کە پێشتر باسم کرد.

دەرد و میحنەت و ئەندووە و حیرمان: سەنعەتی مراعات النظیریان پێ دروست کراوە. وەك پێشتریش گوتوومە ئاوات بۆ کەڵك وەرگرتن لە وشەگەلی عەرەبی و فارسی سێ ودوو ناکات و ئەوە تایبەتمەندییەکی شیعرەکانیەتی.

نەۆپەرژام: دەرفەتم پەیدا نەکرد.

لە دەور گەڕان: خۆ بە سەدەقە و قوربان کردنی کەسێك کردن

باقڵ: ئەم وشەیە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا کەوتۆتە فەردی سێهەمەوە: "خودا حیفزت بکا، باقڵ ئەمن بۆت قۆچی قوربانم" بەڵام لە چاپی جەعفەردا وشەی 'مامە' کراوەتە جێگری. باقڵ وشەیەکە لە سەر زمانی خەڵکی ناوچەکە هەیە و لەڕاستیدا 'بە عەقڵ' ی عەرەبییە کە کوردێنراوە. واتە بەعەقڵی خۆم فلانە شت ئاوەهایە. دیارە درەنگتر شاعیر خۆی یان ئامادەکارانی چاپی کاك جەعفەر وشەکەیان پێ جوان نەبووە یان واتاکەیان پەسند نەکردووە کە هەندێك گومان و ڕاڕایی تێدایە و توند و 'قاطع' خۆی ناکاتە قۆچی قوربانی مامی، هەر بۆیەش وشەی 'مامە'یان لە شوێنی داناوە: "خودا حیفزت بکا، مامە! ئەمن بۆت قۆچی قوربانم" من ئەو ئاڵوگۆڕەم پێ باشە و لام وایە هەرکەس کردبێتی یارمەتی ڕازاوەیی شیعرەکەی داوە. بەڵام یەك خاڵی نەرێ یی تێدایە ئەویش دووپات بوونەوەی وشەی 'مامە'یە کە ڕاست لە فەردێك پێشتریشدا هاتووە و بە گشتی دووپات کردنەوەی وشە لە شیعردا زۆر جێگەی پەسند نییە.

سەرچاوەکەی چاوم: ئەو تەعبیرە لە شیعری شاعیرانی دیکەی کوردیشدا بینراوە:

*"وەرە سەرچاوەکەی چاوم کە جێگەی باسەفایێکە"*

عەلی باپیر ئاغا ( کەمالی)

*"وەرە سەر سەیری سەفاگاهی نەزەرگەی چاوم"*

نالی

جەیحوون: ڕووبارێکە کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران. فەردی چوارەم لەباری ئەدەبی و شیعرییەوە واهەیە جوانترین فەردی شیعرەکە بێت کە گریانی خۆی، دیارە لەبەر نەخۆش کەوتنی مامی بە ڕووباری جەیحوون دەشوبهێنێ و دەڵێ ئەو ڕووبارە ماڵ کاولە کە ئاوی چاوی من بێت، ئەوەندە پڕ ئاوە کە لە سەد شوێنیدا تەنانەت کەشتیوانیشی خنکاندووە کە دەبێ لە هەموان مەلەوانتر بێت.

ماڵ کاول: ئیستیعارەیە بۆ زۆریی ئاوی جەیحوونی چاوی شاعیر.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

# با بسووتێم

خۆشه پێم شەم بم، له نێو جەرگ و دڵی شەودا بسووتێم
ببمه ڕووناکیی ڕەفیقان، خۆشم هەر تەنیا بسووتێم[٢٥٦]
یا وەکوو مەجنوون به ئاوری عیشقی لەیلا بێوەفاکەم
لەو کەژ و کێوانه وەك دێوانه و شەیدا بسووتێم[٢٥٧]
زۆر لەمێژه ئارەزووومه شەوچرای من دەرکەوێ، تا
من، وەکوو پەروانه، خێرا بێم و بێپەروا بسووتێم
بۆم بدا دەست، ساعەتێ لەیلا بگرمه باوەشی خۆم
پاش نەمانم با له نێو ئاوری جەهەننەمدا بسووتێم
هەر له تاوکەوتن هەتا ڕۆژپەڕ، شەوێ تاکوو بەیانی
وەك کەباب هەر قرچەقرچم بێ، بڵا هەروا بسووتێم[٢٥٨]
با له نێو بۆتەی ئەوین‌دا قاڵ ببم، بتوێمەوه باش
لێم‌گەڕێن تۆخوا، جەهەننەم! با ببرژێم، یا بسووتێم
نەك بڵێن ناقیس بوو، خاو بوو، هۆنەرێکی "کامیل"م من[٢٥٩]
با بەرابەر کا لەگەڵ ئیسمم موسەمما، با بسووتێم

قاقڵاوا، ١٣٣٣ ی هەتاوی
(لاپەڕه ١٩ ی چاپی ئەنیسی و ١٤٥ ی چاپی جەعفەر)

---

[٢٥٦] چاپی ئەنیسی ڕوناکی ڕەفیقان؛ چاپی جەعفەر: ڕووناکی ڕەفیقان چاپی ئەنیسی: تەنیا، بسووتێم
[٢٥٧] . چاپی ئەنیسی و جەعفەر: دێوانەوو شەیدا
[٢٥٨] چاپی ئەنیسی: بەڵا هەروا بسووتێم
[٢٥٩] چاپی ئەنیسی: خام بو

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو دیوانی چاپی ئەنیسی و جەعفەردا  وەك یەکن و پڕ بە پێستی ناوەرۆکی شیعرەکەشن.
شیعرەکە، لە ڕاستیدا وەرگێڕاوی غەزەلێکی فارسییە لە شاعیرێکی ئێرانی بە ناوی عەلی ئەکبەر دولەفی. لە چاپی ئەنیسیدا ئاماژەیەك بەو ڕاستییە نەکراوە بەڵام چاپی جەعفەر دەست نیشانی مەسەلەکەی کردووە و نووسیویەتی: "وەرگێڕاوی شیعری "عەلی ئەکبەر دولەفی"یە. شیعرەکە لە دەیەی  ٣٠ و ٤٠ ی ئێراندا تا ڕادەیەك ناوی باشی دەکردبوو و چەند شاعیری ئیرانی ئیستیقباڵی ئەو شیعرەیان کردووە و بە فارسی شیعری هاوشێوەی ئەویان گوتووە.
ژمارەی فەردەکانی شیعری دولەفی ئەوەندەی بزانم شەش و ژمارەی فەردی غەزەلەکەی ئاوات حەوتە. هۆکار دەبێ ئەوە بێت کە ئاوات تەنیا لە فەردی یەکەم و چەند شوێنی دیکەدا تەرجەمەی وشە بە وشەی شیعرە فارسییەکەی کردووە دەنا بە گشتی جگە لە پاراستنی کێش و سەروا، ئازادانە جووڵاوەتەوە و هەندێ چەمکی هێناوەتە ناوشیعرەکەوە کە لە ئەسڵەکەدا نییە و بە پێچەوانە، هەندێ چەمکی ناو شیعرە ئەسڵییەکەی تەرجەمە نەکردووە. بە کورتی، شیعری ئاوات وەرگێڕاوێکی ئازادی شیعری دولەفییە.
لە پەیوەندی شیعرە فارسییەکەدا تەنیا یەك خاڵم هەیە بیڵێم ئەویش وشەی 'بسابم' ە لە فەردی پێنجەمدا. لام وایە ئەو وشەیە دەبێ 'بسایم' بێت. باوەکوو واتای هەردوو وشەکە هەر یەك واتایان هەیە، بەڵام 'بسابم' وشەیەکی 'محاوەرەیی' سەر زمانی خەڵکە و لەگەڵ پاشماوەی ڤۆکابیولەریی شیعرەکەدا یەك ناگرێتەوە کە ئەدەبی و فەرمین.
چاپی ئەنیسی و جەعفەر وردە جیاوازییەکیان تێدا بەرچاو دەکەوێت. ئەنیسی لە کۆتایی فەردی یەکەمدا کۆما (فاریزە)یەکی لە نێوان تەنیا و بسووتێم داناوە کە هەندێك واتاکە دەگۆڕێت و زیاتر وا دەگەیێنێت کە هەر بسووتێم و هیچی دی. لە کاتێکدا بە بێ ئەو نیشانەیە دەبێتە بە تەنیایی بسووتێم و ئەوە ڕاست وەرگێڕاوی دەقە فارسییەکەیە.
هەروەها ئەنیسی لە فەردی چوارەمدا نووسیویەتی 'بەڵا هەروا بسووتێم' بە واتای بەڵام. ئەو 'بەڵا' یە لە دەقی جەعفەردا بۆتە 'بلا' کە واتای لێگەڕێ با بسووتێم دەدات. دیارە جیاوازیی واتایی ئەو دوو وشەیە، زۆر نین بەڵام بە پێویستم زانی دەست نیشانیان بکەم باشتر بێت لە پشت گوێ خستنی.

ئەوە شیعرەکەی "علی اکبر دلفی" یە و لە دەقی کاك جەعفەرم وەرگرتووە و لەگەڵ هەندێك دەقی دیکەی سەر ئینترنێتیش بەراوردم کردووە:

*"دوست دارم شمع باشم در دل شبها بسوزم*
*روشنی بخشم میان جمع و خود تنها بسوزم*
*شمع باشم اشك بر خاکستر پروانه ریزم*
*یا سمندر گردم و در شعله بی‌پروا بسوزم*
*لاله‌ای تنها شوم در دامن صحرا برویم*
*کوه آتش گردم و در حسرت دریا بسوزم*
*اشك شبنم باشم و بر گونه‌ی گلها بلغزم*
*برق لبخندی شوم در غنچه لبها بسوزم*
*یا ز همت پر بسابم بر ثریا همچو عنقا*
*یا بسازم آنقدر با آتش دل، تا بسوزم*
*ماه گردم در شب تار سیه‌روزان بتابم*
*شعله‌ی آهی شوم خود را ز سر تا پا بسوزم"*

سەبارەت بە وەرگێڕانی شیعری فارسی لە لایەن ئاواتەوە دەبێ بڵێم شیعرەکە لە ساڵی ١٣٣٣ ی هەتاوی (١٩٥٤ ی زایینی)دا گوتراوە واتە ساڵێك دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژ و ڕووخانی حکوومەتی موسەددیق و هاتنەوەی شا بۆ ئێران و دەسەڵات سەندن و بگرە و ببڕەی حکوومەت نیزامیی تەیمووری بەختیار کە لە ئەنجامیدا خەڵکێکی زۆر گیران و ئیعدام کران یان کەوتنە زیندانەوە. لە کوردستان و لە دەوروبەری بۆکان جگە لە پۆلیس و ژاندرمە، هەندێك ئاغا و دەرەبەگیش ببوونە کەواسووری بەرلەشکری دەوڵەت و ڕاستەوخۆ خەڵکیان دەگرت و لە تەویلەیان دەخستن و دارکاریان دەکردن یان دەیاندانە دەست پۆلیس و ژاندرمە و زیندانی شارەکانی کوردستان هەروەها زیندانی تەورێز لە ڕاپەڕیوانی کورد ئاخنرا بوو.

لەو ساڵانەدا، بێ هیوایی دوای شکست بە سەر ڕووناکبیرانی ئەودەمی ئێراندا (بە کورد و غەیرەکوردەوە) زاڵ بوو[٢٦٠] و هەموو لە ترسی گیران و کەوتنە بەر جەنجەڕی حکوومەت نیزامی لە قوژبنان خزیبوون و دەنگیان لێوە نەدەهات ئەگەریش دەنگێك هەبوایە ناڵە کردن و حەسرەت خواردن بوو بە زمانێکی سیمبولیك کە سانسۆرچییان و شۆفاران لێی تێنەگەن یان نەتوانن بیکەنە بەڵگە لە لای حکوومەتی نیزامی و دیژبانیی ئەڕتەش کە پێش دروستبوونی ساواك ئەوان بەرپرسی کوشت وبڕ و گرتن و زیندانیکردنی خەباتکاران بوون.

"ئاوات"یش بەشێك بوو لەو کۆمەڵگایە، لەو بارودۆخە سیاسی- کۆمەڵایەتییەدا دەژیا و هەر ئەو گوشارەی لەسەر بوو کە خەڵکانی دیکە لە سەریان بوو. بەڵام زیاد لەوان، جارێك دوای هەرەسی کۆماری کوردستان (١٣٢٥) و جارێکی تر لە ساڵی ١٣٥٠ دا دەکەوێتە زیندان.[٢٦١] ئەم شێعرە لە مەودای نێوان ئەو دوو زیندانەدا تەرجەمە کراوە و ئاشکرایە دەبێ مۆرکی ئەو بارودۆخەی پێوە دیار بێت.

لەنێو جەرگ ودڵی شەو: ئەوە وەرگێڕاوی 'در دل شبها' فارسییەکەیە و هەمان واتا دەداتەوە.

بێ پەروا: بێ دەربەست، گوێنەدەر، نەترس.

بۆم بدا دەست: تەعبیرێکی فارسییە کوردێنراوە. لە فارسیدا 'دست دادن' واتای گونجاو بوون و لەکردن هاتنیش دەدات.

ساعەتێ، شەوچرا، بۆتە: ئەوانە و بەشێکی دیکە لەو دەستەواژە فارسییانە، هەموو لە شیعرە فارسییەکەشدا نەبوویێتن لەگەڵ ئەو هاتوونەتە نێو شیعرە کوردییەکەوە.

ڕۆژپەڕ: تەرکیبێکی جوانی کوردییە بە واتای ڕۆژئاوا، کاتی ئاوا بوونی هەتاو.

بڵا: لێگەڕێ با...

بۆتە: کوورە و ئاگردانی زێڕینگەران بۆ ناسینەوەی زێڕ لە غەیرە زێڕ.

قاڵ بوون: توانەوە؛ ئەزموون وەرگرتن؛ ڕاهاتن.

---

[٢٦٠] واهەیە بتوانین نموونەیەك لەو بێ هیواییەی ڕووناکبیرانی ئێرانی لە شیعرەکانی "مهدی اخوان ثالث" شاعیری نوێخوازدا بدۆزینەوە کە لە کۆتایی شیعری هەرە ناسراوی خۆی بە ناوی 'شهریار شهر سنگستان' دا ڕاوی سەر دەنێتە ناو چاڵێکەوە دەپرسێت: 'امید رستگاری نیست؟' و دەنگدانەوەی دەنگەکە دەڵێ: '..اری نیست!" یا لە شیعری 'قاصدك' دا ڕوو لە پەیام هێنەرەکە دەکات و دەڵێ: "حاصل تجربەهای همە تلخ با دلم میگویند/ کە دروغی تۆ دروغ/ کە فریبی تو فریب!" ئیتر شیعری 'زمستان' هیچ کە سەرتاپای بێ هیواییە.

[٢٦١] . بڕوانە پێشەکی دیوانی ئاوات چاپی کاك جەعفەر ئیمام زەنبیلی لاپەڕە ٣٧

ناقیس و کامیل: شاعیر لە نێوان ناوی خۆی و دژبەرە واتاییەکەی، سەنعەتی تضاد (موقابەلە) ی دروست کردووە.
ئیسم و موسەمما: موسەمما ئەو کەس یان شتەیە وا بەو ئیسمە تایبەتە دەناسرێت. دەگوترێ هەندێك کەس و شت، ئیسمی بێ موسەممان واتە ناوەرۆکیان لەگەڵ ناوەکەیاندا یەك ناگرێتەوە. شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەڵێ:

*"سێ ئیسم هەن بێ موسەمما، هەروەکوو ئاوی بەقا:*

*تەیری عەنقا، شاری جابڵقا و پڵاوی خانەقا!"*

خاڵێك کە لە شیعرەکەدا بۆمن سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کاتێ ئاوات دەنووسێ "نەك بڵێن'، ئەوە لە شیعرە فارسییەکەدا نییە و هەڵوێست گرتنی خۆیەتی ئەویش نیشانەی گرنگیدانە بە خەڵك و بە کەم زانینی خۆی، دەنا شاعیر قسەیەکە و دەیکات، ئیتر کێ دەڵێ چی، کەیفی خۆی دەبێت، مەگەر شاعیر سەیدکامیلی ئیمامیی سۆفی مەسلەکی بەرپرسی سیاسی بێت، کە بە هەموو نیشانەیەکدا کەسێکی لەخۆبووردوو و خەڵك خۆشەویستە!

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

رمل مثمن سالم: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

## ئەی نەمامی تازە!

وەرە ئەی نەمامی تازە، تۆ لە باغی کێ ڕواوی؟
کە ئەوەند شۆخ و شەنگی، لە چ کانی ئاودراوی؟[262]
دەم و چاو و بەژن و باڵا، هەموو ڕێکوپێك و مەوزوون
هەموو دڵڕفێن و شیرین، کە لە جوانییا تەواوی
لە دڵی هەزاری عاشق هەر ئەتۆی و خۆشەویستی
چ بکا لە پارچە گۆشتێ، کە بە زۆری تێیخزاوی
تۆ و ڕۆح و بیر و باوەڕ، تۆ و قەست و عیشق و ئامانج
چییە ئەم تەلەسمە ئازیز، لە هەمووی کە تێکەڵاوی؟
شەو و ڕۆژ بە یادی ڕووی تۆ، نە خەوم هەیە نە خۆراك
بەڵێ، دەستی قودەرتێ بوو کە لە عەیب و عار بڕاوی[263]
دڵی موبتەلای "کامیل" کە ئەتۆی تێیا دیاری
چ جوان و ڕوون و خۆشە، تۆ چرای و هەڵکراوی

قاقلاوا، ١٣٣٣ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٠٠ و ١٠١ ی چاپی ئەنیسی و ٢٥١ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "چرای هەڵکراو"ە. هەردوو عینوانەکە جوانن و لە دەقی شیعرەکە وەرگیراون. بەڵام من هەڵبژاردنی ئەنیسیم پێ جوانترە و ئەویش لەبەر سەرجەم فەردی کۆتایی غەزەلەکە (مەقتەع)، کە گەلێك ڕازاوە و جوانە. لەوێدا شاعیر دڵدارەکەی دەکاتە چرا و دەیباتە ناو دڵی خۆیەوە و بە بۆنەی ئەو چرا ڕووناکەوە دڵی

[262] چاپی جەعفەر: کانێ
[263] چاپی ئەنیسی: قودرەتی

"جوان" و "ڕوون" و "خۆش" بووه. ئەو بادان و پێچانەوە هونەرییە نرخی فەردەکە و سەرجەم شیعرەکەی بردۆتە سەرێ و لە قسەکردنێکی ساکاری مەنزوومەیەکەوە کردوویەتە بەرهەمێکی هونەریی سەرنج ڕاکێش.

شیعرەکە ناوەرۆکی تەواو غەرامی هەیە و لە تەمەنی ٥١ ساڵیی شاعیردا دا گوتراوە.

خوێنەر لە چەند شوێنی شیعرەکەدا هەست دەکات هەندێك وشە بە زۆر ترینجاونەتە شوێنەکەیان لەبەر ئەوەی بە حیسابی میتر و کێشی عەرووزی، سووکە قورساییەکیان هەیە: تۆ (فەردی یەکەم، میسراعی یەکەم)، کانی (فەردی یەکەم، میسراعی دووهەم)، تۆ (فەردی یەکەم، میسراعی چوارەم. بەگشتی ئەو "تۆ"یە لە هەردوو شوێنی ئەم میسراعەدا کێشەی هەیە و تەواو لە شوێنی خۆی دانانیشێت). من هەست دەکەم کارتێکەریی شیعرێکی فارسی لەسەر شاعیر بووبێت لەبەر ئەوەی ئەو "تۆ"یانە زیاتر "تو"ی فارسین، کە کورتترە لە "تۆ"ی کوردی.

کانی: ئەم تەعبیرە، بە شێوەی ئاسایی دەبوایە وەك "لە چ کانییەك" بگوترایە، بەڵام بە هۆی کێشی شیعرەکەوە کلکی بڕاوە و بۆ چارەسەری مەسەلەکە، جارێك ئەنیسی وەك کانی نووسیوە و جارێك جەعفەر وەك کانێ، بەڵام هیچیان لە باری واتاوە پڕ بەپێست نین. وێدەچێت وشەکە سەرەتا شێوازی "کانی" بووبێت بەڵام کاك جەعفەر و هاوکارەکانی بۆ ئەوەی واتایەکی تەواوتر بە وشەکە بدەن، شێوازی "کانێ"یان پێداوە کە زیاتر موکریانی و مەهابادییە، بەڵام هێشتا هەر خاڵ نەپێکراوە. بڵێی شێوازی 'کانیە' چارەسەری مەسەلەکە نەکات؟

مەوزوون: خاوەن کێش، ڕێك و پێك.

لە دڵی هەژاری عاشق: لە قسەکردنی ئاساییدا دەبوایە بگوترێت "لە دڵی هەژاری عاشقدا..." بەڵام کێشی شیعرەکە سووکی کردۆتەوە و شاعیریش بەم شێوەیەی بەیان کردووە.

چ بکا: بکەری ئەو کردارە کێیە؟ بە دڵنیایی "دڵی هەژاری عاشق"ە. شاعیر دەڵێ جگە لە تو و خۆشەویستی(ی تۆ) هیچیتر لە دڵی هەژاری عاشقدا نییە و بە بێ تۆ و خۆشەویستی تۆ، دڵم پارچە گۆشتێك نەبێ هیچ نییە.

بە زۆری تێی خزاوی: واتە ئەم پارچە گۆشتە کە دڵی شاعیر بێت، لەکوێ و تۆ و خۆشەویستی تۆ لەکوێ؟ ئەمانە دوو دیاردەی جیاوازن و تۆ بە زۆر خۆت خزاندۆتە ناو دڵمەوە. ئەوە دەکرێ بڵێین تێگەیشتنێکی نوێیە لە خۆشەویستی. واهەیە پرسیار

بکرێت بۆچی دڵدار و ئەوین بە زۆردەبێ بچنە دڵی عاشقەوە، خۆ کەس زۆری لێنەکردووە؟ ئەوە نامۆبوونی شاعیر لەگەڵ ئەوین و دڵدار دەگەیێنێت. بەڵام واهەیە بە پێچەوانە، بڵێین ئەو نامۆییە لە چییەتی و جنسی گۆشت و ئەویندایە و بەوە شاعیر لە چنگ ڕەخنەگر ڕزگار بکەین!

تۆ و...: ئەوە، چەشنە سوێنددانێکە. وەك دەڵێین تۆبی و خودا، یان تۆبی و ویژدانت. ئەم چەشنە سوێنددان و کێشانی خەڵکە بۆ داوەری و پێداچوونەوە لە هەڵوێست، لە زمانی فارسیدا زۆر باوە، دوور نییە هەر بۆیەش بێت کە ئەگەر وشەی "تۆ" وەك فارسی بگوترێت زیاتر و چاکتر لەگەڵ کێشی شیعرەکەدا بێتەوە. شاعیر دڵدارەکەی بە هەندێك شت سوێن دەدات کە زۆریش هاوتا و هاو واتای یەکتر نین و هەرکام سەر بە ئاقارێکی واتایی لە ژیانی مرۆڤدان بۆ ئەوەی پرسیاری لێ بکات و بڵێ ئەوە چ تەلەسمێکە کە تۆ تێکەڵاوی هەموو ئەو شتانە بوویت؟ بە کورتی، شاعیر ویستوویەتی بڵێ تۆ تێکەڵاوی هەموو لایەنێکی ژیانی من بوویت!

قەست: 'قصد' ی عەرەبییە کوردێنراوە و بە واتای خواست و نیاز بۆ ئەنجامدانی کارە.

دەستی قودرەت: لە ڕوانگەی ئیمانداران و ئاییندارانداا دەستی هێز و دەسەڵاتی ڕەها، دەستی خودایە.

عەیب و عار: دوو وشەی عەرەبین. عار، بە کردەوەی جێگەی شەرمەزاری دەگوترێت.

بڕاو: دابڕاو، بێ بەش و دوورکەوتوو لە شتێك.

موبتەلا: گیرۆدە. عەرەبییە. بۆ واتاکردنەوەی فەردەکە بڕوانە سەرەوەتر.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن مشکول: فعلات فاعلاتن// فعلات فاعلاتن

# شیعری ساڵانی ۱۳۳٤ تا ۱۳۳۹

پێرست: پاڕانەوە، شاری مەستان، سەروی نەوڕەس، شایی و شین، یارم تەشی دەڕێسێ، قەزات لەمن کەوێ، نەسیمی نەوبەهار، بەسەرت، ئەمشەو، تاڵ و سوێری، سەودا، قەرزداری، ڕۆژی زەفەر، من گوتم، ئەمە ژینە؟، ئەسپی نەگبەت، بەرز و نەوی، ڕێبەری گەورە، گوڵبەریشم چوو، ئێشی حاجی بابە شێخ، ڕێبەری سیادەت، غەزەلی ناقیس، خەزانی گوڵ، ڕۆیی، پەروین، شایی، بەفری خەم.

# پاڕانەوە

ڕووم لە دەرگاتە وەکوو سائیلی ڕووت
سائیلێکم بەخودا ڕووت و قووت
من ودڵ نیوەشەو و کاتی بەیان
دێینە بەر دەرکی ئەتۆ هەردوو بەجووت
بەهومێدی کەرەمێکی زۆرین
لە خودای وا بە جەلال و جەبەڕووت
بە نەسیمی کەرەمت کۆلکە درەخت
تازە بوو، خونچەیی کرد و پشکووت
پشتی من ئاسنە، پۆڵایە مەگەر،
کە لە ژێر باری گوناها نەبزووت؟
ئیتتیکام ئایەتی "لاتقنطوا" ە
ناهومێدم مەکە، بۆ خۆت فەرمووت
ئاهی من وەك نەفەسی سوبحدەمە
کەچی هەر هات و نەهیچ کوێ نەنگوت!
شاهیدی حاڵی منە خوێنی دڵم
کە بە عەینی دەتکێ وەك یاقووت
غەیری لای تۆ نەبێ، ئەم قوڕبەسەرە
هیچ پەنای دی نییە، مات و مەبهووت

قاقلاوا، ١٣٣٤ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢ ی چاپی ئەنیسی و ٨١ ی چاپی جەعفەر )

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'ستایشی خودا'یە.
ئەوە یەکەم شیعری ئایینی و یەکەم شیعری ناو دیوانی ئاواتە لە چاپی ئەنیسیدا.

گومان لەوەدا نییە کە ئاوات ئیمانداریکی قورس و قایم و لە بنەماڵەی شێخ و مەلایان و هەرخۆیشی مەلای دوازدە عیلم بووە. نووسینەوەی دیوانی ئاوات بە بێ شیعرە ئایینییەکانی وەک کێشانی وێنەی مرۆڤێکە کە لاق یان دەستی نەبێت.

لە ناو شیعرەکەدا تەعبیری فارسی و عەرەبی کەم نین، بەشێکیان وەک دۆعا و پاڕانەوەن کە تێکەڵاو لەگەڵ دەستەوشەی ئیسلامی کراون و بەشێکی دیکە هەر ئەو وشانەن وا بە ئاسایی لە عەرەبییەوە چوونەتە زمانی فارسی و کوردیشەوە.

لە فەردی یەکەمدا سەنعەتی ئیهام بە ڕوونی لە وشەی "ڕووت" دا دەبینرێت کە بە هەردوو مانای "بی بەرگ" و "ڕوخساری تۆ" هاتووە.

سائیل، دەرۆزەکەر، سواڵکەر

جەلال و جەبەرووت، گەورەیی و دەسەڵات و قودرەت، دوو سیفەتن بۆ خودا

کەرەم، بەخشندەیی

تەعبیری "تازە بوو" بە واتای "تازە بووەوە" لە فەردی چوارەمی غەزەلەکەدا، ناتەواوییەکی بچووکە و وا دەردەکەوێت کە شاعیر نەیتوانیوە چەمکی تازە بوونەوەی دیاردەیەکی کۆن بە باشی لە شیعرەکەدا بگونجێنێت. وەکی دیکەش هەر ئەو فەردە وا هەیە جوانترین فەردی ناو غەزەلەکەش بێت: کۆلکە داری مردوو بە شنەی شەماڵی کەڕەمی خودا تازە دەبێتەوە، خونچە دەکات و دەپشکوێت.

بە بۆچوونی من ئەو هەموو باسی گوناهەی وا شاعیر دەیکات بنەمایەکی عەینیی بۆ نییە. ئەو کەسانەی وا ئاواتیان دەناسی و لە هەڵس وکەوتی ڕۆژانەدا بینیبوویان دەزانن مرۆڤێکی بێ وەی و هێدی بوو وجگە لەوەی لە سەردەمی لاویەتیدا لاویەتی کردبێت یان چەند جاری ژن هێنابێت یان وەک ئاغا و خاوەن ملکێک ڕەعیەتی چەوساندبێتەوە، کە هەموویان ئەگەری گشتین و من هیچ بەڵگەیەکم بۆ هیچکامیان نییە، بیرم بۆ هیچ "گوناه" ێکی دیکە ناچێت. نوێژکەر و ڕۆژووگر بووە، خێر وخێرات و دەسگرۆیی کردووە، لە میوانداریدا قسەی لەسەر نەبووە، خەباتکاری سیاسی و حزبی بووە، لە دۆستایەتیدا سادق و راست بووە و... زۆرێکی دیکەش لەو خەسلەتە باشانە. ئەی کامە گوناە؟ مەگەر بڵێین ئەویش وەک ئەو شاعیرانەی کە ڕەنگی شەڕاب و عارەقیان نەبینیوە بەڵام قسە لە مەستی و خوماریی دەکەن، بە ڕەسمی سۆفییانی ساف، خۆی بە تاوانبارێکی هەمیشەیی زانیبێت.

ئیتیکا، پاڵدان بە شتێک و کەسێکەوە

لاتقنطوا، ئایەی قورئانە: "لاتقنطوا من رحمة الله..." لە بەزەیی خودا ناهومێد مەبن.
بۆخۆت فەرمووت، واتە خودایا تۆ لە قورئاندا فەرمووت:
*"قل یا عبادي الذین أسرفوا علی أنفسهم لا تقنطوا من رحمة الله إن الله یغفر الذنوب جمیعا إنه هوالغفور الرحیم* الزمر:٥٣
نەئەنگووت: نیشانەی نەپێکا.
مات و مەبهووت، دۆش داماو
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

## شاری مەستان

ئێرە وشکارۆی هەموو جێگە و وڵاتانە مەگەر؟
وەك دڵی من تەنگ و تاریك، بۆچی غەمدانە مەگەر؟
وا شپرزە و تێکچووە، چێشتی مجێور باشترە
بێکەس و بێدەر، هەتیوی دەرك و بانانە مەگەر؟
باسی نانت کرد لەهەرکوێ، سەد نەفەر ئەستۆ کەجە
ئەم وڵاتە قاقڕە، جێی قووتی لاتانە مەگەر!
چەرخی گەردوون بۆ لەسەر من جارێ خول نادا، چییە؟
بۆچی نەگبەت هەر بەشی من، هەر لەمن جوانە مەگەر!
مەسکەنی جینن و پەری هەرکەس دەبینێ، شێت دەبێ،
ئەم بەقوڕ گیراوە بۆ جێی غەیرە ئینسانە مەگەر؟
لائوبالی و بێ خەبەر، لاقەید و بێ تەدبیر و ڕا،
کەس لە کەس گوێ ناگرێ، بۆ شاری مەستانە مەگەر!

قاقڵاوا، ١٣٣٤ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٠٠ ی چاپی ئەنیسی و ٩٢ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەردا، وەك یەکە.
غەزەلێکی سیاسی- کۆمەڵایەتی تەنزئامێزە. شاعیر گلەیی دەکات و دەپرسێت بۆچی دەبێ وڵاتەکەی ئەو لەچاو وڵاتانی دیکە وشکارۆ و تەنگ و تاریك و شپرزە و تێکچوو بێت و *[خەڵکەکەی]* بووبێتنە مل کەچی نان و هەتیوی دەرك وبانان؟ ئەو داخ و حەسرەتەی ئاوات بۆ وڵاتەکەی و خەڵکەکەی، هەستێکی ئینسانی و بەرپرسانەیە و نموونە و هاوشێوەی ئەو مخابن گوتن و دەست بە ئەژنۆدادانە لە بەرهەمی زۆرێك لە

هونەرمەندان و شاعیرانی کورددا دەدۆزرێتەوە. لەو سەدان نموونەیەی وا دەکرێت لێرەدا بهێنرێتەوە تەنیا با چاو لە بەندێك لە پێنج خشتەکییەکی ١٨ بەشیی مەلا حەسەنی قازیی هەڵەبجە (شاهۆ) بکەین. دیارە ئەو نموونەیە تەنیا بۆ پیشاندانی وێچوویی هەست و بیرە، دەنا هیچ هاوچەشنییەکی لەگەڵ شێعرەکەی ئاوات نییە:

*"...کوردیش ئەبێ هەر عەبد و غولامی ئەم و ئەو بن*

*بێهۆش و سەراسیمە لە دووی خەڵکی بە دەو بن*

*ڕۆژ نۆکەری ئەغیار و شەویش حەسحەسی شەو بن*

*چاویان لەم و لەو بێت، نە ئەم بن نە بە ئەو بن*

*بێعیلم و جگەر پارە و مەحزوون و خەفەتبار..."*

ئاوات لەعەینی دەربڕینی ئەو حەسرەتە و لە ڕاستیدا گازندەیە لە دەست دوژمن و داگیرکەری وڵاتەکەی، گلەیی لە خۆییەکان واتە لە خەڵکی وڵاتەکەشی دەکات کە بۆچی وا لائوبالی و کەم تەرخەم و بێ خەبەر و بێ ڕا وتەدبیرن و بۆچی گوێ لەیەکتر ناگرن و یەکگرتوو نین؟

شیعرەکە دووساڵ دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩٥٣) گوتراوە و مۆرکی ئەو سەردەمەی بەسەرەوەیە کە سەردەمی دەسەڵاتی 'حکوومەت نیزامی' ی تەیمووری بەختیار و کوشت و بڕ و گرتن و ئیعدامی ئازادیخوازان بوو و ساڵێك دواتریش ساواك دامەزرا و جێیناموبارەکی ئەوی گرتەوە.

من کەم و زۆر بارودۆخی ئەو ساڵانەم لەبیرە و دەزانم لە ئێراندا، وەك دەگوترێت، کەڵ بە موویەك بەند بوو و جاسووسێکی زۆر پەروەردەکرابوون و خەڵك لە خۆیان دەترسان و زۆرکەس لە خەڵکی دەوەروبەری خۆ دڕدۆنگ بوون.

بارودۆخی ناوچەی بۆکان لەو ساڵانە، لەوپەڕی خراپیدا بوو لەبەر ئەوەی سەرباری زۆر و زوڵم و لێدان و گرتنی ڕژیمی شا، ئاغاکانی بۆکان و دەوروبەریش هەرکەسیان خۆش نەویستایە و بە نەیاری خۆیان بزانیایە بە سەربزێو و توودەییان دادەنا و بە حکوومەتیان دەناساند، یان باب نۆکەری خۆیان دەناردە سەری و بازاڕی گرتن و لێدان و ڕاپۆرت لێدانی ئاغاکان و دەست وپێوەندیان لە خەڵکی شار و دێ لەوپەڕی گەرمیدا بوو و کەس لە خۆی و داهاتووی دڵنیا نەبوو. هەر ئەوەش بووە هۆی بازرەبوونی کەسایەتییە سیاسییە خۆشناوەکان وەك نەمران حاجی قاسم کەریمی، میرزا

حەمەڕەئووف حافزەلقورئان، عەبدوڵڵا ئێرانی و عەلی میرەبەگ. ئەم شیعرە ئاوێنەیەکی ڕوونی بارودۆخی سیاسی- کۆمەڵایەتی ئەو ساڵانەی کوردستان و بۆکانە.

ناوەرۆکی سەرەکیی شیعرەکە سیاسی و کۆمەڵایەتییە، بەڵام دیاردەیەکی دیکەشی تێکەڵاو بووە: تەنزێکی نەرم و نیان و بەڕێ وجێ! ئەو تەنزە کەم و زۆر بە بەژنی هەموو فەردەکاندا گەڕاوە.

بۆچی مەگەر ولاتەکەی من چۆڵایی ولاتانە؟

بۆ مەگەر دڵی منیش کاسەی غەم تێکردنە!

ولاتەکەی من وەها تێکچوو و تێکەڵ پێکەڵە، چێشتی مجێور لەو باشترە!

چاوەڕێ بوونی "سەد نەفەر" بۆ نان، خۆی لەخۆیدا هەواڵێکی دڵتەزێنە بەڵام کاتێ دەڵێ هەرئەوەندەی ناوی نان بێنی، سەدکەس مل لە حاندت کەچ دەکەن نیازی ئەوەیە بڵێت جا بزانە ئەگەر نانەکەت بەدەستەوە ببینرێت چەند سەدکەست بۆ لارەمل دەبن! ئەو شێوە دەربڕین و ڕاگەیاندنەی بابەتێکی تراژیك بە بەیانی شێوە تەنز، کارێکی هونەرمەندانەیە.

دوو پاڵوویی و ئیهامی ناو وشەی 'لاتان' لە میسراعی دووهەمی هەمان فەرددا بەتەنیایی توانیویەتی ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێت و شێوازێك تەنزئامێز بداتە میسراعەکە: "بۆچی *[مەگەر]* ئەو ولاتە چۆڵ و قاقڕە تەنیا جێی بژیوی ڕووت وقووت و لاتانە؟ تەعبیری 'لات' لە نێو ئێرانییەکاندا واتای شەلات و چەقۆکێشی هەیە بەڵام کاتێ لەگەڵ ڕووت و قووت دێت، ئیهام پەیدا دەکات و هەمان واتای نەدار و

ڕووت و قووتی لێ وەردەگیرێت و نیازی شاعیریش هەمان ئەو واتایەی دووهەمە. من لە نووسینەوەی ئەم فەردەدا، لەجیاتی ئەوەی بە شێوەی ئاسایی نیشانەی پرسیار بخەمە کۆتاییەکەی، نیشانەی سەرسووڕمانم داناوە، ئەوەش بۆ پیشاندانی ئەو تەنزە شاراوەیەی ناو ڕستەکە و بۆ ئەوەی بە خوێنەر بڵێم ئەوە پرسیارکردنێکی ئاسایی نییە و دووپاڵووە.

*"[بۆ کاکە مەگەر]هەر لەمن جوانە؟"*ی فەردی چوارەمیش هەمان ئەو دەورە دەبینێت و شاعیر لە درێژەی گازندە و گلەییەکانیدا دەپرسێت بۆچی دەبێ نەگبەت هەر بەشی *[ولاتەکەی]* من بێت؟

دوو عیبارەتی "ئەو بەقوڕ گیراوە" و "غەیرە ئینسان" دوو کلیلی سەرەکیین بەرەو دەروازەی نیوە داخراوی تەنزی ڕازاوەی سیاسی ناو ئەم فەردە. شاعیر ولاتەکەی خۆی لەدڵەوە خۆش دەوێت و لەبیری بەختەوەریی گەلەکەیدایە، جا کاتێ سیفەتی

'بەقوڕگیراو' و 'غەیرە ئینسان' بە ولات و خەڵکە خۆشەویستەکەی دەبەخشێت، خوێنەر بە ڕوونی پەیامە تەنزەکەی لێ وەردەگرێت.
ئەگەر فەردەکانی یەك تا چوار لە باسی ولاتی شاعیردا بوون، فەردی پێنجەم باسی گیرۆدەبوونی خۆی لەو بارودۆخە دەکات و فەردی شەشەم و حەوتەمیش لە باسی خەڵکەکەیدان. شاعیر گلەییەکی توند بەڵام دڵسۆزانە لە خەڵکەکەی خۆی دەکات و دوای ئەوەی بە چەند سیفەتی لائوبالی و بێ خەبەر دەیانشواتەوە، دەڵێ بۆ مەگەر ئێرە شاری مەستانە! ئەگەر نییە، بۆچی هیچکام گوێ لە قسەی ئەوی دیکە ناگرێت؟ ئەو گوێ لە قسەی یەك نەگرتنە دەردێکی کۆنی کوردە و سەدان دڵسۆزی وەك ئاوات بەو خەمەوە چوونەتە ژێر گڵ.
با ئاماژەیەکیش بکەم بە شیعرێکی گەلێك ڕازاوەی مەولەوی ڕۆمی کە لەوێدا 'ماڵی مەستان' هاتووە:

*"یك خانه پر ز مستان، مستان نو رسیدند*
*دیوانگان بندی زنجیرها دریدند..."*

حافزیش 'شاری زەریفان'ی هەیە:

*"شهری است پر ظریفان، وزهر طرف نگاری*
*یاران صلای عشق است گر میکنید کاری..."*

بەڵام من کارتێکەریی مەولەوی لەسەر شیعرەکە دەبینم نەك حافز.
هەندێك وشەی ناو شیعرەکە:
وشکارۆ: چۆڵی قاقڕ و بێ ئاو *(هەنبانە بۆرینە)* بۆ مەگەر کوردستان چۆڵاییی هەموو ولاتانە؟ ئەو بەراورد کردنەی ولاتی خۆ لەگەڵ ولاتانی بەختەوەر و پێشکەوتوو، لە شیعری شاعیرانی بەرپرسی میللەتانی دیکەشدا بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە، نیمایوشیج، شاعیری ئێرانی، شیعری 'داروك' ی خۆی ئاوا دەست پێدەکات:

*"خشك آمد کشتگاه من*
*در کنار کشت همسایه..."*

دیارە کشتگاە- واتە مەزرای نیما، هەمان ولاتەکەیەتی کە دەڵێ بە تەنیشت مەزرای دراوسێکەمەوە ویشك هەڵگەڕاوە؛ ئەو ولاتە دراوسێیەش، دەبێ یەکیەتی سۆڤیەتی جاران بێت کە لە گوندەکەی نیما لە باکووری ئێرانەوە دوور نەبوو.
غەمدان: پێکهاتەیەکی تازە و جوانە لە غەم+دان، شتێك وەك خوێدان و قەندان؛ "بۆ مەگەر دڵی من زەرفی غەمە و هەردەبێ غەمی تێبکرێت؟"

چێشتی مجێور: هەر دیاردەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ کە لە چەند شتی نادیار و ناڕوون پێکهاتبێت و خەسلەتێکی دیاریکراوی نەبێت، بەو چێشتە دەشوبهێنرێت کە مجێور واتە خادمی مزگەوتان لە ڕۆژانی جەژندا دەیبەنەوە ماڵی خۆیان. ئەوەش ئاماژەیە بەو ڕەسمەی کە پیاوی هەموو ماڵێك لە گوندەکانی کوردستان[٢٦٤] دوای نوێژی جەژنی قوربان و ڕەمەزان لە مزگەوت دەمێننەوە و بە عادەت، کوڕەکانیان مجومعە (سینی) پڕ نان و چێشتیان بۆ دێنن بۆئەوەی لەوێ لەگەڵ پیاوانی دیکەی گوندەکەدا پێکەوە بیخۆن.[٢٦٥] لە کۆتاییدا، مجێوری مزگەوت دەفرێکی گەورە دێنێت و پاشماوەی خواردنەکانی هەموویانی تێدەکات و دەیباتەوە ماڵی خۆی. جا لەبەر ئەوەی خواردنی ماڵەکان هەمووی یەك چەشن نین و واهەیە برنج و شلە (خۆرشت) و قەیسی و ڕۆن و هێلکە وڕۆن و خورماوڕۆن و... پێکەوە تێکەڵ بکرێن، ئەنجامی ئەو تێکەڵ کردنە شتێکی سەیر وسەمەرەی لێ دەردێت کە کەس نازانێ چییە و تەنانەت ناوی چییە، بە ناچار ناوی چێشتی مجێوریان لێناو واتە ناوی بێ ناویی!
ئەستۆ، مل
قاقڕ، چۆڵ و بێ ئاو و وشکارۆ
چەرخی گەردوون...: دیارە نیاز لە چەرخی گەردوون ئەگەر گەڕانی هەسارەکان بێت، کە وێدەچێت وابێ، ئەو هەسارانە ڕاناوەستن و لە سەر هەمووکەسێك و شوێنێك خول دەخۆن، لەسەر شاعیریش! بەڵام لێرەدا دەبێ نیازی ئاوات ئەوە بێت بۆچی ئەو خول خواردنە بە خواست و مەیلی من نییە؟ حافزی شیرازی هەمان گلەیی دەکات بەڵام ڕوونتر و هیوادارانەتر:

*"دور گردون گر دو روزی بر مراد ما نرفت،*
*دائما یکسان نماند چرخ دوران، غم مخورا!"*

نەگبەت: بێ بەختی و چارەڕەشی؛ وشەکە، نیشانەی باوەڕە بە هێزی دیاریکەری چارەنووسی مرۆڤە.

---

٢٦٤. نازانم لە نێو میللەتانی دیکەشدا باوە یان نا؟ لە ئێران نەمبیستووە بێت مەگەر لە ڕابردووی کۆندا بووبێت و من پێی نەزانم.

٢٦٥. من ئەوە بە ڕەسمێکی گەلێك دێرین دەزانم کە بە دڵنیایی هیچ پەیوەندێکی بە ئیسلامەوە نەداوە و دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئایینی کۆنی میترایی و 'گابارە' یان ئەشکەوت و ڕێ وڕەسمی پەیوەندیدار بەوەوە. ئەو دیاردەیە لە ئایینی ئێزەدی و ناو یارسانەکانیشدا بە شێوەی هەندێك جیاواز هەیە و هەر ئەوەش پیشاندەری کۆن بوون و غەیرە ئیسلامی بوونی نەریتەکەیە.

مەسکەنی...: شاعیر دەڵێ ئەو کەسانەی وا لە بۆچوونی خەڵکی عەوامدا جندۆکە، یان پەری، دەستیان لێ دەوەشێنن واتە لێیان نزیك دەبنەوە و ماڵی خۆیانیان پیشان دەدەن، شێت دەبن؛ وا منیش بەهۆی دیتنی ئەم وڵاتە بەقوڕگیراوە و خەڵکەکەیەوە خەریکم شێت دەبم! شاعیر لە خەڵکی وڵاتەکەش تووڕەیە بۆچی وڵاتەکەیان وا شێواوە و لە ماڵی جندۆکە و غەیرە ئینسانان دەچێت کە هیچکەس گوێ لە هیچکەس ناگرێت و ئەویش لەداخی ئەو بارودۆخە، خەریکە شێت بێت.

لائوبالی: بێ دەربەست و کەم تەرخەم

لاقەید، گوێ نەدەر و بێ دەربەست: شاعیر چوار سیفەتی لەو میسراعەدا هێناوە کە هەرچواریان نەرێ یی و خراپن (لائوبالی و بێ خەبەر، لاقەید و بێ تەدبیر و ڕا)، هەمووشیان لە کۆتاییدا وەك یەکن و لە ڕاستیدا نابێ ببن، بەڵام بەداخەوە[٢٦٦] لە ناو خەڵکەکەیدا هەن. بە پێچەوانە، یەك سیفەتیش لە میسراعی دووهەمی فەردەکەدا هەیە کە دەبێ لەخەڵکی وڵاتی شاعیردا ببینرێت بەڵام نابینرێت ئەویش تەبایی و لەگەڵ یەك بوون و گوێدانە بۆچوون و ڕای یەکترە، کە دەڵێ نییە و لە ئەنجامدا وڵاتەکە بۆتە شاری مەستان و بێ دەربەستان و گوێ نەبیستان!

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## سەروی نەوڕەس

به ئاگری دووری تۆیه بوومه قەقنەس
نەماوه، گیانەکەم! هیوام به هیچ کەس
ئەگەرچی پیرم، ئەمما وەك منالاّن
دڵم دەشنێ لەبۆ سەروێکی نەوڕەس
ئەتۆ سەرتا به پێ گوڵزاره بالاّت
منیش سەرتابەپێم یا خاره، یا خەس
دڵم دەڕوا بەرەو باغی جوانیت،
ئەگەر پەیدا بکا ڕۆژێکی دەسڕەس
بەرەو ڕووی گۆڕ ئەچم، هەرهاکه زانیت
لەسەر تەرمم بنیشن داڵ و کەرکەس
به ناڵین و سکالاّ و شین و گریان
لەقیسی چوو 'ئیمامی' ژین، ئیتر بەس!

قاقلاوا، ١٣٣٤ ی هەتاوی
(لاپەڕه ٧٦ و ٧٧ ی چاپی ئەنیسی و ٩٥ ی چاپی جەعفەر)

---

چاپی جەعفەر عینوانی شیعرەکەی له فەردی دووهەمی شیعرەکه وەرگرتووه. ئەو عینوانه له چاپی ئەنیسیدا 'سەنگەری غەمزه' و له فەردی چوارەم وەرگیراوه.
شیعرەکه، وەك هەندێکی دیکه له شیعرەکانی ئیمامی مۆرکی ڕەشبینی بەسەرەوەیه. پەیامی ناو شیعرەکه ئەمانەن: سووتاوم و بوومەته قەقنەس؛ هیوام به هیچکەس نەماوه؛ سەرتابه پێم خار وخەسه؛ دەسڕەسیم پێت نییه؛ بەرەوڕووی گۆڕ دەچم؛ داڵ لەسەر تەرمم دابنیشێت؛ و ژیانم به ناڵین و گریان لەقیس چوو... بەلاّم لەعەینی کاتدا

تroووسکەی هیوایەك وەك ڕووناکایی چرایەکی دوورەدەست لە شیعرەکەدا هەست پێدەکرێت. شاعیر بارودۆخەکە بۆ بە ئاوات گەیشتنی خۆی لەبار نابینێت بەڵام لە عەینی کاتدا دەڵێ دڵم بەرەو باغی جوانیی یارەکەم دەڕوات و ئەگەر دەستڕەسیم بەیار هەبێت، دۆخەکەم دەگۆڕدرێت. ئەوە ئەو شەوقەیە کە دەبێ خوێنەر لە شەوەزەنگی شیعرەکەدا ببینێت.

شوبهاندنی دووریی یار بە ئاگری سووتێنەر، لە ئەدەبی کوردی و فارسیدا نموونەی زۆرن. قەقنەس خەڵووزە و ئاماژەیە بە باڵندەی ئەفسانەیی قوقنووس کە گوایە باڵەکانی ئەوەندە لێك دەدات تا ئاگر دەگرێت و هەموو لەشی دەسووتێت؛ بەڵام لە خۆڵەمێشەکەی قوقنووسێکی دیکە سەرهەڵدەدات، واتە چەشنێك خۆکوژیی بۆ درێژەی ژیان. خوێنەر لە خوێندنەوەی وشەی 'ئاگری' دا دەبێ وریا بێت و بە دوو بەشی بخوێنێتەوە: ئاگ+ ری. دەنا لە شێوازی خوێندنەوەی ئاساییدا، کە ئاگری سێ بەشە: ئا+ گ+ ری، شیعرەکە تووشی لەنگیی دێت.

نەوڕەس: تەرکتیبێکی فارسییە بە واتای تازە پێگەیشتوو، سەروی نەوڕەس یاری باڵابەرزی تازە پێگەیشتووی شاعیرە.

دەشنێ: شنەشن دەکات، بە لەنجە ولارەوە دەجووڵێت.

خار: دڕوو

خەس: گیاوگژ

دەسڕەس: دەسترەس، دەست پێگەیشتن و دەست پێگەیشتوویی.

هەرهاکە: هەربینا، لەپڕ، زووبەزوو

کەرکەس: خەرتەڵ

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

## شایی و شین

لایەك شایی یە، لە لایەك شینە
لایەك هەڵپەڕكێ، لایەك گرینە
لایەك جل دەبەن بۆ بووكی ساوا
لە لایەك كفن دەبڕن بۆ زاوا
تەماشای دنیا و بێوەفایی ئەو
بە یەك چەسپان و لێكجیایی ئەو
با بەس من و تۆ بە تەمای ئەو بین
با بەس بێخەبەر، ئاوبردەی خەو بین
با وەخەبەر بێین، فكری كارێ كەین
بیر و باوەڕمان بۆ لای یارێ بەین[٢٦٧]
ئەو یارەش دیارە تاق و تەنیایە
بەوەفا و كەرەم، زاتی خودایە
هەر خزمەت بەوە پاداشی زۆرە
بە وتەی من كە، دڵت مەگۆڕە
هەر ئەو دەژیێنێ، هەر ئەو دەمرێنێ[٢٦٨]
ئاخری بۆخۆی تەنیا دەمێنێ
"ئیمامی" ئەوا ڕووی كردۆتە تۆ
پێنج فەڕزە سوجدەی هەر بردۆتە تۆ

قاقڵاوا، ١٣٣٥ی هەتاوی

---

[٢٦٧] چاپی ئەنیسی: یارێ كەین
[٢٦٨] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: دەژێنێ... دەمرێنێ

(لاپەڕە ٢٠٢ ی چاپی ئەنیسی و ٣٣٢ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
ناوەرۆکی شێعرەکە، لە سەرەتاکانیدا بیرکردنەوەیە لە ژیان و جیهان و بەم تەعبیرە، چەشنە گەوهەرێکی فەلسەفیی تێدا دەبینرێت ئەوەش لە دوو فەردی یەکەمی دەردەکەوێت. بەڵام لە فەردی سێهەم و چوارەم بەدواوە شاعیر دەچێتەوە سەر هەمان ڕێچکەی ئایینی و بێ بایەخ کردنی دنیا و گرنگایەتیدان بە ڕۆژی حەشر و خودایەك کە دەژیێنێ و دەمرێنێ و خۆی تەنیا دەمێنێ و دەبێ پێنج فەڕزە سوجدەی ببرێتێ. بەو حیسابە، سەرجەم شیعرەکە دەبێ لە چوارچێوەی شیعرە ئایینییەکانی ئاواتدا سەیر بکرێت.
شیعرێکی ساکار و بێ گرێ وگۆڵە لە دەستەوشەی ئاسایی سەر زمانی خەڵك پێکهاتووە.
بووکی ساوا: لام وایە وشەی ساوا بەهۆی ڕێك خستنی سەروا لە بەرانبەر زاوادا هاتووەە دەنا بووکی ساوا دەبێ چی بێت؟ مەگەر بڵێین کچێکی کەم تەمەنی هێشتا پێنەگەیشتووە کە بە گوێرەی نەریتی نابەجێی خەڵکی ناوچەکە بەمێرد درابێت.
بەیەك چەسپان: یان بە یەکەوە چەسپان دەبێ ئەو "تعلق" و "تعلق خاطر" ە بێت کە تاك لە ماوەی ژیانیدا لەگەڵ خەڵکانی دیکە و بەگشتی ژیان و جیهان پێکی دەهێنێت و لە کۆتاییدا بە مقەستی مەرگ هەمووی دەپچڕێت.
لێك جیایی: پێچەوانەی بەیەك چەسپانەکەیە و لەڕاستیدا مردنە.
ئاوبردە: لەناوچوو، نەماو
دڵت مەگۆڕە: باوەڕ بەکەس یان شتێکی دیکە [جگە لە خودا] مەکە.
پێنج فەڕزە: ئەو پێنج جار نوێژەی کە لەسەر ئیماندارێکی موسوڵمان فەڕز کراوە.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
متقارب اثلم (هجایی): فع لن فعولن // فع لن فعولن

# یارم تەشی دەڕێسێ

زوڵفی ڕەشی لە سەر ڕوو، وەك نیلوپەڕ لە ئاوا
پەخش و بڵاو و ئاڵۆز، لوول و دریژ و تاتا
هاوریشمێکی خاو بوو، بە ناز و عیشوە[269] بایدا[270]
وەك ماری زامدار بوو، هاڵا لەبەژن و باڵا
کۆشی دەکرد بەلادا، یارم تەشی دەڕێسێ
کوانێ خوریی شەکی کاڵ، بکرم بە ڕۆحی شیرین؟
بیدەم بە دەستی یارم بایدا بە ناز و تەمکین
شی کاتەوە بە شانە، بە قامکی نەرم و ڕەنگین
بیدا ئەویش بە نووکی تەشی جوان[271] و نەخشین
بۆ پارچەیەکی[272] پەشمین، یارم تەشی دەڕێسێ
مەحبووبی نازدارم گرتی تەشی بە دەستی
ڕیسی موحەببەت[273] و مەیل خاوبوو، بە کرژی بەستی
گرێی دڵان پساندی، بە لێو و دەستی بەستی
توولی ئەمەل درتێژ بوو، سەنگینی کرد و خستی
بۆی دانەوی بە چوستی، یارم تەشی دەڕێسێ
لە باغی سێو وهەرمێ قەدەم قەدەم بە نەرمی

---

[269]. عیشوەی، دیوابنی چاپی ئەنیسی

[270]. عیشوەی بادا، دەنگی مامۆستا هەژار

[271]. جووان، دیوانی چاپی ئەنیسی و دەنگی مامۆستا هەژار. لە ڕاستیدا بە هۆی کێشی شیعرەکەوە دەبێت هەر واش بخوێنرێتەوە.

[272]. گەرچی لە هەردوو سەرچاوەکەدا وەك "پارچەیەکی" تۆمار کراوە بەڵام لام وایە ڕەوانتر دەبوو وەك "پارچەیێکی"بنووسرێت.

[273]. مەحەببەت، دیوانی چاپی ئەنیسی و دەنگی مامۆستا هەژار

دەنێتە پێش لە گوڵزار بە سەبرێ، جوانە شەرمی
لە باوەشی بە پیتی، دەگرێ دڵان بە گەرمی
بولبول دەهاتە سەیری لە کاتی بەزم و ڕەزمی
بەو لار ولەنجە حەتمی یارم تەشی دەڕێسێ

کۆڵان و کووچەیی دێ دەڕوا بە ناز و عیشوە
دەگرێ لە پیر و لە جوان ئەو شۆخە باج و ڕیشوە
جحێڵ بە زوڵفی[274] لوولی دەکا لغاو و ڕەشوە
بەو مەکر و فێڵ و حیلە، وەدیارە مەیلی بە شوە!
فیکرێکی بیکری کردوە! یارم تەشی دەڕێسێ

هۆنراوەکەی من ئەوچەل، خاوێن و بێ بنووکە[275]
وا ڕیسەکەی بە دەستی مەستێکی تازە بووکە
ڕازیم بە سەردڕی وی، دا پێی بڵێن بە سووکە
دەیکەم بە چۆغە بۆخۆم، بیرێسە، هەستە، زووکە
تۆزێ بە نووکە نووکە! یارم تەشی دەڕێسێ

کاکی "ئیمامی"! ڕەنگە چۆغەت هەموو دڕابێ
بە شێتی ڕیسی ڕستی، مەعلووم دەبێ پسابێ
پرسە لە کاکی جۆلا، داخۆ[276] لە بۆی کرابێ؟
دوێنێ گلەم کە لێ کرد، ڕەنگە دڵی شکابێ
قەیناکە، بێ بەلا بێ، یارم تەشی دەڕێسێ

قاقڵاوا، ١٣٤٢ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٢٩ و ١٣٠ ی چاپی ئەنیسی و ٢٧١ و ٢٧٢ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکن.
پێنج خشتەکیەکی تەنزئامێزە. و پێویست بە گوتن ناکات لە ژێر کارتێکەریی شیعری ناسراوی "شیرین تەشی دەڕێسێ" ی میرزا عەبدولڕەحیمی وەفایی شاعیری سەدەی

---

[274]. زولفی، دیوانی چاپی ئەنیسی
[275]. بنۆکە، دیوانی چاپی ئەنیسی
[276]. داخوا، دیوانی چاپی ئەنیسی و دەنگی مامۆستا هەژار

نۆزدەهەمدا گوتراوە، لەجیاتی 'شیرین' ی وەفایی 'یارم' ی هێناوە. لە کۆتایی هەر بەندێکی پێنج خشتەکییەکەشدا "یارم تەشی دەڕێسێ" ی دووپات کردۆتەوە. لێرەدا ڕادەی کارتێکەرییەکەی وەفایی لەسەر ئاوات زۆر نییە لەبەر ئەوەی شیعرەکەی بەرەو ئاقارێکی جیاواز بردووە و تا ڕادەیەکی زۆر تەنزئامێزی کردووە لەکاتێکدا شیعری وەفایی جیددییە.

بابەتی شیعرەکە ساکارە: شاعیر لە "خوریی شەکی کاڵ" دەگەڕێت بە هەر نرخێك تەنانەت بە نرخی ڕۆحی شیرینی خۆیشی بێت، بیکڕێت بەڵکوو بیداتە دەستی یارەکەی بۆ ئەوەی بە ناز و تەمکین و بە قامکی نەرم و ڕەنگین بە شانەی بکات و شی بکاتەوە، ئینجا بە نووکی تەشیدا بدات، بەدەستی بیگرێت، بە ڕیسی خۆشەویستی بەکرژی لە ناو باغ و گوڵزار و لە کووچە وکۆڵانی دێدا بیرێسێت و بیکات بە کووتاڵێکی پەشمین بۆ ئەوەی بسپێررێتە دەستی جۆڵا و لە ئەنجامدا چۆغەیەکی بۆ شاعیر لێ بەرهەم بێت!

بەڵام جحێلی سەر کۆڵان لێ ناگەڕین و یارەکەی شاعیر دەخەنە سەر هەوای شووکردن! شاعیریش کە دیارە چیتر جحێڵ نەماوە، خێرایەك مەیدان چۆڵ دەکات بەڵام کووتاڵەکەی لەبیر ناچێتەوە و داوا دەکات سەردڕ واتە کووتاڵە چنراوەکە بکاتە چۆغە بۆخۆی ولە جیاتی چۆغە شڕەکەی لەبەری بکات!

من شیعرەکەم لەگەڵ سێ دەقی جیاوازدا بەراورد کردووە: دوو دەقی چاپکراو (جەعفەر و ئەنیسی) و دەقی تۆمارکراو بە دەنگی مامۆستا هەژار. دەقی دەنگەکەم لە سەر بەشی تایبەت بە کاك جەعفەر حوسەینپوور (هێدی) لە ساوند کلاود وەرگرتووە کە ئەوە پەیوەندەکەیەتی:

https://soundcloud.com/hedi-jh-3/lqhbo3xm8cmf

شیعرێکی ڕووخۆش و لەبەردڵانە و جیاوازە لە هەندێك شیعری دیکەی ئاوات کە ترس لە خودا و بێ هیوایی سەبارەت بە ژیانی سەر ڕووی زەمین و خەمی مردن بە گوناهباری، مرچ و مۆنی کردوون.

هەندێك وشەی ناو شیعرەکە جێگەی روونکردنەوەن و بۆ ڕوونکردنەوەیان کەڵکم لە هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار وەرگرتووە:

نیلووپەڕ، لێلووپەڕ، لولوپەڕ، لیلوفەڕ و نیلووفەڕ، گولێکە.

پەخش وبڵاو و ئاڵۆز: سەنعەتی مراعات النظیر

سەنعەتی "تضاد" ی نێو لوول و درێژ و تاتا هەندێك سەمەرەیە: زولفێك کە هەم لوول و تاتا بێت و هەم درێژ دەبێ جوان بێت.
شەك، بەرخی دوو بەهار دیتوو   شەکی کاڵ، بەربەران
جوان، بەهۆی کێشی شیعرەکەوە دەبێ بە جووان بخوێنرێتەوە؛ لە دەقی ئەنیسیشدا هەر جووان هاتووە و مامۆستا هەژاریش بە جووانی خوێندۆتەوە.
بۆپارچەیەکی پەشمین دەگەڕێتەوە بۆ لەتە شیعری پێش خۆی نەك بۆ یارم تەشی دەڕێسێ.
هەر سێ کرداری سەنگینی کرد و خستی و بۆی دانەوی بە چوستی دەگەڕێنەوە بۆ ڕیسی موحەببەت.
چوستی، خێرایی، بەکاری
باغی سێو و هەرمێ جگە لە واتای نزیکی باغی ئاسایی سێو و هەرمێ، واتایەکی دووریشی هەیە کە سینگ و مەمکی یار بێت.
باوەشی بەپیت، باوەشی بە بەرەکەت و فەڕ؟ نەمزانی چییە و بۆچی شاعیر سیفەتی بە پیتی بۆ باوەشی یار هێناوە؟ پیت واتای کەمیشی هەیە، بڵێی نیازی شاعیر باوەشی بە قەوارە بچووکی یارەکەی نەبووبێت؟
بەزم و ڕەزم بە سەریەکەوە شادی و کەیفن.
ڕیشوە، بەرتیل، ڕەشوە، ڕەشمە، هەوسار
وەدیارە، وا دیارە، وا وێدەچێ  ئەوچەل، ئەمجارە
بنووك، قرپۆکی خوریی لە شانە دراو، زبڵی خوری
ڕیس بە دەستی کەسێك بوون، هەوساری کار بە دەستی کەسێك بوونە.
سەردڕ، تەنراو *(وەك جۆلایەك کە ڕازی نەبێ بە سەردڕی خۆی)*
بە شێتی ڕیسی ڕستی... بکەری کردارەکە کێیە؟ بە بۆچوونی من یاری شاعیرە لەبەر ئەوەی دواتر دەڵێ لە کاکی جۆلا بپرسە بزانە بۆی کراوە واتە بۆی تەنراوە و خەتاکەش دەهێنێتەوە سەر خۆی کە ڕۆژی پێشتر گلەیی لێ کردووە و ئێستا دڵنیگەرانی ئەوەیە لێی تۆرابێت و کارەکەی باش بۆ جێ بەجێ نەکردبێت. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر هەریارەکەی خۆش دەوێت و دۆعای بێ بەلا بوونی بۆ دەکات. بەڵام ئەگەر ئەو دۆعایە دەرحەق بە مام جۆلا کرابێت دەبێ شاعیر لێرەدا لەخۆی بپرسێت

"تۆ بڵێی کاکی جۆلا دوای گلەیی لێکردنەکەی ڕۆژی پێشترم کارەکەی بۆ تەواو کردبێت؟"[٢٧٧]

شیعرەکە لە ساڵی ١٣٣٥ دا گوتراوە. ساڵانی دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ [١٩٥٣] بە گشتی ساڵانی مات و بێدەنگیی سیاسیی خەباتکاران و زاڵ بوونی دەسەڵاتی حکوومەت نیزامیی تەیمووری بەختیار بوون بە سەر وڵاتدا؛ لەو سەردەمە دا بەشێکی بەرچاو لە خەباتکارانی کورد لە زیندان خراون و ژمارەیەکیشیان لە باشوور بە نهێنی دەژین. هەر لەو ساڵەدا ڕێکخراوەی 'ساواك' ی ئێران دادەمەزرێت، شوێنی حکوومەت نیزامیی بەختیار دەگرێتەوە و درەنگتر پەرە دەستێنێت تا لە ساڵی ١٣٥٧ دا هەڵدەوەشێتەوە و "واواك"ی کۆماری ئیسلامی جێگەی دەگرێتەوە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

مضارع مثمن اخرب: مفعول فاعلاتن، مفعول فاعلاتن

[٢٧٧] . هەر لە پەیوەندی ڕستن و چنین و جۆلایی کردندا، با ئاماژە بە وتارێك بکەم کە لە بڵاوەی زانکۆی ئەدەبی زانستگەی تەورێزدا چاپ بووە: ابراهیم معروفی، "جولایی یا جولاهگی در کردستان"، نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی تبریز، شماره ١١٧، سال ١٣٥٥ [١٩٧٦].

## قەزات لە من کەوێ!

دوێ نەخۆش بووی کە ئەمن هاتمە لات
ئەی قەزای تۆ لە منی تاقە برات!
بە شەو و ڕۆژ لەخودا دەخوازم
لە منی غەمزەدە بێ، دەرد وبەڵات!
ون نەبێ نووری جەماڵت یاخوا!
لە من و مەملەکەت و خەڵکی وڵات
سەروی قەددت کە لە بوستانی وەفا[٢٧٨]
ئاودرا، دوور بێ لە دەرد و ئافات[٢٧٩]
مەجلیست گەرم وگوڕ و ڕووناک بێ،
قەت نەکووژێتەوە یاڕەببی چرات!
وەکو پەروانە لە تۆ هاڵاوین
هەر ئەتۆی خاوەنی فەیز وبەرەکات
کاکە! برژۆڵی منە بۆتە گەسك
پێی دەماڵم هەموو خاکی دەرگات
چونکە بۆتە کلە بۆ چاوی من[٢٨٠]
دیدە و ماڵ و سەرم بێ بە فیدات
'کامیل'ت شێت بوو کە تۆی ناساز دی،
سەری خۆی ناوە، بە بێهۆشی هەڵات

---

٢٧٨. چاپی جەعفەر: بۆستانی
٢٧٩. چاپی ئەنیسی: ئاودار. دڵنیام هەڵەی چاپە
٢٨٠. چاپی ئەنیسی: چاوی برات.

قاقلاوا، ۱۳۳۵ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٥٦ و ٥٧ ی چاپی ئەنیسی و ٧٤ ی چاپی جەعفەر)

---

شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا عینوانی 'خاوەنی فەیز' ی پێ دراوە و لە فەردی شەشەمی شیعرەکە وەرگیراوە. عینوانێکی پڕواتا و جوانە بەڵام لەگەڵ نەخۆشی و ناسازیی کاکی شاعیردا کەمتر دێتەوە، کە هۆکاری گوتنی شیعرەکەش ئەو نەخۆشییە بووە.
گەرچی هەندێك وشەی وەك 'کاکە' و 'تاقە برات' دەریدەخەن کە شیعرەکە بۆ سەید محەممەدی نوورانی، براگەورەی ئاوات گوترابێت، بەڵام ئەو سێ وشەیەی وا جەعفەر لە پەراوێزی شیعرەکەدا نووسیویەتی، مەسەلەکە ڕوونتر دەکەنەوە و مسۆگەری دەکەن: "دیسان بۆ کاکی".
شاعیر لای کەم لە دوو شیعری دیکەشیدا لە تەعبیری 'قەزای کاکی لە خۆی کەوتن' و 'هاتنی دەردوبەڵای کاکی بۆ ئەو' کەڵکی وەرگرتووە. وێدەچێت پەیوەندێکی گەلێك گەرم و گوڕی برایانەیان لە نێواندا بووبێت.
فەردی دووهەم و سێهەم پێکەوە واتا دەکرێنەوە. مەملەکەت بە ڕواڵەت دەبێ کوردستان بێت بەڵام زیاتر دەبێ ئەو ناوچەیە بێت کە موریدی شێخی لێن، نەك هەموو خاکی کوردستان یان ئێران.
بوستان/ بۆستان: وشەیەکی فارسییە و واتای 'باغ' ی هەیە. لە ئەدەبی کوردیدا زیاتر شێوازی 'بۆستان' ی بەخۆیەوە گرتووە. بەڵام هیچکام لە شێوازەکانی خۆماڵی نین و من هەست دەکەم بۆ سەلامەت بوونی کێشی شیعرەکە، شێوازە تەواو فارسییەکە هەندێك بەڕێ وجێتر بێت: بوستان.
واتاکردنەوەی فەردی هەشتەم بە یارمەتی فەردی پێش خۆی گونجاو دەبێت.
'کل'، 'کڵ'، 'کلە'، 'سورمە'، بە عەرەبی 'کحل': *"خاکی هاڕاوە و نەرمکراوی سولفوری ئاسن یان سولفوری زیوە، قەدیم بۆ ڕەش کردنی چاو و برژۆڵ کەڵکی لێ وەردەگیرا."* (فرهنگ معین، مادە 'سرمە'). لە کوردەواریدا دەگوترێت کلە لە کێوی طوری سەحرای سیناوە دێت کە ئەو شوێنەیە وا گوایە خودا خۆی پیشانی مووسادا و لە ئەنجامی ئەو خۆ دەرخستنەدا کێوەکە سووتا و ڕەش داگەڕا. بەڵام سەیر ئەوەیە هەموو بەردی کێوەکە سووتاون لەکاتێکدا مووسا موویەکیشی هەڵنەپڕووزاوە! ئەمڕۆ بە

بوونی 'ئای پێنسڵ' یان 'قەڵەمی چاو' پێویستییەك بەو خاك و خۆڵە نەماوە. شاعیر خاکی دەرگای ماڵی کاکی بە کلەی چاوی خۆی شوبهاندووە.

خوێنەر لە فەردی مەقتەع وا تێدەگات کە شاعیر دوای سەردانی برا نەخۆشەکەی، گەڕابێتەوە بۆ ماڵ، ئەم شیعرەی گوتبێت و وەك عوزر هێنانەوەیەك بۆ ڕۆیشتن و بەجێ هێشتنی، بۆی ناردبێت.شاعیر لێرەدا دەیەوێت بڵێت کاتێ تۆم وا بە ناسازی چاوپێکەوت، شێت بووم و سەری خۆم هەڵگرت و بە بێ هۆشی هەڵاتم.

سەری خۆ نانەوە، بێدەنگ و بێ هەست وخوست بوون

بەحری عەرووزی شیعرەکە:

رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

# نەسیمی نەوبەهار

به تەڕدەستی نەسیمی نەوبەهار هات
به گورجیش ڕۆیەوە، من مام و ئاوات
ئەرێ ئەی سەروی باڵابەرزی خۆش ڕەنگ!
ئەوەندە بۆ لەبارە بەژن و باڵات؟
لەبەر بەرزی، وەباڵی عاشقانت
نەگەییە گەردنت، هەیهاتە هەیهات!
بە دڵسەردی بەجێ ماوم لە هاواڵ
چ سەرگەرمم بە عەشقی ئاڵ و واڵات
دەمێ دڵسەرد و گا سەرگەرمی تۆم من،
کەچی تۆشی دەگەڵ من بێ موبالات!
لە دووریی تۆ وەکوو بولبول دەناڵم
بە هەڵبەست و قسەی خۆش و مەقالات
لە شەترەنجی خەیاڵت بازیگەر بووم
بەدەس فیلی فیراقت بووم کش ومات
بەقوربانی وەفات بێ، گەرچی نیتە
'ئیمامی' هەر دەڵێ دوور بی لە ئافات

قاقڵاوا، ١٣٣٥ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٥٦ و ٥٨ ی چاپی ئەنیسی و ٧٥ ی چاپی جەعفەر)

---

شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا عینوانی 'هەیهات' ی پێ دراوە کە لە فەردی سێهەمی شیعرەکە وەرگیراوە و لام وایە زیاتر لەگەڵ ناوەرۆکی شیعرەکەدا یەك

دەگریێتەوە تا عینوانی جەعفەر کە لەگەڵ چەمکی دووریی یار، وەك بابەتی سەرەکیی ئەم غەزەلەدا یەکە.
لە شیعرە سەرەتاییەکانی ئاواتە و ٤٨ ساڵ پێش کۆچی دوایی شاعیر گوتراوە.
تەڕدەست: وشەیەکی فارسییە بە واتای کەسی وریا و خێرا وهەڵسووڕاو.
من مام و ئاوات: لە چاپی ئەنیسیدا وشەی 'ئاوات' خراوەتە ناو دوو کەوانووکەوە بۆ ئەوەی ئاماژە بە ناسناوی شاعیر بگەیێنێت. من لام وایە شاعیر دەبێ گۆشە نیگایەکیشی لەو پەیوەندییە هەبووبێت بەڵام واتا سەرەکییەکەی، ئاوات و ئارەزوو بە گشتییە هەر بۆیەش لێرەدا کەوانووکەم بۆ دانەنا. ئەگەر من مام و "ئاوات" بێت، واتای تەنیایی شاعیر دەگەیێنێت و ویستوویەتی بڵێت لە کاتی نەوبەهاردا بە تەنیا مابوومەوە و کەسم لەگەڵدا نەبوو.
نەوبەهار: لە فەرهەنگە فارسییەکاندا واتای سەرەتای بەهاری بۆ دانراوە. بەڵام ئەوەندەی من بزانم بە سەردەمێکی درەنگتری ساڵ دەگوترێت کە سەرلەنوێ باران دەبارێتەوە و سەوزایی سەرهەڵدەداتەوە دەنا سیفەتی نوێ یان نەو واتای نابێت.
وەباڵ: تاوان و خەتا و گوناهە. وەباڵی کەسێك بە ئەستۆ بوون واتە گوناهی کەسێك کەوتنە ئەستۆی کەسەکەیتر. فەردێکی گەلێك جوانی غەزەلەکەیە. هیهات وشەیەکی عەرەبییە و *"لە قورئانیشدا هاتووە، واتای 'چەندە دوورە' دەداتەوە؛ لە فارسیدا واتای حەسرەت خواردن دەدات"* (ماڵپەڕی 'پارسی ویکی'). دیارە لەکوردیشدا هەمان واتای فارسییەکەی هەیە کە مخابن و بەداخەوە بێت. بەڵام لێرەدا بێگومان هەمان واتای عەرەبی لێ وەرگیراوە و شاعیر ویستوویەتی بڵێ تۆ ئەوەندە باڵابەرزی کە وەباڵی عاشقان و داخ و حەسرەتیان لە باڵابەرزەکەت گەلێك دوورە و تەنانەت ناگاتە گەردنیشت چ بگات بە چاو و سەر و مێشکت کە بزانی ئەوان چی دەکێشن! شاعیر ئەویندارانی یارەکەی خۆی لە سەر زەوی داناوە و یاری باڵابەرزی گەیاندۆتە ئاسمان. دووپات کردنەوەی هەیهات بۆ کارتێکەریی زیاترە لە سەر خوێنەر.
دڵسەرد و سەرگەرم سەنعەتی تضاد (مطابقە) یان پێ دروست کراوە: گەرچی دڵم ساردە بەوەی لە هاڤاڵان بەجێ ماوم، بەڵام بە ئەوینی ڕازاوە و ئاڵ و واڵات سەرم گەرمە. بەخشینی سیفەتی ڕەنگاوڕەنگ بە ئەوین کارێکی جوانی شاعیرانەیە. شاعیر لە فەردی چوارەم و پێنجەمدا بە دوو سیفەتی دژ بەیەکی دڵساردی و سەرگەرمی کار دەکات.

بێ موبالات: گوێ نەدەر و بێ دەربەست.
مەقالات:کۆی مەقال بە واتای وتە و قسەیە؛ کۆی مەقالە و وتاری نووسراویش دەگەیێنێت.
بازیگەر: ئەو کەسەی وا یاری دەکات (لێرەدا یاریی شەترەنج). فارسییە. خەیاڵی تۆم دەکرد بەڵام بە مۆرەیەکی گەورەی لایەنەکەی تر ( کە دووریی تۆ بێت)، کش درام، ئینجا مات بووم و کەوتم. کش دۆخێکە کە تێیدا شای لایەنەکەیتر دەکەوێتە مەترسییەوە. مات بوونیش حاڵەتێکە کە شا لە چەندلاوە هێرشی کراوەتە سەر و بە دوایین کشدران، ئیتر دەرچوونی بۆ نامێنێت و کەسیش ناتوانێت ببێتە بەرگر لەو کش کردنەی حەریف ڕزگاری بکات، ئەوەش کۆتایی یارییەکەیە.
بە قوربانی...: ئەو فەردە لە دوو ڕستە پێك هاتووە کە بکەری هەردوکیان 'ئیمامی' واتە شاعیر خۆیەتی: ١) با ئیمامی ببێتە قوربانی ئەو وەفایەی کە نیتە؛ و ٢) لەگەڵ ئەو قوربانی بوونەشدا ئیمامی هەر دۆعات بۆ دەکات و دەڵێ یاخوا لە ئافات بەدوور بی!
بەحری عەرووزیی شیعرەکە:
هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

# بەسەرت!

گیانە، شمشیری برۆت خوێن دەڕژێنێ، بەسەرت!
ڕۆژی ڕووشت بە خودا، دڵ دەچزێنێ، بە سەرت![٢٨١]
من بە هۆی ڕووتەوە هاتم کەچی شمشیری برۆت
کوشتمی بێ خەبەر و کردویە خوێنێ، بە سەرت!
خوێنی من سوورە، لەسەر کوڵمەتە، مەیشارەوە لێم
لەگەڵ ئەو شیری برۆت کێشە بوو دوێنێ، بەسەرت![٢٨٢]
یانی کوڵمت وەکوو ڕۆژە کە بە زولفی ڕەشی خۆت
داینەپۆشی، دڵ و جەرگم دەکوڵێنێ، بەسەرت!
بەو هەموو سوێندە، کەسی من، بە سەری تۆ، هۆنەر
ئارەزووی بوو کە مەحەببەت بنوێنێ، بەسەرت![٢٨٣]
گەر دەکێشی لە منی غەمزەدە شیر، ڕۆژی ڕووت
ون کە، با ئاسودە بم تاکوو سبەینێ، بە سەرت![٢٨٤]
کامیل' ئەمڕۆ بە کوڵ وجۆشە، لە سایەی گوڵی ڕووت
وەکوو بولبول بە خرۆش، خۆش دەخوێنێ، بەسەرت![٢٨٥]

قاقڵاوا، ١٣٣٥ ی هەتاوی

---

[٢٨١] . چاپی ئەنیسی: ڕوشت.
[٢٨٢] . ئەو میسراعە لە چاپی ئەنیسیدا نییە و بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە شوێنەکەی بەتاڵ ڕاگیراوە، وێدەچێت هۆکارێکی تەکنیکی لە ئارادا بووبێت.
[٢٨٣] . چاپی جەعفەر: موحەببەت. وشەکە لە زمانی فارسیدا شێوازی موحەببەت و لە کوردیشدا زۆر جار شێوەی موحیببەتی هەیە. من شێوازی چاپی ئەنیسیم ڕەچاو کرد کە ئەوەندەی بزانم لە ئەسڵە عەرەبییەکەشیدا وەهایە.
[٢٨٤] . چاپی ئەنیسی: سبەینی (دەبێ هەڵەی تایپ بێت).
[٢٨٥] . چاپی ئەنیسی: دەخووێنێ. نووسینی وشەکە بە دوو پیتی /واو/ لە هەڵەی تایپ دەچێت نەك کاری مامۆستا خۆی. وشەی خوێندن بە دوو /واو/ نەبینراوە.

(لاپەڕە ٦٢ و ٦٣ ی چاپی ئەنیسی و ٧٩ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسی و جەعفەردا یەکن.
سوێند خواردن بە سەری دووهەم کەس لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا سوێندێکی ئاسایيە و شاعیر بۆ سەلماندن و چەسپاندنی بارودۆخی خۆی و باوەڕ پێکردنی یار، سوێند بە سەری دەخوات. مامۆستا هەژار لە وەرگێڕانی چوارینەیەکی خەییامدا گوتوویەتی:
*"مەیگێڕ، بەسەرت پردی سیراتیش کەڵەکە!..."*
"بەسەرت!" هەروەها کراوە بە ڕەدیفی شیعرەکە. من ئەو ڕەدیفە بە 'ڕەدیفی کرداری' دەناسم بەڵام ئەگەر بتوانین تەنیا پیتی /ت/ ی کۆتاییەکەی بگرینە بەرچاو و بڵێین 'ڕەدیفی جێناویی' هەیە، ئەودەم واهەیە مەسەلەی "حاجب" بێتە گۆڕێ و دڵنیا نیم ئایا دەتوانین "بەسەر" ی نێوان سەروا و ڕەدیف بە حاجب دابنێین یان نا؟
بەڵام لەهەر حاڵەتدا "..ێنێ"ی ناو دەڕژێنێ و دەسووتێنێ و خوێنێ و دوێنێ و دەکوڵێنێ و بنوێنێ و دەخوێنێ سەروای شیعرەکەیە. لە ناو ئەو وشانەدا تەنیا سبەینێ' یە، کە لەوانی دیکە تاك کەوتۆتەوە و لێیان جیاوازە ئەویش بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە بە '...ەینێ' کۆتایی دێت نەك '...ێنێ'. واتە شاعیر سەروایەکی تاڕادەیەك نەگونجاوی خستۆتە ناو حەوت فەردی شیعرەکەوە.
لە مەسەلەی فۆڕمدا پێویستە بڵێم میسراعی دووهەمی فەردی شەشەم لە باری عەرووزییەوە هەندێك ئاڵۆزیی تێدایە و هەست دەکرێت شاعیر لەو شوێنەدا، بەحری دیارییکراو بەجێ دەهێڵێت. هۆکارەکەشی واهەیە هێنانی ئاوەڵناوی 'ئاسوودە' بێت کە بۆ خوێندنەوەی ئاسایی پێویستی بە بڕگەیەکی درێژ لەجیاتی کورت هەیە و ئەوەش 'فعلاتن' ی بەحرە ڕەمەڵەکە هەندێك تێکدەدات؛ دیارە بە دوو واو نووسینی وشەکە، ئەوئاڵۆزییە زیاتر دەکات.
ناوەرۆکی شیعرەکە غەرامییە. ئەو چەشنە پێداهەڵگوتنەی دڵدار، لە ئەدەبی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکیدا نموونەی زۆری هەیە: برۆ بەگشتی شمشیرە، روو ڕۆژە و عاشق برینداری شیرە و خوێنی بە سەر ڕوومەتی سووری یارەوە دیارە و... هتد. شاعیر لێرەدا بابەتێکی نوێی نەخستۆتە بەرچاو و بەشی هەرەزۆری تەعبیرەکانی لە شیعری شاعیرانی پێشوودا بینراون.

فەردی شەشەم وا دەگەیێنێت کە بە نەریتی کۆن و بە پێچەوانەی مەلاکانی حاکم لە ئێرانی ئەمڕۆ، کوشتنی تاوانباران لە ماوەی ڕۆژدا بەڕێوەچووە و هەر بۆیەش شاعیر داوا لە دڵدارەکەی دەکات ڕۆژی ڕووی بە ڕەشیی زوڵفی داپۆشێت بۆ ئەوەی شەو دابێت و ئەو لە شەوی پێش کووژرانیدا بتوانێت بە ئاسوودەیی بخەوێت.

بۆ خوێندنەوەی فەردی کۆتایی دەبێ پیتی /ۆ/ ی وشەی 'خۆش' هەندێك درێژ بکرێتەوە بۆ ئەوەی کێشی شیعرەکە تێك نەچێت. هەروەها پێویستە عیبارەی 'لە سایەی گوڵی ڕووت' لەگەڵ میسراعی دووهەمدا بخوێنرێتەوە. بەو بۆنەیەوە من کۆما (وێرگول) ێکم دوای وشەی 'جۆشە' دانا بەڵام لە چاپەکانی بەردەستدا ئەو نیشانەیە دانەنراوە.

هەست دەکەم لە فەردی کۆتاییدا شاعیر ویستبێتی بە هێنانی جۆش و خرۆش و خۆش مۆسیقایەکی دەروونی لە پیتی /ش/ دروست بکات؛ بە هەمان شێوە لە سێ پیتی خرۆش و خۆش و دەخوێنێ شدا هەست بە مۆسیقای پیتی /خ/ دەکرێت. هەروەها کوڵ و گوڵ پێکەوە جیناسی ناقیسیان دروست کردووە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

# ئەمشەو

چ خۆش بەزمێکە، بەزمی یارە ئەمشەو[٢٨٦]
دڵم جێ ڕاوگەیی دڵدارە ئەمشەو
دەڵێن یارم لە شەودا دێ و لە خەودا
لە بێداری دڵم بێزارە ئەمشەو
سەبا! موژدەی بەرە بۆ شاری عوششاق
کە مەجلیس خۆش و بێئەغیارە ئەمشەو
لە نێو پێچ‌پێچی زولفی، بولبولی دڵ
خەریکە دێ و دەچێ، سەییارە ئەمشەو
گوڵی دڵ سیس و پەژموردە و چەمیبوو[٢٨٧]
بە وەسڵی یاری شەونمدارە ئەمشەو
وەکوو یۆسف لە زیندانێ وەدەرکەوت
بە سەد عیززەت عەزیزی شارە ئەمشەو
لە وێرانەی دڵمدا ئێستە دڵدار
بەبێ مییننەت شوکور میعمارە ئەمشەو
تەماشا قافیە و شێعرم لە شۆقی
چ مەوزوونە و چ چابوکسوارە ئەمشەو
لە جەولانگەی سەنا و تاریفی یارم
قەڵەم ئەسپێکی تەعلیم‌دارە ئەمشەو
ئەگەر موو بێ لغاوی، ناپسێنێ[٢٨٨]

---

[٢٨٦] چاپی جەعفەر هەموو ڕەدیفی 'ئەمشەو' ی چاپی ئەنیسی کردۆتە 'ئەوشۆ'. من وەك خۆیم لێکردەوە.
[٢٨٧] چاپی ئەنیسی: چەمی بوو
[٢٨٨] چاپی ئەنیسی: نای پسێنێ؛ چاپی جەعفەر: ئەگەر موو بێ، لغاوی ناپسێنێ

ئەگەرچی کارەکەی هەر غارە ئەمشەو
ڕەقیب زانی بە کار نایە نەمامی[٢٨٩]
لە خۆی بێزارە، تارومارە ئەمشەو
عەسەس بێکارە ما، دەرچوو لە مەیدان
کوتی سەردەرکە ماڵ بسیارە ئەمشەو
"ئیمامی"ش وا لە سایەی قەندی لێوت
وەکوو تووتی شەکەرگوفتارە ئەمشەو

قاقلاوا، ١٣٣٥ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٥ و ٤٦ ی چاپی ئەنیسی و ١٧١ و ١٧٢ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'بەزمی یار'ە، کە لە فەردی یەکەمی شیعرەکە وەرگیراوە. لە چاپی جەعفەردا دوای ئەوەی وشەی 'ئەمشەو'ی چاپی ئەنیسی کراوەتە 'ئەوشۆ'، هەر ئەو وشەیەش وەك عینوان بۆ شیعرەکە هەڵبژێرراوە. من 'ئەمشەو'م پێ بەڕێ وجێتر بوو لە بەر ئەوەی بە گشتی لەگەڵ ڤوکابیولێری ناو شیعرەکانی ئیمامی و ناوچەی ژیانی ئەودا یەکی دەگرتەوە. هۆکارێکی دیکە بۆ ئەو گۆڕانکارییەم دەقی چاپی ئەنیسییە کە بە 'ئەمشەو' ی نووسیون؛ دیارە ئەگەر لە چاپی یەکەم واتە هی سەردەمی ژیانی شاعیردا وەك 'ئەمشەو' نەنووسرایە، منیش نە مافی گۆڕینیم دەبوو نە کاری وامدەکرد.
غەزەلێکی لیریکە و هی ساڵانی بێدەنگیی دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی **١٣٣٢** ی ئێرانە. لەو ساڵی **١٣٣٥**دا بوو کە ساواکی ڕژێمی پەهلەوی دامەزرا و کەوتە گیانی خەباتکارانی کورد و چەپی ئێرانی. لەو ساڵە ڕەشانەدا، پەردەیەك لە بێدەنگی و ماتی بەسەر فەزای سیاسی ناوچەی موکریاندا کشا بوو گەرچی ژیلەمۆی خەبات لە بن خۆڵەمێشی بێدەنگیدا گەشاوە مابووەوە و درەنگتر هەڵگیرسایەوە.
بە بۆچوونی من، دوور نییە شیعرەکە، هەموو، یان بەشێکی، وەرگێڕاو یان وەرگیراو لە غەزەلێکی فارسی بێت، هۆکارم بۆ ئەو بۆچوونە، تەرکیبی هەندێك ڕستە و کەڵك وەرگرتنی شاعیر لە زۆر وشەی ناو غەزەلەکەیە: چ خۆش بەزمێکە؛ موژدەی بەرە بۆ شاری عوششاق؛ چ مەوزوونە و چ چابوك سوارە؛ و.... زۆرێك لە فەرد یان تەنانەت

---

[٢٨٩] چاپی جەعفەر: بەکار نایە "ئیمامی"

میسراعەکان ئەوەندە لە شیعری فارسی نزیکن کە بە گۆڕانکارییەکی کەم دەبنە فارسی. صائب تبریزی گوتوویە:
"ز حسن نیمرنگ یار بزمم روشن است امشب
اگر مجنون شوم منعم مکن، حق با من است امشب"
جیٚ ڕاوگە: ڕاوگە ئیسمی مەکانە و جیٚ ڕاویش هەمان واتای هەیە. جیٚ ڕاوگە تەرکیبێکی دەسکردە.
لەشەودا دیٚ و لەخەودا: تەعبیرێکی جوانە.
موژدەی بەرە: شێوە بەیانی ناوچەی مەهاباد و باکووری موکریانی بەسەرەوە دەبینرێت.
بە وەسڵی یاری: هەمان شێوە بەیانە.
چەمی: لەگەڵ سیس و پەژموردە هاتووە کە سیفەتن بۆ گوڵی دڵی شاعیر. دیارە ئەگەر شیعر نەبوایە دەبوو وەك چەمیو بهاتبایە، بەڵام شیعرە و شاعیری هەموو نەتەوەیەك مافی دەستدرێژی کردنە سەر گرامێریی زمانەکەیانی هەیە.
پەژموردە: فارسییە بەواتای سیس.
شەونمدار: تەڕ. پێچەوانەی سیس و پەژموردە و چەمییە.
یۆسف و عەزیز: تەزمینە چونکوو ئاماژەی تێدایە بۆ ئەفسانەی یۆسفی کوڕی یەعقوب لە پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل، کە فرۆشرا و برایە میسر و دواتر لەویٚ بوو بە 'عەزیز' واتە حاکمی وڵاتەکە.
مەوزوون: خاوەن وەزن، کێشدار. سیفەتێکە شاعیر بە شیعرەکانی خۆی داوە. لە ڕابردوودا شیعر بە 'کەلامی مەوزوون و موقەففا' واتە 'وتەی خاوەن کێش و سەروا' تەعریف دەکرا. شیعری نویٚ ئەستوندەکێك لەو دوو ئەستوندەکە، واتە سەروای ڕووخاند و شیعری سپی ئوروپاییش هات و کۆڵەکەی دووەمی شکاند. ئێستا شیعر بۆ هەندێك کەس دەتوانیٚ خاوەنی هیچکام لەو دوو بنەما سەرەکییانە نەبێت و هەر بە شیعریش بناسرێت.
چابوك سوار: سوارچاك. شاعیر وەك سیفەتێك بۆ شیعری خۆی هێناوەتەوە. لە بەیانی ئاساییدا ئەوە مرۆڤ و لێرەدا شاعیر خۆیەتی کە دەتوانیٚ چابوك سوار بێت نەك شیعرەکە. بەڵام لە شیعردا گەلێك نەگونجاوی گونجاو دەبێت، گرنگ ئەوەیە ئەو تەسەڕڕوفەی زمان لە زیهنی خوێنەردا ڕازاوە و خاوەن واتا بنوێنێت.

جەولانگە: شوێنی جەوەلان و جوولانەوە و هاتوچۆ. زیاتر بۆ گۆڕەپانی ئەسپی پاڵەوانان کەڵکی لێ وەرگیراوە.
تەعلیمدار: ڕاهاتوو، فێرکراو.
ئەگەر موو بێ لغاوی، ناپسێنێ: ئەم فەردە لە درێژەی فەردی پێش خۆیدایە و بکەری کردارەکە، ئەسپی قەڵەمە. شاعیر دەڵێ ئەسپی قەڵەمی من بۆ پێداهەڵگوتنی یار وەها ڕاهێنراو و تەعلیمدراوە کە سەرەڕای ئەوەی تەنیا غاردان و هەڵاتن دەزانێت، ئەگەر لغاوی لە موویەکی باریکیش بێت ناپسێنێ واتە لە فەرمان دەرناچێت.
ئەگەر ئەم فەردە وا بخوێنینەوە و ئەو واتایەی لێ وەربگرین، شێوەی نووسینەوەی میسراعی یەکەمی لە چاپی جەعفەردا هەڵە دەبێت لەبەر ئەوەی کۆما واتە وێرگوولێك دوای 'موو بێ' دانراوە و بەم کارە، بکەری کردار بۆتە لغاو نەك ئەسپەکە خۆی! ئەوەش دیارە هەڵەیە.
غار: هەڵاتن. کوردییە و لە شێوەی 'غاردان' و 'غارغارێن'دا، بینراوە.
ڕەقیب زانی بەکار نایە نەمامی: نەمامی و بەدگۆیی کردنی پشتەسەرە و بنەما عەرەبییەکەی 'نەممامی'یە. سیفەتێکە لە سیفەتەکانی ڕەقیبی ئیرەییکەری مرۆڤی ئەویندار. شاعیر دەڵێ ڕەقیب دوای ئەوەی نەمامییەکی زۆری کرد، ئیتر زانی سوودی نییە و دەستی هەڵگرت، هەربۆیەش لەخۆی بێزار و تارومار بوو و بۆی دەرچوو!
لە چاپی جەعفەردا ئەو 'نەمامی' یە کراوەتە 'ئیمامی' واتە ناسناوی شاعیر خۆی بەو پێیە دەڵێ: ڕەقیب زانیویەتی کە ئیمامی بەکار نایەت! ئەوە هەڵەیەکی زەقە. یەکەم لەبەر ئەوەی ڕوون نییە ئیمامی بەکاری چی نایەت، دووهەم ڕەقیب چۆن وا بۆتە پیاوخاس و تێگەیشتوو کە لەشت تێدەگات لەکاتێکدا شیعری کلاسیك هیچ سیفەتێکی چاکی بە ڕەقیب نەداوە. سێهەم، ئەو لەخۆ بێزاری و تارومار بوونە هەمووی لەو شێوە واتا کردنەوەیەدا دەبنە سیفەتی ئیمامی خۆی کە ئەویش هەر نەگونجاوە لەبەر ئەوەی شاعیر لەم شیعرەدا گەلێك دڵشاد و خۆشحاڵە و لە 'مەجلیسی بەزمی یار'دا، 'بێ ئەغیار'ە و ئاشکرایە یەکەم کەسێك کە دەبێ لەو مەجلیسە خۆشەی شاعیر ڕاوبنرێت، ڕەقیبە نەك خاوەن مەجلیس خۆی! بە کورتی، حاڵەتی لەخۆ بێزاری و و تارومار بوون هی ڕەقیبی تێکشکاوە کە 'نەمامی' کردنەکەی کەڵکی بۆی نەبووە و نەیگەیاندۆتە ئامانج.
تارومار: تەرکیبێکی فارسییە بە واتای تاراو و دەرکراو و بڵاوەپێکراو.

عەسەس: عەرەبییە  بە واتای پاسەوانی شەوانە. لە هەندێك شوێنی کوردستان وەك 'حەساس' دەگوترێت.
سەر دەرکە: دەتوانیٚ دوو واتای هەبێت: تێبگە! و خۆت ڕزگار بکە!
سەردەرکە ماڵ بسیارە ئەمشەو: زۆر ڕوون نییە چییە. بڵێی سەردەگای ماڵان نەبێت؟ ئەودەم ئەو کۆما (وێرگول)ەی لە چاپی جەعفەردا کەوتۆتە نێوان سەردەرکە و ماڵ بیٚ واتا دەبێت. ئەگەریش وشەکان بکەین بە دوو وشەوە، پرسیار ئەوە دەبێت ماڵ یان سەردەرکەی ماڵ بۆچی زۆرن و ئەو زۆرییە چیداوە بەسەر عەسەسەوە؟
بسیار: فارسییە بە واتای زۆر، فرە.
شەکەر گوفتار: لە کوردی و فارسیدا تەعبیری 'شەکر شکاندن'مان هەیە کە بە واتای قسەی پڕواتا کردنە. شەکەر گوفتار فارسییە و بەواتای کەسانی خۆش ڕاوێژ و شیرین قسە دێت. پێشتریش گوتوومە حافزی شیرازی بە شیعرەکانی خۆیدا هەڵدەڵێت کاتیٚ کە دەڵیٚ:

*"شکرشکن شوند همه توتیان هند*
*زین قند پارسی که به بنگاله میرود"*

دیارە قند پارسی شیعرەکانی حافز خۆین. بنگالە ناوچەی بەنگالی نشینی هیندستانی کۆنە، کە ئێستا بۆتە 'بەنگلادش'. لە قەدیمدا هیندستان بە خاوەنی تووتیی زۆر ناسراو بوو و تووتی لەوێوە هێنراوەتە ئێران. شاعیر دەڵیٚ ئەو شیعرانەی من قەندی فارسین و ئەوەندە شیرنن، کە ئەگەر ببرێنە هیندستان، هەموو تووتییەکانی ئەویٚ بە دووپات کردنەوەیان، قەند لە دەنووکیان دەبارێت.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

## تاڵ و سوێری

کوتم با ڕوو لە یار و ئاشنا کەم
کە بەشکم دەردی دڵ تۆزێ دەوا کەم
بەڵام یارم نەیار بوو، ئاشناشم
دەڵێ نەمدیوی، ناتناسم براکەم!
کە تەوفیریان نییە چ بکەم خودایا
لەگەڵ بێگانە، یاران چۆن جیا کەم؟
کە ڕووناکی نییە بۆ من لە هیچ لا
لە هەر شوێنێ، دەبێ هەر بێم و ڕا کەم
ئەمن هەر تاڵ و سوێریم دی لە دنیا
دەبێ کەی بێ خودا ڕۆژی جەزاکەم؟
کە جەرگم کونکونە، ئەوچەل لەوێڕا
دەبێ زووخاوی چەند ساڵەم ڕەها کەم
"ئیمامی" پاشی ئەندامی لە قیسچووی
دەڵێ هەر گیانە ماوە، با فیدا کەم

قاقڵاوا، ١٣٣٥ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٣٨ ی چاپی جەعفەر، لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

دیوانی چاپی ئەنیسی ٣٠ ساڵ دوای گوترانی ئەم شیعرە چاپ بووە و ڕوون نییە بۆچی شیعرەکە لەوێدا نەهاتووە.

---

غەزەلێکی ساکارە لە سەر کێشی سواری بەحری هەزەج بەڵام ناوەرۆکەکەی شاد و بن بزوێن نییە و بە پێچەوانە گلەیی و بناشتە لە یارانێك کە بە نەیار دەرچوون و لەگەڵ بێگانە جیاوازییان نییە؛ هەروەها لە ناسیاوانێك کە ئێستا دەڵێن ناتناسین! شاعیر لە شیعرەکەدا باس لە تاڵ و سوێریی هەموو ماوەی ژیانی دەکات و لە جەرگی کون کونی، کە زووخاو دەدەڵێنێت. ئەوە ناوەرۆکی سەرەکی شیعرەکەیە.

ئەو گلەیی و گازندانەی شاعیر لە ژیانی خۆی، هەموو بۆ خوێنەر ئاشکران بەڵام ئەوەی ڕوون نییە یەك شتە و ئەویش لە فەردی کۆتاییدا ئاماژەی پێکراوە: "ئەندامی لەدەست چوو". ئەوە چییە؟ ئەندامێکی لەشی شاعیرە لە عەمەلیاتێکدا دەریان هێناوە یان لە ڕووداوێکدا شکاوە و فەوتاوە؟ یا خود ئەندامێکی بنەماڵەکەیانە وا لەبەر هەر هۆکارێك کۆچی دوایی کردووە و نەماوە؟ ئەوەی بەشوێنیدا دەڵێ با ئەو گیانەی وا ماومە فیدا بکەم، واهەیە ئەگەری دووهەم هەندێك بەهێزتر بکات گەرچی بە قورس و قایمی نایسەلمێنێت.

خوێنەر بە قەرینەی شیعرەکە ناتوانێت ئەو مەتەڵۆکەیە هەڵبێنێت و بزانێت ئەندامی لەدەست چوو چییە یان کێیە؟ خۆزیا کاك جەعفەری کوڕی شاعیر، کە دەبێ ئاگاداری مەسەلەکە بێت، لە پەراوێزی دیوانە چاپکراوەکەدا ئەوەی لە هەموان ڕوون بکردایەتەوە. یان لە دوارۆژ و لە چاپی دووهەمی دیوانەکەدا ئەو ئەرکە بەڕێوەبەرێت.

ئاشنا: ناسیاو

یار و نەیار: جیناسی ناتەواون     تەوفیر: جیاوازی

ڕۆژی جەزا: ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوە

زووخاو: کێم و خوێنی تێکەڵاو. کێم: زەرداوی برین (هەنبانە بۆرینە)

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

## سەودا

بەیادی دڵبەری سەوداگەرم وێرانە ئاوا بوو
هەموو بازاڕ و شاری دڵ کەوا بێ شەوق و سەودا بوو
گلەی پێم هاتە سەر، چونکە سەرم دانا لە پێناوی
بە سەر چووم، ڕاستە ئەم سەودایە سەودایێکی بێجا بوو[291]
بە ڕەمزی چاوی مەستی خۆت ئیشارێکی لە دڵ فەرموو!
بزانە بۆچی بێبادە ئەوەندە شێت و شەیدا بوو
نیانە ڕەغبەتی شیرینی مەستان، ڕۆحی شیرینم[292]
بە ماچ وەرناگرن لێم، بەزمی ئێمە بۆیە سا وا بوو
کە یادی دڵبەرم تەشریفی بردە ناو دڵی زارم
لە بەینی عەقڵ و عیشقمدا لە سەر ئەو شۆخە دەعوا بوو
ئەمن کێم؟ دڵ لە قیسچوو؛ کوێ دەچم؟ سارای جنوون؛ بۆچی؟
لەگەڵ مەجنوون ڕەفیق بم تا بزانم چۆن لە لەیلا بوو
"ئیمامی" ماوەیەك بوو مەشقی ڕەمزی چاوی مەستی کرد
لەپڕ مەستی بە سەریا هات و سست و پەست و ڕیسوا بوو

قاقڵاوا،١٣٣٥ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٤ ی چاپی ئەنیسی و ١٧٥ ی چاپی جەعفەر)

---

[291] چاپی جەعفەر: سەودایێکی. دڵنیام دەبێ هەڵەی تایپ بێت.
[292] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: نیانە. لام وایە /یاء/ ی دووهەم زیادی بێت و لە خوێندنەوەی شیعرەکەدا زیان بە کێشە عەرووزییەکەی بگەیێنێت.

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'بەسەر چووم'ە کە لە فەردی دووهەمی شیعرەکە وەرگیراوە. بەڵام ناوەرۆکی سەرەکی شیعرەکە (بەتایبەت فەردی یەکەم و دووهەم و چوارەم)، زیاتر لەگەڵ 'سەودا' دێتەوە کە عینوانی هەڵبژاردەی چاپی جەعفەرە.
غەزەلێکی سەرکەوتووی ئاواتە و چەند سەنعەتی جوانی بەدیعی تێدا بەکار هێناوە. تەرکیبی ڕستەکان وەستایانە و بیری ناو شیعرەکە ئاڵۆز و غەیرەساکارە و ئەوە لێزانی و توانای شاعیر دەگەیێنێت.
سەوداگەر: سیفەتێکە بە دڵبەری شاعیر دراوە. لە ئەدەبی کلاسیکی ئێمەدا، دڵبەر بێ وەفا و ستەمگەرە، ئاوڕی خێر لە ئەویندارەکەی ناداتەوە و کەمتر واهەیە دڵداری شاعیران ئامادەی سات و سەودا بن، بەڵام ئاوات لێرەدا دڵبەرەکەی خۆی بە سەوداگەر ناوبردووە و ئەوەش تا ڕادەیەك تازەیە.
گلەی پێم هاتەسەر...: فەردێکی گەلێك جوان و و پڕ سەنعەتی شیعرییە وتێگەیشتنی هەندێك ووردبوونەوەی دەوێت. شاعیر دەڵێ من سەری خۆم لەپێناوی دڵبەرەکەم دانا بەڵام گلەیی پێی ئەوم هاتەوە سەر [دیارە لەبەر ناقابیلی سەر]. گلەیی هاتنە سەر یان گلەیی هاتنەوە سەر، تەعبیرێکی سەر زمانی خەڵکە و لە ئەنجامی کارێکدا دەگوترێت کە بە نییەتی باش دەکرێت بەڵام ئامانجی خۆی ناپێکێت، یان لایەنەکەی دیکە پێزانیی بۆی نابێت هیچ، گلەییشی لێ دەکات!
بەسەر چووم: ئیهامی تێدایە. واتای نزیکی ئەوەیە شاعیر بە ئیشارەیەکی یار، بە سەر دەچێتە ئەو شوێنەی دڵدار ویستوویەتی. واتای دووریشی وادە بەسەرچوون و بە قسەی ئەمڕۆیی، ئیکسپایر بوونە!
بێ جا/ بێجا: شتێکی نابەجێ. تەرکیبێکی تێکەڵاوی کوردی و فارسییە، لەجیاتی 'بێ جێ' گوتراوە و ئەویش لەژێر گوشاری سەرروای غەزەلەکەدا: ئاوا، سەودا، بێ جا، شەیدا، ساوا، دەعوا، لەیلا و ڕیسوا.
سەودا: لە فەردی سێهەمدا دووجار هاتووە:یەکەمیان خولیا و ئەوینداریيە وەك سەوداسەری. دووهەمیان سەودا بە واتای کڕین و فرۆشتن و مامەڵەیە.
ڕەمز: بە واتای وشەیەك یان نیشانەیەکە وا لە خەڵك ڕوون نییە و نهێنییە. لەگەڵ 'ئیشارە' هاتووە کە ئەویش هەر چەشنە ڕەمزێکە نەك بە قسە بەڵکوو بە ئاماژە پێکردنی دەست یان چاو.

چاوی مەست: چاوی مەست لە ئەدەبی کوردی و فارسیدا بەچاوی جوان و خەواڵوو و خوماری ناز دەگوترێت. وێدەچێت شاعیرانی کلاسیکمان چاوی زیت و وریا و کراوەی کچیان پێ جوان نەبووبێت! وا هەیە خەواڵوو بوون تەسلیمی زیاتر و هاسانتری تێدا شاراوە بووبێت.

ئیشارێکی لەدڵ فەرمووا: ئیشارەیەك لەدڵ بفەرمووا! کردارەکە ڕابردوو نییە، فرمانییە.

بادە: مەی

نیانە ڕەغبەتی شیرینی، مەستان...: سەرخۆشان مەیلی خواردنی شتی شیرینیان نییە. ڕەنگە واش بێت بەڵام دڵنیام ئاغا سەیدکامیل خۆی ئیمتیحانی نەکردووە و هەر بیستوویەتی! هەندێکجار دوای شامپاین، 'فووج' دەخورێت کە چەشنێك شیرنیاتی وەك چۆکلێتە.

بە ماچ وەرناگرن لێم: دەگەڕێتەوە بۆ میسراعی پێشتر کە باسی شیرینی و سەرخۆشان دەکات. شاعیر دەڵێ مەستان (کە نیاز لە چاومەستانی فەردی پێشترە)، لە بری ماچێك ڕۆحی شیرینم لێ قەبووڵ ناکەن بۆیە بەزمی ئێمە تێکچوو و سەودامان سەری نەگرت.

تەشریف بردنی یادی دڵبەر بۆ ناو دڵ: تەعبیرێکی جوانە. شاعیر دەڵێ بە هاتنی یادی دڵبەر بۆ ناو دڵم، عەقڵ و عیشقم لێیان بوو بە شەڕ. بە حیسابی ئەدەبیاتی ناوچەکە، دەبێ عەقڵ دژ بە عیشق و خواستی دڵ بوەستێت و نەسیحەتی دڵ بکات خۆی لەو عیشقە بدزێتەوە و دوورکەوێتەوە؛ بەڵام وشەی شۆخ لەلایەك و لەسەر ئەو دەعواکردنی ئەو دوانە لە لایەکی تر، ئەگەرێك دێنێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە کە هەردوك عەقڵ و عیشق ویستبێتیان میواندارییی ئەو دڵبەرە بکەن، واتە عەقڵیش بۆ شاعیری لە مل دابێت و لەگەڵ دڵی شاعیردا هاودەنگ بووبێت؛ زۆر لەو بۆچوونە دڵنیا نیم بەڵام نەگونجاویش نییە.

ئەمن کێم...: ئەو میسراعە زۆر هونەرمەندانە ڕێکخراوە. شاعیر دەڵی من دڵم نەماوە کەوابوو خۆم ناناسمەوە و نازانم کێم، بەرەو سەحرای جنوون دەچم و خەریکم شێت دەبم، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی ببم بە هاوڕێی مەجنوونی عامری.

لەگەڵ مەجنوون...: باشە، بۆ ببم بە مەجنوونی عامری؟ وەڵام: بۆئەوەی بزانم چۆن لە لەیلا جیا بووەوە و توانی دڵی لێ هەڵبکەنێت. دیارە مەجنوون لە لەیلا جیا نەبووەوە، کەوابوو ناشتوانێ دەرسی جیابوونەوە لە دڵدار بە شاعیر بدات! بۆ مەسەلەی جیانەبوونەوەی مەجنوون لە لەیلا، چیرۆکە شیعری لەیلی و مەجنوونی نیزامی گەنجەیی شانۆی چوونی مەجنوون بۆ ماڵی کابەی تێدایە، کە گەلێك ڕازاوە و جوانە

و له ڕاستیدا شاکارێکە. باوکی مەجنوون هەلیدەگرێت و دەیبات بۆ مەککە بۆ ئەوەی زیارەتی ماڵی کابە بکات و لە خودا بپاڕێتەوە ئەوینی لەیلای لە دڵ دەربکات. لەوێ پێی دەڵێ هەستە ڕۆڵە، دەست بگرە بە ئالقەی دەرگای ماڵی خوداوە و لێی بپاڕێوە با عیشقی لەیلات لە دڵدا نەهێڵێت. مەجنوون هەڵدەستێت و پڕ دەداتە ئالقەڕێزی دەرگاکە، پاشماوەکەی لە زمانی نیزامییەوە بژنەون، کە لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەیهێنم، تکایە بیخوێننەوە دەنا لە کیستان چووە.

واتای دووری شیعرەکە دەتوانی ئەوە بێت کە ئەوینم بۆی ئەبەدییە و لێ جیابوونەوەی تێدا نییە.

مەشق: تەمرین و دیراسە. شاعیر بە مەشق کردنی ڕەمزی چاوی مەستی دڵدارەکەی مەست و پەست و ڕیسوا دەبێت.

پەست: من بە دوو واتای ئەم وشەیە دەزانم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر واتای نەوی و نزمی لێوەردەگرن بەڵام لە باشووروواتای وەڕەز و جاڕزی هەیە. لێرەدا شاعیر واتای نزم و نەوی مەنزوورە. لە هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژاریشدا هەردوك ئەو واتایانە هاتوون.

لەپڕ مەستی بە سەریا هات و سست و پەست و ڕیسوا بوو: لەم میسراعەدا مۆسیقای دەنگی /س/ گەلێك بەرچاوە و شاعیر شەش جار ئەو دەنگە بەگوێی خوێنەردا دەدات. مانای سەرجەمی فەردەکە ئەوەیە ئیمامی لە کاری مەشق کردنی ڕەمزی چاوی مەستی دڵدارەکەیدا سەرکەوتوو نەبووە و نەك هەر خۆیشی وەك چاوی ئەو مەست و سەرخۆش بووە، بەڵکوو تێکشکاوە و لەبەرچاوی خەڵکیش کەوتووە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## پاشکۆ:

لەیلی و مەجنوونی نیزامی گەنجەیی

باوکی مەجنوون دەیباتە ماڵی کابە بۆ ئەوەی واز لە ئەوینی لەیلا بێنێت:

*"...گفت ای پسر این نه جای بازیست / بشتاب که جای چاره سازیست!*
*در حلقه کعبه کن دست / کز حلقه غم بدو توان رست*
*گو: یارب از این گزاف کاری / توفیق دهم به رستگاری*
*رحمت کن و در پناهم آور / زین شیفتگی به راهم آور*
*دریاب که مبتلای عشقم / و آزاد کن از بلای عشقم!*

*بەڵام مەجنوون لەجیاتی دۆعای دوورکەوتنەوە لە ئەوینی لەیلا، لە خودا دەخوازێت تەنانەت ئەوینەکەی دوای مردنی ئەویش هەر بمێنێت!*

*مجنون چو حدیث عشق بشنید، / اول بگریست، پس بخندید*
*از جای، چو مار حلقه، برجست / در حلقه زلف کعبه زد دست*
*می‌گفت گرفته حلقه در بر: / کامروز منم چو حلقه بر در*
*در حلقه عشق جان فروشم / بی‌حلقه او مباد گوشم*
*گویند ز عشق کن جدائی / کاینست طریق آشنائی!*
*من قوت ز عشق می‌پذیرم / گر میرد عشق من بمیرم*
*پرورده عشق شد سرشتم / جز عشق مباد سرنوشتم*
*آن دل که بود ز عشق خالی / سیلاب غمش براد حالی*
*یارب به خدائی خدائیت / وانگه به کمال پادشائیت*
*کز عشق به غایتی رسانم / کو ماند اگر چه من نمانم*
*از چشمه عشق ده مرا نور / واین سرمه مکن ز چشم من دور*
*گرچه ز شراب عشق مستم، / عاشق‌تر ازین کنم که هستم*
*گویند که خو ز عشق واکن / لیلی‌طلبی ز دل رها کن*
*یارب تو مرا به روی لیلی / هر لحظه بده زیاده میلی*
*از عمر من آنچه هست بر جای / بستان و به عمر لیلی افزای*
*گرچه شده‌ام چو مویش از غم / یك موی نخواهم از سرش کم*
*از حلقه او به گوشمالی / گوش ادبم مباد خالی*
*بی‌باده او مباد جامم / بی‌سکه او مباد نامم*
*جانم فدی جمال بادش / گر خون خوردم حلال بادش*
*گرچه ز غمش چو شمع سوزم، / هم بی غم او مباد روزم*

*عشقی که چنین به جای خود باد / چندانکه بود یکی به صد باد*

*باوکی دەزانێ کارەکە بێ سوودە و هیچ هێزێك ناتوانێ مەجنوون و ئەوین لێك جیا بکاتەوە، ئیتر دەیباتەوە ماڵی خۆیان:*

*می‌داشت پدر به سوی او گوش / کاین قصه شنید، گشت خاموش*
*دانست که دل اسیر دارد / دردی نه دوا پذیر دارد*
*چون رفت به خانه سوی خویشان، / گفت آنچه شنید پیش ایشان*
*کاین سلسله‌ای که بند بشکست / چون حلقه کعبه دید در دست*
*زو زمزمه‌ای شنید گوشم / کاورد چو زمزمی به جوشم*
*گفتم مگر آن صحیفه خواند / کز محنت لیلیش رهاند*
*او خود همه کام ورای او گفت / نفرین خود و دعای او گفت..."*

## قەرزداری

سەیری ئەو عالەمە بێ عەقڵ و شعوور و ئەدەبە!
گێژم و کاس و وڕم بەو وتە و زار و لەبە
لە هەموو لایێکەوە هاتنە سەر پاشوو لێم
ڕووی خیتابیان لە منە، تاجر و فەلـلە و کەسەبە
من دەڵێم نیمە بە قورئانی عەزیم و بە شەڕەف
ئەو دەڵێ حەتمەن و حوکمەن دەمەوێ ئەو تەڵەبە
هەر سبەینێیەکی زوو دێن و وەلەرزم دێنن
یاڕەبی، کەنگێ نەجاتم دەبێ لەو لەرز وتەبە!
تەبی خاوەن تەڵەبان زەحمەتە دەرچێ لەبەدەن
بە سەر ئەو تاقمەدا، گیانە، مەحاڵە غەڵەبە!
بەسە، ئیزهاری مەلالەت مەکە "کامیل"، دیارە
وتە و شیعر و کەلامت هەموو هەر مونتەخەبە

قاقلاوا، ۱۳۳۵ ی هەتاوی
(لاپەڕە ۷۵ ی چاپی ئەنیسی، لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە)

---

غەزەلێکی تەواو شەخسییە و لە باسی قەرزداری و دەست تەنگیی شاعیردایە. شاعیرانی پێشووی ئێمە گەلێك جار ئەو کارەیان کردووە و هەموو ئەوانەی وا ئازایەتی ڕاگەیاندن و ئاشکراکردنی دۆخی ژیانی خۆیان هەبووە، هاواریان لە دەست کەم داهاتی و قەرزداری بەرز کردۆتەوە. نموونەکەی لە نێو شاعیرانی کورددا شێخ ڕەزای تاڵەبانی و مەلامارفی کۆیین.
تا ئێرە، کارەکە ئاسایی و بوێرانەیە. بەڵام ئەوەی نا ئاسایی دەنوێنێت و لەگەڵ کەسایەتی مەند و لەسەرخۆی ئاواتدا یەك ناگرێتەوە، ئەو هێرشکارییەیە وا کردوویەتە

سەر خاوەن قەرزەکانی خۆی و هەر لە فەردی یەکەمدا بە بێ عەقڵ و بێ شعوور و بێ ئەدەبی ناو بردوون! خاوەن قەرزەکان کێن: دەبێ دووکاندار و بازرگانی هەندێك شاری وەك بۆکان و سەقز و مەهاباد بن.

دیارە، وەك کەسایەتی، ئاغا سەید کامیل پووڵ و پارەی خەڵکی نەخواردووە و هەرچۆنێك بووبێت قەرزەکانی داوەتەوە بەڵام دەبێ لەوە نارەحەت بووبێت کە لێی ڕانەوەستاون و "نیمە و ناتوانم" ی ئەویان بە گوێدا نەچووە. جاران باو بوو بازرگانەکانی ناو شار (بۆ نموونە، لە بۆکان) ئەگەر قەرزی کەسێك کۆن بکەوتایە، خۆیان یان کەس و کارێکیان دەچوونە سەر کابرای قەرزدار لە گوندەکان بۆ ئەوەی گوشاریان بخەنە سەر و قەرزەکەیان لێ وەرگرنەوە.[٢٩٣] دەبێ گازندەی ئاوات لەو کەسانە بێت.

وشەیەکی زۆری بێگانە هاتۆتە ناو شیعرەکەوە. دوور نییە ئەوە بەهۆی هەوڵی پاراستنی سەرواوە بووبێت گەرچی ئاوات بەگشتی زۆر دەربەستی ئەوە نەبووە نەهێڵێت وشەی جوانی عەرەبی و فارسی بچنە ناو شیعر و کەلامیەوە. ئەگەرێکی لاوازیش دەکرێ ئەوە بێت کە لاسایی شیعری شاعیرێکی فارسی کردبێتەوە، ئەگەر وابێت، کێ؟ "شاطر عباس صبوحی" شاعیری فارسی وێژی سەدەی سێزدەهەمی کۆچی، شێعرێکی هەیە کە بەم مەتلەعە دەست پێدەکات:

*"روزه دارم من و افطارم از آن لعل لب است*

*آری، افطار رطب در رمضان مستحب است"*

بەڵام شیعری ئاوات لە باری ناوەڕۆکەوە گەلێك جیاوازە لەوەی شاطر عەبباس و هیچ کەڵکێکی لە کەرەسەی شیعریی ئەو وەرنەگرتووە و سەروا و کێشەکەی نەبێت بەشەکانی دیکەیان لەیەکتر ناچن. پێشتریش دیتوومانە ئاوات شیعرێکی دیکەی شاطر عەبباسی ئیستیقباڵ کردووە.

وڕ: کاس

پاشوو: بە دوو لاقی ئاژەڵ دەگوترێت بە عادەت هەندێك حەیوان لە کاتی شەڕدا هەڵدەستنە سەر پاشوو جا شەڕ دەکەن. هاتنە سەر پاشوو لێرەدا بەواتای هێرشکاری و

---

[٢٩٣] من خۆم، گەلێك جار ۆ وەرگرتنەوەی قەرزی دووکانی باوکم و درەنگتر هی دووکانی کاکم، جارێکیش بۆ قەرزی خاڵم چوومەتە سەر قەرزداران.

هاتن بۆ شەڕە. کەڵك وەرگرتن لە وشەی 'پاشوو' بۆ مرۆڤ، هەندێك سووکایەتی تێدایە و نیشانەی تووڕەیی ئاواتە لە خاوەن قەرزەکانی.

ڕووی خیتاب: ڕووی قسە.

فەلـلە: فەللاحی عەرەبییە بە واتای وەرزێر. جیاوازە لە فەلە بە واتای مەسیحی.

کەسەبە: کۆی کاسبە. کاسبکاران، دووکانداران

حوکمەن: بە حوکم، بە زۆر، بە حەتمی

تەلەب: قەرز، داواکاری

تەب: یاو، چوونە سەری پلەی گەرمای لەش

غەڵەبە: سەرکەوتن

ئیزهار: دەربڕین، ڕاگەیاندن

مەلالەت: بێ تاقەتی

مونتەخەب: هەڵبژاردە و دەست بژێر.

## ڕۆژی زەفەر

وەرن تۆخوا، کە چاوم وا لە مەڵبەند و گوزەرتانە
وەرن ڕۆحم وەکوو پەروانە دایم دەوری سەرتانە[294]
چران، ئەمما وەکوو خۆر دەوری خۆتان کردووە ڕووناك
شەمن، ئەمما لەباتی ئێوە دیدەم چاوی تەڕتانە
مەترسن گیانەکەم کاتی خەتەر تەئمینوو حاسڵ بێ!
کە من گیانم لە پێناودایە، قەڵغان و سوپەرتانە
بلا تیری بەڵا هەر بۆ منی بێچارە بێ چاکە
کە سۆز و ناڵەناڵم هەمڕەهی ڕۆژی سەفەرتانە
وەرن "تورجانی" و "زەنبیلی" و "جەمیانی" خێرایەك!
موفەڕڕەح کەن دڵم، هەر چاوەڕێی باس و خەبەرتانە
مەڵێن باریوە سەرمایە، ئەویش نەیماوە سەرمایە
هەمە، گەر ئێوە غەوواسن، ئەشك بەحری گوهەرتانە[295]
لە زەنبیل تاکوو ئێرە نیو سەعات نابێ بە مەعلوومی
دەسا تەی‌کەن بە غار ئەو ڕێ نزیکەی وا لە بەرتانە
وەرن گیانە! وەدەرخەن گەوهەرێ لەم بەحرە تا ماوم
نەوەك بمرم، دەس‌وبرد کەن کەسم! ڕۆژی زەفەرتانە

قاقلاوا، زستانی ١٣٣٥ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣٨ و ٣٩ ی چاپی ئەنیسی و ٢٠١ ی چاپی جەعفەر)

---

[294] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: داییم
[295] چاپی جەعفەر: هەمە؛

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "چاوەڕوانی" یە.
بە ڕوونی دیارە غەزەلەکە کارتێکەریی ئەو شیعرەی ئەحمەد موختار بەگی جافی لەسەرە، کە گوتوویەتی:

*"لەخەو هەستن درەنگە میللەتی کورد، خەو زەرەرتانە*
*هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەتح و زەفەرتانە..."*

شیعرەکە، دەکەوێتە بازنەی شیعری ئیخوانیاتەوە لەبەر ئەوەی بۆ خزم و کەس وکاری خۆی لە تورجان و زەنبیل و جەمیانی نووسیوە کە هەرسێکیان گوندی نزیك قاقڵاوان و ئەو خزمانەیان خاوەن مولکی گوندەکان بوون. کاك جەعفەر لە پەراوێزی شیعرەکەدا نووسیویەتی: *"بانگی ئامۆزا و برازاکانی دەکا"*.
تورجانیی، بریتین لە بنەماڵەی نەمر حاجی بابە شێخی سەیادەت، ئامۆزاکانی شاعیر.
زەنبیلیی بنەماڵەی شێخ محەممەدی نوورانی (هاشمی)ن، کە برا و برازای خۆی بن.
جەمیانییش دەبێ بریتی بن لە بنەماڵەی سەید قادری سەیادەت کوڕی حاجی بابەشێخ و ئامۆزای خۆی.
بە پێی ئەو زانیارییانەی وا لە لاپەڕە ٤٥ و ٤٦ ی ژیننامەی سەرەتای کتێبی شاری دڵدا دەست دەکەوێت، ئاوات دوو جار لە گۆڕینەوەی مڵکی گوندی گەردیگلان لەگەڵ جەمیان هەروەها شێخ چۆپان لەگەڵ قاقڵاوا، کە لەگەڵ خزم و کەس وکاری خۆی کراون، تووشی زیانی ماڵی بووە و بە زمانی ساکار فێڵی لێکراوە بەڵام لەبەر حەیابەخۆیی و ڕێز گرتن لە خزمەکانی، دەنگی دەرنەهێناوە و "بە هەژاری و دەست کورتی و کشتوکاڵێکی نەمر نەژی گوزەراندوویەتی" (هەمان، ل.٤٦). گوندی قاقڵاوا کە بەرهەمی مامەڵەی دووهەمیەتی و لە **١٣٣٣** دا سێ دانگی کڕیوە، یەك لەو کڵاوانەیە وا چۆتە سەری و دواتر زانیویەتی کە مڵکی ئەوقافە و ئەو ناتوانێ بەخاوەنی بێت! ساڵی گوترانی شیعرەکە، دوو ساڵ دوای ئەو سەودایەیە.[٢٩٦]
شەمن ئەمما...: شاعیر خزمەکانی خۆی بە مۆم دەشوبهێنێ کە دیارە لە سووتاندا فرمێسك (دڵۆپ) ی پێدا دێتە خوارێ و دەڵێ من لەباتی ئێوە (وبۆ ئێوە) دەگریم.

---

[٢٩٦] ئەم زانیارییانەی خوارەوەشم لە ئیمەیلێکی ڕێزدار جەلالی سەیادەت وەرگرتووە، کە لە وەڵامی پرسیاری من سەبارەت بە جەمیان نووسیویەتی *"ئاوایی جەمیان هەروها ئاوایی سەیدئاوا کە ئاواییەکی زۆر بچوك بوو لە لای سەرەوەتری جەمیان، ملکی سەید قادری مامم بووە .... ئەودوو گوندە ملکی حاجی بابا شێخ و بەشە ملکی سەید قادری کوری بوون."* ئاغا سەید جەلال خۆی، کوڕەزای حاجی بابەشێخە.

مەترسن: ڕوون نییە ئاوات متمانەی چی دەداتە کەس وکارەکەی و بۆ دەڵێ مەترسن من خۆم ئاگام لێتان دەبێت؟ تاقە شتێك من بتوانم بیری لێ بکەمەوە ئەوەیە شیعرەکە ٣ ساڵ دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ گوتراوە و ئەو دەمە سەردەمی ملهوڕییەکانی حکومەتی حەمەڕەزاشا و "حکوومەت نیزامی"یەکەی تەیمووری بەختیار بوو و خەڵکانێکی سیاسیی زۆر لە کورسدستان و ئێران لە زیندان ئاخنرابوون. تەنانەت دام و دەزگای ساواکیش ڕاست لەو ساڵەدا دامەزرا و جێگەی حکوومەت نیزامییەکەی بەختیاری گرتەوە؛ خێرایەکیش لقی لە سنە و مەهاباد کرایەوە! من بە هەواڵی گیرانی ئاوات دوای ساڵی ٣٢ نازانم، بەڵام بڵێی لەژێر چاوەدێریدا نەبووبێت؟

بڵا: با، لێبگەڕێ!

تیری بەڵا: چ بەڵایەکە ئەگەر سیاسی نەبووبێت؟ ئەگەرێکی دیکە ئەوەیە سارد وسەرما بووبێت و خزمەکانی شاعیر لە هاتوچۆی نێو بەفر و سەرما دڕدۆنگ بووبێتن، جا ئەویش بەم شیعرە هانی دابێتن بچن و میوانی بن. دیارە ئەو چەشنە میوانیانەش بۆ ڕۆژێك و دوو ڕۆژ نەبووە و میوان ماوەیەکی باش لە ماڵی خانەخوێ دەمایەوە.

بە گوێرەی ژیننامەی سەرەتای دیوانی چاپی جەعفەر (شاری دڵ)، لە هەمان ساڵی ١٣٣٥ و ساڵێك پێشتریش، دوو کچی دوانەی ئاوات لە تەمەنی دوو و سێ ساڵاندا کۆچی دواییان کردووە، ئەوەش واهەیە هەستێکی ناخۆشی خەفەت و تەنیایی تێدا دروست کردبێت کە ویستبێتی دەوروبەری بە میوان پڕ بێت. بە گوێرەی ئەوەی من بیستبێتم سەید کامیل کەسێکی میواندار و دڵئاوا بووە.

هەمڕەهـ: هاوڕێ. فارسییە.

موفەڕڕەح: شاد، دڵخۆش. عەرەبییە.

ئەویش نەیماوە 'سەرمایە': دەبێ ئاماژە بێت بە مەسەلەی زەرەر و زیانی ئاوات لە گۆڕینەوەی مڵکدا. بڕوانە ڕوونکردنەوەکانی سەرەوەتر.

سەرمایە و سەرمایە: شاعیر بەو دوو تەعبیرە، جیناسی کامیلی دروست کردووە. یەکەمیان بە واتەی هەواکە سارد وسۆڵە و دووهەمیان بە واتای دەسمایە و دارایی.

هەمە گەر...: ئەگەر ئێوە غەوواسی بن ئاون و بەشوێن گەوهەر (مرواری)دا دەگەڕێن، منیش گەوهەری فرمێسکم هەیە وەرن بەشوێنیدا!

لە زەنبیل تاکوو ئێرە: دەڵێ لە گوندی زەنبیل (ی ماڵی کاکی)ەوە تا گوندی قاقڵاوا (ی نیشتەجێی ئەودەمی خۆی)، نیوسەعاتە ڕێ کەمترە، بۆ نایەن؟

وەدەرخەن گەوهەرێ لەم بەحرە: ئاوات کەمتر بەخۆیدا هەڵگوتووە، بەڵام لێرەدا خۆی وەك بەرحرێك دەنوێنێت کە گەوهەر (مرواری)ی زۆری تێدایە و کەسانێکی دەوێت ئەو گەوهەرانە دەربهێنن، واتە گوێ بدەنە قسە، یان شیعرەکانی.

زەفەر پێهێنان: زاڵ بوون بە سەر شتێکدا و وەدەست خستنی.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## من کوتم

من کوتم دڵ گەر زەدەی پەنجان نەبێ و دەستی پەری،
ڕەببی کونکون بێ، شەق و پەق بێ، لە خۆشی بێ بەری!
سەیرە چۆن نانم لەلای دڵ کەوتە ڕۆن هەر بەو قسە
ئەم وتەی بیست و کەچی خێرایەکی هەستا فڕی!
ئێستە من تەنها لە گۆشێکی جیهانا ماومەوە[297]
بێکەس و بێدەر، هەژار و گۆشەگیر و بەڕبەڕی!
پێستەکەم مۆرانەیی تانە وەهای کون کردووە،
بردمە بازاڕی فرۆش و ما، کەچێ بێ مشتەری
"کامیل"ی بێچارەکەی بێ یارەکەی، ئاوارەکەم!
ئافەرین، تۆ چادەکەی گرتووتە دونیا سەرسەری!

قاقلاوا، ١٣٣٥ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩٥ ی چاپی ئەنیسی، لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە)

---

چاپی جەعفەر ئەم غەزەلەی تۆمار نەکردووە.
غەزەلێکی گەلێك جوانە لە وەسفی شاعیر و دڵیدا. پێشتریش دیومانە گەلێك جار ئاوات خۆی بە جیا و دڵی یان عەقڵ یان لەشی خۆی بەجیا دادەنێت و باسی ئەوان، وەك دیاردەیەكی جیاواز لە خۆی دەكات. ئەوەش نموونەیەكی دیكەی ئەو چەشنە هەڵوێست گرتنەیە، كە تێیدا نەقڵی خۆی لەگەڵ دڵ و پێستی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە.

---

[297] لە دەقەکەدا وەك "مامەوە" هاتووە کە زۆر لەگەڵ پاشماوەی ڕستەکەدا یەکگرتوو نییە.

شاعیر لە چوار فەردی یەکەمدا باس لە دڵی دەکات و دەڵێ من نزام لە دڵم کرد کە ئەگەر شێت نەبێت، یاخوا شەق وپەق و لە خۆشی بێ بەری بێت! دڵیشم هەر بەو قسەیە هەستا و فڕێ و منی بە تەنیا هێشتەوە.
پاشان دەڵێ پێستەکەشم ئەوەندە بە مۆریانەی تانەلێدانی خەڵك کون کون [و بێ بایەخ] بووە، کە بردم لە بازاڕ کڕیاری بۆ پەیدا نەبوو. ئێستا منی بێچارە، بە بێ هاوڕێ و بە ئاوارەیی کەوتوومەتەوە.
تا ئێرەی شیعرەکە گەلێك ئاساییە و خوێنەر دەتوانێ دەیان شیعری هاوچەشن لە دیوانی شاعیردا بدۆزێتەوە کە باس لە تەنیایی و گۆشەگیرییەکەی خۆی دەکات و لە ڕاستیشدا ئەوانە بەشێك بوون لە کەسایەتی ئاوات لە ژیانی ڕۆژانەیدا.
بەڵام ئەوەی تا ڕادەیەك نائاساییە ئەوەیە لە دوایین میسراعی فەردی کۆتایی (مەقتەع)دا دەبیبین: *"تۆ چادەکەی گرتووتە دونیا سەرسەری!"* شاعیر دەستخۆشی لە خۆی دەکات و دەڵێ ئافەرەم بۆ تۆ کە دنیات بە سەرسەری گرتووە و بە هیچت دانەناوە.
ئەوەندەی لە دیوانی شیعرەکانی ئاوات و لە ژیانی شەخسیی ئەودا بینرابێت، سەیدکامیل کەسێك بووە بایەخی بە ژیان داوە و نەك هەر ئەوە بەڵکوو خەباتیشی لە ڕێگەیدا کردووە، زیندانی کێشاوە و بە گشتی، سەرەڕای ئیمانداریی ئایینی و باوەڕە عیرفانییەکەی، لە ژیانی ڕۆژانە دانەبڕاوە و کەسێکی بنەماڵە خۆشەویست و لەگەڵ دۆست و هەڤاڵی خۆیدا گەرم وگوڕ و لە ماڵەوەدا میواندار بووە. ئەوانە لەگەڵ ئەو قسەیەدا ناگونجێن کە دنیای سەرسەری گرتبێت.
بەڵام، دوای هەموو ئەو شێر وڕێوی هێنانەوەی منیش، ئەوە شیعرە و شاعیر دەتوانێ بە هەموو بارێکدا قەڵەم بگێڕێت ئێمەش نابێ سەر بە هەموو کەلێن و قوژبنێکی ژیانی شاعیرەکەدا بکەین و لێرە و لەوێ لایەنی دژبەر و ناتەبای تێدا بدۆزینەوە. بۆ نموونە، دەکرێ ئەو بۆچوونە هی سەردەمێکی تایبەت لە ژیانی شاعیر بووبێت و لەگەڵ هەڵوێست گرتنی پێشتریدا یەك نەگرێتەوە. ئەو هەڵوێست گۆڕینە لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا شتێکی ئاساییە.
زەدەی پەنجان و پەنجەی پەری: ئاماژەیە بەو ئەفسانەیە کە هەرکەس پەری دەستی لێ بوەشێنن، شێت دەبێ! ئاوات لە شیعری دیکەشدا ئاماژەی بەو ئەفسانەیە کردووە:

*"ئەو دەڵێ نا، زەدەیی پەنجەیی پەریانە، نەچی!*
*من دەڵێم مەرکەزی ئەسراڕی حەریفانە، دەچم!"*

(بڕوانە شیعری "شاری دڵ، کە بە هەڵکەوتیش بێت، بە هەمان شێوەی ئەم شیعرە، وتووێژی شاعیر و دڵی خۆیەتی!)

شاعیر دەڵێ ئەگەر دڵ شێت نەبێت، با شەق و پەق بێت و نەمێنێت! بەڵام پێمان ناڵێت بۆچی؟ ئایا بۆ ئەوەی عاشق و هەڵوەدا بووە و بەجێی هێشتووە؟ یان بۆچی؟ تۆ بڵێی ئەو شێتییە مانایەك نەبێت بۆ عاشق بوون و ئەویندارییەتی؟ من لەوە زیاتر بۆ هیچی دیکە ناتوانم بچم. دیارە ئەگەرێکیش دەتوانێ ئەوە بێت کە دڵی وەك دڵی مرۆڤێکی عاشق، ئەوەی پێخۆش بووە.

شەق و پەق: لەت لەت. پەق لەفزی موهمەلە و لەبەر ئەوەی لەگەڵ شەق بووندا هاتووە، هەمان واتای هەیە.

نان کەوتنە ڕۆن: دنیا بە دڵی کەسەکە بوون. شاعیر لە فەردی یەکەمدا ئەو نزایە لەخۆی دەکات و دەڵێ با دڵم ئاوا کون کون بێت. پاشان لێرەدا دەڵێ نانم لای دڵ کەوتە ڕۆن، واتە قسەکەم بە دڵی دڵم بوو! ئەو نان کەوتنە ڕۆنە، واهەیە بگەڕێتەوە بۆ عاشق بوونی شاعیر و دڵ بەرەو ئەوین ڕۆیشتنەکەی.

گۆشێکی: گۆشەیەکی، قوژبنێکی

بەربەری: دەبێ ئاماژە بێت بە میللەتی بەربەر لە باکووری ئەفریقا. بە داخەوە لە قامووسی گەلانی ناوچەی ئێمەدا بەربەر بە وەحشی ناسێنراوە کە بۆچوونێکی قیزەوەنی ڕەگەزپەرستانەیە و دەبێ نەمێنێت.

مۆرانە: مۆریانە، ئەسپێیەکە دەکەوێتە جل و بەرگ و پێستەوە.

تانە: بە کوردیکراوی طعنە ی عەرەبییە.

ما، کەچی: بردمە بازاڕ بیفرۆشم کەچی بێ مشتەری مایەوە.

سەرسەری: سەرچڵ، بێکارە *(هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار).*

## ئەمەژینە؟

تۆخوا ئەمە ژینە کە وەها کەوتمە شەشدەر؟
ڕێی چوونەدەرم هەر بە خەویش نایەتەوە بەر
هەرکەس بە هەوایێك[298] و بە سازێ لە سەمایە
ئەمنیش نە هەوام ماوە نە ساز و نە هەماوەر
خوایە چ تەلیسمێکە کە من کەوتمە نێوی!
چەند مەحکەم و بێ ڕێگەیە، وەك سەددی سکەندەر!
ئەعزام کە بە قوڕدا چووە، زیندانی بەڵایە
ئەم مەسکەنە، جێی بێکەس و مسکینە سەراسەر
هەر چوومە دەرێ، خۆزگە بە ناوماڵێ دەخوازم
گەر دێمەوە ژووری کەچی ئاواتمە بۆ دەر!
زوو سەڵتەنەتم بوو، کەچی ئێستا ئەوە سەڵتم
جاران وەکوو شا بووم و ئەوێستاکە قەلەندەر
مەنفوور[299] و سەگ و بێ ئەدەب و شەرم و حەیایە،
هەرکەس بگرم من چ بە نۆکەر چ بە سەروەر!
وەختە وەکو دێوانە وەکێوی بدەم ئەوڕۆ[300]
غەم قووتمە، غەم بەرگمە، غەم هەمدەم و یاوەر

[298] . دەقی جەعفەر وەك "بە هەواڵێك"ی تۆمار کردووە. من دەقی ئەنیسیم پێ ڕاست بوو و ڕەچاوم کرد. هەوا واتە لەحن و ئاواز لەگەڵ ساز و سەما هاوواتایە بەڵام 'هەواڵ' لەگەڵ ئەو دوو تەعبیرەی دیکەدا نایەتەوە. بە تایبەت کە لە میسراعی دووهەمی هەمان فەرددا هەوا و ساز پێکەوە دووپات بوونەتەوە. لام وایە ئەوەی دەقی جەعفەر هەڵەی جاپە و لە چاپەکانی دواتردا دەبێ ساغ بکرێتەوە.
[299] . مەبغووز: چاپی ئەنیسی
[300] . ئەمڕۆ: چاپی ئەنیسی

قاقلاوا، ١٣٣٧ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣٦ و ٣٧ ی چاپی ئەنیسی و ٩١ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکن.
شیعرەکە لەساڵی ١٣٣٧ دا گوتراوە- یەك لە ساڵانی ڕەشی دوای کۆدیتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ی شا و سیا دژ بە حکوومەتی موسەددیق و زاڵبوونی حکوومەت نیزامیی تەیمووری بەختیار و ڕوکنی دووی ئەرتەش بە سەر وڵاتدا، کە لە ئەنجامیدا ژمارەیەکی زۆری کورد و چەپی غەیرە کورد گیران و خرانە زیندانەوە. ئەودەمە، دوو ساڵێك بوو کە حکوومەت نیزامی جێگەی خۆی دابوو بە ڕێکخراوی تازە دامەزراوی ساواك و لقی ڕێکخراوەکە لە سنە و سەقز و مەهابادیش کرابووەوە. بە ماوەیەکی کەم دوای ئەو شیعرە واتە لە ساڵی ١٣٣٨ دا هەمیسان خەڵکێکی زۆر لە موکریان بە تاوانی هاوکاری کردنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گیران و برانە زیندانەکانی ورمێ و تەورێز و قزڵ قەلعەی تاران.
ژیننامەی ئاوات بە قەڵەمی خۆی، لە سەرەتای دیوانی چاپی ئەنیسیدا (لاپەڕە یازدە) باسی دووساڵ گیران و لە زینداندا مانەوەی خۆی دەکات و دەڵێ "... لە سەرەتای ساڵی ١٣٢٧ دا ئازاد کرام و هاتمەوەماڵێکی ساردوسڕ و بێ نان و ئاو، چونکە منداڵەکانم ورد بوون و تەنیا کاکم پێیان ڕادەگەیشت ئەویش خۆی دەوڵەمەند نەبوو...".
شیعری سەرەوە پیشاندەری ژیانی ئەو ساڵانەی شاعیرە- ژیانێك کە وێدەچێ دواتریش سەقامی نەگرتبێت لەبەر ئەوەی ژیننامەی شاعیر لە چاپی جەعفەریشدا (لاپەڕە ٣٧) باسی شێواوی ژیانی دەکات لە ساڵی ١٣٥٠ دا بە هۆی هەڵسووڕاویی سیاسی و چوونە گەرمێن و هاتنەوە و گیرانی دووبارەی، ئەوەش ماوەی ١٢ — ١٣ ساڵێك دوای گوترانی ئەم شیعرەیە.
شیعرەکە ئاوێنەی ژیانی مرۆڤێکی بەرپرسی گیرۆدەی داوی جاڵجاڵۆکەی ساواکی تازە دامەزراو و نامرۆڤانی خۆجێ ییە، کە نازانێ چۆن لە شەشدەریان بچێتە دەرەوە. ناتەواویی ژیان و ئەرکی بەخێوکردنی خاووخێزان سەرباری دەردی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بووە و لەو فەزا فیکرییەدا قەتیس ماوەتەوە. هەندێك خەڵکی دەوروبەری خۆی دەبینێت کە هەرکام بە سازێك و هەوایێك هەڵدەپەڕن و خەریکی ڕابواردن و خێر وخۆشین، خۆیشی دەبینێت کە ئەو هێزە ئەهریمەنییانە پەراوێزیان

خستووە و دەرەتانیان لێ بڕیوە، ئینجا لە نێوان دوو بەرداش دا گیر دەخوات: لە لایەك باوەڕی قورس و قایم بە ڕێبازە سیاسییەکەی خۆی کە ڕێچکەی خەباتە و نایەوێت بەجێی بهێڵێت، لە لایەکیش زەخت و زۆری دەزگا ئەمنییەکان و مەئموورە ناوچەییەکانیان کە ژیانیان لێ تاریك کردووە و لێناگەڕێن بە دەردی خۆی داکەوێت و چاوەڕوانی هەلاتنی ڕۆژی ڕووناك بێت. ئەوە ڕاست ئەو بارودۆخەیە کە شیعری 'ئەمە ژینە؟' ی تێدا گوتراوە.

لە شەشدەر کەوتن، بێ دەرەتان و دەستەوەستان مانەوەیە.

ڕێگا نەهاتنەوە بەر، بۆ کەسێکە پێشتر ڕێگای ڕۆیشتنی هەبووبێت بەڵام دواتر ئەو دەرەتانەی نەمابێت.

هەم ئاوەر، هەماوردی فارسی بە واتای حەریف و ڕەقیبە گەرچی لێرەدا تا ڕادەیەك وێدەچێت واتای هاوڕێی هەبێت.

زیندانی بەڵایە، دەبێ نیاز لە لەشی خۆی بێت کە بۆتە زیندانی بەڵا بۆ ئەندامەکانی لەشی خۆی و ئەوەش بۆچوونێکی سۆفییانەیە کە چوارچێوەی لەش بە 'زیندان'ی ڕۆح دەزانن و لایان وایە مرۆڤی خوداناس دەبێ خۆیان لەو زیندانە ئازاد بکەن، هەربۆیەش مردن بە ڕزگاریی دەزانن. شێخ عەبدولرەحمانی تاڵەبانی لە شیعرێکی فارسیدا کە تەفسیرێکی پڕ ناوەڕۆکی ١٨ فەردی سەرەتای مەسنەوی مەولانای ڕۆمییە، دەڵێ:

*"پخته آن باشد که جسم خویش باخت*
*خویش را از خویشتن بیگانه ساخت*
*مغز را آگند و برافکند پوست*
*ماند خالی از خود و پرشد ز دوست..."*

مەگەر وشەکە وەك 'زیندانی' بخوێنینەوە و بڵێین بەڵا زیندانەکەیە و ئەعزای لەش بوونەتە زیندانیی ئەو زیندانە.

'ئەم مەسکەنە' ئیهامی تێدایە: واتای نزیکی لەشی خۆیەتی و درێژەی فەردی پێشووە؛ واتای دووری دەتوانێ بریتی بێت لە کۆمەڵگاکە و شوێنی ژیانی شاعیر واتە کوردستان کە جێی بێکەس و مسکینانە و ئاواتی تازە لە زیندان ئازاد کراو خەمی ئەو هەژارییەی خەڵکیەتی کە دیاردەیەکی هەمەگیرە و شاعیر نازانێ لەو مەسکەنە پڕ مەینەتییەدا بچێتە کوێ و چی بکات. دوور نییە لەوساڵە ڕەشانەدا هەبووبێتن دۆست و برادەری وا کە لە ترسی ساواك نەیانوێرابێت هاتوچۆی ئاوات بکەن و گەرم وگوڕییەکەی جارانیان لەگەڵێدا نەمابێت، ئەوەش دڵی ناسك و هەستیاری ئاواتی

ڕەنجاندبێت و هەر ئەوەندەی چووبێتە دەرەوەی ماڵ، خێرایەك گەڕابێتەوە ماڵێ و لە ناو قابغی خۆیدا کڕ کەوتبێت.
سەڵت و سەڵتەنەت پێکەوە هێنان، سەنعەتی 'تضاد' ە و جوانە. بە هەمان شێوە شا و قەلەندەریش.
مەنفوور، نەفرەت لێکراو وشەیەکی عەرەبییە، ئاوات لە شیعرەکانیدا کەڵکی لە گەلێك وشە و تەعبیری فارسی و عەرەبی وەرگرتووە. دەقی ئەنیسی لە جیاتی مەنفوور، 'مەبغووز' (مبغوض)ی هێناوە کە ئەویش عەربییە و بە واتای کەسێکە کە خەڵك دەیبوغزێنن واتە خۆشیان ناوێت. شاعیر ئەو سیفەتانەی بۆ خەڵکی دەوروبەری خۆی هێناوە، چ ئەوانەی وا خزمەتی دەکەن و چ ئەوانەی وا خۆی خزمەتیان دەکات و دیارە دەبێ دڵێ زۆر لێیان ڕەنجا بێت. ئەوەش بۆ کەسێك کە زیندانی سیاسی بووە و دوای هاتنەدەر لە زیندانیش لەژێر چاوەدێریی مەئمووران و جاسووسانی ساواکدایە و خەڵك ناوێرن ڕووی تێ بکەن یان هاتوچووی ماڵی بکەن، سەمەرە نییە.
ئەنجامی ئەو چەشنە ژیانە بۆ هەستیارێکی دڵ ناسکی وەك سەید کامیل دەبێ چی بێت جگە لەوی غەم بخوات و غەم لەبەر بکات و گەم ببێتە هاودەم و یاریدەدەری؟ کە ئەوەش مەقتەعی شیعرەکەیە.
بەحری عەرووزییە،
هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

## ئەسپی نەگبەت

من ئەوا غەرقی گوناه و قەسوەتم
غەرقی بەحری پیسی قووڵی شەهوەتم
خۆ بە چابوكسواری مەشهوور بووم، کەچی
چونکە زۆر سەرکێش بوو ئەسپی نەگبەتم،
وا هەڵیگرتم لە ڕێی هات و نەهات
چوو سەر و ماڵ و ژیان و سەروەتم
هێند لە دار و بەردی دام، کەلـلەڕەقە
هەر نەما لام کاکە، شان و شەوکەتم
بەو هەموو باری گوناهەم خۆ خودا!
چاوەڕێی دەرکی هەراوی ڕەحمەتم
من وەکوو شێری ژیان بووم، ئێستەکە
مامەڕێوییێکی کز و بێ‌هەیبەتم
هەروەکوو ڕێویم، ئەوا لێرە و لەوێ
ئەی "ئیمامی"، هەر خەریکی فرسەتم

قاقلاوا، ١٣٣٧ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٥٨ ی چاپی ئەنیسی و ١١٥ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شێعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "ڕێگەی هات و نەهات"ە، کە بە هەڵەی تایپ یان چاپ، پیتی /ڕ/ ی سەرەتاکەی فەوتاوە. عینوانی هەردوو چاپەکە لە فەردی دووهەم و سێهەمی شیعرەکە وەرگیراون و من لێرەشدا وەك زوربەی جاری دیکەش لە سەر

ڕێچکەی چاپە تازەکە دەڕۆم بۆ ئەوەی گێژ وگومییەکی کەمتر پێك بهێنم. ساڵی گوترانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا ١٣٣٧ ی هەتاوییە کە دەکاتە ١٩٥٨ ی زایینی.
ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوروبەری ئەو ساڵەدا و پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوولی باشوور، تا ڕادەیەرکی بەرچاو بێدەنگ بوو. ساڵێك دواتر ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حزبی دیموکراتی کوردستان گیران. ڕژیمی شا، لە ڕێگەی ساواك و کەسانی وەك سەرهەنگ عیسا پژمان و ئەو زۆڵە کوردانەی دیکەوە وا لە ژێر سەرپۆشی 'کارداری فەرهەنگی یان کۆمەڵایەتی' و شتی ئەوتۆ نێررابوونە باڵوێزخانە و کۆنسولیەتی ئێران لە عیراق، دوابەدوای کۆدیتای عەبدولکەریم قاسم لە ١٩٥٨ (کە دەکاتە دوای ڕێکەوتی ئەم شیعرە)، دەستی کرد بە دەست تێوەردان لە کاروباری عیراق. دیارە لای باشوور شیعەکان زۆریان بە قسەی ڕژیمی شا نەدەکرد و بۆی نەدەگونجا زۆر لاق لە بەرەی خۆی زیاتر ڕابکێشێت، بەڵام لە کوردستاندا بۆی دەلوا و بە ناردنی ئەو بەرواڵەت کوردانە بۆ سلێمانی و ناو کوردی بەغدا، هانی کوردی باشووری دا ڕابپەڕن و کاتێکیش بە قسەیان کرد، بە ماوەیەکی کەم دوای هەڵگیرسانی شۆڕش، واتە لە ساڵی ١٩٦٦ دا، بوو بە هۆکاری دووبەرەکی نانەوەی ناو ڕیزەکانی شۆڕش و دوو باڵی جەلالی و مەلایی پێکهێنا[٣٠٢]
هەرچۆنێك بێت، ڕەنگدانەوەی ماتی و بێدەنگیی ساڵانی نێوان هەرەسی کۆماری کوردستان(١٩٤٦) و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١) لە شیعرەکانی ئاواتیشدا دەبینرێت کە زوربەیان غەیرە سیاسی و عاشقانە، یان سۆفیانە و ئایینین. شیعری سیاسی وەك 'خاسەکەو' لە بڕگەی دوای ئەم سەردەمەدا گوتراون.
ئەم شیعرە، یەك لە شیعرە ئایینییەکانی ئاواتە و پاڕانەوەیەکی بێ خەوشە لە دەرگانەی خودا بۆ ئەوەی لە گوناهەکانی شاعیرەکەی خۆش بێت. مرۆڤ لەو فەرهەنگە ئایینییەدا بێ ئەوەی تاوانیشی کردبێت هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە جیهانەوە گوناهبار و قەرزداری خودایە و خوداش کەسێکە لە عەبدەکانی دەخوازێت شەو ورۆژ بانگی بکەن و هانای بەرنێ و لێی بپاڕێنەوە. من هیچی دیکە جگە لە هەست بە گوناهباری و

---

[٣٠٢] . بەداخەوە تا ئەمڕۆش ئەو جیاوازییانە چارەسەر نەکراون. حکوومەتی مەلایی لە ئێران میراتگری حکوومەتی شایەتییە و لە ناکۆکی نانەوەی ناو ڕیزەکانی کورتددا چەند هەنگاویش لە پێش ئەوەوەیە.

پاڕانەوە لە شیعرەکەدا نابینم. فەرموون: غەرقی گوناە و قەسوتم، غەرقی بەحری شەهوەتم، بەوهەموو باری گوناهە و...
شیعرەکە هەندێك بابەتی هاوشێوەی لەگەڵ غەزەلێکی نالی هەیە، گەرچی بەحری عەرووزییان یەکیش نییە. هەر بەگشتی، نالی لەو شاعیرانەیە یان خود تاقە شاعیرێکی کوردە کە زیاترین کارتێکەریی لە سەر شیعری ئاوات هەیە. بەراوردی شیعرەکانی ئاوات لەگەڵ دیوانی نالی ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێت.[٣٠٣] بەڵام ڕاستییەك نابێ لەبەر چاو وون بێت. ئاوات لەو شوێن هەڵگرتنەدا کۆپی کار نییە و ڕیبازی سەربەخۆی هەیە کە هەر ئەو بەراوردکردنە ئەوەشمان بۆ دەردەخات.
شاعیر لە ساڵی گوترانی شیعرەکەدا ٥٥ ساڵان بووە.
قەسوە: گوناە
شەهوە: مەیلی لە ڕادە بەدەر
بە چابوك سواری مەشهوور بووم...: شاعیر لە سێ شوێنی شیعرەکەدا باس لە ڕابردووی خۆی دەکات و ئەوەی لەو سەردەمانەدا چابوك سوار و شێری ژیان بووە بەڵام ئێستاکە ئەسپی نەگبەت هەڵیگرتووە بە ڕێگەی هات و نەهاتیدا بردووە، سەر وماڵی تێداچووە، شان و شەوکەتی نەماوە و لە شێری ژیانەوە بۆتە ڕێوییەکی چاوەڕوانی فرسەت و دەرفەت.
من بۆ ئەو 'ڕاگەیاندن'انە هیچ واتایەکی عەینی و ڕیئالیستی نادۆزمەوە و تەنیا هەست دەکەم لەژێر باری پەروەردەی بنەماڵە و شێخایەتی و سۆفیایەتیدا ئەوانەی گوتبێت دەنا ئەو ڕابردووە گەشاوە و پڕ لە شانازییە نازانم چییە و تێناگەم بۆچی لە ساڵی گوترانی شیعرەکەدا ڕابردووی گەشەدار هیچی لێنەماوە، وەرەق هەڵگەڕاوەتەوە و هەموو شتێك گۆڕاوە؟ تاقە دیاردەیەکی ناخۆش و ناحەز کە دەتوانم بیری لێ بکەمەوە، هەرەسی کۆمارە و گیرانی خۆی و هەندێك کەس و کار و دۆست و برادەری بە تاوانی

---

[٣٠٣] . ئەوە مەتلەعی شیعرەکەی نالییە:

*"وەی کە ڕووزەردی مەدینە و ڕووسیاهی مەککە خۆم!*
*دەرکراو و دەربەدەر، یارەب دەخیلی عەفوی تۆم*
*دەفتەری ئەعمالی من بێ قەترەییکی ڕەحمەتت*
*کەی بە سەد زەمزەم سیاهیی نوقتەییکی لێ دەشۆم!"*

بەشداریکردن لە کۆمار، کە ئەوەش بە حیسابی ساڵ و تەئریخ دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر پێش گوترانی شیعرەکە و ڕاست ١٢ ساڵی بەسەردا تێپەڕ بووە.
لە لایەکی دیکەوە، سەید کامیل بە فەردییەتی خۆی مرۆڤێکی بێدەنگی گۆشەگیر بوو و دەکرێ ئەو خەفەتە مەزنەی بۆ ئەو ماوە دوور ودرێژە ١٢ ساڵەیە لە دڵی خۆیدا ڕاگرتبێت و لێرەدا درکاندبێتی. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت،سەردەمی چابوك سوارییەکەی دەبێ ئەو ساڵانە بێت کە بۆ نموونە، لە گەردیگلان چۆتە پێشوازیی 'ئالای موقەددەس' وبە ئیحتیرامی هاتنی ئەو لە ئەسپ دابەزیوە و شیعری پێدا هەڵگوتووە؛ ئەو لە دار وبەرد کەوتنانەی سەری و شان و شەوکەت شکان و تێداچوونی سەر وماڵەکەشی کە دەڵێت، واهەیە هەمان ئەو گیروگرفت و ناڕەحەتی و چەند ساڵ زیندان و گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵێکی "سارد وسڕ و بێ نان و ئاو" ە بێت کە دوای هەرەسی کۆمار تووشی هات و بە تایبەت لە ژیننامەی سەرەتای دیوانی چاپی جەعفەردا دەبینرێت *(بڕوانە لاپەڕە ٤١ لە بەشی 'ئاوات و سیاسەت' ی ژیننامەی شاعیر بە پێنووسی ڕێزدار سەید جەعفەری ئیمام زەنبیلی کوڕی شاعیر لەسەرەتای چاپی دیوانەکەیدا).*
دیارە ئەگەرێکی دیکە دەتوانێت ئەوە بێت کە ئاوات لەو 'ڕاگەیاندن'انەدا شوێنی شیعری شاعیرێکی دیکەی هەڵگرتبێت و بۆچوونی ئەوی دووۆپات کردبێتەوە. بۆ نموونە، نالی بابەتێکی لە هەمان غەزەلی ئاماژەپێکراوی سەرەوەدا هەیە کە وەك ئاوات خۆ هەڵدەکێشێت و خۆی بە 'بازی دیدەباز (چاو کراوە)' ناو دەبات:[٣٠٤]
حەمامات: کۆی موئەننەسی حەمامەی عەرەبییە بەواتای کۆتر.
حەرەم: ئاماژەیە بەو ڕاستییەی کە کۆتری سەربان و حەوشی مزگەوت و مەزاری چاکان لە ئەماندان و کەس ڕاویان ناکات.
کەلـلە ڕەق: کەسی گوێ نەدەر و بە قسە نەکەر.
هەڵگرتن: لغاو پساندن، لە فەرمان دەرچوونی ئەسپ و ماین، کاتێ کە سوار هەڵدەگرن و دەچنە شوێنێکی مەترسیدار.
هەراو: فراوان، گەورە؛ لێرەدا 'کراوە' و ئاواڵەیە.

---

٣٠٤. *"لێم حەرامە دانە و وئاوی حەماماتی حەرەم*
*من کە بازی دیدەبازم، نەك شەوارەی دەستەمۆم"*

بێ هەیبەت: کەسی بێ شان و شکۆ

مامە ڕێوی: ڕێوی بوونەوەرێکە بە وریایی و وشیاری ناوی دەرکردووە. نازانم ئەو سیفەتی 'مام' و 'مامە' یە چۆن بە ڕێوی دراوە، بەڵام لە فەرهەنگی کوردەواری دا ڕێوی بە فێڵباز دەناسرێت و خەڵکانی خاوەن مشوور و لێزانیش بە 'مام ڕێوی' ناو دەبرێن گەرچی وا هەیە ئەو کەسانەی وا دەتوانن خۆیان لەگەڵ دەوروبەرەکەیان ڕێك بخەن، هەر هەموویان دوو ڕوو و فێڵبازیش نەبن. هەڵەیە ئەگەر مشوورخواردنی ڕێوی بۆ وەدەست هێنانی بژیو، بە فێڵبازی لە قەڵەم بدرێت. بوونەوەرێکی وا بچووك، کە نە هێزی شێر و پڵینگی هەیە و نە بەژن وبالآی فیل و کەرگەدەن، ئەگەر میشك و بیرکردنەوەشی نەبێت، دەفەوتێت و دەخورێت و لە برسان دەمرێت. ئەوەی ڕێوی هەیەتی تێگەیشتوویيە نەك فێڵبازی!

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## بەرز ونەوی

ئەوینم خۆش دەویّ چونکی بە هۆی تۆ هاتە ئامێزم
وەکوو تاقانە کۆرپەی خۆشەویست باشی دەپارێزم
ئەوە ڕۆژ و شەوی تەنیایی هاواڵی دڵی زارم
بە یادی تۆ، ئەوە مایەی ژیان[٣٠٥] و تینم و هێزم
هەموو گۆشت و ڕەگ و پێستم ئەوین شێلای بە مل یەکدا
هەویری خۆتم و بمشێلە شل‌شل، گەرچی بیّ‌پێزم[٣٠٦]
خەیاڵی خاوە گەر من زولفی شێت‌وپێتی تۆ بێنم
بلێم ڕامی دەکەم بۆ گەردنم، نایێتە[٣٠٧] پارێزم
'ئیمامی' خۆ لە ڕیزی دڵبەران باڵای بە باڵات[٣٠٨] گرت
بەڵام بەرز و نەوی کەوتووین و هەرگیز نایەتە ڕێزم[٣٠٩]

قاقلاوا، ١٣٣٧ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٨٥ ی چاپی ئەنیسی و ١٢٤ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا، 'هەویری ئەوین'ە.
گەرچی من عینوانەکەی چاپی ئەنیسی بە جوانتر و شاعیرانەتر دەبینم

---

٣٠٥ چاپی ئەنیسی: ژییان
٣٠٦ چاپی ئەنیسی: بیّ هێزم
٣٠٧ چاپی ئەنیسی: نایێنە پارێزم (بە هەڵەی چاپ، نووسراوە: پازێزم)
٣٠٨ چاپی جەعفەر: بەباڵا گرت
٣٠٩ چاپی ئەنیسی: نایە پارێزم

غەزەلێکی عاشقانەی زۆر بەهێزە. شاعیر سپاس و ستایشی هەم 'دڵدار' و هەم 'دڵداری' پێکەوەدەکات. ئەو چەشنە بۆچوونە، ئەگەر لە شیعری کوردیدا بوویێتیش، نابێ زۆر بێت. شاعیر دەڵێ ئەوین هاودەم و هاواڵی ڕۆژ وشەومە و هەویری گۆشت و پێست و دەمارەکانم ئەو شێلاویەتی، ئەوە مایەی ژیانم و من تین و هێز لەو وەردەگرم؛ بەڵام هەموو ئەوانە لە ڕێگەی خۆش ویستنی تۆی دڵدارەوە بووە، واتە ئەگەر تۆ نەبوایەیت و من عاشقی تۆ نەبوایەم، بەو پلە و پایەی دڵدارییە نەدەگەیشتم کە ئێستا پێی گەیشتووم.

'تۆ' کێیە؟ ئەو دڵدارەی شاعیر وا توانیویەتی بەو لووتکەیەی بگەیێنێت کە نەفسی 'ئەوین' ی لەبەر خاتری ئەو خۆش بوێت، کێ بووە؟ ئەوەی وا زۆرجار سەبارەت بە دڵداریی ئاوات گوتوومە دڵدارەکەی کەسێکی خەیاڵییە، بڵێی لێرەشدا ڕاست بێت؟ واهەیە ئەوە پرسیارێکی بێ وەڵام بێت. شاعیر لە ساڵی گوترانی شیعرەکەدا ٥٥ ساڵان بووە و ئەستەمە ئەو 'تۆ'یە لەو تەمەنەدا یەکەم کچێك بوویێت خۆشی ویستبێت، گەرچی نەگونجاویش نییە.

بۆ نزیك بوونەوە لە وەڵامی پرسیارەکە، دەبێ سەرەتا بڕیار بدەین ئەو ئەوینە ئەوینێکی سەرزەمینییە واتە کچێك و ژنێکە (حەقیقی یان مەجازی)، یان خۆشەویستییەکی عارفانەی خۆدایی، یان تەنانەت خۆش ویستنی پێغەمبەری ئیسلامە- وەك ئەو کارەی کە 'ئەحمەدی کۆر' و شێخ حەسەنی مەولاناوایی و شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی کردوویانە. لە شیعری ئەوانیشدا باس لە بەژن و باڵا و زولف و چاو و برۆ و خەت و خاڵی پێغەمبەر دەکرێت عەینوبیللا گەورەکچێکی باڵابەرزی چاوگەش! ئەوە لە مەنیقی عیرفانی ئیسلامیدا مۆڵەت پێدراوە و دڵنیام دەبێ لە ئەدەبی عەرەبیدا نموونەی زۆری هەبێت.

بۆ ئەوەی بە لای یەك لەو دوو بۆچوونەیدا بشکێنین دەبێ بەڵگەمان هەبێت. بۆ ئەگەری یەکەم بەڵگەمان دەتوانێت تەمەنی شاعیر بێت کە بڵێین لەو تەمەنەدا هاندەری ئەوینی زەمینی لاوازترە لە هی عیرفانییەکە. بەڵگەی دووهەمیش دەکرێ پێگەی شێخایەتی خۆی و بنەماڵەکەی بێت کە تەنانەت ئەگەر عاشقیش بوویێتن بە کەمایەسییەکی خۆیان و بنەماڵەکەیان زانیوە لای ئاپۆرەی خەڵك بیدرکێنن.

لە ئەگەری دووهەمدا، بۆچوونی دژمان واهەیە ئەوە بێت کە ئاوات وێشکە سۆفی نەبووە و شارەزای ئەدەبی کۆنی کورد و فارسیش بووە و بۆ نموونە شوێنی شاعیرێکی

کوردی وەك نالیی زۆر هەڵگرتووە و هەندێك شاعیری فارسیوێژی وەك لاهووتی کرماشانیش کارتێکەرییان لەسەری بووە؛ وەرگێڕانی شیعری عاشقانەی لاهووتی کرماشانیی ماتڕیالیست بە شیعر، لە دەست ویشکە سۆفییەك نایەت. لاهووتی نەك هەرسۆفی نەبووە، بەڵکوو کمۆنیستێکی ستالینی و دژە ئایینیش بووە؛ بەم پێیە، چ پێویست نییە و نابێ بەزۆر شیعرەکە بکەینە ئایینی و مەدحی پێغەمبەر؛ ئاساییتر و مەنتیقیتر ئەوەیە ڕوانینێکی عەینیمان هەبێت و شیعرەکە سووك و سانا وەك غەزەلێکی لیریك هەڵسەنگێنین.

من لەگەڵ بۆچوونی دووهەمدام و ئەگەر وابێت، ئەو 'تۆ'یە یان یەکەمین دڵداری سەردەمی لاویەتی شاعیرە کە وێنەی لە ئاوێنەی زیهنیدا ماوە، یان دڵدارێکی خەیاڵییە- وەك زۆر شاعیری دیکەی کورد و غەیرەکوردی ناوچەیەك کە ئەویندارییی تێدا یاساخە و 'شاملوو' گوتەنی بۆن بە دەمتەوە دەکەن نەکا گوتبێتت خۆشم دەوێی!

چونکی: چونکێ، چونکە، چونکای، لەبەر ئەوەی

پێز: هێز. بێ پێز: بێ هێز، هەویری خۆ نەگر

شێت و پێت: نەعاقڵ. 'پێت' وشەیەکی 'موهمەل' ە و بێ ئەوەی واتای تایبەتی هەبێت؛ بەڵام بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە لەگەڵ 'شێت' هاتووە، هەمان واتا دەبەخشێت.

هاتنە پارێز: ڕازی بوون، ملدان. من بۆ واتاکەی سەیری هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژارم کرد، تێیدا نەبوو. دوور نییە 'هاتنە پەرێز'یش بێت. پەرێز واتای "بە دزەدزە بۆ نێچیرچوون" یشی هەیە کە دوور نییە لە هەندێك شوێن وەك پارێزیش حونجە بکرێت. ئەودەم نیازی شاعیر دەبێ هاتن یان نەهاتنی دڵدارەکەی بێت بۆ جێ ژوان.

ئیمامی خۆ لەڕیزی دڵبەران ....: فەردی کۆتایی غەزەلەکە هەندێك کێشەی لەسەرە: دوو دیوانە چاپکراوەکە لە ڕاگواستنی چەند وشەی فەردەکەدا جیاوازییان هەیە. فەردی پێشتر باسی زولفی 'تۆ' دەکات واتە ڕووی لە کەسی دووهەمە و خوێنەر دەتوانێت چاوەڕوان بێت لەفەردی دواتریشدا ڕووی قسە لەهەمان 'تۆ' بێت، بەڵام بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە پەیوەندی ستوونی لە غەزەلدا بوونی نییە، دەکرێ پێچەوانەکەشی ڕاست بێت! من لێرەدا دوو ئەگەر دەبینم:

ئەگەری یەکەم: ڕووی قسە لە 'تۆ'یە: ئەودەم، دەقی چاپی ئەنیسی ڕاستە کە دەڵێ "ئیمامی ... باڵای بە باڵا<u>ت</u> گرت" و پاشان دەڵێ "نایە پارێزم" واتە تۆ نایە پارێزم. بەڵام کێشە ئەوەیە 'نایە پارێزم' لەم فەردەدا دووپات بۆتەوە چونکوو فەردی پێشتریش بە

'نایینە پارێزم' کۆتایی دێت، ئەو دووپات کردنەوەیەش لە شاعیرێکی خاوەن ئەزموونی وەك ئاوات ناکاڵێتەوە. لەلایەکی ترەوە، غەزەلەکە ئەوەندە دوور ودرێژ نییە (تەنیا ٥ فەردە) کە شاعیر قافیەی تەواو بووبێت و بە مەجبووری یەکیانی دووپات کردبێتەوە.

ئەگەری دووهەم: ڕووی قسەی شاعیر لەم فەردەدا لە 'تۆ' نییە و بە گشتی لە 'دڵبەران'ە و دەڵێ: "ئیمامی ...بالآی بە بالا گرت". بالآی کێ؟ هی دڵبەران؟ ئەودەم ئیمامی لەگەڵ کێدا "بەرزو نەوی کەتووە" وکێ "نایەتە ڕێزم"؟ ڕوون نییە. پاشانیش، هاتنە ڕێز یانی چی؟ بۆچی هاتنە ڕێز نەك هاتنە ڕیز؟ خۆ لە ڕیزی دڵبەران و کاتی بالا بە بالاگرتندا دەبێ کەسەکە، یان کەسەکان بێنە ڕیزی یەکتر نەك ڕێزی یەکتر!

وەك دەبینین، دەقی هەردوو چاپەکە کێشەیان تێدایە، ئەنیسی کاتێ نووسیویەتی 'بالآت' شتەکەی یەکلایی کردۆتەوە و خوێنەر بە باشی لێی تێدەگات. بەڵام هاتنە پارێزی لە دوو فەردی یەك لەدوای یەکدا دووپات کردۆتەوە کە وێناچێت ڕاست بێت. جەعفەریش بۆ ئەوەی ئەو دووپات کردنەوەیە چارەسەر بکات، شتێکی وەك "نایەتە ڕێزم" ی بە ئیجتیهادی خۆی دروست کردووە بۆئەوەی لەعەینی کاتدا لەگەڵ سەروای فەردەکانی پێش خۆشیدا یەك بگرێتەوە. بەڵام وەك گوتم، ڕێز لەگەڵ ڕێز جیاوازی زۆرەوە و ئەو دووە وا بە ساکاری نابێ بکرێنە جێگری یەکتر.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## ڕێبەری گەورە

ئەو ڕەهبەرە، کە گەورەیی ئێمە و هەمووکەسە
عەللامەیی لەدوننی، بەبێ چوونی مەدرەسە[٣١٠]
عالم بە عیلم، بێئەمە کەس دەرسی پێ بڵێ
دارای[٣١١] عیلمی شیمی و فیزیك و هەندەسە[٣١٢]
ئەمشەو عرووجی کرد چووە سەر، ئەو بە سەروەری[٣١٣]
مەحبووبی زاتی پاکی خوداوەندی ئەقدەسە
حەوت ئاسمان بە ئانێ هەموو تەی دەکا بە شەو
خەڵکیش بە ڕۆژ و فێڵوفەرەج، بەرتەری بەسە
شێری ژیان لە عەرسەیی مەیدانی ئەو نەوی
بێتین و هەیبەتە بە خودا وەك موخەننەسە
ئەم هەڵبەسانە چەشنی وتەی حاجی قادرن
هەرچەند ئەمانە شێعرن و ئەو خۆ موخەممەسە
شیرینزمان و ئەفسەحە ئەو، بۆیە 'کامیل'یش
جوانە وشەی، زمانی بە مەدحی مولەببەسە

بۆکان، ١٣٣٨ی هەتاوی
(لاپەڕە لاپەڕە ٨ و ٩ ی چاپی ئەنیسی و ١٨٨ ی چاپی جەعفەر)

---

٣١٠ چاپی ئەنیسی: 'لدنی' بە شەددی نوونەوە
٣١١ چاپی ئەنیسی و جەعفەر: دارایی
٣١٢ چاپی ئەنیسی: شیمی یو
٣١٣ چاپی جەعفەر: ئەوشۆ

شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا ناوی 'شەوی میعراج'ە کە لە 'ئەمشەو عروجی کرد' ی فەردی سێهەم وەرگیراوە. شیعرێکە بۆ پێغەمبەری ئیسلام گوتراوە. ئاشکرایە یەك لە شیعرە ئایینییەکانی ئاوات بێت.
گەورەی هەموو کەس: دەبێ لەو پەیوەندەدا گوترابێت کە موسوڵمانان پێغەمبەری ئیسلام بە 'خاتم النبیین' و ئایینی خۆیان بە 'ناسخ' ی هەموو ئایینێك دەزانن.
عەللامە: زۆر عالم
لدنی: لەلای خوداوە
دارای عیلمی شیمی و فیزیك و هەندەسە: واتە پێغەمبەری ئیسلام کە نەخوێندەوار بووە، ئەو زانستانەی هەموو زانیوە.
شیمی: کیمیا
ئەمشەو: دەبێ شیعرەکە لە شەوی جەژنی میعراجی ئەو ساڵەدا گوترابێت.[٣١٤]
عرووجی کرد: چووە سەرێ، میعراجی کرد. ئاماژەیە بەو هەواڵەی کە پێغەمبەری ئیسلام بە سواری ئەسپی باڵداری دوڵدوڵ ناو لە ئانێکدا حەوت قاتی ئاسمان گەڕا و لەو سەرە چاوی بە خودا کەوت، ئینجا گەڕایەوە سەر زەوی.
تەی کردن (طی کردن): پێوان، ڕێگا ڕۆیشتن
خەڵکیش بە ڕۆژ و فێڵ و فەرج...: میسراعەکە واتای ڕوون و ساکاری نییە. شاعیر دەیەوێ بڵێت پێغەمبەر بە ئانێك لە شەودا حەوت ئاسمانی تەی کرد بەڵام خەڵکی سەر زەوی بە ڕۆژیش و بە فێڵ و فەرەجیش ناتوانن کاری وا بکەن. ئەو 'فێڵ و فەرەج'ە واتایەکی ئاسایی هەیە کە کەڵەك لێدان و ناڕاست بوونە بەڵام لە سەر زمانی خەڵك واتایەکی دیکەشی هەیە کە ئامێر و کەرەسە بێت. شاعیر دەڵێ خەڵکی ئاسایی بەوهەموو کەرەسە دەستکردەوە کە هەیانە (فڕۆکە و مانگی دەستکرد ....) هێشتا ناتوانن کاری وا بکەن.

---

[٣١٤] موسوڵمانانی سوننە ١٥ ی مانگی شەعبان دەکەنە جەژنی میعراجی پێغەمبەر، بەڵام موسوڵمانانی شیعە ئەو ڕۆژە بە جەژنی لەدایکبوونی میهدی ئیمامی دوادەهەم دادەنێن.

بەرتەری بەسە: شاعیر دوای ئەو قیاسەی کردی و پێغەمبەری ئەوەندە بەرزتر لە خەڵك دانا، دەڵێ هەر ئەو میعراج چوونە بەسە بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەو لە خەڵك بەرزتر و گەورەتر و بە تواناترە. بەرتەری: سەر بوون. فارسییە.

نەوی: دوو واتای هەیە: یەکەم نەوی بە واتای داینەواند و نزم بووەوە؛ دووهەم بە واتای بەگژیدا چوو. بەگژدا چوونی شتێك بە واتای لێ نەترسان و خۆ پێدادانە، بۆ نموونە دەگوترێ لە بارەکە نەوی واتە لێی نەترسا و بۆی چوو هەڵبگرێت. لێرەدا واتای یەکەمیانی هەیە.

موخەننەس: مخنث عەرەبییە؛ هەم واتای نووشتاوە و دانەویوی هەیە وهەم حیز. زیاتر وا وێدەچێت شاعیر واتای حیز و پوشتی نیاز بووبێت. ئەو سیفەتە لە شیعرەکەدا بە شێر دراوە کە دەڵێ لەو مەیدانەدا پشتی دادەبات و هیچی پێ ناکرێت.

هەڵبەس: هەڵبەست، نەزم، شیعر. دەبێ بە هۆی کێشی شیعرەکەوە کلکی وشەکە بڕابێت.

حاجی قادر: شاعیری ناوداری کورد- حاجی قادری کۆیی (١٨٩٧-١٨١٦).

موخەممەس: پێنج خشتەکی. ئاماژەیە بە پێنج خشتەکییەکی حاجی قادری کۆیی. من سێ کتێبم لەبەردەستدا بوو؛ یەکیان 'دیوانی حاجی قادری کۆیی'[٣١٥] و دووهەمیان هەڵسەنگاندنکانی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم[٣١٦] و سێهەمیش لێکۆڵینەوەی مامۆستا عبدالخالق علاءالدین.[٣١٧] لەوانە، دوانیان توێژینەوەن و سەرجەمی هیچ پارچە شیعرکیان تێدا نەهاتووە کە بتوانێ یارمەتیدەر بێت و گرێی کارەکە بکاتەوە واتە لە هیچکامیاندا موخەممەسێکم نەدۆزییەوە. بە هەمان شێوە سەیری مێژووی ئەدەبی کوردی دوکتۆر مارف خەزنەدار (بەرگی چوارەم) و مێژووی وێژەی کوردی محمەد سەدیق بۆرەکەیی (بەرگی دووهەم)م کرد و لەوانیشدا سەرەهەودایەکم نەدۆزییەوە. بەڵام لە بەشی شیعرە فارسییەکانی دیوانی حاجیدا دوو پێنج خشتەکی فارسیم چاو پێکەوت کە لەسەر شیعری حافز و سەعدی پێکی هێناون:

---

[٣١٥] "لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم موستەفا شارەزا- لەسەر نووسینێکی نوێ بە پێی بۆچوونەکانی محەمەدی مەلاکەریم بە پێنووسی سەعید کەرەمی"؛ چاپی انتشارات کردستان، سنه١٣٩٠ [٢٠١١]

[٣١٦] "هەنگاوێکی تر بە ڕێگادا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی"، چاپی بەغدا ١٩٨٩.

[٣١٧] عبدالخالق علاءالدین، "مەلای گەورە- زانا و ئەدیب و شاعیر"، چاپ دووەم، هەولێر ٢٠٠٩.

"ای دوست دل از بند غم و جور رهاکن..." (ل.٢٧٢)
و:
"به مژگانم مزن بس دردمندم..." (ل.٢٧٧)
باوەڕ ناکەم ئاماژەی ئاوات بە هیچکام لەو دوو دەستە شیعرانە بێت کە تەواوعاشقانەن و تێیاندا کەم و زۆر نەعتی پێغەمبەری ئیسلام نەکراوە.[٣١٨] هەربۆیەش دەبێ سەرچاوەی دیکەی بۆ بگەڕێم و دیوانی چاپکراوی کۆنتر بدۆزمەوە بۆ ئەوەی بزانم کامە موخەممەسی حاجی قادر مەنزووری نەزەری ئاوات بووە. دیارە ئەگەر بگەمە ئەنجامێك دواتر ئاماژەی پێدەەکەم دەنا کارەکە دەمێنێتەوە بۆ خوێنەر یان لێکۆڵەرانی دواتر.
شیرین زمان و ئەفسەح: دەگەڕێتەوە بۆ حاجی قادر. ئەفسەح: فەسیحتر، زمان پاراوتر.
زمانی بە مەدحی مولەببەسە: نیاز زمانی ئاوات خۆیەتی و /یائ/ 'مەدحی'ش دەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەری ئیسلام. مولەببەس بوونی زمان بە مەدحی کەسێك واهەیە لەئەدەبی ناوچەکەدا هەبێت کە کەسێك بڵێت زمانی فلانە شاعیر جل وبەرگی مەدحی کەسێکی لەبەردایە. لێرەدا مەدح لیباسێکە شاعیر لەبەری زمانی خۆی کردوە و گوتوویەتی هۆکاری جوانیی وشەکانم ئەوەیە مەدحی ئەوی پێدەکەم.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە:
مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

[٣١٨] مەگەر وای دابنێین کە هەردوو پارچە شیعرەکە سۆفیانەن و نیازی شاعیرە فارسەکان پێغەمبەری ئیسلام بووە نەك یار و دڵدارێکی ئاسایی. ئەوەش ئەگەرێکی گەلێك دوورە و بە تایبەت بەهیچ شێوەیەك بە سەعدییەوە نانووسێت.

# گوڵبەریشم چوو

هەمو ساڵێ خەزانی گوڵ بوو بۆ من، گولبەریشم چــوو[319]
گـوڵـم چـوو .سونبولیشم چوو. دڵم چوو، دڵبەریشم چــوو
چـەمـەن تـەنـیا گوڵی چوو، مـن بـەجارێ مـاڵـی وێـرانـم
کەسم چـوو، سـەروەریـشم چوو، مورەببی و رێبەریشم چوو
لـەباغا بەرگی گوڵ چـووبـوو بـەتـاراجی خەزان ، بۆ مـــن
قەڵەم چوو، نامە چوو، تەبعی رەوان چوو، دەفتـەریـشم چوو
عـەجایـب پایـزێ بوو! شەختەکەی جەرگ و دڵی بــردم
دڵ وجـەرگ وهەناو و ماڵ و حاڵ و هەم سەریـشــم چــوو
خەڵك شووشەی گوڵی دەشکێت و من شووشەی دڵم، چ بکەم؟[320]
خـەڵـك سووسـەنبـەری دەرژێت و مـن مـوو عــەنبـەریـشم چـوو
خـــەڵـك خـانـوێکـی دنـیـایی دەروخـێ، مـــات و حـەیــرانــە!
ئەمن ئەی خاك بەسەر خۆم! مزگەوت، هەم[321] مینبەریشم چـوو

قاقڵاوا، پایزی ١٣٣٨ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١١٦ ی چاپی ئەنیسی و ١٧٩ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا خەزانی گوڵ' ە. هەردوو عینوانەکە لە میسراعی یەکەمی شێعرەکە وەرگیراون.
شیعرەکە بۆ کۆچی دوایی نەمر حاجی بابەشێخی سەیادەت – مامی شاعیر، گوتراوە و لە پەراوێزی لاپەڕەکەی چاپی جەعفەردا دەست نیشانی ئەو ڕاستییە کراوە: "بۆ وەفاتی

---

[319] . لە چاپی ئەنیسیدا هەموو کرداری "چوو" وەك "چو" نووسراون.
[320] . چاپی ئەنیسی: چبکەم؟
[321] . چاپی ئەنیسی: مەسجید و هەم مینبەریشم

حاجی بابه شێخی مامی". گەرچی بە بێ ئەوەش تەنیا بە حیسابیساڵی مردنی حاجی بابەشێخ دەکرا ئەوە بزانرێت و من پێش ئەوەی دیوانی چاپی جەعفەر ببینم، لە سەر لاپەڕەی چاپی ئەنیسی بە دەستخەت ئاماژەم بەوە کردبوو. وەك پێشتریش گوتوومە، بەشێك لە شیعرەکانی ئاوات بۆ خزم و کەس وکاری خۆی گوتراون و ئەوەش یەك لەوانە، هی دیکەشی بەشوێندا دێت.

هەندێك جیاوازی لە شێوازی نووسینی دوو چاپەکەدا دەبینرێت کە لە پەراوێزدا دەست نیشانم کردوون. گرنگترینیان ئەوەیە کە لە فەردی مەقتەعدا مزگەوت بە مەسجید نووسراوە و بە گوێرەی کێش، واوێکی عەتفیش کراوەتە جێگری وێرگول (کۆما)، واتە 'مزگەوت، هەم' بۆتە 'مەسجید و هەم'.

شیعرەکە لە ئەدەبی کوردیدا وێنە و هاوشێوەی کەم نین:

مەحوی:

*"لە دنیادا دڵ ئارامێك وئارامی دڵێکم بـوو*

*بەجارێ ماڵی وێرانم ئەمیشم چوو ئەویشم چـوو!"*

وەفایی:

*"گولێکم بوو لە دونیادا، شـــــکۆفەی باغی رەعنـــایی*

*لە داخی پەرچەمی شێواو، لە نیو بازاری ڕیســوایی*

*وەکو بولبول بە روح و دڵ، شەووڕۆژ بوومە سەودایی*

*هەموو عومری‌عەزیزم چوو لەسەرخەندێك بەخۆرایی*

*بە جارێ ماڵی وێرانم ئەویشم چـــوو ئەمیشـــم چوو"*

بەڵام با شیعرەکە خۆی بپشکنین:

"هەموو ساڵێ خەزانی گوڵ بوو بۆ من"، ئەوە دەبێ گازندەیەك بێت لە ژیانی شەخسی و ئاماژە بێت بە هەندێك ڕووداوی ناخۆشی دیکەی ژیانی شاعیر کە بەگوێرەی شیعرەکە لە پایزدا ڕوویانداوە و ئێمە بە هەواڵیان نازانین.

گوڵبەر، پێکهاتەیەکە لە گوڵ و بەر وەك دڵبەر. بۆ من تازەیە و جوانە. دەبێ واتای کەسێك یان شتێك بێت کە گوڵی بەرهێناوە یا خود لە ئەسڵدا گوڵپەڕ بووە و تەنیا بۆ ڕێکخستنی لەگەڵ دڵبەری میسراعی دوای خۆی بەو شێوەیە نووسراوە (جا شاعیر خۆی نووسیبێتی یان نوسخەهەڵگران).

کەس، سەروەر، مورەببی و ڕێبەر چوار سیفەتن کە شاعیر بە مامی کۆچکردووی خۆی داوە و بە زانیارییەکی کەم سەبارەت بە بنەماڵەی سەیدانی جەمیان و زەنبیلەوە دەکرێت بزانرێت حاجی بابە شێخ یەکەم یان یەك لە یەکەمین کەسانی بنەماڵەکە بووە

که تێکەڵاوی سیاسەت بووە و سەید کامیل بێگومان لە سیاسەتدا کارتێکەریی ئەوی لەسەر بووە، هەر بۆیەش زێدەڕۆیی نەکردووە کاتێ بە مورەببی و ڕێبەری خۆی ناوبردووە.

قەڵەم چوو، نامە چوو، تەبعی ڕەوان و دەفتەر چوو ئاماژەن بە توانای شاعیری و نووسەریی حاجی بابەشێخ، گەرچی بەداخەوە بەرهەمەکانی تەنیا تاك تاکە و لێرەولەوێ نەبێت بڵاو نەبوونەتەوە. حاجی بابە شێخ شاعیر و نووسەریش بووە و کاتی خۆی لە کێ بەرکێی گۆڤارێکی چاپی تاراندا بەشداریی کردووە.

شەختە، سەرمای پایز کە زەرعات خراپ دەکا (هەنبانە بۆرینە)

شووشەی گوڵ، دەبێ شووشەی عەتری گوڵ بێت. قەدیم لە ناوچەی ئێمەدا تاقە عەتر یان یەك لە باوترین عەترەکانی ناو خەڵك عەتری گوڵەباغ (ڕۆز) بوو.

'سووسەنبەری دەڕژێت' یش بە هەمان شێوە دەبێ عەتری سووسەنبەر بێت نەك سووسەنبەر خۆی. سووسەنبەر یان سووسەمبەر (بە فارسی، سیسنبر) گیایەکی بۆن خۆشی گەڵا پانکەڵەی ددانەدارە (هەنبانە بۆرینە). لەماڵی کوردەواریدا زۆرە. عەتر و ئودکولۆنی سووسەنبەر (بە ناوی ساواش) لە بازاڕیشدا هەیە.

عەنبەر، ماکێکی بۆن خۆشی ڕەشە لە ورگی جۆرە ماسیەك پەیدا دەبێ (هەنبانە بۆرینە).

تەرکیبی مووعەنبەر گەلێك جوانە.

خانوێك، خانوویەك، ماڵێك؛ بە شێوەزاری مەهابادی گوتراوە.

مزگەوت و هەم مینبەر، یا خود مەسجید و مینبەر، ئەوپەڕی ڕێزگرتنی ئاواتە لە مامی کە بە مزگەوت و مینبەری خۆی داناوە، شوێنێك کە ڕێزی لێدەگرێت و گوێ بۆ قسەی شل دەکات.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## ئێشی حاجی بابە شێخ

هەر بە ناسۆرە هەمیشە ئێشی حاجی بابەشێخ
قورِ دەپێون پاکی قەوم و خوێشی حاجی بابەشێخ
ئێشی زۆرە ئێشی دووری، ئەرخەیانم پێی دەچن
قەوم و خوێش و سۆفی و دەروێشی حاجی بابەشێخ
ئەو شەوی وا ئەو بەجێی هێشتین بە دەستی خەم، وەلێ
هاتنە پێشواز و کەوتنە پێشی حاجی بابەشێخ
وا فەلەك نالێ و مەلەك فرمێسکی سووری دارِژاند،
عەرز ودار و بەردیش ئاخ هەڵکێشی حاجی بابەشێخ
قورِ بپێون هەروەکوو 'کامیل' لەقیس پاکوو چووە
فکر و تەدبیر و سەلاح ئەندێشی حاجی بابەشێخ

قاقلاوا، ١٣٣٨ ی هەتاوی
(لاپەرە ١١٨ و ١١٩ ی چاپی ئەنیسی و ٨٣ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا "حاجی بابە شێخ" و لە چاپی جەعفەردا "ئێشی حاجی بابەشێخ"ە. یەکەمیان هیچ ئاماژەیەك بە مەسەلەی مردن یان ئێش و ئازاری مردنی ئەو لە دەروونی شاعیردا ناکات. عینوانی چاپی جەعفەریش باس لە ئێش و ئازاری حاجی بابەشێخ دەکات بەڵام تا ڕادەیەك وەك ئەوە دەچێت ئێش و ئازارەکە لە دڵی ئەودا بوویێتن نەك شاعیری برازای. من عیبارەتی 'مەرگی حاجی بابەشێخ' م پێ باشترە لەبەر ئەوەی مەسەلەی کۆچی دوایی ئەو بە ڕوونی دەردەخات و ڕایدەگەیێنێت کە شیعرەکە سەبارەت بەو مردنە گوتراوە و ئێشەکەش هی ئەو مردنەیە.

حاجی بابەشێخی سەیادەت (١٢٦٢ تا ١٣٣٨ ی هەتاوی [١٨٨٣ تا ١٩٥٩ی زایینی])[٣٢٢]، کەسایەتی سیاسی- کۆمەڵایەتی- ئایینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرەك وەزیران (یان سەدری هەیئەت ڕەئیسە) لە کابینەی پێشەوا قازی محەممەد (کۆماری ساڵی ١٩٤٦ ی کوردستان) بوو. ناوبراو مامی سەیدکامیل ئیمامی (ئاوات) بوو و وێدەچێت پەیوەندیکی گەرم لە نێوان مام و برازادا بووبێت. لای کەم دوو پارچە شیعری دیکەی ئاوارت سەبارەت بە کۆچی دوایی حاجی بابەشێخ لە دیوانەکەیدا هەن کە هەردوو چاپی ئەنیسی و جەعفەر تۆماریان کردوون.

"هەموو ساڵێ خەزانی گوڵ بوو بۆ من، گوڵبەریشم چوو" (بڕوانە شیعری ژمارە ٤٩ لەم زنجیرەیەدا)

"چ شەوێ بوو شەوی جومعە کە شەوی زەلزەلە بوو" (بڕوانە شیعری ژمارە ٥٠ لەم زنجیرەیەدا)

ناسۆر: برینێك کە تەشەنەی کردبێت و چاك نەبووبێتەوە.

خوێش: خزم

پێ چوون: تێداچوون، فەوتان، مردن بە شتێك یان لە ئەنجامی شتێکدا.

ئەرخەیانم پێی دەچن: بەو دەردە، کە دەردی مردنی حاجی بابەشێخە، قەوم و خوێش و سۆفی و دەروێشی حاجی بابەشێخ دەمرن و تێدا دەچن. لە شیعرەکە وا دەردەکەوێت کە حاجی بابەشێخیش وەك باوك و برای خۆی، مورید و سۆفی و دەروێشی هەبووە.

ئەو شەوی: فەردی سێهەم درێژەی بابەتی فەردی دووهەمە. بە بۆچوونی من، ئەوانەی وا هاتوونەتە پێشواز و کەوتوونەتە پێش [تەرم] ی حاجی بابەشێخ، هەمان ئەو کەسانەن وا لە فەردی دووهەمدا ئاماژەیان پێکرا: قەوم و خوێش و سۆفی و دەروێشەکانی خۆی.

وا فەلەك ناڵێ: لە شیعری ژمارە ٤٩ وا دەردەکەوێت کە لە شەوی کۆچی دوایی حاجی بابەشێخدا هەورەهەڵا و گرمەی هەور و باران و تەڕی وقوڕییەکی زۆر بووبێت. ئاوات لە شیعرەکەی پێشووشدا ئاماژە بەو بارودۆخەی هەوا دەکات بەڵام هۆکاری ئایینی بۆ دەتاشێت و دەڵێ "دەستە دەستە مەلەکیش هاتنە عەزا، هەلهەلە بوو".

---

[٣٢٢] . ڕێکەوتە هەتاوییەکانم لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە: عومەر فارووقی؛ "حاجی بابە شێخ سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی میللی کوردەستان"، چاپی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٨.

دوور نییە لەم شیعرەشدا ئاوات هەر نیازی لە مەلەك بوو بێت گەرچی بە ڕاشکاوی ئەوەی نەگوتووە.
ئاخ هەڵکێشی: شاعیر دەڵێ عەرز و دار و بەردیش ئاخ هەڵکێشن بۆ حاجی بابە شێخ.
کەوابوو چاپی ئەنیسی هەڵەیە کاتێ دوای 'ئاخ هەڵکێشی' کۆما (وێرگول) ێکی داناوە.
پاکوو: پاکتان
سەلاح ئەندێشی: دەبێ بە شێوەی سەلاح ئەندێشیی واتە وەك چاوگ بخوێنرێتەوە بەڵام بە هۆی کێشی شیعرەکەوە /ی/ ی دووهەم نانووسرێت و ناگوترێت.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
رمل مثمن مخبون محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

## ڕێبەری سیادەت

بڕوانە کاروباری خوداوەندی ئینس و جان
قودرەتنوێنی بەرز و نەوی، عەرز و ئاسمان[323]
چی‌کرد قەزا کە ئێمە سەراسیمە بووین هەموو
بۆ ئەم دڵە پەرۆشە هەموو بووینە شەمعدان
دەستی قەزا دڵی هەموو توێ کرد وەکوو کەباب[324]
سەیرە، چزەی کە دێ لە کەبابخانەیی دڵان[325]
باکەی خەزان درەخت و گوڵی داڕنی هەموو
سەد باغەوان بە پووڵێ، نەما شۆقی گوڵستان
دار و چنار و عەڕعەڕ و کاجیش کز و کوڵۆڵ[326]
سەرویش وەلەرزە کەوت و لە خاکی چەمەن چەمان
یانی خەزانی هەردوو گوڵ و دڵ دەگەڵ یەکە
بۆتە ڕەقیبی بولبول و کەوتوونە سەر فوغان[327]
ئاە و فوغان و ناڵەیە، هاوارە، نەوحەیە
شینە، گرینە، سۆز و گودازە لە چیمەنان
ئەو زیبی گوڵستانی ئیرەم بۆچی ڕۆیوە؟
ئەو ڕێبەری سەیادەتە بۆچی بووە نیهان؟

---

[323]. چاپی ئەنیسی: نووێنی
[324]. چاپی ئەنیسی: تووێ کرد
[325]. ئەم فەردە لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە
[326]. چاپی ئەنیسی: کلۆڵ. دەبێ هەڵە بێت. کلۆڵ واتە بن بۆش و ڕنراوە و ناو و ناوەرۆك بەتاڵ کراو. ئەوە جیاوازە لە کوڵۆڵ بە واتای هەژار و داماو، کە شاعیر لەگەڵ 'کز' پێکەوەی هێناون.
[327]. چاپی ئەنیسی: کەوتونە

مزگەوت و حەوش و مەدرەسە چۆڵ بوو، نەما کەسی[٣٢٨]
بێ‌شەوق و زەوق و زەمزەمەیە ئێستە حوجرەکان
دەوری فەقێ بە ناڵەیە، دەرسی بە شیوەنە
ئەمڕۆ مەلاش بە لارەملی بۆی دەکا بەیان
"کامیل"! فیراقی مامتە تۆی کردە کۆی زوخاڵ
"الله معك"، وەدووی کەوە، بمرە بە ئێش و ژان

قاقلاوا، پایزی ١٣٣٨ی هەتاوی
(لاپەڕە ١١٠ و ١١١ی چاپی ئەنیسی و ١٤٨ و ١٤٩ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا 'خەزانی گوڵ و دڵ'ە کە تەعبیرێکی شاعیرانە و جوانە و لە فەردی شەشەمی شیعرەکە وەرگیراوە. عینوانی 'ڕێبەری سەیادەت' یش لە فەردی هەشتەمی شیعرەکە وەرگیراوە، بەڵام لە ناو شیعرەکەدا وەك 'سەیادەت' نووسراوە، گەرچی عینوانی شیعرەکە بە شێوازی 'سیادەت'ی فارسی و عەرەبییە. من نازانم لە ڕاستیدا ناسنامەی بنەماڵەکە سەیادەتە، یان سیادەت؛ بەڵام هەرچی بێت، 'ڕێبەری سیادەت/ سەیادە'، سەنعەتی ئیهامی تێدا لەکار کراوە و هەم واتای سەیادەت و سەیید دەدات، هەم واتای بنەماڵەی ناسراو بە سەیادەت کە بنەماڵەی حاجی بابەشێخ و ئامۆزاکانی 'ئاوات' و شێخانی زەنبیل بن.
ناوەرۆکی شیعرەکە شین گێڕییە بۆ کۆچی دوایی مامی شاعیر (حاجی بابە شێخی سەیادەت)، کاك جەعفەریش لە پەراوێزی شیعرەکەدا نووسیویەتی: "بۆ وەفاتی خوالێخۆشبوو حاجی بابە شێخ". چوار پارچە شیعری دیکەی ئاوات لەم دیوانەکەیدا هەیە کە لەپەیوەندی مامیدا گوتراون[٣٢٩] و هێشتا لای کەم پارچەشیعرێکی دیکەش هەیە کە تێیدا شاعیر لەو دواوە[٣٣٠]. بەم پێیە، دەبێ ئاوات ئیخلاسێکی تایبەتی لە

---

[٣٢٨] . چاپی ئەنیسی: نەما کەسێ. لام وایە 'کەسی' واتای ڕستەکە باشتر بگەیێنێت واتە کەسی حوجرەکان نەك هیچ کەسێك بە شێوەی ڕەها.
[329] بۆ نموونە، شیعری 'مەرگی حاجی بابە شێخ'، کە ئەوە مەتلەعەکەیەتی:
"هەر بە ناسۆرە هەمیشە ئێشی حاجی بابەشێخ
قوڕ دەپێون پاکی قەوم و خوێشی حاجی بابەشێخ".
[٣٣٠] . شیعرێکی دیکەی ئاوات بەم شێوەیە دەست پێدەکات:
"دەڵێن ڕۆیی لەنێو مە گیانە ئەو زیبی گوڵستانە..."

خزمەت مامیدا بووبێت و ئەو هەموو ڕەنگدانەوەی ڕووداوی مەرگە نابێ بێ بنەما بووبێت.
شیعرەکە وێنەیەك لە جیهانی دەوروبەری شاعیر و گوندی تورجان دوای مەرگی حاجی بابە شێخ دەکێشێتەوە و لە 'ئێمە'یەك دەدوێت کە بە بیستنی ئەو هەواڵە سەراسیمە بوون و باس لە 'دڵێکی پەرۆش' دەکات کە بەهۆی ئەو ڕووداوەوە سووتاوە و بۆتە کەباب. 'ئێمە' بە ئەگەری زۆر، بنەماڵەی خۆیانە و دڵی پەرۆشیش دوور نییە هەر کەس وکار و نزیکانی حاجی بابەشێخ بن.
خوداوەندی ئینس و جان: ئینس هەمان ئینسانە؛ جین جندۆکە، ئەو مەوجوودە خەیاڵییەیە کە هەندێك کەس لایان وایە خودا لەگەڵ ئینسان خەلقی کردووە و مەوجوودێکە نابینرێت.. ناوی جن لە قورئانداهاتووە و سوورەیەکیش بە ناویەوە کراوە:
**قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا .**
لە شیعری فارسیشدا دوو چەمکی ئینس و جین گەلێك جار پێکەوە هاتوون. عەتتاری نیشابووری شاعیری عارفی ئێرانی (سەدەی شەشەمی کۆچی) لە کتێبی 'مصیبت نامە'ی خۆیدا باسی وتووێژی مرۆڤێکی ڕێڕەوی ڕێبازی تەریقەت لەگەڵ 'جن' ێك دەکات و دەڵێ:

"...تو چو جان از انس پنهان آمدی
نه غلط کردم تو خود جان آمدی
مصطفی را لیلةالجن دیده‌ای
قصه‌ی ثقلین ازو پرسیده‌ای
انس جان انس و جان دانسته‌ای
در نهان سر جهان دانسته‌ای
از لطافت نامدی در غور جسم
جان رود در جسم و جان داری تو اسم..."

باکەی خەزان: بە گوێرەی بەڵگەنامەیەك، مەرگی حاجی بابەشێخ لە پاییزی ساڵی ١٣٣٨ ی هەتاوی (١٩٥٩ ی زایینی)دا ڕوویداوە.[٣٣١] شاعیر سەرمای پایز و وەرینی گەڵای دار

---

[٣٣١] . وێنەی ناسنامە (هەویە)ی حاجی بابەشێخ لە کتێبی مامۆستا عومەری فاورووقی بە ناوی "حاجی بابە شێخ سەرەك وەزیرانی حکوومەتی میللی کوردستان"، سلێمانی ٢٠٠٨، لاپەڕە ٩٥ دا هاتووە. بەڵگەکە دوای مەرگی حاجی بابەشێخ، بە شێوازی ئاسایی لە لایەن 'ئیدارەی ثبت احوال'ی ئێرانەوە باتڵ کراوە و لە لاپەڕەی بەرانبەریدا نووسراوە: "تاریخ وفات: سی ام مهرماه سال ١٣٣٨ ساعت چهار بعد از نصف شب". سەعات ٤ ی دوای نیوەشەوی ٣٠ ی مانگی میهر دەکاتە چواری بەیانی ڕۆژی دوایی کە یەکەمی مانگی ئابان بێت. مانگی

و نەمانی شۆقی گوڵستانی پەیوەندی داوە بە مردنی مامی خۆیەوە و گوتوویەتی خەزانی هەم گوڵ و هەم دڵ پێکەوە هاتوون.

داڕنین: ڕووتاندنەوە.

سەد باغەوان بە پوولێ: واتە باغەوان نرخیان نەماوە لەبەر ئەوەی پایز و گەڵاڕێزانە و نە باغ شۆقی ماوە نە کەس شەوق و زەوقی چوونە باغ.

سەرویش وەلەرزەکەوت: سەرو ئیسمی عامە و شاعیر توانیویەتی وەك کۆ لێیان بدوێت و بڵێ هەموویان چەمانەوە. چەمەن و چەمان جیناسی ناتەواویان لێ پێکهێنراوە و جوانە.[٣٣٢]

یانی خەزانی....: خەزان بۆتە ڕەقیبی بولبول و [بولبولانیش] کەوتوونە سەر فوغان.

فوغان: گریان و ڕۆڕۆ.

ئاە و فوغان و ناڵە و هاوار و نەوحە: واتای هاوچەشن، یان نزیك بە یەکتریان هەیە و بەم پێیە سەنعەتی مراعات النظیریان لێ پێکهاتووە.

شین و گرین و سۆز و گودازیش واتای هاوشێوەیان هەیە و هەمان سەنعەتیان لێ پێك هاتووە.

گوداز: لە 'گوداختەن'ی فارسی وەرگیراوە و واتای توانەوە بەهۆی گەرماوەی هەیە.

دەگەڵ: لەگەڵ. شێوەزاری مەهابادی و بەشی باکووری ناوچەی موکریانە و پێشتریش دیومانە ئاوات گەلێك جار کەڵکی لەو زاراوەیە وەرگرتووە.

فەردی ٩ و ١٠ (مزگەوت و .... دەوری فەقێ....) کارتێکەریی شیعری نالی و وەڵامەکەی سالم سەبارەت بە دۆخی شاری سلێمانییان دوای نەمانی حوکمی بابانەکان و زاڵ بوونی تورك بە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی-سیاسیی شارەکەدا، پێوە دیارە.

مزگەوت و حەوش و مەدرەسە [حوجرەی فەقێیان]: سەنعەتی مراعات النظیریان لێ پێك هێنراوە.

بێ شەوق و بێ زەوق و بێ زەمزەمە: بە هەمان شێوە، مراعات النظیریان دروست کردووە.

---

میهر یەکەم مانگی پایزە و ٣٠ ڕۆژە. ڕۆژی ٣٠ ی میهر بەرانبەرە لەگەڵ ٢٢ی مانگی ئوکتۆبری زایینی و ڕۆژی دواتری دەبێتە یەکەمی مانگی ئابان کە ئەویش بەرانبەر دەبێت لەگەڵ ٢٣ ی مانگی ئوکتۆبری زایینی. ساڵی ١٣٣٨ لە هەردوو ئەو مانگانەدا بەرانبەرە لەگەڵ ١٩٥٩.

[٣٣٢] . ئەو دوو وشەیە لە شیعری شاعیرانی فارسیشدا پێکەوە هاتوون: حافز دەڵێ: "سرو چمان من چرا میل چمن نمیکند..."

زەمزەمە: لێرەدا دەنگی فەقێیانە کاتی خوێندن و سەعی و لەبەر کردنی دەرس و شیعر.
دەور: دەور کردنەوە، سەعی کردن، پێداچوونەوەی دەرسی مەدرەسە لەلایەن قوتابی و فەقێوە.
دەور بە ناڵەوە کردن و دەرس بە شیوەنەوە خوێندنی فەقی و بەیان بە لارەملی کردنی مەلا: سێ تەعبیری جوانن.
کۆی زوخاڵ: کۆگای زوخاڵ، سووتاو
الله معك: خوات لەگەڵ!
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

# غەزەلی ناقیس

چ شەویٚ بوو شەوی جومعە، کە شەوی زەلزەلە بوو!
شەوی سۆز و شەوی پڕ سۆز و هەرا و مەشغەلە بوو
چ شەویٚ بوو کە چرای عەرزی بە فرمێسکی فەلەك
هەموو کووژانەوە، مەجلیس هەموو بیٚ مەشعەلە بوو
مەشعەلی سووتە دڵان[٣٣٣] گەییە فەلەك، بۆیە لەویش
دەستە دەستە مەلەکیش هاتنە عەزا، هەلهەلە بوو
خۆم و هەرچی هەمە، کردم بە فیدای و ئەجەلیش
کەچی تەئخیری نەکرد، سەیری چ بیٚ حەوسەلە بوو!
دڵی ئێمە و دڵی عالەم وەکوو یەك ئاگری گرت
چاکە لەم مەرحەلەدا دڵ لە دڵان بیٚ گلە بوو
هێند پەرێشانە دڵی خانە خراپی 'کامیل'
غەزەلی ناقیسە ئەمجارە،[٣٣٤] ببوورن پەلە بوو

قاقلاوا، ١٣٣٨ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١١٧ ی چاپی ئەنیسی و ١٧٧ ی چاپی جەعفەر)

---

[٣٣٣] . هەر دوو چاپی جەعفەر و ئەنیسی بە سوختە دڵانیان نووسیوە. و بەم پێیە دوور نییە لە ئەسڵیشدا هەر وا بووبێت. بەڵام بۆ تەرکیبی زیاتر فارسیی سوختە دڵان ئەگەر نەمانەوێت کێشی شیعرە کە تێك بچێت، دەبیٚ واوی سوختە بکەین بە ضمە و بڵێین سختە بە زەممەیەك لە سەر پیتی /س/. من پێم باشتر بوو خۆ لەو گۆڕین و وەرچەرخانە نەدەم و بە سووتەدڵانی بنووسم. مامۆستا حەقیقی دۆستی ئاوات ناوی دیوانێکی شیعرەکانی خۆی ناوە سووتەدڵان و ئەم شێوازەی ووشەکە شتێکی نامۆ نییە.

[٣٣٤] . لە هەردوو چاپی جەعفەر و ئەنیسیدا کۆما (ویرگوول) دوای نەقیسە دانراوە. من لام وایە باشتر بێت بکەوێتە دوای ئەمجارە بۆ ئەوەی سیفەتی ناقیس بوون شیعری ئەمجارە زیاتر بگرێتەوە.

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا دڵی پەرێشان' ە و من بە هۆی ناوەرۆك و هۆکاری گوترانی شیعرەکەوە عینوانی چاپی ئەنیسیم پێ باشترە.  هەردووعینوانەکە لە فەردی کۆتایی غەزەلەکە وەرگیراون.
لە پەراوێزی شیعرەکەی چاپی جەعفەردا نووسراوە: "بۆ کۆچی دوایی حاجی بابە شێخی مامی" و بەم پێیە ئەوە یەکی دیکە لە شیعرەکانی ئاواتە بۆ مەرگی نەمر حاجی بابەشێخی سەیادەت. چاپی ئەنیسی باسی ئەو هۆکارەی نەکردووە و ئەوەش دوور نییە لەترسی وەزارەتی ئیرشاد و ئیدارەی سانسۆری کۆماری مەلاکان بووبێت.
وشەی سۆز دوو جار لە یەك میسراعدا هاتووە و من لام وایە سۆزی یەکەم سووتان بێت و دووهەم هەست و سۆز، دەنا ئەگەر هەردوکیان بە یەك واتا هاتبێتن، دووپات بوونەوەیەکی بە قەولی قەدیم مەلیح نییە و قەبیحە.
مەشغەلەی فەردی یەکەم و مەشعەلەی فەردی دووهەم شیعرێکی نالیمان وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێ:
*"نالی سەرت لە گونبەدەکەی خانەقا دەکا*
*لا یێ پڕە لە مەشعەلە، لا یی لە مەشغەلە"*
لە فەردی سێهەمدا شاعیر دەڵێ گڕ و گریەی دڵی دڵسووتاوان هێندە زۆر بووە کە گەیشتۆتە فەلەك و لەوێ فرمێسکیان لە چاوی فریشتەکان هێناوە. وێدەچێت لە شەوی کۆچی دوایی حاجی بابەشێخدا بارانی بە تەوژم باریبێت و ئەو فرمێسکەی فەلەك کە دەڵێ، ئاماژە بێت بەو باران بارینە. شاعیر وای داناوە کە فریشتەکان هاتوونەتە سەرەخۆشیی مامی و لەوێ بۆی دەگرین.
"خۆم و هەرچی هەمە"، شاعیر لە شیعرێکدا بە بۆنەی کۆچی دوایی کاکیشیەوە کەڵکی لەم تەعبیرە وەرگرتووە: "کاکە! قەزات لە خۆم و لە هەرچی هەمە، کەوێ!" ئەوانەی وا ئاوات دەناسن و شارەزای ژیانی هەن، یەك قسەن لە سەر ئەوەی مرۆڤێکی فیداکار و لەخۆبووردوو بوو و گەلێك سیفەتی باشی ئینسانی تێدا بوو. من ئەو خۆ بەقوربان کردنەی کاکی و مامی بە قسەی بەتاڵ و بێ بنەما دانانێم و لام وایە پیشاندەری ئەوپەڕی میهرەبانی و دڵپاکیەتی. لێرەدا دەیەوێت بڵێ من ئامادە بووم خۆم و هەرچی هەمە بکەمە فیدای مامم بۆئەوەی ژیانی بەردەوام بێت بەڵام ئەجەل، کە بێ سەبر و تاقەتە، کارەکەی وەدوا نەخست و دەستی لە یەخەی نەکردەوە.

دڵی ئێمه و دڵی هەموو عالەم، واتە خەڵکانێکی زۆری دیکەش وەك ئێمەی کەس وکاری حاجی بابەشێخ بە مردنی ئەو ئاگری گرت و پاشان تەنزێکی نەرم و جوانی تێدایە کاتێ دەڵێ ئەگەر لە شوێنی دیکەدا دڵ هەبوە گلەیی لە دڵانی دیکە کردبێت، لای کەم لێرە و لە خەم و پەژارەی کۆچی دوایی مامەدا هەموو یەکدڵ بوون و وەك یەك خەمیان دەخوارد واتە لەم قۆناغەدا کەس گلەیی لە کەس نەبوو.

لە فەردی کۆتاییدا شاعیر باس لە ناقیسی و ناتەواوی دەکات. من لام وایە نیازی ئەوە بێت کە گوایە دەمویست غەزەلەکەم درێژە پێبدەم و زیاتر باسی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە بکەم یاخود شیعرێکی باشتر بەو بۆنەیەوە بهۆنمەوە، بەڵام لەبەر پەلە وهەلە نەمتوانی و بە ناتەواوی هێشتمەوە، بۆ ئەم کارەشم داوای لێبووردن لە ئێوەی خوێنەر یان بیسەری شیعرەکە دەکەم.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

# خەزانی گوڵ

دەڵێن ڕۆیی لەنێو مە، گیانە، ئەو زیبی گوڵستانە
بەڵام پێش چاوی دڵ هەر باقییە ئەو سەروی بوستانە
هەموو سەروی سەهی سەریان نەوی کرد، باغەوان ڕۆین[335]
گوڵیش وا خۆی ڕنی، لایێ خەزان، لایێ لەخۆدانە
خەزانی گوڵ بوو، ئەی دڵ بۆچی کەوتە هەڵبەزە و لەرزە
بە تەشریف چوونی ئەو بۆ جەننەتولمەئوایی جانانە
شەوی جومعە لە نیوەی ئاخری شەو ئەودەمەی خالیق
دەکا ئاواڵە دەرکی ڕەحمەتی بۆ هەرچی ئینسانە،
نزوولی ڕەحمەتی بۆ توریەتی ئەو ساحێب ئیحسانە
وەکوو ڕۆژ ئاشکرا بوو بەو شەوە، ئەو ڕێژنە بارانە
سەبا، قوربانی سروەت بم، برۆ خێرا بە تەڕدەستی
سەلامی ئاگرینی من بەرە بۆ ئەو سولەیمانە
بڵێ: سەر بێنەدەر لەو مەنزە پڕ فەیز و ئەنوارە
بزانە چۆن برازات بێ وجوودت ماڵی وێرانە
هەچی تۆی دیبوو، قوربان، خاوەنی عەقڵ و فەراسەت بوو،
ئەوا بێ هۆش و گۆش و بەخت و بەدبەخت و پەرێشانە
عەجایب مەحشەرت هێناوە بۆ ئەم باقیماوانەت
هەرایە، شین و قوڕپێوانە، واوەیلایە، گریانە
هەموو ڕەشپۆشە عەرز و ئاسمان، کێو و کەژ وسەحرا
سەدای ناڵین و هاوارە لە ماڵی خوێش و بێگانە

---

[335] لە دەقەکەدا وەك رویێن هاتووە کە دیارە هەڵەی تایپە.

"ئیمامی" ماڵی کاول بوو، نەما هێزی، شکا باڵی
لەتاو مامی وەکوو بابی، لەژینی خۆی هەراسانە

قاقڵاوا، ١٣٣٨ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١١١ و ١١٢ ی چاپی ئەنیسی، لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە)

---

ئاوات بە بۆنەی کۆچی دوایی نەمر حاجی بابەشێخی سەیادەت، مامی خۆیەوە چەند پارچە شیعری هۆندۆتەوە کە پیشاندەری خۆشەویستی و ئیحتیرامی زۆری بۆ ئەو کەسایەتییە ئایینی-سیاسییەی ناوچەکەیە. ئەوەش یەك لەو شیعرانەیە و لە فەردی مەقتەعیشدا بە ڕاشکاوی ئەوەی ڕاگەیاندووە.

مە: ئێمە

زیب: جوانی و ڕازاوەیی

سەروی سەهی: فارسییە. سەرو دارێکە بەرزە باڵا. یەك لە واتاکانی 'سەهی'ش ڕاستە *(فرهنگ معین)*. بە سەر یەکەوە دەبێتە دارێکی سەروی ڕاست هەڵچوو. ئەو تەعبیرە لە زۆرشیعری فارسیدا هاتووە بۆ نموونە لە شیعری حافزی شیرازیدا:

*"دیگر ز شاخ سرو سهی، بلبل صبور*
*گلبانگ زد که چشم بد از روی گل به دور"*

لایێ خەزان: لە لایەکەوە پایزە و لە لایەکیشەوە خەڵکن لە خۆیان دەدەن. پەیوەندی ئەو دوانە لەگەڵ یەکدا چییە؟ هەر ئەوە نییە کە هەردوکیان ڕووداوێکی ناخۆشن: مردنی مام و هاتنی پایز بۆ خەڵکی گوندنشین. پایز بۆ خەڵکی کوێستانان فەسڵێکی خۆش نییە، تەڕی و قوڕی و سەرما وسۆڵ دەست پێدەکات و باران دەبارێت، ئەوانە هیچکام خواست و وئارەزووی دانیشتووانی گوند، یان هەوارچییان، نین و هاوبەش بوونی خەڵك و پایزیش دەبێ لە خەم و خەفەتدا ببێت.

جەننەتولمەئوا: بە گوێرەی ئیسلام، بەشێکە لە بەهەشت و دووجاریش لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە.

جانان: عینوانێکی عیرفانییە بۆ خودا

توڕیەتی ئەو ساحیب ئیحسانە: دەگوترێت سەییدان، منداڵ و بەجێماوی پێغەمبەری ئیسلام بن؛ حاجی بابە شێخیش سەیید بووە، ئاوات خۆیشی هەر سەید بووە.

توڕیەت: منداڵ و لێ کەوتووەی کەسێك؛ عەرەبییە.

ڕێژنه باران: وادیاره له شەوی وەفاتی حاجی بابەشێخدا بارانێکی زۆر له ناوچەکه باریبێت.
تەڕدەستی: خێرایی
سولەیمان: ئاوات مامی خۆی به سولەیمانی نەبی و خۆی به مێرووله شوبهاندووه که ئاماژەیه به ئەفسانەی قسەکردنی مێرووله لەگەڵ سولەیمان.
فەیز: بەرەکەت. عەرەبییه
ئەنوار: کۆی نوور. عەرەبییه
خاوەنی عەقڵ و فەراسەت بوو: لەگەڵ بەشی پێشتری خۆی له هەمان میسراعدا واتا دەکرێتەوه: هەرکەسێك تۆی دیبێت، به مەرجێك عاقڵ و خاوەن تێگەیشتن بووبێت، بەو مردنەت پەرێشان حاڵه. ئەوانەی تۆیان دیبوو و خاوەن عەقڵیش بوون: هەمووان به بیستنی هەواڵی مردنت بێ هۆش و گۆش بوون.
بەخت و بەدبەخت: نەمزانی ئەو دووه پێکەوه چ واتایەکیان هەیه و بۆچی پێکەوه هێنراون مەگەر وشەیەکی دیکەی وەك سەخت لەشوێنی بەخت بووبێت و بەهەڵه وەك بەخت نووسرابێت. بەداخەوه دەقی جەعفەر ئەم شیعرەی لەخۆی نەرگرتووه که به یارمەتی ئەو ساغی بکەینەوه.
باقیماوانەت: ئەو کەسانەی لەدوای تۆ بەجێ ماون.
وەکوو بابی: مامێك که بۆ شاعیر وەك باب وابوو. لێرەدا شاعیر خۆی کردۆته کەسی سێهەمی ڕستەکه.

# ڕۆیی

دەڵێن یارم لە بۆکانێ بە سەد ئاه و فوغان ڕۆیی
زەدەی پەیکانی حەسرەت بوو، وەکوو تیری کەوان ڕۆیی
برام سەردەستەیی پاکی ڕەفیقانی جەفاکێش بوو
نەمابوو هاودەمی، بۆیە لە دووی کاروانی وان ڕۆیی
لەگەڵ ئەهلی وەفا "سادق" بوو، 'سەددیق'! بابی ناکامت
لەبەر ناڕێکوپێکی مەوقیع و کات و زەمان ڕۆیی
لەگەڵ خاوەنددڵان هاودەم، لەگەڵ ڕاس، سەروی بوستان بوو
لەبەر بێبەرگ‌وباری و ڕەنگ و بۆنی گوڵستان ڕۆیی
مەڵێن بێوادە بوو ڕۆیی، شەهیدی عیشقی جانان بوو
بە دەنگی بولبولی باغی بەهەشتی جاویدان ڕۆیی
"قزڵجی"ماڵی ئاوا، کانی فەیز و عیلم و زانین بوو
لە جێی خۆی "سادقی" دانا، ئەویش زوو، ناگەهان ڕۆیی
بە دوایدا داغدارانی موحەببەت کاروان ڕێخەن
بنێرن باری دۆعا، سەروەری دانیشوەران ڕۆیی[336]
هونەرمەند و ئەدیب و فازل و دانیشوەر و شاعیر
ڕەفیقی زۆر لە سەر شانسووکی هەر پیر و جەوان ڕۆیی
ئەگەر تەورێزە تەبرێژ، بۆ تەبی وی کەم نەکرد تۆزێ؟!
ئەتیببا کوێر و دەرمان قات بوو، وا ئەو بێوچان ڕۆیی؟
کە دی گەردنکەچە بولبول، لە حەسرەت ڕۆژگاری گوڵ
ئەویش دڵ پڕ لە کوڵ خێرا لە پێش کاتی خەزان ڕۆیی

---

[336] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: دوعا

"ئیمامی"ش با بە دووی‌دا هەر بکا زاری هەتا ماوە
بە زاری بانگی هاوالان بکا: ئارامی گیان ڕۆیی

بەهاری ١٣٣٨ی هەتاوی
(لاپەڕە ١١٢ و ١١٣ ی چاپی ئەنیسی و ٢٥٦ و ٢٥٧ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "یار ڕۆیی"یە و گەلێك لەدڵ نزیکتر و خۆمانەترە گەرچی بە هەمان ڕاستەڕێی ئەویتردا دەڕوات و جیاوازیی زۆری لەگەڵیدا نییە.
یەك لە شیعرەکانی ئاواتە لە مەقوولەی ئیخوانییاتدا.
بە حیسابی ناوی سادق و قزڵجی و بابی سدیق و بۆکان، شیعرەکە بۆ کۆچی دوایی نەمر مەلا محەممەد سادقی قزڵجی (قازی کاکەحەمەی بۆکان) گوتراوە، لە چاپی جەعفەریشدا ئەو مەسەلەیە بە ڕاشکاوی ڕاگەیێنراوە:
"بۆ کۆچی‌دوایی خوالێخۆشبوو قازی کاکەحەمە".[337]
قازی کاکەحەمە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا "سەدری کومیتەی حزبی دیموکراتی کوردستان" لە شاری بۆکان و ئاوات نایب واتە جێگری بوو. قازی کاکە حەمە دوای هەرەسی کۆمار، هاوڕێ لەگەڵ مەلا سدیقی کوڕی، چەند ساڵ ئاوارە بوو و پێکەوە لەگەڵ مامۆستا حەسەنی قزڵجی (ئامۆزای خۆی) و مامۆستا هەژار و کەسانێکی دیکەش، پەنایان بردبووە بەر ماڵی نەمر شێخ لەتیفی حەفید. مامۆستا هەژار لە کتێبی 'چێشتی مجێور' دا باسی ئەو ڕۆژانەی کردووە. ئاوات دۆستایەتییەکی نزیکی لەگەڵ بنەماڵەی قازی کاکەحەمە و شەخسی خۆیدا هەبوو و وێنە هەیە کە پێکەوەیان پیشان دەدات، تەنانەت لام وایە خزمایەتییەکی 'سەبەبی'شیان لە نێواندا هەبێت. شاعیر لێرەدا قازی کاکە حەمە بە "یارم" ناودەبات و ئەوە نیشانەی ئەو نزیکایەتییەیە.
ئاه و فوغان: گریان و ڕۆڕۆ، هی ئەوخەڵکە یە کە تەرمەکەیان بەڕێ کردووە. تەرکیبێکی فارسییە.
پەیکان: نووکی تیر کە بە کەوان دەهاوێژرێت.

---

[337] من ڕۆژی مەرگی قازی کاکەحەمەم لە بیرە. لە بۆکان و لە پۆلی نۆهەمدا دەرسم دەخوێند. ئەو ڕۆژە بانەبۆکرابوو هێشوو.

زەدەی پەیکان: تەرکیبێکی فارسیە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، بەواتای کەسێك کە پەیکان (تیر) پێکاویەتی.
حەسرەت: دەبێ بگەڕێتەوە بۆ خەم و پەژارەی هەرەس هێنانی کۆمار و ئاوارەییەکەی قازی کاکەحەمە.
ڕەفیقانی جەفاکێش: دەبێ ئەندامان و لایەنگرانی حزبی دیموکراتی کوردستان یان بەگشتی دڵسۆزانی کوردایەتی بن. سەردەستە ئاماژەیە بە سەرۆکایەتی قازی کاکە حەمە لە حزبەکەدا لە بۆکان. کاروانیش هەر هاودەم و هاوبیر و هاوحزبییەکانی ئەون لەو ساڵانەدا، کە لە کاتی کۆچی دواییەکەیدا چیتر لە ژیاندا نەمابوون.
لەگەڵ...: ئەم فەردە ڕووی لە مەلاسدیقی کوڕی قازی کاکە حەمەیە کە بە 'مەلا سدیقە گڕوێ' دەناسرا و دوای هەرەسی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ لەگەڵ باوکیدا پەنای بردبووە باشووری کوردستان، هاوڕێ لەگەڵ ئەویش گەڕایەوە بۆکان.
ئەهلی وەفا: دڵسۆزانی کوردایەتی ئەو سەردەمانە و دوای ئەویش.
سادق و سەدیق: ناوی باوك و کوڕ. لە شیعرەکەدا جیناسی ناتەواویان لێ پێك هاتووە.
ڕاس: ڕاست، دژی خوار
ڕاس و سەرو: شاعیر بە هێنانی ئەو دوو وشەیە لە فەردێکدا، لەلایەکەوە مراعات النظیر و لەلایەکی دیکەوە جیناسی دروست کردووە. سەرویش دارێکە ڕاست هەڵدەکشێت.
گوڵستان: کۆمەڵگای کوردەوارییە. بێ بەرگ و باری و [بێ] ڕەنگ و بۆنی سیفەتن بۆ کۆمەڵگای بێدەنگی دوای ساڵانی هەرەسی کۆماری کوردستان.
جانان: لە زاراوای سۆفیاندا سیفەتێکە بۆ خودا. واهەیە شاعیریش نیازی هەر ئەو بووبێت؛ بەڵام دەکرێ ئاماژەش بێت بۆ هەمان کۆمار و سەرۆکەکەی واتە پێشەوا قازی محەممەد.
قزڵجی: لێرەدا نیاز مەلا محەممەد حەسەنی باوکی مەلا محەممەد سادق یان مەلاعەلی باپیرەیەتی کە بە عەللامەی قزڵجی ناسراوە. گەرچی واهەیە خوێنەر زیاتر بۆ باپیری بچێت کە ناودارترە، بەڵام کاتێ دەڵێ لەجێی خۆی سادقی دانا، ئەودەم دەبێ بێینە سەر ئەو باوەڕەی کە مەلا محەممەد حەسەنە.
کان: سەرچاوە.
دانیشوەر: زانا، خاوەن دانش. فارسییە.

زۆر لەسەر شان سووك: سیفەتە بۆ قازی کاکە حەمە کە بەگوێرەی شاعیر هاوڕێیەکی بێ ئەرك و بێ زەحمەت بووە.
تەبریز، تەورێز: شارێکی گەلێك کۆنی مێژووییە و ناوەندی ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتە لە ئێران. لە فارسی و تورکیدا تەبریز و لە کوردیدا تەبرێز و تەورێز دەگوترێت. وێدەچێ قازی کاکەحەمەیان بۆ عیلاجی نەخۆشیی سەرەمەرگی بردبێتە ئەو شارە و ئەوەش بۆ خەڵکی ناوچەکە کارێکی ئاسایی ڕۆژانە بوو و تەنانەت ئێستاش هەر هەیە. بەهۆی نەبوونی دوکتۆر و دەرمان و نەخۆشخانەی ڕێك و پێکەوە، ئەو خەڵکانەی وا لە موکریان نەخۆش دەکەوتن زۆر جار دەچن یان دەبرێنە تەورێز. من خۆم چەندجار بۆ عیلاج و عەمەلیات چوومەتە تەورێز و واهەیە دەیان کەسیشم لە خزم و کەس وکار بۆ هەمان ئامانج بردبێتە ئەوێ.
تەبرێز و تەب ڕێز: بنەچە و واتای وشەی تەبرێز ڕوون نییە، دەگوترێت وشەیەکی پەهلەوی بێت باوەکوو ئاشورییەکانیش شارەکەیان ناسیوە و لە سەرچاوەکانی پێش ئیسلامدا وەك "داورێژ'یش هاتووە، بەڵام خەڵکانی ئاسایی لە ئێران بۆ ڕوونکردنەوەی 'وجه تسمیه'ی شارەکە، ڕواڵەتی ئێستای وشەکە دەگرن کە بریتی بێت لە "تەب**+**ریز" واتە شوێنێك کە یاو و تەب لە لەش دوور دەخاتەوە کە دیارە ئەوە واتاکردنەوەیەکی تەواو نییە هیچ، هەڵە و نازانستییانەیە، بەڵام شاعیر لێرەدا هەمان ئەو واتایەی سەر زمانی خەڵکی لە وشەکە گرتووە و گوتوویەتی خەڵك دەچن لە تەبرێز گەرمای لەشیان بێتە خوارەوە، ئەی بۆچی لەو تەبرێزە تەبی ئەو نەڕژا و عیلاجی نەخۆشییەکەی نەکرا؟
ئەتیببا: تەبیبان، جمع مکسری طبیب ی عەرەبییە. بۆ مەگەر دوکتۆرەکان کوێر بوون ودەرمان دەست نەدەکەوت کە نەخۆشییەکەی ئەویان پێ چارەسەر نەکرا و خێرایەك کۆچی دوایی کرد؟
کوڵ: خەفەت
خەزان: پایز، کۆچی دوایی قازی کاکە حەمە لە بەهاردا بووە. من ئەو ڕۆژەم لەبیرە و قوتابخانەکانی بۆکان بەو بۆنەیەوە ڕۆژێك داخران.
فەیز: دارڕژانی زۆری ئاو، بەخشینەوە. 'فیض'ی عەرەبییە(فرهنگ معین)
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## پەروین

ئەوی خاکی ڕەشی وا بۆتە سەرین
ئەوە ئەستێرەیی ئاسمان "پەروین"
گەرچی هەر تاڵیی لە ڕۆژگاری چێشت
خۆ بەڵام هەرچی وتەی، بوو شیرین
خاوەنی ئەو هەموو هۆنراوانە
سواڵکەرە ئێستە لە بۆ یەك یاسین
چاکە، هاواڵی لەوی یادێ بکەن
دڵی بێ یارە هەمیشە خەمگین
خۆڵ لە سەر چاو بەخودا ناخۆشە
بەردی سەرسنگی گرنگە و سەنگین
هەرکەسێ دیویەتی، عیبرەت دەگرێ
ئەوی وا چاوی بەهێزە و حەق بین[۳۳۸]
هەرکەسێ گەورە و خاوەن ماڵە،
هاتە ئەم جێگە، فەقیرە و مسکین
هەردەمێ هات و ئەجەل هێرشی کرد
چارەیی دی نییە غەیری تەمکین

قاقلاوا، ۱۳۳۹ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٨ ی چاپی ئەنیسی ١٦٢ و ١٦٣ ی چاپی جەعفەر)

---

۳۳۸. ئەم فەردە لە چاپی جەعفەردا نییە.

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'ئەستێرەی ئاسمان' ە، کە لە دەقی شیعرەکە وەرگیراوە.
بەشێکی کەم لە پێکهاتەی دیوانی ئاوات، شیعری وەرگێڕدراوی شاعیرانی فارس زمانە. ئەوە یەك لە شیعرە تەرجەمە کراوەکانی شاعیرە؛ شیعری گەلێك ناسراوی شاعیرەی فارسی ویژی بە ڕەگەز ئازەربایجانیی ئێران - پەروین ئیعتسامی (١٩٠٧/٣/١٧ تا ١٩٤١/٤/٤).
پەروین، کە شیعرەکەی بۆ سەر کێلی گۆڕی خۆی نووسیوە
لەو شاعیرە فارسی ویژە هاوچەرخانەی ئێران بووە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان و پێش ئەودا شاعیرانی کورد گرنگایەتییان بە کارەکانی داوە. مامۆستا هەژار پارچە شیعری "اشك یتیم" ی ئەوی بە ناوی "فرمێسکی هەتیو"ەوە تەرجەمە کردووە کە ڕۆژنامەی کوهستان چاپی تاران لە ژمارە ٤٣ (یەکی ڕێبەندانی ١٣٢٤ [١٩٤٦]) دا بڵاوی کردۆتەوە.[٣٣٩] هەروەها عەلی بەگی حەیدەری شیعرێکی بەرزی فارسیی بۆ مردنی پەروین گوتووە کە لە دیوانی پەرویندا چاپ کراوە و من بینیومە بەڵام ئێستا لەبەر دەستمدا نییە.
پەروین لە دوایین شاعیرانی کلاسیکی ئێرانە و دەگوترێ گەرچی ژن بووە بەڵام پیاوانەی شیعر گوتووە و هەست ونەستی ژنانە لە شیعرەکانیدا دەرناکەوێت. ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکە نازانم بەڵام هەرچی هەبێت شاعیر لە سەردەمی مردنیدا تەنیا ٣٤ساڵی تەمەن بوو و شیعری سەرگۆڕ بۆ کەسێکی سی و چەند ساڵە ئاسایی نییە.
ئەوە دەقی فارسی شیعرەکەی پەروین خۆیەتی کە کاری مامۆستا سەیدکامیل لەبەر ئەو تەرجەمە کراوە:

*اینکه خاك سیهش بالین است*
*اختر چرخ ادب پروین است*
*گر چه جز تلخی از ایام ندید*
*هر چه خواهی سخنش شیرین است*
*صاحب آنهمه گفتار امروز*

---

[٣٣٩] . لاپەڕە ٣٤١ ی چاپ تازەی ڕۆژنامەکە، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٠.

*سائل فاتحه و یاسین است*
*دوستان به که ز وی یاد کنند*
*دل بی دوست دلی غمگین است*
*خاك در دیده بسی جان فرساست*
*سنگ بر سینه بسی سنگین است*
*بیند این بستر و عبرت گیرد*
*هر که را چشم حقیقت بین است*
*هر که باشی و زهر جا برسی*
*آخرین منزل هستی این است*
*آدمی هر چه توانگر باشد*
*چو بدین نقطه رسد مسکین است*
*اندر آنجا که قضا حمله کند*
*چاره تسلیم و ادب تمکین است*
*زادن و کشتن و پنهان کردن*
*دهر را رسم و ره دیرین است*
*خرم آن کس که در این محنت‌گاه*
*خاطری را سبب تسکین است*[٣٤٠]

وەك دەبینین، شیعرەکەی پەروین ١١ فەردە و ئاوات تەنیا ٨ فەردی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی (دەقی چاپی جەعفەر تەنیا ٧ فەردە). لە بەراورد دا دەردەکەوێت کە تەرجەمە کوردییەکەی ئاوات فەردی ١ تا ٧ و هەروەها ٩ ی گرتۆتەبەر واتە فەردی ٨ و ١٠ و ١١ ی لێ هەڵاوێرراوە. ئایا ئەو سێ فەردانە پێشتر بوون و فەوتاون یان هەر لە بنەڕەتدا تەرجەمە نەکراون؟ نازانم. بەڵام بەهۆی ناوەرۆکی پڕواتایانەوە هەست دەکەم نابێ مامۆستا چاوی لێ پۆشیبێتن.
هۆکارێکی وەرگێڕانی شیعرەکە لە لایەن ئاواتەوە دەبێ ئەو ڕاستییە بێت کە پڕە لە ڕەش بینی و بێ باوەڕی بە ژیان و ترس لە مردن، ئەو بابەتانەش لە زۆرێکی شیعرەکانی ئاواتدا دەبینرێن و لە سەرەکیترین ناوەرۆکەکانی شیعری ئەون؛ واتە هاوبیری و هاوبۆچوونی، ئاواتی لە پەروینی ئیعتیسامی نزیك کردۆتەوە.

[340] وەرگیراو لە ماڵپەڕی Persian Persia.com

به هۆی نزیکایەتی زمانی کوردی لەگەڵ فارسی و کارتێکەریی شیعر و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی و هەروەها ئەو ڕاستییەوە کە شیعرە کوردییەکە وەرگێڕاوی شیعرە فارسییەکەیە، وشە و تێرم و عیبارەتی هاوبەش لە نێوانیاندا زۆرە:

خاك سیه لەگەڵ خاکی ڕەش

بالین " سەرین

اختر " ئەستێرە

تلخی " تاڵی

ایام " ڕۆژگار

صاحب آنهمه گفتار " خاوەنی ئەو هەموو هۆنراوانە

خاك در چشم " خۆڵ لە چاو

و.... گەلێکی دیکە

وشەی ئەستەمم لە شیعرەکەدا بەدی نەکرد، تەنیا سەیری فەرهەنگی خاڵ و هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژارم کرد بۆ تێرمی 'گرنگ' لە میسراعی "بەردی سەرسنگی گرنگە و سەنگین" دا. ویستم بزانم وشەکە واتای "قورس" یشی هەیە یان نا لەبەر ئەوەی شیعرە فارسییەکە لەجیاتی گرنگ و سەنگینەکەی مامۆستا ئاوات، تەنیا سەنگین بە واتای قورس یان بەردینی تێدا دەبینرێت. بەڵام فەرهەنگەکان جگە لە بایەخدار و مهم هیچی دیکەیان نەگرتووە، کەوابوو دەبێ شاعیر بۆ ڕێك خستنی کێش، وشەی گرنگی لە شیعرە فارسییەکە زیاد کردبێت کە ئەوەش لە تەرجەمەی شیعر بە شێعردا کارێکی زۆر ئاساییە مەگەر لە سەر ئەو باوەڕە بین کە 'گرنگ' لە ناو خەڵکی ئاسایی یان لە ناوچەی ژیانی ئاواتدا واتای قورسیشی هەبێت و فەرهەنگەکان ئاماژەیان پێ نەکردبێت. شێوازی نووسینی وشەکەش دڵنیا نیم ئایا هەر لە دەقی دەستنووسی شاعیردا "گرنگ" بووە یان بەو شێوەیەی وا لە موکریان دەگوترێت "گرینگ"؟ هەردوو چاپەکە، بە 'گرنگ' یان تۆمار کردووە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

## شایی

یاخودا کاکە! موبارەك بێ لە تۆ ئەم شایی یە
ئەم سروور و خۆشییە، لەو خانەقا و ئاوایی یە[٣٤١]
غەم نەما، حەسرەت بە جارێکی کەوت، ئەستۆی شکا
ئاھ و ناڵەی دڵ دەگەڵ ئەم داوەتە، خۆڕاییە[٣٤٢]
موددەعی ئەمڕۆ لە داخان ھەڵمسا ھەروەك تەپڵ
عاقیبەت دەردێ دەزانم، دەردەکەی ئیسقایی یە[٣٤٣]
سفرەکەت ڕازاوە، ھەروەك سفرەیی حاتەم دەچێ
فەخرە بۆ دۆستت، بەڵام بۆ دوژمنت ڕیسواییە
گورگی کێوانیش ھەموویان تێر کران لەم داوەتە
کاکە ئەنوەر بەزمەکەی، وا دیارە ملوێن باییە!
کوا گەڵاڕێزانی پایز بوو لە حەوشی خانەقا؟[٣٤٤]
کاتی شاباشی گوڵانە، چاوەکەم لەم دواییە
خانەقا پڕ بوو لە ئەنواعی بەشەر، کاك ئەنوەریش
ھەر خەریکی فیکری بیکر و خەڵوەتی تەنیاییە!
زاھیرەن ئازایە، وەك شێری ژیانە خۆ، بەڵام[٣٤٥]
داخەکەم ـ وەك من بزانم ـ باتینەن مووساییە
جووی جەنابی "حاجی"یە ھیچی لە باراندا نییە

---

[٣٤١] چاپی ئەنیسی: لەم خانەقا و ئاوایی یە.
[٣٤٢] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: داوەتە خۆڕایی یە (بە بێ ویرگول (فاریزە) ی نێوان دوو ووشەکە).
[٣٤٣] ئەم فەردە لە چاپی جەعفەردا نییە و من لە چاپی ئەنیسیم وەرگرتووە.
[٣٤٤] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: پاییز.
[٣٤٥] چاپی ئەنیسی: شێری ژییانە

## گەر لە پەردەش بێتەدەر پیاوانە، ئیستیسنایی‌یە!

زەنبیل، پاییزی ١٣٣٩ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣٧ و ٣٨ ی چاپی ئەنیسی و ٢٢٥ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
لە پەراوێزی چاپی جەعفەردا نووسراوە: "بۆ شایی حاجی سەید ئەنوەری برازای".
ناوەرۆکی شیعرەکەش بە ڕاشکاوی هەر ئەو هەواڵە ڕادەگەیێنێت.
ئاوات وێدەچێت پەیوەندێکی گەرمی بنەماڵەیی لەگەڵ ماڵی براگەورەی خۆی واتە حاجی سەید محەممەدی هاشمی (سەیدی زەنبیل) و سێ کوڕەکەی، هەروەها بنەماڵەی مامی، واتە حاجی بابەشێخی سەیادەت و کوڕەکانیدا بووبێت لەبەر ئەوەی چەند شیعری لەپەیوەندی ئەو کەسانەدا گوتووە هەر لە سەفەر و ژن هێنان و نەخۆشییەوە تا مردنیان. ئەم شیعرەش بە بۆنەی ژن هێنانی سەید ئەنوەری برازایەوە گوتراوە. حاجی سەید ئەنوەر کوڕی ناونجیی سەیدی زەنبیلە کە ئێستا وەك جێگری ئەو، لە ناوچەی بۆکان و سەقزدا، کاری شێخایەتی دەکات.
تەنزێکی نەرم بە تان و پۆی شیعرەکەدا گەڕاوە. وێدەچێت بنەماڵەی شێخانی کورد، کە لەگەڵ مورید و ئەندامانی کۆمەڵگادا گەلێك جیددی و فەرمین، لەناوخۆیاندا قسەی خۆش و گاڵتە وگەپیان زۆر بێت. نموونەکەی، ئەو نامانەن وا شێخ مەحموودی حەفید بۆ شێخ عەبدولقادری دۆزەرخدەرەی نووسیون، یان بوونی قسەخۆشێکی وەك سەید ڕەشیدی خانەقا لە خانەقای بورهان.
تەنزی نەرمی ئاوات لە یەك دوو فەردی کۆتاییدا هەندێکیش توند وتیژ دەبێت کاتێ کە دەڵێ وا خانەقا[ی زەنبیل کە شوێنی ئەو داوەت و شاییە بووە]، پڕ بووە لە ئەنواعی خەڵك، بەڵام سەید ئەنوەری زاوا زێڕینە لە خەڵوەتی تەنیاییدا هەر خەریکی بیرکردنەوەیە [واتە ئاگای لەو بەزم و هەرایە نییە] و لەوەش توندتر کاتێکە کە دەڵێ زەحمەتە سەید ئەنوەر [بەهۆی ئەو خەڵوەنشینی و تەنیایی و دووربوون لە شایی و هەڵپەڕکێیەوە]، هیچی لە باردا بێت و تەنانەت ئەگەریش بتوانێ ببێت بە زاوا، کارێکی ئیستیسنایی کردووە!

لەو خانەقا و ئاواییە: خانەقاکە لە ئاوایی زەنبیلە کە کەوتۆتە باشووری ڕۆژئاوای بۆکان و باکووری ڕۆژئاوای سەقز.
موددەعی: نەیار و ناحەزی شێخ و بنەماڵەکەی. من لام وا نییە ڕووی قسەی شاعیر لە کەسێکی تایبەت بێت، ئەگەریش هەبێت من نازانم کێ بووە. بە بۆچوونی من ئەو ناحەز و نەیارە، چەمکێکی گشتیترە و هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەو ساڵ و ڕۆژانەدا شێخیان خۆش نەویستبێت یان دژایەتییان کردبێت.
دەردێ: دێتە دەرێ، دەردەکەوێت و دەزانرێت.
ئیسقایی: نەخۆشی ئاوبەند، استسقا (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار). نەخۆشییەکە بریتییە لە کۆبوونەوەی ئاو لە لەشی مرۆڤدا. باوەڕ ناکەم لەم فەردەدا نیازی شاعیر نەخۆشییەکی تایبەت بووبێت ئیستیسقا تەنیا بە حیسابی سەروا لە شیعرەکەدا گونجێنراوە، بەڵام ئەو گونجێنرانە وەستایانە کراوە لەبەر ئەوەی دوابەدوای ئەو، ڕستەی "هەڵمسا وەك تەپڵ" هاتووە. دیارە خەڵکانی ئیستیسقایی ورگیان زل دەبێت و هەڵمسان لە دەموچاویشیاندا بەرچاو دەکەوێت.
حاتەمی تایی: مرۆڤی نموونەی ناو عارەبان بۆ بە بەخشندەیی و دڵئاوایی.
دۆست، دوژمن: لام وایە ئەوانەش هەر ناوەرۆکێکی گشتییان هەیە و ڕووی شاعیر لە کەسێکی تایبەت نەبووە.
جەنابی حاجی: نیاز لە حاجی، بەگوێرەی ئەو زانیارییەی وا ڕێزدار جەلالی سەیادەت پێیداوم، "حاجی سەید حوسەین برای حاجی بابە شێخ و حاجی سەید سەلام، هەروەها مامی سەیدی زەنبیل (حاجی سەید محەممەد) بوو کە ئەویش باوکی سەید ئەنوەرە". بەو پێیە، هاوسەرگیرییەکە لە ناو خزم و تایفەی خۆیاندا بووە. سپاسی زۆری کاك جەلالی بەڕێز دەکەم.
جووی کەسێك بوون: نیاز ترسان لەو کەسەیە. لە بۆکان باو بوو دەگوترا ئەو پیاوانەی وا هاوسەرگیرییان دەکرد لە خەزووریان (واتە باوکی هاوسەرەکەیان) دەترسان و دەبوون بە جووی ئەو! ئەوەش ئاماژەیەکی تێدایە بەو ڕاستییەی کە کەمایەتی جوولەکە لە کوردستان لە خەڵکە موسوڵمانەکە ترساون لەبەر ئەوەی موسوڵمانەکان زۆرینە بوون و بە حیسابی ژمارە، دەرەقەتیان هاتوون. لە لایەکیترەوە ئیسلام ئایینێکی هێرشکارە و ئامانجی ئەوەیە ئیماندارانی هەموو ئایینەکانی جیهان لەدینی خۆیان وەربگەڕێن و زەربی شمشیر بکرێن بە موسوڵمان؛ لە پێناو ئەو سیاسەت و بەرنامەیەشدا هەزار

وسێسەد ساڵە شەڕ دەکرێت و خوێن دەڕژێت، وێدەچێ لە داهاتووشدا دۆخی ناوچەکە و تەنانەت جیهان لەوە باشتر نەبێت و "لکم دینکم ولی دین" ی قورئان، سنەیی گوتەنی، بنرێت بە تاقەوە و ئایەی کوشت وبڕی مولحدان جێگەی بگرنەوە، کە لە سوورە مەدەنییەکاندا کەم نین.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# بەفری خەم

با بە یادی شەمعی ڕووت، پەروانە بێ
گیانەکەم، دڵ بێ دڵت وێرانە بێ!
بەفری خەم دیسان لە سەر کێو کەوتەوە
ڕەنگە پەڕ دەرکات دڵم دێوانە بێ[٣٤٦]
مانگی جێژن با ببێ ئاوا، بە توون!
ڕەببی ڕۆژی ڕووت لە من ئاوا نەبێ!
تۆ کە لای من نی، نەماوە زیندەگیم
خێر و خۆشیم بۆچییە هەر با، نەبێ
بێتۆ کەی جێژنە، هەزار مانگ نوێوە بێ!
گەر ئەتۆش بێی، ڕۆحەکەم جێژنانە بێ

قاقلاوا، ١٣٣٩ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩٢ و ٩٣ ی چاپی ئەنیسی و ٢٣٢ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "جێژنانەی ڕۆح"ە بە واتای بە جێژنانەدانی ڕۆح بە کەسێك، و ئەوەش لە دوافەردی غەزەلەکە وەرگیراوە.
شیعرێکە لە مەقوولەی ئیخوانییاتدا دەگونجێت. ڕووی شاعیر لە کەسێکی نزیکی خۆیەتی، کە دوور نییە خزمێك و بە ئەگەری زۆر یەك لە کوڕەکانی، یان برا و برازا و ئامۆزاکانی بێت. ئەو بۆچوونە، پشت ئەستوورە بە فەردی چوارەم و پێنجەمی شیعرەکە. لەو دوو فەردە وا دەردەکەوێ کەسەکە بە شێوەی ئاسایی و هەمیشەیی لای

---

[٣٤٦]. چاپی ئەنیسی و جەعفەر: ڕەنگە پەڕ دەرکات و لێم دێوانە بێ.

ئەوە و تەنیا لەو دەرفەتەدا چۆتە سەفەرێك و لێی دووكەوتۆتەوە، دەنا لە ساڵانی پێشتردا كە مانگ نوێ دەبووەوە، ئەو كەسەی لەلابووە.
بەڵام سێ وشە كە لە فەردی كۆتاییدا هەیە و دەڵێ: "گەر ئەتۆش بێی"، بۆچوونەكەی سەرەوە بەراوەژوو دەكاتەوە. ئەو كەسە لە ماڵی شاعیر و لای ئەو نییە و ئارەزوو دەكات كە ئەویش بێت بۆ لای. كەوابوو، ئەگەری زیاتر ئەوە دەبێت ئەو كەسە، دۆستێك یان خزمێكی دەرەوەی بنەماڵەكەی خۆیەتی.
دیارە ئەوە و گەلێك پرسی هاوچەشن زیاتر لە لایەن بنەماڵە و نزیكانی شاعیرەوە دەكرێ وەڵام بدرێتەوە و من زۆر هیوادارم ئاغا سەید جەعفەری كوڕی ئاوات و كەسانی دیكەی نزیك لەو ئەم ئەركە بگرنە ئەستۆ و لە چاپەكانی دوایی "شاری دڵ"دا، پەراوێزی زیاتر و دەوڵەمەندتر بۆ شیعرەكان بنووسن و وەڵامی زۆر پرسیار بدەنەوە كە خوێنەری ئاسایی لەبەرچاوی قوت دەبێتەوە.
بێ: بە دوو واتا هاتووە: بێت، و ببێت. 'بێ' ڕەدیفی شیعرەكەیە و پیشاندەری ئاوات و ئارەزووی شاعیرە كە دنیا بەو بارەدا بگەڕێت و وای لێ بێت، یان كەسەكە بێت بۆ لای.
ڕەنگە پەڕ دەركات...: نازانم ئایا لە خوێندنەوەی ئاسایی هەردوو دیوانی چاپكراوی ئەنیسی و جەعفەردا خوێنەر سەرنج دەداتە ئەوەی كە باشە، نیازی شاعیر لەوەی وا دەڵێ "لێم دێوانە بێ" چییە و چ شتێك یان چ كەسێكە؟ سەرنجێكی وردتر دەریدەخات كە ڕستەكە لە ناتەواو دەچێت و ڕوون نییە چی پەڕ دەردەكات و لە شاعیر دێوانە دەبێت؟ ئایا بەفری خەم، كە بكەری ڕستەكەیە، پەڕ دەردەكات و لە شاعیر دێوانە دەبێت؟ من هەرچی خواروژووری فەردی دووهەم دەكەم بۆم ڕوون نابێتەوە ئەوە چییە وا لە شاعیر دێوانە دەبێت؟
بەڵام وا بۆ مەسەلەكە دەچم كە لە نووسینەوەی شیعرەكەدا هەڵەیەك ڕوویدابێت و هەردوو چاپەكە ئەو هەڵەیەیان دووپات كردبێتەوە. هەڵەكەش ئەوەیە دەقی میسراعی دووهەمی فەردەكە لە ئەسڵدا ئاوا بووە:
"ڕەنگە پەڕ دەركات دڵم، دێوانە بێ"
یان
"ڕەنگە پەڕ دەركات، دڵم دێوانە بێ"

ئینجا نووسەرەوەی شیعرەکە لەجیاتی "دڵم" بە هەڵە نووسیویەتی "ولێم". هەر بەوەش مەسەلەکە گۆڕاوە و ئەو بۆشاییە کەوتۆتە واتاکردنەوەی شیعرەکەوە. من لە نووسینەوەی ئەم غەزەلەدا کاتێ گەیشتوومەتە ئەو میسراعە، بە گوێرەی بۆچوونەکەی خۆم نووسیومەتەوە کە جیاوازە لە دەقی ئەنیسی و جەعفەر. ڕاست یان چەوت، ئەوە چارەسەری منە بۆ ئەو گرفتە.

بەتوون: چش! بە جەهەننەم! شاعیر لەم فەردەدا سەنعەتی مطابقەی بەکار هێناوە و مانگ و ڕۆژی لەبەرانبەر یەك داناوە و گوتوویەتی گرنگ نییە بۆم مانگی شەوی جەژن ئاوا دەبێت یان نا، گرنگ ئەوەیە ڕۆژی ڕووی تۆم لێ ئاوا نەبێت! ئەوە کەماڵی ئیخلاسە لە لایەن شاعیرەوە دەرحەق بە کەسێك کە بەرگۆی شیعرەکەیە.

جێژنانە بێ: جێژنانە ئەو خەڵات و دیارییەیە وا لە ڕۆژی جێژندا دەدرێتە کەسێك. ئەگەر تۆ بێی، با ئەوە جێژنانە بێت [بۆ من]. لەم شیعرەدا، هەڵوێستی ئاوات بە نیسبەت جەژنەوە سەرنج ڕاکێشە. ئەو دووجار دەڵێ دیتنی ڕووی یار لای ئەو لە جەژن گرنگترە. لێرەدا دەڵێ ئەگەر تۆ لێرە لە لای من نەبی، هەزار مانگیش نوێ بکرێتەوە، کوا دەبێتە جەژن؟ پێشتر لە فەردی سێهەمیشدا جەژنی بەتوون کردبوو. ئەو قسانە بۆ شێخزادە و مەلایەکی وەك ئاوات زۆرن، مەگەر بڵێین باشە ئەوە شیعرە و لە شێعردا موبالەغە و زێدەڕۆیی ئاساییە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

# شیعری ساڵانی ١٣٤٠ تا ١٣٤٢

*پێرست: خەڵات، پیری لە ناکاو، دێوی سپی، کاسەی بەتاڵ، پیرەغوڵام، دەردی دڵ، لەو وەختەوە، کاری وانەکەی، کام خەبات؟، هەرچی هەم، مەرگ، دڵی ئاوارە، بۆ هاواڵی ڕۆیشتوو، یەکیەتی، ئەوپەڕی کوردایەتی، بەرخی نێر، سکاڵا، تینووی شەواو، دوورکەوتنەوە، ڕۆژی هەل، تەندووری سارد، خاسەکەو، خوشك و براین، بەهاری ناخۆش، بەهارستان.*

## خەڵات

بۆ گەلی تێکۆشەرە ئەورۆکە[٣٤٧]، هات
هاتی هەموو کۆمەڵە، وا ڕۆژ هەڵات
تینی ئەوا دا بە هەموو نیشتمان
چاکە دەبووژێتەوە بۆ کارەسات
سوێند بە کەسێ هەر بووە، قەت نامرێ
هەر ئەوە بێ وێنە بە زات و سیفات
موژدە دەبەم بۆ گەلی ئازا و نەبەز
گەل لە پەت و بەند و قەنارە دەرات
یا خۆ ئەگەر پیر و لەکارکەوتە بووی
کوا دەس و گۆچانت و شان و عەبات؟
پیری، جحێڵی، بە جەهەننەم! وەرە
بمرە لە ڕێی پڕ دڕوداڵی وڵات
یا نە، خەڵاتت دەدەنێ بێت و مای
یا کە شەهید بووی، ئەوە چاتر خەڵات

قاقڵاوا، ١٣٤٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٠٨ ی چاپی ئەنیسی و ٧٦ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوان، هەروەها ڕێکەوت و شوێنی گوترانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەك دیاری کراون.

---

[٣٤٧]. چاپی ئەنیسی: ئیمڕۆکە

شیعرێکی سیاسییە، هاندەری خەباتە و شادی دەربڕینی شاعیرە بە هۆی ڕووداوێك و بارودۆخێکەوە، کە لە شیعرەکە دەرناکەوێت چییە و تاقە کلیلی تێگەیشتنی واهەیە ڕێکەوتی کۆتایی شیعرەکە بێت: ١٣٤٠.

ساڵی ١٣٤٠ ی هەتاوی کەم و زۆر بەرانبەرە لەگەڵ ساڵی ١٩٦١ ی زایینی. ڕووداوێکی سیاسی کە شاعیری وەها دڵشاد کردبێت، دەبێ شۆڕشی ئەیلوول واتە ڕاپەڕینی کورد لە باشووری کوردستان دژ بە حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم بێت و هیچیتر. ئەوەی دەڵێ "تینی ئەوا دا بە هەموو نیشتمان" دەبێ کاریگەریی شۆڕش و ڕێبەرەکەی بێت لە سەر خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان، ئەوەش بۆ کەسێك کە ئەو ساڵانەی لەبیرە و دەزانێ شۆڕشەکەی باشوور بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ بزووتنەوەیەکی مەزنی خستە ڕێ و ساواك و حکوومەتی شا بۆ چەواشە کردنی خەڵك و فریودانیان چۆن ڕۆژنامەی کوردستانیان بڵاو کردەوە و ئێزگەی کوردی ڕادیۆ کرماشانیان دانا، ڕاست دەنوێنێت.

شاعیر پێی وایە گەلی ئازا و نەبەز- کە دەبێ گەلی کورد بێت، لە پەت و بەند و قەنارە ڕزگاری هاتووە و پیر و لاو و تەنانەت لەکارکەوتە و گۆچان بەدەست و عەبا لە شانیش (کە دەبێ شێخ و مەلا یاخود ژنان بن، بەڵام نابێ نیازی لە خۆی بێت لەبەر ئەوەی شاعیر خۆی هەموو کات بە کەوا وپانتۆڵی ئاسایی کوردەوارییەوە بینراوە نەك بە عابای مەلایانەوە)، بانگ هێشتنی بەشداری لە شۆڕش دەکات و شەهید بوونیان لەبەر چاو، شیرین شیرین پیشاندەدا. دەشزانین کە زۆرێك لە لاوانی کوردی ڕۆژهەڵات هەمان ئەو ڕێگایەیان هەڵبژارد و چوونە ناو شۆڕشەوە، بەڵام بە ماوەیەکی کەم دوای دەسەڵات سەندنی ساواك لە نێو هەر دوو بەرەی لێك دابڕاوی شۆڕش، لە کارەکەیان دڵسارد بوونەوە و گەڕانەوە. من ئاگادار نیم لە کەس وکار و نزیکانی سەید کامیل کێ چوو بۆ ناو شۆڕش یان نەچوو، بەڵام دەزانم کوڕی گەورەی و دۆست و ناسیاوێکی زۆری چوون و پاشان گەڕانەوە.

بابەتێکی لێڵ و ناڕوون لە شیعرەکەدا نییە. فەردی یەکەم دەڵێ ئەمڕۆکە هات و بەخت بۆ گەلی تێکۆشەرە (کە گەلی کورد بێت)، ڕۆژهەڵاتنیش هەڵاتنی ڕۆژی بەختە کە دەڵێ بۆ هەموو کۆمەڵ واتە هەموو خەڵکە.

دەرات = دەرهات

بێت و مای = ئەگەر زیندوو مایەوە

بەحری عەرووزیی شیعرەکە، سریع مسدس مطوی مکشوف: مفتعلن مفتعلن فاعلن

## پیری لە ناکاو

لە ناکاو پیریم لێ وەدەرکەوت
بەختیش، هەر وەك خۆم، هات و لێی خەوت
دەرکی نەجاتم لێ داخراوە
ڕێگەی ڕزگاریم ڕێك خوار وچەوت
ڕۆژی ڕووناکم تاریك بوو وەك شەو
چرای ژیانم ماوە بێ نەوت
فتیلەی حەیات بەحاڵ ڕووناکە
هەربینا ئەویش لە سووتان کەوت
جێگەی گەڕانم تا سەرچۆمییە،
جێی دانیشتنم دەرگای مزگەوت
هەی هەی لەم ژینە، لەم بەڕێچوونە!
کەچی بەوحاڵەش، دڵ هەر نەسرەوت
ئەسپی تەبیعەت هێشتا هەر سوارە
هەروا بەکارە، بەجڵەو[٣٤٨]، خۆش ڕەوت
چوارینە و هەڵبەست، قەسیدە و غەزەل
یەك لەدوای یەك دێن، پێنج و شەش و حەوت!
ئەو تەبعە سوارە توند و ڕەوانە،
بۆ تۆ ئیمامی، زەحمەت بێ زەوت!

قاقلاوا، ١٣٤٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤١ ی چاپی ئەنیسی و ٨٢ ی چاپی جەعفەر)

---

٣٤٨. چاپی ئەنیسی: خۆش جڵەو

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'پیری' یە.
لە ژێر سەردێڕی "پیری" دا پارچە شیعرێکی دیکەش لە دیوانەکەدا دەبینرێت، کە چاپی ئەنیسی بەشوێن یەکتریدا هێناون و ئەوە یەکەمیانە.
شیعرەکە لە دەوری دوو تەوەری سەرەکی دەگەڕێت: پیری و پەککەوتوویی و بێ هیوایی بە دوارۆژی ژیانی شەخسیی شاعیر یەکەمیانە و پێداهەڵگوتن بە توانای شاعیریی خۆی، دووهەم. یەکەم بابەت فەردی یەکەم تا پێنجەمی شیعرەکە و دووهەمیان فەردی حەوتەم تا نۆهەم (کۆتایی) یان داگرتووە. فەردی شەشەم، لە نێوان هەردوکیاندا هاوبەشە واتە میسراعی یەکەمی لە درێژەی ڕەش بینی بە ژیانی شاعیر خۆیدایە، بەڵام میسراعی دووهەم سەرەتایەکە بۆ جیابوونەوە لەو فەزایە و چوونە ناو هەوایەکی تازەوە.
ڕەش بینی و بێ هیوایی، ناوەرۆکی زۆر شیعری ئاواتن و خوێنەر لەگەڵیدا نامۆ نییە؛ بەڵام گرنگە بزانین کە ئەو ناهومێدی و ڕەش بینییە تەنیا ژیانی شەخسیی شاعیر دەگرێتەوە و کاتێ دەگاتە سیاسەت و داهاتووی گەل و خواستی نەتەوایەتی، ڕوانگەی دەگۆڕێت و هیوا و هومێدێکی زیاتر باڵ بە سەر بۆچوونەکانیدا دەکێشێت، گەرچی تەنانەت ئەودەمیش کەمتر وایە بگاتە لووتکەی دروشم هەڵگرتن و بەگژ دوژمندا چوونەوە، ئەوەش ئاوێنەی خەسلەتی ڕۆحیی و هێدی و هێمنی کەسایەتی خۆیەتی.
لە فەردی یەکەمدا، خەوتنی بەخت لەگەڵ پیریدا واتا پەیدا دەکات؛ کاتێ کە پیری لە شاعیر ئاشکرا دەبێت، بێ بەختی ڕووی تێدەکات وبەخت یانی خۆشبەختی دەچێتە خەو.
لە فەردی دووهەمدا دەربڕینێکی ڕازاوە و جوان هەیە: "ڕێك خوار وچەوت"! ڕێکی دژ بە خواری و چەوتی دەوەستێت بەڵام لێرەدا کراوەتە سیفەتێکك بۆ خوار وچەوت و واتای تەواو و زەق و خشت دەدات واتە ڕێگەی ڕزگاریم تەواو پێچ و پەنای تێکەوت. ئەو تەعبیرە لە سەر زمانی خەڵکیش هەیە بۆنموونە، دەڵێن: "ڕێك پێم گوت" یان "ڕێك خستمە بەر دەستی" واتە بە بێ پێچ وپەنا و بە ڕاشکاوی پێم ڕاگەیاند.
فەردی چوارەم و پێنجەم لە پەیوەندی یەکتردان: ڕۆژ، ڕووناك (٢ جار)، تاریك، شەو، چرا، نەوت، فتیلە و سووتان هەموویان پێکەوە یەك بۆچوون بۆشاعیر دەردەبڕن: شاعیر

بێ هیوایە و هەست دەکات کۆتایی ژیانی نزیك بۆتەوە بەڵام ئەو هەستە بە ئیستیعارە دەردەبڕێت. "چرای ژیانم ماوە بێ نەوت" بە بۆچوونی من، هێنانی نەوت و بە زۆر ترینجاندنی لەو میسراعەدا، تەنیا بۆ ڕێکخستنی سەروای غەزەلەکەیە و بەس، هەربۆیەش زۆر سەرکەوتوونییە. بەڵام تەعبیری داهاتنی تاریکی و شەو و ڕووناکایی کەمی پڵیتەی [چرای] ژیان، هاوڕەگەز و هاو واتای یەکترن و لەگەڵ چرا و ڕووناکیدا دژبەرن. "بەحاڵ" واتە زۆر کەم.

فەردی پێنجەم ساکارە، شاعیر باس لە بێکاری و بێ تاقەتی و تەنیایی دەکات و لە دووپات بوونەوەی ژیانی ڕۆژانەی خۆی واتە چوونە سەرچۆمی و لەبەر دەرگای مزگەوت دانیشتن ناڕازییە و دەڵێ ئەوانە کوا کارن من دەیکەم! بەڵام چبکەم، چارم چییە؟ وێدەچێ شاعیر کە خووی بە قەرەباڵغیی گوندی زەنبیل و خانەقاکەی گرتبێت، لە تەنیایی و بێ هاودەمیی گوندەکەی خۆی واتە گەردیگلان یان قاقڵاوا تاڕەحەت بێت، ئەوەش وا دەگەیێنێت کە لەگوندەکەدا لای کەم لە قۆناغی گوترانی ئەم پارچە شیعرەدا، هاودەمێکی ڕووناکبیر و شاعیری نەبووبێت و هەستی بە تەنیایی زۆر کردبێت.

فەردی شەشەم خاڵی وەرچەرخانە لە بابەتی یەکەمەوە بۆ دووهەم، ئەو شوێنەیە کە شاعیر سەرەتا درێژە دەدات بە هەمان بۆچوونی ناو فەردەکانی پێشوو وگاڵتە دەکات بە ژیان و بەرپێچوونی خۆی بەڵام لەپڕ، وەك لەخەوێك ڕاپەڕێت و لە فەزایەکی تەم گرتوو و ژوورێکی تاریکەوە بچێتە ڕووناکایی و هەوایەکی تازە هەڵمژێت، دەڵی سەرەڕای ئەو ڕاستییانەی وا گوتم، هێشتا دڵم هەر نەسرەوتووە، ئینجا بە شوێنیدا دوو فەردی دیکە دەهێنێت کە پشتڕاست کردنەوەی هەمان بۆچوونی تازەن: فەرموون سەیری ئەو شیعرانە بکەن کە دەیانڵێم و بێ ووچان بەشوێن یەکتردا دەیانهێنم:

"چوارینە و هەڵبەست، قەسیدە و غەزەل": چوارینە و قەسیدە و غەزەل سێ شێوازی شیعرن. بەڵام بۆچی "هەڵبەست" کەوتۆتە نێوانیانەوە؟ خۆ هەڵبەست چەشنێك لە شیعر نییە و خودی خۆیەتی. تۆ بڵێی ئەوە لە ژێر گوشاری کێش و سەروادا نەگوترابێت؟ لام وایە با، بۆ ڕێك خستنی کێش گوتراوە. بەڵام پێم سەیرە بۆچی بۆ نموونە، "قەتعە" یان شتێکی دیکەی هاوچەشنی لەجێگەی دانەناوە؟ هەرچۆنێك بێت ووشەی هەڵبەست لەگەڵ ئەو سێ ووشەیەی دیکەدا هاوڕەگەز نییە و لێیان ناکاڵێتەوە.

بۆ کەسێك کە ناسیاوی کەسایەتی سەیدکامیل و تەوازوع و خۆ بەکەم زانیی ئەوە، واهەیە ئەم سێ فەردە نامۆ بنوێنن و کەسەکە بە خۆی بڵێت باشە، چ قەوماوە کە بە

پێچەوانەی زوربەی شیعرەکانی دیکەی لێرە، شاعیر بەخۆیدا هەڵدەڵێت؟ وورد بوونەوە لە فەردی کۆتایی، دەتوانێت وەڵامێك بێت  بۆ ئەو پرسیارە: شاعیر شەخسی خۆی لە تەبعی سوار و ڕەوانی بە جیاواز دادەنێت و دەڵێ من نا، ئەوە تەبعی منە لە دەرەوەی دەسەڵاتی من، کە ئەوها سوار و توند و ڕەوانە و بە من زەوت نابێت! هەرچۆنێك بێت، ئەم سێ فەردە چەشنە گۆڕانێك بەسەر ئەو ڕۆحە لەخۆبووردوو و "متواضع" ە دەهێنن و لە واقعی نزیك دەکەنەوە، هەربۆیەش ڕازاوەتر و جوانترن.
شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا ڕێکەوتی هۆنرانەوەی بەسەرەوە نییە و نازانرێت کەی گوتراوە. بەڵام بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە حەسەن زیرەکی نەمر لە ماوەی هاوکاری کردنیدا لەگەڵ ڕادیۆی کوردی تاران بەشێك لەو شیعرەی وەك مەقامێکی ناوەڕاستی یەك لە گۆرانییەکانی چڕیوە، دەبێ شیعرەکە پێش ساڵانی چل (شەستەکانی زایێنی) یا هەر لەو ساڵانەدا گوترابێت. ئەوە بۆچوونی من بوو پێش چاوپێکەوتنی دەقی چاپکراوی جەعفەر. لەوێدا ساڵی ١٣٤٠ ی هەتاوی بۆ دانراوە کە دەکاتە ساڵی ١٣٦١ ی زایێنی و لام وایە پێش بڵاوبوونەوەی هەواڵ سەبارەت بە دەسپێکی شۆڕشی ئەیلوول هەر لەو ساڵەدا گوترابێت. شۆڕشی ئەیلوول گوڕ و تینی هێنایەوە بەر زۆر کەس و یەك لەوان ئاغا سەید کامیل.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
متقارب مثمن اثلم (هجایی): فع لن فعولن فعولن // فع لن فع لن فعولن

## دێوی سپی

خێڵی جحێڵی ڕۆیوە، پیری گەیشتە لام
ناچار ئەبێ بە پیریەوە بێم و بڵێم سەلام!
میوان، دەڵێن، عەزیزە دەبێ ڕێزی لێگری
جا چۆن ئەمن لە دێوی سپی بگرم ئیحتیرام!
ئەو زۆر نەماوە لام و بەجێی هێشتم و هەڵات
نازانم ئەم چلۆن دەبێ میوانی وا بە سام!
میوانی دواییە ئەمە، پێم وایە ماوەیەك
لای من دەبێ، مولازیمی ڕۆحە بە سوبح و شام
تا من نەبا لەگەڵ خۆ، بەجێم نایەڵێ دەمێ
یاخوا بەخێرێ، مۆری سپی مەرگی پێوەنام!
سەرچاوەکەی ژیانمی کرد تاڵ بە هاتنی
بەفری سەرانە هاتووە یا مووی سپی بوو، کام؟
هەرچی کە بوو، گرانە 'ئیمامی' لەبەر دڵان
بۆیە بەجارێ وەك فەنەری تەخت تێکشکام

قاقڵاوا، ١٣٤٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٣ ی چاپی ئەنیسی ١٠٨ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'مۆری مەرگ' ە و هەر دوو عینوانەکە بە گوێرەی سەلیقەی جەعفەر و ئەنیسی لە دەقی شیعرەکە وەرگیراون. زۆر واهەیە شاعیر خۆی عینوانی لەسەر شێعرەکان دانەنابێت.
هیچ جیاوازییەك لە نێوان دوو چاپەکەدا نییە، جگە لە جیاوازییەکی ڕێنووسیی فەردی کۆتایی، کە ئەنیسی 'بوو' ی بە 'بو' نووسیوە.

ناوەرۆکی شیعرەکە ڕوونە. ئاواتیش وەك هەموو مرۆڤێکی دیکە لە تەمەنی پیریدا لە مردن ترساوە و پیری و نزیکبوونەوە لە مەرگی وەك یەك یان نزیك بەیەك داناوە، هەر بۆیەش لە دەست پیری گازندە و سکالایەتی.
شاعیر سالانی جحێلی واتە لاویەتی خۆی بە خێڵێك شوبهاندووە کە کۆچی کردووە و ڕۆیوە، ئینجا سەرەتای کاروانی دوای ئەو واتە پیری لێ پەیدا بووە و بە ناچار وەك میوانی نەخوازراو دەبێ بەرەوپیریشی بچێت و سلاوی لێ بکات. بەلام دەبێ بەهۆی سپی بوونی مووی سەر وڕیشی خۆیەوە میوانەکەی وەك دێوی سپی ناو شانامە و حیکایەتی کۆن بینیبێت کە گەلێك بەهێزە و کەس لەڕۆستی نایەت و ناتوانێ بیگەڕێنێتە دواوە، هەربۆیەش نایەوێت ڕێز لە دێوی سپی بگرێت و بەخێرهاتنی بکات!
بەلام با بزانین شاعیر کە ئەو هەموو گلەیی و گازندەیە لە پیری دەکات، لە سالی گوترانی شیعرەکەدا (١٣٤٠) چەند سالان بووە. بەگوێرەی ژیننامەی سەرەتای دیوانی چاپی جەعفەر، کامیل شا لە سالێ ١٢٨٢ دا لە دایك بووە و بەم پێیە، لە سالی ١٣٤٠ و گوتنی شیعرەکەدا. ٦٨ سالان بووە. ئەو سالە بە حیسابی ئێستای ولاتانی ڕۆژئاوا سالی پیری و کەوتوویی و کەنەفتی نییە و هێشتا دەرەتانی کار و ڕاپەڕاندنی ئەرکی ئابووری بۆ کەسەکە ماوەتەوە، بەلام لە ولاتانی ئێمەدا زۆرجار دوای پەیدا بوونی تالی سپی لە سەر وسمێلدا واتە دوای ٤٠ و ٤٥ سالان، کەسەکە بە پیر پێناسە دەکرێت و بەم پێیە، ئاوات مافی خۆی بووە لە ٦٨ سالیدا هاواری لە دەست پیری بەرز بێتەوە!
'ئەم' و 'ئەو' لە فەردی سێهەمدا: ئەو- کە دوور کەوتۆتەوە، لاویەتی شاعیرە و ئەم- کە نزیکە لێی و بەسام و ترسێنەریشە، پیرییە.
مولازیم، لە کوردیدا دەبێتە ملۆخم واتە مەئمووری چاوەدێریکردنی چارە نەخوازراو!
"مووی سپی مەرگی پێوەنام" هەر ئەو شتەیە وا لە سەرەوە گوتم، شاعیر مووی سپی وەك هاوڕێیەکی پیری و پیرییش وەك نیشانەی مردن دەبینێت و بەم شێوەیە هەرسێ چەمکەکە بەیەکەوە دەبەستێت- کارێك کە لە ئەدەبی کوردیدا وێنەی زۆرە و سەرچاوەکەشی ڕوانینی گشتیی کۆمەلگاکەمانە بەو سێ چەمکەدا.
"بەفری سەران" بە واتای بەفری سەر لووتکەی کێوان کە سەرماو سۆلی زستان لەگەل خۆیدا دێنێت. ئەوە تەعبیرێکی گەلێك جوانە بۆ سروشتی کوردستان و ناوچە شاخاوییەکان. ئیهامیشی تێدایە بۆ مووی سپی لە سەر سەری شاعیر. من ئەگەر هەلە

نەکەم، ئەو تەعبیرەم لە شیعری نەمر سەیفولقوزات و مامۆستا هێمندا بینیوە بەڵام ئێستا وەبیرم نایەنەوە.
"گرانە ئیمامی لەبەر دڵان" واتە ئەی ئیمامی! ئەوە لەبەر دڵان گران و ناخۆشە.
فەنەری تەخت تێکشکان، فەنەری لێکترازاوی تەختی خەوە لە ماوەی کۆن بوون و لەبەریەك چوونیدا.
بەحری عەرووزی،
مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

## کاسەی بەتاڵ

سەرێ شۆری نەبێ، کاسەی بەتاڵە
دڵێ عیشقی نەبێ، خرچێکی کاڵە
نە ئەو کاسە دەبێ پڕ، تاقیامەت
نە ئەو خرچە[349] دەگا، تازە مەحاڵە
خەزان لەو خرچەدا[350] یاخوا بە بێ وەخت
سەگی تێ ڕی لە کاسەی وا سواڵە[351]
سەری بێ شۆڕە سەر شۆڕ و کەسادە
دڵی بێ خۆشەویستی بێ بە کاڵە[352]
بسووڕێن پێی لە دەشتی[353] شوان و گاوان
بڵا کون کون ببێ ئەو تۆزە خالە
خەریك بوو دڵ منیش وەك خۆی لەگڵ کا[354]
وەها کاڵ و کرچ، بەو سینن و ساڵە
کەچی ناگا، گەیشتم، بوومە 'کامیل'
لە نێو بۆتەی ئەوین کەسبم کەماڵە

[349] . هەردوو دیوانی چاپی ئەنیسی و جەعفەر بە 'خونچە' یان نووسیوە، کە ئاشکرایە هەڵەیە. یەکەم، خونچە دەپشکوێت ناگات! دووهەمیش شاعیر لە فەردی یەکەمی شیعرەکەدا، سەری بێ شۆر و دڵی بێ عیشقی بە کاسە و خرچە شوبهاندووە نەك کاسە و خونچە!

[350] . عەینی شتە لێرەشدا. شاعیر لەسەر قسەکانی دەڕوات و درێژە بە باسی کاسە و خرچە دەدات. هیچ پاساوێك نییە بۆ ئەوەی ساغکەرەوەی دیوانەکان خونچەیان لە جێی خرچە داناوە. خرچەی کاڵ بەر سەرمای پایز دەکەوێت، بەڵام دەمێنێتەوە و ناگات.

[351] . سوواڵە، چاپی ئەنیسی.

[352] . بێ، بەکاڵە (چاپی ئەنیسی).

[353] . دەشتێ (چاپی جەعفەر) و دەشتی (چاپی ئەنیسی)

[354] . لەگەڵ کا (هەردوو چاپی جەعفەر و ئەنیسی)

قاقلاوا، ١٣٤٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٥٤ ی چاپی ئەنیسی و ١٩١ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا هەر یەکە.
خاوەنی هەر دوو چاپەکە بە هەڵە لە شیعرەکە گەیشتوون و چەند شوێنیان نابەجێ بینیوە. شاعیر بە درێژایی هەموو حەوت فەردی شیعرەکە باس لە سەری بێ شۆر و شەوق و زەوق دەکات و دڵی بێ عیشق، واتە شەش فەردی دووهەم تا حەوتەم تەفسیر یان درێژەدەر و ڕوونکەرەوەی فەردی یەکەمن؛ کەوابوو دەبێ هەر واتاکردنەوەیەکی ئەو شەش فەردە لەبەر ڕووناکایی فەردی یەکەمدا بێت کە ئەویش شوبهاندنی سەری بێ شۆر و شەوقە بە کاسەی بەتاڵ و دڵی بێ عیشقیش بە خرچەیەکی کاڵ.
هەڵەی چاپی جەعفەر و ئەنیسی ئەوەیە بەو پەیوەندە ئۆرگانیکەی نێوان فەردەکانیان نەزانیوە و لەپڕ لەفزی 'خونچە'یان لە ناو فەردەکاندا قوت کردۆتەوە کە 'وەسڵەیەکی ناجۆر' ە و بە بابەتەکەوە ناچەسپێت ئەویش لە دۆخێکدا کە شاعیر درێژە بە هەمان باس دەدات و لە بەتاڵ بوونی یەکەم واتە کاسە و نەگەیشتنی دووهەم واتە خرچە دەدوێت و نزای ئەوە دەکات سەرمای پایز لە دووهەمیان بدات و یەکەمیش سەگ تێی بڕی! بۆ؟ چونکو سەری بێ شۆر بازاڕی کەساد و بێ ڕەواجە و خاوەنەکەی بە سەرشۆڕی دەمێنێتەوە، دڵی بێ عیشقیش هەر بۆ ئەوە دەبێت بیکەی بە کاڵە- کە پێڵاوی هەژارانە، بۆ ئەوەی شوان و گاوان لە ناو دەشتدا لەپێی بکەن و ئەوەندەی پێ بسووڕێنەوە هەتا لە بەر بچووکی و تەنگی، لە لاقیاندا دەدڕێت و کون کون دەبێت. ئەو دڵە مافی خۆیەتی وای لێ بێت! لەبەر ئەوەی خەریك بوو منی شاعیری شیعرەکەش لەو تەمەنەدا (کە زۆرە)، وەك خۆی لێ بکات و بە کاڵ و کرچی بمهێڵێتەوە، کەچی لەپڕ، وەك میوەی نەگەیو، گەیشتم و کامیل بووم و ئێستا کەوتوومەتە ناو ئاگری ئیمتیحان لە بۆتەی ئەویندا و لەوێ خەریکم شت فێر دەبم.
<u>شۆڕ</u>، سۆزەی دەروون، خەمی ئەڤین. مەحوی دەڵێ: *"سەر کە شۆرێکی نەبێ من زرکەتاڵم بۆچییە؟"* (هەنبانە بۆرینە) هەروەها سالم لە وەڵامی شیعرەکەی نالیدا 'شۆر' ی لەگەڵ شەڕ بە واتایەکی نەرێ یی هێناوە

*"شارێکە پڕ لە زوڵم و مەکانێکە پڕ لە شین*
*جایێکە پڕ لە شۆر و وڵاتێکە پڕ لە شەڕ"*

لەو واتا نیگاتیڤەدا شاعیرانی فارسی ویژ زۆر جار 'شۆر و شەڕ' یان پێکەوە هێناوە:
"عالم از *شور و شر* عشق خبر هیچ نداشت
فتنه انگیز جهان غمزه جادوی تو بود" (حافز)
"خیزید، عاشقان، نفسی *شور و شر* کنیم
وز های و هو، جهان همه زیر و زبر کنیم" (عیراقی)
لە ناو شاعیرانی نوێی خۆیشماندا، بۆ نموونە عەبدوڵلا پەشێو شۆری لە شیعری خۆیدا هێناوە:
*"من نازانم/ شیرینەکەم/ دڵێ شۆر و سەودای تیا بێ...."*
خرچە، گندۆرەی پێ نەگەیشتوو، بە فارسی خربزە کال (هەنبانە بۆرینە). ئەوەندەی من دیتبێتم خرچە میوەیەکە لە نێوان کاڵەك و ترۆزیدا، کە ئەگەر نەگەیشتوو بێت تاڵیشە.
سواڵە، سواڵ - ە، بۆ دەرۆزە و سواڵ کردن دەبێت. گوشاری کێش و سەروا شاعیری مەجبوور کردووە بە یەك وشە واتای ڕستەیەك بگەیێنێت.
ئەو تۆزە خاڵە، دەبێ نیازی لە بچووك بوونی قەبارەی دڵ بێت و بڵێ دڵی بێ عیشق، بچووکە.
لە گڵ کا، بە بۆچوونی من ئەنیسی و جەعفەر لێرەشدا هەڵەیان کردووە کە گوتوویانە 'دڵ دەیویست منیش وەك خۆی لەگەڵ کا'! ئەو ڕستەیە هیچ واتایەکی نییە. 'من وەك خۆی لەگەڵ کا' یانی چی؟ ئەگەر 'وەك خۆی' لەوێدا نەبوایە دەکرا بڵێی شاعیر گوتوویەتی منیش لەگەڵ خۆی بخات و بمکاتە هاوڕێ و هاوبیری خۆی، بەڵام لە شێوەی ئێستای شیعرەکەدا ئەوە بێ واتایە. بە پێچەوانە، کاتێ دوو تەعبیری کاڵ و کرچ لەگەڵ 'بۆتە' پێکەوە دەبینین کە لە دوو فەردی کۆتاییدا هاتوون، دەبێ دڵنیا بین کە ئەو وشەیەی دیکەش 'لە گڵ' ە نەك 'لەگەڵ'. شاعیر دەڵێ دڵ دەیویست من بە 'گڵ'ی بمێنمەوە و وەك خشتی کاڵ بم بەڵام بە قسەم نەکرد و چوومە کوورەی ئەوینەوە و لەوێدا وەك خشتی سور برژام؛ ئیتر نەمویست وەك ئەو بە ناتەواوی و بێ هەستی و دوور لە ئەوینداری بمێنمەوە؛ ئەوە بوو لە بۆتەی ئەویندا کاڵ نەمام و گەییم و تێگەیشتم و بووم بە کەسێکی کامڵ! ئاو بێنە و دەست بشۆ!
بۆتە، دەفرێ کە کانزای تێدا دەتاوێننەوە (هەنبانە بۆرینە).
بەحری عەرووزی،
هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

## پیرە غولام

موددێکە دڵم لێ ونە، ئەو شێتە نەفامە
ڕۆیشتووە لای قامەتی ئەو تازە نەمامە
بێ‌شوێن و ئەسەر ماوە فەقیرە، بە سەری تۆ
ئەو لێرە نییە، کردەوەکەی ئێستە لە لامە
نەسرەوتن و دەرکەوتن و خۆ کوشتن و سووتان
گریان و لە قوڕ نیشتن و خۆ کردنە عەلامە
جێم گرتەوە، هەرچەندە دەڵێن خاڵییە جێگەی
ئەو عاشقی کوڵمانە، ئەمن مەمکی شەمامە
من کوشتەیی شمشیری برۆ و تیری کەوانم
ئەو بەندی سەری زولفی ڕەش و دانە و دامە[355]
وا دیارە کە خاڵی ڕەشی دی، بۆیە فڕیوە
تەیرێکی نەزانە، چ فریوخوردە و خامە[356]
تازە نییە دڵ عاشقی زولف و خەت‌وخاڵی[357]
لەو ڕۆژەوە ناسیویە کە ڕاست و چەپی کامە
دێوانەگی و عاشقی شوغڵێکی عەزیزن[358]
لایق بە هەموو کەس نییە ئەو شەئن و مەقامە[359]
تەنیا لە هەموو مەملەکەتی میهر و موحەببەت[360]

---

[355] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: دانەوو دامە
[356] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: فریوخوردە وو خامە
[357] چاپی ئەنیسی: نیە
[358] چاپی ئەنیسی: دێوانەگی یو؛ چاپی جەعفەر: دێوانەگیی و
[359] چاپی ئەنیسی: لاییق
[360] چاپی ئەنیسی: مێهر و مەحەببەت

مەجنوون بوو کە مەشهووری هەموو خاسە و عامە[٣٦١]
بەو حاڵە پەرێشانەوە دووبارە "ئیمامی"
هاتۆتەوە لات، مەنعی مەکە، پیرەغولامە[٣٦٢]

قاقلاوا، ١٣٤٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٤ و ٤٥ ی چاپی ئەنیسی و ١٩٥ و ١٩٦ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە و ساڵی گوترانی لە هەردوو چاپدا بە ١٣٤٠ ی هەتاوی (١٩٦١ ی زایینی) ڕاگەیێنراوە.
غەزەلێکی غەرامی جوان و بێ خەوشە.
ئاوات لێرە و لە چەند شیعری دیکەشیدا حیسابی خۆی لەگەڵ دڵ یان عەقڵی خۆی جیا کردۆتەوە و وەك دوو کەسایەتی سەربەخۆ و خاوەن بۆچوون و بڕیار باسی لەو بەشانەی وجوودی خۆی کردووە:
من و دڵ عاشقی هەر زەرق و بەرقین
بە پیریش گوێم نەدایە وەعز و تەڵقین (شیعری 'من و دڵ')
یا:
من دەڵێم شاری دڵم باغ و گوڵستانە، دەچم!
عەقڵ ئەڵێ نا، قەسەبەی شۆڕشی مەستانە، نەچی! (شیعری 'شاری دڵ')
یا من و بسکی و.... زۆر نموونەی دیکەش.
مەحوی غەزەلێکی هەیە کە لەباری کێشەوە وێچووی ئەم غەزەلەیە بەڵام مردفە و کرداری '...انە حەرامە' ی تێدا بۆتە ڕەدیف:
*"حەققا لە ڕەقیب ئەو بەر و دەرکانە حەرامە*
*لەو دێوە کە ئەم تەختی سولەیمانە حەرامە...."*[٣٦٣]
لە کاتێکدا شیعرەکەی ئاوات ڕەدیفی نییە و سەروای بریتییە لە "-امە".
من هیچ وێچوویەکم لە باری تەعبیرات و ڤۆکابیولەرییەوە لە نێوان ئەو دوو پارچە شیعرەدا نەبینی و لام وا نییە ئاوات بۆ گوتنی غەزەلەکەی، شوێنی کارەکەی مەحوی هەڵگرتبێت.

---

[٣٦١] چاپی جەعفەر: خاسە وو عامە
[٣٦٢] چاپی ئەنیسی: مەکە پیرە غولامە
[٣٦٣] دیوانی مەحوی، چاپی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس و مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم، ل. ٢٧٤

نەفامە و نەمامە: جیناسی ناتەواویان لێ دروست کراوە.
ڕۆیشتووە: کرداری تێپەڕ نییە و ئاساییتر بوو لە جیاتی ئەو، "چووەتە لای" بهاتایە.
کردەوەکەی ئێستە لە لامە: کام کردەوە؟ ناساندنی کردەوەکانی دڵی شاعیر لە فەردی دواتردا دێت.
نەسرەوتن و ....: شاعیر حەوت سیفەتی جیاواز وەك کردەوەی دڵی خۆی لەم فەردەدا ڕیز دەکات کە هەموویان نەرێ یین واتە لە ژیانی ئاساییدا خراپن، بەڵام کەسی عاشق لە ناو شیعری کلاسیکی هەموو ناوچەکەی ئێمەدا و بە هەر زمانێك باسی لێوە بکرێت، کەم و زۆر هەڵگری ئەو سیفەتانەیە.
خۆ کردنە عەلامە: لە خوێندنەوەی فەردەکەدا، نابێ لەسەر پیتی /دال/ ی 'کردنە' ئیست بگیرێت و پێویستە زیاتر وەك 'کرنە' بخوێنرێتەوە. خۆ بە عەلامە کردن واتە بوون بە نیشانە و جێ ئیشارەی خەڵك، کە نیاز لە شێت بوونە.
ئەم فەردە زۆر وێچووی شیعرە ناسراوەکەی مەحوییە کە دەڵێ:
*"لەسەرخۆ چوونە، شەیدا بوونە، قوڕپێوانە، گریانە هەتا مردن، محەببەت ئیشی زۆرە، ڕێزی لێدەگرم"*
جێم گرتەوە: جێی کێ؟ لە شیعری کلاسیکی ناوچەدا بە عادەت شاعیر خۆی بە جێگری مەجنوون و فەرهاد و ئەویندارانی جگەرسووتاو و ڕەنج بەخەساری دیکە دادەنێت. ئایا لێرەدە ئاوات دەیەوێ بڵێ جێی کێم گرتۆتەوە؟ من لە شیعرەکەدا نیشانەیەك نابینم ئاماژە بە کەسێك بێت. تەنیا ئەگەرمان دڵی شاعیر خۆیەتی. ئاوات بە بەردەوامی لەگەڵ دڵیدا لە کێبەرکێ و ڕووبەڕووبوونەوەدایە. دڵی ڕۆیشتووە و "موودێکە لێی ونە" و ئێستا هەر خۆیەتی جێی ئەوی گرتۆتەوە. لای کەم لێرەدا ئەوە عەقڵی شاعیرە کە لەگەڵ دڵیدا شەڕەجەنگیەتی و دوای ڕۆیشتنی ئەو، جێگەی دەگرێتەوە و لەوە بەدواوە هەر تەنیا عاشقی مەمکی شەمامە نابێت و ئەوینی کوڵمی یاریشی دێتە سەر، چونکوو دەبێ هەم بە قسەی خۆی (عەقڵی خۆی) بکات و هەم بە قسەی دڵی! فەردی دواییش درێژەی ئەو کارە قورسەیە کە دەبێ بیکات و جیا لەوەی کوشتەی شمشیری برۆ و تیری کەوان [ی برۆ] بێت کە خۆی (عەقڵی خۆی) دەیەوێت، دەبێ لە جیاتی دڵ ئەوینداری سەری زوڵفی ڕەش و دانە و دامیش بێت کە ئاماژەیە بە خاڵی سەر ڕوو(دانە) و تەپکە (سەری زوڵفی ڕەش).
وادیارە...: ئەوە کێیە هەڵفڕیوە و تەیرێکی نەزانی فریو خواردوو و کاڵ و کرچیشە، ئەگەر دڵی شاعیر نەبێت؟. دیارە دڵی شاعیر چاوی بە تەپکەی ڕەشی زوڵفی یار

کەوتووە کە لەسەر بەفری ڕووی ڕاخراوە و چەند دەنکە گەنمیش [خاڵی سەر ڕوومەت] ی لەسەرە و لە بەر بێ ئەزموونی و کاڵ و کرچی و تێنەگەیشتوویی، لە لای شاعیر هەڵفڕیوە و بە قسەی نەکردووە و ڕۆیشتووە بۆ لای تەپکەکە و لەوێ پێوە بووە!

تازە نییە...: شاعیر دەڵێ هەر لە منداڵی و سەرەتای ژیانەوە عاشقی زولف و خەت وخاڵی یارەکەمم.

دێوانەگی: شێتی؛ فارسییە. ئاوات لێرەدا شێتی و عاشقی وەك یەك داناون و هەردوکیانی خۆش ویستووە.

شەئن: شان، پلە، پایە، مەقام؛ عەرەبییە. هەموو کەس ناتوانێ عاشق و شێت بێت، ئەوە پلەیەکی بەرزە هەموو کەس نایگاتێ.

تەنیا...: شاعیر دەیەوێت بڵێت مەجنوون تەنیا یەك کەس نەبووە و زۆری دیکەش وەك ئەو بوون وهەن [کە یەکیان دڵی من و من بێت]، بەڵام هەر تەنیا قەیسی عامیرییە کە ناوی دەرکردووە و خاس و عام دەیناسن.

بەو حاڵە پەرێشانەوە...: شیعرەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانیمان وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێ:

*"بەو حاڵە پەرێشانەوە باز ئەشهەد و بیللا*

*شیعرت تەرەب ئەنگیزە 'ڕەزا'، شاعیری چاکی!..."*

من بە خوێندەنەوەی ئەم فەردەی کۆتایی غەزەل، هەندێك گومانم تێدا دروست بووە کە کاتێ ئاوات خۆی بە پیرە غوڵام ناو دەبات، بڵێی ڕووی قسەی لە یارە [مەجازی]ییەکەی بێت یان کەسێکی حەقیقی وەك "مراد" ێکی وەك مامی (حاجی بابەشێخی سەیادەت) یان براگەورەی خۆی (حاجی سەید محەممەدی نوورانی) کە ماوەیەك بووبێت هەواڵی لێ نەپرسیبێت و بەم شیعرە ئیرادەتی خۆی لای ئەو تازە کردبێتەوە؟

دیارە ئەو ئەگەرە زۆر بەهێزیش نەبێت هەر هەیە، بەڵام من لە کۆتاییدا، بە حیسابی ناوەرۆکی شیعرەکە و بە هۆی نەبوونی هیچ زانیارییەکی دیکەوە، لام وایە شیعرەکە غەرامییە و بۆ دڵدارێك، جا مەجازی یان حەقیقی، گوتراوە. بەڵام لەبیرمان نەچێت عاریفان و سۆفییانێکی زۆر هەبوون کە ئەویینداری زاتی خودا یان پێغەمبەری ئیسلام بوون و ئەو ئەوینەیان بە شێوەیەکی لیریك و پڕ لە ڕەمز وڕاز و زاراوەی عاشقانە دەربڕیوە، لە شیعرەکانی ئاواتیشدا ئەو هەڵوێست گرتنانەمان بینیوە. ئایا ڕاستی کامەیانە؟ نازانم و دایدەنێم بۆ خوێنەر کە بەو چاویلکەیە سەیری بکات وا خۆی دەیەوێت.

هونەر بە بێ ئەو گرێ وگۆڵە و بە بێ ئەوەی مێشکی خوێنەر بهەژێنێت و پرسیاری لەبەردەم قوت بکاتەوە، هونەرێکی 'متعالی' نییە ودەبێتە کالایەکی بازاڕی کە هەمووکەس دەیناسێ و دەیزانێ و دەیخوێنێتەوە و لێی تێدەگات بەڵام لە کۆتاییدا هیچ بەو نابەخشێت و هیچیش لە هونەر زیاد ناکات.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف: مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن

# دەردی دڵ

پشتم بە باری میننەتی خەڵکی جدەو بووە
دەستی قەزاش لە من دەری ئوممێدی بەستووە
تاکەی بڕۆمە ئێر و ئەوێ، نەسرەوم دەمێ؟
تاکەی ئەجەل بە سەبر و مودارایە، نوستووە؟
یاخوا ملی شکێ، وەخەبەر نایە مارزە!
داخوا بە داخ و دەردەوە کێی دیشی خستووە!
چەرخی فەلەك کە پیرەژنێکە هەزار ساڵ
ڕیسی هەزار 'کامیل' و فەرهادی ڕستووە!

قاقڵاوا، ١٣٤٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٠٣ ی چاپی ئەنیسی و ٢١٠ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'کامیل و فەرهاد' ە. ئەگەر بە دەستی من بوایە و بمتوانیایە عینوانێك بۆ شیعرەکە دیاری بکەم بابەتی وەك 'نائومێدی' یان 'بێزاری لە ژیان' یان 'چاوەڕوانی ئەجەل' م بۆ دادەنا ئەویش لەبەر ئەو ڕاستییەی کە هەرچوار فەردی شیعرەکە ئەو ناوەرۆکەیان هەیە.
دەقی چاپکراوی هەردوو دیوانەکە وەك یەکن و جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتردا نییە.
دەری ئوممێد، دەرکی ئومێد، دەرگای هیوا، تەرکیبێکی فارسییە
نووستووە و وەخەبەر نایە هەردوکیان دەگەڕێنەوە بۆ ئەجەل. شاعیر گلەیی لە مردن هەیە بۆچی زووتر نایەتە سۆراغی. هەر بۆیەش جنێوی پێ دەدات و دەڵێ ملی بشکێت ئەو مارزە کە درەنگ دێتە لام!
واتای چەند وشە بە یارمەتی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار:
جدەو، لەکارکەوتوو، بریندار

ئێر وئەویٚ، ئێره و ئەویٚ
مارزِ، زاڵم، لاسار و سەرسەخت
کێی دیش، کێی دیکەش
چەرخی فەلەك: چەرخ، گەڕانە و فەلەکیش، ئاسمان
پیرەژنێکە هەزار ساڵ، پیرەژنێکی تەمەن هەزار سالانە.
هێنانی چەرخ و فەلەك و پیرێژن و ڕیس ڕستن هەمووی ئاماژەن بەو ئەفسانەیەی کە گوایە پیرێژنێك چەرخی ئاسمان دەڕێسیت و چارەنووسی ژیانی مرۆڤ بە دەست ئەو چەرخ و فەلەکەیە نەك خۆی!
نالی لە شیعرێکدا دەڵێ:
"*مەسەل* دنیا ژن و، چەرخیش خەڕەك، دەم دەم بە دۆخی غەم
ڕەگی تاری وجودت با دەدا، هێشتاکو هەر خاوی!
*زەمانە چەرخ و، چەرخی ئاسمانیشی، فەلەك فیلکە*
*سەری ڕشتەی وجودی چەندە باداوی و هەر ماوی!*"
عومەری خەییام لە شێعرێکدا دژ بەو بۆچوونە دەوەستێت و دەڵێ:
"*نیکی و بدی کە در نهاد بشر است،*
*شادی و غمی کە در قضا و قدر است،*
*با چرخ مکن حوالە کاندر رە عقل*
*چرخ از تو هزار بار بیچارەتر است!*"
واتە ئەو چاکە و خراپەیەی وا لە نیهادی مرۆڤدایە و ئەو شادی و خەمەی وا لە قەزا وقەدەردایە، مەیانخە ئەستۆی چەرخ، لەبەر ئەوەی ئەو چەرخە، بە ڕووی عەقڵ و فامەوە، هەزار جار لە تۆ بێ دەسەڵاتترە!
ئاوات لەو ئەفسانەیە کەڵك وەردەگرێت بۆ ئەوەی بڵێت من و فەرهاد ئەو هەموو زەحمەتەمان کێشاوە بەڵام دەرەقەتی چارەنووسێکی بێ واتا نایەین کە لە شوێنێکی دیکە بۆمان دەنووسرێت!
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

# لەو وەختەوە

لەو وەختەوە بردوویە دڵم چاوی عوقابی
ئەو مەست و ئەمیش خەستە عەجەب بۆتە کەبابی
ڕووترشە ئەگەر ساقی، مەزەی بوو بە مەزاقم
خوێنی جگەری عاشقیش ئەم جارە شەڕابی
ئەو نێرگسە پڕفیتنەیە وا مەست و خەواڵوو[٣٦٤]
بەو حاڵەوە بردوویە، بڵێ مەیدە عەزابی[٣٦٥]
برژاوە بە تینی نەفەس و ئاهی دەروونان[٣٦٦]
زۆر ناسکە، چرژا بە ئیشارێکی جەنابی
هەرکەس نەشکێنێ دڵی وەك شووشەیی عاشق[٣٦٧]
ڕەحمەت لە هەموو قەوم و کەس و دایك و بابی[٣٦٨]
وێنەی قەد وباڵای کە لە نێو چاوی پڕئاوە
سەیری کە چلۆن دێتە مەلە مورغەکی ئابی
"کامیل" کە لە دووی دڵ چوو، تەماشاکە بە کوڵ چوو[٣٦٩]
مەنعی مەکە ساقی، وەرە بێ دەرد وبەڵابی!

قاقڵاوا، ١٣٤٠ ی هەتاوی

---

٣٦٤ لە دەقی کتێبەکەدا وەك خەواڵو هاتووە.
٣٦٥ لە دەقەکەدا وەك بردویە نووسراوە.
٣٦٦ لە دەقەکەدا وەك دەرونان نووسراوە.
٣٦٧ لە دەقەکەدا وەك شوشەیی هاتووە.
٣٦٨ لە دەقەکەدا وەك داییك نووسراوە.
٣٦٩ لە دەقەکەدا هەموو واوەکان یەکدانەن

(لاپەڕە ٦٥ ی چاپی ئەنیسی. لە چاپی جەعفەردا نییە)

---

شیعرەکە لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە.

غەزەلێکی غەرامیی پاراو و بێ گرێ وگۆڵە و لە کەرەسەی کۆنی شیعری عاشقانەی کوردی و فارسی پێکهاتووە. دڵی بە کەباب برژاوی عاشق و خوێنی جگەری بە شەڕاب کراو و چاوی مەخموور و خەواڵوو و..... تەشبیهاتی سواوی ئەو چەشنە شیعرانەن کە بۆ شاعیری ئەمڕۆیی ئەستەم بتوانن خوێنەر بدۆزنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکە ڕەوان و پاراوە و لە گوێی خوێنەر خۆش دێت. بۆنێکی شیعرەکەی

عوقاب: هەڵۆ

خەستە: بریندار، نەخۆش

مەست و خەست: جیناسی ناتەواویان لێ پێکهاتووە.

مەزە: ئەو خواردنەی وا لەگەڵ مەی دا دەخورێت.

مەزاق: تامی دەم؛ (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار بە 'ئیشتیا' و 'چێژە'ی واتا لێداوەتەوە).

نێرگس: گوڵێکە و لە لای شاعیرانی کورد و فارس ئیستیعارەیە بۆ چاوی دڵدار.

بەو حاڵەوە بردوویە: دەگەڕێتەوە بۆ دڵ.

چڕژان: چەشنە شکانێکە زۆرتر بۆ شووشە کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

دایك و بابی: ئەو فەردەی شێخ ڕەزای تاڵەبانیمان وەبیر دێنێتەوە کە لە غەزەلە بەناوبانگەکەی "مەربووتە حەیاتم بە سلێمانی و خاکی"دا، کاتێ لەکاك ئەحمەدی سلێمانی (ئەحمەدی کاکی) دەدوێت، دەڵێ:

*"دەرحەق بە حەفیدانی ئەدەب لازمە زینهار*

*قوربانی حەفیدانی دەبم بابی و داکی"*

مورغەك: باڵندەی بچووك

مورغەکی ئابی: مراوی بچووك، باڵندەیەکی بچووك کە بتوانێ لە ئاودا مەلە بکات.

دڵ و کوڵ: جیناسی ناتەواویان پێ دروست کراوە.

بەکوڵ چوو: بە جۆش و کوڵەوە ڕۆیشت. چوو دەتوانێ واتای لەدەستچوون و فەوتانیش بداتەوە.

بێ دەردوبەلابی: دۆعایە و تەنز و تەوسێکی گلەیی ئامێزیشی تێدایە.

# کاری وا ناکەی

خودا! بۆچی منی بێچارە بێ دەرد وبەڵا ناکەی؟
ئیلاهی! بۆچی دەردی من بە ڕەحمی خۆت دەوا ناکەی؟
شەوێ تا بەربەیان، یارەب! تەمادارم لە دەرکی تۆ
لەبەرچی من بە خاسانت شەوێکی ئاشنا ناکەی؟
ئەگەرچی زۆر گوناکار و هەڵەم، ئەمما ئەتۆ یارەب![370]
کەریمی و جەزام لێناستێنی، کاری وا ناکەی![371]
فەقیر و دەستەوئەژنۆم و ئەتۆ کاتی کەرەم، ڕەببی![372]
دەزانم فەرقی خاوەن تاج و تەختێك و گەدا ناکەی
دڵی هەر بۆیە خۆشە "کامیل" ی بێدەست و پێ ئێستێ
کە فەرقی ڕۆستەم و پیاوێکی وا بێدەستوپا ناکەی

قاقلاوا، ١٣٤٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ٨٠ چاپی ئەنیسی و ٢٥٨ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا "پاڕانەوە لە خودا"یە. "کاری وا ناکەی" عیبارەتێکی جوانە و هاندەرە بۆ ئەوەی گوێ بە خوێنەر قوت بکاتەوە بزانێت ئەوە چ کارێکە و بەکێ دەگوترێت نەیکات؟ بەگشتی، ناوەکە پرسیار لەبەر دەم خوێنەر دادەنێت، ئەوەش لە کاری هونەریدا سەرکەوتوویەکی گەورەیە کە هونەرمەند بتوانێ بە یەك دوو وشەی کورت سەرنجی بینەر و بیسەر بەرەو خۆی ڕابکێشێت. لە زمانی ئینگلیزیدا

---

[370] چاپی ئەنیسی: گوناکار و هەڵەم
[371] چاپی ئەنیسی: کەریمی یو
[372] چاپی ئەنیسی: فەقیر و دەستەووستانم

تایتڵی ڕۆژنامەکان هەمیشە هونەرمەندانە هەڵدەبژێردرێن و هەر بۆیەش هەندێك جار لێ تێگەیشتنیان ئەستەمە مەگەر خوێنەر بە پێشینەی وشەکان یان ڕووداوەکان بزانێت.
شیعرێکی ئایینییە لە جوملەی زۆر شیعری دیکەی هاوچەشن لە ناو دیوانەکەدا. ناوەرۆکی شیعرەکە پاڕانەوەیە لە خودا بۆ ئەوەی شاعیر "بێ دەرد و بەڵا بکات، دەردی دەوا بکات، لەگەڵ خاسان و هەڵبژێردراوانی خۆیدا ناسیاوی بکات، جەزای گوناە و هەڵەکانی لێ نەستێنێ و کەرەمی پێ بکات".
ئاوات وەك موسوڵمانێکی ئیماندار، خۆی بە عەبدێکی تاوانباری دەرگانەی خودا دەزانێت و لێرە و لە گەلێك شیعری دیکەیدا لای خودا "عوزری تەقسیر" دێنێتەوە دەپاڕێتەوە و بەڵکوو خودا لەو تاوانانەی ببوورێت. ئێمە دەزانین کە هەرکەس بچێتە قاڵبی ئەو باوەڕەوە و ئەوە فەلسەفەی ژیانی بێت، لەوکاتەوە کە فام دەکاتەوە تا ڕۆژی مردن، خۆی بە تاوانبار دەزانێت بەڵام هەرگیز ڕوون نییە ئەوە چ تاوانێکە کە وەك قیلی کەوای سپی بە مرۆڤی موسوڵمانەوە نووساوە و نە بە نوێژ و نە بە ڕۆژوو و حەج و زەکات پاك نابێتەوە!
ئاکامی ئەو چەشنە بیرکردنەوەیە دڵسارد بوونەوەی خەڵکە لە ژیان، خەمۆکی و تەنیایی و بێ هیوایی و ئاواتی مەرگ خواستن، کە ئێمە هەموو ئەو دیاردانە لەم شیعرە و شیعرە هاوچەشنەکانی ئاواتدا بە ڕوونی دەبینین. ئەوەی بە لای منەوە سەرنجڕاکێشە ئەوەیە ئەو بێ هیواییەی وا لە ئاواتدا دەبینرێت تەنانەت لە ناو شاعیرانی سۆفی مەسلەکی وەك مەحوی و وەفاییشدا بەو ڕادەیە نابینرێت.
پرسیار ئەوەیە چی وای لە ئاوات کردووە ئەو هەمووە سەرکۆنەی خۆی بکات، بۆ چرکەیەکیش لە ژیان چێژ نەبینێت و هەر بە تەمای مردن بێت؟ ئایا ئەوە کەسایەتی خۆیەتی یان پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو وەك کوڕە شێخ و براشێخ؟ ئەگەر کەسایەتی خۆی بێت، چ تایبەتمەندییەکی ئەو کەسایەتییەیە کە گەیاندوویەتە ئەو پلەیە لە تەرکی دونیا و مافیها؟ تەوازوع و خۆ بەکەم زانی؟ نامیهرەبانی دەوروبەرەکەی هەر لە سیستمی سیاسییەوە تا ئەو خزم و کەس وکارەی وەڵامی چاکەی ئەو بە چاکە نادەنەوە و فێڵی لێدەکەن؟ ناتەواویی لایەنی دارایی و تەنانەت نەداری، سەرەڕای خاوەن بوونی موڵك و گوند؟ ئەو لایەنەی ژیان و کەسایەتی ئاوات جێگەی باسی زیاترە و هیوادارم لە شیکردنەوەی شیعرەکانی دواتردا دیسان بچمەوە سۆراغی.

وشه و زاراوەیەکی وا لە شیعرەکەدا نییە پێویستی بە واتا کردنەوە یان شیکردنەوە هەبێت.
خاسان: کەسانی هەڵبژاردەی جێ ڕەزامەندیی خودا.
ئاشنا: ناسیاو، فارسییە.
کەریم: بەخشەندە
جەزا: سزای خراپ
دەستەوئەژنۆ: کەسێکی هەژاری بێ دەسەڵات کە نەتوانێت چارەسەری کێشەی خۆی بکات.
بێ دەست و پێ و بێ دەست و پا: بێ دەسەڵات
بێ دەست وپێ ئێستێ: جیناسی ناتەواویان لێ پێکهێنراوە ومۆسیقای پیتی /س/ دەدەن بە گوێدا.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

## کام خەبات؟

لەگەڵ یاری خۆم بەجوانی دەدوێم
بە چرای کوڵمیشی دەسووتێم، دەگریم
پێت بڵێم چۆنە ئەو یاری بەڕێز
خەیاڵ بۆ لای دێ، دەکشێ بە پارێز
دڵڕفێن، چاومەست، بەژن و باڵا بەرز
کەڵەگەت، باریك، جوانچاك، شۆخ و تەرز
تۆ بی و خودای خۆت، سەرێك هەڵێنە
بە نووکی غەمزە دڵەکەم دەربێنە
ببە بۆ لای خۆت بیلاوێنەوە
لە بۆتەی عەشقا بیتاوێنەوە
بزانە چی دەوێ پاش قاڵبوون دڵم
دڵەکەم مەشکێنە، تۆ خواکەی گوڵم!
بەزەیەکت بێ بە حاڵوباڵی[٣٧٣]
بە هاوار و داد، بەناڵەناڵی
کە دەرمانی کەی بە پەنجەی جوانت
ئاخری بەکاردێ، دەستم دامانت
فریای نەکەوی، کاری کراوە
جەرگ و دڵی باش بۆت هەڵقرچاوە
تا نەچووە لە قیس ئەو دڵە پڕ کوڵە
تا نەبۆتە چێشت بەو کوڵەکوڵە

---

[٣٧٣] کاتێ شیعرێکی بڕگەیی بە پێوانەی عەرووزی دەپێورێت، واهەیە لە تەقتیعدا هەندێك ناڕێکی پێك بێت. ئایا لەم میسراعەدا دەبێ بەزەیەکت بێ بنووسین یان بەزەییەکت بێ؟ ئەوە بۆ من کە لە تەقتیعدا کۆڵم، جێگەی پرسیارە.

له بۆتەی عەشقا دەریبێنەوە
وەکوو پێم‌کوتی بیلاوێنەوە
بزانە چی دەوێ پاش قاڵبوون دڵم؟
دڵەکەم مەشکێنە، تۆ خواکەی گوڵم
دڵی شێت‌وپێت، سەرگەردان و وێڵ
ماندوو، هەڵوەدا و دوورکەوتوو لە خێڵ
کێهە خێڵ؟ خێڵی لاوی نیشتمان
ئەوەی بە پارێز دەچوون بۆ کوێستان
کام کوێستان؟ کێوی زەنوێری خەبات
کام خەبات؟ ئەوەی گەل دەدا نەجات
جێگای بەزەیە ئەو دڵە وێرانە
ئەو شێت‌وپێتە، ئەو سەرگەردانە
له بۆتەی عەشقا دەریبێنەوە
وەکوو پێم‌گوتی بیلاوێنەوە
بزانە چی دەوێ پاش قاڵبوون دڵم؟
دڵەکەم مەشکێنە، تۆ خواکەی گوڵم

قاقلاوا، ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٨٤ و ٢٨٥ ی چاپی جەعفەر، لەچاپی ئەنیسیدا نییە)

---

شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا دەرنەکەوتووە و ئەگەر سەیرێکی ناوەرۆکەکەی و ڕێکەوتی گوترانی بکرێت، هۆکارەکەی ڕوون دەبێتەوە. ساڵی ١٣٤٠ دەکاتە ١٩٦١ ی زایینی و دەسپێکی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان. لەو سەروحەددەدا بوو، کە لاوانی خەباتکاری کوردی ڕۆژهەڵات دەچوونە باشوور بۆ بەشداری لە شۆڕش. یەك لەوان، ئاغا سەید تاهیری کوڕی ئاوات بوو. ئاوات لەو ساڵانەدا هەندێك شیعری گوتوون کە ئاماژەیان بە شۆڕش و خەبات لە پێناو ڕزگاریی وڵات تێدایە و لە یەك دوو پارچەیاندا داوای گەڕانەوەی عەزیزێکی خۆی دەکات بۆ ڕۆژهەڵات کە دیارە دەبێ هی سەردەمی دووبەرەکی کەوتنە ناو شۆڕشی ئەیلوول لە

لایەك و مەسەلەی کۆنگرەی دووهەمی حزبی دیموکراتی کوردستان و دابەشبوونی خەباتکارانی حزبەکە بێت.
لە ساڵی چاپی دیوانەکەدا لە تاران، (١٣٦٥ ی هەتاوی [١٩٨٦ز])، بڵاوکردنەوەی شیعری نەتەوەیی بە لایەنگری لە خەباتی چەکدارانەی کوردەوە، لە ئێستاش نەگونجاوتر بوو و لە سانسۆردا پێشی پێدەگیرا. هەربۆیەشە چاپی ئەنیسی ئەم شیعرەی لەخۆی نەگرتووە.
تەرجیع بەند [یان مسمط]ێکی کورتی سێ بەشییە[٣٧٤]، کە هەندێك تایبەتمەندی هەیە:
یەکەم، چەند فەرد، میسراع یان تەعبیر لە بەژنی غەزەلەکاندا دووپات بوونەتەوە. ئەوە ئەگەر کارێك بێت بە دەستەقەسد کرابێت، چاك یان خراپ، نوێخوازییەکی تێدایە. بەڵام لەبەر چاوی خوێنەر وا نانوێنێت و وەك کەمایەسییەك لە توانای شاعیریی ویژەرەکەی لە پێناو دابین کردنی بەرهەمێکی نوێ بە ناوەڕۆکی نەچەندان نوێوە دەردەکەوێت.
دووهەم زمانی بەیان کردن گەلێك ساکار و دوور لە ڕازاوەیی شیعرییە بە شێوەیەك کە من بە 'نظم' ناوی دەبەم تا 'شیعر'. هەموو شاعیرێك کەم و زۆر شیعری لاوازیشی هەن بەڵام هەندێکیان هەوڵ دەدەن بڵاویان نەکەنەوە بۆ ئەوەی لە قورسایەتی شیعرە چاکەکانیشیان کەم نەبێتەوە. وێدەچێ ئاوات لێرەدا وای نەکردبێت!
ناوەڕۆکی شیعرەکە بە گشتی غەرامییە و شاعیر ڕووی قسەی لە دڵدارەکەیەتی بەڵام لە بەشی سێهەمدا سوورێك بە بابەتەکە دەدرێت و چەند ئاماژە بە نیشتمان و ئەو لاوانە دێتە ئاراوە کە بە پارێزەوە چوونەتە سەر چیای خەبات بۆ ڕزگاریی وڵات.ئینجا شاعیر سەرلەنوێ دەچێتەوە سۆراغی عەشق و تکاکاری لە دڵدار!
من بە دڵنیاییەکی زۆرەوە دەڵێم ئەو شیعرە هەندێك بەشی تێکەڵ و پێکەڵ کراون یان دوو شیعری جیاواز بوون و لەپاڵ یەك دانراون، دەنا چۆن شاعیرێکی وەك ئاوات لە چیای زەنوێری خەباتی لاوانەوە ڕاست باز دەداتە سەر دڵی وێران و شێت و پێتی خۆی! ئەوە کاری ئەو ئاواتە نییە کە ئێمە دەیناسین. تکام لە ئاغا سەید جەعفەر و هاوکارەکانی ئەوەیە جارێکی دیکە بچنەوە سۆراغی دەستنووسی ئەم شیعرە و هەوڵ بدەن ڕاست و پاکژی بکەنەوە. تەنانەت من بەو تەرکیبەوە کە دەیبینم، ئەو گومانەشم هەیە کە هەر لە بنەڕەتدا شیعری ئاوات بووبێت!

---

[٣٧٤] بۆ مەسەلەی تەرجیع بەند و مسمط بڕوانە ڕوونکردنەوەکانی شیعری پێشوو.

بە حیسابی شیعرێکی ئاسایی عەرووزی، لە سەرجەم ئەم شیعرەدا سەرواکان زۆر باش ڕێك نەخراون و لەگەڵ یەکتردا جووت نەکراون. بەڵام شتێك هەیە کە لێرەدا بە هانای شاعیرەوە دێت ئەویش ئەوەیە دەتوانین ئەم پارچەیە سەرجەم بە شیعرێکی بڕگەیی دابنێین و بڵێین لە شیعری هەجاییدا ئەو دیققەتە کەمترە. سەیرێکی سەروای دوو میسراعی ئەم فەردانە بکەن: دەدوێم و دەگریم؛ بەڕێز و پارێز(بەشی یەکەمی شیعرەکە)؛ حاڵ وباڵی و ناڵەناڵی؛ جوانت و دامانت (بەشی دووهەم)، هەروەها نیشتمان و کوێستان، خەبات و نەجات، وێرانە و سەرگەردانە (بەشی سێهەم). هەر بۆ نموونە بڵێم 'دەدوێم' لەگەڵ 'دەگریم'دا دوو جنسی هاوبەشیان نییە نە بە نووسین و نەبە دەنگ و بیستن.

پارێز: ئەسپایی، ئیحتیات

تەرز: لەبار

غەمزە: ناز؛ ئاماژە کردنی یار بە چاو و برۆ. هەندێك جار واتای 'گوشین'یشی لێ وەرگیراوە. 'غەمز'ی عەرەبیش هەیە بە واتای بەستن و قووچاندن وەك قووچاندنی چاو.

پرسیار ئەوەیە کاتێ کە شاعیر دەڵێ بە نووکی غەمزە چ غەمزەیەکی مەنزووره؟ واهەیە نیازی نووکی برژۆڵ بێت کە غەمزەی پێدەکات؟ هەمان تەعبیر لە شیعری شیرین تەشی دەرێسێی وەفاییدا بینراوە کاتێ گوتوویەتی: *"تاێکی ڕیشەیی دڵ بەنووکی غەمزە دادا"*.

*ئەگەر* غەمزە واتایەکی دیکەی جگە لەوانەی سەرەوەی هەبێت، ئیتر من ئاگاداری نیم.

بۆتە: ئاگردانی زێڕینگەران بۆ تواندنەوەی زێڕ

قاڵ بوون: توانەوە و لاچوونی ناخالیسی و پاك بوونەوە

حاڵ وباڵ: باڵ لەفزی موهمەلە و لێرەدا واتایەکی نییە بەڵام هاوڕێ لەگەڵ حاڵ، هەمان واتای حاڵ دەداتەوە.

کاری کراوە: لەدەست چووە، تەواو بووە.

لەقیس چوون: یان 'لەکیس چوون' لە دەستچوون و فەوتانە. لە کیس چوون دەبێ بە گشتی هاتنەدەر لە کیسە و سەرف کرانی پارە بێت.

کوڵ: جۆش

خێڵ: لێرەدا گروپ و دەستەیە

زەنوێر: جێگەی بڵندی هەوا سازگار (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار) شاعیر بە ئیستیعارە، خەباتی کردۆتە کێوی زەنوێر

کێهە: کامە؟

شێت و پێت: پێت لەفزی موهمەلە و واتایەکی نییە بەڵام لەگەڵ شێتدا هەمان واتای شێت دەداتەوە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

# هەرچی هەم

ئەی سەگی دەرگات لە من پاکتر[٣٧٥]
چاکتر و چالاکتر و بێ باکتر[٣٧٦]
ئەو هەموو دەم کایە دەکات و گەمە
ساغ و سەلیم، تێروپڕ و بێ‌خەمە
من بە زگی برسیی و لات و کزم
ناگەمە دز، ناوەڕم و ناگەزم
ئەو نە خەمی نان و نە ئاوی هەیە
هەرچی کە پێویستە تەواوی هەیە
ئەو، لەشی بۆنخۆشی گوڵاوە، گوڵاو
من بەدەنم پیسە، گڵاوە، گڵاو
ئەو نە خەمی کەس، نە خەمی خۆی هەیە
چونکە هومێدی کەرەمی تۆی هەیە
خۆ منیش ئەی خاوەنی خوانی کەرەم![٣٧٧]
پیرەگەماڵی دەری تۆم، هەرچی هەم
من شەل و پیر و کەسەل و ڕەنجەڕۆ
ڕووم ئەوە کردۆتەوە بەر دەرکی تۆ

---

[٣٧٥] چاپی ئەنیسی: پاکترە. نازانم بەو گۆڕانکارییە چ شتێك لە تەقتیعی عەرووزیدا دەگۆڕێت ناشزانم ئایا شاعیر خۆی کردۆیەتی یان تیمی کاك جەعفەر. هەرچۆنێك بێت، بە گۆڕانکارییەکە هیچ لە واتای ڕستەکان ناگۆڕرێت تەنیا کارتێکەری دەبێ گۆڕانی ئەفاعیلدا بێت. پاکتر لەگەڵ چاکتر و چالاکتر و بێ باکتردا هاوشێوەن بەڵام پاکترە، نا.

[٣٧٦] چاپی ئەنیسی: بێ باکترە

[٣٧٧] چاپی ئینیسی: کەڕەم

گەرچی ئەمن زاهیرەکەم "کامڵ"ـە
خۆ بە یەقین باتینەکەم باتڵە

قاقلاوا، ١٣٤٠ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٠٤ و ٢٠٥ ی چاپی ئەنیسی و ٣٣٥ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە. شیعرێکی ئایینییە، لە پەسنی خودادا گوتراوە، باوەکوو زۆر جاریش هەست دەکرێت نەعتی پێغەمبەری ئیسلامیش بێت.
وەك لە زۆر شیعری دیکەی ئاواتیشدا بینیومانە، لێرەشدا عەبدایەتییەکی بێخەوش و خۆ بچووك کردنەوەیەکی زۆر لە هەموو فەردەکاندا بەرچاوە.
ناگەمە دز: ئەرکێکی سەگی ماڵان گرتنی دزە. ئاوات کە خۆی بە کەمتر لە سەگی بەردەرگای خودا (یان پێغەمبەر) داناوە، دەڵێ من لەبەر برسیەتی و لاوازی ناگەمە ئەوەی دزی دەرگای ماڵت بگرم یان بیگەزم.
لەشی بۆنخۆش: ئەوە، ئەوپەڕی زێدەڕۆیی مرۆڤێکە لە تەعریف کردندا. شاعیر بۆ ئەوەی بڵێ من پیس و گڵاو (گوناهبار)م، خۆی بە سەگ شوبهاندووە و گوتوویەتی ئەو سەگە لەچاو من وەك گوڵاو بۆن خۆشە بەڵام من گڵاوم و پیسم و بۆگەن!
خوان: سفرە
کەرەم: دەهەندەیی
گەماڵ: سەگەنێر
دەر: دەرك وبان
کەسەل: بێ تاقەت و مات
ڕەنجەڕۆ: ڕەنج بە خەسار
زاهیر و باتین: سەنعەتی تضاد (مقابلە)یان دروست کردوە.
کامڵە و باتڵە: مقابەلەیەکیان پێك هێناوە
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
سریع مسدس مطوی مکشوف: مفتعلن مفتعلن فاعلن

# مەرگ

هەلە هەل، مەرگی کتوپڕ لە مرۆ
لەو مرۆوەی کە بووە پەست و ترۆ
مەرگە دێنێ بە پەژارە دوایی،
مەرگ ئەپۆشێ لە مرۆ ڕیسوایی
مەرگە شانازییە بۆ کۆمەڵە پیر
کۆمەڵە پیرێ کە ما دیل و ئەسیر
بە دەسی جەوری زەمانە کەوتوو،
مردویی بیرەوەری ڕابردوو
مەرگە دوایی هەموو تەنگ و چەڵەمە
دەبڕێ دەستی درێژی زەڵەمە
کوا مەرگ بێت و بەخێری بێنم؟
گیانی شیرینمی بۆ دەربێنم
کەی دەڵێن دێ، کە بکەم پێشوازی
بێنمەجێ هەرچی هەیە داخوازی!
باری گەل ئێستە کە وا ناباره،
ڕۆح لەسەر ئەم بەدەنە سەرباره
ژین ئەوا ئاخری هات، جا بەدەرەك،
بەو ژیانە بڵێ "ئەڵڵاهومەعەك"![٣٧٨]
تەم و مژ، دووکەڵ و هەڵمی دڵی گەرم
مۆر و پنج، ترس و لەرز، عەیب و شەرم

[٣٧٨] لە دەقەکەدا وەك ژییانە هاتووە.

هەر لەناو کۆمەڵی ئێمە مۆدە
نوچوە دەر لەم گەلە، یا لەم هۆدە
خەڵکی شەرمی نییە ئامانجی خۆ
لەهەمووجێ دەڵێ بێ شەرم و شکۆ
نە بەعەیب و نە بە عاری زانی
هەرچی بێ، پاکی دەڵێ بەزمانی

قاقلاو، ١٣٤٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٩٢ و ١٩٣ ی چاپی ئەنیسی؛ لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە)

---

شیعرێکی نیشتمانییە. شاعیر سەرەتا بە شان و باڵی مەرگدا هەڵدەڵێ کە کۆتایی بە هەموو پەژارە و تەنگ و چەڵەمەیەك دێنێ و دەستی زاڵمان دەبڕێت و لەکۆڵ مەزڵوومانی دەکاتەوە. ئینجا دێتە سەر باسی خۆی و دەڵێ کەی مەرگ دێت کە بەخێری بێنم و پێشوازیی لێ بکەم؛ بۆ هۆکاری ئەو چاوەڕوانییەش ئەوە دەهێنێتەوە کە "باری گەڵ ئێستە نالەبارە" و بۆیەشە کە ڕۆح لەسەر بەدەنی بۆتە سەربار و کاتی خواحافیزی لەو ژیانە ناخۆشەی هاتووە.
لە دێڕەکانی کۆتاییشدا کۆمەڵگای کورد لەگەڵ کۆمەڵگای گەلانی دیکەدا بەراورد دەکات و دەڵێ ترس و لەرز و شەرم و حەیا هەر لەناو کۆمەڵی ئێمەدا مۆدە کە داوای خواستەکانی خۆمان ناکەین و قسەی دڵمان ڕاناگەیێنین.
شیعرەکە لێرەدا تەواو دەبێت گەرچی خوێنەر هەست دەکات قسەکان بە تەواوەتی نەکراون یان ئاکامیان بە باشی لێ وەرنەگیراوە. دیاردەیەك کە ئەم بۆچوونە بەهێز دەکات بە تایبەت ئەوەیە کە ناسناوی شاعیریی شاعیر لە مەقتەعی شیعرەکەدا ڕانەگەیێنراوە و ئەوەش لە دیوانەکەدا هەندێك نامۆ و دەگمەنە.
هەلە هەل: فرسەتە *(هەنبانە بۆرینەوی مامۆستا هەژار)*. تەئکیدە لەسەر گرنگایەتی هەلی مەرگ بۆ مرۆڤێك کەپەست و ترۆ بووە
پەست: لە زمانی فارسیدا بە واتای بێ ئەخلاقە. لە کوردیدا بە تایبەت لە باشووری کوردستان واتای وەڕەزی و بێ تاقەتی لێ وەردەگیرێت. لێرەدا، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ترۆ هاتووە واهەیە واتا یەکەمەکە زیاتری بگرێتەوە.
ترۆ: ئابڕوو چواو

پەژارە: خەم و خەفەت
کۆمەڵە پیر: من وای تێدەگەم واتای خەڵکانی پیر بداتەوە
جەور: زوڵم
مردووی بیرەوەریی ڕابردوو: ئەوانەی وا تەنیا بە بیری خۆشی ڕابردووەوە دەمرن و داهاتوویان نییە.
تەنگ و چەڵەمە: گرفت و گیری
زەڵەمە: کۆی زاڵمە. عەرەبییە و ئاوات لە چەند شیعری خۆیدا هێناویەتی.
دەرەك: دۆزەخ
مۆر وپنج: هەنبانە بۆرینە پنچ و مۆری بە شات وشووتی بەدرۆ واتا کردۆتەوە. دەبێ بێزاربوونی شاعیر لە قسەی بێ بنەما و دیعایەی زۆر بگەیەنێت.
مۆد: مۆدە، داب و ڕەسم
هۆدە: ژوور
شکۆ: گەورەیی. بێ شەرم و شکۆ ئەودەم دەبێتە کەسێك کە شەرم و گەورەیی لە زاتدا نییە.
عار: عەیب. فارسییە

# دڵی ئاوارە

ئەی هاواڵ هاوار، دەردم گرانە!
لە تاو دەردی خۆم مەرگم میوانە
هێندیش ناوەستێ بەخێری بێنم
ڕۆحە خەستەکەی زوو بۆ دەربێنم
بیدەمە دەستی بیبات و بڕوا
ئیجازەی بدەم بۆ هەرکوێ دەیبا
خۆشیی نەدیوە، پەروەردەی خەمە
بۆ بوردەباریی، هاواڵی کەمە
یەکجار لەمێژە خەم خۆراکییە
خەم بابەگەورە، میحنەت دایکیە!
سەرفیراز نەبن لەو دایك و بابە!
قەدری والیدەین هەرچەند سەوابە
بەڵام ئەوانە یاخوا نەمێنن
کە ڕۆحی شیرین لەمن دەستێنن
ئێستە دووسەعات دوای نیوەشەوە
کە عالەم هەموو ئالوودەی خەوە
ئەمن و ئەستێرەی ئاسمان بێدارین
هەردوکمان وەك یەك دڵ بریندارین
فریشتەی ڕەحمەت لێمان تۆراوە
نەگبەت لە سەرمان قنجکە سڵاوە!
دەك بەخێر نەیە! پیس و گڵاوە
لە سەر نوچکەی دڵ هەڵتروشکاوە
هەر دەڵێی کوندە لەسەر دوندانە

هەر هەڵدەنیشێ لەسەر وێرانە
زووخاو، خۆراك و غەم نەدیمیە[379]
بە شەو و بەڕۆژ 'یاکەریم'یە
بەتەنیا دڵێك ئەوە هەموو بارە!
تەنیا گوڵێك و ئەو هەموو خارە؟
پەردەی دڵ دڕا، دڵ سەروبنە
پەڕەی گوڵەکەم پاکی کون کونە
دەرمانی دەردم لە لای ئێوەیە
وەکوو بیستوومە، وا بەڕێوەیە
یاخوا بگاتێ، ڕیشەی دڵ دەرهات
قەدەم بەخێرە قافڵەی بەزەکات
چاوەڕێی ڕەحمم، تۆبی و خودابیت،
مەمکە ناهومێد لە دەرکەی شاییت!
یاکەریم، ڕەحمێ، ڕۆژی چارەیە
پێغەمبەر، فیکرێ، دڵ ئاوارەیە

قاقلاوا، ١٣٤٠ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٧١ و ١٧٢ ی چاپی ئەنیسی؛ لە چاپی جەعفەردا نییە)

---

غەزەلێکی ساکارە. لە چاپی جەعفەردا نەهاتووە.
غەزەلێکی دیکەی ئاوات هەیە کە عینوانەکەی 'بەخشین'ە و ئاوا دەست پێدەکات:
هەی هاوار هاواڵ بارم گرانە
پشتم جدەو بوو، ماڵم وێرانە.
میسراعی یەکەمی مەتلەعی ئەو شیعرە تا ڕادەیەك هاوشێوەی ئەم غەزەلەیە بەڵام پاشماوەی فەردەکانی بە تەواوەتی لەو جیاوازن.

---

[379] لە دەقەکەدا وەك زوخاو نووسراوە

ئەم غەزەلەی بەردەست، بە شەرحی بارودۆخی ڕۆحیی شاعیر دەست پێدەکات، کە بێ هیوایی و ماندوویی لە ژیانی لێ دەبارێت، بە تایبەت کاتێ کە ژیان بە "دەرد"ێك دەناسێنێت و گلەیی دەکات و دەڵێ:

*بەتەنیا دڵێك، ئەو هەموو بارە؟*

*تەنیا گوڵێك و ئەو هەموو خارە!*

لە درێژەی ئەو ڕوونکردنەوانەدا کە سەبارەت بە ژیانی خۆی بۆ "هاواڵ" یان "هاوالان" ی خۆی دەگێڕێتەوە(فەری ١ تا ١٥)، لە فەردی ١٦ دا دەڵێ:

"دەرمانی دەردم لە لای ئێوەیە

وەکوو بیستوومە وا بەڕێوەیە!"

لێرەدا خوێنەر دەکەوێتە بیرکردنەوە: ئەوە چ دەرمانێکە کە بە ڕێوەیە و ئەو دەرد و ئازارەی شاعیر لە ناو دەبات؟ ئایا مەرگە؟ ئەگەر وابێت، بۆچی هاوالان بۆی دەهێنن؟ واهەیە بگوترێ نا، ئەوە هاوالان نین کە هەواڵی مەرگی بۆدێنن بەڵکوو خودا و پێغەمبەرن (بڕوانە فەردی کۆتایی شیعرەکە واتە 'مەقتەع' کە تێیدا لە 'کەریم' داخوازی ڕەحم و لە 'پێغەمبەر' تکای فیکرێك دەکات). ئەو ڕەحم و فیکرە چین جگە لە هێنانی کۆتایی بە تەنگدەستی ژیانی ئاسایی ئەو؟.

ئەگەرێکی دیکە دەکرێ سەردانێکی دۆستەکانی بێت کە بە ئاواتی دەخوازێت؟ ئەو ئەگەرە تا ڕادەیەك وێچووە لەبەر ئەوەی پێشتریش دیومانە ئاوات چەندە هەست بە تەنیایی دەکات و تامەزرۆی دیداری هاوڕێکانیەتی و ئەو گەرم وگوڕییە لە بەشی گۆڕینەوەی نامەی شیعری لەگەڵ کەسانی وەك مامۆستا حەقیقیدا دەردەکەوێت.

ئەی تۆ بڵێی مەسەلەکە گەورەتر نەبێت و ڕزگاریی نیشتمانی شاعیر نەبێت لە دەست داگیرکەران؟ لەبیرمان نەچێت کە شیعرەکە لە ساڵی ١٣٤٠ ی هەتاوی (١٩٦١ز.)دا گوتراوە. ئەو ساڵە هێشتا شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێ نەکردبوو بەڵام سەرەتای چوونی لاوانی سەر بە حزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێرانەوە بەرەو باشووری کوردستان پەیدا ببوو. حکوومەتی شا لە دامەزراوێکی قورس و قایم دەچوو و ساواك و ڕوکنی دووی ئەرتەش لە دوو هێرشی گەورەدا، ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی کوردیان خستبووە زیندانەوە. بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، سەید تاهیری کوڕی ئاوات، کە لە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستاندایە، دەچێتە باشووری کوردستان و ئاوات خۆیشی بە شێوەی غیابی دەکرێتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی حزب و هەر ئەو

چالاکییە سیاسییانە و پەیوەند لەگەڵ پێشمەرگەیە کە چەندساڵێك دواتردەبێتە هۆی گیران و دوو ساڵ لە زیندان مانەوەیدا.
ئەو ئاماژەیەم بۆیە بوو کە بڵێم دەکرێ هۆی کەساسی و بێ هیوایی شاعیر لەم پارچە شیعرەدا، سیاسی بێت و ئەو هاوالانەی وا بانگیان دەکات و دەڵێ "دەرمانی دەردم لای ئێوەیە" و "بەرێوەیە"، واهەیە هاورێیانی حزبیی شاعیر بن و ئەو بەرێوەیە بریتی بێت لە راپەرینێك دژ بە رژیمی شا، کە تا مۆخی ئێسقان ناخۆشی دەویست. من زیاتر لەگەڵ ئەم ئەگەرەی دواییدام.
بوردەباری: تەحەممول. فارسییە
سەرفیراز: سەربەرز. فارسییە
سەرفیراز نەبن...: دەگەرێتەوە بۆ خەم و میحنەتی فەردی پێشوو، کە گوتبووی وەك دایك و بابە گەورەمیان لێهاتووە!
والیدەین: دایك و باب
ئالوودە: تێکەڵاو بوون، لەگەڵ شتێك یان کەسێکدا بوون، لێرەدا دەست لەملانی خەو بوونە.
قنچکە سلاو: قنچکە زیپکەیە؛ قنچکە سلاو باپشکێوە (بە فارسی گل مژە) *(هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)*
نوچکە: لووتکە، بەرزایی
دوند: ترووپکی کێو
نەدیم: خزمەتکار و پارێزگاری کەسێك
قافڵەی بە زەکات: کاروانێکی بازرگانی کە زەکاتی درابێت

## بۆ هاواڵی ڕۆیشتوو

لەو وەختەوە ڕۆیشتووە لام هێزی دوو ئەژنۆم
هاوڕەنگی گوڵی زەردم و هاودەنگی کزەی خۆم
پەروانەم و ئەمما نییە[٣٨٠] شەمعێ کە بسووتێم
خەم بوو[٣٨١] کە وەراندوویە لەمن هەرچی پەڕ وپۆم
یا بولبولم و نیمە گوڵی باخ و لە داخان
لەم قۆنجرە هێلانەیە، وێرانەیە، نارۆم!
هەستە وەرەوە ڕۆحی ڕەوان، مایەیی ژینم
هەرچێکی خەتای تۆیە، ئەمن دەیخەمە ئەستۆم
'کامیل' بە تەنێ مایەوە، ئەژنۆیەتی هاواڵ
بۆیە بە خەم و دەردەوە ئێستێ دەسەوئەژنۆم!

قاقلاوا، ١٣٤١ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٩٢ ی چاپی ئەنیسی و. ١٣٣ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'بولبولی بێ گوڵ' ە.
گومانم لەوەدا نییە ئەم شیعرەش لە سەردەمێکدا گوترابێت وا سەید تاهیری کوڕی شاعیر و چەندەها کەسی دیکە لە لاوانی کوردی ڕۆژهەڵات چووبوونە یاریدەی شۆڕشی ئەیلوول لە باشوور و لەوێ کۆنگرەی دووهەمی حزبی دیموکڕات لە سەردەمی نەمر ئەحمەد تەوفیق (عەبدوڵڵای ئیسحاقی) دا، بەسترا. سەید تاهیری کوڕی شاعیر یەك لەو کەسانە بوو و خەڵکانی ناسراوی دیکەی ئاوات وەك کاك سەلاحی

---

[٣٨٠] . نیە، چاپی ئەنیسی.
[٣٨١] . بو، چاپی ئەنیسی

موهتەدی و نەمر محەممەدی ئێلخانی زادەشی لەگەڵ بوون کە دۆست و هاوبیری ئاوات و کوڕەکەی بوون.

بە بۆچوونی من 'عینوان'ی شیعرەکە بە هەڵە دانراوە و ئەو شیعرە بۆ هاواڵ [هەڤاڵ] ی شاعیر نەگوتراوە کە بۆ نموونە، دەیتوانی یەك لەو دوو کەسە بێت وا لە سەرەوە ناوبردەم کردن. بەڵکوو ڕووی قسەی ئاوات ڕاستەوخۆ لە سەید تاهیری کوڕیەتی، ئەوەش بە چەند نیشانەی ناو شیعرەکەدا دەردەکەوێت:

١. تەعبیری وەك 'هێزی دوو ئەژنۆم' و 'ڕۆحی ڕەوان' و 'مایەی ژین' دەبێ بۆ کەسێکی گەلێك نزیکی شاعیر بێت نەك ناسیاو و دۆست؛
٢. خاڵی لەوەش بەهێزتر ئەو شوێنەی شیعرەکەیە وا دەڵێ: "هەستە وەرەوە ... هەرچێکی خەتای تۆیە، ئەمن دەیخەمە ئەستۆم". بۆچوونی من ئەوەیە تا ڕادەیەکی زۆر ئاشکرایە کە بەرگۆی شیعرەکە، سەید تاهیری کوڕی شاعیرە کە باوکی دەیەوێت بگەڕێتەوە و خۆیشی ببێتە زامن و کەفیلی بۆ ئەوەی ساواك دەستی لەکۆڵ بکاتەوە.

لەبیرمان نەچێت کە لە ماوەی هەر ئەو ساڵانەدا بە هۆی ناکۆکییەکانی ناو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەکەوە و هەوڵی ساواك و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بۆ گەڕانەوەی ئێران و دوورکەوتنەوەیان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش لە لایەکیتر، هەروەها بە هۆی ناکۆکی نێوان بارزانی و دەفتەری سیاسییەوە، زۆرێك لەو لاوانەی وا چووبوونە گەرمێن، گەڕانەوە ئێران و ئەمان نامەیان وەرگرت، یان لەگەڵ باڵی "شۆڕشگێڕ" ی حزب کەوتن و شەهید بوون.

لە بەشەکانی پێشووی ئەم زنجیرەیەدا باسی دوو پارچە شیعری دیکەی ئاواتیشم کردووە کە لە هەمان ئەو ساڵانە و ئەو هەل و مەرجەدا گوتراون و ڕوویان لە سەید تاهیرە.

بەڵام هۆکار بۆ ئەوەی لە چاپی جەعفەردا عینوانی هەڵە بۆ شیعرەکە دانراوە دەبێ مەسڵەحەتی سیاسی بێت و ئەو ڕاستییەی کە کۆماری ئیسلامی و دام و دەزگای سانسۆڕ لە وەزارەتی ئیرشاد لە بەرانبەر ڕاستییەکانی خەباتی کورد لەو ساڵانەدا حەساسن و بە دڵنیایی عینوانەکە، یان جەعفەر خۆی بۆی داناوە یان لە قۆناغی ئیجازە وەرگرتنی چاپ لای وەزارەتی ئیرشادی مەلاکان، مەجبوور کراوە بیگۆڕێت و ئەویش بەو شێوەیەی دەرهێناوە.

دیاره من له دووره وڵاتی ئەو بۆچوونانه دەردەبڕم و کەرەسەی پێویستم بۆ پرس وجۆ و لێکۆڵینەوەی مەیدانی نییه و هەربۆیەش گەلێك گونجاوه هەڵه بکەم. کەوابوو، 'ئەگەر'ێکیش ئەوه دەبێت شاعیر شیعرەکەی بۆ هاوڕێ و دۆست و هەڤاڵێکی نزیکی خۆی گوتبێت که زۆری خۆش ویستووه و به نووری چاوی خۆی زانیوه. بەو بۆچوونەوه دەتوانم بڵێم عینوانی دانراوی جەعفەر بۆ شیعرەکه له شوێنی خۆیدایه بەڵام بۆ کێ گوتراوه، نازانرێت.

وشه و تەعبیری ناو شیعرەکە:

قۆنجڕ، نه هەنبانه بۆرینەی هەژار و نه فەرهەنگی خاڵ ئەم وشەیەیان نەگرتووه[٣٨٢]. من وا هەست دەکەم واتای شوێنێکی تەنگەبەر بداتەوه. گومان لەوەدا نییه که نیازی له شوێنەکە، هێلانه واته ماڵی خۆیەتی که به وێرانەی دادەنێت ئەویش دوای 'ڕۆیشتنی هێزی دوو ئەژنۆی' واته ئەو کەسەی وا شیعرەکه بۆ ئەو گوتراوه. تەنێ، تەنیا 'هاودەنگی کزەی خۆ بوون' و 'به خەم و دەردەوه دەسەوئەژنۆ بوون' دوو تەعبیری جوانن.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

[٣٨٢] . هەردوو فەرهەنگەکە 'قوونجڕکە' یان به واتای [گیای] پەیکوڵ هێناوه.

## یەکیەتی

کارگەر و ڕەنجبەر و وەرزێر و هەموو چین و دەچین
بۆ بە دەس گرتنی مافی گەلەکەم یەك دەکەوین
شەوی نەگبەت چووە، ڕۆژمان لە کەلی ئازادی
هاتەدەر خالە، دەسا هەستە لەخەو، لابە سەرین!
سەر لە سەر ڕێگەیی ئازادی نەچێ، باری لەشە
وەکوو گۆ بەرشەقی دەن چاکە کوڕ وکالّی بەتین
دەست دەنە دەست و وەرن ئەی گەلی ئازا و نەبەزا!
دەرفەتە، ئێستە لە نێو ئێمە نە ڕق ماوە نە قین
ژێرچەپۆکەی ئەم و ئەو هەر بەشی ئێمەی مەرد بوو
با لەمەولاوە بە ئازادی و سەربەستی بژین
یەکیەتی پێ دەوێ هەر میللەتێ هەستی ژین کا
وەرن ئەی کارگەر و وەرزێر و هەژار و مسکین
کامیل ئەمڕۆکە دەلێ ڕۆژی هەلە، دەس دەگرین
شایی ئازادییە، بێ ترس و خەفەت هەڵدەپەڕین

قاقلاوا، ١٣٤١ ی هەتاوی
(لاپەڕە و ١٠٦ ی چاپی ئەنیسی و ١٦١ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا گەلێك جوانە: 'شایی ئازادی'، کە ئەویش لە فەردی کۆتایی شیعرەکە وەرگیراوە. شوێن و ساڵی گوترانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەك دیاری کراون.
ئەم پارچە شیعرەش وەك ئەوی پێشتر، سیاسییە. ساڵی گوترانی شیعرەکە ١٣٤١ (١٩٦٢) ە و بەم پێیە دەبێ دیسانەکە لە پەیوەندی شۆڕشی ئەیلوولدا بێت لە باشووری

کوردستان. چەند وشە و تەعبیری ناو شیعرەکەش ئەو بۆچوونە بەهێز دەکەن: مافی گەلەکەم، ئەی گەلی ئازا ونەبەز، ژێرچەپۆکەی ئەم وئە هەر بەشی ئێمەی مەرد بوو، یەکیەتی میللەتێ هەستی ژین کا.
بەڵام بە تەنیشت ئەو بۆچوونە غاڵبەوە، ئەگەرێکی دیکەش هەیە: ساڵی ١٣٤١ لە مێژووی ئێراندا بە ساڵی ڕیفۆڕمی ئابووری – سیاسیی دەناسرێت. لەو ساڵەدا زەوی بە سەر وەرزێراندا دابەش کرا و هەندێك بەرنامەی ئیسلاحاتی دیکە لە لایەن محەممەدڕەزاشای پەهلەوییەوە ڕاگەیێنرا و لە لایەن حکوومەتەوە بەڕێوە برا، کە یەکیان سپاه دانش و ئەویتریان مافی دەنگدانی ژنان بوو. لە ناوچەی ئێمەدا ئیسلاحاتی ئەرزی و دابەشکردنی زەوی دەنگێکی زۆری دایەوە و ڕۆژانە لە سەر شەقامی شارەکان خۆپیشاندان بوو بۆ پشتگیری کردنی بەرنامەکە و تەئییدی حکوومەت. گەرچی هێزی چەپ لە ژێر کارتێکەریی سۆڤیەت و لە ڕێگەی ڕادیۆی وەك "پەیکی ئێران" ەوە دژ بەو ئیسلاحاتە وەستا، بەڵام لە ڕاستیدا گۆڕانکارییەکی سەرەکی بە سەر کۆمەڵگای ئێران هێنا و سیستەمی کۆنی فێئۆداڵیی بنەبڕ کرد.
من لەو سەردەمەدا لە گوندەکانی دەوروبەری بۆکان و سەقز مامۆستا بووم و بەشێکی بەرچاوی ڕووداوەکانم بە چاوی سەر بینیوە و خەڵکەکەم ناسیوە. بۆنموونە، لەبیرمە هەندێك شاعیری ناوچەی بۆکان لە سەر گوشاری حکوومەت، یان بە خواستی خۆیان، بە شان و باڵی ڕیفۆڕمەکانی شایاندا هەڵدەگوت و لە هەندێك کۆبوونەوەدا شیعریان دەخوێندەوە. ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا سەیدکامیلیش لەم شیعرەدا هەر ئەو کارە دەکات؟ چەند تێرم و عیبارەتی ناو شیعرەکە دەڵێن بەڵێ وا بووە: کارگەر و ڕەنجبەر و وەرزێر، هەموو چین[ەکان] و هەژار و مسکێن.... کارگەر و وەرزێری هەژار و مسکێن ئاماژەن بەو لایەنە چینایەتییەی ڕیفۆڕمەکانی شا، کە بڵیندگۆکانی ڕژیم لەو ساڵانەدا بانگەوازیان بۆ دەکرد و جیاوازە لە دروشمەکانی شۆڕشی نەتەوایەتی ئەیلوول. بەڵام ئەوە بۆچوونێکە لە سەر بنەمای یەك دوو تەعبیری ناو شیعرەکە، لە کاتێکدا پاشماوەی پەیامی شاعیر لێرەدا وێدەچێت بۆ شۆڕشی ئەیلوول و کێشە نەتەوایەتییەکە بێت نەك ئیسلاحاتی ئەرزی شا. بەڵام وەك گوتم ڕەگەزی هەردوو ئەو بۆچوونانە لە شیعرەکەدا دەبینرێن و منیش بە داخەوە دەستم بە ناوخۆی وڵات ڕاناگات چۆنیەتی مەسەلەکە لە کەسانی نزیك لە شاعیر بپرسم، ناچار بە بۆچوونی خۆم، ڕاست یان چەوت، قەناعەت دەکەم.

خاڵی گرنگ لەو پەیوەندییەدا ئەوەیە ناکرێ تەنیا بە حوکمی پێگەی چینایەتی شاعیر بڕیاری کۆتایی دەربکرێت. کەم نین ئەو هونەرمەندە بەرپرسانەی وا پشت دەکەنە بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان و ڕوو لە خێروبێری کۆمەڵانی خەڵك دەکەن. ئەو شاعیرانەش کە شیعریان بۆ "انقلاب سفید" ی شا گوتووە، وا نەبووە لە گۆڕانکارییەکاندا ڕاستەوخۆ بەرژەوەندییەکیان هەبوویێت و تەنیا بەرپرسیایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی کردوونیەتە لایەنگری دیارەدەی نوێ و دژ بە سیستەمی کۆنی فێئۆداڵی هەڵوێستی پێگرتوون دەنا هەرسێکیان لە لایەن ڕژیمی شاوە ڕاونراون و کەم و زۆر لە زیندانی ئێراندا خەوتوون.
ئەوە ئەرکی سەرەکی ڕووناکبیری بەرپرسە کە هەست بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی بکات و پشتی بگرێت لە کاتێکدا واهەیە خەڵکی دیکە هەستی پێ نەکەن یان لەبەر هەر هۆکارێك پەسنی نەدەن. وەك لە سەرەوە گوتم لەوساڵانەدا چەپی ئێران لە ژێر کارتێکەریی سیاسەتی یەکیەتی سۆڤیەتیدا دژ بە هەنگاوی پێشکەوتووانەی ڕژیمی شا بۆ دابەشکردنی زەوی خاوەن ملکان وەستا و ناڕاستەوخۆ کەوتە بەرەی مەلاکانی قوم و ئاغاواتی دژبەری ڕیفۆڕمەکانەوە. بە بۆچوونی ئێستای من ئاوات ئەگەر تەنانەت شیعرەکەی لە پەسنی "شۆڕشی سپی" حەمەڕەزاشادا گوتبێت، هەڵەیەکی سیاسی نەکردووە، ئەوە گۆڕان و وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە ئێرانێك کە لە ژێر زوڵم و زۆری ئاغاواتدا دەیناڵاند بەڵام چەپی بێ ئەزموون و تا ڕادەیەك گوێ لەمستی "برای گەورە" بەو ڕاستییە زەقەی نەدەزانی.
هەر چۆنێك بێت، زۆر نیشانە لە شیعرەکەدا بەرچاون کە بۆ پەسنی شۆڕشی ئەیلوول و ڕاپەڕینی کوردان گوتراوە نەك بۆ ڕیفۆرمەکانی شا، نموونەی چەند تەعبیر و تێرمی ناو شیعرەکەشم پێشتر هێنایەوە کە بۆچوونەکەم پشتڕاست دەکەنەوە. کۆتایی قسە، شیعرەکە بۆ من هەردوك ئەو ئەگەرانە گونجاو دەکات بەڵام ئەگەری بەهێزتر ئەوە دەزانم کە بۆ شۆڕشی ئەیلوولی کوردان لە باشوور گوترابێت نەك ڕیفۆرمەکانی شا لە ئێران. بەتایبەت کە پێش و دوای ئەو ڕێکەوتەش شیعری دیکە لە ئاوات نەبینراوە هەڵوێستی وای تێدا گیرابێت.
وشە و تێرمی ئەستەم لە شیعرەکەدا نییە جگە لە شوێنێکی فەردی یەکەمدا:
*"چین و دەچین". چینی یەکەم تەبەقە و کلاسی چینایەتییە، ئەی "دەچین" چییە؟ بڵێی 'دە' یەکە هەمان حەرفی تەعریف نەبێت کە لە مەنگەڕایەتی و مامەشایەتی کەڵکی

لێوەردەگرن؟ ئەگەر وابێت دەچین یش هەر واتای چین دەداتەوە کە لە سەرەوە گوترا. ئەگەرێکی دیکە ئەوەیە کرداری چوون بێت بەڵان دەچینە کوێ؟

سەرین: سەنیر، باڵنج

شاعیر بۆ پاراستنی سەروا وشەی 'مسکێن' ی لە بیچمی فارسییەکەیدا هێناوە: مسکین گەرچی شێوازی بە کوردیکراوی مسکێن لە شیعری شاعیرانی کورددا هاتووە:

*"...غەیرەز ئەمە چارەم نییە، مسکێنم و شا نیم"* (فانی)

تەنانەت پەندێکی کوردیش بەو وشەیە دروست کراوە:

*"دێی فرە کوێخا مسکێن هەڵناگرێ!"*

بەحری عەرووزی شیعرەکە،

رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

# ئەوپەڕی کوردایەتی

دەمێك بە باسی کورد نەکرێتەوە،
وتەی خۆشی ئەو نەگێڕێتەوە،
سپاسی لاوان بەو نەبڕێتەوە
وەڵامی کوردی پێ نەدرێتەوە
ئەو دەم و لێوە یارەبی ڕەق بێ
پووکی داڕزێ، ددانی لەق بێ

چاوێ نەڕێژێ کلی خەمباری
نەژیێنێتەوە کانی بەهاری
فرمێسکی سووری لێ نەبێ جاری
هەڵنەقوڵێ خوێنی دڵی هەژاری
ئەو چاوە یاخوا پڕی کەن لە خوێ
وەنەوز نەدا، ساتێ نەسرەوێ

دەستێ نەنووسێ گۆڤاری مێژوو
نەنووسێ بە خوێن، زەبروزەنگی زوو
نەخاتەوە بیر کاتی ڕابردوو
زۆرداری دوژمن نەخاتەوە ڕوو
ئەو پیلە یاخوا لە بنڕا دەرێ
لە نینۆکیڕا بڕزێ تا سەرێ

شانێ هەڵنەگرێ چەکی ڕزگاری
شان لە شان نەدا زۆر بە وشیاری
کۆڵەپشتی چەك نەبێتە باری
دەنگی تفەنگی نەگاتە شاری
یاخوا جدەو بێ ئەو شان و ملە!
یاڕەبی کۆڵ بێ ئەو دەست و پلە

ئەو پێیە نەچێ خێرا بەرەو پێش
بەرەو سەندنی تۆڵەی ئۆف و ئێش
ماندوو نەبێت و هەمووی نەبێ ڕێش
لە ڕێی خەباتا نەبێتە دەروێش
با هەر لە کۆتدا بڕزێ ئەو پێیە
بوونی پێی بێکار پووچە، بێجێیە

قاقلاوا، ساڵی ١٣٤٢ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٨٩ و ٣٠٠ ی چاپی جەعفەر، لە چاپی ئەنیسیدا نەمدۆزییەوە)

---

شیعرەکە باوەکوو **٢٣** ساڵ پێش بڵاوبوونەوەی دیوانی چاپی ئەنیسی گوتراوە، بەڵام لەو چاپەدا بەرچاو ناکەوێت. من هۆکارەکەی تەنیا بەوە دەزانم کە لە کاتی چاپەکە (١٣٦٥)دا بارودۆخی سیاسی تەنانەت لە چاو ئێستاش خراپتر بوو و بەهۆی بەردەوام بوونی شەڕی مەلاکان لەگەڵ کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شەڕ لەگەڵ عیراق لە لایەکی دیکەوە، سیستەمی سیاسیی ئێران بە چوارچاو دەیانڕوانییە بابەتی چاپەمەنی و هەربۆیەش ئەم چەشنە شیعرە نەتەوایەتییانە یان لە سانسۆردا قرت کراون یان شاعیر خۆی و مامۆستا ئەنیسیش کە ئاگاداری بارودۆخەکە بوون، خۆیان ئەو شیعرانەیان نەناردۆتە بەردەم دەزگای سانسۆر.
تەرکیب بەندێکی دیکەیە و لە پێنج بەند پێکهاتووە. لێرەشدا بەندەکان غەزەل یان قەسیدە نین بەڵکوو چوارینەن.

ناوەرۆكی شیعرەكە نەتەوەییە و باس لە خزمەت كردنی نیشتمانی كورد دەكات لە لایەن تاكە كەسی ناو كۆمەڵگاوە. سەرەتای هەموو بەندێك لەو پێنج بەندە ناوی ئەندامێكی لەشە: دەم، چاو، دەست، شان و پێ. بە گوێرەی شاعیر هەركام لەو ئەندامانە دەبێ لە خزمەت كورد و دەرد و مەینەتییەكانیدا بێت و چەكی بۆ هەڵبگرێت و بۆ سەندنەوەی تۆڵەی ئێش و ئۆفەكانی گەل، بەرەوپێشەوە بچێت.

كۆتایی هەر بەش، واتە تەرجیعەكەش، نزاكردنە لە ئەندامەكان ئەگەر ئەو ئەركانە بەڕێوە نەبەن: دەم و لێوە ڕەق بن، چاو خوێی تێبكرێت، پیل لەبنڕا دەربێت، شان جدەو بێت و پێ لە كۆتدا بڕزێت!

ئەو چەشنە شیعرە شاعیرانی دیكەی كوردیش گوتوویانە. من بیستوومن بەڵام تەنیا ئەو تەرجیع بەندەی مامۆستا قانعم لە زیهندا هەیە كە دەڵێ:

*"سەرێ پڕ نەبێ لە سەودای نیشتمان*
*دایم گێژ نەبێ لە خەم بێدەستان*
*گەر نەیەتە سووڕ بۆ دەوای دەردان*
*هەر تەوالێت كا و مێزەری گران،*
*لە خوا ئەخوازم كە بەبڕین چی*
*تا دواهەناسەی بە زار و شین چی!..."*

سپاسی لاوان...: واتە كۆتایی قسەی لاوان سپاس كردنی ئەو نەبێت، ... یاڕەبی وا و وای لێ بێت!

كل: كلە، بە عەرەبی كوحل. ماددەیەكە دەیكەنە چاوەوە بۆ ڕەش كردنەوە.

نەژیێنێتەوە...: ئەگەر ئاو كەم بێت هەندێك كانیاو لە هاویندا كوێردەبنەوە واتە ئاویان نامێنێت، بەڵام بە بارانی بەهار سەرلەنوێ هەڵدەتۆقن و دەژیێنەوە.

وەنەوز: سەرخەو، خەوی ماوە كورت

سرەوتن: داكەوتن و هێور بوونەوە.

شان لە شاندان: شان بەشان بوون بەرانبەر بوونە، بەڵام لێرەدا شان لەشاندانە بە واتای ڕووبەڕوو بوونەوە و گەڕ تێ ئاڵاندنی دوژمن.

كۆڵە پشت: جانتای لەپشت قایم كراو

دەنگی تفەنگی...: بۆ شەڕی چەكدارانەی كورد، دیارە چاوی شاعیر تەنیا لە گوندەكان بووە كە دەڵێ تەقەی تفەنگی چەك هەڵگری كورد دەبێ بگاتە ناو شارەكانیش. ئەوە بە هۆی نیشتەجێ بوونی سوپا و پۆلیسی ئێرانی لە شارەكان و

ئازادبوونی ڕێژەیی گوندەکانەوە بووە. لە سەردەمی مەلاکاندا سوپا و بەسیج لە شار و لە دێ بڵاو بوونەتەوە و بە بەر لووتی گوندییەکانیشەوەن! بارودۆخی خەبات لە ئێستادا گەلێک جیاوازە. شیعری سیاسیی ئەو ساڵانەی شاعیرانی کورد ناڕاستەوخۆش بێت لە ژێر کاریگەریی 'مائۆئیزم'دا بایەخی زۆر بە خەباتی گوند دەدات تا شار و ئەوە هاندەری زۆر کاری چەکدارانە بوو کە تێکشکانیان بەدوادا هات.

جدەو: ماندوو. بریندار

تۆڵەی ئۆف و ئێش: ئەو ئێش وئۆفەی وا تووشی گەلی کورد هاتووە.

ڕێش: بریندار

دەروێش: لێرەدا هەژار و بێ عەنوایە.

کۆت: دارێکی گەورەی قورسە لە ڕابردوودا خراوەتە لاقی ئەسیر و زیندانی بۆ ئەوەی نەتوانێ هەڵێت.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

# بەرخی نێر

نیشتمان، قوربانی کانیاو و زنەی زەنوێرتم!
گیانفیدای ڕەشماڵ و شوان و مێگەلی سەر بێرتم
کوشتەیی کاڕەی مەڕ و بەرخ و بنە و هاوێرتم
عاشقی ئاسکی چیای بژوێن و جوان و تێرتم
گیانەکەم، ئەمنیش بە کارت دێم و بەرخی نێرتم!

ڕۆح فیدای سروەی بەیانانی عەبیرئامێزەکەت
دڵ بە قوربانی سریوەی تەیرە بێ پارێزەکەت
گیانەکەم، ڕۆڵەی ئەتۆ ڕێك چاوەڕێی ئاخێزەکەت
بیگرە باوەش لە هەل دا پێشمەرگەی هێزەکەت
پاسەوانی ناوچەکانی پڕ لە زێو و زێڕتم

هەر لە سەر لوتکەی چیا خەملیوە تا خوارێ بە گوڵ
هەرکەسێکی بەرهەڵستی سەربەخۆییتە بەدڵ،
پێی بڵێ وا مەنجەڵی قینی گەلم هاتۆتە کوڵ
ئەی عەجەم! بۆی دەرکەوە، ئەی لنگ ڕەشی ڕووت، لاتەقول!
خۆ ئەگەر کوردیشە، فەرموو ناهومێدی خێرتم

کێ بوو وەك شێری ژیان خێرا لە بێشەی دەرپەڕی؟
سیپەلاکی دوژمنی کوردی بە نەشتەر هەڵدڕی
ئارەقی کاتی خەباتی قەت لە ئەستۆ نەستڕی
نیشتمان بانگی دەکا یاخوا بژی، هەر تۆ کوڕی

چاوەڕێی پڕدانی توند وتۆڵ و هەرووەك شێرتم

هەرکەسێ کورد بێ و "زرنگ" بێ، چاوەنۆڕی هەل دەبێ
پێشەوا و خاوەن شکۆە و قارەمانی گەل دەبێ
جێگەیی شانازی و هیوای هەموو کۆمەڵ دەبێ
خاوەنی کانیاو و چیمەنزار و باغ و گوڵ دەبێ
نیشتمان، ئەمنیش لە باغتدا ئەوا ئاودێرتم!

قاقلاوا، ١٣٤٢ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٢٧٣ و ٢٧٤ ی چاپی جەعفەر، لە چاپی ئەنیسیدا نییە)

---

پێنج خشتەکییەکی نیشتمانییە، ڕەنگی توندڕەوی پێوە دیارە بەڵام شووینیستی نییە. لەو شوێنەدا کە باسی عەجەم دەکات نیازی لەو کەسانەیە کە 'بەرهەڵستی سەربەخۆیی کوردستان'ن و دەڵێ ئەگەر دژی ئەو بیرۆکەیەن با لە کوردستان بڕۆنە دەرەوە. دیارە بە دوو سیفەت سووکایەتی پێکردوون: 'لێنگ ڕەش' و 'ڕووت'. بۆچوونێکی کەم و زووۆر هاوشێوەی ئەوەشی بۆ ئەو کوردانە دەربڕیوە کە دژی سەربەخۆیی کوردستانن و پێیان دەڵێ فەرموون، واتە لە خاکەکەمان بڕۆنە دەرەوە! یان بڕۆن بە تەمای خێرتان نیم شەڕمان تێ مەئاڵێنن!
شیعرەکە لە ساڵی ١٣٤٢ [١٩٦٣ ز] دا گوتراوە کە شەڕی ڕاپەڕیوانی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی عیراق لەوپەڕی گەرم وگوڕیدا بوو و هیوایەکی زۆر بۆ ئازادی و سەربەخۆیی وڵات کەوتبووە دڵی خەڵکەوە.
شاعیر خۆشەویستیی نیشتمان لە خۆش ویستنی مەزهەر و نیشانە فیزیکییەکەیاندا دەبینێت و خۆی بە فیدای کانیاو و زنە و ڕەشماڵ و مێگەل و ئاسکی چیاکانی دەکات. هەروەها هانی کوردان دەدات بۆ ڕاپەڕین. بە حیسابی ئەوەی ناوی عەجەم دەهێنێت، دیارە نیازی لە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لێیان دەخوازێت دژ بە حوکمی بێگانەی داگیرکەر راپەڕن. ئەوەش لەگەڵ کێش وهەوای ئەو ساڵانەدا یەك دەگرێتەوە کە کوردی باشوور راپەڕیبوون و ژمارەیەکی بەرچاوی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە چووبوونە یاریدەیان.

شاعیر لە بەندی چوارەمدا هانی خەباتی چەکدارانە دەدات و لە کوردان دەخوازێت "وەك شێر لە بێشە دەرپەڕن، سیپەلاکی دوژمن بە خەنجەر هەڵدڕن و تا ڕۆژی سەرکەوتن ئارەق لە ئەستۆیان نەسڕن."

لە بەندی کۆتایی دا کەڵك لە وشەی 'زرنگ' وەرگیراوە کە ئیهامی تێدایە: واتای نزیکی وشەکە، وریا و زیرەکە و واتای دووریشی ناسناوی خۆیەتی. ئیمامی لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکافدا ئەندامی ڕێکخراوەکە و ناوی نهێنیشی 'زرینگ' بوو. هیوایەك کە سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلوول خستبوویە دڵی خەڵکەوە ١٨ ساڵ دوای کۆمەڵەی ژێکاف، سەید کامیلی کردبووە 'زرنگ' ەکەی جاری جاران و دەیەویست ببێتە ئاودێری باغی نیشتمان.

واتای هەندێك لە وشەکان بە یارمەتی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار:

زنە، چیمەنی ئاودەڵێن

زەنوێر، جێگەی بڵندی هەوا سازگار

بێر، کۆبوونی ئاژەڵ بۆ دۆشین

سەربێر، یەکەم ئاژەڵ کە دێتە دۆشین لە بێردا

بنە، گای ناوەندی گێرە

هاوێر، لە ئێکتر جیا کردنەوەی ماك و زا (لە مەڕی)

بژوێن، چڕ

بەرخی نێرتم، ئاماژەیە بەو پەندەی کوردی کە دەڵێن 'بەرخی نێر بۆ سەربڕینە'.

سریوە، جریوەی باڵندە

بێ پارێز، خۆ نەپارێز وهێرشکار

ئاخێز، هەستان. چاوەڕێی ئاخێزەکەت واتە ڕۆڵەکانی نیشتمان چاوەڕێی هەستانی سەرجەم خەڵکن.

هەل، دەرفەت

بیگرە باوەش لە هەلدا پێشمەرگەی هێزەکەت: پیتی /ی/ لە بیگرە و /ێ/ لە پێشمەرگەدا دەبێ هەندێك درێژ بخوێنرێنەوە بۆ ئەوەی کێشی شیعرەکە بپارێزرێت. واتای ئەو لەتکە شیعرە ئەوەیە: ئەگەر هەلت بۆ هەڵکەوت پێشمەرگەی هێزی نیشتمان لە باوەش بگرە واتە پێشوازییان لێ بکە.

زێو و زێڕ، زێوی موکریان لە باشووری کوردستان وەك زیو دەگوترێت.

خەمڵیوە، ڕازاوەتەوە

لاتقل، عەرەبییە، واتە قسە مەکە!

ناهومێدی خێرتم، هیوای خێرم پێت نییە، بێ کەڵکی!

بێشە، دارستان

پڕدان، هێرش بردن، دەستوبرد کردن.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن.

## سکاڵا

بۆچی لێم تۆرای شۆخی جەرگبڕ؟
بۆ لەگەڵ من بووی هێندە سارد وسڕ؟
ماوێکی زۆر بوو ئەویندارت بووم
تۆ سارد وسڕ بووی، ئەمن گەرم وگوڕ
جوابی خۆشی تۆ هەر پێکەنین بوو
منیش بە چاوی فرمێسکی بەخوڕ
هەر سکاڵام کرد، لێت پاڕامەوە
لەسەر من کەچی لێتدا قڕ و فڕ
تۆخوا ئازیز گیان وایە دڵداری؟
تۆ بێ بەینەت و ئیمامی دڵپڕ؟

قاقلاوا، ١٣٤٢ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٠٤ ی چاپی ئەنیسی و ٨٦ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'ئیمامی دڵ پڕ' ە، کە ئەویش وەك ئەم، لە دەقی شیعرەکە وەرگیراوە.
شیعرێکی دڵداریی تەنزئامێزە. شاعیر لە ساڵێکدا کە شیعرەکەی گوتووە، ٦٠ ساڵان بووە. من کاتێ ناوەرۆکی تەنزئامێزی شیعرەکە و تەمەنی شاعیر پێکەوە دەگرمە بەرچاو، دەبینم شاعیر وێناچێت بە ڕاستی ئەویندارى شۆخێکی جەرگبڕ بووبێت، کە وابوو لێرەشدا وەك زۆر شیعری دیکە، دڵدارەکەی خەیاڵی بووە، مەگەر بڵێین کەوتۆتە بیری ئەوینداریی کۆنی سەردەمی لاویەتی خۆی کە ئەوە لە ڕاست دەچێت و لە

شیعرەکە دەردەکەوێت: "ماوێکی زۆر بوو ئەویندارت بووم" و فەردەکانی دوای ئەویش کە لە هەموویاندا باسی ڕابردووی زووە، نەك سەردەمی گوترانی شیعرەکە.
ئەوەش کە دەڵێم تەنز لە شیعرەکەدا هەیە، بە حیسابی شێوازی گلەییەکانە: جوابی خۆشی تۆ هەر پێکەنین [بە من] بوو"؛ "لەسەر من کەچی لێتدا قڕ و فڕ". ئەو قڕ و فڕە تەعبیرێکی خۆماڵی نییە و لە زمانی وتووێژی ئاخێوەرانی فارسی وەرگیراوە. لە شوێنی دیکەی دیوانەکەشدا ئەو تەنزە لە قەڵەمی ئاوات کەوتۆتەوە و من پێشتر ئاماژەم پێکردووە.
ئاوات شیعرێکی فارسی لاهووتی کرماشانی کردۆتە کوردی: "وەکوو بیستم، خەمت خواردم، ئەویش بۆ من خەمێکی دی"[383] (بڕوانە پێشتر). بەم پێیە، دەبێ ناسیاوی شیعری لاهووتی بووبێت. من لەم غەزەلەی ئێستاشیدا کارتێکەریی شیعرێکی لاهووتی دەبینم کە مامۆستا هێمن کردوویەتە کوردی، بەڵام کارتێکەرییەکە ئەوەندە نییە زۆر بەرچاو بێت و دوای ئەوەش، شیعری لاهووتی ئەو تەنزە نەرم و نیانەی تێدا بەدی ناکرێت:
*"عەزیزم بۆچی تۆراوی لەخۆرا؟*
*چ قەوماوە دڵی تۆ بۆچی گۆرا؟..."*[384]
هەروەها میسراعی: "هەر سکاڵام کرد، لێت پاڕامەوە..."، واهەیە خوێنەر بخاتە بیری شیعری "سکاڵا" ی مامۆستا گۆران، کاتێ کە دەڵێ:
*"لاتدا لە ڕێگای هەوای موحیببەت، دوورت خستەوە..."*
سەرەڕای ئەو بۆچوونە دوور ونزیکانە، شیعری ئاوات سەربەخۆ لە هەردوك ئەو شاعیرانەیە و من بە شیعرێکی 'ئاواتی' و خۆماڵی دەزانم نەك تەرجەمەی شیعری خەڵکانی دیکە.
قڕ وفڕ: 'قڕ' ی فارسی بە تەنیا مانای خۆبادانی هەیە لە هەڵپەڕکێدا. قڕ وفڕ بە سەر یەکەوە دەبێتە شتێکی وەك لار ولەنجە، گەرچی لار ولەنجەی کوردی واتایەکی جوان و ئەرێ یی دێنێتە زیهنی خەڵکەوە، بەڵام قڕ وفڕ هەندێك نەرێنی و سووکە. ئاوات لە شیعرێکی دیکەشیدا قڕ وفڕی هێناوە، کە ئەویش هەر تەنزئامێزە:
*"تا قڕ وفڕ نەکا بە فیز وبڵێ:*
*کۆرپەکەی من لە شیر بڕیومەتەوە!"*[385]

---

[383] . *شنیدستم غمم را خوردەای، اینهم غمی دیگر...* (لاهوتی)
[384] . *بت نازنینم، مه مهربانم / چرا قهری از من بلایت بەجانم؟... عزیزم چه کردم که رنجیدی از من؟ ...* (لاهوتی)

وشەیەکی ئەستەم لە شیعرەکەدا نییە کە باسی لێوە بکرێت.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

متقارب مثمن اثلم (هجایی): فع لن فعولن // فع لن فعولن

[385] . بڕوانە شیعری "دۆزیومەتەوە": *"یار دڵی بردبووم شەوێك بەدزی..."*

# تینووی شەواو

خزمینە! وەکۆبن کە ئەگەر عاقڵ و پیاون
بیرێ لە کەس‌وکارو کە مردوون و نەماون[٣٨٦]
کوا یار و ڕەفیق و کەس‌وکار، دایك و بابو[٣٨٧]
چۆن ڕۆیین و کوێ چوون و چ بوو پڕش و بڵاون؟[٣٨٨]
ئێوەش وەکوو ئەو عالەمە ڕۆین، لە سەفەردان[٣٨٩]
هەرکاتێکو زانی کە لە ناو جەنگەیی داون[٣٩٠]
ئێستەش کە خەیاڵو لە سەروپرچی بڵاوە[٣٩١]
باش تێبگەن ئەو بیر و خەیاڵە هەموو خاون!
هەر گیا و گوڵوکاتێ دەبینن، هەموو ئەعزان[٣٩٢]
دەست و سەر و پێ و چانەگە وو زارە شکاون
شین بوون لە زەوی و باغ و چەمەن، جۆگە وجۆبار[٣٩٣]
ڕێك داغ لە دڵن، چونکە لە هاوالێ بڕاون

---

[٣٨٦] دیوانی چاپی جەعفەر: کاروو
[٣٨٧] چاپی ئەنیسی: داییك و بابو؛ چاپی جەعفەر دایك وبابوو
[٣٨٨] چاپی ئەنیسی: پەخش وبڵاون
[٣٨٩] چاپی ئەنیسی: ڕۆیین
[٣٩٠] چاپی جەعفەر: کاتێکوو
[٣٩١] چاپی جەعفەر: خەیاڵوو
[٣٩٢] چاپی جەعفەر: گوڵووکاتێك. گەرچی واهەیە بەو گۆڕانە جیاوازییەك لە کێشی شیعرەکەدا پێکبێت بەڵام هەردوو شێوەی وشەکە لێرەدادەگونجێن
[٣٩٣] چاپی ئەنیسی و جەعفەر: جۆگەوو جۆبار. لام وایە ئەگەر دوو وشەکە لە شێوەی ئاساییدا بنووسرێن و /واو/ێکی عەتف بخرێتە نێوانیان، خوێنەر لە خوێندنەوەیدا تووشی گرفتێك نابێت و بەو بۆنەیەوە لام وا نییە دانانی دوو /واو/ پێویست بکات. ئەم بیدعەتە تەنیا بۆ شوێنێك باشە کە ئەگەر دوو /واو/ دانەنرێت لە خوێندنەوەی شیعرەکەدا گرفتێك بێتە پێشێ. ئەو ووردەکارییە زمانەوانیانە نابێ بهێنرێنە ناو نووسینی ئاساییەوە.

ئەو نێرگسی بۆنخۆش کە ڕواون لە دەرودەشت
نێرگس نییە، بڕوانە، بە دیتن وەکوو چاون
چاوێ دەخشێنن لە کوڕوکاڵی وڵاتێ
یانی هەموو پەتیارە وەکوو بڵقی سەرئاون
ئەو سوورەگوڵی گەش کە دیارن لە کەژ و کۆ[394]
گوڵ نین و هەموو خوێنی گەشی لاوە، ڕژاون
سوێسن کە لە پێش چاو گوڵی سەرشین و جوان بوو[395]
زارێك و زمانێکی جوان بوون و دواون
ئەو سەروە بەژن بەرزە و سەرسەوز و جوانە،[396]
بەژن و قەد و باڵان و بە ڕووسووری ژیاون
ئەو بەژنە بڵندانە بە هۆی ئاوی ئەوین بوو
چەند ماوە لە باغ مان و کەچی هەر نەچەماون
بڕوانە وەنەوشە دەدرەوشێ بە دروشمێ
بسکێکی پەرێشانە کە زۆر شانە کراون
بولبول! من و تۆ عاشقی خونچەی وەکوو زارین
پێناکەنێ بۆمان کە شەوێ ئاو نەدراون
ئەوشۆ وەرە با پێکەوە بگرین لە گوڵوکات[397]
چونکە گوڵی باغی هەموو تینووی شەواون[398]

قاقلاوا، ١٣٤٢ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٥٢ و ١٥٣ ی چاپی ئەنیسی و ١٥٧ و ١٥٨ ی چاپی جەعفەر)

---

[394] چاپی ئەنیسی: دییارن
[395] چاپی جەعفەر: سەرسەوز
[396] چاپی ئەنیسی: سەرشین و جووان بوو؛ چاپی جەعفەر: سەرسەوزە جوانە. هەرسێ شێوازەکە لەباری واتاوە کێشەیەکیان نییە و کێشی شیعرەکەش تێك نادەن. خۆزیا دەستخەتی شاعیرمان بدیایەت بۆ ئەوەی بزانین خۆی چۆنی بۆچووە و ئێمە لەخۆوە دەستکاری نەکەین.
[397] چاپی جەعفەر: گوڵووکات
[398] چاپی جەعفەر: تینویی.

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو دیواندا وەك یەکە. چاپی ئەنیسی لە بەشی 'چامەکان' واتە قەسیدەکاندا هێناویەتی و ئەوەش دەبێ بەهۆی ژمارەی فەردەکانەوە بوویێت کە پازدەن. دیارە من ئەوە بە ڕاست نازانم، غەزەل دەکرێ ١١ فەرد یان زیاتریشی هەبێت. شیعرێکی ڕەشبینانەیە بە شێوازی شیعری خەییام دارڕژاوە و لە هەندێك شوێندا کەڵکی لە کەرەسەی شیعریی خەییامی وەرگرتووە: دونیا بێ بایەخە، ژینی ئەم دونیایە جێگەی متمانەی عاقلان و پیاوان نییە، هەموو لە سەفەردایِن و دەڕۆین. بەڵام جیاوازییەکی لە شیعری خەییام نو بیری خەییامیدا هەیە: ئاوات وەك خەییام ئاکامێکی ئەرێ یی لە بۆچوونەکانی خۆی وەرناگرێت واتە خۆی و خەڵك بانگ ناکات بڵێ ئێستا کە ژیانمان کاتییە و بەقای بۆ نییە، با هەر ئەم کاتەی ئێستامان بە دڵخۆشی ڕابوێرین، بخۆینەوە و شاد بین. بەپێچەوانە، تەنانەت لە دوایین فەرددا دەڵێ 'با پێکەوە بگرین'. بە بۆچوونی من ئەو هەڵوێستە، ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونە عیرفانییەکەیەتی کە پێشتر ئاماژەم پێکردووە و لەوەدا خۆلاسە دەبێتەوە کە ئەم دونیایە هیچە، با لەبیری ئەودنیادابین. خەیام ئەوە ناڵێت!

عاقڵ و پیاوین: لێرەدا چەمکی 'پیاوبوون' لە واتا کۆنە نەریتییەکەیدا هاتووە واتە ئازایی و بوێری. ئەمڕۆ چیتر کەڵك لەو تێرمانە وەرناگیرێت کە هەڵاواردنی جنسی و ژێندریی تێدایە.

کەس وکارو، دایك و بابو، هەرکاتێکو، خەیاڵو: هەرچواریان بە شێوازی موکریانی (مەهابادی) گوتراون. شاعیر تا فەردی چوارەم لەسەر ئەو پێودانە ڕۆیشتووە بەڵام لە فەردی پێنجەم و هەشتەمدا کرداری 'دەبینن' و 'دەخشێنن' ی هێناوە کەشێوازە گشتیترە موکریانییەکەیە و لە فەردی حەوتەم و سێزدەهەمدا بەتەواوەتی بەرگۆی قسەکانی گۆڕیوە و لە کۆوە کردوویەتە تاك:بڕوانە و بڕوانە. دیارە بەشێك لەوکارانە لەبەر پاراستنی کێشی شیعرەکە کراون بەڵام بەگشتی، ئەوە توانای زمانی کوردی و چەشنایەتی و زۆریی زاراوەکانیەتی کە ئەو دەرفەتەی بۆ شاعیر ڕەخساندووە بتوانێت لە نێوان شێوازەکاندا مانۆڕ بکات. مەم و زینەکەی مامۆستا هەژار و تەرجەمەی کوردیی قورئانەکەی، هەروەها شیعری 'خەوەبەردینەی' کاك سوارە نموونەی سەرکەوتووی کەڵك وەرگرتن لە زاراوەی زۆری زمانی کوردین.

پەرش و بڵاون: دەگەڕێتەوە بۆ یار و ڕەفیق و کەس و کار و دایك وباب. بەرگۆی قسەکە، خوێنەرە.

لەسەفەردان: ئێوە لەسەفەردان؛ بەرگۆی قسەکە، خوێنەرە.

خەیاڵوو لەسەروپرچی بڵاوە: ئێستاش کە فیکر و خەیاڵتان لای سەر وپرچی بڵاوە...

گوڵوکات / گوڵووکات: گوڵوك واتای خونچە گوڵی هەیە و کوردییە بەڵام بە /ات/ ی عەرەبی کە نیشانەی مێیە کۆکراوەتەوە و لەجیاتی بگوترێ گوڵوکان، گوتراوە گوڵوکات. دەبێ قسەی سەرزاری خەڵك بێت چووبێتە ئەدەبیاتی نووسینیشەوە. پێشتریش لە شیعری 'تاونەدیو' و 'چ بکەم؟' دا دیومانە ئاوات ئەم وشەیەی دووجار هێناوەتەوە:

"بڵێی جارێکی دی شین بێ گوڵوکات؟" و:

"گوڵوکات چوو لەبەر ئەو، من لە دەشتی پڕ چقڵ چ بکەم؟"

بۆ واتایەکی دیکەی گوڵوکات بڕوانە کۆتایی ئەم دێڕانە.

ئەعزا: ئەندامانی لەش. کۆی وشەی 'عضو' ی عەرەبییە کە کوردێنراوە و بە پیتی /ز/ نووسراوە دەنا دەبوو 'اعضاء' بوایە.

بەدیتن: بە ڕوانین، کاتێ کە دەڕوانین وەکوو چاوی دەبینین. خەیاڵی شاعیرانەیە. لە شیعری کوردی و فارسیدا چاوی جوان بە گوڵی نێرگس دەشوبهێنرێت. شاعیر لێرەدا پێی وایە پێچەوانەکەشی ڕاستە و نێرگسیش لە چاوی مرۆڤ دەچێت کەوابوو ئەو نێرگسە دەبێ لە خاکی چاوی کەسێك شین بووبێت.

کوڕوکاڵ: لاو. کاڵ بەتەنیا واتای 'نەگەیشتوو'ی هەیە (هەنبانە بۆرینە) بۆیە بەسەر یەکەوە واتای مرۆڤی تازە پێگەیشتوو یان هێشتا کاڵ و پێنەگەیشتوو دەدات.

وڵاتێ: شێوە بەیانی مەهاباد و بەشی باکووری موکریانە. لە شوێنەکانی دیکەدا وەك 'وڵات' دەگوترێت.

پەتیارە: پەتەری، سەڵیتە، شێتۆکە، لیوە، ئەقڵ سووك (فرهنگ فارسی- کردی دانشگاە کردستان)

گوڵ نین و هەموو خوێنی گەشی لاوە ڕژاون: دەمانخاتە بیری شیعرەکەی نالی:

*"هەر جۆگە وجۆبارێ کەوا سوور و سوێر بێ*

*جێی جۆششی گریانی منە خوێنە ڕژاوە [یان: خوێ نەڕژاوە]"*

سوێسن کە... سەرشین و جوان بوو: لە دەقی چاپی جەعفەردا سەرسەوز نووسراوە. نازانرێت کێ گۆڕیویەتی و کردوویەتە سەر سەوز. واتای هەردووك وەك یەکە بەڵام من بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە لە فەردی دواتریشدا سیفەتی سەرسەوز هاتووە، ئەو دووپات کردنەوەیەم پێ باش نەبوو و 'سەرشین'ی چاپی ئەنیسیم هەڵبژارد.

ئەو سەروە بەژن بەرزە..: مۆسیقای پیتی /س/ لە سەرو و سەرسەوز و ڕووسووری دا، گەلێك بەرچاوە. گوڵی نێرگس لە شیعرەکەدا بە 'زار و زمانی جوان' شوبهێنراوە وا لەڕابردووی دووردا، قسەیان کردووە. بەژن و قەد و باڵا 'مترادف'ن.
ئاوی ئەوین: پێکهاتەیەکی جوانە. ئاوی ئەوین بەو بەژنە بڵندانە دراوە کە وا لەباغدا ماون و نەچەماونەتەوە. چەند ماوە واتە چەند ساڵ و سەردەم.
بڕوانە وەنەوشە دەدرەوشێ بە دروشمێ: لە سەرجەم فەردەکەدا مۆسیقای پیتی /ش/ گەلێك وەستایانە پێنج جار بەشوێن یەکدا گوێ بیسی خوێنەر دەبێت. شاعیر گوڵی وەنەوشەی وەك دروشمێك بینیوە کە لە سەر شانی گەڵاکان بەرز کراوەتەوە. بسك: پەرچەمە بەڵام هاوواتایە لەگەڵ ئاڵا و پەرچەم و عەلەمیشدا (ئیهام). یاریکردنێکی سەرکەوتوانەیە بە وشەکان.
بولبول...: دەمی یار گەلێك جار لە شیعری شاعیراندا بە خونچە شوبهێنراوە بەڵام لێرەدا پێچەوانەیە. شاعیر خۆی و بولبولی کردۆتە دوو ئەویندار کە عاشقی خونچەی وێچووی زاری یارەکەیانن.
پێناکەنێ.... ئاو نەدراون: خونچەی وەك زار بۆمان پێناکەنێت لەبەر ئەوەی شەواو نەدراون. خونچە لە بیچمی تاکدا هاتووە بەڵام بەهۆی کرداری کۆوە (ئاو نەدراون) ئەویش واتای کۆی خونچەکانی ناوباغ دەدات. ئەوە خەسلەتی زمانی کوردییە و ئەو کەسانەی وا لەژێر کارتێکەریی زمانی فارسیدا دەیگۆڕن خزمەتی زمانەکەمان ناکەن. بۆ نموونە ئێستا بۆتە باو دەنووسن "سێ کەس <u>بە ناوەکانی</u> عەلی و حەسەن و حوسەین... چوون بۆ فڵانە شوێن" لەکاتێکدا وشەی ناو لێرەدا پێویستی بە کۆکردن نییە و بەهۆی کرداری 'چوون'ەوە واتای کۆی تێدا شاراوەیە. کەوابوو ئەگەر لە کوردیدا بگوترێت "سێ کەس <u>بە ناوی</u> عەلی و حەسەن و حوسەین چوون بۆ فڵانە شوێن"، واتاکەی تەواوە و پێویست ناکات لاسایی فارسان بکەینەوە.
بگرین لە گوڵوکات: لێرەدا گوڵوکات بە دڵنیایی واتای باخچەی گوڵ و خونچەی هەیە. هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار جگە لە خونچەی گوڵ هیچی دیکەی نەگرتووە. گریان و شەواو پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە و دەڵێ گوڵی باغ تێنووی شەواون با من و تۆش بولبول گیان پێکەوە بگرین و بە فرمێسکی چاو ئاویان بدەین.
شەواو: ئاودانی شەوانەی گوڵ وگیا. ڕووەك لە گەرمای ڕۆژدا تێراو نابێت و باش وایە بەیانان یان ئێوارە و شەو ئاودێری بکرێن.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە، هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

# دوورکەوتنەوە

تۆ چوویە وڵاتێ کە نەبینم ئەسەری تۆ
دوور کەوتی لە من تاکوو نەبیسم[٣٩٩] خەبەری تۆ
ئەی نووری دڵ و قووەتی ئەژنۆم! بە سەری تۆ[٤٠٠]
ڕۆحم وەکو پەروانە گەڕا دەوروبەری تۆ
ئەو حاڵەت و هۆش و هونەرەی ئەودەمە من بووم
ئێستێ نییە تاقی، هەموو قوربانی سەری تۆ
دڵ هەر وەکوو عەودالە لە دووت، تاڵە ژیانی
چاوم وەکوو ئاوپاشە لە ڕێگە و گوزەری تۆ
ڕەحمێ بکە بەم ڕیشە سپی و چاوە پڕئاوە
نەتزانی لەدڵ حەستەمە ئاخر سەفەری تۆ؟
ئەی من بە فیدای ڕۆین و کۆچ و سەفەرت بم![٤٠١]
چت کردبوو ئاخر کە وەها دەربەدەری تۆ؟
هەستە، وەرەوە گیانە، وەباڵت بە ملی من
وەستۆ دەگرم شەرتە هەموو خێر وشەڕی تۆ!

قاقڵاوا، ١٣٤٢ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٦٦ ی چاپی ئەنیسی ١٦٧ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە چاپی ئەنیسیدا 'دەردی دووری' یە.

---

[٣٩٩]. چاپی جەعفەر: نەبیستم
[٤٠٠]. چاپی جەعفەر: ئەی نووری دڵ و قووەتی ئەژنۆم، بەسە دووری!
[٤٠١]. چاپی ئەنیسی: ڕۆیین وکۆچ

ئەم شیعرەش لە پەیوەندی هەمان ئەو ساڵانە دا گوتراوە کە پێشتر باسی لێوەکرا، واتە ساڵانی دوای ١٣٤١ و شۆڕشی ئەیلوول، چوونی زۆر لاوی دڵسۆز و پەرپرس بۆ باشووری کوردستان، کومیتەی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆنگرەی دووهەمی حزب کە تێیدا نەمر سەیدکامیل بە ئەندامی "غیابی" کومیتەی ناوەندی و سەید تاهیری کوڕی بە ئەندامی کومیتەی چاوەدێریی حزب هەڵبژێردران.
ئاغا سەیدتاهیر ئەودەم لە باشووری کوردستان و لەنێو پێشمەرگەکانی حزبدا دەژیا. ئەم شیعرە بە ڕوونی دەردی دووریی باوکێك لە ڕۆڵەکەی دەردەخات و ساڵی گوتنی شیعرەکەش ئەو ساڵانەیە کە کاك تاهیر لە باشوور بووە.
شیعرەکە ڕاستییەکی دیکەش دەردەخات ئەویش بێ هیوایی و دڵساردیی شاعیرە لە بارودۆخەکە و هەست بە مەترسی کردنی گیانی کوڕەکەی، کە وەك بینیمان زۆریش بێ جێ نەبوو وگەلێك لاوی دڵسۆزی گەل لەدرێژەی کارەکەدا شەهید کران.
سەیدکامیل لێرەدا بانگی کوڕەکەی دەکات و دەڵێ وەرەوە، من بەرپرسیایەتی چاك و خراپت [لای حکوومەت] وە ئەستۆ دەگرم.
شیعرەکە ئاوێنەی هەستی مرۆڤێکە دەرحەق بە جگەرگۆشەکەی و بەم تەعبیرە، زۆر ئینسانی و بەرپرسانەیە.
دیاردەیەکی جێگەی باس یان وشە و تەعبیرێکی دوور لە زیهن لە شیعرەکەدا نییە باسی لێوە بکرێت.
بەحری عەرووزیی شیعرەکە، هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

# ڕۆژی هەل

سەد شوکر کوردە! ئەورۆ ڕۆژی هەلە
هەلە هەڵکەوتووە، فەرموو بە پەلە
وەرە مەیدان و لەخوێن سوورکە وڵات
وا، کە لەو خوێنە تەرم بێنە مەلە
گەرچی ئێستاکە بە چاو دەیبینی
دوژمنت شیك و جوان، قیت و بەلە
دێ زەمانێکی لەبەر دەست و پەلت
خۆ بکا پان، بکەوێ چەشنی سەلە
ئەودەمە تۆڵە بە دەست بێنە ئەگەر
پیاوی، بگرە نەتەویی[٤٠٢] خۆت بە پەلە

قاقلاوا، ١٣٤٢ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٩٣ ی چاپی جەعفەر، لە چاپی ئەنیسیدا دەرنەکەوتووە)

---

ئەم شیعرە لە دیوانی چاپی ئەنیسی دا نەهاتووە.
غەزەلێکی پێنج فەردیی سیاسی-نیشتمانییە، هانی خەڵك دەدات دەستوبرد بکەن و خێرا بچنە ناو شۆڕشەوە؛ بەڵام کام شۆڕش؟ ئەگەر ڕێکەوتی سالی ١٣٤٢ کە بۆی دانراوە، ڕاست بێت،[٤٠٣] من هیچ گومانێکم لەوەدا نامێنێت کە دەبێ شۆڕشی ئەیلوول بێت لە

---

[٤٠٢] . نەتەوی خۆت لە دەقی چاپی جەعفەردا. من ئەو یائی ئیزافەیەم بۆ خویندنەوەی دروستتری شیعرەکە لێ زیاد کردووە.

[٤٠٣] دیارە ئەگەر ڕێکەوتەکە ئەو ساڵە نەبێت، بۆی هەیە بیر لە ڕاپەرینی ساڵی ١٣٥٧ ی ئێران دژ بە ڕژیمی شا بکرێتەوە. ئەودەم هەموو ئەو حیساباتەی من تێکدەچن و دەبێ پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت.

باشووری کوردستان، شۆڕشێك کە لە سەروحەددی گوترانی شیعرەکەی ئاوات واتە لە ١٩٦١ دا دەستی پێکردبوو و وەك دەزانین بە هەرەسی ١٩٧٥ یش کۆتایی پێهات.
شاعیر لەم شیعرەدا گەلێك توند وتیژ وجەسوورانە لە بەرانبەر دوژمندا وەستاوە و هانی خەڵك دەدات لە خوێنی دوژمن ڕشتن سڵ نەکەنەوە و ئەوەندە خوێنیان بڕێژن کە لافاوی خوێن تەرمەکانیان ببات. ئەو چەشنە هەڵوێست گرتنە بۆ کەسایەتی نەرم و هێمنی سەید کامیل و سۆفیایەتییەکەی ئەو، گەلێك نامۆیە بەڵام ئەم جیهانەی ئێمە، کۆی ناتەباییەکانە و نە کەسێك و نە گرووپێکی کۆمەڵایەتی و نە نەتەوەیەك لە سەر ڕووی زەوی دەبینرێت تەنیا یەك 'بوعد' ی هەبێت و لە منداڵییەوە تا پیری لە سەر ڕەوتێك و کردارێك و باوەڕێك بڕوات. ئەگەر ڕێکەوتی کۆتایی شیعرەکە واتە ساڵی ١٣٤٢ ی هەتاوی (١٩٦٣ ی زایینی) ڕاست بێت، کە من زۆریش لێی دڵنیا نیم، شاعیر لە ساڵی گوترانی ئەم شیعرەدا بێ ئەملا وئەولا ٦٠ ساڵی تەمەن بووە و ئەو بۆچوونەی وا بۆنی خوێنی لێ دێت بۆ ئەو تەمەنە هەندێك بێگانە دەنوێنێت.
بەڵام شاعیر وەك هەموو مرۆڤێکی دیکە پەروەردەی ژینگەی خۆیەتی و ژینگەی ئەو ساڵانەی کوردستان لە باشوور و ڕۆژهەڵات ژینگەیەکی شۆڕشگێڕانە بوو. لە ئێرانیش 'ئیسلاحاتی ئەرزی' شا مڵك و زەویوزاری ئاغاواتی بە سەر خەڵکی گوندەکاندا دابەش کردبوو و ڕۆژانە لە سەر شەقامی شارەکان، بۆ نموونە لە سەقز و بۆکانی نزیك قاقڵاوای شاعیر، خۆپیشاندان بوو دژ بە سیستەمی دەرەبەگایەتی و پشتیوانی کردنی ئەو ئیسلاحاتە، جا بە خواست و مەیلی خەڵکەکە بوویان بە زەبر وزۆری ئیدارەی ئیسلاحاتی ئەرزی و ساواك. کەسانێك کە ئەو ڕۆژانەیان لەبیرە دەزانن چ فەزایەکی ئاڵۆز و نادیار بەسەر شار و گوندەکانی کوردستان و بەشێك لە ئێراندا حاکم بوو، لە شیراز قەشقاییەکان دژ بە حکوومەت ڕاپەڕیبوون، لە کوردستان هەندێك لە ئاغاواتی دەست ڕۆیشتوویان گرتبوو و ناردبوویاننە زیندانی فلك الفلاك لە خورماوا (خرم آباد) و تەنانەت تاقمی چەتەی ئاغاکانیش لە چوارکوچکەی سەردەشت – سەقز- بۆکان – مەهاباد پەیدا ببوون و لەترسی هێرشی چەتە، ڕێگای نێوان بۆکان و سەقز هەروەها بۆکان و مەهاباد لە ئێوارە بەدواوە هاتوچۆی کەمی پێدا دەکرا. من خۆم مامۆستای گوندی بوغدەکەندی بووم لە بن گوێی قاقڵاوای ئاوات و بە چاوی خۆم دیتم کە چەتە چۆن سێ شەو دوابەدوای یەك هێرشیان کردە سەر گوندەکە و دوو تایە وێنجەی خەڵکەکەیان ئاگر تێبەردا و داوای ١٠ هەزار تمەن باجی سمێڵیان لە

خەڵکەکە دەکرد و بە دەست کردنەوەی خەڵك یەك لە چەتهی ئاغاکانیش لە قەراغ چۆمی گوندەکە کووژرا.

واهەیە هۆکارێکی دیکەی ئەو توندوتیژی نواندنەی ئاوات کارتێکەریی هەندێك شاعیری فارسی وێژی ئێران بێت لە سەری. هەم میرزادەی عیشقی هەمەدانی و هەم ئەبولقاسمی لاهووتی کرماشانی بە ڕەگەز کورد بوون و شیعریان لە نێو شاعیرانی دوای مەشرووتەی ئێران (١٩٠٦) دا لە هەموان توندوتیژتر بوو و بۆنی خوێنی لێ دەهات عیشقی ئاوا باسی شۆڕش و خوێنڕشتن دەکات:

*"این ملك يك انقلاب می‌خواهد و بس*
*خونریزی بی‌حساب می‌خواهد و بس*
*امروز، دگر درخت آزادی ما*
*از خون من و تو آب می‌خواهد و بس..."*

لاهووتیش لە دەیان پارچە شیعریدا ڕشتنی خوێنی چەوسێنەران و خائینان پیرۆز دەکات:

*"قربان آن دمی که ز خون ستمگران*
*دریای انقلاب شود پر حباب سرخ*
*در خون خائنان وطن واجب است غسل*
*در شرع انقلاب به نص کتاب سرخ..."*

من لام وا نییە شێعرەکەی ئاوات وەرگێڕاوی هیچ شیعرێکی ئەو دوو شاعیرە یان کەسێکی دیکە بێت بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەو بیری خوێن هاتن و تەرم بردنە واهەیە خۆماڵی نەبێت و هاوردەی لاوەکییەکان بێت بۆ ناو زیهنی ئەهوەن و ئارامی ئاوات.

ئەوەش لێکدانەوەی چەند وشەی ناو شیعرەکە:

هەل، دەرفەت

شیك، جوان و ڕازاوە، دەبێ وشەیەکی فەڕەنسی بێت

بەل، جوانی قەد باریك *(هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)*

سەلە، نانەشان، سەوەتەی پان *(هەنبانە بۆرینە)*

تۆلە بە دەست هێنان، تۆڵە سەندنەوە

نەتەوی، نەتەویست، دوژمن

لە دوایین فەرد دا، دەبێ کۆتایی میسراعی یەکەم لەگەڵ سەرەتای میسراعی دووهەم بە سەر یەکەوە بخوێنرێنەوە: ئەگەر پیاوی...، تۆڵەی خۆت لە دوژمنت بکەوە.

ئاماژە بە "پیاو بوون" بە واتای ئەرێنیی ئازا بوون، تەعبیرێکی کۆنی سەر زمانی خەڵك و ناو ئەدەبی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە و لە شوێنەکانی دیکەی جیهان تەنانەت لە ئوروپاش لە ڕابردوودا وێنەی بووە. بەڵام لەم سەردەمەدا بیرۆکەیەکی دواکەوتوانەیە و جێی خۆیەتی هەمووومان خۆی لێ دوور بخەینەوە. دەکرێ لە جیاتی ئەگەر پیاوی بگوترێت ئەگەر مرۆڤی، یان ئەگەر مرۆڤێکی بەرپرسی و ... شتی لەو چەشنە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،

رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

## تەندووری سارد

دونیا کە هەموو هیچە، بۆچیتە، لە چی وێڵی؟
خاڵە، وەرە حاڵیت کەم ئەتوار و فڕوفێڵی!
جارێکی لەگەڵ تۆیە، ڕۆژێکی لەگەڵ خەڵکی
هەردووکی بە سەرسەنگی، خوێڕیگەری و دێڵی
شەشدانگی جیهانت بێ، سەد جووت و تڕاکتۆریش،
نابینی دەمێ فرسەت، هۆبانێکی ناکێڵی!
مەعلوومە خەتی خواریش هەر ژێرسەری گای پیرە
دونیاش کە لەمێژینە، نارێکە هەموو هێڵی
بێچارەگی و پەستی، مەیخوارەگی و مەستی
بەهرەی ئەوە بۆی بکرێ، پیشەی ئەوە گەر بێڵی
تێیهەڵدە لە کوێستانی زەنوێر و هەوارگاکەی
با قڕ بێ مەڕومالی، گووی سەگ بە بنە و خێڵی
"کامیل" کە گەرم بوو زوو تەندووری، ئەوێستاکە
ساردوسڕە، نەیماوە ئەستێوڵ و پنە و سێڵی!

قاقلاوا، ١٣٤٢ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٤٠ ی دیوانی چاپی ئەنیسی، لە چاپی جەعفەردا دەرنەکەوتووە)

---

ئەم شیعرە لە دیوانی چاپی جەعفەردا بەرچاو ناکەوێت.
پشت گوێ خستنی دنیا و ملْك و ماڵ و خۆشییەکانی ژیان وەك کۆڵەکەیەکی بیروباوەڕی سۆفیایەتی هەندێك لە شاعیرەکانمانی تووشی ناتەبایی و سەرلێشێواوی کردووە. نەمر سەیفولقوزاتی قازی و عەلی بەگی حەیدەری هەرکام خاوەنی چەند پارچە ئاوایی بوون و ژیان و دیوەخانێکی شاهانەیان هەبوو بەڵام سوفی و موریدی

خاوەن باوەڕی شێخی بورهانیش بوون و هاوڕێ لەگەڵ ڕەعیەتە سۆفییەکانی خۆیان، لە ساڵدا چەند مانگ لە خانەقای بورهان ڕۆژانە بە کولێرەیەك ودوان دەژیان و بە کۆڵ، داری خانەقایان دەکێشا.
ئاوات خۆی سۆفی مەشرەب بوو و لە عەینی کاتدا بەشێکیش بوو لە هیرارشی شێخایەتی واتە کوڕە شێخ و برا شێخیش بوو و لە ماڵی شێخاندا گەورە ببوو و بە نەریتی شێخایەتی گۆش کرا بوو. بەڵام لە لایەکی دیکەوە باوەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەستی نەتەوایەتیی گەلێکی بندەستی لێ پەیداببوو و ئەوە نەیدەهێشت خۆی یەکلایی بکاتەوە. بە هەڵس وکەوت وئەخلاق و تایبەتمەندیی تاکەکەسی، مرۆڤێکی نەرم ونیان و لەبەردڵان و نزیك لە کۆمەڵانی خەڵك بوو و لە فیز و ئیفادە و دەستی بەر کەلەکەی ئاغاوات دوور بوو، لە مەزرا وەك وەرزێرێکی ئاسایی کاری دەکرد و زەحمەتی دەکێشا؛ بەڵام خاوەن مڵکیش بوو و وەك هەموو ئاغایەکی دیکە دەو دووی لە ڕەعیەت دەسەند و وا هەیە کار و بێگاریشی پێ کردبێتن.
ئەو تایبەتمەندییە ناتەبایانە بە سەر یەکەوە ئاواتی خستبووە دۆخێکی سەمەرەی ڕۆحی و دەروونییەوە کە خۆی بۆ یەکلا نەدەبووەوە، لەساڵانی جیاجیای تەمەندا، کوڕەلاوێکی ئەویندارە، ئاغایەکی خاوەن مڵك و گەورەی ڕەعیەت و خاوەن دیوەخانە، شێخ و سۆفی و مەلای دوازدە عیلمە، شاعیرە، خەباتکاری سیاسی و حزبییە و وەرزێرێکیشە لە مووچە ومەزرای خۆیدا عارەق دەڕێژێت. جا فەرموو ئەو هەموو ناتەباییە سەمەرەیە کە لە وجوودی هەستیارێکی دڵ ناسکی وەك ئاواتدا کۆ ببوونەوە، شی بکەوە و بیناسە!
ئەو تایبەتمەندیی و خەسلەتە چینایەتی و تاکە کەسییانە هەرکام لە دەرفەتێکدا و بەشێوەیەك خۆیان لە شیعرەکانیدا دەردەخەن، جارێك دەیکەنە عەبدێکی عابید و موئمین کە لە بەرانبەر "مەعبوود" دا خۆی بە سەگ و ڕووڕەش و سەرئەفکەندە ناودەبات، جارێك دەیکەنە خەباتکارێکی سیاسی و داکۆکیکارێکی مافی گەلەکەی، جارێکیش دەیکەنە سۆفییەکی دەست لە دنیا شۆردووی ئەوتۆ کە بە ناوی کورت بوونی ماوەی ژیانەوە شەق لە هەموو ماڵ و خۆشی و سەروەت و سامانێك هەڵدەدات و شتی سەگ حەواڵەی "بنە و خێڵ" ی دنیا دەکات.
ئەم پارچە شیعرەی ئێستا ڕاست ئەوەی دواییانە، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی گازندەیە لە بێوەفایی دنیا و نەسیحەتی "خاڵە" واتە خوێنەری شیعرەکە بۆئەوەی گوێ نەداتە

سەرووەت و سامان و جووت و تراکتۆر و کوێستانی زەنوێر و هەوارگەی کوێستان و مەڕوماڵ و بنە وخێڵی خۆی.
پەیامێکی شاراوە دیکە لە شیعرەکەدا نییە، جگەلەوەی لە ١٣٤٢ (١٩٦٣) دا گوتراوە کە ساڵی دوو ڕووداوی گەورەی سیاسییە: شۆڕشی ئەیلوول تازە دەستی پێکردووە و ئیسلاحاتی ئەرزی و دابەشکرانی زەویوزاری ئاغاواتیش تازە گەیشتۆتە کوردستان. شیعرەکە ئاماژەیەکی بۆ شۆڕشی ئەیلوول تێدا نابینرێت دەنا دەبوایە پڕ بوایەت لە هیوا و هومێدی سەرکەوتن. بەڵام من دووری نازانم ئەو بێ هیواییە ئاکامی ئەوە نەبێت کە ئاوات وەك ئاغا و خاوەن ملك دڵنیگەرانی هەواڵەکانە و ترسی زەوت کران و دابەشکرانی ملکی خۆی و کاك و مامی لێ نیشتووە. ئەوە لە باری چینایەتییەوە گونجاوە گەرچی بەو تایبەتمەندییە تاکەکەسییانەوە کە ئاواتی دڵ ناسکی نازەنینی شاعیری خەباتکار هەیبووە، ئەو شتە لە ڕاستیش ناچێت.
ئەگەری دووهەم ئەوەیە کە بڵێین باوەڕە ئایینی و سۆفیایەتییەکەی هاندەری گوتنی ئەم شیعرە بووبێت. بەڵام تەنانەت لەو حاڵەتەشدا دیسان ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە بۆچی ڕاست لە ساڵی ئیسلاحاتی ئەرزیدا دەبێ شەقی لە جووت و تراکتۆر و کوێستانی زەنوێر وهەوارگە هەڵدابێت؟
واتای هەندێك وشەی ناو شیعرەکە
ئەستێوڵ: ئەستێوڵك، شیشێکی ئاسنە بۆ ئاگری تەندوور تێکوەردان و کۆڵوو دەرهێنان
ئەوێستاکە: ئێستا
بنە: بنکە
پنە: تەختەیەك کە گونتکە هەویری لە سەر پان دەکرێتەوە
خوێڕیگەری: بێکارەیی
خەتی خوار: هێڵی خواری جووت وگا
خێڵ: هۆز، کۆمەڵی هەوارچی
دێڵی: هەڵس وکەوت کردن وەك مێیینە. واتایەکی خێڵەکییە بە داخەوە سووکایەتی بە ژنانی تێدا شاراوەیە.
زەنوێر: جێگەی بڵێندی هەوا سازگار
سەرسەنگی: لاساری و گوێ نەبیسی
سێڵ: ساج

قڕ: ئاسەوار بڕانەوە، مردنی هەموانی
گای پیر: گایەکی جووت کە پیر بووبێت و نەتوانێت لە کاتی جووت دا هێڵی ڕاست بکێشێت
مەیخوارەگی: وشەیەکی فارسییە بە واتای خواردنەوەی هەمیشەیی و سەرخۆش بوون
هۆبان: کۆی هۆب و هۆبە، جێگەی کۆمەڵە چادرێك پێکەوە
هەوارگا: شوێنی هەوار و کوێستان
بۆ واتای هەندێك لە وشەکان یارمەتیم لە هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار وەرگرتووە.

# خاسەکەو

خاسەکەوێ لەو کەژە هەڵنیشتووە
خاڵی ڕەش و سووری بەجووت ڕشتووە
ڕاوچی هەموو لەو کەوە دەرکەوتووە
بۆچی دزە؟[٤٠٤] جەردەیە؟ کێی کوشتووە؟
کێهە کەسی ئەو لە ژیان خستووە؟
ماڵ و مەڕ[٤٠٥] و زێوەری کێی بردووە؟
باعیسی قەتڵی چییە، بیستوویەتی؟
ژینی بە سەربەستییە ویستوویەتی!
پاکی گوناهی کەوی خۆش خەتت و خاڵ
ژین بە سەربەستە لە نێو دڕك وداڵ[٤٠٦]
داوی چەقاند تاوەکو ئەو پێوەبێ
چاڵکەنە، خۆی پێوە دەبێ جێ بەجێ[٤٠٧]
چاکە کە داودۆزە[٤٠٨] شوکور خاسەکەو
دیویە[٤٠٩]، و وریایە بە ڕۆژ و بەشەو
بۆچی کەویش مافی ژیانی نییە؟
حەققی کەژ و کێوی جوانی نییە؟

---

[٤٠٤]. 'چییە؟' لە سەر زمانی خەڵك
[٤٠٥]. 'زەڕ' لە سەر زمانی خەڵك
[٤٠٦]. ئەم فەردە لە چاپی ئەنیسیدا نییە.
[٤٠٧]. لە سەر زمانی خەڵك بەم شێوەیەش بیستراوە: "چاڵکەنە، خۆی پێوە دەبێ پێمەبێ". پێمەبێ بە واتای "پێم وابێ" یە.
[٤٠٨]. دۆزەرەوەی داو، وریا و زیرەك
[٤٠٩]. دیوییە، چاپی ئەنیسی

بۆچی ئەویش بۆتە "برا کوردەکان"؟
نابێ هەڵێنی[٤١٠] نەفەسێکی ژیان؟
بێتەوە ەردەست و بە بێ باڵ وپەڕ
پێبکەنێ بیبەنە 'قەسری قەجەر'؟![٤١١]
دەك نەفەسو بگرێ ئەجەل جێ بەجێ!
وا، کە نەتانبێ قەوەتی دەست و پێ
خاوەنی ئەو کێو و کەژە هەر کەوە
نەزم و نیزامی کەژ و کێو هەر بەوە
لێی گەڕێ با باڵ و پەڕی جوان بکا
لەو کەلە با بانگی ڕەفیقان بکا
بێنەوەکانیاوێ، بخۆن ئاوی ساف
بۆ گورەیی سەربنە بێنە مەساف
لێی گەڕێ دەندووکی بە بەرد تیژ بکا
گوڕڕە[٤١٢] بکا و بانگی کوڕ و کیژ بکا
کوڕ بەگوڕەگوڕ، وەکوو شێر و پڵنگ
کچ بە شنەشن، بە خرینگە خرنگ
بێن و بڵێن: خاوەنی کێوان ئەمەین
سوورە دەنووکمان، بە دەنووك شەڕ دەکەین
خاوەنی ئەم خاسەکەوەش هەر دەڵێ:
ڕاوچی دەبێ لەم کەژ و کێوە هەڵێ!

قاقلاوا، ١٣٤٢ ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٧٦ و ١٧٧ ی چاپی ئەنیسی و ٢٩٩ و ٣٠٠ ی چاپی جەعفەر)

---

[٤١٠] . لە سەر زمانی خەڵك 'بکێشێ' هەیە و لەگەڵ نەفەسدا وێچووتریشە
[٤١١] . زیندانێکی گەورە لە تاران کە لە سەردەمی ڕەزاشادا کرایەوە و تا ئەم ساڵانەی دوایی هەر مابوو. بەشێکی زۆر لەر خەباتکارانی کورد و ناحەزانی ڕژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی ئێران ساڵانی زۆری دەست بەسەرییان لەوێ تێپەڕ کردووە.
[٤١٢] . غوڕڕە، چاپی ئەنیسی. من بە حیسابی واتای وشەکان، لام وایە دەبێ غوڕڕە بێت کە واتایەکی ئەرێنی و باشی هەیە تا گوڕڕە، کە نەرێنییە.

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
شێعرێکی سیمبۆلیکە ناوەرۆکی سیاسی- نەتەوایەتی هەیە. "خاسەکەو"، بە کەوی ڕەسەن دەگوترێت، کەوێك کە "زڕەکەو"[٤١٣] نەبێت. شاعیر پێشمەرگەی کوردی بە خاسەکەو شوبهاندوە، ڕاوچییش دەبێ دەزگای داپڵۆسێنەری ڕژیم وەك ژاندرمە و پۆلیس و ڕوکنی دوو وسەرجەمی سوپای دژەخەڵکی ئێرانی بێت.
کورتەی ناوەرۆکی شیعرەکە ئەوەیە: خاسەکەو لە سەرچیا واتە لەماڵی خۆیدا خەریکی ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆی خۆیەتی بەڵام ڕاوچی لێی دەرکەوتووە و بەتەمای ڕاوکردن و کوشتنیەتی، هەر بەو ئامانجەش داوی بۆ ناوەتەوە بەڵکوو خاسەکەو فریو بخوات و پێوەبێت. بەڵام بەختەوەرانە خاسەکەو وریایە، "داودۆزەرەوە" یە و نەك هەر بە هاسانی بە تەپکەوە نابێت، بەڵکوو ڕاست بە پێچەوانە، سەرکەل لە دوژمن دەگرێت، ڕەفیقانی خۆی بانگ دەهێڵێت و دندووکی سووری بە بەرد تیژ دەکات بۆئەوەی بتوانێ بە شەڕەدەندووکە واتە بە هەر چەکێك کە هەیەتی، بەگژ دوژمندا بچێتەوە. خاسەکەو خاوەنی کێو وکەژە و مۆڵەت بە ڕاوچی نادات لە سەر چیاکانی کوردستان جێ خۆش بکات، جا لە کۆتاییدا مەجبووری دەکات 'لەو کەژ وکێوە هەڵێت" و چیای کورد بۆ کورد بەجێ بهێڵێت.
ساڵی گوترانی شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا دیاری نەکراوە بەڵام چاپی جەعفەر بە ١٣٤٢ ی هەتاوی [١٩٦٣ ز] زانیوە و ئەوەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی مندا یەك دەگرێتەوە کە پێش دیتنی چاپی جەعفەر لە سەر ماڵپەڕی ڕۆژهەلات- بۆکان دەرمبڕیبوو.
ئاغا سەید کامیل لەماوەی ساڵانی ١٣٢٥ تا ١٣٢٧ لە زیندانەکانی ئێراندا زیندانی بووە (بڕوانە سەرەتای هەردوو دیوان، بەشی ژیننامەی شاعیر، کە لەچاپی ئەنیسیدا بە قەڵەمی خۆیەتی).
درەنگتر لە دوای کۆنگرەی دووهەمی حزبی دیموکڕات بە ئەندامی "غیابی" کومیتەی ناوەندی حزب هەڵبژێرراوە.[٤١٤] 'سەید تاهیر' ی کوڕیشی هەر لەو ساڵانەدا وەك ئەندامی کومیتەی چاوەدێری حزبی دیموکرات هەڵبژێرراوە.[٤١٥] شیعرەکە لە سەروحەدی کۆنگرەی دووهەمی حزبی دیموکڕاتی کوردستاندا گوتراوە- سەردەمێك

[٤١٣]. زڕەکەو باڵدارێکە بۆر و لە کەو بچووکتر (هەژار، هەنبانە بۆرینە)
[٤١٤]. محەممەد خزری، "لاپەڕەیەك لە تێکۆشان و جوولانەوەی ساڵەکانی ٤٧- ٤٢ ی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان"، ناشر: نووسەر، سوید ٢٠٠٣، لاپەڕە ٤٨
[٤١٥]. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٤٩

که سەیدتاهیری کوڕی شاعیر پێشمەرگە بوو ولەگەڵ هەڤاڵانی حزبیی خۆیدا لە باشووری کوردستان دەژیا. دەشزانین کۆنگرەی دووهەمی حزبی دیموکڕاتی کوردستان لە ١٣٤٣/٨/٢٦(١٩٦٤/١١/١٦ز) دا بەستراوە.
گەرچی زمانی شیعری 'خاسەکەو' ساکارە، بەڵام سیمبۆلیکە و بەوبۆنەیەوە تاڕادەیەك پێچ وپەنا کەوتۆتە ناوەرۆکیەوە، واتە هی سەردەمی نەبوونی ئازادییە، کە هونەرمەند لە پرۆپێستدا نەبێت ناتوانێ بیروباوەڕی سیاسی- کۆمەڵایەتی - ئایینی خۆی دەربڕێت. هونەرمەند لە بارودۆخی نەبوونی ئازادیدا مەجبوور دەبێت شێوازێکی سیمبۆلیك بۆ دەربڕینی باوەڕ و بۆچوونەکانی خۆی هەڵبژێرێت. جا، لەهەل ومەرجی نالەباری وادا، شەو و تاریکی دەبنە جێگرەوەی دیکتاتۆریەت و ئازادیکوژی، ڕۆژ و ڕووناکی و بەیان و شەبەقیش جێی وشەی ئازادی وسەربەستی و دیموکراسی دەگرنەوە.
لەشێعرەکەدا خاسەکەو، کەژ، خاڵ ڕشتن، ڕاوچی، داو، چاڵکەن، هاتنەوە، کەژ وکێو، باڵ وپەڕ جوان کردن، بانگی ڕەفیقان کردن، کانیاو، ئاوی ساف، سەربنە، دندووك بە بەرد تیژکردن،، سوور بوونی دەندووك، غوڕڕە کردن، گوڕە کردن و بانگی کوڕوکیژ کردن هەمووی نیشانە و سیمبولن بۆ باوەڕی ناسۆنالیستی و دژی داگیرکەریی شاعیر. ئەو سیمبولانە هەرکام ئاماژەن بە ڕاستەقینەیەکی ژیانی گەلی کورد، کە هەندێکیان لە کۆتایی ئەم وتارەدا دەست نیشان دەکرێن.
لەپەراوێزی شیعرەکەدا ئەگەر تێبینییەك بووبێت، نووسراوە و بەتایبەت هەوڵدراوە جیاوازیی نێوان دەقی چاپکراوی دیوانەکە و چاپی سەر ڕووپەڕی هەندێك ڕۆژنامە و گۆڤار یا ئەوەی وا لە سەر زمانی خەڵك و لە ناو گۆرانیی دەنگ بێژاندا دەبینرێت و دەبیسترێت دەست نیشان بکرێن. دیارە وتەی سەر زاری خەڵك بۆ ساغکردنەوەی شیعری شاعیرێك ناتوانێ جێگەی متمانە بێت، بەڵام لە نەبوونی سەرچاوەی دیکەدا واهەیە یارمەتیدەر بێت وبکرێت کەڵکی لێ وەربگیرێت. ئەوە ڕاستییەکی بەرچاوە کە شیعری 'خاسەکەو'، یەك لەو دەگمەن شیعرە سەرکەوتووە کوردییانەیە وا بۆتە مەتەڵی سەر زمانی کۆمەڵانی خەڵك، کەسانێکی زۆر لەبەریان کردووە و بە موناسەبە لێرە ولەوێ دەیهێننەوە؛ چەند دەنگ بێژی کوردیش بە گۆرانی گوتوویانەتەوە. ئەوانەی خوارەوە نموونەی هەندێك کاری مۆسیقایین لەسەر شیعرەکە بە یارمەتی وەرگرتن لە یووتیووب و فەیس بووك.[٤١٦]

416 لەسەر فەیسبووك:

ڕوونکردنەوەی وشە و تێرمەکانی ناو شیعرەکە

ئەو سیمبولانەی خوارەوە هەرکام ئاماژەیەکیان بە ڕاستەقینەی ژیانی گەلی کورد و پێشمەرگەی کورد تێدایە:

خاسەکەو، پێشمەرگەی کوردە گەرچی لە هەندێك شوێندا هەست دەکرێت شاعیر وەك چەمکێکی گشتیتر بۆ هەموو گەلی کورد کەڵکی لێ وەرگرتبێت؛

خاڵ ڕشتن، بۆ کەو، خۆڕازاندنەوەیە بەڵام بۆ پێشمەرگە، ئامادەیی و خۆتەیار کردنە؛

ڕاوچی، دوژمنی کوردە، سوپایی، پۆلیس، ژاندرمە، کە لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا دەبێتە، پاسدار و بەسیجی وئیتیلاعاتی و بەگشتی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران لە کوردستان؛

"بیستوویەتی"، دەبێ بە واتای ئەوەبێت حوکمی غیابی بۆ دەرچووە و ئەو بیستوویەتەوە کە کەوتوونەتە شوێنی و دەیانەوێت بیکووژن؛

داو و پێوەبوون: هێزی دوژمن دەیەوێت پێشمەرگە بخاتە داو و بیکووژێت بەڵام لەکۆتاییداهەر خۆیانن کە بە تەپکەوە دەبن و دەکووژرێن. شاعیر گەلێك گەشبینە بە داهاتووی کورد و شکستی دوژمنانی؛

داودۆز، واتە داوپشکن و داودۆزەرەوە. پێشمەرگە وریایە، ئەزموونی هەیە، لە بۆسە ناکەوێت و بەداوی دوژمنی فێڵبازەوە نابێت؛

بۆچی کەویش بۆتە برا کوردەکان؟ تەعبیری "براکوردەکان" هی سەردەمی کۆماری کوردستان و پێش ئەویشە، کە ڕژیمی شا و ڕادیۆ و ڕۆژنامە فەرمییەکانی ئێران لە لایەکەوە هەڵیاندەکوتایە سەر کۆماری کوردستان و سوپای شا ڕێبەرەکانی ئیعدام دەکردن، لەلایەکی دیکەشەوە شووتییان دەنایە بن هەنگڵی خەڵك و بە "برا

---

سمایل ئاغا چاوقاڵی و سەید ئیبڕاهیم سەقزی

http://www.facebook.com/video/video.php?v=354114321333517

لەسەر یووتیووب:

مستەفا شەواو

http://www.youtube.com/watch?v=0Y3boVxQw0A&feature=related

یۆسف مستەفا

http://www.youtube.com/watch?v=oSS-Pvg97mc&feature=related

(دوای ٨ خولەك و ٤٥ چرکەی ڤیدیۆکە)

بەرهەمەکەی نەمر سمایل ئاغا چاوقاڵی و سەید ئیبڕاهیم سەقزی پێشتر لە سەر یووتیووبیش هەبوو بەڵام ئێستا نەماوە:

http://www.youtube.com/watch?v=cCHuUk-z-ac&feature=related

کوردەکان" بانگیان دەکردن. سەرنجدانێکی ڕۆژنامەی 'کوهستان'ی ئەو ساڵانە ڕوونی دەکاتەوە کە لەدام ودەزگای ئیداری و مەجلیس ورۆژنامەکانی ئێراندا چۆن بە بەربڵاوی کەڵك لەو عیبارەتە بێ ناوەرۆکە وەرگیراوە.[٤١٧]
پێکەنین و قاقاکێشان، لە ئەدەبی ناوچەکەدا، خوێندنی کەون وسیفەتی ئەرێ یین بۆ ئەو، بەڵام لێرەدا قسەکردن وحەق گوتن و تەبلیغاتی پێشمەرگەیە؛
قەسری قەجەر، زیندانێکە ڕەزاشای پەهلەوی دروستی کرد و ژمارەیەکی زۆر لە ناحەزانی ڕژیم بۆنموونە، گەورەپیاوانی کورد و لوڕ و شاعیران و ڕۆژنامەنووسانی وەك 'ملك الشعراء بهار' و 'فرخی یزدی' لەوێدا زیندانی کرد. لە ساڵانی دەوروبەری کۆماری کوردستاندا، ئیتر شوێنەکە بە "زندان قصر" ناو دەبرا و زاراوەی "قصرقجر" کە ئاماژەیەك بە سەردەمی حوکمی قاجارەکان لە ئێرانی پێش پەهلەوی تێدایە، وەلا نرابوو.
کانیاو، ماڵی باوانە. شاعیر دەیەوێت پێشمەرگە هەمووی لە سەر چیاکانەوە بەرەو ماڵ بینەوە؛
خواردنی ئاوی سافی کانیاو، خواردن و خەوتن و ئیستیراحەتە بۆ پێشمەرگەیەك کە لەسەر چیا هەمیشە ئامادەی خەباتە و خەو وخواردنی ئاسایی خەڵکانی دیکەی نییە؛
بنە، حەشارگەیەکە کەوی ڕاوی تێدا دەشارنەوە بۆ ئەوەی کەو لێی کۆوەبن و بە تەپکەوە بن، لە شیعرەکەدا گۆڕەپانی شەڕە. 'مەساف' یش ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ دوژمن لە گۆڕەپانی شەڕێکدا کە دوژمن بە سەریدا سەپاندووە.
کچ بە شنە شن بە خرینگە خرنگ: ئاماژەیەکە بە بەشداریکردنی ژنان لە خەباتی نەتەوایەتیدا، دەنگی خرینگەخرینگ دەتوانێ ئاماژەبێت بە دەنگی ئاسنەواڵە واتە خەباتی چەکداری و تفەنگ هەڵگرتنی کچان و ژنانی کورد بگرێتەوە.
سوورە دەنووکمان: دیارە دەندووکی کەو سوورە. بەڵام دوور نییە ئاماژەیەکیش بێت بە دروشمێکی کومونیستی. لەو ساڵانە و ماوەیەکی زۆری دوای ئەویش بەشێکی بەرچاو لە شاعیرانی موکریان بە هوردووی سوور و سوپای سوور و ئاڵای سووری سۆڤیەتیاندا هەڵدەگوت. نموونەکەی نەمران سەیفولقوزاتی قازی، هەژار و هێمن و

---

[٤١٧] . ئاشکرایە حیسابی ڕۆژنامەی کوهستان وسەرنووسەرە نیشتمانپەروەرەکەی لە ڕۆژنامەکانی دیکەی چاپی تاران جیاوازە و ئەم بۆچوونە ئەوان ناگرێتەوە.

حەقیقییە. هەروەها پرۆگرام و بەرنامەی حزبە سیاسییەکانی کورد و یەك لەوان حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سوسیالیستی بوو.
گورڕە کردن، حەپەحەپ وهەرەشە وگورەشەیە، واتایەکی نەرێ یی هەیە و بۆ دوژمنی داگیرکەری کوردستان کەڵکی لێ وەرگیراوە.
غورڕە کردن، خوێندنی کەوە لە بەرانبەر یەکتر. لە شیعرەکەدا، شانازی و ئیفتیخارە، توانای ئەوەیە بڵێ منیش هەم! واتایەکی ئەرێیی هەیە و بۆ پێشمەرگەی کورد لە بەرانبەر دوژمن و نەیاردا بەکار هاتووە.[٤١٨]

بەحری عەرووزیی شیعرەکە:
سریع مسدس مطوی مکشوف: مفتعلن مفتعلن فاعلن

[٤١٨]. بۆ واتاکردنەوەی هەندێك وشە کەڵك لە هەنبانە بۆرینەی مامۆستای نەمر هەژار وەرگیراوە

# خوشك و براين

ئەی دوژمنی گەلی کورد،
هەڵێن زوو بە دەستوبرد!
پێشمەرگەن لە کێشکێیە
تفەنگی لە سەر پێیە
هەر وێیکەون دەردەچێ
دەوکووژێ زوو جێبەجێ
کەلاکوو جێ دەمێنێ
کوند لە جێگاو دەخوێنێ
تا تێبگرن مەڵبەندیان
دەپارێزن کورد بە گیان
وچان نادەین، ناسرەوین
وەك تەمومژ ناڕەوین
ئێوە تۆزن، بە بایەك
هەریەك دەڕۆن بۆ لایەك
ئێمە لە کێوان دەژین
بە هیواین خوێنوو بمژین
ئەوجار بە دڵێکی بێخەم
بە بیروڕای زۆر مەحکەم
دەپارێزین نیشتمان
نیشتمانی بەهەشتمان
کیژۆڵەی ڕێکی حۆرین
بە شەرتێ دڵ نەگۆڕین

هەموو دایك و خوشكمانن
كیژ و كوڕ هاوپشتمانن
خوشك و برای هاوپشتن
جێگای شانازی گشتن

قاقلاوا، ١٣٤٢ ی هەتاوی
(لاپەڕە ٣٠٤ و ٣٠٥ ی چاپی جەعفەر، لە چاپی ئەنیسیدا نەهاتووە)

---

ئەم شیعرە **٢٣** ساڵ پێش ئەوە گوتراوە كە مامۆستا ئەنیسی یەكەم دیوانی شیعرەكانی ئاواتی لەتاران چاپ كرد، بەڵام لەوێدا ڕەنگی نەداوەتەوە، هۆكارەكەی دەبێ سیاسی بووبێت و مەسەلەی سانسۆر.
وێدەچێت شیعرەكە لە زمان پێشمەرگەی كوردەوە گوترابێت، ساڵی گوترانیشی دەسپێكی شۆڕشی ئەیلوولە لە باشووری كوردستان. دوور نییە وەك سروودێكی نەتەوەیی بۆ بەرزكردنەوەی وورەی پێشمەرگە دانرابێت، هەربۆیەش زۆر سوار و خاوەن مۆسیقایەكی بن بزۆكەیە. عینوانی شیعرەكەش لەگەڵ چەمكی ناوەرۆكی كۆتاییەكانیدا یەك دەگرێتەوە گەرچی چاوەڕوان دەكرا ناوێكی وەك 'پێشمەرگە'، 'پێشمەرگەی قارەمان' یان 'پێشمەرگەی كورد'ی لەسەر بوایەت كە زیاتر لەگەڵ فەزای شیعرەكەدا یەكی دەگرتەوە.
تا فەردی دەهەم ڕووی قسەی شاعیر لە دوژمنانی گەلی كوردە و دەیەوێت لە هێزی خەڵك و پێشمەرگە بیانترسێنێت. بەڵام لە سێ فەردی كۆتاییدا چەشنە وەرچەرخانێكی لە ناكاو ڕوودەدات و شاعیر لەپڕ دەچێتە سۆراغی كچان و لاوانی نیشتمان. هۆكاری ئەو وەرچەرخانە ڕوون نییە و لە وردبوونەوەدا دەردەكەوێت كە ئەو سێ فەردە تاڕادەیەك جیاوازن لەوانی پێش خۆیان. دیارە هەندێك عونسوری هاوبەش لە هەردوو بەشەكەدا هەیە و بە شێوەیەك دەكرێ بزانرێت ئەو سێ فەردەش لە درێژەی ئەوانی پێشتردایە بەڵام وەرچەرخانەكە هەست پێدەكرێت.
دەستوبرد: خێرا، زوو، بە پەلە
پێشمەرگەن: پێشمەگەمان (پێشمەرگەی گەلەكەمان)، شێوە زاری خەڵكی ناوچەی مامەشایەتی و مەنگوڕایەتییە.
لە كێشكێیە: لە سەر كێشكە

تفەنگ لەسەر پێ بوون: ئامادە بوونی تفەنگ بۆ تەقاندن
وێکەون: هەر ئەوەندەی خۆی لێدەن...
کەلاکوو: کەلاکتان
لە جێگاو: لە جێگاتان
کوند لە شوێنێك خوێندن: بە گوێرەی نەریتی خەڵك لە کوردستان و شوێنی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، نیشانەی ڕووخان و نەمان و فەوتانە.
تێگرتن: نیشانە کردن و تەقاندنی تفەنگ
وچان: پشوو
ڕەوینی تەم و مژ: لەبەر یەك چوون و پاکبوونەوەی مژ لە سەر زەوی
بەهیواین خوێنوو بمژین: دەربڕینێکی توندڕەوانەیە لەلایەن گەلێکەوە کە لە دەست زۆرداریی دوژمن وەگیان هاتووە گەرچی لەگەڵ کەسایەتی وێژەرەکەیدا زۆر یەك ناگرێتەوە کە هێدی و هێمنە.
مەحکەم: قورس وقایم
کیژۆڵەی ڕێکی حۆرین: کچەکانی هاوشێوەی حۆری و فریشتەن
وەك لە سەرەوەدا گوترا، لێرە بەدواوە هەندێك ئاڵۆزی لە واتاکردنەوەی شیعرەکاندا پێك دێت. تا کۆتایی فەردی ژمارە ١٠ شاعیر لە زمان گەلی کوردەوە قسە دەکات و هەڕەشە لە دوژمنان دەکات کە وا دەکەین و وا دەکەین. بەڵام لێرەدا دەڵێ: کیژۆڵەی... کیژۆڵەی کێ و چی؟ ڕوون نییە گەرچی دەکرێ بڵێین نیازی لە نیشتمانە. بەڵام کاتێ بە شوێنیدا دەڵێ "بەشەرتێ دڵ نەگۆڕین" دیسان ڕوون نییە دڵ گۆڕین لەچی؟ بە بۆچوونی من دەیەوێ بڵێت ئەگەر ئێمە وەك پیاوانی کورد دڵ نەگۆڕین و کیژانی نیشتمانمان خۆش بوێت، ئەوان وەك حۆری پاك و چاك دەمێننەوە.
دایك و خوشکی کێ؟ بە بۆچوونی من، هی پێشمەرگە
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
مضارع مربع اخرب: مفعول فاعلاتن // مفعول فاعلاتن

## بەهاری ناخۆش

شەماڵ هات بۆ لام، سەربەقوڕ، عاجز
هەناسە سارد و خەمبار و دڵ کز
پێم‌کوت تۆ بۆ وای؟ جاران هەر بە غار
دەتهێنا موژدەی فەسڵی نەوبەهار![٤١٩]
دەبوو زۆر بەشاش، ڕووخۆش و جوان بی
هێنەری موژدەی خێڵی گوڵان بی
وەڵامی داوە شەماڵ بە دزە:
هاتم بۆ وڵات بە شنە و کزە
کە موژدەی نەورۆز بێنم بۆ هۆزم
چەکوشی گەردوون شکاندی پۆزم
دیتم لە شیو و لاپاڵ و تەلان
دەنگی شیوەنە و واوەیلا و گریان
لە سەر چڵی دار هەزاران بولبول
وەك مەنجەڵ دەکوڵن، دەدەن قوڵت‌وکوڵ
سەد مەجنوونم دی، ڕووتەڵ لە شاخان
بە واوەیلا و شین، بە ئاخ و داخان
بولبول بۆ گوڵ و مەجنوون بۆ لەیلا
وێکڕا دەیانکرد شین و واوەیلا
لە بیرم چۆوە پەیامی نەورۆز[٤٢٠]

---

[٤١٩] چاپی ئەنیسی نیشانەی پرسیاری لە کۆتایی فەردەکە داناوە.
[٤٢٠] چاپی ئەنیسی: لەبیرم چووە

بڵاوکەمەوە بۆ گەل و بۆ هۆز
شێت و شەیدا بووم هێندم خەم خواردن
ناچار جێم‌هێشتن، بە خودام سپاردن

قاقڵاوا، ١٣٤٢ی هەتاوی
(لاپەڕە ١٩٨ و ١٩٩ ی چاپی ئەنیسی و ٣٢٨ و ٣٢٩ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە هەردوو چاپدا وەك یەکە.
شیعرێکی ساکار، یان باشتر بڵێم نەزمێکی ساکاری سیاسییە. وێدەچێت لە پەیوەندی ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوولدا بێت. نازانم لە نەورۆزی ئەو ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣ز)دا چی ڕوویداوە بەڵام هەرچی هەیە دەبێ حکوومەتی عیراق هێرشێکی کردیێتە سەر خەباتکارانی شۆڕشی ئەیلوول و ژمارەیەك شۆڕشگێڕی کوردی شەهید کردبێت و ئەو ڕووداوە بۆتە هەوێنی ئەم شیعرە. خاڵێکی دیکە بتوانم بیری لێ بکەمەوە کۆدیتای ٨ ی فێبریوەری (شوبات)ی ساڵی ١٩٦٣ ی عەبدولسەلام عارف لە عەبدولکەریم قاسم و دەسەڵات سەندنی بەعسییەکانە لە عیراق کە ئەویش بە ماوەیەکی کەم پێش نەورۆزی ئەو ساڵە بووە.
ئەگەرێکی دیکە دەتوانێ ڕووداوەکانی ئەو ساڵەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت. بەڵام من جگە لە ئیسلاحاتی ئەرزی و بێدەسەڵات بوونی ئاغاوەت لە ئێرانی ئەو ساڵەدا هیچی وا نابینم. بڵێی ڕووی قسەی ئاوات لە گرتنی خەباتکارانی کورد لە لایەن حکوومەتی شاوە نەبێت کە ئەوساڵە گیران و هەندێك ئاغاواتی ناوچەکەشیان لەگەڵ بوو؟
سەبارەت بە ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکان من خاڵێکی دیکەشم هەیە بیڵێم. چ لە سەردەمی شا و چ لە ئێستادا هەندێك شاعیر شیعرێك دەڵێن و بۆ ئەوەی شیعرەکەیان نەکەوێتە بەر تێغی سانسۆر، ڕێکەوتی ساڵانی پێشتری لەسەر دادەنێن! ئەو فێڵە، بۆ نموونە، ئەحمەدی شاملوو کردوویەتی. تۆ بڵێی ئەم شیعرەی ئاواتیش لە مەجالێکی دیکەدا نەگوترابێت؟
سەربەقوڕ: کەسێکی خەفەتبار کە لە سەر نەریتێکی کۆمەڵگای عەشیرەیی، بە هۆی کارەساتێکی گەورەوە قوڕ بە سەری خۆیدا دەکات.
هەناسە سارد: کەسی بێ عەنوای هەژاری بێ دەسەڵات

بەغار: بە هەڵینگدان، بە هەڵاتن
نەوبەهار: شاعیر لەجیاتی بەهاری هێناوە. پێشتریش گوتوومە، نەوبەهار لە مانگی دووهەمی بەهاردایە نەك لە سەرەتای بەهار.
بەشاش: (بە شەددی پیتی /ش/ ی یەکەم) شاد، سەرودڵ خۆش
بەدزە: بە ئەسپایی یان بەدزییەوە.
شنە: سروە، بای شەماڵ، هاتنی سروە، لەرەی سروە. (هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار)
کزە: شنە، سروە، بای بسکان (هەنبانە بۆرینە)
هۆز: لێرەدا واتای گشتیی گەل دەدات.
پۆز: کەپۆ، دەم و لەوس (هەنبانە بۆرینە)
شیو: دۆڵی تەنگ(هەنبانە بۆرینە)
لاپاڵ: قەدپاڵی کێو، تەنیشت(هەنبانە بۆرینە)
تەلان: بەندەن، بەرزایی کێو(هەنبانە بۆرینە)
قوڵت وکوڵ: جۆشی ئاو، بڵقی چوونە ژێر ئاو(هەنبانە بۆرینە)
مەجنوون: دەبێ نیاز لە لاوانی وەتەن بێت.
ڕووتەڵ: ڕووت وقووت، دژی پۆشتە.
وێکڕا: هەموو پێکەوە
بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

## بەهارستان

ئەورۆ[٤٢١] بەهارە، سەیری چەمەن خۆشە خوار و ژوور
ڕازاوە باغ بە سەرو و چنار و گوڵ و چنوور
گیا سەوز و جۆگە سەوز و گەڵا سەوز و بێشە سەوز
دار سوور و لالە سوور و چەمەن سوور و خونچە سوور
بەم سەوز و سوورە بوو دڵی عاشق کە هەڵکزا
پشکۆی لە دڵ خراوە، دەسووتێ وەکوو تەنوور
ناڵینی بەربەیانی کەو و کۆتری[٤٢٢] شاخ و داخ
دەنگی ژیانە، گیانە، بەدڵدا دەکا عوبوور
شمشاڵە، تارە، پیانووە گەر بیانوو ناگری[٤٢٣]
ساقی! کەرەم کە پیاڵە، مەترسە، "هوالغفور"
هاتوونەوە بە جەم، کوڕ و کیژانی دڵڕفێن
هەرکەس کە بێ گوڵ و دڵە، لاچێ، بچێتە ژوور[٤٢٤]
زاوایە ئێستە بولبول و گوڵخونچە بووکییە[٤٢٥]

---

[٤٢١] . ئەمرۆ (ئەنیسی)

[٤٢٢] . وشەی 'کۆتر' دەبێ بە یەك بڕگە بخوێنرێتەوە نەك بە دوو: کۆتر نەك کۆوتر!

[٤٢٣] . شاعیر وشەکەی وەك پیانوو هێناوە نەك پیانۆ. واهەیە لەبەر کێش بووبێت یان دروست کردنی جیناسی نێوانی پیانوو و بیانوو.

[٤٢٤] . واتە ئەگەر کەسێك گراوی و یاری نییە با بچێتەوە ماڵی خۆی و نەیەتە سەیر و سەیاحەتی ئەو ڕوانگە دڵڕفێنانە. واتای "هاتوونەوە" م زۆر لێ ڕوون نییە. بڵێی لە کوێ هاتبێتنەوە؟ واتای ساکار و نزیکی شیعرەکە هاتنەوەی ئێوارانی کوڕ و کیژی گوندەکانە لە سەر زەویوزار دوای کار و زەحمەتی ڕۆژانە. بەڵام دڵنیا نیم ئایا جگە لە واتا نزیکەکە، واتایەکی دووریشی هەیە یان نا؟

[٤٢٥] . "اوحدی مراغەای" (٦٧٣ تا ٧٣٨ ك) لە غەزەلێکدا باس لە زاوایەتی بولبول و بووکیەتی گوڵ دەکات و دەڵێ:

خاوەن سلووکە[٤٢٦]، کەوتووە لەولا، قونەو تلوور[٤٢٧]
کوێستانە، پڕ لە ڕاز ونیاز و زمانی حاڵ
جێگە و هیوای حوزووری دڵە[٤٢٨]، بۆتە کێوی توور[٤٢٩]
لەم کاتە، هەرکەسێ بە خەیاڵ و بە بیری ژین
هەر بولبولە لە گوڵ بە کوڵە، ماوە بێ مشوور[٤٣٠]
هەر چاوەڕێیە بەڵکە دەمی[٤٣١] خونچە پێکەنێ
هەڵنیشتووە لە باغ و دەکا زیکری "یا صبور"
"ئاوات"ی[٤٣٢] داخۆ کەنگێ بەجێ دێ لە گوڵشەنا
ئەو شێت و پێتی دڵ بەکوڵی مەست و بێ شعوور!

---

*"عروس گل ز اطراف چمن در جلوه مي آيد*
*بيا، گو بلبل مشتاق اگر داماد خواهد شد"*

٤٢٦. پێگەیشتوویی عارفانە، نزیك بوونەوەیە لە خودا. سلووکی عیرفانی جیاوازە لە سلووکی فەلسەفی. خاوەن سلووك بوون واهەیە بە واتای گۆشە نشینی و چلە کێشان بێت، کە لە ماڵەوە دانیشتن و ڕاکشان و نەچوونە دەریشی تێدایە.

٤٢٧. ڕاکشاوی دەمەوڕوو (هەنبانە بۆرینە)

٤٢٨. یەکگرتن لەگەڵ خودا و غایب بوون و دوور کەوتنەوە لە خەڵك. (زاراوەیەکی عیرفانی)

٤٢٩. کێوی تووری سینا لە شبە جەزیرەی سینا، شوێنێك کە بە گوێرەی باوەڕمەندانی کەلیمی، یەهوە لەوێ خۆی وەك بنچکە ئاگرێك پیشانی مووسا دا، موسوڵمانان دەڵێن وەك نوورێك لێی دەرکەوت. لە قورئاندا سوورەی "مەککی" "طور" هەیە بە ٤٩ ئایەتەوە". عطار نیشابوری لە شیعرێکدا باس لە بوونی مووسا لەسەر کێوی توور دەکات:

*"شبی موسی مگر میرفت بر طور*
*به پیش او رسید ابلیس از دور..."*

٤٣٠. کوڵ خەم و خەفەت. بەکوڵ بوون واتە خەمبار بوون و خەمی شتێك و کەسێك خواردن. لەگوڵ بەکوڵ واتە خەمی گوڵ خواردنی بولبول.

مشوور بە گوێرەی هەنبانە بۆرینە تەگبیر و ڕایە و سەلیقەی کار پێکهێنان وەك ئەوەی دەگوترێت "پیاوێکی بە مشوورە". بێ مشوور مانەوە لێرەدا چاری ناچار و ناعیلاجە و بە کەسێك دەگوترێت کە لە ڕۆستی شتێك و کارێك نەیەت. واتای گشتیی شیعرەکە ئەوە دەبێت کە لە وەرز و سەردەمێکدا کە هەموو زیندەوەرێك لە خەیاڵ و بیری ژیانی خۆیدایە، تەنیا بولبولە کە مشووری کاری خۆی واتە ئەویندارییەتی گوڵی پێ ناخورێت و خەمی ئەوەیەتی کەی خونچە دەکرێتەوە و گوڵ پێدەکەنێت. فەردی دوایی لە درێژەی هەر ئەم فەردەدایە. سەبوور یەك لە ناوەکانی خودایە و یا سەبوور هانا بردنە بەر خودایە.

٤٣١. دەقی جەعفەر وەك "دەمێ" نووسیویەتی. من دەقی ئەنیسیم پێ ڕاستتر بوو کە وەك "دەمی" تۆماری کردووە.

٤٣٢. ئاوات، ئارەزوو؛ ئاوات بەدی هاتن دەگەڕێتەوە بۆ بولبول. هەروەها ئاماژەیە بە نازناوی شاعیر.

قاقلاوا، ١٣٤٢ ی هەتاوی

(لاپەڕە ٣١ و ٣٢ ی چاپی ئەنیسی و ٨٧ و ٨٨ ی چاپی جەعفەر)

---

عینوانی شیعرەکە لە دیوانی چاپی ئەنیسیدا "بەهار" ە.
دەکرێ بگوترێ ئەم پارچە شیعرە بە حیسابی کێش و سەروای هاوچەشن و هەندێك وێچوویی لە تەرکیبی ڤوکابیولەریدا، کارتێکەریی شیعرە ناسراوەکەی نالی بە سەرەوەیە کە دەڵێ:

*"قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور*
*ئەی پەیکی ئاشنا بە هەموو شاری شارەزوور..."*

لە پەراوێزی شیعری سروەی سەحەریی دیوانی چاپی جەعفەریشدا دەست نیشانی ئەو بۆچوونە کراوە کاتێ کە دەڵێ:

*"سەید کامیل وێنەی لە نامەکەی نالی وەرگرتووە کە ناردوویەتی بۆ سالم ..."*

بەڵام من زیاتر بۆنی غەزەلێکی حافز لە هەندێك لەفەردەکانیدا دەکەم، غەزەلێك کە کێش و سەروای نزیك بەم غەزەلەی ئاواتە و بە تایبەت لەم میسراعەدا کە دەڵێ:

*"ساقی! کەرەم کە پیاڵە، مەترسە، "هوالغفورا"*

زۆر نزیك دەبێتەوە لەو فەردەی حافز کە گوتوویەتی:

*"می خور به بانگ چنگ و مخور غصه، ور کسی*
*گوید تو را که باده مخور، گو "هوالغفور!"*

هەروەها میسراعی:

"لەم کاتە هەرکەسێ بە خەیاڵ و بە بیری ژین..."

دوور نییە لەو میسراعەی حافز کە دەڵێ:

*"گر دیگران به عیش و طرب خرمند و شاد..."*

من بۆ بەراوردکاریی زیاتر، سەرجەمی غەزەلەکەی حافز لێرەدا دەهێنم. وەك دەبینین هەندێك دەستەواژەی حافز وەك صبور، حضور و هوالغفور دەقاودەق لە شیعرەکەی ئاواتدا هاتوون:

*"دیگر ز شاخ سرو سهی بلبل صبور*
*گلبانگ زد که چشم بد از روی گل به دور*
*ای گل! به شکر آن که تویی پادشاه حسن*
*با بلبلان بی‌دل شیدا مکن غرور*
*از دست غیبت تو شکایت نمی‌کنم*

*تا نیست غیبتی، نبود لذت حضور*
*گر دیگران به عیش و طرب خرمند و شاد*
*ما را غم نگار بود مایه سرور*
*زاهد اگر به حور و قصور است امیدوار*
*ما را شرابخانه قصور است و یار، حور*
*می خور به بانگ چنگ و مخور غصه ور کسی*
*گوید تو را که باده مخور، گو: هوالغفور!*
*حافظ! شکایت از غم هجران چه می‌کنی؟*
*در هجر وصل باشد و در ظلمت است نور"* [٤٣٣]

ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکەی ئاوات ١٣٤٢ ی هەتاوییە کە دەکاتە ١٩٦٢ و ٦٣ ی زایینی. ئەو ساڵە بۆ مێژووی کورد خاوەن گرنگایەتی تایبەتە: شۆڕشی ئەیلوول تازە دەستی پێکردبوو، بەشێك لە لاوانی نیشتمانپەروەری کوردی ڕۆژهەڵات ڕوویان کردبووە باشوور و چووبوونە ناو شۆڕشەوە، لە ئێرانی سەردەمی محەممەد ڕەزاشای پەهلەویدا "شۆڕشی سپی" ڕاگەیێنرابوو کە یەك لە شەش ئامانجەکانی بریتی بوو لە دابەشکردنی زەویی خاوەن مڵکان بە سەر جووتبەندەی گوندەکاندا- بەرنامەیەکی پێشکەوتوو کە لە ماوەی چەندساڵدا ئێرانی لە بڕگەی ئابووری - سیاسیی فیئۆداڵی تێپەڕاند و دەسەڵاتی بێ سنووری خاوەن مڵکانی نەك هەر سنووردار، بەڵکوو بە تەواوەتی بنەبڕ کرد. ئیمامی وردە مالیکێکی دەست تەنگی هەمیشە میواندار و هەمیشە قەرزدار بوو، خۆی لە سەر زەوی وزاری خۆی کاری دەکرد و عارەقی دەڕشت. بەڵام دیسانەکەش نابێ لەو گۆڕانکارییانە و لە تێپەڕ کردنی ئەو دەراوەدا قولاپەی تەڕنەبووبێت، نیازم ئەوەیە ئیسلاحاتی زەویوزار دەبێ کارتێکەری لەسەر هزر وبیری ئەویش بووبێت و ئەو کارتێکەرییە لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان دابێتەوە.

بەحری عەرووزیی شیعرەکە،
مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن.

---

[٤٣٣] . ماڵپەڕی "گنجور"، غزلیات حافظ، غزل شماره ٢٥٤.

# THE LIFE AND COMPLETE WORKS OF

# **SAYID KAMIL EMAMI (AWAT)**

## KURDISH POET

ANALYSED BY

**ANWAR SOLTANI**